# سۆسیال دیموکراسی
## (مێژوو ، تیۆری ، ڕەخنە)

نووسینی
**ئەکرەم میهرداد**

مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ك)
سلێمانی ـ گەڕەکی سەرچنار ـ ١٢١
کۆڵانی ـ ٤٤ ، ژ. خانوو ـ ١

www.hoshiari.org
govarynovin@yahoo.com

- ناوی کتێب: سۆسیال دیموکراسی (مێژوو، تیۆری ، ڕەخنە)
- ناوی نووسەر: ئەکرەم میهرداد
- تایپ: کوردستان ، نیاز، لاڤە ، هەرێم ، شاناز ، جوان
- دیزاینی ناوەوەو بەرگ: ئەمیرە عومەر
- چاپ: دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی
- تیراژ: (٢٠٠٠) دانە
- ژمارەی سپاردن: ( ٢٢٣٤ ) ی ساڵی ٢٠٠٨ ی وەزارەتی ڕۆشنبیری
- ژ. زنجیرە : ( ٢٩١ )
- لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ک)

# پێرست


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی ............................................................ | ٥ |
| **بەشی یەکەم : مێژوو** | |
| مێژووی سەرهەڵدانی سۆسیال دیموکراسی .................................. | ٩ |
| سۆسیال دیموکراسی هاوچەرخ ................................................ | ٣٣ |
| **بەشی دووەم : تیۆری** | |
| ئیدوارد برنشتاین و رەوتی پێداچوونەوەی سۆسیال دیموکراسی ................. | ٥١ |
| کارل کاوتسکی و مارکسیزمی ئەرسەدۆکس ................................ | ٩٥ |
| رۆزا لۆکسمبۆرگ و چەپی شۆڕشگێڕ .................................... | ١٢٩ |
| سۆسیالیزمی نەمسایی یا مەکتەبی ڤییەننا سۆسییالیزمی ئەخلاقی، پەیڕەوانی کانت لەناو مارکسیزم ................................................... | ١٧١ |
| جان جۆریس، سۆسیالیزمی ئازادیخوازو ئاشتی خواز ........................ | ٢٢٧ |
| **بەشی سێهەم : لێکۆڵینەوە** | |
| نەوەی سێیەمی بزووتنەوەی سۆسیالیستی (رێبازی سۆسیالیستی دیموکراسی) ... | ٢٥٧ |
| عەدالەتی سۆسیالیستی و عەدالەتی لیبرالی ................................ | ٢٩٣ |
| **بەشی چوارەم : پاشکۆ** | |
| دەوڵەتی رەفا ............................................................... | ٣٢٣ |
| تیۆرەکانی دادپەروەری .................................................... | ٣٣٥ |

# پێشەكی

سۆسیال دیموكراسی كە بزوتنەوەیەكی سیاسی، ئابووری، كۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بەهێزەو لەسەر ئاستی جیهانیش كاریگەری بەرچاوی هەیە، و لەمێژووی خۆیدا چەند دەسكەوتو ڕێبازی فكریو سیاسی بەرهەم هێناوە. دەسكەوتو ڕێبازەكانی سۆسیال دیموكراسی كە ئێستا بەشێكە لەژیانی نەتەوە هاوچەرخو پێشكەوتووەكانو خەڵكانی بەشێكی جیهانیشیان بەهرەمەند كردووەو بەرەو ژیانێكی شایستەترو مرۆڤانەتر بردوونی.

ئەم كتێبە كە باس لەمێژوو، تیۆریو ڕەخنەكانی سۆسیال دیموكراسی دەكات، لەباری مێژوودا كورتەیەك لەژیان و گۆڕانكاری ئەم بزووتنەوەیە باس دەكات لەهەورازی دەستپێكەوە تا ناوەڕاستی نشێوو شكستەكان. بەڵام لەباری تیۆریكەوە تەنها باس لەتیۆرو ڕێبازە سەرەكی یەكانی ناو سۆسیال دیموكراسی دەكات كە تانیوەی دووەمی سەدەی بیستەم پەیدابوون. بۆیەش وامكردووە لەبەر دوو هۆ: یەكەمیان، ئەم ڕێبازو پەیڕەوانە گرنگترینو كاریگەرترین بەرهەمەكانی ناو سۆسیال دیموكراسین كە تا ئێستا زیندوون، و دووەم، لەبەرئەوەی كە وڵاتی ئێمەو نەتەوەكانی هاوشێوەی





خۆمان زۆر پێویستیان بەو ڕێبازو بیروڕایانە هەیە بۆ تێگەیشتنی بەرهەمو دەسكەوتە گرنگەكانی سۆسیال دیموكراسی.

لەكۆتاییدا دەمەوێت ئەوە بڵێم كە ڕێبازی سەرەكی نووسینی ئەم كتێبە گەڕانەوەیە بۆ پرانسیپو بیروڕا ڕەسەنەكانی سۆسیال دیموكراسی و بۆ ئەم مەبەستەش پشتم بەستووە بەو نووسەرانەی كە لەم زەمینەیەدا كاریگەرن. بۆیە ئەم سەرنجە دەخەمەڕوو، لەبەرئەوەی كە لەفەرهەنگی ئێمەدا زۆر بەسانایی و رووكەش باس لەسۆسیال دیموكراسی كراوەو هەموو ئەو كتێبانەش كە چاپكراون لەو سنوورانە دەرباز نابن.

هیوادارم كتێبەكەی من ئەو كەمایەسییە پڕ بكاتەوەو خوێنەرانیش وا لێبكات كە فراوانتر بڕوانن و قووڵتر ڕەخنە بگرن تەنانەت لەكتێبەكەی منیش.

## بەشی یەکەم

# مێژوو

* مێژووی سەرهەڵدانی سۆسیال دیموکراسی
* سۆسیال دیموکراسی هاوچەرخ

# مێژووی سەرهەڵدانی سۆسیال دیموکراسی





مێژووی سەرهەڵدانو گەشەو وەرچەرخانی سۆسیال دیموکراسی تا کاتی جەنگی جیهانی یەکەم لەگەڵ مێژووی ئەنترناسیونالی دووەم (١٨٨٩ـ ١٩١٤) ئاوێتەیە، ئەمەش بەو مانایە دێت کە سەرهەڵدانو گەشەو ئاستەنگی ئەم بزوتنەوەیە لەگەڵ پەیدابوونو پاشەکشەی ئەم ڕێکخراوە جیهانییەی سۆسیالیزمو بزوتنەوەی کرێکاری هاوبەشە. سەردەمی ئەنترناسیونالی دووەم (١٨٨٩ ـ ١٩١٤)دەتوانین بە سەردەمی زێڕینی مارکسیزم بخوێنینەوە. بیروڕاو ئامۆژگاریەکانی مارکس بەو ڕادەیە ڕۆشن بوون کە بتوانین وەکو پەیڕەوێکی فکریو سیاسیو فەلسەفی چاوی لێبکەینو هاوکات بزاڤی سۆسیالیستیو کرێکاری کاریگەر بە مارکسیزم وەکو بزوتنەوەیەکی بەهێزی جیهانی هاتە سەر شانۆی سیاسیو کۆمەڵایەتی لەجیهاندا. بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کە هێشتا ئەو ڕێبازو بیروڕایە (واتە مارکسیزم) چوارچێوە یان تەختەبەندی جەزمی بەرهەم نەهێنابوو کە باسو گفتوگۆو جیاوازی ناو ئەو بزاڤە جیهانییە نەهێڵیو هێشتا (واتە ئەو کاتەی ئەنترناسیونالی دووەم لە ١٨٨٩ـ ١٩١٤) پەیڕەوی کردن لەدیدگاو ڕێگاچارەی جیاواز بۆ پرسەکانی تیۆریو تاکتیکی لەناو نەچوو بوو.[١]

لێکۆڵینەوەی گشتی لەمێژووی ئەنترناسیونالی دووەم ئەوەمان نیشان دەدا کە پەیڕەوو نەریتی مارکسیستی لەناو ئەنترناسیونالی دووەمدا بەهێزترینو شایستەترین نەریتو ڕێبازبوو. ئەنترناسیونالی دووەم لەساڵی ١٨٨٩ لەیەکێتیو هاوکاری پارتو ڕێبازەکانی کرێکاریو سۆسیالیستی بوو کە لەپاریس یەکەمین کۆنگرەی خۆیان گرێدا. پارتو بزاڤەکانی کرێکاری ئاڵمان، فەرەنسا، بەریتانیا، هۆلاند، بەلژیك، وڵاتانی ئەسکەندەنافی، ئیتاڵیا، ئیسپانیا، روسیا، ئەمریکا، ئەرجەنتینو چەند وڵاتی دیکە کە هەموویان باوەڕو پابەندی خۆیان بە سۆسیالیزمی مارکس ڕاگەیاندو ئەنترناسیونالی دووەمیان لەپاریسو بۆ ئەو مەبەستە سازدا. لەم ئەنترناسیونالەدا هەموویان بەرەو

[١] - لشك كولاكوفسكی، جريان های اصلی در ماركسيزم (جلد دوم)، ترجمەی عباس میلانی، نشر آگاه ، چاپ دوم ١٣٨٥، ل ٧ .

ڕێکخراوی کرێکاریو سۆسیالیستی هەنگاویان دەناو لەئاستی باوەڕو تیۆری سیاسیو فەلسەفیشدا یەکدەست ترو رادیکالتر بوون لەئەنترناسیونالی یەکەم. بناغەو کۆڵەکەی ئەنترناسیونالی یەکەم بزاڤی کرێکاریو سۆسیالیستی فەرەنساو بەریتانیا بوو کە لەلایەن رابەرانی تریدیۆنیونی بەریتانیاو پرۆدۆنیستەکانی فەرەنساو لایەنگرانی دیموکراتی شۆڕشگێڕی ئیتاڵیا (ماتزینی) پێك هاتبوو. لەم ئەنترناسیونالەدا یەکێك لەباوەڕو پەیڕەوەکان لایەنگرانی مارکس بوون لەگەڵ ئەو ڕەوتو ڕێبازانەی دیکەدا ئەنترناسیونالی یەکەمیان لەساڵی ١٨٦٤ لە لەندەن دامەزراند. بەڵام ئەنترناسیونالی دووەم، کە زۆربەی بیرمەندو مێژوونووسانی بزاڤی کرێکاریو سۆسیالیستی بە سەردەمی زێڕینی مارکسیزمی دەزانن، بە تەواوی لایەنگیری لەبیروباوەڕەکانی مارکس دەکرد.[٢]

دیسان ئەمەش بەو مانایە نایەت (سەرەڕای دەسەڵاتو شایستەیی مارکسیزم) کە بەتەواوی مارکسیزمو بزوتنەوەی کرێکاریو سۆسیالیستی بە یەك بزانرێن، چ لەو کاتەداو چ لەسەردەمەکانی دیکەداو هەتا ئێستا، سەرچاوە فرەو جیاوازەکانی سۆسیالیزمی ئەوروپایی بە هیچ جۆرێك وشکی نەکردبوو، هەرچەندە لەبەرامبەر تیۆرو ئامۆژگارییە سازگارو جیهانییەکانی مارکسدا کەمتر گرنگییان هەبوو.

لەئاڵمان سەرەڕای نەریتی بەهێزی لاسالی، ئایدلوژی مارکسیستی بە تەواوی باڵادەست بوو. حزبی سۆسیالیست یان کرێکارانی فەرەنسا کە رابەرایەتی لەدەستی گسدا بوو، تەنها لەو ڕووەوە دەکرێت بە مارکسی بزانرێت کە بەرنامەی حیزبەکەیان لەژێر دیدو کۆمەکی مارکسدا نووسرابوو کە پاشان بڕیاریان لەسەردا. بزاڤی سۆسیالیستی فەرەنسا چەند سەردەمێك دوچاری نا بەسامانیو لێکدابڕان بوو، بەڵام دیسان نەریتی مارکسێتی لەهەموو باڵەکانی دیکە بە هێزترو زیندووتر بوو. لەنەمسا، پولونیا، ئیتاڵیا، ئیسپانیا، بەلژیكو تەواوی ئەو وڵاتانەی کە بزاڤی سۆسیالیستی تیا بەهێز بوو ئایدیولوژی ئەو بزوتنەوانە زیاتر لەژێر کاریگەری مارکسیزمدا بوو. بەڵام

[٢] - ترنس بال و ریچارد داگر، ایده ئولوژی های سیاسی و ایده آل دمکراتیك، برگردان د. رویا منتظمی ، انتشارات پیك بهار، چاپ اول ١٣٨٤، ل ٢٥٢.





هەرگیز هەژموونی مارکسیزم لەبەریتانیا، واتە دروست لەو وڵاتەی کە ئامۆژگاریو پەیڕەوی مارکسی تیا فۆرمۆل بەندی کرابوو، هەروەکو دەشزانین کە زۆربەی ژیانی مارکسیش لەوێ بوو هەتا مرد، بەهێز نەبوو، بەڵکو بزوتنەوەی کرێکاریو سۆسیالیستی بەریتانیا، کە لەمێژوودا بە بزوتنەوەی فابیانی دەناسرێت، سروشتو ئەندێشەکەی لەسەرچاوەی بیروباوەڕەکانی رۆبرت ئۆین (سۆسیالیستی سەرەتایی)، جێرمی بنتامو جۆن ستیوارت میل وەرگرتبوو. بە شێوەی گشتی سۆسیالیست بوونو مارکسیست بوون لەتەواوی ئەوروپاو ئەمریکا، جگە لەبەریتانیا، وەکو یەك دەناسران. زۆربەی رابەرانی کرێکاریو سۆسیالیستی ئەوروپیو ئەمریکی کە هەریەکەیان بە جۆرێك خۆیان بە مارکسیست دەزانی، ئەوان بوون کە تیۆری سۆسیالیستییان گەشەو پەرەپێدەدا. سەرەڕای تیۆرسازو رابەرانی فکری نەوەیەکی فراوان لەرابەرانی سۆسیالیستو مارکسیست هەبوون کە لەبواری عەمەلیو سیاسیدا بزاڤی سۆسیالیستیو کرێکارییان رابەری دەکرد. ئەم رابەرانە کۆمەك یان کارێکی بەرچاوی تیۆریو فکرییان بۆ سۆسیالیزمو مارکسیزم نەکردبوو، بەڵام لەناو بزوتنەوەکەدا خاوەن هەژموونو دەسەڵات بوون. رابەرانی وەکو ئۆگست بیبل لەئاڵمان، گسد لەفەرەنسا، ڤیکتور ئادلەر لەنەمساو تۆراتی لەئیتاڵیا کە رووناکبیرنەبوونو بانگەوازی بەشداری لەگفتوگۆی تیۆریو تەکامولی مارکسیزمو سۆسیالیزمدا نەبوون. لەم سەردەمەدا کە مارکسیزم لەلوتکەی هەژموونو جوڵانەوەی فکریو سیاسیدا بوو، بەڵام بەهیچ شێوەیەك وەکو مەزهەبی گروپێکی دیاریکراو نەبوو، بەڵکو وەکو ئایدیولوژیای بزاڤێکی بەهێزو جیهانی تەماشا دەکرا. لەهەمووشی گرنگتر ئەوەبوو کە هۆکارێك نەبوو بۆ بێدەنگ کردنو لاوازی هیچکام لەو کەسو بزوتنەوانەی کە خۆیان بە جیاواز لەمارکسیزمو سیاسەتی رەسمی ئەنترناسیونال دادەناو هەرلێرەشەوە پێ بەپێی واقعیەتی ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووری جیاواز لەباری تیۆریکدا داکۆکی لەخۆی دەکرد.

سەرئەنجام مارکسیزم لەپانتایی فراوانی جیهانیدا وەکو بیروباوەڕو پەیڕەوێکی جدیو پەیگیر دەبینرا کە تەنانەت نەیارانیشی نرخو بەهایان بۆ دادەنا. لەم سەردەمەدا داکۆکی کەرانی بەهێزو ڕووناکبیرانی بە توانای وەکو ئیدوارد برنشتاین،

كارل كاوتسكی، روزا لوگزامبورك، لینین، جان جۆریس، ماكس ئادلەر، ئۆتۆباوەر، هیلفردینگ، لابریولا، پانەكۆك، فاندر فولدو كونو لەبەرامبەر نەیاران‌و ڕەخنەگرانی بە تواناو ناسراوی وەكو كروچ، سومبارت، مازاریك، جورج زیمل، بوم باورك‌و پیوتر ستروفەدا پانتایی هەژموونی فراوانتری ماركسیزمیان زیاتر دەكرد. لەمەش فراوانتر كەسانێك هەبوون لەمێژوونووسان‌و بیرمەندان‌و ئابووری ناسانی بێلایەن كە هەرچەند لایەنگیری تەواویان لەماركسیزم نەدەكرد، بەڵام هەندێك لەئەندێشەو بیروڕاكانی ماركسییان پەسەند دەكرد.

ئەنترناسیونالی دووەم ڕێكخراوو ئۆرگانێكی ناوەندی‌و یەكپارچە نەبوو، هەروەها سەرەڕای بەهێزی‌و كاریگەری ماركسیزمیش هێشتا ئامۆژگاری‌و پلانی ڕۆشن‌و وردی نەبوو كە مایەی پەسندكردنی هەموو ئەندامەكانی بێت. ئەنترناسیونالی دووەم زیاتر وەكو فیدراسیۆنێكی نامەركەزی پارت‌و سەندیكاو بزوتنەوە كرێكاریەكان بوو، كە جیا لەیەك كارو چالاكیان دەكرد، بەڵام باوەڕی هاوبەشیان بە سۆسیالیزم ئەوانی یەك پێ گرتبوو. ئەگەر ئەنترناسیونالی یەكەم ناوەندێكی ئایدیولوژیك بوو بۆ بزاڤی كرێكاری‌و سۆسیالیستی، بەڵام ئەنترناسیونالی دووەم كۆبوونەوەی ئەو پارت‌و سەندیكاو یەكێتی یانە بوو كە بەڕاستی نوێنەری جەماوەری فراوانی خەڵك‌و كرێكاران بوو.

یەكێك لەو پرسە گرنگانەی كە سەرنجی زۆربەی مێژوونووسان‌و بیریارانی سۆسیالیست‌و بزاڤی كرێكاری بەخۆوە خەریك كردووە، ئەوەیە كە بیست‌و پێنج ساڵی تەمەنی ئەنترناسیونالی دووەم هەر لەدامەزراندنییەوە هەتا سەرەتای جەنگی جیهانی یەكەم سەرەڕای شایستەیی‌و باڵادەستی ماركسیزم، بەڵام هەندێك دەسكەوت‌و وەرچەرخانی گرنگی ئابووری‌و سیاسی‌و فەلسەفی‌و كۆمەڵایەتی هێنایە ناو بزاڤی كرێكاری‌و بزوتنەوەی مرۆڤایەتی بەرەو ئازادی‌و یەكسانی‌و عەدالەت. لەسەردەمی ئەنترناسیونالی دووەمدا ماركسیست‌و سۆسیالیست ئەو كەسانە بوون كە ئەم بیروباوەڕانەی خوارەوەیان هەبێت.





**یەكەم:**

ڕەوت‌و مەیلەكانی كۆمەڵگای سەرمایەداری، بە تایبەتی تەمەركوزی سەرمایە، رەوت‌و مەیلی سروشتی مێژوو بەرەو سۆسیالیزم بەهێز دەكات‌و سەرئەنجام سۆسیالیزم ئەنجامی ناچار یان شیاوترین رەهەندی كەڵەكەو بەهێزبوونی سەرمایەداریە.

**دووەم:**

سۆسیالیزم‌و خاوەندارێتی گشتی هۆیەكانی بەرهەم هێنان دەبنە هۆی لەنێوچوونی چەوسانەوە، دەرامەتی مفت‌و بێ كار، نەمانی ئیمتیازو نایەكسانی ئابووری كە لەئەنجامی دابەشكردنی ناعادیلانەی ساماندا پەیدا دەبن. چەوسانەوەو هەڵاواردنی نەژادی، نەتەوەیی، رەگەزی‌و ئایینی دەبێت لەنێوبچێت، ولەشكری پیشەیی دەبێت نەمێنێ. هەلی پەروەردەو فێركردنی یەكسان بۆ هەمووان، ئازادییە دیموكراتیەكان - ئازادی بەیان‌و كۆبوونەوەو ڕێكخراوبوون، سیستەمی هەڵبژاردنی نوێنەرانی خەڵك بۆ هەموو ئاستەكانی بەرپرسیاری‌و حوكم كردن‌و بوونی سیستەم‌و یاسای رەفاهی كۆمەڵایەتی دەبێت بۆ هەمووان دابین بكرێت.

**سێیەم:**

سۆسیالیزم بە سوودی هەموو مرۆڤایەتییەو تەكامولی جیهانی فەرهەنگ‌و خۆشگوزەرانی گشتی مەیسەر دەكات. ئاڵاهەڵگری خەبات‌و هێنانەدی سۆسیالیزم چینی كرێكارە، لەبەر ئەوەی كرێكاران ئەو چینەن كە راستەوخۆ بەهاو نرخە سەرەكییەكان بەرهەم دەهێنن‌و هەم ئەو چینەش كە زیاتر لەهەمووان بەشێوەی ڕاستەوخۆ سوودمەند دەبن لەنەهێشتنی سیستەمی كاری كرێ گرتە.

**چوارەم:**

پێشرەوی بەرەو سۆسیالیزم پێویستی بە خەباتی ئابووری‌و سیاسی‌و فەرهەنگی چینی کرێکارە، ئەم چینە دەبێت بۆ ریفۆرم‌و چاکسازی ژیان‌و ڕەوشی خۆی لەچوارچێوەی سەرمایەیەدارییدا سوود لەهەموو شێوەکانی خەباتی سیاسی‌و بە تایبەتی شێوەکانی خەباتی پارلەمانی وەربگرێ، لەپێناوی خەباتی سۆسیالستی دا پرولیتاریا دەبێت لەپارتی سیاسی سەربەخۆی خۆیان سازمان‌و ڕێکخراوبن.

**پێنجەم:**

سەرمایەداری لەڕێگای کۆمەڵێك ریفۆرم‌و چاکسازی بە شێوەی ڕیشەیی لەناوناچێت، پەیامە مەرگ هێنەرەکانی ئاستەنگی ئابووری‌و سیاسی، هەژاری‌و بێ کاری بەشێکە لەخودی سروشتی ئابووری‌و چینایەتی سەرمایەداری. لەگەڵ ئەوەشدا هەموو کرێکاران دەبێت بۆ هێنانەدی ریفۆرم‌و چاکسازی وەکو یاسای کار، ئۆرگان‌و سیستەمە دیموکراتیەکان‌و کرێی زیاتر خەبات بکەن، چونکە ئەم کارو خەباتە هەلومەرجی ژیانیان باشتر دەکات‌و خۆراهێنان‌و فێربوونیشە بۆ بەدیهێنانی هاوپشتی چینایەتی‌و فراوان بوون‌و فێربوونی هونەری خەباتی ئایندە.

**شەشەم:**

سیستەمی سەرمایەداری سەرئەنجام لەلایەن شۆڕشی سۆسیالیستی دا لەناو دەچێت، ئەمەش ئەوکاتە دەبێت کە هەلومەرجی ئابووری‌و ڕەوشی هۆشیاری چینی پرۆلیتاریا بۆ ئەم کارە ئامادە دەبێت. ئەم شۆڕشە نە کودێتاو نە ئاڵوگۆڕێکی سیاسی کتوپڕە کە هەندێك رابەرانی شۆڕشگێڕ یان پیلان گێڕ بە ئەنجامی بگەیەنن، بەڵکو کارو شۆڕشی زۆرایەتی مەزنی جەماوەری زەحمەتکێشە. یان وەکو مارکس دەڵێت شۆڕش‌و گۆڕانی





سیاسی نییە بە تەنها، بەڵکو کارو خەباتێکی کۆمەڵایەتی‌و چینایەتی مرۆڤایەتی زەحمەتکێشە.[3]

**حەوتەم:**

بەرژەوەندی پرولیتاریا لەسەر ئاستی هەموو جیهان هاوبەش‌و یەکسانە، شۆڕشی سۆسیالیستی بە شێوەی ڕووداوی جیهانی یان لانیکەم گۆڕانکاری لەکۆمەڵگا پیشەسازییە پێشکەوتووەکاندا دێتەدی.

**هەشتەم:**

سۆسیالیزم تەنها بەرنامەیەکی سیاسی نییە، بەڵکو جیهان بینیەکە کە بەو هۆیەوە دەکرێت شیکردنەوەی ڕاستی زانستی بەدەست بهێنین. تەنها لێکۆڵینەوەی عەقلانیەتی سروشت‌و جیهان‌و مێژوو دەتوانێ مانای ژیان‌و خەباتی مرۆڤایەتی شی بکاتەوە. ئامۆژگاری‌و ئایدیاکانی مەزهەبی‌و ئایینی جۆرێکن لەئاگایی (شێواو)و هەر کاتێك کە چەوسانەوەو دژایەتی چینایەتی لەنێوبچێت ئەم دیدگاو ئامۆژگارییانەش دەپووکێنەوە. جیهان پاشکۆی یاسا سروشتییەکانەو نەك شێوەیەك بێت لەبڕیارو دەسەڵاتی ئیلاهی. مرۆڤ بەرهەمی سروشتەو دەبێت ئەم لایەنەش بە باشی زانیاری‌و زانستی دەربارە هەبێت‌و هەموو ئەو باوەڕانەش کە باس لەبوونی جیهان پێش پەیدابوونی مرۆڤ دەکەن، ناڕاست‌و هەڵەن.

بەڵام بڕواو مامەڵەی پارتەکان‌و بزوتنەوەکانی سۆسیالیستی‌و کرێکاری لەگەڵ ئەم دیدگاو پرانسیپانەدا جیاواز بوو، هەریەك لەوان شیکردنەوەی جۆراوجۆریان هەبوو، تەنانەت ئەم جیاوازی‌و فرەییەش گرنگ‌و جێگای باس بوو. هەندێك جار هەڵوێستی

---

[3] - ایستوان مزاروش، فراسوی سرمایه (بحران ساختاری نظام سرمایه) برگردان مرتضی محیط ، نشر اختران، چاپ اول ١٣٨٢، ل ٢٧٥.

ئەو پارتو بزووتنەوانە لەگەڵ ئەوانی دیکەدا تا ڕادەی ناکۆکیو دژایەتیش دەچوو. ئەو زەمینە فکریو سیاسیو ئابوورییانەی کە مایەی جیاوازیو ناکۆکی نێو ئەنترناسیونالی دووەمو بزاڤی سۆسیال دیموکراسی بوو لەم بابەتو باسانە دابوون،

- پرسی ماتریالیزمی مێژووییو پەیوەندی نێوان (ژێرخان) و (سەرخان).
- ئایا سۆسیالیزم پرسێکی (حەتمیو سروشتی) یە یان لەنێو مەیلو خەباتی مێژوویی سەرمایەدارییدا لایەنی (ئەگەر) و (لەوانە)ی هەیە.
- خەبات بۆ هێنانەدی ریفۆرم لەخۆیدا بە سوودی کرێکارو مرۆڤایەتییە، یان تەنها خۆ ئامادەکردنو خۆڕاهێنانە بۆ شۆڕشی ئایندە.
- دەسەڵاتی تاکانەو بێ ئەملاولای ئەحزابی سۆسیالیست پەسەند دەکرا، یان هاوکاریو یەکێتی لەگەڵ بزوتنەوە ناسۆسیالیستیەکان ڕەوا بوو.
- چۆن تەماشای شۆڕش دەکرا، کە تەنها جەنگێکی ناوخۆییە یان کودێتایەکی سیاسی، یان شۆڕشو فشارو کاریگەری ناتوندوتیژی کرێکارانو جەماوەری زەحمەتکێشو ستەم دیدەیە بۆ گۆڕانکاری رادیکال.
- ئایا جیهان بینی سۆسیالیستیو مارکسیستی وەڵامی هەموو پرسە گرنگەکانی فەلسەفەی تێدایە، یان دەربارەی ئەو شتانەی کە دیدگای تایبەتییان نییە، دەکرێت ئازادانە سوود لەبیرو ئەندێشەکانی پێشو دەرەوەی مارکسیزم وەربگرێت.
- بێگومان ئەم جیاوازییانە لەدیاریکردنی سیاسەتو ئامانجەکانی بزاڤی سۆسیالیستی داو لەلای هەر یەکێك لەحیزبو بزوتنەوەکان کاریگەری دەبێت، چونکە ئەم حیزبانە تەنها کۆڕو کۆمەڵەی خوێندنەوەو بیرکردنەوەو نووسینی فەرهەنگیو فەلسەفی نەبوون، بەڵکو ئەم پرسانە کاریگەرییان هەبوو لەسەر لایەنی سیاسیو جەماوەری کارو خەباتیان. لەوەش گرنگتر ئەوەبوو کە ئەو حیزبو بزاڤە سۆسیالیستیانە لەهەلومەرجێکدا خەباتیان دەکرد کە تیۆریو ئامۆژگارییەکانی مارکس تیایدا پێش بینی نەکراوبوون، هەر ئەمەش وای لەوان دەکرد کە لەو پرانسیپو





بنەمایانەی کە مامۆستاکەیان دایڕشتبوو دەرئەنجامی تایبەتیو جیاواز پەیدا بکەن دەربارەی چۆنیەتی ئەم کارەش بێگومان یەکێتی بیروڕایان نەبوو.[4]

## جیاوازیو ناکۆکی نێو ئەنترناسیۆنالی سۆسیال دیموکراسی

لەلایەنی تیۆری دا، گۆڕانکاریو بەرەو پێشەوەچوونی نێو نەتەوەیی دووەم بە سێ قۆناغدا تێدەپەڕێ: قۆناغی یەکەم، سەردەمی خەباتو جیاوازی بوو لەبەرامبەر ئانارشیزم بە تایبەتی لەوڵاتانی لاتینی واتە فەرەنسا، ئیسپانیاو ئیتاڵیا.

قۆناغی دووەم، دەورانی جیاوازیو خەبات بوو بەرامبەر ڕێبازی پێداچوونەوەی مارکسیزم کە بەڕابەری (ئیدوارد برنشتاین) بوو لەسۆسیال دیموکراسی ئەڵمانیاو ئەوروپا. قۆناغی سێهەمیش کە لەساڵی ١٩٠٥ بەدواوە دەست پێدەکات، سەردەمی خەبات بوو لەبەرامبەر ڕەوت یان باڵی چەپ. بەڵام ئەوەی کە لەهەموویان گرنگتر بوو، خەباتو جیاوازی ڕەوتی مارکسیست، یان ئەوەی کە لەمێژوودا بەناوی مارکسیزمی ئەرسەدۆکس ناسراوە بەڕابەری (کارل کاوتسکی) لەدژی ڕەوتی پێداچوونەوە یان تازەکردنەوەی مارکسیزم بوو بە ڕابەری ئیدوارد برنشتاین.[5]

وێرای جیاوازیو ناکۆکی نێو خودی ئەنترناسیونالو سۆسیال دیموکراسی بەڵام یەکێك لەدەسکەوتە گرنگەکانی ئەم سەردەمە مێژووییەی بزاڤی سۆسیالیستیو کرێکاری دابڕانو جیابوونەوە بوو لەلیبرالیزم بە تایبەتی لەمەیدانی تیۆریو ئایدیۆلۆژیو خەباتی ئابووریو سەندیکاییو جەماوەری بزوتنەوەی کرێکاری. دەسکەوتە گرنگەکانی ئەم جیابوونەوەیەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی لەئایدیۆلوژیاو تیۆری لیبرالی لەمانەش تێپەڕدەبێتو ئەم سەردەمە بە قۆناغی سەربەخۆیی سیاسیو دیموکراتیکی بزوتنەوەی کرێکاری دادەنرێت. بەدەست هێنانی دەنگو جێگاو ڕێگای پەرلەمانیو بەهێزبوونی سۆسیالیستەکانو کرێکاران لەناو نیهادو دامودەزگا

---

[4] ـ لشك کولاکوفسکی ، ه . س. پ ، ل ل ١٣ ـ ١٥.

[5] - جوزف شومپیتر (کاپیتالیسم، دموکراسی، سوسیالیسم)، ترجمەی حسن منصور، نشر مرکز، چاپ دوم ١٣٧٥، ل ٤٣٣.

دیموکراتیەکاندا. هەموو ئەمانەش لەسەردەمێکدا دەبێت کە بە قۆناغی گەشەی ئابووری ئەوروپاو ئەمریکاو گەشەی رێبازو رەوتەکانی ئیمپریالیستی دەناسرێت لەسەرمایەدارییدا. ئایا سۆسیال دیموکراسی چۆن مامەڵەی لەگەڵ ئەم هەلومەرجەدا کردو رێبازو رەوتەکانی ناو ئەنترناسیۆنالی دووەم، لەبەرامبەر ئەم سەردەمو دیاردە تازەیەدا، تا چ رادەیەك ناکۆك بوون یان توانی یان یەکێتی خۆیان لەبەرامبەر سەرمایەداریو ئیمپریالیزمی جیهانیدا بپارێزن. یەکێك لەپرسە چارەنووسسازەکانی سۆسیال دیموکراسی لەم سەردەمەدا دێتەکایەوە کە سەرئەنجام ئەنترناسیونال‌و سۆسیال دیموکراسی دەکات بەسێ باڵی بەهێزو سەرەکییەوە.

هەر سەبارەت بە پرس‌و کێشەی نێوان سۆسیال دیموکراسی‌و لیبرالیزم، سۆسیال دیموکراسی توانی دوو پرس یان دوو بنەمای سەرەکی لیبرالیزم وەلابنێ یان بەرەو گۆشەگیری برد، هیچ نەبێ لەناو بزوتنەوەی کرێکاری‌و سەندیکایی دا. بنەمای یەکەمی لیبرالیزم، کە کارکردنی دامودەزگاکانی حکومەتە بۆ داکۆکی لەئاسایش، ئازادی‌و سەرو ماڵی تاك، بەڵام مەسەلەی بەرهەم هێنان‌و ئاڵوگۆڕی کارو سەرمایە لەدەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتدایەو دەبێت ئەم کارە بدرێتەدەست کەرتی تایبەتی سەرمایەداری کە باشترین دابینکەری گەشەی ئابوورییە. بێگومان گەشەو کاریگەری ئەنترناسیۆنال‌و سۆسیال دیموکراسی، توانی لەو سەردەمەداو هەتا دامەزراندن‌و گەشەی دەوڵەتی رەفا لەدەیەی ١٩٣٠ بە دواوە کە لەئەوروپاو لەزۆربەی وڵاتانی کاریگەری ئەو کیشوەرە پاشەکشە بەم بنەمایە بکات.

کاریگەری سۆسیالیستەکان‌و ئەنترناسیۆناڵی دووەم بوو کە پرسەکانی پەیوەندی بە یاسای کاری دیموکرات، زەمانەت کردنی بیمە کۆمەڵایەتی‌و ئابوورییەکان، کارکردن بە بنەمای دادپەروەری کۆمەڵایەتی‌و یەکسانی نێوان ژن‌و پیاوو ماف‌و ئازادی لاوان‌و منالان، بوونە یان لەراستیدا کرانە سیاسەتەکانی رەفاهی کۆمەڵایەتی. بنەمای دووەمی لیبرالیزم، کە بەئاشکرا لایەنی سەرمایەدارانەی پێوە دیارە، پەیوەندی نێوان خاوەن کارو کرێکارانە (کرێکاریش هەموو ئەو کەسانەن کە بەکرێ کار دەکەن هەر لەدکتۆر، ئەندازیار، پارێزەر، کارمەند، ئەفسەرو سەرباز، کرێکارو جوتیاران کە لەکشتوکاڵدا





بەکرێ کار دەکەن‌و سەرئەنجام کرێکارانی بە کرێی پیشەسازی‌و خزمەت گوزاری‌و کارە مەدەنییەکان) کە لەلای لیبرالیزم بە رێککەوتن یان گرێبەستی ئازاد ناونراوە کە لەنێوان دوو کەس دایەو حکومەت بۆی نییە دەخالەت بکات، وەهەردوو کەسەکە (خاوەن کارو کرێکار) دەبێ پەیڕەوی لەو رێکەوتنە بکەن. بەشداری‌و کاریگەری یاسا لەو رێکەوتنانەدا پێشێل کردنی ئازادییە، هەروەها ئەوەش پێشێل کردنی ئازادییە ئەگەر یەکێتی‌و سەندیکا کرێکارییەکان خاوەن کارەکان بخەنە ژێر فشارەوە بە قازانجی کرێکاران.

بەهۆی کارو چالاکی‌و شایستەیی ئەنترناسیۆنال‌و سۆسیال دیموکراسیەوە، لەکۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتایی سەدەی بیست بە دەگمەن کەسێك پەیدادەبوو کە داکۆکی لەو دوو بنەمایەی پێشوو بکات کە داهێنانی لیبرالیزم بوو وەکو دوو بنەمای نایاب‌و ناوازەی سەرمایەداری باسدەکران.

کارو راگەیاندن‌و پروپاگەندەی سۆسیالیستی ئەم وەهمەی لیبرالیزمیان لەناوبرد کە گوایە کرێکارو خاوەن کار لەهەلومەرجی یەکساندا لەگەڵ یەك رووبەڕوون‌و لەمەودواش چیتر تیۆرمەندان‌و لایەنگرانی لیبرالیزم داکۆکیان لەم بابەتە نەدەکرد. سەرئەنجام ماف‌و کاری یاساو دامودەزگا یاساییەکان (نموونەی یاسای کار)بووە پێوەر بۆ یەکلایکردنەوەی رێکەوتنەکانی نێوان کارو سەرمایەو ئەمەش بە قازانجی کرێکاران بوو وە تارادەیەکی زۆر شێوەکانی چەوسانەوەی سنوردار دەکرد. کاریگەری سۆسیالیستەکان‌و نەخشی دامودەزگا یاساییەکان بوونە زەمینەی پەیدابوون‌و بەهێزبوونی ئۆرگان‌و سەندیکاو رێکخراوە کرێکارییەکان بۆ داکۆکی کردن لەکرێکاران لەبەرامبەر خاوەن کارو سەرمایەداراندا.

بە رەسمی ناسینی بنەمای دەخالەتی حکومەت لەپەیوەندی نێوان کرێکارو خاوەن کارو رەخساندنی زەمینەی فشارو کاریگەری نیهادو دامودەزگا پارلەمانی‌و سەندیکاییەکان، سۆسیالیستەکانی خستە هەلومەرجێکی ستراتیژی نوێوە کە پارتەکان وەڵامێکی رۆشنیان نەبوو. لەکاتێکدا کە سۆسیالیست‌و کرێکاران توانیان بگەنە پارلەمانەکان‌و کاریگەربن لەبڕیاردانی ئەو یاسایانەی کە بەقازانجی کرێکاران‌و هەژاران

بێت، ئایا بەم کارە لەریفۆرمو چاکسازی سەرمایەدارییدا هاوبەشی ناکەن؟ ئانارشیستەکان سۆسیال دیموکراسیان بەوە تاوانبار دەکرد کە ئەو کارەیان کردووەو ناڕاستەوخۆ دانیان بەوەدا ناوە کە سەرمایەداری قابیلی ریفۆرمو چاکسازییە، لەکاتێکدا مارکس پێچەوانەی ئەوەی وتبوو. باڵی مارکسیزمی ئەرسەدۆکس لەوەڵامدا دەیانووت کە سەرمایەداری هەرگیز لەو زەمینەیەدا ریفۆرم ناکرێت کە چیدی سەرمایەداریو چەوسێنەر نەبێتو خود بەخود بەرەو سیستەمی سۆسیالیستی بڕوات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت کە خەباتی کرێکارانو سۆسیالیستەکان بۆ باشترکردنی ژیانی کرێکاران بەردەوام بێتو بۆ ئەوەی لەم رێگاوە بتوانین ئاگایی چینایەتی ئەوان بالاتر بکەین. ئەو بەشە لەکرێکاران کە ئەسیری دەستی بۆرژوازین هەرگیز ناتوانن رۆڵی چینایەتیو شۆڕشگێڕانە ببینن، چونکە لەژیانی باشو خوێندنو هۆشیاری بێبەش کراونو کاری تاقەت پروکێن ئەوانی شەکەتو ماندوو دەبەنگ کردووە.

ئەم پرسە بە تایبەتی ئەو سەردەمە زیاترو دیارتر دەبوو کە مەسەلەی هاوکاری لەگەڵ حیزبو لایەنە پارلەمانییە ناسیۆسیالیستەکان دەهاتە پێشەوە. ئەگەر سۆسیالیستەکان بە شێوەی مەبدەئی لەهەموو جۆرە هاوکارییەك لەگەڵ پارتو لایەنە میانڕەوەکان خۆیان دوور بگرن، ئەوا ناتوانن ببنە هێزی یەك لاکەرەوەی نێو پارلەمانو هیچ سوودێکیش بۆ چینی کرێکار بەدەست ناهێننو سەرئەنجام ئاو دەکەنەوە ئاشی کۆنەپارێزەکانو ڕاست ڕەوەکان. بەڵام لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر بەو شێوە هاوکاریو هاوپەیمانی لەگەڵ پارتە ناسۆسیالیستەکاندا بکەن، بەو مانایە دەبێت کە بۆ باشترکردنی سەرمایەداری لەگەڵ بۆرژوازی رێکدەکەونو ناچار تیغی جیاوازی چینایەتی کول دەکەن. بەڵام لەو وڵاتانەدا کە سیستەمی پارلەمانییان نەبوو، یا لەدیدگای سۆسیالیستەکاندا ناکاریگەر بوون (نموونەی روسیا) ئەم پرسە بە دەگمەن باسدەکرا. لەم وڵاتانەدا پارلەمان تەنها وەکو تریبۆنی ڕاگەیاندنو پرۆپاگەندە حساب دەکراو هیچ چاوەڕوانیەك بۆ ریفۆرمی کۆمەڵایەتی نەدەبینرا. لەبەرامبەردا لەو وڵاتانەی کە کاری پارلەمانی ببووە بەشێك لەریفۆرمی سیاسیو کۆمەڵایەتی، دیارییکردنی سنووری نێوان خەبات بۆ باشترکردنی هەلومەرجی ژیانو ئەوەی کە





بەریفۆرم ناسرا بوو کارێکی دژواربوو. ئانارشیستەکان دەیانوت کە هەر کارێکی سیاسیو بە تایبەتی کاری پارلەمانی بەو مانایە دێت کە گوایە سەرمایەداری گۆڕانی باشی بەسەردا دێتو ئەم کارەش بە ناچاری دەبێتە هۆکاری لاوازبوونی گیانی چینایەتیو شۆڕشگێڕانەی کرێکاران. باڵی مارکسیزمی ئەرسەدۆکس ( بە رابەری کارل کاوتسکیو جۆرج پلیخانوف) لەوەڵامدا دەیانوت داکۆکی لەسیستەمی کۆماریو دیموکراسی لەبەرامبەر کۆنەپەرستیو ئەرستۆکراسیو حکومەتی مەزهەبیو داردەستەی سەربازیو سەرکوتکەر ناکۆك نییە لەگەڵ بنەماکانی خەباتی چینایەتی، بێگومان کە سیستەمی کۆماریو دیموکراتی لەخۆیدا ناتوانێت بەرنامەی سۆسیالیستی پیادە بکات، بەڵام هەلومەرجێکی گونجاوتر بۆ خەباتی پرۆلیتاریا دەڕەخسێنێ.

مێژووی تەواوی بزاڤی سۆسیالیستی مێژووی ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەم دوو دیدگایەیەو هەردوولاش دەیانتوانی بۆ پشتیوانی بۆچوونی خۆیان ئەم دوو بۆچوونە لەنووسینو ئامۆژگارییەکانی مارکسدا پەیدابکەن. هەندێك ئەوەیان دووپات دەکردەوە کە پرۆلیتاریا سەر بە سیستەمی سەرمایەداری نییەو ناتوانێ ئەم کۆمەڵگایە ریفۆرم بکات، بەڵکو تەنها دەتوانێو دەبێ لەناوی بەرێت. یاسا سروشتیەکانی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری لەدژی کرێکارانو گۆڕینی ئەم ڕەوشەش نامەیسەرەو سەرئەنجام ئەوە زیاتر ڕۆشن دەبێت کە هەر هەوڵو خەباتێك بۆ ریفۆرم، یان هەر هاوکاریو هاوپەیمانیەکی پارلەمانی لەگەڵ ئەحزابی بۆرژوازی دەچێتە خانەی خیانەت لەپرۆلیتاریاو شۆڕشی سۆسیالیستی.[٦]

بەڵام ئەگەر بە وردی شارەزای بۆچوونەکانی مارکس بین بۆمان دەرئەکەوێت کە خودی خۆی زۆر بە رۆشنی ئەو هەڵوێستەی لاسال رەخنە دەگرێت کە دەڵێت چینە ناپرۆلیتاریەکان لەجەماوەرێکی کۆنەپەرست زیاتر نین! مەگەر مارکس بڕوای وانەبوو کە پرۆلیتاریا لەجێگای شۆڕشی تەواو، دەبێت بۆ مافە دیموکراتیەکانو یاساکانی کار خەبات بکات؟ مەگەر ئەو بنەمای بێ ماناو پووچی "هەرچی خراپتر، باشتر" بەبێ

[٦] - دایرة المعارف دموکراسی، زیر نظر: سیمور مارتین لیپست، کتابخانەی تخصصی وزارت امور خارجة ایران، جلد دوم، ل ٩١٨.

عەقڵی وەسف نەکردووە؟ کە لایەنگرانی لاسال بڕوایان وابوو، کە ژیانی کرێکاران هەرچەند خراپتربێت، بۆ سۆسیالیستەکان باشترە چونکە لەو کاتەدا ڕوودەکەنە ناو پارتی سۆسیالیست.

ئانارشیستەکانو بەتایبەتی ئانارکۆسەندیکالیستەکان ڕوویان وەردەگێڕا لەهەر کارێکی پارلەمانی، یان لەهەر بیروباوەڕێکی ریفۆرمو چاکسازی سەرمایەداریو بە سەختی نەیاربوون لەهاوکاری لەگەڵ بۆرژوازی. بەڵام نەوەی کۆنتری سۆسیالیستە نەریتیەکان، وەکو هەندێك لەسۆسیالیستەکانی فەرەنسا (گسدو لایەنگرانی)و چەپی ئاڵمان کاری سیاسییان بە پێویست دەزانیو بەڵام پێیان باش نەبوو کە هاوکاری کاتی لەگەڵ حیزبو گروپە پارلەمانییەکاندا بکرێت، وبیریان لەوە دەکردەوە کە ریفۆرم لەخودی خۆیدا باش نییە، بەڵام تەنها لەپەیوەندی لەگەڵ ئامانجی کۆتایی دا نرخو بەهای هەیە. مارکسیستە میانڕەوە ئەرسەدۆکسەکان لایەنگری هاوکاری کاتی بوون بە مەرجێك کە حیزبی کرێکاران سەربەخۆیی تەواوی خۆی بپارێزێ. ئەوان بڕوایان وابوو کە بەدەست هێنانی دەسکەوتو ئامانجی کاتی کارێکی باشەو بەهای بۆ خەباتی سۆسیالیستەکان هەیە. بەڵام باڵی ڕاستی سۆسیال دیموکراسی (جۆریس، تۆراتی) نە تەنها ئامادەبوون بۆ بەرژەوەندی کاتی کرێکاران لەگەڵ هەرکەسو لایەنێك هاوکاری بکەن، بەڵکو بڕوایان وابوو کە ئەو ریفۆرمانەی لەچوارچێوەی سیستەمی سەرمایەداریدا بە دەست دێن، نرخو بەهای سۆسیالیستیان هەیەو توخمەکانی سیستەمی سۆسیالیستی لەهەناوی سەرمایەداری لەدایك دەبن. سنووری نێوان ئانارکۆسەندیکالیستەکانو تەواوی باڵەکانی دیکەی سۆسیال دیموکراسی بە تەواوی ڕۆشن بوو، هەروەکو چۆن سنووری نێوان باڵی چەپو ڕاستیش ڕۆشن بوو، هەروەکو چۆن سنووربەندی نێوان پارتو باڵە میانڕەوەکان هێشتا دیارو ئاشکرا نەبوو.





## خەباتو جیاوازی ئایدیولوژی لەئەنترناسیونالی سۆسیال دیموکراسی دا

لەمێژووی ئایدیولوژی نێونەتەوەیی دووەمدا باسەکانی تایبەت بە (پێداچونەوەی) مارکسیزم گرنگترینو کاریگەرترین ڕووداوی تیۆریكو فکری بوو. ئەنترناسیونالی دووەم زیاتر لەوەی کە نیگەرانی ریشە تیۆریەکانی ناکۆکی نێوان نوێخوازەکانو باڵی نەریتی مارکسیزم بێت، لایەنگری ریفۆرمیزمو گرنگی چاکسازی بوو کە لەدیدگای تیۆری دا ڕەنگدانەوەی ئەو جیاوازیانە دەبینرا. سۆسیال دیموکراتەکانی ئاڵمان لەکۆنگرەی خۆیان لەشاری درسدن بڕیار نامەیەکیان لەدژی باڵی نوێ خواز یان پێداچونەوەی مارکسیزم دەرکردو لەکۆنگرەی ئەمستردامی ئەنترناسیونالیش گسد پێشنیازی ئەوەی کرد کە ئەنترناسیونالیش بڕیارنامەی ئەڵمانەکان پەسەندبکات. زۆرایەتی ناو کۆنگرەی ئەمستردام دەنگیان دا لەسەر ئەو بڕیارنامەیە، بەڵام بزوتنەوەی نوێ خوازی یان پێداچوونەوە هەتا دەهات بەهێزتر بوو. پێگەی سەرەکی ڕێبازی نوێ خواز لەناو حیزبی سۆسیال دیموکراتی ئاڵمان بوو، ئەو حیزبەو رابەرانیشی (بیبلو کاوتسکی) خوازیاری جیابوونەوە یان دەرکردنی ئەو باڵە نەبوون. هێزی پێداچوونەوە نەك تەنها لەبەڵگەو نوسراوەکانی برنشتایندا هەبوو. بەڵکو لەواقعیەتی ژیانی کرێکارانو خەباتی سەندیکایی دا بەرەو گەشەو بەهێزبوون دەچوو.

کرێکارانی لایەنگری برنشتاین خەریکی باسوخواسی تیۆری نەبوونو گرنگیشیان بەوە نەدەدا کە ڕەخنەی برنشتاین لەدیالەکتیكو تیۆری بەهاو کەڵەکەی سەرمایە دەڵێت چی، بەڵکو ئەوان لەخەباتدا بوون بۆ بەدەست هێنانی کارو ژیانو ئازادی لەنێو خودی سیستەمی سەرمایەداری. چینی کرێکار هەرچی یەك لەسەرمایەداری بەدەست بهێنێ لەریفۆرمی کۆمەڵایەتی هەتا ئازادییە دیموکراتیەکان، بێگومان کاریگەر دەبێ لەسەر بێداری هۆشیاری کرێکارانو واقعیو هیچ مارکسیتێکی نەریتیش نەیدەتوانی بڵێ کە ئەمانە وانینو ئەمەش هۆکارێکی واقعیو زەمینەیەکی جەماوەری دیموکراتیکە کە دەبێتە بناغەی بەهێزبوونی ڕێبازی پێداچوونەوە یان نوێ خوازی.[۷]

[۷] - دایرة المعارف دموکراسی، جلد یکم، ل ۳۹۷.

بەڵام كاریگەری رێبازی پێداچوونەوەو بیروڕاكانی برنشتاین لەمەسەلەی گرنگی كۆمەلایەتی ریفۆرم زیاتر دەڕواو دەچێتە زەمینەی رەخنەگرتن لەبونیادە تیۆریەكانی ماركسیزمو لەم زەمینەیەشدا هۆكار یان بەهانەی بەهێز بەدەست دەهێنێ. زۆر زوو ئەوە رۆشن بووەوە كە ئەم باسانە راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ زۆرێك لەچەمكو تیۆرە سەرەكییەكانی ماركسیزم دەخاتە ڕەخنەوە. بیروباوەڕی شۆڕش، چینەكان، خەباتی چینایەتی، فەرهەنگی چینایەتی، دەوڵەت، جەبری مێژوویی، ماتریالیزمی مێژوویی مانای خودی سۆسیالیزمیش خرانە ژێر پرسیارەوە. لەگەڵ دەست پێكردنو گەشەی رێبازی پێداچوونەوە چیدی ماركسیزمی نەریتی وەكو جاران بەهێز نەبوو. هەندێك لەوان لەسەر هەڵوێستی كۆنی خۆیان بەردەوام بوون، بەڵام بە شێنەیی شێوەیەكی دیكە لەماركسیزم پەیدابوو كە هەتا دەهات جێگای ماركسیزمی كلاسیكی كاوتسكیو بیبلو لابریولای ئیتالی دەگرتەوە.

نزیك بوونەوەی جەنگی جیهانی یەكەم، ساڵەكانی كۆتایی ئەنترناسیونالی دووەمی خستە ژێر كاریگەرییەوە. مەترسی جەنگو ناكۆكی وڵاتەكانی ئەوروپاو كاریگەری لەسەر رێبازو بزوتنەوەی سۆسیالیستی یەكێك بوو لەپرسە گرنگو مەترسی دارەكانی ئەنترناسیۆنال. لەكۆنگرەی شتوتگارتی ساڵی ١٩٠٧ ئەم مەسەلەیە لەگەڵ كێشەی نەتەوەكان پەیوەندی نزیكی هەبوو. هەموو سۆسیالیستەكان بە گشتی دژی میلتیاریزەكردنو سیاسەتی سەربازیو پەیدابوونی ئیمپریالیزمو سەركوتی نەتەوەكان بوون، بەڵام هەموویان سەبارەت بە كێشەی نێوان وڵاتانو هەڵوێستی هاوبەش لەدژی جەنگ هاوڕانەبوون. ئەنترناسیونال لەكۆنگرەی ١٨٩١ ی برۆكسێل، سیاسەتی سەربازیو میلیتاریزمی بە رۆشنی مەحكوم دەكردو لەساڵی ١٨٩٦ لە لەندەن بڕیارنامەی هەڵوەشانەوەی لەشكرەكانو دامەزراندنی میلیشیای خەڵك یان پەسەند كردو بە شێوەی گشتی یەكێك لەبڕیارو سیاسەتەكانی ئەنترناسیونالی دووەم مەسەلەی دژی جەنگو سیاسەتی سەربازیو خۆ پڕ چەك كردنی وڵاتان بوو. بەڵام لەبەرئەوەی كە ئەحزابی سۆسیالیست لەسەر بناغەو لەچوارچێوەی وڵاتو نەتەوەكاندا سازمان درابوون، بۆیە لەكاتی سەرهەڵدانو بەرپابوونی جەنگدا هەڵوێستی دەوڵەتەكانی خۆیان





وەرگرتو سەرئەنجام هەڵوێستی تیۆریو مەبدەئی ئەنترناسیونالیستی كرایە قوربانی ناسیونالیزمو بەرگری لەوڵاتو نیشتمان. هەڵوێستو جیاوازییەكان سەبارەت بە جەنگو ئاشتی لەم خاڵانەدا دەبێتە بەیانكەری ڕاستینەی ئەنترناسیونالی دووەم.

گسدو باڵی بەهێزی ناو حیزبی سۆسیالیستی فەرەنسا كە هەمیشە وەفادار بوون بە ماركسیزمی سەخت ئەندێشی، زۆر بڕوایان بەوە نەبوو كە بزوتنەوەی تایبەت لەدژی جەنگ بەرێ بخەن. بە بڕوای ئەوان لەسەردەمی سەرمایەدارییدا جەنگ كارێكی ناچارییەو خۆ لادان لێی زەحمەتەو تەنها ڕێگای كۆتایی هێنان بە جەنگ لەناوبردنو نەهێشتنی سەرمایەدارییە. سۆسیالیستەكان نابێت بەشدار یان دەرگیربن لەشەڕو كێشەی نێوان چینە باڵادەستەكانو جەنگی ئیمپریالیستی راستینەی ئەم واقعیەتە دەرئەخاتو هیچ پەیوەندی بە پرۆلیتارياوە نییە. هەندێك لەسۆسیال دیموكراتەكانی ئەڵمانیش هەمان بۆچوونیان هەبوو، بەڵام لەواقعدا ماناكانی ئەم بۆچوونە ئەوەبوو كە دەبێت بێ ئومێد بین لەئەگەری كاریگەری سۆسیالیستی لەسەر ڕووداوەكان. چونكە كە جەنگەكان بەرپادەبن، بێگومان ژمارەیەكی مەزن لەكرێكارن بەرەو جەنگ دەبرێنو دەكرێنە قوربانی كوشتاری گشتی، ئەگەر سۆسیالیستەكانیش بەناوی پابەندبوون بە تیۆری خۆیان كەنارەگیری بكەن، لەواقعدا هەروەكو ئەوە وایە كە پشتیوانی لەكاری دەوڵەتەكانیان بكەن.

بەڵام هەندێك لەڕابەرانی دیكە پێشنیازی ئەوەیان كرد كە دەبێ ئەنترناسیۆنال سیاسەتی پەیگیری هەبێ بۆ رێگاگرتن لەجەنگ، جان جۆریس رابەری ناسراوو روناكبیری ناو پارتی سۆسیالیستی فەرەنسا داوای دەكرد كە بەهۆی بەرگری چالاكانەو بەرێ خستنی یاخی بوونو رێپێوان دەبێت رێگا لەڕوودانی جەنگ بگرین. بەڵام لەهەمانكاتدا بڕوایان وابوو كە ئەگەر وڵاتێك بكەوێتە بەرهێرش، هەقی خۆیەتی بەرگری لەخۆی بكاتو ئەركی سۆسیالیستەكانیش ئەوەیە كە لەم كارەدا بەشداری بكەن. لەكۆنگرەی ١٩٠٧ ی شتۆتگارت، گوستاف هێرڤە بڕیارنامەیەكی پێشنیازكرد كە لەكاتی سەرهەڵدانی جەنگ دەبێت مانگرتنی گشتیو سەرپێچی فەرمانی جەنگ بكرێتە سیاسەتی سۆسیالیستەكان. بەلام نوێنەرانی ئاڵمان نەیاربوون بەرامبەر بەم

بڕیارنامەیە، چونکە ترسی ئەوەیان هەبوو کە حیزبەکەیان بچێتە خانەی نایاسایی بوونەوە.

سەرئەنجام سەرەڕای سێ هەڵوێستی جیاوازی رابردوو بانگەوازی مانگرتنو یاخی بوون لەناو سیاسەتی (ریفۆرمیستی) دا جێگای هەبوو. بەڵام باڵی چەپ کە لینین، روزا لوکزامبورگو کارل لیبکنشت نوێنەرانی بوون، پێشنیازی سیاسەتی توندڕەوتریان دەکرد. بەبڕوای ئەمان، ئەگەر جەنگ دەست پێبکات نابێت سۆسیالیستەکان لەڕێگای مانگرتن یان پیادەکردنی یاسا نێودەوڵەتیەکان لەدژی وەستانی جەنگ بن، بەڵکو دەبێت لەم هەلە سوود وەربگرن بۆ سەرنگونی سیستەمی سەرمایەداری.

بڕیارنامەی شتوتکارتی ساڵی ١٩٠٧ بە زمانێکی گشتی لەدژی جەنگ یان سوود وەرگرتن لەبەرپابوونی بۆ خێراترکردنی سیستەمی سەرمایەداری دەرچوو، کە بێگومان ئەمانە تەنها هەڵوێستی ئایدیۆلۆژیك بوونو هیچ ڕێوشوێنو خۆ ئامادەکردنی پێوە دیار نەبوو. لەڕاستیدا زۆربەی ئەنترناسیۆنال دژی ئەو بۆچوونە بوون کە دەبێت جەنگی نێوان دەوڵەتەکان بکرێت بە جەنگی ناوخۆیی لەدژی سەرمایەداری. لەکۆنگرەی بال لەساڵی ١٩١٢، لەگەڵ ئەوەش کە یەکەمین جەنگی ناوچەی بالکان دەستی پێکردبوو، بۆچوونی گشتی نێو ئەنترناسیۆنالی بڕوای بە ڕێکەوتنو خۆشبینی بوو. لەو کۆنگرەیەشدا بڕیارنامەی دژی جەنگو دروشمی (جەنگ لەدژی جەنگ) کرایە دروشمی سەرەکیو ئەمجارەش سۆسیالیستەکان بەم باوەرەشەوە لەیەك جیابوونەوە، کە گوایە بزوتنەوەی سۆسیالیستی بەو ڕادەیە بەهێز بێت کە بتوانێ ڕێگا لەکوشتاری جەنگ بگرێو دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان وادار بکەن کە پاشەکشە لەو جەنگە بکرێت.

پرسی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان ئەنترناسیونالی دابەشکرد بۆ دوو باڵی جیاوازو ناکۆك. هەڵبەت تەواوی سۆسیالسیتەکان نەیار بوون لەگەڵ بێ مافیو سەرکوتی نەتەوەکان، بەڵام نە ئەم هەڵوێستەو نە ئامۆژگارییە تیۆریەکانی مارکسو سۆسیالیزم نەیانتوانی بۆ پرسە ئاڵۆزەکانی نەتەوایەتی لەئەوروپای ناوەڕاستو رۆژهەڵات وەڵامو ڕێگاچارەی گونجاو بدۆزنەوە. بەشێوەی گشتی هەموویان ناکۆك



سۆسیال دیموکراسی ---------------- [ مێژوو، تیۆری، رەخنە ]

بوون لەگەڵ سەرکوتی نەتەوەکانو شۆڤێنیزمو بیروباوەڕی سۆسیالیستی یان لەدژی ئەوانە دەناسی، بەڵام زۆربەیان بڕوایان وابوو کە ستەمی نەتەوایەتی بەشێکە لەستەمو چەوسانەوەی چینایەتیو کۆمەڵایەتی، هەرکاتێك ئەو چەوسانەوەیە نەما، بێگومان پرسی نەتەوەکانیش چارەسەر دەبێت. یەکێکی دیکە لەهەڵوێستی سۆسیالیستیو مارکسی ئەوە بوو کە نەتەوایەتیو دەوڵەتی نەتەوەیان بە بەشێك لەسیاسەتی سەرمایەداری دەزانیو سەرئەنجام ئەم پرسەیان وەکو پرسێکی سەرەکی یان ڕێنما نەدەناسی. مارکسیستەکانی نەمسا یان بیرمەندانو لایەنگرانی مەکتەبی ڤیەننا لەناو سۆسیال دیموکراسیدا بڕوایان بە ئۆتونۆمی فەرهەنگی هەبوو بۆ هەموو ئەو نەتەوانەی کە لەوڵاتێکی فرە نەتەوەدا دەژینو ڕێگاچارەی جیابوونەوەو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆو مافی دیاریکردنی چارەنووسیان پێ باش نەبوو. ئەوان بیریان لەوە دەکردەوە کە بەرژەوەندی چینایەتی کرێکارانو شۆڕشی سۆسیالیستی لەوەدایە کە کرێکارانی نەتەوە جیاوازەکانی ناو ئیمپراتۆریای نەمسا- مەجەر، لەیەکێتی ئەواندایە نەك لەجیابوونەوەو پارچە پارچە بوون. مەکتەبی نەمسا بڕوای وابوو کەمەرج نییە چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی تەنها بەپێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوە بێتەدی، بەڵکو دەکرێتو دەبێت ئەو پرسە لەنێوان نەتەوەکاندا چارەسەربکرێت، بەمەرجێك هەموو نەتەوەیەك ماف فەرهەنگیو نەژادی لەو فیدراسیۆنەدا هەبێت . رەخنەگرانی ئەم پەیڕەوە بڕوایان وابوو کە شۆڤێنزمی نەمساییو کاریگەری ئەو باڵادەستییەی نەمسا بەسەر نەتەوەکانی دیکە لەناو خودی پارتی سۆسیالیستو سۆسیال دیموکراسی دا وایکردووە، کە ئەو بیرمەندو ڕابەرە سۆسیالسیتی یانە مافی دیاریکردنی چارەنووسو جیابوونەوەی نەتەوەکانیان پێ قبوڵ ناکرێتو لەژێر پەردەی مافی ئۆتۆنۆمی فەرهەنگیدا دەیانەوێت هەژمووی ئیمپراتۆریای نەمسا بپارێزن.[8]

رۆزا لوکزامبورگو بەشێك لەپارتی سۆسیالیستی پۆڵۆنیا بەتوندی هێرشیان دەکردە سەرمافی چارەنووسو بەهانەشیان بۆ ئەوە بوو کە سۆسیالیزم دەتوانێ تەواوی کێشەکانی دیکە چارەسەر بکاتو پێویست ناکات کرێکارانو سۆسیالیستەکان خۆیان بە

[8] ـ موریس بارییە، مدرنیتەی سیاسی، ترجمەی عبدالوهاب احمدی، نشر آگاە ، چاپ اول ، ل ٢٢٦.

پرسە لاوەکیەکانەوە خەریك بکەن. بەبڕوای رۆزا تا ئەوکاتەی کە خەبات بۆ سۆسیالیزم لەکارواندایە، باسکردن لەپرسی نەتەوایەتی وەکو مەسەلەیەکی سەربەخۆو کاریگەر، هۆشیاری‌و هێزی پرۆلیتاریا بەلاڕێدا دەبات‌و لەئامانجی سەرەکی دووری دەخاتەوەو ئەمەش دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی ئاو بکرێتە ئاشی یەکێتی نەتەوەیی بۆرژوازییەوە.

لینین‌و باڵی چەپی سۆسیال دیموکراسی روسیا زۆر پەیگیرانە داکۆکیان لەمافی نەتەوەکان دەکرد بۆ بڕیاردانی چارەنووس‌و مافی هەر نەتەوەیەکیان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆ بە یەکێك لەپرسەکانی سۆسیالیزم و بزاڤی سۆسیالیستی دەزانی. هەڵوێستی رۆزا لوکزامبورگ‌و سۆسیالیزمی نەمسایی سەرچاوەکەی لەبیروباوەڕی سەخت ئەندێشی (جەزم گەرایی) سۆسیالیستی فەرەنسی (گسد) وەردەگرت کە بڕوایان وابوو لەبەرئەوەی هەموو رەهەندو ئاکامە گرنگەکانی مێژوو لەلایەن خەباتی چینایەتییەوە دیاری ئەکرێت، ناچار شتێك نییە بەناوی پرسی نەتەوایەتی‌و بەهەرحاڵ ئەم مەسەلەیە شایانی ئەوە نییە کەپرۆلیتاریاو بزاڤی سۆسیالیستی خۆیانی پێوە خەریك بکەن. شارەزایان‌و لێکوڵیارانی مێژووی مارکسیزم‌و سۆسیال دیموکراسی سەبارەت بەلینین بڕوایان وایە، کە هەڵوێستی لینین‌و بەڵشەویکەکان لەبەر ئەوە نەبوو کە داکۆکی کردن لەدەوڵەتی نەتەوەیی بۆ نەتەوە چەوساوەکانی لەخۆیدا مەسەلەیەکی گرنگە، بەڵکو لەبەر ئەوەبوو کە سەرکوت‌و کێشەی نەتەوەکانی بەهێزی زەخیرەی گرنگ دەزانی کە دەبێت بەقازانجی خەباتی چینایەتی سوودی لێ وەربگیرێ.[٩]

هەڵوێستی ئەنترناسیۆنال‌و باڵەکانی ناو سۆسیال دیموکراسی بەرامبەر بە جەنگ کاریگەرترین‌و کوشندەترین گورز بوو کە لەوان کەوت. پاشەکشەی ئەنترناسیۆنال لەکاتی جەنگی ١٩١٤ سەرەڕای ئەو هەڵوێستە، بەڵام لەو زەمینەیەدا چاوەڕوان کراو نەبوو، چونکە سۆسیالیستەکان هێزی بێ شومارو فراوانیان لەسەرانسەری ئەوروپا دا

[٩] - دایرة المعارف ناسیونالیسم، زیر نظر: الکساندر ماتیل، کتابخانەی تخصصی وزارت امور خارجەء ایران ، جلد دوم.





هەبوو. تەنانەت باڵی چەپیش چاوەڕوانی ئەو شکستەی نەدەکرد. لینین لەسەرەتادا بڕوای نەبوو کە سۆسیال دیموکراتەکانی ئاڵمان پیرۆزبایی لەبانگەوازی خۆ ئامادەکردن‌و خۆ پرچەك کردن بۆ جەنگ بکەن. لەتەواوی وڵاتانی ئەوروپا، زۆرایەتی مەزنی (سۆسیالیستەکان!) هەڵوێستی نیشتمان پەرستی یان هەڵبژارد، نەك دەنگیان دا بۆ جەنگ بەڵکو بوونە بەشێك لەجەنگی ئیمپریالیستی. وتەنانەت لەنێو بۆلشەویکەکانی دەرەوەی ڕوسیاش ژمارەیەکی زۆر هەبوون کە بڕوایان وابوو کەدەبێت بەرگری لەڕوسیا بکرێت‌و پلیخانۆف کە بەباوکی مارکسیزمی ڕوسیا دەناسرا، گومانی لەوە نەبوو کە لەبەرامبەر هێرش بۆ ڕوسیا دەبێت بەرگری بکرێت‌و لەم هەڵوێستەدا بەشی هەرە زۆری مەنشەویکەکان هاوڕای ئەو بوون.

لەسەرەتای مانگی ئابی ساڵی ١٩١٤ فراکسیۆنی سەرەکی حیزبی سۆسیال دیموکراتی ئاڵمان لەرایشتاك (پارلەمان) دەنگیان دا بەسیاسەت‌و بودجەی جەنگی‌و سەرئەنجام باڵی کەمینەش هەمان هەڵوێستیان پەسەند کرد. لەدیسامبری هەمان ساڵدا لەکاتی دەنگدانی پارلەمان بۆ هەمان مەبەست، تەنها کەس کە هەڵوێستی دژی جەنگی هەبوو کارل لیبکنشت بوو کە یەکێتی نێوحیزبی لەم مەسەلەیەدا شکاند. ماوەی دووساڵ دواتر، ژمارەی نەیارانی جەنگ هەتا دەهات زیاد دەبوو، کە بووە هۆی دابەش بوونی حیزب‌و نەیارانی جەنگ لەپارتی سۆسیالسیت دەرکران‌و لەئاپریلی ساڵی ١٩١٧ پارتی سۆسیالیستی سەربەخۆی ئەڵمانیان دامەزراند. ئەندامانی ئەم حیزبە لەهەموو باڵەکانی پارتی سۆسیالیستی تێدابوو. جەنگ دابەش بوونی تازەی بەدی هێنا: پارتی سۆسیالیستی سەربەخۆ میانڕەوەکانی وەکو کاوتسکی‌و هۆگوهاس کە لەدوای مەرگی بیبل لەساڵی ١٩١٣ ڕابەری پارتی سۆسیال دیموکرات بوو ــ و نوێ خوازو تازەکەرەوەکانی وەکو برنشتاین‌و باڵی چەپیشی لەخۆدەگرت. باڵی چەپ سەرەتا بەناوی (یەکێتی سپارتاکیست) پێکهاتن‌و پاشان هەموویان بوونە بەشێك لەپارتی سۆسیالیستی سەربەخۆی ئەڵمان. لەفەرەنسا ریزی نەیارانی دژی نیشتمان پەرستی لەئەڵمان کەمتر بوو. جان جۆریس لەکاتی جەنگدا کوژرا لەوانەیە ئەگەر بمایە گومانی لەدژی جەنگ پیشاندابا، گسدو سێمبا پەیوەست بوون بە حکومەتی سەردەمی جەنگ.

لەبەلژیك فاندرفولد هەمان كاری كردو هێرڤە كە لەهەموو نەیارانی دژی جەنگ توندڕەوتر بوو بەرەو هەڵوێستی نیشتمان پەرستی زۆر توند گۆڕاو سەرئەنجام ئەنترناسیۆنال تیاچوو.

لەهاوینی ١٩١٤ بزاڤی سۆسیالیستی گەورەترین شكستی مێژوویی خۆی تۆماركرد. لەوكاتەدا و لەئەنجامی سیاسەتی ناسیونالیستیو نیشتمان پەرستی ڕابەرانی سۆسیالسیتی بۆ هەمووان رۆشن بوو كە هاوپەیمانی جیهانی پرۆلیتاریا كە كۆڵەكەی بوونی سۆسیال دیموكراسیو ئەنترناسیۆنال بوو- چەمكێكی بێ هێزەو نەیتوانی لەبۆتەی ئەزموونی جەنگدا سەر بەرزبكاتەوە. لەبەرەی وڵاتانی هاوپەیمان (بەریتانیا، فەرەنسا، روسیا)و لەریزی وڵاتانی میحوەری ناوەندی (ئاڵمانو لایەنگرانی) هەوڵەكان بەرەو ئەوە دەچوون تا ئاڕاستەی ماركسیستی بەرەو ئەندێشەی نیشتمان پەرستی بسەلمێنن. بەڵام ماركس زۆرجار ڕوسیاو نەمساو ئاڵمانی بە قەڵای دواكەوتنو كۆنەپەرستی باسكردبوو، لەم ڕووەوە زۆرێك لەسۆسیالیستەكان جەنگی ئەوروپایان لەدژی ڕوسیا بە داكۆكی لەدیموكراسی بەرامبەر دیكتاتۆری دەناساند. هەر لەسەردەمی ماركسو دواتریش سیاسەتی سەربازی پروسیاو پاشماوەكانی دەرەبەگایەتی لەئاڵمان لەلایەن سیاسەتو هەڵوێستی سۆسیالیستی یەوە مەحكوم دەكراو هەر بۆیەش هەوڵی فەرەنسا لەدژی ئاڵمان بەخەباتی كۆماری خوازی لەدژی كۆنەپەرستی شاهانە لەقەڵەم دەدرا.

لینینو باڵی چەپ لەكۆنگرەی زیمرفالد شكستی نێونەتەوەییان دەگەڕانەوە بۆ خیانەتو هەلپەرستی رابەرانی سۆسیال دیموكرات. بەڵام هیچكام لەماركسیستو سۆسیالسیتەكان لەو پرسیارەیان نەكۆڵیەوە كە ئایا شكستی بزوتنەوەی سۆسیالسیتی لەبەرامبەر جیاوازیو نەیاری نەتەوەییو نیشتمانیدا بۆ خودی تیۆری ماركسیزم گرنگی هەیە یان نا؟

لەهاوینی ساڵی ١٩١٤ پرسێكی گرنگ بۆ بزاڤی سۆسیالیستی دەستی پێكردو كاریگەریشی تائێستا بەردەوامەو ئامانجی كۆتاییش هێشتا پێشبینی نەكراوە. دوو بۆچوون یان گێڕانەوەی جیاواز لەسۆسیالیزم كە چەند ساڵ پێشترو لەزەمنیەی هەموو





پرسەكاندا ڕوویاندا، كە ئەوسەردەمە (واتە سەردەمی جەنگی جیهانی یەكەم) بەو گوڕو تینەوە پێكەوە بوونە زەمینەی نابوودی ئەنترناسیونالی دووەم. لەوكاتەدا ماركسیستو سۆسیالیستەكان ئەم پرسەیان گرنگی پێنەداو وەڵامیان نەبوو، كە ئایا سۆسیالیزم بەردەوامی مێژووە یان نا؟ ئەگەر وابێ ئەم بەردەوامییە بە چ مانایەك دێت؟ و بە چ مانایەك نیشاندەری دابڕانە لەگەڵ رابردوودا؟ یان بەواتایەكی دیكە، پرۆلیتاریا تا چ ئەندازەیەكو بە چ مانایەك بەشێكە لەكۆمەڵگای بۆرژوایی. لەگفتوگۆ فەلسەفییەكانی ناو بزاڤی سۆسیالیستی، وەڵامی جیاواز بۆ ئەم پرسیارانە نادیار بوون و تەنانەت لەبیروڕاكانی ماركسیشدا نارۆشن بوون. هەندێك لەشۆڕشگێرانی توندڕەو بڕوایان وا بوو كەدەبێت بەتەواوی دەست لەكۆمەڵگای سەرمایەداری بەردرێتو هەر كارێك بۆ ریفۆرم بێهودەیە، ئەوان لەچاوەڕانی ئاڵوگۆڕی مەزنی مێژوویی دا بوون كە ستەمو چەوسانەوەو بێدادی بەتەواوی نەهێڵیو لەسەر وێرانەكانی سەرمایەداری، جیهانێكی نوێ دامەزرێنن. بەڵام لەلایەكی دیكەوە، هەرگیز ماركس سۆسیالیزمی بەو شتە دانەناوە كە لەبۆشاییدا دروست دەبێتو ئەو بڕوای بە بەردەوام بوونی شارستانی هەبوو هەم لەمەیدانی ئابووریو تەكنیكیو هەم لەزەمینەی فەرهەنگی دا. بەم شێوەیە لەتیۆری سۆسیالیستیو ماركسیستی دا هەردوو بیروباوەڕەكە هەبوونو كەسانو بزوتنەوەی وا هەبوون كە دەیانویست سەرماریەداری لەناوببەنو باڵەكەی دیكە بڕوایان بەبوونو پەرەسەندنی شێنەیی عەدالەت، یەكسانی، ئازادیو خاوەنداریێتی تایبەتی هەبوو لەناو خودی سیستەمی سەرمایەدارییدا. بزوتنەوەی كرێكاری كە لەناو پارتە سۆسیالیستەكاندا كەمو زۆر لایەنگرییان لەئایدیولوژی ماركسی دەكرد، سەركەوتنی گرنگیان لەزەمنیەی یاساكانی كارو مافو ئازادییدا بەدەست هێنابوو. ئەوان لەم واقعیەتەوە ئەوەیان بەدەست هێنابوو كە دەكرێت لەكۆمەڵگای خۆیاندا، بە جیا لەوەی كە تیۆری چی دەڵێت، ریفۆرمو چاكسازی بەدەست بهێننو بۆیە سەرئەنجام بڕوایان بەوە هێنا كەچیدی بەرنامەكانی شۆڕشو ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە گرنگیان نەماوە.[10]

[10] - حسین بشیریە، اندیشەهای ماركسیستی در قرن بیستم، نشرنی، چاپ ششم، ١٣٨٤، ل ٥٠.

# سۆسیال
# دیموکراسی هاوچەرخ





هاوكات لەگەڵ نزيك بوونەوەی كۆتايی جەنگی جيهانی يەكەم دەسەڵاتو هەژموونی سۆسيال ديموكراسی لەناو بزوتنەوەی كرێكاری‌و سۆسياليستی بەرەو نەمان دەچوو. كاركردو بەرنامەی حيزبەكانی سۆسيال ديموكراسی لەكاتی جەنگدا بەهيچ شێوەيەك لەگەڵ راديكال بوونەوەی بزووتنەوەی كرێكاری ئەوروپا نەدەگونجا. ڕوودانی شۆڕشی ئۆكتۆبەرو دامەزراندنی كۆمێنترنی كۆمۆنيستی يەكێكی ديكە لەو هۆكارانە بوو كە هەم دەوری هەبوو لەراديكال بوونەوەی بزوتنەوەی كرێكاری‌و سۆسياليستی‌و هەم نەخشی كاريگەری هەبوو لەدابەش بوونی هەژموون‌و دەسەڵاتی سۆسيال ديموكراسی. سەرئەنجام تەواوی بزاڤی كرێكاری‌و سۆسياليستی‌و لەهەموو وڵاتاندا دابەش بوونی بەسەر باڵی كۆمۆنيست‌و سۆسيال ديموكراسيدا. لەپارتی سۆسيال ديموكراتی ئاڵمان، باڵی دژی جەنگ لەساڵی ١٩١٦ ريزی خۆی لەو حيزبە جياكردەوەو يەك ساڵ دواتر پارتی سەربەخۆی سۆسيال ديموكراتی ئاڵمانيان دامەزراند. ئەم پارتە تازەيە بەرهەمی رێكەوتنی هەردوو باڵی چەپ‌و ناوەندی سۆسيال ديموكراتی ئاڵمان بوو، لەدژی باڵی راست‌و لايەنگری حكومەتی ئاڵمان لەشەڕی يەكەمدا. راديكال بوونەوەی بزوتنەوەی كرێكاری ئاڵمان‌و لاوازبوونی هەژموونی سۆسيال ديموكراسی لەساڵانی دوای جەنگ بووە هۆی دروست بوونی پارتی كۆمۆنيستی ئاڵمان لەساڵی ١٩١٨ و ئەم لاوازييەش بەهەڵوەشانەوەی هاوكاری حيزبی سەربەخۆی سۆسيال ديموكرات‌و بڕياری حيزبی سەربەخۆ بۆ پەيوەست بوون بەئەنترناسيۆنالی كۆمۆنيستی لەساڵی ١٩١٩ هەتا دەهات زياتر دەبوو.[١]

لەئيتاليا، حيزبی سۆسياليست هەر لەسەرەتای بەرپابوونی جەنگی جيهانی هەڵوێستی سەرسەختی لەدژی جەنگ هەبوو، و حيزبی سۆسياليست يەكێك بوو لەو حيزبە جەماوەرييانەی كە پێشوازی‌و پشتيوانی كرد لەشۆڕشی ئۆكتۆبەری روسياو لەساڵی ١٩١٩ پەيوەست بوو بەكۆمێنترن. لەفەرەنسا حيزبی سۆسياليست يەكسەر

---

[١] ـ كارل كائوتسكی، عليه لينينسم، ترجمەی منوچهر صالحی، نشر اختران، چاپ اول ١٣٨٣، ل ٢٣٢.

نەبووە ئەندامی کۆمێنترن، بەڵام ساڵی دواتر، واتە ساڵی ١٩٢٠ بووە ئەندامو ناوی خۆشی گۆڕی بۆ حیزبی کۆمۆنیست. لەبەریتانیا، حیزبی کرێکاران هەرچەندە لەگەڵ حیزبە سۆسیالیستەکانی ئەوروپا جیاواز بوو، و تەنانەت خۆیشی بەسۆسیالیست نەدەزانی، بەڵام لەساڵی ١٩١٩ بەپەسەند کردنی بەرنامەیەکی تازە، لایەنگری لەریفۆرمە سەرەکیەکانی ناو کۆمەڵگا کردو سۆسیالیزمی ڕاگەیاند. سۆسیال دیموکراسی ئەوروپا لەنێوان ساڵانی ١٩١٧ تا ١٩٢١ گۆڕانکاری لەم جۆرەی لەوڵاتانی دیکەش بەخۆوە بینی.

لەگەڵ سەرهەڵدانی سەردەمێك یان دەورانێکی جێگیر لەهەلومەرجی ئابووریدا سەرمایەداری ڕۆژئاوا لەساڵی ١٩٢٣ هەلێکی تازەی بۆ سۆسیال دیموکراسی ڕەخساند. ئەو سەردەمە مەترسی شۆڕش‌و ڕاپەڕین لەئەوروپا لاواز بوو بوو، سەرکوتی ڕاپەڕین‌و شۆڕشەکانی کرێکاری لەساڵانی ١٩٢١و ١٩٢٣ی ئاڵمان، شکستی بزوتنەوەی کۆمیتەکانی کارگەکان لەئیتالیا لەئەنجامی هاتنە سەرکاری حکومەتی فاشیستی مۆسۆلینی لەساڵی ١٩٢١ و شکستی سەربازی حکومەتەکانی شووڕایی فنلانداو مەجارستان‌و سەرئەنجام هاوسەنگی هێز بەزیانی رادیکاڵیزمی کرێکاری ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات. ئەم هەلومەرجە بێگومان لەخۆسازدانەوەی بۆرژوازی ئەوروپا کاریگەر دەبێت. جگە لەهەندێ حاڵەتی کەم نەبێت لەهەموو وڵاتان چینی بۆرژواو حکومەتەکانی لەگەڵ کۆتایی جەنگدا دەستیان کرد بەپێدانی بەهرەو ئیمتیازات بۆ بزوتنەوەی کرێکاری بەتایبەتی لەزەمینەی مافە کۆمەڵایەتی‌و فەردییەکاندا. ئەم ریفۆرم‌و بەهرەمەندییە دیسان‌و جارێکی دیکە دەستی سۆسیال دیموکراسی بەهێز کردو سیاسەتی خۆسازدان‌و ریفۆرمیستی ڕابردوویان دەست پێکردەوەو کردیانە ڕێبازی ڕەسمی‌و ڕاگەیاندراویان. هەر بەو شێوەیەش جێگیربوونی ئابووری سەرمایەداری ڕۆژئاوا لەساڵی ١٩٢٣ بەدواوە زەمینەی ساز کردبوو بۆ یەك ڕیز لەریفۆرمی ریفاهی‌و پێدانی بیمە کۆمەڵایەتییەکان‌و کە لەباری ڕێکخراوەیی‌و حیزبیدا جارێکی دیکە لەساڵی ١٩٢٣ ئەنترناسیۆنالی دووەم یەکێتی جیهانی ئەم ڕێبازەی ڕاگەیاندەوە. هەموو ئەمانە وایکرد کە دەنگەکانی سۆسیال دیموکراسی





جارێکی دیکە لەهەڵبژاردنەکانی پارلەماندا بەرەو سەر بچێت‌و پانتایی هەژموون‌و دەسەڵاتی کرێکاری‌و جەماوەرییان زیاتر بکات. لەتەواوی دەیەی ١٩٢٠ ئەم حیزبانە یان بەتەنها لەدەسەڵاتدابوون، یان لەگەڵ هاوپەیمانەکانیدا حکومەتیان هەبوو، ئەگەر واش نەبوونایە بەهێزترین ئۆپۆزسیۆن‌و سەنگی گرنگیان هەبوو لەسیاسەتی ناوخۆی وڵاتەکانیان.[2]

سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری جیهانی سەرمایەداری لەساڵی ١٩٢٩ و دەرکەوتنی فاشیزم وەکو هێزێکی ئەوروپی، هەلومەرجی نایابی سۆسیال دیموکراسی خستە مەترسییەوە. سۆسیال دیموکراسی لەبەرامبەر ئەم هەلومەرجە تازەیەدا هیچ سیاسەتێکی کارایی نەبوو. حکومەتەکانی سۆسیال دیموکراتی ئاڵمان‌و بەریتانیا کە لەو ساڵانەدا لەسەر کار بوون، نەیانتوانی بەرگەی ئەم هەلومەرجە بگرن‌و هەرەسیان هێنا. لەفەرەنساش حکومەتی هاوکاری سۆسیالیستەکان لەماوەی نێوان ١٩٣٦ و ١٩٣٨ هەمان هەلومەرجی ئاڵمان‌و بەریتانیایان بەنسیب بوو. تەنها حیزبی سۆسیال دیموکراتی سوید بەگرتنەبەری بەرنامەی ئابووری کە تیایدا دەوڵەت لەئابووری‌و گەشەی کەرتی دەوڵەتیدا نەخشی سەرەکی هەبوو. ئەم حیزبە توانیان لەماوەی ساڵانی ١٩٣٣ تا ١٩٣٨ وەڵامی کێشەی بێکاری‌و قەیرانی ئابووری وڵاتەکەیان بدەنەوە. بەرەنگاری سۆسیال دیموکراسی لەبەرامبەر فاشیزمدا لەبەرنامەی ئابووری‌و جەماوەرییان خراپتر بوو. جگە لەحیزبی سۆسیال دیموکراتی نەمسا کە لەساڵی ١٩٣٤ لەبەرامبەر فاشیزم ڕاپەرینیان کرد، هیچکام لەحیزبەکانی سۆسیال دیموکراتی ئەوروپا وازیان لەهەڵوێستی لاوازو پەنابردنە بەر یاسا نەهێناو لەبەرامبەریشدا فاشیزم تادەهات لەهێرش‌و پەلاماردا بوو. لەساڵی ١٩٢٦ کارو چالاکی ڕەسمی‌و یاسایی حیزبی سۆسیالیستی ئیتالیا لەلایەن حکومەتی مۆسۆلینی راگیرا، و لەماوەی دەیەی ١٩٣٠ ژیانی ڕێکخراوەیی‌و ڕەسمی حیزبە گرنگەکانی سۆسیال دیموکراسی لەتەواوی وڵاتانی ئەوروپا کۆتایی هات.

[2] ـ جوزف شومپیتر، (کاپیتالیسم، سوسیالیم، دموکراسی)، ترجمەی حسن منصور، نشر مرکز، چاپ دوم، ١٣٧٥، ل ٤٤٠.

سۆسیال دیموکراسی تاکۆتایی جەنگی جیهانی دووەم لەمەیدانی سیاسەتی ئەوروپادا نەمانو بەڵام لەدوای زیاتر لەیەك دەیە سیاسەتی گەڕانەوەی خۆیان بەخێرایی بەدەست هێنایەوەو پەسەند کردنی هەلومەرجو ئەرکی تازەیان گرتە ئەستۆو سەرلەنوێ لەدوای جەنگ هاتنەوە مەیدانی کارو کاریگەری.

ئەزموونی جەنگی جیهانی یەکەمو دووەم، هەروەها کاریگەری قەیرانە ئابوورییەکانو سەرهەڵدانی شۆڕشو راپەرینی جەماوەریو کرێکاری لەلایەكو سیاسەتو ڕەوشی سۆسیال دیموکراسی لەلایەکی دیکەوە ئەوەمان بۆ ئاشکرا ئەکات، کە ئەم ڕەوتە لەبزوتنەوەی کرێکاریو سۆسیالیستی ڕەوتێکی ئاشتیخوازو سەلامەتو نەرمو نیانەو مێژووی زیاتر لەسەد ساڵی ئەوەمان بۆ ڕۆشن دەکاتەوە کە سیاسەتو ڕەوشی گشتی سۆسیال دیموکراسی بەرگەی جەنگو قەیرانو شۆڕشو ڕاپەڕین ناگرێتو بەردەوام ئەوان لایەنی ڕیفۆرمیستیو سەلامەتی کۆمەڵایەتی وایان لێدەکات کە لەسەردەمی ئاستەنگەکاندا نەمێننو لەسەردەمی ئاشتیو ئارامیو پێشکەوتنی ئابووریو شارستانیدا بەهێزو کاریگەر بن. مەبەست لەم قسانە ئەوەیە کە ڕیفۆرمیزمی سۆسیال دیموکراسی هەر بەشێك نییە لەسیاسەتو بڕوای ئابووریو ڕیفۆمی کۆمەڵایەتی، بەڵکو لەبەرامبەر هەموو هەلومەرجەکاندا تەنها ڕیفۆرم دروشمو سیاسەتی ئەوانەو تەنانەت لەبەرامبەر جەنگو توندوتیژیو قەیرانە سەختەکانیشدا هەر ڕیفۆرمیستو سەلامەت پارێزن.

## نەخشی مێژوویی سۆسیال دیموکراسی لەدوای جەنگی جیهانی دووەم

سۆسیال دیموکراسی پایەگای گشتی سۆسیالیزم بوو لەوڵاتانی سەرمایەداری ڕۆژئاوا لەدوای جەنگی جیهانی دووەم. پارتەکانی سۆسیال دیموکرات هەر لەگەڵ تەواو بوونی جەنگدا زۆر بەخێرایی خۆیان سازدایەوەو شایستەیی جارانیان بەدەست هێنایەوە. بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبیرنەچێت کە لەهەموو وڵاتەکاندا ڕکابەرێکی کۆمۆنیستیان بۆ پەیدابوو لەمونافەسەی ناو بزوتنەوەی کرێکاریو سۆسیالیستی. سۆسیال دیموکراتەکان جارێکی دیکە لەپارلەمانەکانو کابینە حکومەتییەکاندا سەریان دەرهێناو بوونەوە





هێزی ڕیفۆرمو گەشەی ئابووریو ئەو ڕێگا چارە ریفاهیانەی کە چاکسازی بەرچاوی لەژیانی کرێکارانو هەژاراندا دەهێنایەدی. لەدوای ساڵانی جەنگی دووەم هێزو کاریگەری سۆسیال دیموکراسی، بەتایبەتی لەمەیدانی ڕیفۆرمو خەباتی یاساییو پارلەمانیدا، بەڕادەیەك بەهێزو باڵادەست بوون کە تەنانەت پارتو بزوتنەوەکانی کۆمۆنیزمو چەپی نوێشیان خستبووە ژێر هەژموونی خۆیان. سەرئەنجام سۆسیال دیموکراسی بۆ ماوەی سێ دەیەی دواتر توانای ئەوەی بەدەست هێنا کە ڕەوتەکانی دیکەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی (کۆمۆنیزمو چەپی نوێ) لەخۆیدا هەزم بکاتو جیاوازی ئەوان لەگەڵ خۆیدا نەهێڵێ.

بێگومان ئەمەش بەمانای نەبینینو نەزانینی هەژموون، هێزی ڕێکخراوەییو هەژموونی مەینەوی پارتە کۆمۆنیستەکانی سەر بەسۆڤیەت نەبوو. مێژوو ئەوەی سەلماندووە کە هێزو هەژموونی پارتی کۆمۆنیستی ئیتالیاو فەرەنساو لەهەندێك سەردەمدا هێزو توانای پارتەکانی کۆمۆنیستی یۆنان، ئیسپانیاو پورتوگال دەبێت باس بکرێت. تەنانەت لەساڵانی یەکەمی دوای جەنگ هەژموونیو هێزی حیزبە کۆمۆنیستەکان زۆر لەسۆسیال دیموکراتەکان زیاتر بوو، چونکە ئەو حیزبانە لەساڵانی جەنگی دووەمدا ڕێکخراوەکانی خۆیان پاراستبوو، و هەروەها توانیان بەشایستەییو فیداکاری ئەندامو کادرەکانیان لەدژی فاشیزم حیزبەکانیان لەمەترسی جەنگو فاشیزم بپارێزن. تەنانەت هەندێك لەلێکۆڵیارانو مێژوونووسان دەڵێن کە پارتەکانی سۆسیال دیموکراسی بەیارمەتیو هاوکاری حیزبە کۆمۆنیستەکان دووبارە خۆیان ڕێکخستەوەو لەسەر پێی خۆیان وەستان. ئەحزابی سۆسیال دیموکرات لەبەرئەوەی کە تەنها خەریکی خەباتی پارلەمانیو یاسایی بوونو شارەزا نەبوون لەکاری نهێنیو توندوتیژیدا، بۆیە لەگەڵ دەسەڵاتو هێرشی فاشیزمدا بەخێرایی لەناودەچوونو هەڵدەوەشانەوە. بەڵام کۆمۆنیستەکان دروست پێچەوانەی ئەوان بوونو سەلماندیان کە تێکۆشەرو خەباتکاری ڕۆژانی سەختو پڕ کێشە بوون. سەرباری هەموو ئەمانەش بەڵام ساڵانی دوای کۆتایی

جەنگی دووەم، سۆسیال دیموکراتەکان زۆر زوو هێزو شایستەیی خۆیان بەدەست هێنایەوەو چوونەوە ڕیزی پێشەوەی پارتو هێزە دەسەڵاتدارەکانی ئەورووپای رۆژئاوا.[3]

ئەو هۆکارانە چین کە دیسان سۆسیال دیموکراسی بەهێز کردەوە، چۆن هێزەکانی سۆسیال دیموکراسی کە لەساڵانی جەنگدا بێ هێزو هەڵوەشاوە بوونو هیچ نەخشو کاریگەرییان لەدژی فاشیزم نەبوو، بەڵام لەدوای جەنگ بوونەوە بەهێزترین ڕەوتی ناو بزوتنەوەی سۆسیالیستی؟ بۆچی پارتە کۆمۆنیستەکان وەکو سۆسیال دیموکراتەکان بەهێز نەبوون؟ خۆ پارتە کۆمۆنیستەکان خوازیاری ریفۆرمی رادیکاڵترو فراوانتر بوون، ئەی بۆچی لەجیاتی ئەوان سۆسیال دیموکراتەکان بوونەوە بەهێزی کاریگەرو ئەوان نەبوون؟

**یەکەمین** وەڵام ئەوەیە کە بێهێزی ڕێکخراو بوون هێماو بەڵگە نییە بۆ بێهێزی مەیلو هێزی کۆمەڵایەتی، و بەتایبەتی ئەگەر بێهێزبوونی ڕێکخراوەیی لەهۆکارەکانی دەرەوەی ئەو بزاڤە بێت نموونەی جەنگ، داگیرکردنی سەربازیو سەرکوتی پۆلیسی. لەکۆمەڵگاکانی ئەورووپادا زەمینەی ئابووریو سیاسیو فەرهەنگیو کۆمەڵایەتی بۆ سەرهەڵدانەوەی ریفۆرمیزمو ناسیۆنالیزمو کاری یاسایی دیموکراتیك هەتا دەهات بەهێزتر دەبوو، لەناو بزوتنەوەی کرێکاریو سۆسیالیستیشدا سەردەمێکی زۆر وەکو نەریتێك بەهێزو جێکەوتوو بوو. بۆرژوازیش لەدوای جەنگ لەهەوڵو تێکۆشاندا بوو، کە گونجاوترین شێوەی بەشداری لەسیاسەتدا بۆ حیزبە کرێکاریەکان بڕەخسێنێو بەمجۆرە بتوانێ سەردەمی قەیرانو کێشەی خۆی تێپەڕێنێ. سۆسیال دیموکراسی لەخاڵی یەکانگیری ریفۆرمیزم، ناسیۆنالیزمو دیموکراسی خوازیو یاساگەراییەو لەبزوتنەوەی کرێکاریو سۆسیالیستی جیهانیدا. هەردوو جەنگی جیهانی یەکەمو دووەم هەلومەرجێکیان هێنایەدی کە ئەم سێ مەیلو بڕوایە لەلای کرێکاران

[3] - جعفر رسا، آرمانها وتوهمات (بررسی مختصر تاریخ سوسیالیسم) انتشارات پویا، چاپ دوم، ۱۳۷۰، ل ۲۲۱.





بێ هێزو ناشایستە بێت. ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدان (لەکاتی جەنگی یەکەم)و بەهێزبوونی پارتە کۆمۆنیستەکان (لەجەنگی دووەمدا).

*دووەم*، بەڵام ڕەوتی گۆڕانکاری کۆمۆنیزمی ڕوسیو سیاسەتی رەسمی کۆمێنترنو ئەحزابی کۆمۆنیستی سەر بەسۆڤیەت بەو شێوەیە نەبوو کە ببێتە ئەڵتەرناتیڤی سۆسیال دیموکراسی. گەورەترین لاوازی کۆمۆنیزمی روسی ئەوەبوو کە هیچ کات نەیتوانی رەخنەی پەیگیر لەناسیۆنالیزمو ریفۆرمیزمی سۆسیال دیموکراسی بگرێتو هەروەها خودی کۆمۆنیزمی روسیش کەوتە داوی ناسیۆنالیزمو سیاسەتی پابەندبوونی پارتە کۆمۆنیستەکان وەکو پاشکۆی بەرژەوەندی سۆڤیەتیو هەژموونی دیکتاتۆری بۆلشەویکەکان. ئەمەش بۆ حیزبە کۆمۆنیستەکانی ئەورووپا بەبەهای گرانو خراپ تەواو بوو، چونکە پابەندی ئەم حیزبانە بەئۆردوگای سۆڤیەتی کە دەبێت لەمەودوا پاشکۆو پارێزەری بەرژەوەندییەکانی ئەو ناسیۆنالیزمە روسییە بنو سەربەخۆیی خۆیان لەدەست بدەن. ئەم سیاسەتە وایکرد کە هەتا بێت کۆمۆنیزمی ئەورووپای ڕۆژئاوا بێهێز بێتو کاتێك کە بەرژەوەندی وڵاتەکانی ئەم حیزبانە لەگەڵ بەرژەوەندی جیهانی سۆڤیەت ناکۆك دەبوو، ئەم حیزبانە نەیاندەتوانی رۆشنو پەیگیر لایەنگری لەبەرژەوەندی وڵاتی خۆیان بکەن.[4] بەڵام سۆسیال دیموکراسی لەم زەمینەدا هیچ کێشەیەکی نەبووو ئەوان هەر لەسەرەتای جەنگی دووەمەوە سەلماندیانو پابەندبوون بەبەرژەوەندی وڵاتەکانی خۆیانو پشتیان کردە هەر بەرژەوەندیو پابەندییەکی جیهانی. سەربەخۆیی پارتەکانی سۆسیال دیموکراسی، ئەم بزوتنەوەیەی جارێکی دیکەو بەئاسانی کردە ڕەوتێکی پەسەندو شیاوی ناسیۆنال ریفۆرمیزمو دیموکراتی خوازی ئەورووپایی لەدوای جەنگ. ئەمەش یەکێکی دیکەیە لەهۆکارەکانی لەسەر پێ وەستانو بەهێزبوونەوەی سۆسیال دیموکراسی لەسەردەمێکدا کە ناسیۆنالیزم بێدار دەبێتەوە.

[4] - حسین بشیریە، اندیشەهای مارکسیستی در قرن بیستم، نشرنی، چاپ ششم ۱۳۸٤، ل ۱۰۲.

*سێیەم*، بەرنامەو کارکردی کۆمۆنیزمی روسیو کۆمێنترنی کۆمۆنیستی کە سۆڤیەتو ولاتانی پەیڕەوی سۆڤیەتیو لەلای حیزبە کۆمۆنیستەکانیش، بەرنامەو سیاسەتی چاکسازیو ریفاهی ئابووری نەبوو. ئەگەر باسی ئەمەشیان بکردایە، وەکو بەشێك لەدەسەلاتو هێزی دەولەتان چاویان لێدەکرد، واتە دیسان ناسیۆنالیستانە سەیری مەسەلەی مافو ئازادیو ریفاهی کۆمەلایەتیان دەکرد، نەك دیدگایەکی مرۆڤ پەروەریو کۆمەلایەتی. سۆسیال دیموکراتەکانیش هەمان دیدگای ناسیۆنال ریفۆرمیستیان هەبوو، بەلام جیاوازی سەرەکی لەوەدابوو کە لەو ولاتانەی کە سۆسیال دیموکراتەکان تیا هێزی حکومەتی یان هێزی کاریگەر بوون چەندین ریفۆرمو چاکسازی لەژیانی کرێکارانو هەژاراندا بەدی هات، بەلام لەولاتانی پەیڕەوی سۆڤیەتو لەخودی سۆڤیەتیشدا ئاستی نزمی خەلك بووە ژیانی گشتیو ئەمەش هاوسەنگی هێزی لەقازانجی سۆسیال دیموکراسی لەبزوتنەوەی کرێکاریو سۆسیالیستی ڕۆژئاوادا یەکلا کردەوە.

*چوارەم*، ژیانی ئازادیو مافە سیاسیو مەدەنییەکان لەسۆڤیەتو ئۆردوگای سەر بەو ولاتە ژیانێکی پۆلیسیو دیکتاتۆریو دەسەلاتی سەرکوتو نەبوونی مافو ئازادییەکان بوو. بەلام لەولاتانی ڕۆژئاوا پرسەکانی ئازادیو مافو ریفاهە کۆمەلایەتیو ئابوورییەکان بۆ هەمووان دابین کرابوو. ئەم هەلومەرجە لەلایەك سۆسیال دیموکراسی بەهێزو شایستە دەکردو لەلایەکی کە ئۆردوگای بەناو سۆسیالیستیو حیزبە کۆمۆنیستەکانی سەر بەو ئۆردوگایە لاواز دەکرد. ئازادیو مافو ریفاهی کۆمەلایەتی لەکۆمەلگاکانی دوای جەنگ وەکو دەستکەوتێکی گرنگو کاریگەری مرۆڤایەتی سەیر دەکراو بەتایبەتی بۆ ئەو هێزانەی کە تیا کاریگەر بوون، کە سۆسیال دیموکراسی لەپێش هەموانەوە بوون.[٥]

لەسەرەتای سالانی ١٩٥٠ بەدواوە جیهانی دوو جەمسەری کە هەر یەکێك لەجەمسەرەکان بالادەستی سۆڤیەتو ئەمریکای بەرقەرار کردو سۆڤیەتو ئۆردوگا

[٥] ـ آدام شاف، چشم انداز سوسیالیسم مدرن، ترجمەی فریدون نوائی، نشر آگه، چاپ اول ، ١٣٧٦، ل ٥١.





بەناو سۆسیالیستییەکەی لەلایەكو سەرمایەداری رۆژئاوا بەسەرکردایەتی ئەمریکا دەسەلاتیان بەسەر تەواوی جیهاندا پاوان کرد. لەم سالانەدا پارتە سۆسیال دیموکراتەکان یەك لەدوای یەك پابەندی رووکەشی خۆیان بەمارکسیزم وەلاناو بەڕەسمی وازیان لەتیۆرو ئامۆژگارییەکانی مارکس هێنا. ئەوان بەگەلێك بەهانەوە نکۆلیان لەخەباتی چینایەتی کردو هەتا دەهات وازیان لەباسەکانی ناکۆکییەکانی ناو سەرمایەداریو ناکۆکی نێوان کرێکارو سەرمایەدار هێنا. سەرئەنجام تەواوی حیزبەکانی سۆسیال دیموکراتی خۆیان رزگار کرد لەهەر پابەندییەکی ئایدۆلۆژیو چینایەتیو بەتەواوی وازیان لەئامانجی سۆسیالیستی هێناو بەتەواوی بوونە حیزبی یاساییو بەشداربوو لەپلاتفۆرمی هەلبژاردنو گرتنەبەری رەسمیو راگەیاندراوی ریفۆرمیزم. هەرچەندە هێشتا لەم حیزبانەدا کەسانو کۆمەلانێك هەبوون کە بڕوایان بەئامانجی گۆڕانو شۆڕشی سۆسیالیستی هەبوو، بەلام هەلومەرجی راستەقینەی ئەو حیزبانە سەردەمێك بوو پشت بەستوبوو بەسیاسەتی هەلبژاردنو پارلەمانەکان.

یەکەمینو گرنگترین حیزبی سۆسیال دیموکراتی کە بەڕەسمی ئەم گۆڕانەی لەخۆیداکرد، پارتی سۆسیال دیموکراتی ئالمان بوو کە لەکۆنگرەی سالی ١٩٥٩ بەئاشکرا رایگەیاند کە پابەند نییە بەمارکسیزمەوەو وتیان کە خەباتو ناکۆکی چینایەتی رەوشو کارێکی رابردووەو دەستیان کرد بەڕاگەیاندنی دژی کۆمۆنیستەکانو بەڕەسمیش داکۆکیان لەخاوەنداریێتی تایبەتی کرد. هەمان وەرچەرخان لەپارتی کرێکارانی بەریتانیاشدا ڕوویداو لەکۆنگرەی سالی ١٩٥٩ بالی ڕاستی حیزب داوایان کرد کە بەڕەسمی واز لەسۆسیالیزم بهێنن، بەلام هێشتا ئەو کارەیان بۆ نەچووە سەرو زۆرایەتی کۆنگرە هێشتا بڕوایان بەسۆسیالیزم هەبوو. سیاسەتی رەسمیو جیهانی لەمەیدانی دیپلۆماسیدا پشتیوانی پارتی کرێکاران بوو لەسیاسەتەکانی ئەمریکاو پروپاگەندەی دژی سۆسیالیزمو خەباتی چینایەتی. بەهەمان شێوە ئەحزابی سۆسیال دیموکراتی نەمسا، هۆلاند، سویدو سویسرا لەماوەی ١٩٥٨ تا ١٩٦٠ هەمان سیاسەتو ڕەوشیان گرتەبەر. هەرچەندە لەلای هەندێك لەحیزبەکان ئەم ماوەیە درێژەی کێشا تا بەرەو ڕاست ساغ ببنەوە، بەلام سەرەتای دەیەی ١٩٧٠ هیچ کام لەو

حزبانە نەمایەوە، کە بەو شێوەیە بەرنامەو سیاسەتی خۆی ئاشکرا نەکات. سەرئەنجام تەواوی پارتە سۆسیالیستەکان پابەندیو بڕوایان بەسۆسیالیزمو گۆڕانی سۆسیالیستی نەماو بەڕەسمی بوونە بەشێك لەحکومەتو دەسەڵاتەکانی وڵاتی خۆیان.

## دەوڵەتی رەفای سۆسیال دیموکراسی

گەورەترین مایەی سەرکەوتنو شایستەیی سۆسیال دیموکراتی لەزۆربەی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوادا لەدوای جەنگی دووەم لەدوو خاڵی زۆر گرنگدا دەردەکەوێت. لەلایەك، توانیان بەباشترین شێوە پابەند بن بەریفۆرمیزمو خەباتی پارلەمانیو یاساییو لەهەمان کاتدا ڕەتکردنەوەی تەواوی بڕواو پابەندی خۆیان بەسۆسیالیزمو گۆڕانکاری سۆسیالیستیو لەلایەکی دیکەش توانیان لەماوەی سێ دەیەداو بەبەردەوامی ریفۆرمو رەفاهی کۆمەڵایەتی، خەڵکی ئەورووپا کە لەجەنگو ئاستەنگ بێزار بوون، بەو دەستکەوتانە ئاشنا بکەنو بیکەنە بەشێك لەژیانو فەرهەنگی گشتی. ئەم ریفۆرمانە لەمەیدانەکانی مافە سەرەتاییەکان، تەندروستی گشتی، پەروەردەو فێرکردن، هەلومەرجی یاسایی سەلامەتی کار، هەلی پشوودانو دابین کردنی لایەنی کەمی ژیان بۆ هەمووان لەڕێگای بیمە کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکاندا بوونو بەشی زۆری هەوڵدانەکانیش لەسیاسەتو ڕەوشی سۆسیال دیموکراتی پەیدا بوون. بوونی ئەم مافو ریفۆرمو خۆشگوزەرانییە هاوکات بوو لەگەڵ گەشەی ئابووری وڵاتانو بەرەوپێشچوونی سەرمایەداریو زیاتر بوونی دەوڵەمەندی، بوونە زەمینەو مەرجی مانەوەی سۆسیال دیموکراتی لەهێزی دەوڵەتەکانو لەناو خەڵکا.[٦]

[٦] - دایرة المعارف دموکراسی، زیر نظر: سیمور مارتین لیپست، کتابخانەی تخصصی وزارت امور خارجەی ایران، جلد دوم، ل ٦٧٦.





سۆسیال دیموکراتەکان ناونیشانی دەوڵەتی رەفایان بۆ ئەم هەلومەرجە تازە داناو لەمێژووشدا بەکارو کاریگەری ئەوان دەناسرێتەوە. سۆسیال دیموکراتەکان زەمینەی تیۆری ئابووری دەوڵەتی رەفایان لەدوو سەرچاوە وەرگرت، یەکەمیان تیۆرو بیرو باوەڕەکانی تیۆرمەندو ئابووریناسی ئینگلیزی (کینز)و دووەمیان، هەلومەرجی ئابووریو زەمینەی گەشەی ئابووری دوای جەنگ بوونە ئەلگۆیەکی سەرکەوتوو بۆ پاراستنی بەرژەوەندی عەمەلیو فکری بۆ سۆسیال دیموکراسی. لەم تیۆرەدا کینز دەوری دەوڵەتی لەئابووریو ئاڕاستەکردنی ئابووری بەهاوبەشی کەرتی تایبەتی بەڕێگایەکی گونجاو دەزانی، کە ئەمەش لەگەڵ بیرکردنەوەو ریفۆرمو خەباتی یاساییو پارلەمانی سۆسیال دیموکراتیدا بەتەواوی گونجاو بوو. نەخشی دەوڵەت هەروەکو چۆن ئیدارەدانی کۆمەڵگایە بەپێی بەرژەوەندی گشتیو نەتەوەییو هەر بەو پێیەش کینز ئەوەی نیشاندا کە چۆن دەوڵەت دەزگایەکی سەرو چینایەتیو پارێزەری بەرژەوەندی گشتیو چیتر دەوڵەت لەلای سۆسیال دیموکراسی ئامرازی دەسەڵاتی چینەکان نییەو ئەم دەزگایە بەپێی سۆسیال دیموکراسیو بیرو باوەڕەکانی کینز دەتوانێ کە کۆمەڵگا لەقەیرانە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتییەکان ڕزگار بکات.

دوو هۆکاری سەرەکی نەخشیان هەبوو لەزەمینە سازکردنو فەراهەمی گەشەو چاکسازی ئابووریو دەسەڵاتی دەوڵەتی رەفا. یەکەم کە لەهەمووشت گرنگتر بوو نزمی ئاستی بەهای هێزی کار بوو لەساڵانی پێشو دوای جەنگی دووەم. لەوڵاتانی وەکو ئاڵمانو ئیتالیاو ژاپۆن ئەم هاتنە خوارەوەیە بە لەسەدا شەستو حەفتا گەیشت. دووەم، ئەوەبوو کە پیشەسازی لەسەردەمی جەنگو بەهۆی نزمی نرخی هێزی کارەوە بەرەو پێشەوە دەچوو. لەماوەی ٢٥ ساڵ لەجەنگ بەدواوە پیشەسازی بەڕادەی سەد ساڵی پێشووتر بەرەو گەشە دەچوو. گەشەی ئابووریو بەرەو پێشەوەچوونی پیشەسازیو بازرگانی لەدوای جەنگی دووەمو سەردەمی جێگیریو ئاسایشی سیاسی لەمەودوا ڕێگر نەدەبوو لەوەی کە نرخی هێزی کارو مەعیشەتی کرێکارانیش بەرەو سەر بچێت. بەپێچەوانەوە رازی کردنی کرێکارو بەهێزکردنی متمانەی کرێکارانو کارمەندانو خەڵك بەحکومەتەکان یەکێك بوو لەبەرنامەی ناو دەستووری کاری

دەوڵەتەكانی ڕۆژئاوا. سۆسیال دیموكراتی بەپاراستنی پەیوەندی خۆی لەگەڵ سەندیكاو یەكێتییە كرێكارییەكان لەلایەكو بەخەباتی پارلەمانیو یاساییو ریفۆرمیستی هەلومەرجی نایابی بۆ خۆی ڕەخساندو خۆی كردە هێزی پاراستنی ئاشتیو ئارامی كۆمەڵایەتی لەسێ دەیەی دوای جەنگ. دەوڵەتی ڕەفا بەرهەمی ئەم ئاشتییە كۆمەڵایەتییە بوو، و بەرژەوەندی سەرمایەداری ڕۆژئاواش بێگومان نەتەنها لەگەڵ ئەم ڕەوشو ئەلگۆ ئابوورییە ناكۆكی نەبوو، بەڵكو بەتەواوی هاوڕاو هاو بەرژەوەند بوو لەگەڵ پاراستنیدا.

## لاوازیو لەرزۆكی دەوڵەتی ڕەفا

لاوازیو لەرزۆك بوونی دەوڵەتی ڕەفا كاتێك دەستی پێكرد كە هۆكارەكانی بوونو بەردەوام بوونی دەستیان بەگۆڕان كرد. نزمبوونەوەی نرخی سوود لەنیوەی دووەمی دەیەی ١٩٦٠ وایكرد كە سەرمایەداران لەهەوڵی كەمكردنەوەی كرێی سالانەی كرێكاران بوون. تەنانەت سەرمایەدارانو نوێنەرە سیاسییەكەیان دەیانویست كە ئەم كەمكردنەوە جێگیر بكەنو تەنها تایبەت نەبێت بەسەردەمی قەیرانی ئابووریو كەمبوونەوەی نرخی سوودەكانی سەرمایەداری. سۆسیال دیموكراسی هەموو تواناو هەژموونی خۆی بەكارهێنا كە كرێكاران بەم خواستەی سەرمایەداران رازی بكات. بەڵام هەلومەرجەكە بەنیازی سۆسیال دیموكراتەكان نەبوو.

كرێكاران كە گەشەو دەوڵەمەندبوونی سەرمایەدارییان بەبەرهەمی كاری خۆیان دەزانیو لەساڵانی رابردوودا ئاستی ژیانیان بەرەو سەر دەچوو، رازی نەبوون بەژیانو كرێی ساڵانەی كەمتر. لەساڵانی كۆتایی دەیەی ١٩٦٠ و نیوەی یەكەمی دەیەی ١٩٧٠ سەرانسەری ئەوروپا پڕ بوو لەشەپۆلی ناڕەزاییو مانگرتنی كرێكاران. مانگرتنە فراوانەكانی ئەڵمان، ئیتالیا، بەلژیكو سوید تا گەورەترین مانگرتنی گشتی مێژوو لەفەرەنسا كە تیایدا دە ملیۆن كرێكار دەستیان لەكار هەڵگرت، ودەوڵەتی موحافەزەكارانی بەریتانیا لەژێر مانگرتنی فراوانی كرێكارانی مەعدەنو تەواوی





كرێكارانی دیكە ڕووخاو تا كار گەیشتە شۆڕشی ١٩٧٤ پورتوگالو لەهەموو وڵاتانی ئەوروپا سەردەمی جێگیریو ئارامی ئابووری بەسەرچوو.

ئاوابوونی سەردەمی گەشەو ڕەونەقی سەرمایەداری بەمانای كەمبوونەوەی ئاستی ژیانو دەرامەتی خەڵكو كەمبوونەوەی دەرامەتی دەوڵەت كە لەڕێگای باجەكانەوە پەیدا دەبوو. ئەمانەش سەرەڕای بێكاریو داخستنی بەشێكی زۆری كارگەو كارخانەكان، و لەلایەكی دیكەشەوە كەمكردنەوەی سۆسیالو بیمەی بێكاریو تەواوی بیمە كۆمەڵایەتییەكان. دەوڵەتەكانیش ئەگەرچی دەرامەتیان كەمتر دەبوو، بەڵام ئامادەنەبوون كە بودجەكانیان كەم بكەنەوە. لەگەڵ بێكاریو كەمبوونەوەی بیمەی بێكاریو بیمەكانی كۆمەڵایەتیو ئابووری، هەڵاوسانی ئابووریو بڵاوبوونەوەی پارەی بێ پشتیوانە بوونە هۆكاری گرانیو بەتایبەتی گرانبوونی كاڵا سەرەكییەكان. ئەم هەلومەرجانە لەگەڵ بودجەو مەسرەفەكانی دەوڵەتی ڕەفادا نەدەگونجاو، وردە وردە دەوڵەتی ڕەفا بنكەو بارگەی خۆی پێچایەوەو سۆسیال دیموكراسیش دەوری نایابو شایستەی لەم زەمینەیەدا لەدەست چوو. لەم سەردەمەدا، كە سەردەمی قەیرانو گرانی هەڵاوسانی ئابوورییە بێگومان سەرمایەداریش پێویستی بەهێزێكی وەهایە كە ئەم هەلومەرجە بێ بەهرەو بێ مافییە بپارێزێو لێرەوە نەخشی پارتە ڕاستڕەوو موحافەزەكارەكان زیاتر دەبێت كە ڕاستەوخۆ لەدژی ژیانو گوزەرانی خەڵك كار دەكەن. هەلومەرجی ساڵانی ١٩٧٠و ١٩٨٠ و كەمبوونەوەی هێزو شایستەیی سۆسیال دیموكراسی ڕێگای خۆشكرد بۆ بەهێزبوونی دوو هێز لەچەپو ڕاستەوە. لەبەرەی چەپەوە ڕێبازی سۆسیالیستی دیموكراتی یان چەپی نوێ بەرەو بەهێز بوون دەچوو، لەبەرەی ڕاستیشەوە لیبرالیزمی نوێ سەری هەڵداو بەهێز بوو كە بەرنامەكەی لەبێ دەخالەتی دەوڵەت لەپرۆسەی بەرهەم هێنانو ئاڵوگۆڕی سەرمایەداریو پەیوەندی نێوان كرێكارانو خاوەن كاردا كورت دەكرێتەوە.[7]

سەرئەنجام نیوەی دووەمی دەیەی ١٩٧٠ دەبێتە سەرەتای ئاوابوونی سۆسیال دیموكراسیو ئەلگۆو مۆدیلی ئابووری دەوڵەتی ڕەفاش لەزۆر لایەنەوە كەوتە بەر

[7] ـ دایرة المعارف دموكراسی، جلد دوم، ل ٦٧٩.

ڕەخنە. دەوترێ کە هەڵاوسان‌و گرانی تەنها بەکەمکردنەوەی مەسرەفەکانی حکومەت، کەمکردنەوەی کرێ‌و هێنانە خوارەوەی توانای کڕینی خەڵکەوە چارەسەر دەکرێت. سیاسەتی ئابووری (مانوتوریستی) لەناوەندە باڵادەستەکانی بۆرژوازی دەستی پێکرد. مانۆتۆریزم سیاسەتێکی ئابوورییە کە دەیەوێت نەخش‌و کاریگەری دەوڵەت لەئابووریدا کەمبکاتەوە یان نەیهێڵێ، و بەشی تایبەتی ئابووری‌و توندبوونەوەی موونافەسەی ئازادو چارەسەری قەیرانی ئابووری بەبەهای بێکار کردنی خەڵك، هەڵاوسان‌و گرانی‌و نەهێشتنی بیمەکانی کۆمەڵایەتی چارەسەر بکات. زیادبوونی نرخی نەوت لەساڵی ١٩٧٤ و قەیرانی ساڵانی ١٩٧٥ و ١٩٧٩ کاریگەری‌و متمانەی سۆسیال دیموکراسی کەمکردەوەو حکومەتەکانی سۆسیال دیموکراتی کە ماوەی زۆر لەسەرکار بوون یەك لەدوای یەك نەدەمان‌و لەجێگای ئەوان‌و لەهەموو وڵاتان باڵی ڕاست دەچوونە سەر کار. لەم سەردەمەدا تاچەریزم‌و ریگانیزم بەپێشڕەوی هێرشی بۆرژوازی لەدژی کرێکاران‌و دەوڵەتی رەفاو سۆسیال دیموکراسی لەمەیداندا بەهێز دەبوون.

لەماوەی ساڵانی دەیەی ١٩٨٠ ، شکستی مۆدیلی ئابووری سۆسیال دیموکراسی، لەدەست چوونی حکومەت‌و کابینەکانی حکومەت‌و بوونیان بەپارتەکانی ئۆپۆزسیۆن کە یەك لەدوای یەك لەحکومەتدا نەمان‌و لەهەڵبژاردنەکاندا دۆڕاندیان. ئەم سەردەمە پێویستی بەوەبوو کە سۆسیال دیموکراسی بەخۆیدا بچێتەوەو بەچاوی سەرنج‌و ڕەخنەوە باسی دەیەی رابردووی خۆی بکات. یەکێك لەپرسەکانی سۆسیال دیموکراسی ئەوەبوو کە پەیوەندی ئەوان بەبزاڤی کرێکاران‌و سەندیکاو یەکێتییەکانەوە ئەوەبوو کە سۆسیال دیموکراتەکان تەنها بەچاوی دەنگدەرەوە تەماشای کرێکارانیان دەکردو سەردەمی دەوڵەتی رەفاش ئەوانی بێخەم کردبوو کە کرێکاران بەدڵنیاییەوە لەڕیزو پشتیوانی ئەوان دەبن. بەڵام سەردەمی قەیران‌و کەمبوونەوەی کرێ‌و نزمبونەوەی ئاستی ژیان‌و بیمە کۆمەڵایەتیەکانیان، بووە سەردەمێك کە پەیوەندی ئەوان بەبزاڤی کرێکاران لاوازو لەرزۆك دەبوو. یەکەمین ئەرك‌و کاری سۆسیال دیموکراسی ئەوەبوو کە تیۆرو بیروباوەڕی نەبوون‌و نەمانی خەبات‌و ناکۆکی چینایەتی بەدرۆ بخرێتەوەو دیسان دەست بکەنەوە بەخەباتی کرێکاری‌و جەماوەری بۆ بەدەست هێنانەوەی ماف‌و





دەستکەوتەکانی کرێکاران‌و لێرەوە سۆسیال دیموکراسیش هاتەوە مەیدانی رادیکالیزمی کرێکاری‌و داکۆکی کردن لەژیان‌و مافی ئەوان. ئەم خەبات‌و بۆچوونە لەگەڵ رای گشتی بۆرژوازی‌و چینەکانی ناوەند سازگار نەبوو، ئەمەش وایکردو هەتائێستاش هەروایە کە ئاستی دەنگدەرانی سۆسیالیستەکان بەرەو کەمبوونەوە بچێت. لەم سەردەمەدا سۆسیال دیموکراسی لەگەڵ کومونیستەکان‌و چەپی نوێ‌و بزوتنەوەی کرێکاریدا چوونە هاوپەیمانی‌و هاوکاری چینایەتی‌و رادیکالیزمەوە. ئێستا سۆسیال دیموکراسی لەهەوڵی ئەوەدایە کە لەنێو چینەکانی ناوەڕاستا نەخشی‌و کاریگەری جاران بەدەست بێنێتەوە. ساڵانی هەشتا بەساڵانی لاوازی‌و سەر لێشێواوی سۆسیال دیموکراسی ئەژماردەکرێت کە لەلایەك دەیویست پێگەی خۆی لەنێو کرێکاراندا بپارێزێ یان کە لەدەستی چووە بەدەستی بێنێتەوە، و لەلایەکی دیکەوە دەیویست بۆرژوازی‌و چینەکانی ناوەڕاست ئاشت بکاتەوە. بەڵام لەهەردوو بەرەکەوە شەریکی بۆپەیدا بوو کەئەو جەماوەرەی لەگەڵدا بەش بکات‌و چیدیکە ئەحزابی پلەیەك‌و بێ رکابەر نەماون.

بەم شێوەیە سۆسیال دیموکراسی وەکو رەوتێکی خاوەن بەرنامەو ئەلگۆی ئابووری تایبەتی‌و ناسراوی خۆی، بەهۆی کارو شایستەیی ریفۆرمیستی توانی جارێکی دیکە لەناو کرێکاراندا هێزو شایستەیی پەیدابکاتەوە. هەرچەندە سۆسیال دیموکراسی هەتادێت جیاوازی خۆی لەگەڵ ئەحزابی بۆرژوازییدا کاڵ دەکاتەوەو تەنها لەسەردەمی هەڵبژاردنەکاندا بەهۆی داواکاری‌و پرۆپاگەندەی هەڵبژاردنەوە خۆیان دەناسێنن، بەڵام هێشتا ئەمە بەومانایە نییە کە هەڵوەشانەوەی تەواوی سۆسیال دیموکراسی دەبینن. سەرئەنجام سۆسیال دیموکراسی ئەم دەورەیە سۆسیال دیموکراسیەکی لاوازترە لەسەردەمی ساڵانی دوای جەنگی دووەم هەتا نیوەی دووەمی دەیەی ١٩٧٠.

شکستی کومونیزمی روسی‌و هەڵوەشانەوەی بلۆکی بەناو سۆسیالیستی لەساڵانی ١٩٨٩ ـ ١٩٩١، سۆسیال دیموکراسی دەخاتە هەلومەرجێکی تازەوە. لەلایەك پێگەو هێزو توانای جەماوەری بەرەو لاوازی دەچێت‌و لەلایەکی دیکە دوو هاوپەیمانی تازەی بۆپەیدا دەبێت لەناو بزوتنەوەی سۆسیالیستی‌و کرێکاریدا کە یەکێکیان کومونیستەکانی سەربە ئوردوگای سۆڤیەتیەو لەلایەکی دیکە چەپی نوێیە.

بەڵام تائێستا ئەم سێ باڵە لەتەواوی جیهاندا نەیانتوانیوە کە هاوپەیمانیو پلورالیزمێکی سیاسیو چینایەتیو سۆسیالیستی بەدەست بهێنن. هێرشی لیبرالیزمی نوێ بەرامبەر بە سۆسیال دیموکراتیو دەوڵەتی رەفاو تەواوی بیروباوەڕی سۆسیالیستی یەکێکی دیکەیە لەوکێشانەی کە ڕووبەڕووی مرۆڤایەتی پێشکەوتوو خواز دەبێتو سەردەمی ئێستا واتە لەدوای شکستی سۆڤیەتو ئۆردوگاکەی، کارو خەباتی یەکەمی بزاڤی سۆسیالیستیو کرێکاری دەبێتە هاوپەیمانی جیهانی لەبەرامبەر لیبرالیزمی نوێو هێرشی باڵی ڕاست. 

## بەشی دووەم

# تیۆری

* ئیدوارد برنشتاین و ڕەوتی پێداچوونەوەی سۆسیال دیموکراسی

* کارل کاوتسکی و مارکسیزمی ئەرسەدۆکس

* ڕۆزا لۆکسمبۆرگ و چەپی شۆڕشگێڕ

* سۆسیالیزمی نەمسایی یا مەکتەبی ڤیەننا، سۆسیالیزمی ئەخلاقی، پەیڕەوانی کانت لەناو مارکسیزم

* جان جۆریس، سۆسیالیزمی ئازادیخوازو ئاشتی خواز

# ئیدوارد برنشتاینو رەوتی پێداچونەوەی سۆسیال دیموکراسی





برنشتاین تیۆرمەندو یەکێك لە رابەرە ناسراوەکانی سۆسیال دیموکراسی ئاڵمانو جیهان. لەساڵی ١٨٥٠ لە بەرلین لەدایك بووەو لەساڵی ١٩٣٢ مردووە. لەسیو سێ ساڵیدا بەرەو لەندەن دەچێت. سەرەتا یەکێك بووە لەتیۆرمەندانی مارکسیزمی ئەرسەدۆکسو لەساڵی ١٨٧٠ هاوڕێ لەگەڵ کارل کاوتسکی ناسراوترین رابەری سیاسیو فکری حیزبی سۆسیال دیموکراتی ئاڵمان بوون. لەبەر توانایيو زیرەکی تیۆریو فکری کراوە بەسەر نووسەری ئۆرگانی ناوەندی سۆسیال دیموکراتی ئاڵمان کە بەناوی (سۆسیال دیموکرات) دەرئەچوو. لەسالأنی کۆتایی ژیانی فریدریك ئەنگلز، یەکێك بووە لەهاوڕێو دۆستە نزیکەکانیو لەبەر بڕواو متمانەی ئەنگلز بەبرنشتاینو کاوتسکی تەواوی ئەرشیفی خۆیو مارکس دەدات بەوان. لەساڵی ١٨٩٩ بەدواوە بڕوای برنشتاین لەمارکسیزمی نەریتییەوە دەگۆڕێ بەرەو پیاچوونەوەو تازەکردنەوەی مارکسیزم. هەر لەوساڵەدا یەکەمین کتێبی خۆی دەربارەی پێداچوونەوەی مارکسیزم بەناوی (پرسەکانی سۆسیال دیموکراسی) یان (سۆسیالیزمی تیۆریو سۆسیالیزمی کرداری) دەنووسێت. لەم کتێبەدا برنشتاین هەرەسی سروشتیو حەتمی سەرمایەداریو کۆبوونەوەو تەمەرکوزی سەرمایە رەتدەکاتەوەو گۆڕانی شێنەیيو وردەی سەرمایەداری بێ توندوتیژی بۆ هێنانەدی کۆمەڵگای سۆسیالیستی پەسەند دەکات. لەساڵی ١٩٠١ دا کتێبە هەرە ناودارو کاریگەرەکەی بەناوی (سۆسیالیزمی تەکامولی یان شێنەیی) دەنووسێتو ئەم کتێبە دەبێتە مانیفێستی ئایندەی رێبازی تازەگەری یان سۆسیال دیموکراسی لەسەدەی بیستەمدا. لەساڵی ١٩١٥ برینشتاین بەتەواوی تیۆری (دیکتاتۆری پرۆلیتاریا) وەلادەنێو بەئاشکراو پەیگیری داکۆکی لەرێبازی ریفۆرمیستی دەکات لەبزوتنەوەی کرێکاریو سۆسیالیستی دا [١] ( )

---

(١) دایرة المعارف دموکراسی، جلد اول ، ل ٣٩٦.

گفتوگۆو لێکۆڵینەوە دەربارەی بیرو باوەڕەکانی برنشتاینو ئاڵوگۆڕی فکری ئەو لەسێ بەشدا باسدەکەین، یەکەم سەرمایەداریو سۆسیالیزم، دووەم، دەوڵەتو کۆمەڵگای بۆرژواییو سێیەم، برنشتاینو زەمینەی سۆسیالیزم.

## یەکەم:

## سەرمایەداریو سۆسیالیزم لەتیۆری برنشتاین[٢]

ئەم لێکۆڵینەوەیە سێ ئامانج دەگرێتە خۆ: یەکەم، بەیانکردنی ئەندێشە سەرەکیەکانی ئیدوارد برنشتاینە دەربارەی سەرمایەداری، سۆسیالیزمو شۆڕش، و پاشان نیشاندانی ئەوەی چۆنو بۆچی برنشتاین بەو تیۆرانە گەیشت.

## برنشتاینی مارکسیست

برنشتاین وەکو زۆرێك لە سۆسیال دیموکراتەکانی دیکەی ئاڵمان هەر لەزستانی ساڵی ١٨٧٨ ـ ١٨٧٩ بوو بەمارکسیست. هۆکاری سەرەکی ئەم پەیوەست بوونە خوێندنەوەو بڕوای ئەو بوو بەکتێبی (ئانتی دورینگ) ی ئەنگلس. پێش ئەو مێژووە، برنشتاین وتارێکی لەدژی مارکسو ئەنگلس نووسیبوو کەلەوێدا بڕواو مەیلی ئاشکرای بەرەو پێداچوونەوەو لیبرالیزم نیشان دابوو. وتارەکە بەکاردانەوەی سەختی مارکسو ئەنگلس ڕووبەڕوو بوو بەنامەو بڕیارنامەی حیزبو مارکسو ئەنگلس وەڵامی درایەوە.

برنشتاین لەساڵی ١٨٨١ بوو بەسەرنووسەری ڕۆژنامەی (سۆسیال دیموکرات) ی چاپی زوریخو حەوت ساڵ لەم کارەدا بەردەوام بوو، کە پاشان بووە کەسی شایستەو متمانە پێکراوی ئەنگلس. نووسینو وتارەکانی ئەم سەردەمەی هەموویان مارکسی بوونو لەگەڵ وتارەکانی ساڵانی دواتردا جیاوازی تەواوی هەبوو. لەم سەردەمەدا دوان لەنووسینەکانی هێندە گرنگ بوون کە لەکۆمەڵی بەرهەمی مارکسیستی دا پلەی باڵایان

[٢] ـ بۆگۆستافسۆن (BoGustafsson)، کتێبی مێژووی مارکسیزمی هاوچەرخ History of Contemporian Marxisme، ل ل ٢٨٣ـ ٣٠٠





هەبوو. مێژووی ئەو دوو وتارە هەردوکیان لەساڵی ١٨٨٥ دا بوون. برنشتاین لەم دوو وتارەدا پشتیوانی لەوەکرد کە تاکە ڕێگای گەیشتن بەسۆسیالیزم لەناوبردنی خاوەنداریێتی تایبەتیەو نەیار بوو لەگەڵ بڕوای (فردیناند لاسال) کە دەیگوت خاوەنداریێتی گشتی لەوانەیە بتوانێ لەگەڵ خاوەنداریێتی سەرمایەدارییدا بەکردەوە هەبێ... بەبڕوای برنشتاینی مارکسیست بۆ هێنانەدی خاوەنداریێتی گشتی، چینی کرێکار دەبێ بەدەسەڵات بگاتو، ئەمەش جگە لە (شێوازی شۆڕشگێڕانە) بەهیچی تر مەیسەر نابێت.

لەم قۆناغەدا برنشتاین وابیری دەکردەوە کە هەلومەرجی ڕاستینەی گەیشتن بە سۆسیالیزم لەڕێگای هەڵبژاردنو دروستکردنی پارلەمانەکانەوە، جگە لە فریو زیاتر شتێکی دیکە نییە. هەربۆیە نابێت چاوەڕوانی ئەوە بکرێت کە چینە دەسەڵاتدارەکان بەبێ توندوتیژی واز لەدەسەڵاتو ئیمتیازی خۆیان بهێنن. ئەگەر سۆسیال دیموکراتەکانیش لە هەڵبژاردنو پارلەمانەکاندا بەشداری بکەن، تەنها لەبەرئەوەیە کە پیادەکردنی هەندێك لەریفۆرمو چاکسازییەکان خێراتر بکەن، و دەربارەی نوێنەرانی چینە دەسەڵاتدارەکان ڕەخنەو هێرشی پارلەمانی بکەن. سۆسیالیستەکان دەبێت پارلەمان بەتایبەتی بۆ ڕاگەیاندنو هاندانی ڕەسمی بەکاربهێنن بەقازانجی خواستەکانی کرێکاران.

برنشتاین لەئەنجامی ئەو بیرو ئەنجامانەدا بەتەواوی گەیشتە ئەو بڕوایەی کە سۆسیالیزم بەرهەمی ئیرادەیەکی ئەخلاقی نییە، بەڵکو ئەنجامی حەتمی یاساکانی گەشەی کۆمەڵگای سەرمایەدارییە، واتە دژی ئەوە بوو کە پاشان خۆی بەتەواوی بڕوای پێ هێناو بووە تیۆرمەندو ڕابەری ئەو دیدگایە لەئەنتر ناسیۆنالی دووەمو بزاڤی سۆسیال دیموکراسیدا. برنشتاین ئەوسا وابیری دەکردەوە کە (کۆمەڵایەتیکردن) یان سۆسیالیستی کردنی هۆکارەکانی بەرهەم هێنان لەدەروونی کۆمەڵی سەرمایەداریو گەیشتنی شێنەیی بە سۆسیالیزم، بەتەواوی هەڵەیە. بەپێچەوانەوە بڕوای وابوو کە ئەم هەلومەرجە ناکۆکی نێوان هێزەکانی بەرهەم هێنانو پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان سەخت تر دەکات. دامەزراندنی کارتێلەکانی سەرمایەداری لەپێناوی ئەوەدایە کە

رێگاكانی بن بەستی سەرمایەداری چارەبكەن. كاتێك كە دەوڵەت، بەڕێوەبردنی دامەزراوە كەم سوودو قازانجەكان دەگرێتە ئەستۆ، و كەرتی تایبەتی بەهێزترو دەوڵەمەندتر دەبێتو هەلومەرجی ژیانی كرێكارانیش بەدتر دەبێت. ئەمانەش سەرەڕای ئەوەی كە دەبێت كرێكاران لەڕێگای دانی باجەكانەوە باری بودجەو پرۆسەی (كۆمەڵایەتی كردن) ی دامەزراوە تایبەتەكان بخەنە سەرشانی خۆیان. بەڵام ئەوەی كە لەهەموو شت سەرنج راكێشتر بوو، ئەوەبوو كە برنشتاین لەم سەردەمەدا گرنگی بەوە نەداوە كە دەوڵەتی تازەی سۆسیالیستی لەكۆمەڵایەتیكردنی پرۆسەی بەرهەم هێنانو دامەزراوەكان چۆن بەوكارە هەڵدەستێ، بەڵكو تەنها ئەوەی دەگووت "بیرلەوە مەكەنەوە كە ئەم كارە خەیاڵی بێت!".

## برنشتاینو پێداچوونەوەی ماركسیزم

لەساڵی ١٨٨٠ تا كۆتایی ساڵی ١٨٩٠ ئاڵوگۆڕی تەواو لەبیری برنشتایندا ڕوویدا. وەرچەرخانی پەیگیر لەساڵی ١٨٩٥ یا ١٨٩٦ دا كاتێك ڕوویدا كە ئەو كتێبی (لویی ئەریتیە) ی دەربارەی شۆڕشی ١٨٤٨ ی فەرەنسا وەردەگێڕایە سەر زمانی ئەڵمانیو پەراوێزو لێكۆڵینەوەو دەرئەنجامی بۆ زیادكرد. لەم شیكردنەوەیەدا برنشتاین بەتوندی لەدژی شۆڕشگێڕانی ساڵی ١٨٤٨ رەخنەی گرتو لەسۆسیالیستە ریفۆرمیستو نوێنەرانی وردە بۆرژواو تەنانەت لەبەرەی دژی شۆڕشیش داكۆكی دەكرد. ئەم تیۆرەیەی برنشتاین ناكۆكو نەیار بوو لەگەڵ تیۆری ماركس لەكتێبی (خەباتی چینایەتی لەفەرەنسا لەساڵی ١٨٤٨ تا ١٨٥٠). برنشتاین نەیشاردەوە كە شیكردنەوەكانی لەگەڵ هەلومەرجی تازەشدا دەگونجێنێو بەبڕوای ئەو شۆڕشی ١٨٤٨ نموونەی شۆڕشە سیاسیەكانی ئایندەیە لەوڵاتانی پیشەسازی پێشكەوتوودا. برنشتاین لەساڵی ١٨٩٩ كتێبێكی نووسی بەناوی (پێش مەرجەكانی سۆسیالیزمو ئەركەكانی سۆسیال دیموكراسی) كە لەمێژوودا بە (پرسەكانی سۆسیال دیموكراسی) ناسراوە، كە بەگرنگترینو كاریگەرترین تیۆرو بیروڕای پێداچوونەوەی ماركسیزمو تازەگەری دادەنرێت. لەساڵی ١٩٢١ كتێبێكی دیكەی بڵاوكردەوە كە زۆر بەسەختی





لەدژی لینینو بۆلشەویكەكانو (هێرشی ئەوان لەهەموو وڵاتاندا) هەڵوێستی نواندو رایگەیاند كە بلانكیستەكانو بەلشەویكەكان نوێنەرانی یەك شتن. لێرە بەدواوە برنشتاین بوو بەلایەنی دژی ماركسیزمی شۆڕشگێڕو لەهەموو كاتو جێگایەك لەدژیان وەستایەوە.

برنشتاین لەهەموو پرسەكاندا دژی شێوەی ماركس بوو لەپێناسەی شۆڕشی ١٨٤٨. ماركس بیروڕای ریفۆرمیستی (لویی بلان) ی بەخەیاڵ دادەناو لەدژی دەوڵەتی فەرەنسا بوو. بەڵام برنشتاین پەنابردنی بۆ شۆڕشو توندوتیژی بەكاری سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەكان واتە لایەنگرانی بلانكیێ دادەنا. بلانكیستەكان لەدیدی ماركسدا وەكو پارتی شۆڕشگێڕان پێناسە كرابوون، بەڵام برنشتاین ئەوانی بە (خەڵكی نزمو تینووی تیرۆری شۆڕشگێڕانە) دادەنا. هەرلێرەوەش هەوڵی ئەم حیزبو كۆمەڵە شۆڕشگێڕەی بۆ هەڵوەشانەوەی پارلەمان بەكارێكی خراپ دەزانی. سەرئەنجام هەوڵی پارتی شۆڕشگێڕ شكستی خواردو بلانكیێو تەواوی رابەران دەستگیركران. پاشان حكومەت زانیو تێگەیشتو كرێكارانی مەجبور كرد كە كارگەو كارخانە حكومەتیەكان بەجێ بهێڵنو بیانكات بەسەرباز. وەڵامی كرێكاران راپەڕینی گشتی بوو لە ٢٢ ی ژویەنی ساڵی ١٨٤٨. شیكردنەوەی ئەم رووداوانە هەرچەند رۆشنتربێت جیاوازی دیدگاكانی ماركسو برنشتاین زیاتر نیشان دەدا. ماركس شۆڕشی فوریە (چوار مانگ پێش شۆڕشی ٢٢ی ژوئن) بە ( شۆڕشی جوان) ناودەبات، چونكە هێشتا راپەڕینی هەموو چینەكان بەرامبەر بەرژێمی سەڵتەنەت، سەرپۆشی دەدا بەسەر ناكۆكی نێوان چینەكاندا. بەڵام شۆڕشی ژوئن بە (شۆڕشی نەفرەتی) ناو دەبات، چونكە ناكۆكیو دژایەتی ناچاری نێوان بۆرژوازیو پرۆلیتاریا ئاشكرا دەكات. هەردوو وەسفەكەی ماركس بۆ ئەو دوو شۆڕشە بڕوای ماركسی نییە، بەڵكو شێوەیەكی رەخنەی تەنزی ماركسە لەشیكردنەوەی كەسانی دیكە. دروشمەكانی شۆڕشی دووەم، ئەمانە بوون: "بۆرژوازی سەرنگون دەكەین!"، (دیكتاتۆری پرۆلیتاریا!) بەرپادەكەین، بەبڕوای ماركس هەرچەند ئەم شۆڕشە مەحكومە بەشكست، بەڵام وەكو پرانسیپێكی خەباتی چینایەتی دەبێت پشتیوانی لێ بكەین. لەم شۆڕشەدا چینی كرێكار بەناونیشانی چینێكی سەربەخۆ سەری هەڵهێنا، كە

خاوەنی خواستی ئاشکراو ئامانجی تایبەتی خۆی بوو: کە دیکتاتۆری پرۆلیتاریا، مەرجی پێشەکیە بۆ هاتنەدی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی بێ چینەکان.

بەڵام لێکۆڵینەوەو ئەنجامگیری برنشتاین بەتەواوی جیاواز بوو. شۆڕشی ژوئن، نەشۆڕشی چینایەتی بوو، نەپێویستی دەکرد کە بەرپابێ. شێوەیەك بوو لەمامەڵەو ناکۆکی نێوان رابەرانی حیزبە نەیارەکان کە کرێکارانیان بەرەو سەنگەرەکانی شەقامەکان برد. بەبڕوای ئەو رابەرانی شۆڕشگێڕ (خەڵکیان فریو دەدا!). چاکتر وابوو کەکرێکاران گوێ لەپرۆدۆن بگرن‌و لەماڵ بمێننەوە. لەوکاتەدا تەنها ستراتیژی پەسەند ئەوە بوو کە کرێکاران "هەنگاو بەهەنگاو" خەبات بکەن‌و خۆپیشاندانی هێمنانە خاڵی لوتکەی خەباتی ئەوان بوایە. جێگای سەرسوڕمان نیە کە برنشتاین کومۆنی پاریسی ساڵی ١٨٧١ یش بەدیدی جیاواز لەگەڵ مارکس تەماشا دەکات. لە بڕوای مارکس‌و ئەنگلس کومۆنی پاریس (پێش هەرشتێك حکومەتی چینی کرێکارە، بەرهەمی خەباتی چینی بەرهەم هێنە لەدژی چینی خاوەندارو لەهەوڵی ئازادی ئابووری کرێکاراندا بوو). برنشتاین بەپێچەوانەوە بڕوای وابوو کەکۆمۆنی پاریس تەنها (ڕووداوێکی لاوەکی بوو لەمێژووی سەدەی نۆزدە) و هیچ شانسێکی نییە بۆ نوێ بوونەوە.

ئامانجی برنشتاین لەشۆڕشی ١٨٤٨ چی بوو؟ خودی خۆی وەڵام دەداتەوە: ڕێگا چارەی دڵخواز ئەوە بوو کە شۆڕشی ١٨٤٨ لەمانگی فوریەدا بوستێ. حکومەتی کاتی، گرنگترین دەسکەوت بوو بۆ کرێکاران. مارکس حکومەتی کاتی بە دانوستان‌و ئاشتی نەبووی نێوان چینەکان، کە زۆر ناخایەنێ، وەسف کرد. بەڵام برنشتاین بڕوای بەوە بوو کە حکومەتی هاوپەیمانی چینەکان لەجیاتی حکومەتی چینایەتی بەکاربهێنن‌و ئەمڕۆش ئەو هەڵەیە دووبارە نەکەینەوە. ئەو بەتەواوی نەیاری خۆی لەگەڵ شۆڕشی پرۆلیتاریا کە ئامانجی جێگیرکردنی دیکتاتۆری پرۆلیتاریایە، ڕاگەیاند. ڕەخنەی مارکس لەبلانکیستەکان ئەوە بوو، کە بەڕادەی پێویست شۆڕشگێڕ نەبوون، بەڵام برنشتاین سەرزەنشتی دەکردن چونکە زیاد لەپێویست شۆڕشگێڕ بوون. بەبڕوای ئەو نابێت خواستی سۆسیالیستەکان بگاتە ئەو جێگایەی کە لەگەڵ بۆرژوازی ئازادیخوازدا دەرگیربن، ئەگەر وابکەن کارەسات دەقەومێ. ئەگەر ئەو ئەزمون‌و پەندەی کە مارکس





لەشۆڕشە شکست خواردووەکان بەدەستی هێنابوو ئەمە بێ کە: (شۆڕش مرد، بژی شۆڕش!) واتە سەرلەنوێ دەست بەشۆڕش بکرێتەوە، ئەم شکستانە لەلای برنشتاین بەڵگەی لاوازی‌و پوچییە بۆ مەیل‌و ڕێبازی شۆڕشگێڕی.

جێگای خۆیەتی باسی ئەوەبکەین کە حیزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمان لەدوای کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم لەساڵی ١٩١٨ حکومەتێکی هاوپەیمانی چینایەتی‌و حیزبی دامەزراند. و دروست هەربەو شێوەیەی کە برنشتاین سەرکوتی توندی بلانکیستەکانی لەلایەن حکومەتی ئیئتلافی ساڵی ١٨٤٨ پشتیوانی کرد، بەهەمان بەڵگە سەرکوتی خوێناوی سپارتاکیستەکان ـ لایەنگرانی شۆڕشی روزا لوکزامبورگ ـ ی لەساڵی ١٩١٨ پشتیوانی کرد. مارکسیزمی رادیکاڵ‌و شۆڕشگێڕ لەبەرامبەر بیروڕای پێداچوونەوە، بڕوای وابوو کە ئەوان مارکسیزمی دژی شۆڕش بوون!

## تیۆری ئابووری تازەگەری برنشتاین

لەشۆڕشی ١٩١٨ ی ئاڵمان، فردریك هێبرت رابەری پارتی سۆسیال دیموکراتی ئاڵمان، چەپی شۆڕشگێڕی بەمجۆرە ئامۆژگاری کرد: "ئاڵوگۆڕی سیاسی نابێت دابینکردنی نان‌و ئاوی ڕۆژانەی خەڵك بخاتە مەترسیەوە".ئەم ئاگادارییە دەبێتە بناغەی فەلسەفەی ئابووری برنشتاین بۆ لێکۆڵینەوە لەشۆڕشی ١٨٤٨. لەکاتێکدا مارکس ئەوە نیشان دەدا کە "شۆڕشی راستەقینە" بەدوای شکستی ئابووری سەرمایەداری پەیدادەبێت. بەڵام برنشتاین بڕوای وابوو کە ئەو شکست‌و وێران بوونە جێگیربوون‌و مانەوەی سۆسیالیزم دەخاتە مەترسیەوە، یان هەر ناهێڵێ ببێ، و سەرئەنجام زەمینەی سەرهەڵدانی دژە شۆڕش دەڕەخسێنێ. بەبڕوای برنشتاین ئەم تێ بینی‌و سەرەنجانە تەنها دەربارەی شۆڕشی ١٨٤٨ راست نییە، بەڵکو لەکاتی ئێستاشدا هەر راستن. ([٣] )

---

[٣] مصطفى رحيمي، مارکس و سايەهايش، انتشارات هرمس، چاپ اول ١٣٨٣، ل ١٤٥.

سەرەنجام، و بەبڕوای برنشتاین، هەنگاونان بۆ سۆسیالیزم پێویستی بەکارکردنی بێ وەستانی ئابووری سەرمایەدارییە. کە بێگومان ئەم بڕوایە لەگەڵ پرانسیپی بونیادینی مارکسیزمدا ناسازگارە. هەرچەندە مارکس بڕوای بەوە بوو کە سۆسیالیزم دەبێت لەسەر بناغەی دەسکەوتەکانی گەشەی سەرمایەداری بینابکرێت، بەڵام ئەم خاڵە بەو مانایە نیە کە قۆناغی چوونە ناو سۆسیالیزم بەبێ پاشەکشەی ئابووری سەرمایەداری دەبێت. لەمانەش زیاتر، لەلای مارکسیزم، مەسەلەی شۆڕش و پێویست بوونی هەلومەرجی شۆڕشگێڕانەیە.

ئەم بەڵگانە وا لەبرنشتاین دەکات کە سەرەنجام دەبێت ئەوە بسەلمێنێ کە گەشەو بەرەوپێشەوە چوونی سەرمایەداری نابێتە هۆی هاتنەدی سۆسیالیزم. پێش ئەم بڕوایە دەیگوت چینی کرێکار نابێت شۆڕش بکات، چونکە ئەم کارە پێویستی بەبزوێنەرێکە بۆ پاشەکشەی سەرمایەداری. بەڵام ئێستا بەشێوەی دیکە بەڵگە دەهێنێتەوە بۆ نەکردنی شۆڕش: چینی کرێکار نابێت شۆڕش بکات، چونکە پاشەکشەی ئابووری سەرمایەداری هەرنابێت.

دیدگای ئابووری برنشتاین سەرەتا بەوجۆرە بوو، کە ئابووری مۆدێرن خاوەنی نەرمیو جووڵەی زۆرەو هۆکاری ئەمەش سێ شتە: سیستەمی شایستەیی (اعتبارات) مۆدێرن، گەشەی دامەزراوە مۆنۆپۆلەکان (کارتێلەکان) و فراوان بوونی هۆیەکانی پەیوەندی. ئەنگلزیش بڕوای بەبوونی ئەم سێ هۆکارە هەبوو، بەڵام دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە ئەوان هەڵگری (میکرۆبەکانی قەیرانی نزیكو هەرچی سەختترن). بەپێچەوانەوە، برنشتاین بڕوای وابوو کە سەرمایەداری مۆنۆپۆل هاوکاتە لەگەڵ مەزنترین هاوکاریو هاوئاهەنگیدا.

(بێگومان ئەم بۆچوونە راست نیەو هەڵەو خەتایە، سەرمایەداری تائێستاش نایەکسانیو ناهاوئاهەنگی بەرهەم دەهێنێ).

پاشان برنشتاین لەدوای ئاماری ١٨٩٥ بەوئەنجامە گەیشت کە کۆمەڵایەتیکردنی یان هاوئاهەنگ کردنی دامەزراوە ئابووریەکان روو نادات. لەراستیدا، ئەنجامەکانی ئامارگیری ١٨٩٥ نیشانیدا کە ناوەندێتیو کەڵەکە بوونی پیشەسازی لەپروس زیاتر





دەبێت. سەرەنجام بەو ئەنجامە گەیشت کە ئەگەر ئابوری سەرمایەداری هەڵوەشێتەوە، سۆسیال دیموکراسی ناتوانێت ژمارەیەکی زۆر لەو دامەزراوە ئابوورییانە کۆمەڵایەتی بکات. بەڵام لەبەرئەوەی رەوتی کۆبوونەوەی سەرمایە، بەوشێوەیەی کە برنشتاین تەفسیری دەکرد، بەو رادەیە سستو لاوازە، بێگومان کۆمەڵایەتیکردن هەرگیز روونادات.

برنشتاین لەکتێبی (پێشمەرجەکان..) لەم سەرنجانە فراوانتر دەڕواتو شیکردنەوەی تازە لەگەشەی کۆمپانیا پشکدارەکان (سهامی) بەدەست دەهێنێو بڕوابەوە دەهێنێ کە ئەم کارە بەمانای کۆبوونەوەو مۆنۆپۆل نەبوونی خاوەندارێتی تەواو دەبێ. رەخنە لەو بەوجۆرە دەبێ کە برنشتاین هیچکات پرسی کۆنترۆڵی پشکەکانی نەزانیو نەبینیووە کە پەراگەندەیی ئەو پشکانە (بەشانە) هۆکارێکە بۆ کۆبوونەوەی خاوەندارێتی لەدەستی خاوەن سەرمایەو پشکە سەرەکیەکان. برنشتاین پاشان دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە دابەشکردنی دەرامەتو خاوەندارێتی لەگەڵ یەکسانی زیاتردا بەرەوپێش دەچێت.

مەسەلەی گرنگ لەبیرواڕی ئەودا کە چیدی بڕوای بەشۆڕشگێڕ بوونی چینی کرێکار نامێنێو درێژخایەنی تەمەنی سەرمایەداری ئەو سەرسام دەکات. لەلای ئەو ئەگەر سۆسیالیزم رۆژێك بێتەدی، تەنها بەشێوەی هەنگاو بەهەنگاو لەلایەن رێکخراوە بەکاربەرەکان (مەسرەف کەر) و کارو بڕیارەکانی سەندیکاکانەوە دەبێت. سۆسیالیزم لەگەڵ پێوەری شارستانیو لەسایەی دیموکراسی پارلەمانیدا مەیسەر دەبێت. ئەوەی کەمایەی رەخنەو پێکەنینی مێژووە، ئەوەیە: ئەم تیۆرە ریفۆرمیستیە، کە لەسەر هاوئاهەنگیو ئاشتی دامەزراوە، لەئاستانەی سەردەمێکدا هاتەدی کە تایبەتمەندی سەرەکی ئەو قۆناغە جەنگو لافاوی شۆڕشگێڕانە بوو. بەڵام لەنێوان ئەم دووانە ـ ریفۆرمو جەنگ ـ هەروەکو لینین دەیگووت، پەیوەندی عیلەتو مەعلول چۆن دەبێ؟ بەهەرحاڵ ئەزموونو مێژوو ئەوەی سەلماندووە کە پێداچوونەوەو تازەکردنەوەی مارکسیزم، بناغەی بابەتی هەیەو ئەرکی سیاسی دیاریکراویشی لەئەستۆ بووە!

## برنشتاین چۆن بیروڕای گۆڕا؟

برنشتاین کە مارکسیستێکی پایەدار بوو، چۆن توانی ببێتە کەسێکی ناکۆك و نەیار بەمارکسیزم و دەست بکات بەپێداچوونەوەو تازەکردنەوەی بیروڕاکانی؟

وەڵامەکە دەبێت لەچەند ئاستی جیاوازدا بێت:

یەکەم، برنشتاین و سۆسیال دیموکراتەکانی دیکەی ئاڵمان، لەساڵی ١٨٩٤ رایگەیاند کە کەم و زۆر سۆسیالیستی تێکەڵاون، واتە ئەوان لەنێوان پەیڕەوە جیاوازەکاندا باشترین بیروباوەڕی لەیەك چوویان هەڵدەبژارد.برنشتاین پێش ئەوەی مارکسیست بێت، لەلایەن بیروباوەڕەکانی لاسال، لانگە، دوهرینگ و رێبازی لیبرال و ریفۆرمیست کاری تێکرا بوو. هەربۆیەش مەنتقی دێتە پێش چاو لەپێشەکی کتێبی (پێشمەرجەکانی سۆسیالیزم) دا دەڵێت: "لەڕاستیدا هیچ ئەندێشەیەکی لیبرالی نییە کە پەیوەندی بەبیروباوەڕی سۆسیالیستیەوە نەبێت" و لەڕاستیدا پێداچوونەوەی برنشتاین گەڕانەوە بوو بۆ لیبرالیزم لەناو سۆسیالیزمدا.

دووەم، لەساڵی ١٨٨٨ برنشتاین شاری پڕ ئاشووبی (زوریخ) ی بەجێ هێشت و بەرەو (لەندەن) ی ئارام و ئاسایش چوو، کە لەوێش گۆشەگیری هەڵبژارد، و ژیانی بەتەواوی گۆڕا. جگە لەپەیوەندی ئەو لەگەڵ ئەنگلز، تەنها لەساڵی ١٨٩٠ بەدواوە لەگەڵ بیرو باوەڕەکانی (کۆمەڵەی فابیان) دا ئاشنابوو، کەوتە ژێر کاریگەریی ئەوانەوە، و هەروەها نزیك لەبیروباوەڕی ئەوانیش لەلایەن ئەندێشەی (جورج سۆرێل) ی فەرەنسی و (بندتو کرۆچە) ی ئیتاڵی کاری تێکرا. لەگەڵ دامەزراندنی "نێونەتەوەیی دووەمی کرێکاران" مارکسیزم کە ببووە مۆدێلێك بۆ زۆربەی روناکبیرانی بۆرژوا. بەڵام مارکسیزمی برنشتاین ئارام و گونجاو بوو، کە توندو تیژی شۆڕشگێڕانەی پێوە دیار نەبوو.

سێیەم، قوتابخانەی پێداچوونەوەو تازەکردنەوەی بیروڕا وەکو مەیلێکی نوێ لەشێوەی کاری ئەنترناسیۆنالی دووەم و وڵاتی ئاڵمان سەری هەڵدا. هۆکارەکانی ئەم سەر هەڵدانەش هۆکاری تازە بوون: ١ـ مارکسیزم هیچکاتێك لەحیزبی سۆسیال دیموکراتی ئاڵماندا ریشەی بەهێزی نەبوو. تەنانەت بەرنامەی کۆنگرەی (ئێرفۆرت) یش بەتەواوی مارکسیستی نەبوو. ئەم بەرنامەیە بڕوای بەدامەزراندنی (کۆماری دیموکراتیك)





هەبوو، و لەگەڵ دەسەڵاتی دیکتاتۆری پرۆلیتاریاش نەیاربوو. لەوانەیە زیاتر لەسەدا دەی ئەو حیزبە لەگەڵ مارکسیزمدا ئاشنا نەبووبن. ٢ـ کاتێك کە حیزب لەدوای ساڵی ١٨٩٠ ئازادو یاسایی بوو، هەلومەرجی تازەی وەرگرت و بەشێنەیی و لەپارلەمان و سەندیکاو ئەنجومەنەکانی شارو دەسەڵاتدا رێگای پەیداکرد. حیزبێك کەخۆی بیرو باوەڕی شۆڕشگێڕانەی نەبێت و بکەوێتە هەلومەرجی یاسایی و پارلەمانەوە، بێگومان بەرەو ریفۆرمیزم دەڕوات. لەم سەردەمەدا ئەو روناکبیرانەی کە دەچوونە حیزبەوە زیاتر مەیلیان بەرەو ریفۆرم و ئاشتی و خەباتی یاسایی هەبوو، کە بێگومان ئەوانیش هەژموونی فیکرییان بەسەر کرێکارانەوە هەبوو. چونکە کرێکاران لەبارەی خوێندەواری و هۆشیارییەوە زۆر لەدوا بوون. فراوانبوونی حیزب و خەباتی یاسایی و پارلەمانی پێویستی بەوە دەکرد کە کارمەندانیش وەربگرن و ژمارەی کارمەندانی حیزب کە لە ١٩٠٠ تا ساڵی ١٩١٤ هاتنە حیزبەوە، سێ ئەوەندەی جارانی لێهات. بیرۆکراسی لەحیزبدا هەتا دەهات بەشێوەی رێکخراو زیاد دەبوو. لەکۆنگرەی ساڵی ١٩١١ تەنها لەسەدا دەی نوێنەران کرێکار بوون، و ئەوانی دیکە کارمەندان بوون، کە بەهیچ شێوەیەك خۆیان بەشۆڕشگێڕ نەدەزانی.

سەرئەنجام، مەیلی پێداچوونەوەو تازەکردنەوە لەساڵانی دەیەی ١٨٩٠ بەشێك بوو لەئەنجامی گەشەی تازەی ئابووری. بێکاری کەم بووەوە، کرێ و مووچەکان زیاتر بوون و هەلومەرجی تازە پێویستی بە بیروباوەڕی تازە هەبوو. دەربارەی دەیەی ١٨٨٠ کە ساڵانی بێکاری و دواکەوتوویی ئابووری بوو، برنشتاین دەنووسێت:

رەونەقی بازرگانی ساڵانی ١٨٩٠ کاریگەری زۆری لەسەر من هەبوو. ئەم پێشکەوتنە لەگەڵ تیۆری توندو سەختی هەمیشەیی قەیرانی ئابووری کەدەبێت بەپاشەکشەی تەواوی سەرمایەداری کۆتایی بێت، لەناکۆکییەکی ئاشکرادا بوو.

لەکۆتاییدا رێبازی پێداچوونەوەو تازەکردنەوە، بەرهەمی گەشەو پێشکەوتنی ئابووری بوو.

**دووەم،**

## دەوڵەت و کۆمەڵگای بۆرژوایی لەتیۆری برنشتاین[٤]

برنشتاین تاماوەیەك و لەناو بیری مارکسیزمدا دەربارەی دەوڵەت تیۆری تایبەتی نەبوو، تائەوکاتەی بەبڕیاری ئەنگلز، کرا بەسەرنووسەری رۆژنامەی (سۆسیال دیموکرات). پاش چەندان ساڵ بەزاراوەی نارۆشنی (دەوڵەتی ئازادی خەڵك) هاتە ناو ئەم پرسەو مارکس و ئەنگلزیش چەند جارێك رەخنەو مەحکومیان کرد، چونکە ئەوان لەم بۆچوونەدا ئەگەری پەیدابوونی دەوڵەتی بێلایەنیان لەنێوان چینەکاندا دەبینی و ئەمەش ناکۆك بوو لەگەڵ بیروباوەڕی ئەوان. بەڵام سەرەنجام حیزب، بۆچوونی برنشتاینی پەسەندکرد.

لەم سەردەمەدا برنشتاین لەژێر کاریگەریی فەیلەسوفی نابینای ئاڵمان (یوجین دورینگ) بوو کە دژی مارکسیستەکان بوو. دامەزرێنەرانی سۆسیالیزمی زانستی دارێژەری تیۆری دەوڵەتی چینایەتی بوون، بەڵام برنشتاین بەگاڵتە جاڕی ئەوشێوە دەوڵەتەی بە (دەوڵەتی پاسەوانی شەو) رەخنە دەگرت. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لەنێوان بڕوا بەدەوڵەتی هێزمەندو دەوڵەتێك کەنابێت لەزەمینەی ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی دا دەخالەت بکات، لە گوماندا بوو. لەم سەردەمەدا بسمارك راوێژکاری (ئاسنین) دیکتاتۆرانە بەسەر ئاڵماندا حوکمی دەکردو بێگومان حیزبی سۆسیال دیموکراتیش دژی ئەو بوون. زاراوەو ناونیشانی (کۆماری) وێردی سەرزمانی کەسانی خاوەن بیر بوو، مارکسیش وتبووی کە: "دەوڵەتی کۆماری گونجاوترین

[٤] ـ کورتەی نووسینی Pierre Angel لەکتێبی: مێژووی مارکسیزمی هاوچەرخ، بەشی یەکەم، ل ٢٧٩...





زەمینەیە بۆ خەباتی پرۆلیتاریا". بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەیدەشاردەوە کە :"ئەم رژێمە، واتە کۆماری، بەردەوام نابێت و لەڕاستیدا، بەشێوەی گشتی کۆماری شێوەی سیاسی خێرای کۆمەڵگای بۆرژوازییە، نەك شێوەی بەردەوام".

برنشتاین لەماوەی ساڵ و نیوێك لەژیانی لەندەن، بەو ئەنجامە گەیشت کەلەم وڵاتە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی جەماوەری خەڵك باشەو باشتریش دەبێ، و دەوڵەت لەلای ئەوان دامەزراوەیەکی دوژمن نیەو لەنێوان چینەکانیشدا بێلایەنە. ئەنگلز تانەی لێدەداو دەیگووت کە "چاویلکەی ئینگلیزی" کردۆتە چاو. برنشتاین لەوەڵامدا بەڵگەی ئەوە بوو کە دەوڵەتی ئاڵمانیش وەکو دەوڵەتی ئینگلیزە، بەڵام بەبوونی جیاوازییەك کە گۆڕانی ریفۆرمیستی لەئاڵمان هێواشتر و نابەردەوامە.

لەدوای ساڵی ١٨٩٥ برنشتاین لەوتارێکدا بەشکۆوە باسی فردیناندلاسال، بنیاتنەری بزوتنەوەی سۆسیالیستی ئاڵمانی، کرد. چەمکی دەوڵەتی بەهێز لەئەندێشەی ئەودا بەتەواوی نەمابوو دەیگوت: "ئەگەر دەوڵەت هەندێك جار لەکاروانی مرۆڤایەتیدا هۆکارێکی خێراکەر بووبێت، هەر خۆیشی چەندین جار رێگر بووە لەم کاروانە". لاسال لەژێر کاریگەری هیگڵ، دەوڵەتی بەتەحقیق بوونی بیرکردنەوەی ئەخلاقی دەزانی، بەڵام مارکس ئەم دامەزراوەی بەهەڵوێستی سیاسی بۆ هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابووری دەناساند. لاسال لەم بارەیەوە دەیگوت: ئامانجی دەوڵەت، دروست هەوڵدانە بۆ هێنانەدی یەکێتی لەنێوان تاکەکان، و گەیاندنی ئەوانە بەقۆناغێك کە بتوانن دەستیان بگاتە ئامانجەکانیان و بەئاستێك لەژیان شادیان بکات کە گەیشتن بەو قۆناغە لەخۆیدا بۆئەوان مەیسەر نابێت. دەوڵەت تاکەکان بەرادەیەك شایستە دەکات تا بگەنە ئاستێك لەفەرهەنگ و دەسەڵات و ئازادی کە بەدەستهێنانی بۆهەرکەسێك بەتەنها، لەتوانادا نابێت.[٥]

دەوڵەت لەدیدی یەکەمین سەرۆکی "ئەنجومەنی گشتی کرێکارانی ئاڵمان" کە لاسال بوو، وەکو یەکێتی زۆرایەتی مەزنی خەڵك باسی لێکراوە، نەك ئامرازی دەسەڵاتی

[٥] لشك کولاکوفسکی، جریان های اصلی در مارکسیزم، ترجمەی عباس میلانی، نشرآگاه، چاپ دوم ١٣٨٥، ل ١٢٤.

کەمایەتی خاون ئیمتیاز (بڕوای مارکس). لەم سەردەمەدا، واتە سەرەتای سالآنی دەیەی ١٨٩٠، برنشتاین تیۆرەکانی لاسالی پەسەند نەدەکردو بڕوای وابوو کەئەم دیدگایە پایەی ئاشتکردنەوەی رابەرانی سۆسیالیزمە لەگەڵ دەسەلآتی حاکمدا. و دەنووسێ: "لەتیۆری لاسال دا ئەندێشەی دەولەت وەکو پردێکە کەدەبێت لاسالی کۆماری خواز بەلایەنگرانی سەلتەنەتی رەها بگەیەنێ، و شۆڕشگێڕانیش بە سەرسەختڕین کۆنەپەرستان". برنشتاین داکۆکی لە هەلبژاردنی گشتیو راستەوخۆ دەکردو دەیگوت: هەلبژاردنی گشتیو راستەوخۆ نەتەنها بناغەی کاری ئێمەیە لەزەمینەی سیاسیدا، بەلکو پایەگای سەرەکیمانە لەکاروباری کۆمەلآیەتیشدا، هەر بەوشێوەیەی کەمەرجی کۆمەلآیەتی هەرجۆرێك هەنگاوو بڕیاری گشتی دەخوازێ. بەلآم ئەو لەهەمانکاتدا دەیزانی کەنابێت توندڕەوانەو کوێرانە داکۆکی لەم بۆچوونە بکرێت، چونکە ئەگەر خەلك بەئەندازەی پێویست هۆشیارنەبن، دەنگەکانیان لەبەرپێی ئەو سیاسەتمەدارانەدا دەرژن کەشایستەنین. ئەو دیکتاتۆرانەی کە بەدەنگی خەلك هاتوونەتە سەرکار، پشتیان بەو توێژە کۆمەلآیەتیانە بەستووە کە بەفریو هەلیان خەلەتاندون. لێرەوە پێداچوونەوەی برنشتاین ئەوەشی نیشانداوە کە گەیشتن بەسۆسیالیزم بەو ئاسانییە نیە کە لاسال بیری دەکردەوە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، سێ سالْ پێش مەرگی ئەنگلز، قوتابیەکەی سەبارەت بە (نەمانی دەولەت)، واتە تیۆری مارکسو ئەنگلز، ئاوا دەدوێ:

بەلآم لەجیهانی راستەقینەدا، کۆمەلگایەك کەدەیەوێت لەهەندێك لەنیازەکاندا بەشداربێتو کۆتایی بەخراپە بهێنێ، ناتوانێ چاوپۆشی بکات لە "ئۆرگانەکانی" دەستوور، لەهۆکاری مالیو لەوانەشە هەندێك جار لەهۆکاری ئیجبار. ئاشکرایە کە بۆ هەبوونی ئەم شتانە جگە لەکۆمەلگایەکی رازدارو ئەسیری، شتی دیکەشی پێویستە.

جگە لەمانەش، برنشتاین بەرلەمەش لەوتارێکی رۆژنامەی (سۆسیال دیموکرات) دا تیۆری هەلوەشانەوەی تەدریجی دەولەتی بەتوندڕەوانە لەقەلەم دا. و لەئەنجامدا ئەنگلز نامەی بۆدەنووسێ کە بەشێك لەو نامەیە بەم جۆرەیە.





دەبێت ئەوە نیشان بدرێت کە پرۆلیتاریای سەرکەوتوو سەرەتا دەبێت دەسەلآتی کۆنی دەولەتی بۆرۆکراتی، ئیداریو ناوەندی بگۆڕێو پاشان لەوڕێگایەوە بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی سوود وەربگرێ.

لەرۆژی ٢٨ ی ژانویەی ١٨٨٤ هاوکاری مارکس لەپێشەکی وەرگێڕانی ئالمانی (هەژاری فەلسەفە) کەیەك سالْ لەدوای مەرگی مارکس چاپکرا، دەلێت:

چینی کرێکار لەکاروانی گەشەی خۆیدا دەبێتە جێ نشینی کۆمەلی مەدەنی کۆن، کە بوونی چینەکانو دژایەتیان ناهێلێ. پاشان جێگاو دەورێك بۆ دەسەلآتی سیاسی بەمانای تایبەتی دەسەلآت، لەمەیداندا نامێنێ. چونکە دەسەلآتی سیاسی بەوردی ناوەرۆکی رەسمی دژایەتیە لەکۆمەلگای مەدەنیدا.

لەبیروڕای مارکسو ئەنگلزدا دەولەت بەشێنەییو سەرئەنجام هەلدەوەشێتەوەو ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازبوونو لاوازکردنی دەولەت. مارکسو ئەنگلز لەنوسینەکانیاندا لەجیاتی (دەولەت) و (دەولەتی سۆسیالیستی) بەزۆری وشەی (کۆمەلْ) و (کۆمەلآیەتی) بەکاردەهێنن کەنیشانەی نەبوونی توندوتیژیو ئیجبارکردنە لە دەولەتی نوێدا. زاراوەی (دیکتاتۆری پرولیتاریا)، کەپاشانو زۆر بەدەگمەن لەبیرو رای ئەواندا پەیدابووە، لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا زۆر جیاوازن! هەر بەبڕوای ئەوان نەك ناکۆکیو دژایەتی چینایەتی لەکۆمەلگای ئایندەدا لەناودەچێت، بەلکو جیاوازی نێوان چینەکانیش نامێنێو هێزی گشتی یان هێزی دەولەت لایەنی سیاسی خۆی لەدەست دەدات. چونکە دەسەلآتی سیاسی، بەمانای تایبەتی وشەکە، هێزی سازماندراوی چینێکە بۆ ستەم لەچینێکی دیکە.

ئەوەی زۆر رۆشنو بەلگە نەویستە کە لادانەکانی رفیزیونیزم (پێداچوونەوە) بەرهەمی نەزانیو بێ ئاگایی یان بەدحالی بوونی تیۆرەکانی برنشتاین نییە دەربارەی مامۆستاکانی پێشوو، بەلکو نیشاندەری تیۆرێکی دیکەیە. هەرئەوەندەی کە (لە رووداوان) لەبوونی مامۆستای خۆشەویست (ئەنگلس) لەنێواندا نامێنێ، رێگای پێداچوونەوە بەخێرایی زیاتر بەردەوام دەبێت. یەکێك لەمەسەلە گرنگەکان، هەرچەندە بچووك دیارە، بەلآم زۆر شایانی باسە، ئەوەیە: جیاوازی بیروڕا دەربارەی

ناوی (سۆسیال دیموکراسی) یە، کە ئەنگلس ئەم ناونانەی بەناچاری پەسەند کردبوو، کە دەڵێ:

ئەم ناوە بۆ حزبێك کە بەرنامەی ئابوورییەکەی تەنها سۆسیالیستی نیە، بەڵکو کومۆنیستیەو ئامانجی سیاسی کۆتایش سەرکەوتنە بەسەر هەموو دەوڵەتەکانو نەمانی دەوڵەتە بەشێوەی گشتی، لەناونیشاندا سەرکەوتنە بەسەر دیموکراسیشدا. ئەم ناوە زۆر گونجاو نیە.

بەڵام برنشتاین بەتەواوی دیدی جیاوازە لە ئەنگلز. ئەو زاراوەی (سۆسیال دیموکراسی)، کە کینکل نووسەرو خەباتکاری ساڵی ١٨٤٨ لەسۆسیالیستەکانی فەرەنسای وەرگرتبوو، بەهەستێکی قووڵەوە پەسەند دەکات: "ئەگەر ئەم زاراوەیە جگە لەیادەوەری وردی بنەمای لیبرالی لەنیهادو بونیادی سۆسیالیزمدا، تێگەیشتنی دیکەی نەبێ، هیچکەسێك جگە لەداهێنەرەکەی ناتوانێ بەهاکەی بناسێ"!(٦)

لەکتێبی دووەمدا، واتە (سۆسیالیزمی تەکامولی) برنشتاین ئاڵوگۆڕی لەناکاوی سەرمایەداری بەکۆمەڵگای سۆسیالیستی نەفی دەکات. برنشتاین دەڵێ لەنێوان ئەم دوو سەردەمەدا هێڵی جیاکەرەوە نیە. دیموکراسیکردنی کۆمەڵگا لەجیاوازی چینایەتی کەم دەکاتەوەو بێ عەدالەتیەکان ریفۆرم دەکات. "بەرژەوەندی کەمایەتی خاوەن ئیمتیاز رۆژ بەڕۆژ زیاتر دەبێتە پاشکۆی بەرژەوەندی گشتی" هەرچەند دیموکراسی پێش بکەوێت، بەرژەوەندی چینایەتی زیاتر پاشەکشە دەکات. بەزاراوەیەکی دیکە، ئەگەر دەوڵەت رۆژگارێك (ئیدارەی گشتی) خاوەنداران بووبێ، لەمەودوا وانابێ. دروست هەر لەهەمان سەردەمدا بەدبینی برنشتاین سەبارەت بەتوانایی دەوڵەت لەبەڕێوەبردنی دامودەزگا ئابووریە بەهێزەکان، سەری هەڵدا.

ئەم بێ بڕواییە سەبارەت بە دەوڵەت رێگای لەوەنەگرت کە برنشتاین لەکتێبی سێهەمی خۆیدا، گریمانەی بوونی کۆمەڵگایەکی بێ سەرپەرشتی دەوڵەت بەگاڵتە جاڕی لەقەڵەم بدات. پاشان باس لەوەش دەکات کە گریمانەی نەمانی دەوڵەت بەشێکە لەدەرئەنجامی تیۆری دوور لەواقعیەتو بەشێك نیە لەڕاستی کۆمەڵگاکان. یەکێك

(٦) مصطفی رحیمي، مارکس و سایەهایش، ل ١٥٥.





لەرەخنە گرنگەکانی ئەوکاتەی برنشتاین لەمامۆستاکانی جارانی ئەوە بوو، چۆن دەبێت دەست بکرێت بەفراوانرین کۆمەڵایەتیکردن لەهەموو زەمینەکانی جیهانداو لەکاتێکدا کە ئەوان چاوەڕوانی ئەوەن کە دەوڵەت لەنێوبچێت؟(٧)

ئێمە لەتەواوی نوسینەکانی برنشتایندا ئەم بۆچوونە دوولانەیە دەربارەی دەوڵەت دەبینین، ئەو نەخوازیاری کەمبوونەوەی دەسەڵات یان زیادبوونی تواناکەیەتی. نەخشی ئابووری دەوڵەت پەسەند ناکات، بەڵام لەهەندێك لەکارو رشتەکاندا دەورو توانای دەوڵەت پشتیوانی دەکات. لەکاتێکدا کە بوونی بەدەنەی دەوڵەت بەپێویست دەزانێ، بەڵام سەبارەت بەمەترسی بیرۆکراسی، چ لەزەمینەی ئابوری‌و چ لەسیاسەتدا، هۆشداری دەدات. لەدژی بیرۆکراسیە، بەڵام خوازیاری بونیادو دامەزراوەی نوێنەرایەتی فراوانە (نموونەی پارلەمان). لەلای ئەو سیسەمی دیموکراتی‌و نوێنەرایەتی لەسەر پایەی دیموکراتیکردنی بەردەوام دادەمەزرێ. ئەو بەردەوام لەدژی هەموو هەوڵ‌و کۆسپەکۆنە پەرستەکان خەباتی دەکرد، کە رێگایان لەدیموکراسی‌و ماهیەتی ئازادی دەوڵەت دەگرت. و لەدژی پارلەمان‌و پارلەمانتاریزمی رووکەشی ئاڵمانی دەڵێت: "پارلەمانتاریزمی ئاڵمان جگە لەکۆپی کاریکاتۆری پارلەمانتاریزمی راستەقینە، شتێکی دیکەنیە".

ئەو بڕوای بەیەکێتی‌و هاوپەیمانی هەبوو لەدژی هەڕەشەو هێرشی کۆنەپەرستی‌و دەیگوت کە بۆرژوازی (بۆرژوای دیموکرات) لەم هاوپەیمانیەدا دەبێ بەشی هەبێت تەنها بەم کارە دەتوانین دامەزراوە دیموکراتیەکان رزگاربکەین.

ئەو تا ساڵی ١٩٠١ یەکێکە لەشاهیدە رۆشن بین‌و ستایشکەرەکانی کۆمەڵگای بەریتانیاو دەیگوت لەدیدی کرێکاری ئینگلیزەوە دەوڵەت مایەی نەفرەت نییە. بێگومان لەم زەمینەیەدا بەریتانیا لەئاڵمان لەپێشتر بوو. برنشتاین لایەنگری پەیگیری مافە دیموکراتی‌و ئازادییە فەردییەکان بوو، چونکە ئەمانە یارمەتی خەڵك دەدەن کە داواکارییەکان بڵندبکەن‌و لەهێزی گشتی دا کاریگەربن. و دەنووسێ:

"هەر لەم رێگایەوە سۆسیال دیموکراسی‌و چینی کرێکار، دەتوانێت هەرچی زیاتر دەزگای دەوڵەت لەکاروانی دیموکراسی بخاتە ناو ئاڵوگۆڕەوە".

(٧) حسین بشیریە، اندیشەهای مارکسیستی در قرن بیستم، نشرنی، چاپ ششم، ١٣٨٤، ل ٥١.

## دەوڵەت لەسیستەمی بیركردنەوەی برنشتاین دا

تائێستا ئەوەمان زانی كە هەڵوێستی پێداچوونەوەو تازەكردنەوەی ماركسیزم چۆن پەیدابوو گەشەی كرد. ئێستا دەبێت بەقووڵایی پرسەكان گرنگی بدەین‌و لەسیستەماتیك كردنی كۆتایدا كاربكەین. پێویستە بەراوردو جیاوازی هەمەلایەنە لەنێوان تیۆری هەردوو مامۆستاو خوێندكارە پەیمان شكێنەكەیان بناسین‌و هەربۆیەش دەبێت لەم پرسە گرنگانەدا بیان خەینە بەرچاو:

پێكهاتەو دروست بوونی دەوڵەت، ماهیەتی ناوەرۆكی‌و شێوازی دەرەوەی دەوڵەت، دەوڵەتی دیموكراتی‌و دەوڵەتی چینایەتی، ئەركە سەرەكیەكانی دەوڵەت، دەوڵەتی سۆسیالیستی‌و دیكتاتۆری پرولیتاریا، و نەمان‌و هەڵوەشانەوەی دەوڵەت.

پرسی یەكەم بریتیە لەپێكهاتەو دروست بوونی دەوڵەت، كە بەبڕوای ماركس‌و ئەنگلز دەوڵەت لە كەلێن‌و جیاوازی نێو كۆمەڵگاو دابەش بوونی بەچینە ناكۆكەكان لەدایك دەبێ. ئەم جودایی‌و دژایەتیەی نێوان چینەكانیش زادەی دابەشكردنی كارە كە بەرهەمی گەشەی هێزەكانی بەرهەم هێنانەو بەشێوەیەكی ناچاری دەوڵەت دروست دەكەن.

ئەنگلز، هەم بەڕەخنەو دەركردنی تیۆری (پەیمانی كۆمەڵایەتی) دەوڵەت (رۆسۆ)و هەم بەڕەتكردنەوەی تیۆری میتافیزیكی دەوڵەت لە (فەلسەفەی هیگل) دا خەریك دەبێ‌و دەنووسێ: "دەوڵەت بەهیچ شێوەیەك دەسەڵاتێك نییە كە لەدەرەوەی كۆمەڵ بەسەر كۆمەڵگادا بسەپێنرێ" و بەشێوەی سەرەتایش، بەوجۆرەی كە هیگڵ دەڵێت:"هێنانەدی ئەندێشەی ئەخلاقی" و "وێناو واقعیەتی تاك" یش نییە، بەڵكو بەرهەمی كۆمەڵگایە لەقۆناغێكی تایبەتی لەگەشەو پێشكەوتن، دەوڵەت ئەو ئیعترافەیە كە دەڵێت كۆمەڵگا لەچەنگی ناكۆكیەكی بێ چارەسەردایە لەگەڵ خۆیداو ئەسیرو دوچاری كەلێن‌و دابەش بوونە. بەڵام لەبەرئەوەی دژایەتی چینایەتی كە ناوەرۆكەكەی بەرژەوەندی ئابووری جیاوازە، بۆیە دەوڵەت بەشێك نیە لەخەباتی



سۆسیال دیموكراسی ---------------- [ مێژوو، تیۆری، رەخنە ]

نەزۆك،و بەشێوەی هێزێكی سەرو كۆمەڵگا دەرئەكەوێ. ئەركی دەوڵەت ئەوەیە كە جیاوازی‌و ناكۆكیەكان ئارام بكاتەوەو لەسنووری سیستەم‌و یاسادا چاودێرییان بكات. ئەم هێزەی كە لەكۆمەڵگا پەیدابووە، بەڵام لەسەرووی دا جێگیرەو دوور لەكۆمەڵگا حوكم دەكات، دەوڵەتە.

ئەم شیكردنەوەیەی ئەنگلز دەبێتە سەرچاوەی زۆر پرس كە دەبێت یەك بەیەك باسیان بكەین‌و كاردانەوەیان لەڕێبازی پێداچوونەوەدا بناسین: وەكو بینیمان كە ئەركی دەوڵەت، لانی كەم لەهەندێك لەقۆناغەكاندا، لە "ئەنجوومەنی ئیداری" چینە خاوەن ئیمتیازەكاندا سنووردار ناكرێت. ئەنگلزیش هەندێك جار ئەوە پەسەند دەكات كە نەخشی پۆزەتیفی دەوڵەت باسدەكات، چونكە رێگرە لەهەڵوەشانەوەی كۆمەڵگا، واتە ناهێڵێ ناكۆكی كۆمەڵایەتی بەوڕادەیە فراوان بێت كە ببێتە هۆی وێرانبوونی كۆمەڵگا. هەرچەندە ئەنگلز باس لەوەدەكات كە جیاوازی‌و ناكۆكی كۆمەڵایەتی، كاتێك دەگاتە لوتكە، لەكۆمەڵگا بێ چینەكاندا سەردەرئەهێنێ، بەڵام نابێت ئەوەمان لەبیربچێت كەپێش گەیشتن بەم قۆناغە، سەردەمێكی مێژوویی درێژخایەن بۆگەشەی مرۆڤایەتی پێویستە.

ئەگەر برنشتاین، وەكو كەسانی دیكە، بخوازێ لەتیۆری ئەنگلز بۆ دەوڵەت ئەو هەڵوێستە پەیدابكات كە دەوڵەت پارێزگاری لەبەرژەوەندی گشتی دەكات، دەبێت ئەوە بزانین كەئەم تیۆرەیە رەنگدانەوەی ئەم شێوەیە لەشیكردنەوە نابێت. وتەكانی ئەنگلز بەئاشكرا باس لەوە دەكەن كە دەوڵەت لەخزمەتی ئەو چینەدایە كە لەڕەوشی ئابووریدا بەهێزو باڵادەستەو رێگرە لەدرووست بوونی كۆمەڵگای بێ چین. ئەنگلز هەر لەمبارەیەوە دەڵێ: "دەوڵەت دامەزراوەیەكە نەك تەنها بەردەوامی دەدا بە دابەشكردنی كۆمەڵگا بۆچینەكان، بەڵكو مافیش دەدا بەچینی خاوەندار كەچینی بێ خاوەندارێتی بچەوسێنێتەوەو بەسەریا زاڵ بێت". سەرئەنجام لەتەواوی نوسینەكانی ئەنگلز ئەو ئەنجامە پەیدا دەبێ كە دەوڵەت بەسنورداركردنی زۆر بەهێزی ناكۆكی‌و جیاوازییەكان، دەبێتە ئامرازێك لەدەستی توێژێكی كۆمەڵایەتی سەرەوەی كۆمەڵگا كە دەیپارێزێ‌و دەسەڵاتیشی زیاتر دەكات.

ئەنگلز بەوە رازی نابێت كەبڵێت ئەم نیهادە سەركوتكەرە لەچ هەلومەرجێكدا لەدایك دەبێ، بەڵام دەڵێت كەتەمەنی ناكۆتا نیە: "دەوڵەت دامەزراوەیەكی ئەزەلیو ئەبەدی نیە. بەڵكو كۆمەڵگایەكن كە دەتوانن لەمە چاوپۆشی بكەن". دەوڵەت هەروەكو چۆن سەرەتای هەیە، هەربەوشێوەیە ئەنجامیشی دەبێت. دەوڵەت لەهەلومەرجێكی بەتەواوی دیاریكراودا دێتەدیو لەهەلومەرجێكی جیاوازیشدا هۆكاری بوونی خۆی لەدەست دەداو ئەوكاتە هێدی هێدی لەنێودەچێت.

برنشتاین خاوەن دیدو تیۆری تایبەتە لەپرسی دەوڵەتداو لەلای ئەو دەوڵەت بەزۆرداری لەسەرەوەی كۆمەڵگادا نییە یان بەسەر كۆمەڵگادا نەسەپێنراوە، بەڵكو لەئەنجامی گەشەو پێشكەوتنی كۆمەڵگا پەیدادەبێت. دەبێت بۆ زیاتر شیكردنەوەی ئەم دوو رێبازە جیاوازییە سەرنج راكێشەكان بناسین. برنشتاین باس لەتایبەتمەندی هاوپەیكەری (ئۆرگانێكی) دەوڵەت دەكاتو ئەمەش بەتەختەبەندی راوەستاوی كۆمەڵگای پێشكەوتوو دەزانێ. لەتیۆری خۆیدا باس لەدژایەتی كۆمەڵایەتی وەكو هۆكاری سەرەكی بوونی دەوڵەت خۆی دەپارێزێو دەنووسێ: "لەژیانی كۆمەڵایەتیدا، جیاوازی لەژیانی ئابووری دا دەبێتە هۆی پەیدابوونی دامەزراوەی بەرێوەبردن كە نوێنەری بەرژەوەندی هەموو خەڵكو خاوەنی ئەو ناونیشانەیە. ئەم دامەزراوەیەو بەم ناوەرۆكەوە لە دێرینەوە تا ئەمرۆ بەدەوڵەت ناوبراوە".

هەروەكو بینیمان لەلای برنشتاین پرسی دەوڵەت بەشێكە لەگۆڕانكاری لەئاستی هێزەكانی بەرهەم هێناناداو هیچ ئاماژەیەك بە پەیوەندی بەرهەم هێنانو بەرامبەركێی هێزو توێژە كۆمەڵایەتیەكان ناكات. كاتێك ئەنگلز توخمو هۆكارەكانی دیكە جگە لەلایەنی چینایەتیش دەبینێ، برنشتاین هێدی هێدی، رەزامەندیو هاوڕایی خۆی رادەگەیەنێ. ئەنگلز نووسیویەتی: "دەوڵەت هەر لەسەرەتاوە لەكۆمەڵگا جیادەبێتەوە بۆئەوەی وەكو شێوەیەك لەئامرازی چینایەتی دەركەوێت". بەڵام برنشتاین دەڵێت كە دەوڵەت دەیەوێت لەكۆمەڵگا جیابێتەوەو سەربەخۆیی خۆی بەدەست بهێنێو دەگاتە ئەو ئەنجامەی كە دەسەڵات، لەزەمینەی وابەستەبوونی خۆی ئازادبكاتو داكۆكی لەبەرژەوەندی گشتی بكات. بەبڕوای برنشتاین ئەو بیرە (جێگیر)





ەی ئەنگلز كە دەوڵەت ئامرازی هەژموونی چینی دەوڵەمەند بەرەو بڕوایەكی سەختو دۆگم دەچێت، كەشایانی داكۆكی كردن نییە.

لەزۆر لایەنەوە وتراوە لەم جیاوازییەدا، كەبێگومان لەلای هەندێك وەكو (كفر) دێتە بەرچاو، بەبڕوای برنشتاین ئەوكەسەی كە لە بیروڕای خۆی پاشگەزبۆتەوە، ئەنگلسە نەك ئەو!

بەڵام لەپرسی ماهیەتو ناوەرۆكی دەوڵەتدا، برنشتاین بێ گوێدانە گەڕانەوە بۆ بیروڕای پێشووی خۆی، سەرئەنجام بڕوا بە (بوونی دەوڵەتی سەروو چینەكان) دەهێنێ. ودەنووسێ:

بێگومان لەهەر وڵاتێك، سەرمایەدارانی پەیگیرو سەندیكاكانی كرێكاران، هەردووكیان بوونیان هەیە. بەڵام لەسەرووی ئەم دوانەوە، كۆمەڵگایەكی رێكخراو دەسەڵاتی هەیە كە نوێنەرەكەی هێزی یاسادانانە.

بۆ زیاتر رۆشنكردنەوەی هەڵوێستی برنشتاین لەبەرامبەر ماركسیزمدا دەبێت ئەوەبزانین كە ماركسو ئەنگلز لەباسی خۆیان سەبارەت بەدەوڵەتو حكومەت گرنگیان بەپارلەمان نەداوە، كە نوێنەری هەموو خەڵكە، بەڵكو زیاتر باسیان لەدەسەڵاتی جێبەجێكردن (حكومەت) كردووە. بۆ یەكەمین جار لەناو ماركسیزمدا، روزا لوكزامبورگو برنشتاین گرنگیان بەم دامەزراوە سەرەكیە داوەو ئەنگلزیش لەساڵانی كۆتایی تەمەنیدا لەوبارەوە قسەی كردووە. لەڕاستیدا لەڕێگای پارلەمانەوە دەوڵەت، لەدەوڵەتی دیكتاتۆرییەوە بەرەو دیموكراسی، بەبێ توندو تیژیو خوێنڕێژی، دەچێت.

برنشتاین دەوڵەت وەكو دەسەڵاتی تەواوی نەتەوەیەك دەناسێنێ، بەومەرجەی كە دیموكراتیك بێ. هەربۆیە لەلای سۆسیالیستەكانو بزوتنەوەی كرێكاری چیدیكە بەدەست هێنانی دەسەڵاتو ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە گرنگی نامێنێ.

سێهەمین خاڵ كەدەبێت باسبكرێت دەوڵەتی دیموكراتیو دەوڵەتی چینەكانە. پێویست ناكات كە ئەوە بسەلمێنین ماركسو ئەنگلز لەهەموو نوسینەكانیاندا باسیان لەمە كردووە، چونكە زۆر دیارو ئاشكرایە. بەبڕوای ماركسیزم، شێوەی دەوڵەت هەرچی بێت، بەڵام لەماهیەتی خۆیدا "دەزگای سەرمایەداری" و (سەرمایەی گشتی) یەو

ئامرازێکە بۆ دەسەڵاتو ستەم. ئەم دیدگایە یەکێکە لەو پرسە ناوازانەی مارکسیزم کەهیچ گفتوگۆیەك هەڵناگرێ. بەلام دامەزرێنەری (یەکێتی گشتی کرێکارانی ئاڵمان)، واتە لاسال، دەوڵەت لەدیدگایەکی دیکەوە دەبینێ: "هەڵبژاردنی گشتی خاوەن ئەو تایبەتمەندییە سیحراوییەیە کە توانا دەدات بەهەمووان، دەوڵەمەندو هەژار، کە دەربارەی دامو دەزگاکانی وڵات بڕیار بدەن". بەڵام برنشتاین دەوڵەت لەکاروانی پێشکەوتندا دەبینێ، نەك وەك دامودەزگایەکی وەستاو: "ئەم نیهادە سەردەمێك لەخزمەتی شاهان یان چینە خاوەن ئیمتیازەکاندا بوو، بەڵام ئێستا گۆڕاوە بۆ دامودەزگایەکی بەڕێوەبردن کە لە پرنسیپدا دیموکراتیە". بەبڕوای ئەو دەوڵەت لەکاروانی پێشکەوتنو ئاڵوگۆڕدایەو هۆکارەکانی ئەم رەوتەش هێزەکانی دیموکراسیە کە لە سەرروویانەوە "سۆسیال دیموکراسی" جێگای گرتووە. دەوڵەت لەکاروانی دیموکراتیکردنو ریفۆرمی بەردەوام لەسۆسیالیزمدا سەر دەرئەهێنێ. یان بەدەربڕینێکی چاکتر ئەوەیە، کە هاوکات لەپەیکەری دیموکراتیو سۆسیالیستی دا بەرەو گۆڕان دەچێت.[٨]

لەم پرۆسەو قەڵەمڕەوەدا کە بەرەو ریفۆرم بچێت، کرێکاریش بەشێنەیی دەبێتە "هاووڵاتی"، و دەوڵەت دەبێتە دادوەرێکی بێ لایەن لەکۆمەڵگا. هۆکارو ئەنجامی ئەمەش ئەوەیە کە دەوڵەت چیدی لەبەرامبەر کرێکاراندا کەڕنیە. و هەرلێرەوەش کرێکاران سوود لەمافی دەنگدانو بەهرەگیری لەرێکخراوو سەندیکاکانی خۆیان وەردەگرنو لێیانەوە فێردەبن. برنشتاین دەڵێت: "بەو ئەندازەیەی کە وڵاتێكو خەڵکەکەی سۆسیالیست بن، دەوڵەتی دیموکراتیش سۆسیالیست دەبێت".

برنشتاین ئومێدی زۆری بەهەڵبژاردنی گشتی هەبوو: "هەڵبژاردنی گشتی بارۆمەترێکە کە بەهۆیەوە پلەی پوختەییو پێگەیشتنی چینی کرێکاری پێ دەپێورێ". برنشتاینی شاگرد، مامۆستاکەی بەوە سەرزەنشت دەکات کە تایبەتمەندیو سوودی دیموکراسی نازانێو دەڵێ: لەگەڵ گەشەی دیموکراسیو پیادەکردنی لەهەموو

---

[٨] استفان سالیوان، مارکس در دوران پساکمونیست، ترجمەی شیوا رویگریان، نشرگام نو، چاپ اول ١٣٨٤، ل ٥٨.





زەمینەکاندا، ئەو پەیڕەوانەی کە بەهۆی زۆرو توندوتیژی ئامۆژگاریو ستایش کراون، نەك تەنها زیادەن بەڵکو شومو کارەسات باریشن. و دەڵێت: "هەرچی دەزگا سیاسیەکانی نەتەوەکان زیاتر لەگەڵ پرانسیپی دیموکراسیدا سازگاربن، ئەگەرو بوونی کارەساتە گەورەکان کەمتر دەبێتەوە".

سەرئەنجام بۆمان دەرئەکەوێت کە شۆڕشی توندوتیژ لەدیدی برنشتایندا چ لایەنێکی کارەسات باری هەیە. و پەنابردن بۆ شۆڕش بەهەر شێوەیەك بێت بێ سوودە، چونکە خەڵك کەڕۆژ بەرۆژ زیاتر بەهۆی مافی دەنگدانەوە بتوانن لەچارەنووسی خۆیاندا بەشداربن، دەشتوانن حکومەت بکەنە هۆکارێك بۆ گەیشتن بەنیازەکانی خۆیان. و بەمجۆرە لەسیستەمی بیرکردنەوەی برنشتایندا، چ لەبەرنامەی کۆمەڵایەتیو چ لەزەمینە سیاسیەکاندا، دیموکراسی دەبێتە خاوەن گرنگترین تایبەتمەندی. هەربەوشێوەیەی کە کرێکار خاوەنی مافی خۆی بێت، لەخاوەنداریێتی میراتی گشتیو نەتەوەیی دا بەشداربێت، و بزانێت کە کۆمەڵ سەلامەتیو پارێزراوی ئەو دابین دەکات، لەبەرامبەر رووداو کارەساتەکاندا فریای دەکەوێتو مناڵەکانی دەنێرێتە خوێندن.

لەدیدگای بیرنشتایندا مەیدانی خەبات، مەیدانی پارلەمانە، واتە ئەو جێگایەی کە مامەڵەو گفتوگۆی نێوان بیروڕاکان جێگای پێکدادانی چەکەکان دەگرێتەوە. پارلەمان جێگایەکە کە پارتەکان دەربارەی گەیشتن بەدەسەڵات لەگەڵ یەك هەڵوێست دەکەن. مارکس دەڵێت دەبێت دەوڵەت سەرنگون بکرێت، بەڵام برنشتاین دەڵێت دەبێت دەوڵەت بگۆڕین بەدیموکراسی. لەدیدی مارکسدا تەنانەت دیموکراسیش هۆکاری فشارە لەلای برنشتاین لەبەرئەوەی دیموکراسی حکومەتی هەموو خەڵکە، بابەتی فشار نامێنێ. ئەو دەوڵەتی مۆدێرن بەشایانی گۆڕانو ریفۆرم دەزانێ نەك نەگۆڕو وەستاو. ئەم ریفۆرمەش بەبەشداریو کاریگەری خەڵك بەبێ پەنابردن بۆ شۆڕش، دێتەدی: پرسی پەیداکردنی دەوڵەتی پرۆلیتاریا لەبەرنامەدا نیە، بۆچی پرۆلیتاریا خوازیاری دەسەڵاتی تایبەتی خۆیەتی؟ ئایا ئەمە بەومانایە دێت کە دەیهەوێ دەسەڵات بەتەنها بگرێتە دەست خۆیو لەدژی هەموو توێژو چینە ناپرۆلیتاریاکان بەکاری بهێنێ؟[٩]

---

[٩] حسین بشیریە، اندیشەهای مارکسیستی در قرن بیستم، ل ٥٢.

برنشتاین لەنێوان دەوڵەتی سەردەمی بیسمارك‌و دەوڵەتی پارلەمانی جیاوازی دەبینیێ، چیدیکە پرۆلیتاریای مۆدێرن، پرۆلیتاریای پێشین نین، خەڵکێکی نەفرەتی‌و دەرکراو لەهەموو شوێنێك، کەسێك کە جگە لەنەبوونی‌و کارەسات هیچ بەشێکی نەبووە، بەڵام ئێستا ئەو یەکێکە لەئەندامانی کۆمەڵ کە خاوەنی هەموو مافە رەسمیەکانە‌و ئازادە لەهەژموون‌و دەسەڵاتی خاوەنکار.

لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم‌و هاتنە سەرکاری کۆماری (ڤایمار)، سەندیکاکانی کرێکاران بەرەسمی ناسران. یاسای زۆر بەسوودی کرێکاران نووسران. شوێن‌و دادگای یاسایی بۆچارەسەری ناکۆکی نێوان کرێکارو خاوەن کار دامەزران. ئەگەر لەوسەردەمەدا دەوترا کە کارتێل‌و ترۆستە ئابوورییەکان بۆ کۆمەڵ مەترسین، وەڵامی برنشتاین ئەوەیە: "بەهەرحاڵ، دیموکراسی بەوجۆرەی کە لەکۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا بەدی هاتووە، ئاراستەی بەرەو نەهێشتنی مۆنۆپۆلە سەرمایەدارییەکانە".

راستە، دیموکراسی‌و پێوەرەکانی ئازادی تەنها دەسەڵات‌و هەژموونێکی رەوایە کە دەتوانیێ بەرامبەر دەسەڵات‌و هەژموونی نارەوای سەرمایەداری بوەستیێ‌و تەواوی هێزەکانی دیکە بەسوودی سەرمایە هەڵوێست وەردەگرن. "ناسیونال سۆسیالیزم" و فاشیزم بەبەڵێنی زۆرو زەبەندی سۆسیالیستی هاتنە مەیدانەوە، بەڵام لەنیوەی رێگادا لەگەڵ سەرمایەداری پەیمانیان بەست. تەنانەت دیکتاتۆری کومۆنیزم بەهۆی نازو نیعمەتی بەرچاوی "نیوکلامینتۆران" چینی تازە هاورێگا بوو. مێژوو ئەوەی سەلماندووە کە سەرمایەداری لەوە زۆرزان‌و فێڵباز ترە کە برنشتاین بیری لێدەکردەوە. بەدبەختی زۆر گەورە لەوەدابوو - کە سەرەرای هۆشداری‌و ئاگادارکردنەوەکان - کۆمۆنیزمی روسی‌و رۆژهەڵاتی پشتیان کردە دیموکراسی‌و ئەمەیان بەتەنها بۆ سەرمایەداری بەجیێ هێشت. و کۆستێکی دیکەش ئەوە بوو: جەماوەری وڵاتانی رۆژئاوا لەدامەزراندن‌و کاریگەری کارتێل‌و ترۆستەکان سوودیان وەرگرتووەو هێشتا سوود وەردەگرن، ئەی چۆن لەدژی ئەوان دەنگ دەدەن؟! ئەو سوودەی کە بەزیان تەواودەبێت؟ بەزیانی وڵاتانی جیهانی سێیەم. و تائەوکاتەی کە دیموکراسی لەوڵاتانی بێبەشدا پیێ نەگریێ‌و بەخەڵکی رۆژئاوا نەڵێت کە "هەموو مرۆڤ برای یەکترن"، ئەم





پرسە وەکو خۆی دەمێنیێ‌و سەرەنجام دیموکراسی یا دەبێت" جیهانی" بێت یان دەبێتە ئیمتیاز بۆ چینێکی تایبەتی‌و ئەمرۆش بۆتە بەهرەمەندی بۆ تەنها چەند وڵاتێکی تایبەت.

برنشتاین بەشداری‌و کاریگەریی دەوڵەت لەئابووریدا بەم شێوەیە بەیان دەکات: "بەڵام بڕوای من ئەوەیە کە حاکمیەتی دەوڵەت لەپرسی خاوەنداریێتی دا، لەوانەیە بەشێوەی جیاواز پەیدا ببێت.

لەبەرئەوەی هەندێك جار رێکخراوە کۆمەڵایەتی‌و گشتیە ئازادەکان پشتیوانی ئەم دەسەڵاتەن، هەربۆیە سنووردارکردنی هەرچی زیاتر بەسەر بەشی چەوسێنەری سەرمایە پیادە دەکات. ئەمەش بڕوای سەرەکی سۆسیالیزمی منە.

بەکارو کۆمەکی سەندیکاو هەرووەرزی لەگەڵ گەشەی دیموکراسی، ناوك‌و سازمانەکانی سۆسیالیزم گەشە دەکەن، و لەئیمتیازو سودەکانی سەرمایەداران کەم دەکەنەوەو بەمجۆرە گرنگی کاریگەریی دیموکراسی لەئابووریدا زیاتر دەبێت".

"سۆسیالیزم لەشیکردنەوەی کۆتاییدا پیادەکردنی دیموکراسییە بەسەر هەموو بەش‌و روخسارەکانی ژیاندا." و دەڵێت: "ئەمەش هەمان دەستوورو یاسای ئەرخەمیدسە. و بۆچی لەهەموو شت زیاتر لەدژی مافی خاوەنداریێتی تێدەکۆشین، لەکاتێکدا کە دەڵێت ئامانجی سەرەکی ئێمەی سۆسیالیست خوازیاری دابینکردنی لایەنی زۆری ژیان‌و خۆشگوزەرانین بۆ هەموو کەس؟" و لەنەیاری خۆی بەرامبەر خاوەنداریێتی کۆمەڵایەتی هۆکارەکانی بەرهەم هێنان دەڵێت: "ئایا بەڕاستی ئێوە باوەڕتان وایە کە ئەگەر لەهەموو زەمینەکاندا کرێکاران‌و کارمەندان، جیێ نشینی سەرۆکی دامەزراوە ئابوورییەکان بن، هەلومەرجەکان باشتر دەبن؟" بەڕێوەبردنی دامەزراوە ئابووریەکان پێویستی بەکارایی‌و شارەزایی داهێنەرانەی خاوەنەکانیەتی: "دەوڵەتیکردن مانای دۆزینەوەی خراپترین بیرۆکراسی کە لەتێگەیشتن‌و چەمکا گونجاو دێتە بەرچاو، بەڵام لەکاردا ئیفلیجی‌و لەکارکەوتنی هەرچی زیاتری بەرهەم هێنان دەبێت".

(میللی کردن) یان (کۆمەڵایەتیکردن) ی هۆکارەکانی بەرهەم هێنان بەڕاستی کاتێك دێتە دی کە دیموکراسی بەجۆرێك فراوانو گەشەکردوو بێت، کە نەتەنها خەڵك خاوەنی مافی یەکسانی بن بەڵکو دەبێت خاوەن تواناو هێزی یەکسانیش بن. واتە هیچ هێزێکی دەرەکی سەنگینی نەکات بەسەر ویستی ئازادی تاکەکان. دووەمیش دەبێت ئەخلاقو دیدگای گشتی بەجۆرێك پێشکەوتووبێت کە هەموو کەس دڵی بەخاوەندارێتیو ماڵی گشتی بسوتێ. ئەم دوو مەرجە لەرۆژی ئەمڕۆدا تەنها لایەنی ئامانجیان هەیەو نەبوونەتە هەلومەرجی ڕاستەقینە. بەبێ ئەم دوو مەرجە میللیو کۆمەڵایەتی کردن، تەنها دەبێتە بەرهەم هێنانی سەرمایەداری دەوڵەتی کە کاریگەریو ئەنجامەکەیمان بینی.

بەڵام برنشتاین دەزانێ کە پشت کردنە هەموو ئەوشتانەی کە پێشینان بە دەستیان هێناوە نە کارێکی کردەیەو نە دڵخوازیشە. ئەم رابردووەش لەمارکس وەردەگرێ:

سۆسیال دیموکراسی دەزانێ کە لەهەندێك رەوشو کاتدا لەوانەیە هۆکارەکانی ڕووخانی حکومەتێك لەقۆناغێکی کورتدا فەراهەم ببێت. بەڵام پرسی سەرنگون کردنی رژێمێکی ئابووری کە تەواوی توخمەکانی لەماوەی دەیەهاو دەیەها ساڵدا ئاڵۆگۆڕی بەسەرهاتووە، کارێکی نەگونجاوەو نابێت لەبەرنامەدابێت.

مارکس دەڵێت، "دەسەڵاتێك کە بڕیارە بەسەر ئابووریدا زاڵ بێتو پرۆلیتاریای رێکخراوە لەچینی باڵادەستدا)). مارکسو ئەنگلز بۆ نیشاندانی نمونەی دەوڵەتی پرۆلیتاری لەیەك نووسراودا ئاماژە بە هەنگاوەکانی کۆمۆنی پاریس دەکەن. لەم دەوڵەتەدا دەبێت کارمەندانی حکومەتی هەڵبژێردراوو شایانی لابردنیش بن، خەڵکی چەکدار لەجێگای سوپا کاربکات. هەموو مووچەو کرێیەك دەبێت وەکو داهاتی ناوەندی کرێکار بێتو نوێنەرانیش تەنها دەبێت دیدگای خەڵك جێبەجێ بکەن، نەك هی خۆیان. بەڵام هەموو ئەمانە ـ کە لەدژی بیرۆکراسی بوون ـ ناکردەیی بوونو مێژووش جگە لەمە شتێکی دیکەی نیشان نەداوە.

دەربارەی نەمانو هڵوەشانەوەی دەوڵەتیش، بێگومان برنشتاین نەیارە لەگەڵ دیدگای مامۆستاکانی. مارکس لایەنگری دیکتاتۆری پرۆلیتاریایە، واتە حکومەتو





دەوڵەتی بەهێز، هەژمونگەرو ناوەندی، بەڵام لەلایەکی دیکەوە ئەو دەوڵەت، یان هەر دەوڵەتێك، وەکو ئامرازی ستەم مەحکوم دەکاتو مژدەی هەڵوەشانەوەی دەدات. برنشتاین لم تیۆرەیەدا ناکۆکی بەرچاو دەبینێ. ئەو لایەنگری دەوڵەتی دیموکراتو مانەوەی دەوڵەتی ریفۆرمو چاکسازی کراو بە پێویست دەبینێ.

بەڵام ئەنگلز دەڵێت:

لەکۆمەڵگای بێ چیندا بەدڵنیایەوە دەوڵەت لەنێو دەچێتو کۆمەڵگایەك کە بەرهەم هێنان لەسەر بناغەی کۆمەڵایەتی ئازادو یەکسانی بەرهەم هێنەران، سازمانی تازە بەرهەم دەهێنێ، هەر جۆرێك دەوڵەت بە جێگای ڕاستەقینەی خۆیان دەگەن. بە مۆزەخانەی دێرین ناسی، لەپاڵ ڕەوڕەوەی دەستیو تەوری برۆنزی .

برنشتاین وەڵام دەداتەوە:

ناتوانین بڕوا بەوە بکەین کە تەنانەت لەکۆمەڵگەی سۆسیالیستیشدا، هاووڵاتیانی سادە بتوانن کارو ئەرکەکانی دەوڵەتو رێکخراوەکانی ئەنجام بدەن. ناتوانین ئەوە پەسەند بکەین کە کۆمەڵگا بتوانێت چاوپۆشی لەبونیادو پێکهاتەی خۆی بکات.

ئەمەش کاتێك رۆشن تر دەبێت کە دەوڵەتو حکومەت بەشێك نەبن لەنیهادو دامودەزگای فشار. حکومەتی وەزارەتەکانی تەندروستی، هاوکاری، مەسکەنو لانەی ژیان، وەزارەتی خوێندنو خزمەتگوزاری گشتی رێگاوبان، چۆن دەبێت بخرێنە مۆزەخانەوەو بۆچی؟ وەڵامی برنشتاین بۆ ئەنگلز لە دیموکراسی سەرچاوە دەگرێتو دەڵێت ئەگەر دەوڵەتو حکومەتەکان لایەنی ستەمو سەرکوتکەرانەیان لەدەست بدەن، چ نیازێکمان بە نەهێشتنو نابوود کردنیان دەبێ؟

واقعیەتو مێژووی دەیەی دووەمی سەدەی بیستەم چاوی برنشتاینیان بە هەلومەرجی راستەقینەی سەرمایەداری کردەوە ((کە لەپشتی سەرمایەداری، هیچ جۆرێك لەبەرژەوەندی گشتی نابینرێ)) و دەنووسێ: ((شاهانی راستەقینەی دەسەڵاتی کۆماری، باشتر دەزانن کە لەپشتی پەردە، دەسەڵاتی واقعی لەدەستیان دابێتو ئەوەی پیشانی دەدەن تەنها ڕوخساری دەرەکیە)). بەم شێوەیە متمانەو پشتیوانی ئەو

بەدەسەڵاتی کۆماری، جێگای خۆی دەدات بەبێ ئارامیو گومان لەساڵانی کۆتایی تەمەندا، کە ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ ساتە وەختی مردنی کۆماری فایمار.

تیۆری برنشتاین کە دەوڵەتی دیموکراتی بەرەو گەشەو تەکامول دەچێو بە شێنەیی دەچێتە ناو سۆسیالیزمەوە، لەمێژووی بزاڤی سۆسیالیستی دا جێگای گرنگی هەیە. ئەمەش وایکرد کە لەساڵی ١٩١٤ حیزبی سۆسیال دیموکرات تەواوی بیرو باوەڕەکانی ئەو پەسەند بکات.

بە بڕوای برنشتاین زاراوەی(پرولیتاریا) زۆر رۆمانتیکە، زیاد پڕکراوە بە هەستو سۆزی شۆڕشگێڕانە، بەرهەمی سەردەمی ئالۆدەو سەنگینی ساڵی ١٨٤٨ە. لەگەڵ هەموو ئەمەشدا نەیتوانیو نەیدەویست کە خۆی بدزێتەوە لەداکۆکی بەرژەوەندی تایبەتی کرێکارانو خوازیاری ئەوەش بوو کە ئەوان لەدەوڵەتدا جێگای فراوان ـ بەڵام نەك مۆنۆپۆڵی ـ یان هەبێت.

## سێیەم،
## برنشتاینو زەمینە تیۆرییەکانی سۆسیالیزم[١٠]

برنشتاین رووناکبیرێکی سەربەخۆ بوو، خۆیشی بە تیۆرساز نەدەزانی. لەراستیدا کاتێك کە بەپرسی عەمەلیو ئەزمونی خەریك دەبوو، چاکترین وەفای خۆی بە ئەندێشەی سۆسیالیستی دەنواند. باشترین بەرهەمەکانی ئەو، نووسینە مێژوویەکانو ئەو بەرهەمانەن کە تیایدا باسو چارەسەری ریفۆرمەکانی کۆمەڵایەتی دەخاتە ڕوو. ئەو هەر چەندە تیۆرمەند نەبوو، بەڵام حەزی لەباسوخواستی تیۆری بوو. لەو زەمینەیەشدا چەندین لێکۆڵینەوەی باشی ئەنجام دابوو، بەڵام هێشتا بە دڵی خۆی نەبوو. فەلسەفە، کارو قەڵەمڕەوی تایبەتی ئەو نەبوو، ئەو خۆی زیاتر بە "رەخنەگری سازێنەر" دەناساندو لەساڵی ١٩٠٠ دەڵێ:

(١٠) ـ وتاری (ڤرمۆن لیبکە) لەکتێبی (مێژووی مارکسیزمی هاوچەرخ)، وەرگیراو لەکتێبی (مارکس و سایەهایش)، ل١٦٧.





ئەوەی شایانی باس بێت من لەبەرامبەری تیۆریو ئامۆژگاریەکانی ناسراو بە مارکسیزم بیروڕا یان تیۆریەکی دیکەم بۆ کۆمەڵ ناسی نەهێناوەتە دی. هەر بۆیەش نیازم نییە، کە مارکسیزم ڕەت بکەمەوە، بەڵکو ئەسڵی مەسەلەکە ئەوەیە: پێشکەوتن ئەوە نییە کە بەرهەمی زانستی مارکس رەخنە بگرم، بەڵکو ئەوەیە کە ئەنجامو ئاڵۆگۆڕەکانی پەسەند بکەم. ئەم پێشکەوتنەش کارساز نابێت، مەگەر ئەوەی کە دەبێت سەرەتا خۆم تەسلیمی ڕەخنە لەتیۆری ئەو بکەم.

و دە ساڵ پاشتر دەڵێت:

رێبازی پێداچوونەوەو تازەگەری پایەی سەرەکی تیۆری کۆمەڵناسانەی مارکس بە رەسمی دەناسێ. تا ئەو جێگایەی لەزەمینەی تیۆریدا کار دەکەین، چاکتر وایە کە لەپێداچوونەوەی ناو مارکسیزم قسە بکەین، نەك لەپێداچونەوەی دژی مارکسیزم.

بەم شێوەیە برنشتاین مارکسیزم وەکو سیستەمی فیکری داخراوو تەواوبوو تەماشا ناکاتو ئەو وەکو سۆسیالیستەکانی دیکە، بە هەقی خۆی ـ بەڵکو بە ئەرکی خۆی دەزانێ ـ کە مارکسیزم بکاتە (پرانسیپی دەست پێکردن)، وگەشەی تیۆری ئەندێشەی سۆسیالیستی دوای مارکس گرنگی پێ بدات. لەم بەشە لەنووسیندا کە پاشان دەیخەینە ڕوو، گاڵتە بەو کەسانە دەکات کە نوسینەکانی مارکس بە (پیرۆز) دەزانن، وبەچاوی نەگۆڕو وەستاو تەماشای دەکەن:

لەسەرەتادا تەنها وشە هەبووو لەلای خواوە بوو، بەڵکو وشە خودی خوابوو. هەر بەو شێوەیە تیۆرێك کە لەبزوتنەوەی کرێکاریو ئاڵوگۆڕی ڕووناکبیری وابەستە بەو بزوتنەوەیە لەدایك بوو، وەکو جیلوەی ئایاتی خودایی سەیریان دەکرد. تیۆرێکی کامل کە لەسەرەتای پەیدابوونی دا وەکو سەرەتای هەموو شتەکان وابوو، یان بەڕاستی دەیانویست کەوابێ. ئەم هەڵوێستە لەمارکسیزمو تەماشاکردنی وەکو خەتمی کەلام لەفەلسەفەدا نەك تەنها خزمەت نییە بە مارکس، بەڵکو گاڵتەکردنو خراپەیە بە یادەوەری مارکس. چونکە ناسینی مارکسیزم، لەبەر ئەوەی کە لەناو خۆیدا پرانسیپی پێشکەوتنی هەیە، بریتیە لەگفتوگۆ لەگەڵ خودی مارکس بە مەبەستی ئەوەی کە جەوهەری ئەندێشەکەی بپارێزن.

یەکێك لەبنەمای ئەندێشەکانی برنشتاین ئەوەیە کە هیچ بیرمەندێك بێ هەڵەو کامل نییە. ئەو بڕوای بەوەبوو کە ڕەخنە، هۆکاری گەشەی ئەنجامەکانەو دەڵێت:

ئەو ڕەوشە لەمێژووی زانستەکاندا ڕاستە، کە گریمانەیەکی پێشکەوتوو لەرەخنەی گریمانەی پێشوو، وەکو تەواوکەری ئەو سەیر دەکرێ.

سەرەنجام بۆمان دەرئەکەوێ کە برنشتاین نایهەوێ تەلاری تیۆرێکی تازە دابنێ، بەڵکو ئامانجی ئەوەیە کە هەندێك بەش لەدنیای مارکسیزم کە زیادە یان شایانی گۆڕانن یان بۆ پەسەند کردن دەبن، بە تەواوی دیاری بکات. پرسی زانستی بوونی سۆسیالیزم لەبۆتەی لێکۆڵینەوەی سەرلەنوێی ئەندێشەی سۆسیالیستی دایە. ئەم مەسەلەیە خاوەنی دوو لایەنی جیاوازو لەهەمان کاتدا بە تەواوی وابەستە بە یەکترن. ئایا مارکس و ئەنگلز لەوەدا سەرکەوتوو بوون کە سیستەمێکی سۆسیالیستی ڕۆشن بکەنەوە کە وەڵامدەرەوەی پێوەرە زانستیەکان بێت؟ ئایا سۆسیالیزمی زانستی، هەلومەرجەکانی هەرچی بێت، توانای تیۆریکی بۆ ساز کراوە؟ بە بڕوای برنشتاین رەوش یا میتۆدی زانستی سروشتی، ئەزموون و تاقی کردنەوەیە. لەبەرئەوە تایبەتمەندی سەرەکی ئەو زانستە بینین (مشاهده) و ئەزموون کردنە. دەنووسێ: ((بەردی بناغەی هەر زانستێك ئەزموونەو ئەمەش بریتیە لەبینین و تاقی کردنەوەی یەك لەسەر یەك)) ئەم دڵنیابوونە بەو جۆرە ئاشکرادەبێت کە ماهیەتی هۆشیاری و ئاگایی زانستی کۆمەڵایەتی ئەزمونەکان و یەك دوو ئەزموون بە تەنها کافی نییە. بەهۆی ئیلهامێکی ئێستایی ناتوانین دەستمان بەزانست بگات، بەڵکو دەبێت بەهۆی بەڵگەو پێدانی بەردەوام، دەستمان بەئەزموون و تاقی کردنەوە بەردەوامەکان بگات.

بە بڕوای برنشتاین لەدوای چەند ئەزموونی سەرەتایی و بەکۆکردنەوەی هەندێك تاقی کردنەوەی لاواز ناتوانین دەستمان بگات بە ناسینی زانستی، بەڵکو دەبێت سوود لەگریمانەکان وەربگرین. گریمانەکان لەخۆیاندا بەهای زانستیان نییە، بەڵکو ڕێنمای لێکۆڵینەوەو شارەزابوونەکانی ئایندەن. گریمانەکان "بەهای مەزنی دۆزینەوەیان" هەیەو هەر بۆیەش بەڕاستی لەنێوان رەوشە زانستیەکاندا جێگایان هەیە. بۆ دەست ڕاگەیشتن بە لێکۆڵینەوەو ناسینی دیاردەکان دەتوانین پێشنیازی چەندین گریمانە





بکەین، بەڵام لەزانست تەنها یەك لێکۆڵینەوەی ڕاستەقینە بۆ هەر پرسێك بوونی هەیە. تیۆری و گریمانەکان ئەو بەهایەیان نییە کە زانست هەیەتی. ((زانست، لەسەرووی تیۆرەکانەوەیە، هەروەکو چۆن لەسەرووی حیزبەکانیشەوەیە.)) سەرئەنجام برنشتاین بەو ئامانجە دەگات کە زانستە سروشتییەکان"ئامانج" یان نییە (واتە دارای ئامانجێکی لەپێشەوە دیاریکراونین). ئەو تەنها "ئاکامی" زانستەکان بە شایستە دەزانێ: ((بە شێوەیەکی کورت، تایبەتمەندی زانستی سروشت گەڕانە بە دوای هۆکارە بابەتیەکانداو ناسینی زانستی جیهان بریتیە لەبینین و ناسینی جیهان وەکو ئاکام نەك وەکو ئامانجی دڵخواز.)) زانست گرنگی دەدات بە پەیوەندی و پابەندی هۆکارەکان کە دەبێت بەشێوەی سیستەماتیك و ئەزموونگەرایی لێکۆڵینەوە بکرێن. پرسی ئامانجی مرۆڤو جیهان کاری زانست نییە. ئەمەش ئاماژەیە بە مژدەی کۆمەڵگای بێ چین و ئامانجەکانی سەر بەو کۆمەڵگایە.

بەسەرنجدان لەم خاڵانە بۆمان دەرئەکەوێ کە برنشتاین سەبارەت بە زانستی بوونی سۆسیالیزم گەشبین نییە، بەڵام ئەمەش بە دڵنیایی و پەیگیری ناڵێت، لەم زەمینەیەدا دەبێت تەماشای ئەم پرسانەی خوارەوە بکەین:

١- برنشتاین دەڵێت کە پێشەوایانی بیری سۆسیالیزم بڕوایان وابوو بەڵام نەیان سەلماندبوو کە سۆسیالیزم ئەنجامی ناچارییە بۆ ئاوابوونی سەرمایەداری. پێشبینی هەرەسی حەتمی و ناچاری سەرمایەداری لەلای سۆسیالیزم کارێکی سەلمێنراو نییە. برنشتاین بڕوای بەوە نییەو دەنووسێت: ((تەواوی ئەزموونەکانی مێژوویی و ئاماژە زۆرەکانی ئێستا، ئەوە نیشان دەدەن کە شێوازی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری، وەکو شێوەکانی پێش خۆی، تێپەڕن، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە بزانین ئایا ئەم کۆتاییە، بە شێوەی هەرەس دەبێت یان نا؟ و ئەوەی کە ئەم هەرەسە لەئایندەی نزیك دەبێت یان نا؟ وئایا ئەم هەرەسە بە ناچاری دەبێتە هۆی پەیدابوونی سۆسیالیزم؟)).

برنشتاین پشت بە خاڵی کۆتایی دەبەستێ. تا ئەو کاتەی کە سۆسیالیستەکان نەتوانن بە کاری وردی زانستی ئەوە بسەلمێنن کە ئەنجامی هەرەسی سەرمایەداری چی دەبێت، پێشبینیەکانی تایبەت بە پەیدابوونی سۆسیالیزم جگە لەبڕوا، ئومێدو هیوا

زیاتر شتێکی تر نین. لەدیدگای زانستی دا، مەسەلەی گرنگی سۆسیالیستەکان سەلماندنی پەیوەندی هۆکاری"علیت" نێوان ئەم دوانەیە (ڕووخانی سەرمایەداریو پەیدابوونی سۆسیالیزم).

٢- دووەمین ڕێگری زانستی سەیرکردنو تێگەیشتنی سۆسیالیزم بریتیە، لەنەخشی ئاشکراو گرنگی ئیرادەگەرایی لەتیۆرو بزاڤی سۆسیالیستی دا. بە بڕوای برنشتاین دەبێت لەبیروڕای سۆسیالیستی دا هەر چۆن گرنگی دەدرێت بەنیازو ویستو هیواکان، هەر بەو شێوەش دەبێت نەخشی نەفیو ڕەتکردنەوەو نکۆڵی مرۆڤەکان ببنین. بەلاّم ئیرادەگەرایی Volontarismeو حەتمیەت Determinisme دوو کاری دژ بکەین. برنشتاین نەخشی ئیرادە وەکو هۆکاری گرنگو دڵخوازی ئەندێشەی سۆسیالیستی پەسەند دەکات، بەلاّم بڕوای وایە کە کاریگەری ئیرادە لەتیۆری دا، لەتایبەتمەندی زانستیەکەی کەم دەکاتەوە، دەنووسێ:

به بڕوای من ویستی مرۆڤ ڕێگره لەوەی که گەشەی مێژوویی لەسەر بناغەی چەند گریمانەی گشتی پێشبینی بکەین... لەتەواوی دادوەریو پێش گوتنە مێژوویەکاندا توخمی گریمانەیی بوونیان هەیە، هەر بۆیە ئیرادەی مرۆڤ ئەنجامی هۆکاری پێش بینی نەکراوە لەناو هەر چوارچێوەیەکی پێش بینی کراو.

لەبەر ئەوە هێزە ناسراوەکان بە هێزی بابەتی به تەنها دیاریکەری کاروانی مێژوو نین. ویستی تاکانەی مرۆڤەکانیش کاریگەرییان هەیە، برنشتاین ئەم بڕوایە بەم شێوەیە شیدەکاتەوە:

به تەنها واقعیەتی خامی زێدە بەها نییە کە پێداویستی گۆڕانی سۆسیالیستی لەکۆمەڵدا دەخاتە ڕوو، بەڵکو ئەم گۆڕانە، بەرهەمی پەسەند نەکردنی ئەم هەلومەرجو دیاردەیەیە (سەرمایەداری) لەلایەن خەڵکەکانەوەو ئەو هەلومەرجە راستەقینەیەی کە خەڵك زێدەبایی بە چەوسانەوە دەزانن‌و هەست بەوە دەکەن کە ئەم بەهرە ستاندنە تەحمول ناکرێت.

برنشتاین زۆر بەتوندی ناكۆكە لەگەڵ مەسەلەی پەیوەندی نێوان ویست، حەتمی بوون‌و زانست. ئەو هەروەها حەتمی بوون وەکو بەشێك لەزانستی سروشتی دەزانێ‌و



سۆسیال دیموكراسی ---------------- [ مێژوو، تیۆری، رەخنە ]

بڕوای وایە ئەگەر ئیرادەی مرۆڤ لەمەیدان‌و کار دابێت ناتوانین شتەکان پێشبینی بکەین.

٣- لەدیدی برنشتاین پرسی کاریگەری ئیرادە لەسۆسیالیزم‌و مێژوودا بە زاراوەی دوو لایەنی (بابەتی ـ خودی) لێك: دەداتەوە. دەڵێت تەنها کاتێك کە سۆسیالیزم پشت بە هۆکاری بابەتی دەبەستێ، لەوانەیە بتوانین کە بەزانستیانەی دابنێین. ئەو خواستو ویستی مرۆڤ بەهۆکاری خودی یان زهنی دادەنێ، بەلاّم بێ ئاگاش نییە لەئاوێتە بوونی ئەم دوانە لەپێکهاتنی کەسایەتی‌و ئاڵۆزی دا:

ئاشکرایە کە ویستی هیچ مرۆڤێك هۆکاری تاکانە یان بابەتی نییە، بەڵکو هەلومەرجی دەروونی، مێژوویی یا کۆمەلاّیەتی وابەستەیە. هەر مرۆڤێکی عاقل بڕوای بە کاریگەری ژینگە هەیە. ژینگە، هەلومەرجی کۆمەلاّیەتی‌و سروشتی بناغەی بابەتیانەی ئیرادەیە، بەلاّم ئەم بناغە بابەتیە، تەنها مادی نییە، هەڵوێستو مامەڵەی ئەخلاقی‌و حقوقی، ئیمانی ئایینی‌و تیۆرە زانستیەکان لەودا نەخشی سەرەکیان هەیە.

تیۆری برنشتاین یان گریمانەی ئەو بۆ سۆسیالیزم بەم شێوەیە ڕۆشن دەبێتەوە.

سۆسیالیزم پێویستی بەهاوتایی نێوان هێزە بابەتیەکان، کە دەبنە پشتیوان‌و پاڵپشتی، وکاری ئەو ئیرادەو ویستە خودی‌و زهنییەیانەیە کە پێویستی پێیانە.

٤- سۆسیالیزم وەکو بەرنامەی سیاسی‌و تیۆری چینێك، هۆکارێکی ناسازگار دەبێت لەگەڵ زانستدا.

کاتێك کە هەندێك لەسۆسیالیستەکان بانگەوازی ئەوەیان دەکرد کە رەخنە لەهەندێك لایەنی زانستی مارکسیزم هاوتایە لەگەڵ هێرش بۆ سەر مارکسیزم لەدیدگای سیاسی‌و لەئەنجامدا خیانەتە لەچینی کرێکار. برنشتاین وەلاّم دەداتەوە کە جیاوازی نێوان زانستو ئامۆژگارییە کۆمەلاّیەتی‌و سیاسیەکان ئەوەیە کە ئامۆژگارییەکان بیانەوێت وەکو مەیلێکی تۆتالیتار دەربکەون، چونکە قەڵمڕەوی زانست دەرگای بە ڕووی هۆکاری تازەو لێکۆڵینەوەی ئەو قەڵمڕەوە کراوەیە:

هەر کاتێك کە سۆسیالیزم لەهەوڵی ئەوەدا بێت تا لایەنی کردەیی بەو جۆرە بسەلمێنێ کە زانستێکی پوختە، دەبێت چاوپۆشی بکرێت لەوەی بیروڕاو دیدگای یەك چینو تەنها هێنانەدی ئامانجەکانی کرێکاران بێت [11]

لێرەوە پێشنیازی ئەوە دەکات لەجیاتی(سۆسیالیزمی زانستی) زاراوەی (سۆسیالیزمی رەخنەیی) بەکاربێت، بۆ ئەوەی سۆسیالیستەکان بتوانن تیۆری خۆیان سەرلەنوێ تازە بکەنەوەو بیخەنە بەرلێکۆڵینەوەو ئەزموونی نوێ.

## چەمكو تێگەیشتنی تەکامول

لەئەندێشەی مارکسو ئەنگلزدا تەکامول رێگرنیە لەشۆڕش. بەپێچەوانەوە برنشتاین بڕوای وایە کە تەکامول، پرسی شۆڕش وەکو پێشەکی پێویست بۆ سۆسیالیزم نەفی دەکاتەوە. دەڵێ:

ئەوەی کە بە (ئامانجی کۆتایی سۆسیالیزم) ناونراوە لەبڕوای مندا هیچ مانای نییە، بزوتنەوە هەموو شتێکە، مەبەستی من لەبزوتنەوە هەم جوڵەی گشتی کۆمەڵگایە، واتە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیو، هەم جوڵانەوەی سیاسیو ئابووریو رێکخراوەییە کە بەشێکە لەم پێشکەوتنە. (کۆمۆنیستەکان هەمیشە بەگاڵتەو جنێو باسیان لەم رستەی برنشتاین کردووە).

کۆمەڵگا لەگەشەو تەواوکاری بەردەوامدایە. بزوتنەوەی مێژوو بەجێگیربوونی سۆسیالیزم ناوەستێ، لەبەرئەوەی نابێت بیر لەکۆتایی مێژوو بکرێتەوەو مێژوو ناکۆتایە. "ئامانجی" کۆتایش هەر لەناو شەپۆلی تەکامولدایە، تەکامول بەشێك نییە لەدیالەکتیکی شێوەی هیگڵی. دیالەکتیکی دژەکانو نەفی نەفی چەمکێکی دابڕاوە. ئەو تێدەکۆشێ تا پێویست بوونی ئاڵوگۆڕ بخاتە جێگای ناچاربوونی شۆڕش.

رەوتی تەکامول بەشێنەیی بەقۆناغی سۆسیالیزم دەگاتو ئەمەش بەردەوام دەبێت. تەکامولو بڕوای لیبرالی بۆ پێشکەوتن لەئەندێشەی برنشتاین لەگەڵ یەك ئاوێتەن.

---

[11] لشك کولاکوفسکی، جریان های اصلی در مارکسیزم (جلد دوم)، ل ل ١٢٩ ـ ١٣٣.





ئەو بڕوای بەوە بوو کە هۆکارە مادییەکان لەسەردەمی ئێمە کاریگەری زیاتریان لەسەر تەکامولی کۆمەڵگا هەیە. [12]

ئەمڕۆ زانستەکان، هونەر، و بەشی سەرەکی لەپەیوەندی کۆمەڵایەتی کەمتر وابەستەن بەئابووری ئەگەر بەراورد بکرێن بەسەردەمەکانی پێشین. بۆ خۆپاراستن لەهەر بەدحاڵی بوونێك دەبێ بڵێین کە هەلومەرجی ئابووری ئەمڕۆ بەجۆرێکە کە هۆکاری ئایدیۆلۆژیکیو بەتایبەتی هۆکاری ئەخلاقی مەیدانێکی فراوانتری بۆ کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا هەیە.

بڕوای برنشتاین دێتە سەرئەوەی کە زۆر هۆکاری مادیو ئایدیۆلۆژی لەسەر مێژوو کاریگەرنو سەرەنجام برنشتاین بەهیچ جۆرێك بڕوا بەوەناکات کە هۆکاری مادیو ئابووری بۆ هێنانەدی سۆسیالیزم گرنگی زیاتریان هەبێت!

## ئەخلاق ( ئاکار )

هۆکاری ئەخلاقی لەتیۆری برنشتاین دا جێگای گرنگی هەیە. ئەمەش دوولایەنی هەیە:

١- بۆ تێگەیشتن لەهێنانەدی سۆسیالیزم، دەبێت کام بنەمای ئەخلاقی هەڵبژێرین؟

٢- کۆمەڵگای سۆسیالیستی دەبێت لەگەڵ کام لەبەها ئەخلاقیەکان هاوڕێ بێت؟

دەربارەی پرسیاری یەکەم تیۆری برنشتاین زۆر رۆشن نییە. دەپرسین ئەم تیۆرەیە کە (ویژدانی ئەخلاقیو تێگەیشتنی عەدالەت) دەکاتە تەوەری خۆی کە بەسۆسیالیزم دەگات، پشت بەکام بنەما دەبەستێ؟ ئەو لەسەرەتا هەندێك لەنووسینەکانی مارکسو ئەنگلس دەکاتە بەڵگە. بۆنموونە تیۆری زێدەباییو ئەو هەستەی کە لەوانەیە لەکرێکارانی چەوساوەدا پەیدابێ، دەخاتەبەر لێکۆڵینەوە. ئەگەر کرێکار بزانێ کە لەکرێی خۆیدا تەواوی بەهای کاری خۆی وەرناگرێ، هەستی سروشتی عەدالەتی ئەو بریندار دەبێت، چونکە لەبڕواو وێنای "بەها" دا توخمێکی ئەخلاقیو تێگەیشتنی

---

[12] ریچارد ساکوا، پساکمونیسم، ترجمەی محسن حکیمی، انتشارات آشیان، چاپ اول ١٣٨٥، ل ٢٧ ـ ٢٨.

یەکسانیو عەدالەت شاردراوەیە. برنشتاین بەو ئامانجە دەگات کە مارکسو ئەنگلس، بەبێ مەبەستی خۆیان، لەشیکردنەوەی زێدەبایدا، کۆمەڵێك لەهۆکاری ئەخلاقی دەخەنە تیۆری خۆیانەوە.

بەبڕوای برنشتاین هەژموونی ئەخلاقی کە کۆمەڵگا بەرەو سۆسیالیزم دەبات، لەماهیەتی قوڵی بزاڤە کۆمەڵایەتیەکانیش لەدایك دەبێ. و دەڵێ کە لەکاروانی مێژوودا "هیچ هەوڵو تێکۆشانێکی بەردەوامی جەماوەری بوونی نابێت ئەگەر لەگەڵ ئاراستەیەکی ئەخلاقی دا هاورێگا نەبێت". ئەم بۆچوونەش لێکۆڵینەوەی یەکێکە لەگریمانە سەرەکیەکانی برنشتاین سەبارەت بەپەیوەندی ئەخلاقو سۆسیالیزم. ئارەزووی تاکەکانی مرۆڤ لەسەرەتادا وابووە کە پرسەکانو شتەکان لەدیدگای باش یان خراپ دا ببینن. هەربۆیە پێویست ناکات زەحمەتی زیاتر بکێشین تابیسەلمێنین کە سۆسیالیزم لەپێداویستی مێژوویی کە بەشێکە لەئارەزووی سروشتی مرۆڤەکان، پەیدا دەبێ. "ئەوەی کە مرۆڤەکان بەرەو سۆسیالیزم رادەکێشێ، ئارەزووی سیستمی کۆمەڵایەتی عادیلانەترە، واتە سیستەمێك کە لەگەڵ ئارەزووی مرۆڤدا باشتر پیادە دەکرێ. بەلێکۆڵینەوەی ورد دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە لەسەدا نەوەدی پرسەکاندا، ئەندێشەی عەدالەت، دەستی بالای هەیە. و سەرەنجام هۆکاری ئەخلاقی لەهۆکارەکانی دیکە کەمتر شایانی گرنگی نییە. پرسی ئەخلاق سیمایەکی دیکەشی هەیە: لەبەرئەوەی کە ئەخلاق لەناو بەهاکاندا پەیدادەبێ، ئایا دەبێت لەناو کۆمەڵگای سۆسیالیستی ئایندەشدا بڵاوبکرێتەوە؟ ئەم پرسیارە زۆر مێشکی برنشتاینی بەخۆیەوە خەریك کرد، لەبەرئەوەی سۆسیالیستە هاوچەرخەکانی ئەو دەربارەی رەفتاری تاكو کۆمەڵ لەکۆمەڵگای ئایندەی سۆسیالیستی دا زۆر خۆشبین بوون. برنشتاین بڕوای وابوو، ئەمەش دەبێتە پایەی تێگەیشتنی ئەخلاقی ئەو، کە "ئەرك" و "کار" و "فرمان" دەبێت وەکو "ماف" و هەق لەکۆمەڵگای سۆسیالیستی دا وەکو یەکەمین بەهای ئەخلاقی بێت. بەڵام لەلای ئەو ئەوە دژوار بوو کە بزانێ بەچ شێوەیەك ئەوە زەمانەت بکرێ کە لەدەوڵەتی سۆسیالیستی دا هەموو هاوولاتیان ئەرکی خۆیان لەبەرامبەر کۆمەڵ، خۆبەخۆ ئەنجامی دەدەن. ئەم پرسە جۆرێك بوو لەبن بەست.





لەلای برنشتاین، وەکو سۆسیالیستەکانی دیکە، ئارەزووی ئەوەی هەبوو کە هەرچی زیاتر "توندوتیژی پاشەکشە پێکراو" لەکۆمەڵگادا سنووردار بکرێ. لەلایەکی دیکە هیچ زەمانەتێك نییە بۆئەوەی کە لەئایندەدا هیچ توندوتیژییەك پێویست نەبێت. کۆمەڵگا ناتوانێ لەبەرامبەر تاوانە گەورەکان، لەپەنابردن بۆ زۆرو ئیجبار خۆی بپارێزێ، بەڵام بەو رادەیەی کە تاکەکان، تەنانەت لەبواری ئابووریدا ئەگەر بەرپرسیاری خۆیان جێبەجێ بکەن لەتوندیو ئەندازەی ئەم ئیجبارە کەم دەبێتەوە.[13]

جێگای سەرسوڕمانە کە برنشتاین بەم فراوانیە لەدیدگاو بیروباوەڕەکانی، گرنگی نادات بەپرسێکی گرنگ کە ئەویش پەروەردەو بارهێنانی خەڵکە (ئەمەش لەتیۆرەکانی مارکسدا، سەرەڕای ئاموژگاریو ئاماژەی ناڕۆشن، بۆشاییەکی گەورەیە). بۆ رۆشنکردنەوەی ئەم پرسە دەبێت بڵێین دەربارەی پێکهاتەو سروشتی مرۆڤ، سێ تیۆری گرنگ هەیە:

هەندێك، وەکو رۆسۆ، سەبارەت بەسروشتی مرۆڤ گەشبینن. لایەنێکی دیکە ـ وەکو نیچەو شۆپنهاوەر، لەم بارەوە رەشبینو لایەنی سێ هەمیش لەناوەڕاستی لایەنەکانی دیکەدان. لەلێکۆڵینەوە تازەکان دەتوانین ئەوە پەیدابکەین، لەبەرئەوەی کە سروشتو پێکهاتەی مرۆڤ نەبەتەواوی تاریکەو نەیەکسەر رۆشن، بەڵکو چاکەو خراپە لەگەڵ یەك ئاوێتەن. ئەو رێژەیە چییە، کە تاریکەو جیاوازی ئەم بیروڕایانە دیاری دەکات؟ تەنها لەیەك زەمینەدا جیاوازییان نییە، ئەویش مەسەلەی پەروەردەیە، و هۆکاری ئەم پەروەردەیەش فەرهەنگەو مەرجی بوونی فەرهەنگی گونجاوو باش، بوونی ئازادییە.

لەم نێوانەدا، رەوتە تازەکانی مارکسیزم لەو بڕوایەدان کە تاهەموو خەڵك بەهرەمەندی نەبن لەهۆکارەکانی ژیان، هەمووشت وەکو ئەوان دەڵێن، لەگرەوو دەسەڵاتی رەشەبادایە.

[13] ترنس بال و ریچارد داگر، ایدە ئولوژی های سیاسی و ایدە آل دمکراتیك، برگردان: د. رویا منتظمي، نشر پیك بهار، چاپ اول ١٣٨٤، ل ل ٢٢٢ـ ٢٢٣.

بەڵام ژیانو خۆشگوزەرانی گشتیش، بەتەواوی چاکسازو ریفۆرم هێنەری مرۆڤ نابن، ئەگەرچی ئەم ژیانەش باشو خۆشگوزەرانیە گشتیەش زەمینەن بۆ پەروەردەی گشتی، واتە شتێك کە پێش ئەم بیروباوەڕانە تەنها لەدەستی کەمایەتیەکی سنورداردا بوون. ئەگەر خۆشگوزەرانی گشتی خۆی لەخۆیدا چاکساز بێت، دەبێت ئەوە بڵێین کە دەوڵەمەندانو خاوەن تواناکان فریشتەن. ئایا مرۆڤ دەتوانێت رۆژگارێك دواهەمین هێلانەی خراپەو بەدی لەپێکهاتەو سروشتی خۆیدا وێران بکات؟ دەبێت بەبێ ئەوەی کەتەنها لەچاوەڕوانی ئەو رۆژەدابین، ئەو هێلانەیە لەبونیادی خۆماندا وێران بکەینو بەتەواوی تواناوە بۆ هێنانەدی تێ بکۆشین!

نابێت چاوەڕوانی ئەوەبین، کە لەسیستەمی ئایندەدا، ئەرکو بەرپرسیاریو نیەتی باش هەرلەخۆوە لەناو تاکەکانداو لەزەمینەی ئابووریدا پەیدادەبن. یان وابزانین کە هەموو تاکەکان دیدگای گشتیو خێری هەموانیان دەوێت. لەوانەیە سۆسیالیزم بتوانێت هاوکاریو یارمەتیدەری ئەمەبێتو ئەم بارە گرانە ئاسان بکات، بەڵام نابێ لەمە زیاتر چاوەڕوانی زۆرمان لەو سیستەمەبێت، چونکە بەرپرسیاری تاکەکان تەنها بەشێکی پەیوەستە بەبنەمای گشتی کۆمەڵایەتیو بەشەکەی دیکەی بریتیە لەئازادی ئەوتاکانە. ئەم دوو پرانسیپە بەبێ یەك، مانای نابێتو شایانی بڕواکردن نین.

سەرئەنجام دەبێت لە زەمینەی ئەخلاقو "ئەرك" و "بەرپرسیاری" ناو تاك ئەوە بزانین کە دیدگای برنشتاین هاوسازە لەگەڵ تێگەیشتنی ئەو لەسۆسیالیزم. ئەو بەپێچەوانەی زۆرێك لەسۆسیالیستەکان بڕوای وانیە کە سروشتی مرۆڤایەتی بەخێراییو یەکسەر لەکۆمەڵگای سۆسیالیستی دا بەرەو چاکە دەچێت. هەرچەندە زەمینە بۆئەو خێرو چاکەیە فەراهەم دەبێت، بەڵام لەبەرامبەر لایەنی زەمەنیو خۆشبینی گشتی دا هاوڕانیەو بەدەربڕینێکی رۆشنتر، برنشتاین لەسنووری نێوان بەدبینیو خۆشبینی دا راوەستاوە.





## پرسە سیاسیەکانی سۆسیالیزم

پرسی سیاسی برنشتاین فراوانترە لەپرسە سیاسیەکانی ناو قەڵەمڕەوی سۆسیالیزم. بۆ ناسینی ئەم پرسە، دەبێت بۆ تیۆری ئەو دەربارەی "تەکامول" بگەڕێینەوە. کاتێك کە برنشتاین چەمکی تەکامول لەناو قەڵەمڕەوی سیاسیدا باسدەکات، یان دەیەوێت هاوجووتیان بکات، لەمانای مێژوودا دەست پێدەکات. بەبڕوای ئەو هەندێك گۆڕانکاری لەکۆمەڵگای ئێستادا (سەرمایەداری) ناچارییەو ئەم بڕوایەش، ئاراستەی زۆربەی تیۆری سیاسیو هۆشیاری ئەو دیاری دەکات.

بناغەی ئەندێشەی برنشتاین، ئەو بەرەو "شێنەیی گۆڕانەکان" بەرەو تەکامول رێنمایی دەکات، و سەرەتا لەشیکردنەوەی سەرمایەداری بەرەو ئەو گۆڕانە بەردەوامو شێنەییانە دەست پێدەکات، و پاشان بەرەو زەمینەی سیاسی دەبات. تا ئەوجێگایەی کە پەیوەندارە بە پرسە سیاسیەکانەوە، ئەم گریمانەیە کە گۆڕانکارییەکانی ئایندە شێنەییو بەردەوامن، دەبێتە پایەی سەرەکی بڕوای ئەو بە "ریفۆرمیزم" و تیۆری "چاکسازی خوازی". چەمکێك کە برنشتاین لەکاری سیاسی دەیخوازێ، و ئەم چەمکانەش بەسەختی پێکەوە وابەستەن. لەساڵی ١٩١٢ دەنووسێ: "رێبازی نوێخوازی پێداچوونەوە لەکاردا بریتیە لەپشت بەستن بەپێداویستیو ناچاری بوونی ریفۆرمەکان لەسیاسەتو ئابووری دا". و دەڵێت کە رەوتی بەردەوام لەکاری دیموکراتیدا هەرچەندە فراوانتربێت، زیاتر پێویست دەبێت. ئەوەش کە ئەم کارە دەکاتە پرسێکی پێویست، هێزەکانی مێژوویيو بابەتی نین، بەڵکو وادێتە بەرچاو کەمیللەتو نەتەوەکانی کۆمەڵگا مۆدێرنەکان بەشێوەی ناچاری خوازیاری دیموکراسیکردنی کاروبارەکانن، هەربۆیە لەڕێگای هێنانەدیدا تێ دەکۆشن. بەڵام سەرنجو دیدی پێداچوونەوە بەدیدگای نوێخوازی پێداچوونەوەی برنشتاین دەڵێت: لەدوای تێپەڕبوونی نزیکەی سەدەیەك لەم بیروڕایانە، تیۆرمەندانو رووناکبیران دەڵێن کە دیموکراسی لەگەڵ دوو رێگری گەورەدا روو بەڕووە:

یەکەم، سەرمایەداری گەورەو مەزن، هەروەکو رابردوو، لەپرۆسەی گەشەو تەکاملی خۆیدا نایەکسانیو بێ مافی زیاتر دەکاتو ئەم کارەش دیموکراسیکردن دژوارتر دەکات.

دووەم، سەرمایەداری بۆ پاراستنی رەوشو گەشەی کاری خۆی خوازیاری دیکتاتۆریو دوژمنی دیموکراسیە. لەم نێوانەدا لایەنگری دیموکراسی تەنها چینە بێ بەشەکانن، کە نەپارەیان هەیەو نەدەسەلاتو نەهۆشیاری. بەلاّم ئەوەی کە ئەم بۆچوونانە نارۆشنو گومرا دەکات راگەیاندنی دەزگاکانی سەرمایەدارییە.

برنشتاین بەبەردەوام بوونی تیۆری تەکامول بەو بڕوایە دەگات کەدەبێت دیموکراسی هەرچی زیاتر قەلّەمڕەوی سیاسەتو ئابووری پێکەوە گرێ بدات، و بەمەش پایەی تیۆری "دیکتاتۆری پرۆلیتاریا" بۆ بزاڤی سۆسیال دیموکراسی هەلّدەوەشێنێتەوە. ئەو لەسەر بناغەی تیۆری تەکامول، یەکێکی دیکە لەدیدگاو پێشەکیە سیاسیەکانی خۆی، کە خاوەنی گرنگیو کاریگەریی بونیادیە، دادەڕێژێ، و ئەمەش ئەوەیە کە سۆسیالیزم میراتگری سروشتیو رەواخوازی لیبرالیزمە. ئەنجامەکانی ئەم هەلّوێستەش چەند لایەنەیە. برنشتاین تائەو جێگایە دەڕواتە پێشەوە کە دەلّێت لەنێوان گەشەی پێشوو کەهی لیبرالیزمو گەشەی ئێستاو ئایندەی سۆسیالیزم ناکۆکی نابینێ. ئەو لەلۆجیکی ئەم تیۆرەیەو لەهاوڕای خۆی لەگەلّ گرنگی لەڕادەبەدەری تەکامول، بەچەند جارێك دەنووسێ کە دەبێت سۆسیالیستەکان تێ بکۆشن بۆئەوەی دیدگاو پێکهاتەی پارلەمانی بەرەو تەکامول بەرنو بیانکەنە ئەرکی سەرەکی بۆ تەواوی رەهەندەکانی کۆمەلّگا.

پەیوەست بوونی برنشتاین بەبنەمای پارلەمانی چەندین سالّ پێش ئەوەبوو کەبڕوا بەپێداچوونەوەو تازەکردنەوەی سۆسیال دیموکراسی. بهێنێ (واتە لەکۆتایی دەیەی ١٨٩٠)، دەستی پێکردو لەتەواوی ژیانیدا هیچکاتێك لەو وەفادارییە پارلەمانیە کەمکاری نەکردووە. ئەو لەسەر ئەو بنەمایەی کە تەکاملی سیاسی دەولّەتانی مۆدێرن لەئاراستەی دیموکراسیکردندا روو لەپێشەو، بڕوا بەوە دەهێنێ کە سۆسیالیزم راستەوخۆ لەسەر پایەکانی پارلەمانتاریزم بینادەکرێت.





## ئەنجامگیری

برنشتاین لەچوار سالّ پێش کاوتسکیو بیستو یەك سالّ زووتر لە روزالوکزمبورگ هاتە ژیانەوە، لەنێوان هەردووکیاندا درەخشانی تایبەتی هەبوو، ئەو هەرچەند خۆی بەتیۆرمەند نەدەزانی بەلاّم تاڕادەیەکی زۆر تەواوی خەوشو ناسازگارییەکانی ئەندێشەی مارکسی لەناو مارکسیزمدا خستە ڕوو، بەبێ ئەوەی لەم ئاراستەیەدا لاوازبێتو لەدوای کۆنەپارێزیدا ئەسیربێت.

یەکەم لەبەرئەوەی کە کاروانی مێژوو لەسەر بناغەی گۆڕانکارییو تەکامول دەبینێ، نەك لەسەر بناغەی شۆڕش. لەراستیدا ئالّوگۆڕە گرنگەکانی سەدە تازەکان هەر لەسەرهەلّدانی رێنیسانس تا بزوتنەوەی ریفۆرمی ئایینیو پاشان دەرکەوتنی سەردەمی رۆشنگەری، هیچکامیان بەرهەمی شۆڕش نەبوون. مێژووی گۆڕانی نەتەوەکان، و لەناویاندا نەتەوەکانی ئەوروپا، هەربەوشێوەیە لەکاروانی گۆڕانکاری کەمو زۆر ئارامدابوون. شۆڕشەکان بۆیە روویاندا لەبەرئەوەی کە هێزە کۆنەپەرستەکان لەبەرامبەر رووباری ئارامی تەکامول، بەنداویان دروست کردبوو. شۆڕشەکان ـ کە تەنها کاریان شکاندنی ـ ئەو بەنداوانە بوو پاشان رووبارەکان شەپۆلی تەکاملی خۆیان دەستپێکردەوە.

شۆڕشی مەزنی فەرەنسا بەهەموو گەورەیی خۆی کۆتایی بەسەلّتەنەتی دیکتاتۆری نەهێنا. دوو دیکتاتۆرو سێ شا لەدوای ئەو هاتن. ئەوەی کە ئازادی مەیسەردەکات، گەشەو تەکاملی ئەندێشەکانی سەردەمی رۆشنگەریی بوو. شۆڕشەکانی سالّی ١٨٤٨ ی ئەوروپا دیسان چەند سەدێکیان شکاندو پاشان بەرەو گەشە چوون. سەرئەنجام ئەوەی کە رێسایە، تەکامولەو شۆڕشەکان هەلاّواردنن. لەئالّمان شۆڕشەکان بنەمای جوتیاریو لەفەرەنسا بنەمای گشتی خەلّکیان هەبوو. بەریتانیا یەك شۆڕشی بینیو فەرەنسا چوار. تەواوی نەتەوەکانی ئەوروپا شۆڕشی لەوجۆرەیان نەبینی، بەلاّم ئەمڕۆ،

لەناویاندا سویدو دانمارك، بەبێ ئەو تەكانو شۆڕشانەش، پێشكەوترین وڵاتانی رۆژئاوان.

رەوتێكی دیكەی برنشتاین ئەوە بوو كە كۆتایهێنا بەو وێناو وەهمە خۆشبینیەی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ، كە دەبێت هەموو خەڵك لەم رێگایەدا پەیڕەوی لێبكەن. گرنگی پێشكەوتنی فكری برنشتاینو سەرسامی ئەو وێنایە بەجۆرێك بوو كەنیوەی فەیلەسوفانی فەرەنسا لەسەدەی بیستەمیشدا گرفتاری ئەو خەونە شیرینە بوون. ئەوكەسەی كەلەم وڵاتە كۆتایی بەم وەهمە هێنا، ئەلبێر كامۆ بوو.

برنشتاین بەهۆی ئەم دوو دۆزینەوەیە رێگای ریفۆرمی هەڵبژاردو هۆكارەكەشی بەدیموكراسی دەزانی، هەرچەند كە ئازادی لەلای ئەو ئامانجی بونیادی بوو، بەڵام حكومەتی پارلەمانی هۆكاری ئەم ئامانجە بوو. ئەو توندوتیژی وەكو مەرگەسات، و منالە ناشەرعیەكەی، جەنگی چینایەتی بەشومو كارەسات هێنەر دەناسی. (لەلای ئەو خەباتی چینایەتی حەقیقەتی هەیە، بەڵام دەبێت لەرێگای خەباتی پارلەمانیو گفتوگۆی سیاسیەوە چارەسەربكرێت).

چوارچێوەو قاڵب بەندی دابەشكردنی مرۆڤ بەشێوەی رووكەشی (بۆرژوا) و (پرۆلیتاریا)، دابەشكردنی "أنتزاعی" و "زۆر رۆمانتیك" و ناواقعیە.

سەری كێشایە ناو جیهانبینیە جیاوازەكانو لەهەریەكەیان شتێك فێر بوو، وەكو كۆمۆنیستەكانو كلیسا خوێندنەوەی ئەوانی بەكفرو زەندەقە نەدەزانی، ئەو شایستەیی بۆ لیبرالیزمی سیاسی هێنایەوە مەیدان، كە لەئەنجامی "توانای" بەلشەویكەكان بێ ئابڕوو كرابوو.

ئەو نەدەوڵەتی دەپەرستو نەبڕوای بەنەمانی بوو، بەڵكو بنەماكانی دیموكراسی بەدابینكەری ژیانی باشو تەكامول دەزانی. لەوانەیە ئەو یەكەمین كەس بووبێ كە حكومەتی بە بەڕێوەبەرێكی خراپی ئابووری زانیبێ. ئەگەر جیهان گوێی لەرێنمایی ئەو بگرتایە دووچاری دابەش بوونی خاوەندارێتی حكومەتی ـ تایبەتی نەدەبوو، ئەو هەموو كاتو سامانەش بەفیرۆ نەدەچوو.





ئەو لەبەرامبەر تیۆری كارەساتباری (دیكتاتۆری پرۆلیتاریا)، كەوەكو برینی سەرەتانی تەواوی بونیادە باشەكانی ماركسیزمی گەندەڵ كرد، دەستی دایە خەباتو دەنوسێ: "بۆچی دەبێت پرۆلیتاریا خوازیاری پاوانكردنی دەسەڵات بێت؟" و پاشان ئەو دەستكەوتە گرنگو پڕ بایەخەی بەدەست هێنا كە "سۆسیالیزم لەشیكردنەوەی كۆتایی دا، جگە لەپیادەكردنی دیموكراسی بەسەر هەموو لایەنەكانی ژیاندا، شتێكی دیكەنیە" واتە پیادەكردنی دیموكراسی لەئابوریدا (و ئابووریش قەڵای بەهێزی سەرمایەداریە).

برنشتاین لەسەردەمی بێ ئەخلاقیدا، ئەخلاقی بەهۆكارێكی گرنگی تەكامولی كۆمەڵایەتی دەزانیو سەرئەنجام تێكۆشا كە ماركس لەمینبەری پێغەمبەرایەتی بهێنێتە خوارەوە تا نووسینەكانی نەكرێن بەئایەتی پیرۆز. ئەگەر برنشتاین دڵنیایی لەگرنگی ئەندێشەو فەرهەنگیش دەكردەوە، لەبەرئەوە بوو یەقینی هەبوو كە ریفورمیستانی ماركسیزم، لەماوەی یەك سەدەو نیودا دەستكەوت یان رەوتی وەكو ئەویان نەزانیبوو.

هانا ئارێنت دەربارەی برنشتاین ئاوا ئەدوێ:

زۆر راستی بابەتی لەوتەكانی برنشتایندا شاراوەن. راستی لەوە دایە كە بانگەوازی ئەو حەقیقەتی هەیەو رەخنەكانی لەتیۆرەكانی ماركس بەتەواوی (هاوجووتە لەگەڵ واقع).

بۆچی سەدەی بیستەم پشتی كردە لۆجیكو قسەكانی برنشتاینو رووی كردە دوو دیكتاتۆری، مەتەڵێكە بۆ هەمووان.

كۆمۆنیزم وتەكانی برنشتاینی نەبیست، بەڵام (ئاكامەكەی بینی)!

# کارل کاوتسکی
# و
# مارکسیزمی ئەرسەدۆکس





## ژیاننامەو مێژووی خەباتو بەرهەمی

کارل کاوتسکی لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٨٥٤ لەپراگ لەدایك بووەو لە ١٧ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٣٨ لەئامستردام کۆچی دوایی کردووە. ئەو کەتەمەنی درێژی ٨٤ ساڵە ژیاوە، بەڵام لەتەمەنی ٢١ ساڵییەوە کە ئەو کاتە خوێندکاری زانکۆ بووە پەیوەندی کردووە بە پارتی سۆسیال دیموکراسی نەمسا. پاشان لەساڵی ١٨٨١ واتە لەتەمەنی ٢٧ ساڵیدا بەرەو بەریتانیا چووە. سەرەتا لەگەڵ ئەنگلسو پاشان لەگەڵ مارکس دیداری کردووە، کە زۆری نەخایاند بووە دۆستی ئەو دوانە. ماوەی مانەوەی لەبەریتانیاو پەیوەندی نزیکی لەگەڵ مارکسو ئەنگلس زۆر کاریان تێکردووەو ئەمەش تا کۆتایی ژیانی ماوەتەوە.

کاوتسکی لەساڵی ١٨٨٢ بڕیاردەدا کە بڵاوکراوەیەکی سۆسیالیستی دەربکاتو پاشان لەسەرەتای ساڵی ١٨٨٣ یەکەمین ژمارەی لەو گۆڤارە دەرکرد بەناوی (سەردەمی نوێ). کاوتسکی لەسەر وتاری ئەم ژمارەیەدا دەڵێ: ئامانجی (سەردەمی نوێ) ئەوەیە کە "لەخزمەتی مارکسیزمدا بێتو داکۆکی لێ بکاتو بەرەو گەشەو تەکامولی بەرێت". پاش دامەزراندنی ئەنترناسیۆنالی دووەم لەساڵی ١٨٨٩ (سەردەمی نوێ) بوو بە ئۆرگانی تیۆری ئەو رێکخراوە جیهانییە.

کاوتسکی لەساڵێ ١٨٨٧ لە لەندەن کتێبی (ئامۆژگارییە ئابوورییەکانی کارل مارکس)ی نووسیو ئەم بەرهەمە تا ساڵی ١٩٣٠، بیستو پێنج جار چاپکرایەوەو زۆر کەس لەرێگای خوێندنەوەی ئەم کتێبەوە لەگەڵ بیروباوەڕەکانی مارکس ئاشنا بوون.

حکومەتی ئەڵمانو لەسەردەمی کابینەی بسمارکدا، لەهەوڵی ئەوەدا بوو کە پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمان نابوود بکات، هەر بۆیە لەساڵی ١٨٧٨ دوو هەوڵی تیرۆرکردنی ئیمپراتۆری ئەڵمانیان دایە پاش ئەم حیزبەو پاشان بڕیارێکیان دەرکرد کە لەمێژوودا بە "بڕیاری ئاسنین لەدژی سۆسیالیستەکان" ناسراوە، بەم شێوەیە کارو خەباتی رەسمیو ئاشکرای سۆسیال دیموکراسیان لەئەڵمانیا قەدەغە راگەیاند. بەڵام لەهەمان کاتدا، بسمارك بۆ ئەوەی کە کرێکارانو زەحمەتکێشان لەحیزبی سۆسیال

ديموكراسى دوور بخاتـەوە، چـەند ياسايەكى دەركـرد لـەقازانجى كرێكـاران، كـە بريتـى بوون لەياساكانى بيمەى بێكارى، بيمەى نەخۆشـى، بيمـەى كارەسـاتەكان، بيمـەى كـەم ئەندامانو بيمەى خانەنشينى..... بەڵام ئەم هەوڵانە بـێ بەرهـەم بـوون، سـەرئەنجام كرێكاران هەر پشتيوانيان لە SPD دەكرد. ناكۆكى نێوان بسمارك‌و ئيمپراتـۆرى تـازە بووە هۆى ئەوەى كە بسمارك لەساڵى ١٨٩٠ لە راوێژكارى ئەڵمانيا وازبهێنـێ‌و دەستى لەكاركێشايەوە، هەر لەدواى ئەم رووداوە "ياساى ئاسنين" چيديكە كارى پـێ نـەكراو، وردە وردە فـەرامۆش كـرا، لەسـاڵى ١٨٩١ لـەكۆنگرەى SPD لەشـارى ئێرفـۆرت، بەرنامەو پەيڕەوێك پەسەندكرا كە لەلايەن كاوتسكى، برنشتاين‌و بيبـل نووسـرابوو. لەسـاڵى ١٨٩٢ كاوتسـكى (بەرنامـەى ئێرفـۆرت)ى چـاپكردو لەوێـدا گرنگـى بـوونى بەرنامەيەكى ئاشكراو رۆشن، وەكو پرانسيپێك باسكرابوو.

لـەدواى مـەرگى ئـەنگلز، كاوتسـكى‌و برنشـتاين، ئـەو دوو كەسـە بـوون كـە ميراتـى فيكرى‌و تيۆرى ماركس‌و ئەنگلسيان پـێدراو تەواوى ئەرشيفى ئەوان لەلايەن كچەكانى ماركسەوە تەسليم بەوان كرا.

كاوتسكى لەپاش مەرگى ئەنگلس، بە گەورەترين لێكۆڵيارى ماركسيزم دادەنرێ‌و لەم زەمينەيەدا خاوەن تواناو هەژموونى زۆر بوو لەناو حيزبەكانى سەر بە ئەنترناسيۆنالى دووەم، و ئەو بەهۆى ئەوەى كە چەند كتێب‌و بەرهـەمى گرنگـى نووسـى، ماركسـيزمى لەسنوورێكى فراوانتردا بڵاوكـردەوە. زانيـارى‌و هۆشـيارى فراوانـى ئـەو لەماركسـيزمدا وايكـرد كـە ئـەو لـەناو SPD‌و لەئەنترناسيۆناليشـدا وەكـو ناوەنـدى بڕيـارو تيـۆر بناسرێت. هەردوو باڵى راست‌و چەپى حيزب لەهەوڵى ئەوەدا بوون بەگەڕانەوە بۆ ئەو سياسـەتەكانى خۆيـان لـەناو حيزبـدا بەئـەنجام بگەيـەنن. بـەڵام ئـەو، لـەداكۆكى لەماركسيزمدا رەخنەى لەهەردوو باڵى راست (بەڕابەرايەتى برنشتاين)‌و چەپ (رابەرى روزا لوگزامبورگ) دەگرت‌و بەرامبـەريان خـەباتى دەكـرد. بەبـێ خـەباتى درەخشـانى كاوتسـكى خـەبات بەرامبـەر بـيروڕاى پێداچـوونەوەى برنشـتاين نـەدەكراو لەهـەمان كاتيشدا باڵى چەپ بەسەركردايەتى روزا لوگزامبورگ كەوتە بەر رەخنـەى كاوتسـكى‌و





ئـەو ئامادەنـەبوو كـە پشـتيوانى لەسياسـەتى سەرچـڵى لوگزامبـورگ بكـات‌و رۆژاش لەبەرامبەردا بە كاوتسكى دەوت (ماركسيستى رەسمى).

ئەو لەبەر رۆشنايى بنـەماكانى ماركسـيزم، لەسـاڵى ١٨٨٧ ژيـانى (تۆمـاس مـۆر)ى ئينگليزى نووسى كە يەكێك بوو لەپێشـڕەوانى سۆسـياليزمى يۆتـۆپى‌و پاشـان لەسـاڵى ١٨٩٥ مێژووى ( پێشڕەوانى سۆسـياليزمى نـوێ)ى چـاپكرد. بەرهـەمى نـاودارى ئـەو بەناونيشانى (پرسى زەوى) لەساڵى ١٨٩٩ داچاپكرا كە لەوێـدا بەرنامـەى چارەسـەرى زەوى سۆسـيال ديموكراسـى نووسـرابوو. ئـەم بەرهەمـە لەلايـەن زۆرێـك لەشـارەزايانى ماركسيزم وەكو بەشى چوارەمى سەرمايە باس دەكرێت.

كاوتسـكى لەهـەمان سـاڵدا لەخـەبات بەرامبـەر رێبـازى پێداچـوونەوەى برنشـتاين نووسراوەى (برنشتاين‌و بەرنامەى سۆسيال ديموكراسى) بڵاوكـردەوە. لەسـاڵى ١٩٠٢ لەپەيوەندى لەگەڵ هەلومەرجى روسيا "شۆڕشى كۆمەڵايەتى" نووسى. لەم بەرهەمەدا كاوتسكى داكۆكى لە (مانگرتنى جەماوەرى) دەكرد، بەڵام هۆشدارى ئـەوەى دەدا تـەنها كاتێـك دەتـوانين دەسـت بـۆ ئـەم كـارە بـەرين كـە يـەكێتى تـەواو لـەنێوان رێكخـراوە كرێكاريەكاندا هەبێت. لەساڵى ١٩٠٨ "بونيادەكانى مەسـيحيەت"ى نووسـى‌و لەوێـدا ئـەوەى رۆشـن كـردەوە كـە عيسـاى مەسـيحيش يەكێكـە لەپێشـڕەوان‌و سـەرەتا سـازانى سۆسياليزمى يۆتـۆپى، لەسـاڵێ ١٩٠٩ كتێبـى "رێگـاى بەدەسـت هێنـانى دەسـەڵات"ى نووسى، ئەم كتێبە وايكرد كە سەركردايەتى SPD‌و سەنديكا كرێكارييەكان بە توندى نەيار بن لەگەڵ ديدگاكانى كاوتسكى.

لەگەڵ دەستپێكى جەنگى جيهانى يەكـەم، كاوتسـكى ئامۆژگـارى فراكسـيۆنى SPD لەپەرلـەمان كـرد، تـەنها ئـەو كاتـە دەنـگ بـدەن بـە سياسـەت‌و بودجـەى جـەنگى، كـە ئيمپراتۆرى ئەڵمانيا بە ئاشكرا سوێند بخوات كە ئەو بودجەيە تەنها بۆ داكۆكى كردن لـەخاكى ئـەڵمانيا بـەكار دەهێنـێ، نـەك بـۆ داگيركردنـى خـاكى وڵاتـانى ديكـە. بـەڵام رابەرايەتى حيزب بڕياريدا كە بە هەموو شێوەكان دەنگ بە بودجـەى جـەنگ بـدەن‌و لەو كاتە بـەدواوە پەيوەنـدى كاوتسكى لەگـەڵ سـەركردايەتى SPD بـەرەو ئاسـتەنگ چوو. لەئاپريلى ١٩١٧ كاوتسكى‌و برنشتاين‌و بەشێكى ديكە بڕياريانـدا لە SPD جيا

ببنەوەو "پارتی سۆسیال دیموكراسی سەربەخۆی ئەڵمان" USPD یان دامەزراند. لەبەر ئەم كارە، سەركردایەتی SPD لەپاییزی ١٩١٧ كاوتسكی یان لەسەر نووسەری (سەردەمی نوێ) لابرد، لەو كاتەدا كاوتسكی لەتەمەنی ٦٣ساڵیدا بوو.

لەنۆڤەمبەری ساڵی ١٩١٨، كاوتسكی بە نوێنەرایەتی USPD بووە ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیو پاشان لەوەزارەتی دەرەوە بوو بە وەزیری راوێژكارو سەرۆكی (كۆمیسیۆنی كۆمەڵایەتی كردن). بەڵام لەدیسامبەری هەمان ساڵ USPD نەیتوانی لەهەڵبژاردنی پەرلەماندا سەركەوتوو بێتو بەم شێوەیە چالاكی پەرلەمانی كاوتسكیو كاری ئەو لەوەزارەتی دەرەوە تەنها چەند هەفتەیەكی خایاند. بەڵام بەهۆی ئەو بەڵگانەی كە دەستی كەوتبوون لەساڵی ١٩١٩ كتێبی (چۆن جەنگی جیهانی هەڵگیرسا)ی نووسیو لەهەمان ساڵیشدا لەپەیوەندی بە ئەنجامە نیگەتیفەكانی (كۆمسیۆنی كۆمەڵایەتی كردن)، نووسراوەی (سۆسیالیزەكردن چییە؟)ی چاپكرد.

لەدوای جەنگ، هەتا دەهات جیاوازیو نەیاری نێوان كاوتسكیو SPD كەم دەبووەوەو سەرئەنجام لەساڵی ١٩٢٠ SPD و USPD یەكیان گرتەوەو كاوتسكیش جارێكی دیكە بە SPD پەیوەست بوو.

سەبارەت بە بزووتنەوەی سۆسیالیستی روسیا، كاوتسكی هەمیشە داكۆكی لەهەڵوێستی مەنشەویكەكان دەكرد. ئەو پشتیوانی لەشۆڕشی شوباتی ١٩١٧ كرد كە بووە هۆی رووخانی ئیمپراتۆریای تزاریزم، بەڵام كاتێك بەلشەوێكەكان بە رابەری لینین لەئوكتوبەری هەمان ساڵدا دەسەڵاتیان بەدەستەوەگرت، لەم رووداوە زۆر وروژا بوو، ونووسی: "ئەمە یەكەمین جارە لەمێژووی جیهاندا كە پرولیتاریا تەواوی دەسەڵات لەوڵاتێكی گەورەدا بەدەستەوە دەگرێ". هەڵبەت ئەو لەهەمان نووسیندا ئەوەشی راگەیاند، كە لەروسیادا هەم دەكرێ كارەسات پەیدا بێو هەم ئەوەی كە پرۆلیتاریا بە باشترین ئەنجام بگات. بەڵام رووداوەكانی دوایی خێرا ئەوەیان ئاشكرا كرد، كە رێگای لینینو بەلشەویك، جگە لەگومڕایی شتێكی دیكە نییەو هەر بۆیەش خەباتی سەختی لەدژی لینینو حكومەتو دەسەڵاتەكەی راگەیاند. لەساڵی ١٩١٨ نامیلكەی (دیكتاتۆری پرۆلیتاریا)ی نووسیو لەوێدا سەبارەت بە تیۆرەكانی ماركس





ئەوەی رۆشن كردەوە كە ناتوانین خۆمان لەقۆناغە مێژووییەكان ببوێرینو هەر بۆیەش بانگەوازی لینین كە دەڵێ: شۆڕشی ئۆكتۆبەری روسیا، سۆسیالیزم دەهێنێتە دی، قسەیەكی درۆو پووچە.

لەساڵی ١٩١٩ وتاری (تیرۆریزمو كۆمۆنیزم)ی بڵاوكردەوە لەوێدا ئەوەی رۆشن كردەوە كە دەتوانین پەیوەندیو لێك چوونی زۆر لەنێوان دەوڵەتی لێنینو تروتسكیو حكومەتی رۆبسپێر بدۆزینەوە. بەڵام لەگەڵ دەسەڵاتی كۆمۆنی پاریسدا زۆرلێك دوورن. كۆمۆن هەموو هێزەكانی لەحكومەتدا بەشداركرد، لەكاتێكدا كە بەلشەویكەكان هەموو هێزەكانی تریان لەحكومەت وەدەرنا.

كاوتسكی لەسەر داوای حكومەتی مەنشەویكی گورجستان لەسپتەمبەری ١٩٢٠ چوو بۆ ئەوێو تا سەرەتای ساڵێ ١٩٢١ لەوێ مایەوە. ئەو دەربارەی ئەم حكومەتە ئەوەی نووسی كە لەگورجستان (كۆمارێكی جوتیاری سۆسیال دیموكراسی) پەیدا بووە. لەهەڵبژاردنی ساڵی ١٩١٩ سۆسیال دیموكراتەكانی گورجستان لەكۆی ١٣٠ كورسی، ١٢٠ كورسیان بەدەست هێنا، بەڵام لەساڵێ ١٩٢١ سوپای سوور بەفرمانی ستالین هێرشیان كردە سەر ئەم وڵاتەو حكومەتی یاساییو هەڵبژێردراویان سەرنگون كردو بەقسەی بەلشەویكەكان گورجستان (ئازاد) كرا. ستالین بۆ پاساودانی ئەم هێرشە ئەوەی باسكرد كە شۆڕش پێویستی بە سووتەمەنیو خۆراكی گورجستان هەیە. تروتسكی لەساڵی ١٩٢٢ لەنووسراوی (ئیمپریالیزمو شۆڕش) پشتیوانی لەم هێرشەی ستالین كرد بۆ سەر گورجستان.

كاوتسكی لەساڵی ١٩٢١ نووسراوەی (لەدیموكراسی تاكۆیلایەتی دەوڵەتی) نووسیو لەوێدا ئەوەی خستە روو كە ئابووری دەوڵەتی بەبێ دیموكراسی سەركەوتوو نابێ. ئابووری حكومەت بەبێ دیموكراسی واتە كۆیلەكردنی تەواوی چینی كرێكار لەژێر دەستی كەمایەتییەك كە دامودەزگای حكومەتیان كۆنترۆڵ كردووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، كاتێك قاتوقڕیو برسێتی لەدوای كۆتایی جەنگی ناوخۆ سەرانسەری روسیای گرتەوەو ملیۆنەها كەس لەخەڵكی روسیا كەوتنە مەترسی برسێتیو مردن، كاوتسكی

بەهاوكاری سۆسیال دیموكراتەكانی ئەڵمان چالاكانە كەوتنە كۆكردنەوەی كۆمەك بۆ خەڵكی روسیا.

كۆتایی هاتنی جەنگی ناوخۆیی روسیا، هاوكاتە لەگەڵ كەمكردنەوەی ئازادییەكانی خەڵك لەلایەن حكومەتی بەلشەویكەوە. لەساڵی ١٩٢١، بڵاوكردنەوەی هەموو رۆژنامەو بڵاوكراوە غەیرە بەلشەویكەكانیان راگرت. لێنین لەكۆنگرەی یازدەی پارتی كۆمۆنیست لەساڵی ١٩٢٢، لەوتاری خۆیدا رایگەیاند: "هەر كەسێك لەكۆبوونەوە گشتییەكاندا سەر بە مەنشەویك بێت، دەبێت لەلایەن دادگای شۆڕشگێڕانەی ئێمەوە تیر باران بكرێت". زۆری نەخایاند بەبڕیاری لێنین تەنانەت دروست كردنی فراكسیۆن لەناو خودی حیزبیشدا قەدەغە كرا. لەگەڵ فراوان بوونەوەی رووبەری تیرۆرو سەركوت لەسۆڤیەت، كاوتسكی لەساڵی ١٩٢٥، "ئەنترناسیۆنالو روسیای سۆڤیەتی" نووسیو لەوێدا رایگەیاند كە لەنێوان سۆسیال دیموكراسیو رژێمی بەلشەفیدا كە بووە بەرژێمێكی تیرۆریستی، هیچ روویەكی هاوبەش نییەو پەیداش نابێت. لەساڵی ١٩٣٠ "بەلشەفیزم لەبن بەستدا"ی نووسی كە شكستی حەتمی بەرنامەی دەست بەسەراگرتنو حكومەتی كردنی زەوی جوتیارانی روسیای لەلایەن ستالینەوە راگەیاندو پێشبینی ئەوەشی كرد كە پێشكەوتنی ئابووری روسیا بەندە بە لەناوچوونی دەسەڵاتی رەهای بیرۆكراسی لەبەرهەم هێناندا و بوونو فراوان بوونەوەی دیموكراسی لەكۆمەڵگا.

كاوتسكی لەساڵی ١٩٢٤ دەچێت بۆ ڤیەننا، لەساڵانی كۆتایی تەمەنیدا تەنها خەریكی كاری نووسینو لێكۆڵینەوە بوو. لەساڵی ١٩٢٧ "تێگەیشتنی ماتریالیستی لەمێژوو"ی نووسی كە دووبەرگو ١٧٨٦ لاپەڕە بوو. لەم نووسراوەیەدا كاوتسكی بەزمانی زانستی دەیەوێ هەڵوێستی فەلسەفی ـ ئابووری ماركسی رۆشن بكاتەوە.

لەگەڵ گەشەی فاشیزم لەئیتالیاو نازیزم لەئەڵمانیا، كاوتسكی ساڵی ١٩٣٢ كتێبی "جەنگو دیموكراسی" نووسیو لەساڵی ١٩٣٧ "سۆسیالیستەكانو جەنگ"ی نووسی لەساڵی ١٩٣٨ لەلایەن زۆربەی رابەرانی پارتە سۆسیالیستەكانی ئەوروپاوە كاندید كرا بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی نۆبڵ، بەڵام كۆمیتەی ئاشتی خەڵاتی نۆبڵ خۆیان لەم كارە نەگەیاند.





لە ٢٣ی مارسی ١٩٣٣ زۆرایەتی پەرلەمانی (رایخ) ئەڵمانیا یاسایەكیان بڕیاردا، كە لەو یاسایەدا رێگایان بە حكومەتی ئیئتلافی هیتلەردا بۆ چوار ساڵ (بۆ لەناوبردنی هەژاری خەڵكو حكومەت) مافی یاسادانانی هەبێت. فراكسیۆنی پەرلەمانی SPD دەنگی نەیاریان دا بەم یاسایە، بەڵام نەیانتوانی رێگا لەبڕیاردانی بگرن. لەماوەی مانگی مارس تا مانگی ئایار، كابینەی هیتلەر بەیاسا هەموو سەندیكا كرێكاریەكانی داخستو هەر بەهۆی ئەو یاسایانەوە، لەئەڵمانیا تەنها یەك حیزب، واتە حزبی (ناسیۆنال سۆسیالیستی كرێكاری ئەڵمان NSDAP) مافی كارو چالاكی هەبوو. بەم شێوەیە دیكتاتۆری هیتلەر سەرانسەری ئەڵمانیای گرتەوە. هیتلەر بوو بە "رابەری مەزن" جێ بەجێكردنی فرمانەكانی ئەو، بوون بە ئەركێكی نیشتمانی.

زۆری نەخایاند كە نازیزم لەنەمساش دەستی بەگەشەكردن كردو لە ١١ی مارسی ١٩٣٨ لەشكری ئەڵمان چووە ناو نەمساوەو لەهەڵبژاردنی ١٠ی نیسانی ١٩٣٨ لەسەدا ٩٩ی دەنگەكان خوازیاری پەیوەست بوونی ئەم وڵاتە بوون بە ئیمپراتۆریای ئەڵمانیا.

لە ١٣ی مارس، واتە دوو رۆژ دوای ئەوەی كە لەشكری هیتلەر نەمسای داگیر كرد، كاوتسكی بەهاوكاری سەفیری كۆماری چیك لەنەمسا، لەگەڵ هاوسەرەكەیدا لویزا لەنەمساوە دەچن بۆ پراگ. لەوێشەوە بۆ ئامستردامو لە ١٧ی ئۆكتۆبەری هەمان ساڵدا لەم شارە كۆچی دوایی كرد.

لویزا كاوتسكی لەدوای داگیركردنی هۆڵاند لەلایەن سوپای هیتلەر كرایە دیلی گەستابۆ (پۆلیسی نهێنی هیتلەر)و لەئابی ١٩٤٤ لەئۆردوگای كاری ئیجباری (ئاوشویتس) گیانی سپارد [1].

(١) تەواوی ئەم زانیاریانە لەسەر ژیانو خەباتو بەرهەمی (كارل كاوتسكی) لەكتێبی (كارل كاوتسكی، علیه لنینسم) مجموعەی مقالەها، ترجمەی منوچهر صالحی، نشر اختران، چاپ اول ١٣٨٣، ص ص ٢٣٠ ـ ٢٣٦، وەرگیراوە

## داکۆکی لەمارکسیزمو گۆڕینی روخسارەکەی[٢]

لەکۆتایی سالانی ١٨٩٠ بەشێکی فراوان لەپارتی سۆسیال دیموکرات لەتیۆرو گریمانە بونیادییەکانی مارکسیزمدا تووشی گومان بوونو رابەرانی حیزب، ئەو فەلسەفەیەیان خستە ژێر تیشکی رەخنەی بەهێزەوە. ئەم بزاڤە فیکرییە کە بە پێداچوونەوەو تازەکردنەوەی مارکسیزم ناسراوە، بیروڕاو تیۆرەکانی مارکسی لەم زەمینانەدا رەخنە دەگرت:

١- بەپێچەوانەی بەلگەکانی مارکس، ئاستەنگی ئابووری پرسێکی حەتمیو ناچاری نییە.

٢- گەشەی سەرمایەداری (لەرۆژئاوا) هۆکاری زیادبوونی هەژاریو نەداری بەردەوام نیە.

٣- تیۆری کۆبوونەوەو کەڵەکە بوونی سەرمایەیان رەت دەکردەوە.

٤- بەگەشەو پێشکەوتنی پیشەسازی، جیهان لەدیدی چینایەتییەوە نابێتە دوو چینیو دوو جەمسەریو چینی ناوەڕاست لەڕەوشی پێگەیشتندایە،

٥- ئەوانەی کە بەدبین بوون بە خەباتی چینایەتیو مارکسیزم تەنانەت دیدی شۆڕشی کرێکاریشیان وەلانا.

٦- سەرئەنجام بەوە گەیشتین کە سۆسیالیزم ئاکامی خەباتی چینایەتی نییە، بەڵکو پرسێکی ئەخلاقییە.

برنشتاین ئەم بیرانەی بەم شێوەیە کورت کردەوە:

[٢] وتاری Richard J.Geary لەکتێبی (تاریخ مارکسیسم معاصر) جلد ١، ص ٢٠٧ بەدواوە.





"ژمارەی جوتیاران کەم نابنەوە، چینی ناوەڕاست نابوود نابێت، ئاستەنگەکان توندتر نابن، هەژاریو کۆیلەیی (لەئەوروپا) لەزیاد بووندا نییە".

(ئایا مێژوو پشتیوانی لەم دیدگایانە نەکردووە؟)

ریفۆرم خوازان بە وازهێنان لەتیۆرەکانی مارکس دەیانوت کە دەبێت حیزبی سۆسیال دیموکرات لەگۆشەگیریو راوەستان رزگار بکەین. برنشتاین بە چاپکردنی دوو کتێب (پرسەکانی سۆسیال دیموکراسی، سۆسیالیزمی تەکامولی) لەم زەمینەیەدا پێشڕەو بوو. هەروەها برنشتاین، یەکەم کەس بوو کە توانی پایەکانی مارکسیزمی ئەرسەدۆکس بهەژێنێو سەرئەنجام رەخنەی تەواوی خۆی لەتیۆری مارکس بەیانکرد.

"من لەلای خۆمەوە بڕوام بەوە نییە کە لەئایندەی نزیکدا دەبێت چاوەڕوانی پاشەکشەی ئابووری بۆرژوایی بین، هەروەها بڕواشم بەوە نییە کە دەبێت سۆسیال دیموکراسی تاکتیکی خۆی لەسەر بناغەی ئاستەنگو کارەساتی کۆمەلایەتی مەزن پێناسە بکات کە بە دیدی مارکس روودانی ئەم کارەساتە نزیکە".

هەر لەم زەمینەیەداو چەند ساڵێك پێش برنشتاین، فریدریك ئەنگلس لەساڵی ١٨٩٥ بڕوای بەوەکرد کە تێزی "مانیفێستی کومونیست" ساڵی ١٨٤٨ کە لەسەر بناغەی شکستو پاشەکشەی خێرای سیستەمی سەرمایەداری دانرابوو، جگە لەوەهمێك شتێکی تر نەبوو هەروەها ئەوەش رادەگەیەنێ "مێژوو ئەوەی سەلماند کە ئێمە لەسەر هەق نەبووین".

سەرئەنجام برنشتاین لەدوای هاوئاهەنگو پوختەکردنی دیدگاکانی خۆی بەو ئامانجە دەگات کە نابێت مانەوەو نەمانی سەرمایەداری تەنها بەکاری پرۆلیتاریا دابنرێ. هیچ گەشەیەکی ئابووری ناچاری، سەرکەوتنی پرۆلیتاریا زەمانەت ناکات. بەپێچەوانەوە پەیمانی سۆسیالیستی، تەنها لەزەمینەو کاریگەری ئەخلاقی (واتە ویستو هەڵبژاردن) دایەو ئەنجامی شیکردنەوەی زانستیو حەتمی نییە.

برنشتاین دەیگوت کە مارکسیزم، کرێکاران گۆشەگیر دەکاتو، دەبێت حیزبی سۆسیال دیموکراسی بڕوای بە هاوکاری لەگەڵ لیبرالەکاندا هەبێت*.

کاوتسکی، لەدوای گومانی زۆر داکۆکی لەمارکسیزمی ئەرسەدۆکس خستە سەرشانی خۆی. پلیخانۆف زۆر بەتوندی رەخنەی لەم گومانە گرتو نووسی: "برنشتاین، دەبێت نابود بکرێ".

کاوتسکی کە دەیزانی برنشتاین نەخشی سەرەکی هەیە لەگەشەو فراوانکردنی مارکسیزمو، ساڵەها هەردوکیان هاوڕێو هاوکار بوونو برنشتاین لەم زەمینەیەدا زۆر شتی فێری ئەو کردووە (ئەو چوار ساڵ لەکاوتسکی گەورە تر بوو). بۆیە ئاسان نەبوو لەگەڵ دۆستو "مامۆستا"ی خۆی دەرگیر بێت! سەرئەنجام بەسووربوونی پلیخانۆفو روزا لوکزامبۆرگ دەستی کرد بە نەیاری ئاشکرای برنشتاینو هەموو تیۆرەکانی ئەوی رەت کردەوە، بەڵام هەر لەم زەمینەیەشدا کاوتسکی جۆرێك لەواقعو راستی بینی خۆی لەدەست نەداو دەیگوت رژێمی پەرلەمانی، لەوانەیە هەم لەخزمەتی بۆرژوازیو هەم لەخزمەتی پرۆلیتاریادا بێتو ئەمەش بەندە بە بیروڕای نوێنەرانەوەو ئەمەش یەکەمین زەمینەی "گومان"ی کاوتسکییە لەمارکسیزمی ئەرسەدۆکس، هەر بۆیە وتراوە بەو رادەیەی کە داکۆکی لەناوەڕۆکی مارکسیزم کرد، هەر بەو شێوەیەش ئاڵوگۆڕی زۆری کرد لەروخساری ئەو تیۆرو رێبازەدا.

ئەوەی کە روونو ئاشکرایە کە لێنینو لوگزامبۆرگ زۆر لەدژی برنشتاین بوون. لێنین لەبڕوای خۆیدا بەشێوەی گشتی هەموو هاوکاریو مامەڵەیەکی لەگەڵ لایەنگرانی ئایدیۆلۆژی "پیسی" پێداچوونەوە بە خراپ دەزانیو دەیگوت کە دەبێت ئەو "یاخی" یانە لەحیزب دەربکرێن، تەنانەت ئەگەر مەترسی دابەشبوونیش لەناو حیزبدا هەبێت. لوگزامبۆرگ لەگەڵ ئەم بۆچوونە نەیار بوو، ئەو خوازیاری رێکەوتن بوو بەڵام لەسەر بناغەی بەڵگەو راستی، رۆزا بە تیۆری "مانگرتنی گشتی" وەڵامی نەیاری بە برنشتاین دایەوە، لێنین شۆڕشی توندو تیژو سەربازی رادەگەیاند، کاوتسکیش داکۆکی لەشۆڕش

* لینین، هاوکاری لەگەڵ جوتیاراندا لەباری تاکتیکییەوە پەسەند کرد بەڵام حیزبی جوتیاری "سۆسیالیزمی شۆڕشگێڕ"ی نابود کرد. ئەو سەربازی دەویست نەك بیرمەندو رابەر.





دەکرد، بەڵام بەبێ توندو تیژی. ئەو دەیگوت: "هەوڵی بابەتیو زۆر گرنگی ئێمە بەرەو ئاراستەی کۆنترۆڵی دەسەڵات نییە، بەڵکو دەبێت بەرەو کۆنترۆڵی جەماوەر بێت". دروشمی بەردەوامی ئەو ئەوە بوو: "خەباتی ئێمە لەو رێگایە نییە کە شۆڕش بەرەو سامان بەرین، بەڵکو لەوەدایە کە خۆمان بۆ شۆڕش سامان بدەین".

لەباری تیۆرییەوە، هەروەها کاوتسکی بڕوای وابوو، کە دەبێت هێز Forceی خۆمان بۆ سەرنگونی دیکتاتۆریو هەژموون بەکاربهێنین، بەڵام بەردەوام ئەوەی زیاد دەکرد کە هێز پێویستی بە توندو تیژی Violence نییە. هێز لەوانەیە لەدەستی زۆرایەتیدا بێت، یان لەرێکخستنی باڵاو پێداویستی ئابووریدا بێت. بەڵام هەمیشە توندو تیژی لەدەستی کەمایەتیو لەقازانجی ئەواندا دەبێت.

کاوتسکی نەیدەویست وەکو مارکس پشت بەکارو هەنگاوی خەیاڵی ببەستێو "بۆ کەمایەتییەك فەرمانی کار لەبارەی ئاییندەوە" دەربکات. لەڕاستیدا بۆچوونی کاوتسکی دەربارەی شۆڕش هەمیشە دوو لایەنە بوو، هەر وەکو چۆن مەیلی ئەو بەرەو کاری شۆڕشگێڕانەش بوو، هەروەها بڕوای بە شۆڕش بوو بەڵام باسی ماهیەتی پرۆلیتری شۆڕشی نەدەکرد. بەڕۆشنی چەند جارێك ئەوەی نووسی بوو کە شۆڕش تەنها بەمانای شۆڕشی چەکداری نایەتو دەگوت: "شۆڕشی دیکەش هەبوون، جگە لەوانەی کە بە باروتو دینامیت روویانداا". بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، بەپێچەوانەوەی برنشتاین، ئەو بڕوای بەوەبوو کە دەبێت پرۆلیتاریا دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ.

هەڵوێستو داکۆکی کاوتسکی لەمارکسیزم زۆر بە سەختی لەژێر کاریگەری تیۆری تەکامولی داروینو شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەکانی ئەنگلسدا بوو، بەتایبەتی ئەو زۆر سەرسام بوو بەکتێبی (ئانتی دوهرنیگ) بەبڕوای ئەو ئەنگلس لەم کتێبەدا باسی تەواو راستی لەبنەماکانی بیروڕای مارکس کردووە، کە لەدیالەکتیکی خۆیدا بنەمای یاسایی گشتی تەکامولی سروشتو ئەندێشەو مێژووی ئاشکرا کردووە. لەبەر ئەوە بۆ بەدەستهێنانی تیۆری مێژووی مارکس باشترین شێوە بەکارهێنانی بنەماکانی پەیڕەوی داروینە بەسەر گەشەی گۆمەڵگادا. بەم شێوەیە کاوتسکی گەشەو بەردەوامبوونی کۆمەڵایەتیو مێژوویی لەڕوانگەی گەشەی سروشتەوە تەماشا دەکاتو بەشێوەی

ئـەنگلس هەڵوێستی پۆزەتیفیستی (ایجابی) لەئەندێشەی مێژوویی مـارکس پـەیڕەو دەکات. بەبڕوای ئەو، گەشەو بەردەوامبوون (تکامل) چەمکی سەرەکی هاوبەشی تیۆری داروین‌و مارکە [٣]. لەدیدگای پۆزەتیفیستی کاوتسکی دا، ئیکونۆمیزم (پەیڕەوی لەیاساکانی ئابووری)و دیترمینیزم (حەتمیەت) دوو بەشی سەرەکین لەتیۆری مارکسدا. ئەمـەش یەکـەمین بناغـەو هەڵوێستی پەیدا بـوونی مارکسیزمی ئەرسەدۆکسـە، کـە بێگومان لەم زەمینەیەدا کاوتسکی نەخشی سەرەکی‌و بەرچاوی هەیە.

کاوتسکی لـەکتێبی (دیـدگای ماتریالیستی بـۆ مێـژوو) دیسان دەست دەکاتـەوە بـە سـازدانەوەی تیـۆرە بـەجێماوەکانی مـارکس‌و ئـەنگلس، وەڵام دەداتـەوە بـە هەنـدێ لەگومانەکان‌و هەندێك لەنارۆشنییەکانیش روون دەکاتەوە. ئەگەرچی کاوتسکی بڕوای بەسـەربەخۆیی ویسـت‌و کـاری مـرۆڤ هەیـە، بـەڵام لەبناغـەدا دڵنیایـە لەنەخشـی هەلومەرجی بابەتی ئابووری، کـە دیاریکـەرو بڕیـاردەری ئاراسـتەو ماهیـەتی ویسـت‌و کـاری مرۆڤـە. مرۆڤـەکان لەهـەموو جێگایـەك خـەریکن بـەکاری جـەنگ‌و پەرسـتن‌و عیشقەوە، بەڵام جیـاوازی نێـوان بونیادەکـانی جـەنگی، ئـایینی‌و خێزانـی پابەنـدە بـە جیاوازی نێوان پێکهاتەکانی ئابووری ئەو کۆمەڵگایانەوە.

ئەوەی لەتەواوی دیدگاکانی کاوتسکیدا سەرنجی دەدەین کە ئەم تیۆرمەنـدو رابـەرە سۆسیالیسـتییە هەمیشـە جۆرێـك لـەدوالیزم (دوانـەیی) لەبیروڕاکانیـدا دەبینرێـت. لەلایەك ئامانج خوازەو لەلایەکی دیکە واقعییە. رووبەکی بڕوای ئەو بە شـۆڕش بـاس لەپێویست بوونی شۆڕش دەکات‌و رووبەکی دیکـەی ئەوەیـە کـە نابێـت شـۆڕش لەسـەر توندو تیژی‌و دیدگای سەربازی بنیات بنرێت. بـاس لەکاریگـەری بونیـادی ئـابووری‌و کۆمەڵایـەتی‌و سروشـتی‌و مێـژوویی دەکـات‌و لەهـەمان کاتـدا گەشـبینە بەرامبـەر بـە ویست‌و کاری ئایندەی مرۆڤ.

کاوتسکی لەنووسین‌و رێکخستنی بەرنامەی (ئێرفۆرت) لەساڵی ١٨٩١ نەخشی بەر چاوی هەبوو، کە لەو کۆنگرەو بەرنامەیـەدا حیزبـی سۆسـیال دیمـوکرات مارکسـیزمی

---

(٣) حسین بشیریه، اندیشەهای مارکسیستی ـ تاریخ اندیشەهای سیاسی درقرن بیستم، جلد اول، نشرنی، چاپ ششم ١٣٨٤ تهران، ل ل ٢٢ ـ ٢٨.





وەکـو ئایـدیۆلۆژی رەسمـی راگەیانـد. بەرنامـەی ئێرفـۆرت تیـۆری مێـژوویی مارکسـی دەربارەی رەوت‌و خواستی سەرمایە بۆ کەڵەکە بوون‌و کۆبوونەوە، پێداویستی مێژوویی گۆڕانی کۆمەڵگای بۆرژوایی‌و ئاڵوگۆڕی خاوەندارێتی تایبەتی بەرەو خاوەندارێتی گشتی هۆیـەکانی بەرهـەم هێنـان‌و سـەرئەنجام رزگـاری‌و ئـازادبوونی هـەموو مرۆڤایـەتی لەچەنگی خاوەندارێتی تایبەتی، تیا بڕیـار درابـوو. بـەڵام لەگـەڵ هـەموو ئەمانەشـدا، باسێك لەشۆڕش نەکرا وەکو هۆکاری بەدەست هێنانی ئەو ئامانجانە یان بۆ گەیشتن بە سۆسیالیزم. کاوتسکی لەم زەمینەیەدا تەنها دڵنیایی لەوە دەکرد کە (سۆسیالیستی یـان کۆمەڵایـەتی کـردن)ی خاوەنـدارێتی هۆیـەکانی بەرهـەم هێنـان تـەنها لـەڕێگای چینـی کرێکـارەوە دەبێـت. چـینی کرێکـاریش ـ لەدیـدگای کاوتسـکی ـ ناتوانێـت بەبـێ بەدەستهێنانی دەسەڵات، خاوەندارێتی هۆیەکانی بەرهەم هێنان بکاتـە مـوڵکی تـەواوی کۆمـەڵگا. کاوتسـکی پـێش نـەیاری خـۆی لەگـەڵ بەلشـەویکەکان، کۆمەڵایـەتی کردنـی هۆیـەکانی بەرهـەم هێنـانی بـەمانای سۆسـیالیزم دادەنـا، بـەڵام لـەدوای سـەرکەوتنی بەلشەویك‌و سەرهەڵدانی نەیاری‌و دژایەتی لەگەڵ لینین، کاوتسکی بڕوای بەوەهێنا کە سۆسیالیزم تەنها بە لەناوچوونی هەموو شێوەکانی ستەم‌و چەوسانەوە دێتە دی.

دەساڵ پێش بەرنامەی ئێرفۆرت کاوتسکی ئەوەی راگەیاندبوو: "کاری ئێمە سازمان دانی شۆڕش نییە.... بەڵکو سوود وەرگرتنـە لـەو خۆئامادەکردنـە" بـەم شـێوەیە ئـەو چەمکی شـۆڕش بـەمانای جیـاواز بەکاردەهێنـێ: بـۆ نموونـە لـە نـەیاری خـۆی لەگـەڵ پەیڕەوانی پێداچوونەوە دڵنیایی لەوە دەکات کـە حیزبـی سۆسـیال دیمـوکرات دەبێـت حیزبی شۆڕشی کۆمەڵایەتی بێت. (مەبەست لەشـۆڕش بـەمانای راپـەڕینی چـەکداری نییـە، بـەڵکو تـەنها بـەو مانایـە دێـت، کـە کاتێـك حیـزب دەسـەڵاتی سیاسـی بـە دەسـتەوەگرت، ئـەم دەسـەڵاتە بـە مەبەسـتی لـەناوبردنی شـێوازی بەرهـەم هێنـانی سەرمایەداری بەکاربهێنـێ)و کاوتسکی زۆرجار بڕوای بەوە بوو کە سۆسیال دیموکراسی لەڕێگای خـەباتی سیاسـی‌و یاسایی‌و پەرلـەمانی‌و جەماوەرییـەوە دەتوانێت دەسـەڵات سیاسـی بەدەسـت بهێنـێ‌و مێـژووش زۆرجـار ئـەم دیدگایـەی سـەلماندووە. هـەر لـەم بارەیەشەوە ئەنگلس لەساڵی ١٨٩٥ لەپێشەکی خۆی بـۆ کتێبـی (خـەباتی چینایەتی

لەفەرەنسا)ی مارکس دەنووسێ: "کاری ئێمەی شۆڕشگێڕان، هەڵگێڕانەوەی هەلومەرجی ئێستایە بەڵام لەڕێگاو ڕەوشی یاسایی، نەك ڕەوشی نایاسایی. ئەمەش داکۆکی کردنە لەشێوەی خەباتی یاسایی‌و پەرلەمانی، بەئاراستەی شۆڕش‌و گۆڕانکاری".

کارل کاوتسکی هەتا کۆتایی ژیانی بڕوای بەم دوو پێکهێنەرەی شۆڕش‌و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی هەبوو (لەڕێگای خەباتی سیاسی‌و یاسایی‌و کۆمەڵایەتی)و هەتا مردنیش ئامۆژگاری سۆسیال دیموکراسی بەم شێوەیە دەکردو مێژووش زۆرجار ئامۆژگاری‌و هۆشدارییەکانی کاوتسکی سەلماندووە. نەزانین‌و دەرك نەکردنی لایەنی شۆڕش‌و ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی لەلایەن سۆسیال دیموکراسی ئەوروپایی‌و دەست نەبردن بۆ دەسەڵاتی سیاسی (بەشێوەی کاوتسکی‌و ئەنگلز لەساڵی ١٨٩٥)، وایکرد کە سۆسیال دیموکراسی گەورەترین هەلی مێژوویی لەئەوروپا بەگشتی‌و لەئەڵمانیا بەتایبەتی لەدەست بدەن‌و ئەمەش یەکێکە لەهۆکارەکانی بەهێزبوونی باڵی ڕاست‌و دەسەڵات‌و سەرمایەداران‌و سەرئەنجام سەرهەڵدانی جەنگی جیهانی یەکەم.

کاوتسکی لەساڵی ١٩٠٩ پێشبینی ئەوەی کرد کە سێ لەسەر چواری خەڵکی ئەڵمانیا دەنگ بەحیزبی سۆسیال دیموکرات دەدەن. و ئەرکی ئەم حیزبە بەبڕوای ئەو هۆشیاری کردن‌و ئاگادارکردنەوەی چینی کرێکارە بەرەو پێداویستی‌و ناچاربوونی شۆڕشی کۆمەڵایەتی بەڵام ئەمە بەمانای ئەوە نییە کە حیزبی سۆسیالیست‌و کرێکاران دەست بۆ کاری توندو تیژی‌و ڕاپەڕینی چەکداری ببەن، کە لەوانەیە ئەم کارانە دەسکەوتەکانی کە تا ئێستا بەدەستمان هێناون بخەنە ناو مەترسی. بەبڕوای کاوتسکی خەباتی پرۆلیتاریا لەدژی سەرمایەداری خەباتی درێژخایان بەرەو گەشەیەو بەشێوەی ڕاپەڕینی کورت خایان‌و ناگەهان نایەتە دی. ئەوەی کە لەم دیدگایەدا گرنگەو تا ئێستا بزاڤی سۆسیالیستی‌و کرێکاری لەجیهاندا پەیڕەوی لێ نەکردووە، ئەوەیە کە سۆسیال دیموکراتەکان لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا نەیان توانی خۆیان لەدیدگای ڕیفۆرمیزمی (تەنها) دەرباز بکەن‌و کۆمۆنیستەکانیش بەردەوام ئەسیرو دیلی ڕاپەڕینی ناگەهان‌و کورت خایان بوون. هەردوو لایان (سۆسیال دیموکراسی‌و کۆمۆنیزم) لەم لۆجیکە مارکسی‌یە تێنەگەیشتن کە دەبێت لەلایەك ئامانج خوازو لەلایەکی دیکە واقعی بین.





کاوتسکی‌و ئەنگلس لەم زەمینەیەدا یەکەمین کەسانێکن کە باش لەم لۆجیکە شارەزا بوون، بەڵام لەئەوروپای ڕۆژئاوا هێز لەلای باڵی ریفۆرمیستی سۆسیال دیموکراسی‌و لەروسیاو ڕۆژهەڵات لەلای باڵی سەرچڵ‌و توندو تیژی سۆسیال دیموکراسی بوون، کە هیچیان هەردوو پێکهێنەرە گرنگەکەی مارکس‌و مارکسیزمی ئەرسەدۆکسیان لانە بوو.

بەهەرحاڵ بەبڕوای کاوتسکی مەترسیدارترین سەردەم بۆ دەسپێکی خەباتی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات، هەلومەرجی دوای کۆتایی جەنگەو جەنگیش (ناعەقڵانی ترین) هۆکارە بۆ دەست پێکردنی شۆڕش، چونکە لەم هەلومەرجەدا ژمارەیەکی زۆر تەنگوچەڵەمەو کێشەی کۆمەڵایەتی‌و نائارامی‌و نائاسایشی سیاسی دێنە دی. هەر لەم زەمینەیەدا دیسان دوالیزمی مرۆڤانەی کاوتسکی درەخشان دەبێت، ئەو لەلایەك پابەندە بە ئامانجی شۆڕشی کۆمەڵایەتی‌و گۆڕانی ئابووری لەخاوەنداریێتیدا، و لەلایەکی دیکە ئاشتی خوازە (لەدژی کاری چەکداری‌و پەلاماردان). شۆڕشی کاوتسکی شۆڕشی درێژخایەن‌و ئاشتی خوازە لەڕێگای خەباتەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی‌و جەماوەری‌و یاسایی. هەر بەم بۆنەیەوە زۆر چاکە باس لەوە بکەین کە سۆسیال دیموکراسی بە هێزو خاوەن توانای جەماوەری‌و سیاسی‌و سەندیکایی لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا بە تەواوی دەستی لەکاری شۆڕش‌و ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی شتبوو، کۆمۆنیزمی لاوازو خاوەن ڕێکخراوی شۆڕشگێڕانی کارامەو پیشەیی بەردەوام لەهەوڵی شۆڕش‌و پەلامارو تۆڵە سەندنەوەدا بوون، هەموو ئەمانەش لەسەردەمی جەنگ‌و لەزمینەی دوای وێرانی‌و ئاشووبی جەنگا.

## دیموکراسی‌و شۆڕش[٤]

کاوتسکی زۆر بەتوندی لەگەڵ دیدگای لینین "وێرانکردنی دەزگای حکومەت" دژ بوو، ئەو بڕوای بە لەناوبردنی دامودەزگای دیموکراسی نەبوو، بەڵکو دەیگوت کە دەبێت دەسەڵاتی دیکتاتۆری ئیمپراتۆری ئەڵمان کۆتایی پێ بێت. هەوڵی بێ پایان تەنها

[٤] مصطفی رحیمی، مارکس‌و سایەهایش بابەتی کارل کاوتسکی (کتاب دوم، بخش دوم) انتشارات هرمس، چاپ اول ١٣٨٣، ل ل ١٨٧ ـ ١٨٩

بریتییە لەگەشەو تەواوکردنی شۆڕشی (بۆرژوایی)و شکست خواردووی ساڵی ١٨٤٨.
ئەمەش جۆرێکی دیکەیە لەدەربڕینی کاوتسکی بۆ دیدگای مارکس "کە دەبێت شۆڕشی سیاسی دیموکراتی بەرەو شۆڕشی کۆمەڵایەتی سۆسیالیستی ببڕێت". لەلای کاوتسکی شۆڕش بۆ ئەڵمانیا زۆر پێویست بوو "کە زیاتر مەبەستی لەهێنانە دی دیموکراسی راستەقینە بوو، نەك هێنانەدی سەردەمی زێڕینی سۆسیالیستی".

ئەو زۆر بەئاشکراو پەیگیرانە بڕوای بەشۆڕشی بێ توندو تیژی هەبوو، کە دەتوانێ لەئاییندەدا سۆسیالیزم لەئەڵمانیا بهێنێتە دی، شۆڕشێکی ئارام "بۆ هێنانەدی ئەوەی لەباکووری دەریای مانشدا هەیە". لەنۆڤەمبەری ١٩١٨ی ئەڵمانیا، کاوتسکی بەو ئامانجە گەیشت کە پرۆلیتاریا دەتوانێ لەم وڵاتەدا لەڕێگای سیاسیو ئاشتییەوە بگاتە سەر دەسەڵات، چونکە ئەم شۆڕشە دەسەڵاتو هەژموونی پەرلەمان جێگیر دەکات. ئەم شۆڕشە کە لەدوای شکستی ئەڵمانیا لەجەنگی یەکەم روویدا، ویلهلم ئیمپراتۆری وڵات بەرەو هۆڵاند رایکردو پاشان باڵی راستی حیزبی سۆسیال دیموکرات حکومەتیان دامەزراند. کاوتسکی ئەوەی نووسی کە شۆڕشی ١٩١٨ هەلومەرجی سیاسی ئەڵمانیای بە تەواوی گۆڕیوەو هەرچەندە هەموو ئەوەی کە ئێمە دەمانەوێ بەدەست نەهاتووە لەبەر ئەوەی لەدوای جەنگێکی مەترسیدارەوە روویدا، جەنگێك کە هەموو پرۆلیتاریای دابەشکردووەو ژیانی خەڵکی بەرەو مەترسیو کوشتار بردووە. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە شۆڕش هەندێك کارو چاکسازی کردووە. بەتایبەتی کە دەسەڵاتی شاهانەی میلیتاریستی نابود کرد، کە ئەمەش گرنگترینو دژوارترین ئامانجی حیزبی ئێمە بوو. شۆڕش هەلومەرجێکی تازەی بۆ پرۆلیتاریا هێناوەتە دی، زەمینەیەکی تەواو نوێ بۆ خەباتی سیاسیو ئابووری، هەروەها پەیوەندیو هاوسەنگی تازەشی لەهێزەکاندا فەراهەم کردووە.

بەبڕوای کاوتسکی هەر چەندە توندوتیژی بۆ سەرنگون کردنی دەسەڵاتی سەڵتەنەتی سەربازی پێویستی بوو، بەڵام لەبەرامبەر حکومەتی پەرلەمانیدا بێ سوودە. چونکە دامودەزگا دیموکراتیەکان، بەتایبەتی پەرلەمان، بەو ئەندازەیە گەشەو پێشکەوتوو دەبن کە "بۆ رزگاری کرێکاران، هەر ئەوەندەی کە هێزی پێویست بەدەست





بهێنن، بەوەو کاری خۆیان دەچن". ئەم هەڵوێستە دوو لایەنەیەی کاوتسکی لەبەکارهێنانی توندو تیژیو راپەڕینی چەکداری لەدژی دەسەڵاتی ئیمپراتۆرو لەبەکارنەهێنانو قەدەغەکردنی لەبەرامبەر پەرلەمانو دیموکراسی پابەندبوونی ئەرسەدۆکسیانەی ئەوە بەوتەکەی مارکس لەکۆنگرەی ساڵێ ١٨٧٢ی ئەنترناسیۆنالی یەکەم لەشاری لاهای: "دەبێت کە یاساو دابونەریتەکانی وڵاتان لەبەرچاو بگرینو بەو پێییەش خەبات بکەین. نابێت نکۆڵی لەوە بکەین کە وڵاتانێك هەن وەکو بەریتانیا، ئەمریکاو تەنانەت هۆڵاند کە لەوێ کرێکاران لەوانەیە بتوانن لەڕێگای ئاشتی خوازانەوە بە ئامانجەکانی خۆیان بگەن، بەڵام ئەم بڕوایە بۆ هەموو وڵاتان راست نییە".[٥]

ئەم هەڵوێستەی ساڵی ١٩١٨ لەگەڵ دیدگاکانی کاوتسکی لەساڵانی ١٨٨٠ ـ ١٨٩٠ ناکۆك نییە. لەراستیدا ئەو لەبەرامبەر برنشتاین دڵنیایی لەوە دەکرد، کە شۆڕش بۆ لەناوبردنی دەسەڵاتی دیکتاتۆری ئیمپراتۆرو هێنانەدی سیستەمێکی بەراستی دیموکراسی پێویستە، پاشان پرۆلیتاریا دەتوانێ بەشێوەی خەباتی سیاسیو ئاشتی بەدەسەڵات بگات. لەساڵی ١٨٩٨ ئاوا دەنووسێ:

برنشتاین دەڵێت کە ئێمە دەبێت لەسەرەتادا دیموکراسی بەدەستبهێنن، تا بتوانین بەشێوەی بەردەوام پرۆلیتاریا بەرەو دەسەڵات رابەری بکەین. بەڵام بەبڕوای من بە تەواوی بەپێچەوانەی ئەم دیدگایە راستە: سەرکەوتنی پرۆلیتاریا مەرجی پێشەکییە بۆ سەرکەوتنی دیموکراسی.

لێنین بە سەرنجدان لەم وتانە دەیگوت کە کاوتسکی بڕوای "بەشۆڕشی بێ شۆڕشە"، چونکە ئەو (واتە لینین) شۆڕشی بێ توندو تیژیو خوێن رێژی بە مەحاڵ دەزانێ. لەکاتێکدا کاوتسکی دەیزانی کە بوونی مافەکانو دیموکراسیو ئازادی بۆ سەرکەوتنی چینی کرێکار پێویستن. هەروەها دەیگوت کە پرۆلیتاریا. دەتوانێ ببێتە خاوەن ئەزموونی بەهێزو فراوان لەخەباتی بەدەست هێنانو بەرەسمی ناسینی مافە دیموکراتیەکان، لەبەشداری لەحکومەتەکانو بەرەسمی ناسینی هەموو ئەمانە لەلایەن

---

(٥) حسین بشیریە ، ھ ، س ، پ .

دەوڵەتەکانەوە. دیموکراسیو ئازادی بیروراو چاپەمەنی لەکاتی خەباتدا، باشترین هەلومەرجو توانای شیاوی کۆمەڵگای سەرمایەداری بۆ چینی کرێکار فەرهەم دەکەن. تا بەو هۆیەوە بتوانێ هێزو کاریگەری خۆی هەڵبسەنگێنێو هاوسەنگی هێزو بەرامبەربوونی سەرمایەدارانو کرێکاران لەرێگاو لەماوەی خەباتی هەڵبژاردنو پەرلەمانی بە رۆشنی دەردەکەونو خەباتی چینایەتی دەکەنە شێوەیەکی "شارستانی" لەخەبات، و پێویستی پەنابردن بۆ توندو تیژیش ناهێڵێ.

## سۆسیالیزمو دیموکراسی(٦)

لەلای کاوتسکی ئامانجی سەرەکی شۆڕشی سۆسیالیستی ئازادی سیاسی، یەکسانی ئابووریو عەدالەتی کۆمەڵایەتییە. تەنها بەدەست هێنانی دەسەڵات لەلایەن زۆرایەتی خەڵکەوە، واتە پرۆلیتاریا زەمینەی هێنانەدی ئەم مافو نیازانە فەراهەم دەکرێت. بەم مانایە شۆڕشی کرێکاری شۆڕشێکی ئەخلاقیو ئیرادەگەرییەو ناتوانرێت ئاکارەکانی پرۆلیتاریا لەئامانجەکانی جیابکرێنەوە. کاوتسکی هەرچەندە لێرەشدا کاریگەری زەمینەو هۆکاری ئابووریو مێژوویی لەبیرناچێت، بەڵام دڵنیامان دەکاتەوە لەنەخشو هێزی ئامادەیی پێگەیشتنی هۆشیاری سۆسیالیستی، هەمیشەش رەخنە لەبێ سەبری شۆڕشگێڕانە دەگرێتو تەنانەت لەو کاتانەشدا کە ئامۆژگاری بۆ شۆڕشو شۆڕشگێڕی دەکات. بەبڕوای ئەو هیچ هەلومەرجێکی سیاسیو ئایدیۆلۆژی بەبێ بوونی بونیادەکانی ئابووری شایانی بەردەوام بوون نین. هەر لەو بارەوە ئەو جیاوازی دەکات لەنێوان ئەو حیزبو لایەنانەی کە (دەکەونە هەڵوێستی) شۆڕشگێڕانەو ئەو حیزبانەش کە لەپێناوی بەدیهێنانی شۆڕشدا تێدەکۆشن ئەو دەڵێت: "من دەزانم کە ئامانجی ئێمە لەرێگای شۆڕشەوە دێتە دی. بەڵام هەر بەو پێیەش سوورم لەسەر ئەوەی کە بەدەست هێنانی ئەم شۆڕشە بەهەمان ئەندازە لەدەرەوەی سنووری توانای ئێمەدایە، هەروەکو

(٦) حسین بشیریە، اندیشەهای مارکسیستی، نشرنی، چاپ ششم ١٣٨٤ تهران ل ل ٢٩ ـ ٣٢.





چۆن نەیارانی شۆڕش ناتوانن بۆ هەمیشە جڵەو گیری لێبکەن، واتە هەر بەو ئەندازەیەش لەدەرەوەی دەسەڵاتی یارانی شۆڕشدایە".

یەکێك لەبنەما گرنگەکانی بیروڕای کاوتسکی، بڕواکردنە بەوەی کە سۆسیالیزمو دیموکراسی لەیەك جیا نابنەوە. هەرچەندە مارکسو ئەنگلس هەندێك جار ئاگاداریو هۆشیاری ئەوەیان دەدا کە نابێت سۆسیالیزمو دەوڵەتی کردنی ئابووری وەکو یەك تەماشابکرێت، بەڵام کاوتسکی زۆر بەرۆشنی وەکو یەکێك لەبنەماکانی تیۆری خۆی راگەیاند. لەم بڕوایەدا سۆسیالیزم جۆرێکە لەبەڕێوەبردنو رادەی بەشداری کرێکارانە لەدیاریکردنی ئامانجەکانی ئابووریو ئازادی سیاسیو کاری سەندیکاو یەکێتییە کرێکاریەکان. سۆسیالیزم بە مانای خۆشگوزەرانیو ئازادییە بۆ هەموو کەس. هەر کاتێك خۆماڵی کردنی ئابووری ئەم ئامانجانەی هەبێت، دەبێت داکۆکی لێ بکەینو ئەگەر واش نەبوو دەبێت لەدژی بووەستین. دیموکراسی کورتترینو دڵنیاترین رێگاو کەم خەرج ترین رێگایە بۆ هێنانە دی سۆسیالیزم ئەو لەساڵی ١٩١٨ و لەکتێبی (دیکتاتۆری پرۆلیتاریا) دەنووسێ:

"لەدیدگای ئێمەدا سۆسیالیزم بەبێ دیموکراسی هەرگیز نابێت، مەبەست لەسۆسیالیزم تەنها سازمانی کۆمەڵایەتی بەرهەم هێنان نییە، بەڵکو رێکخستنو سازکردنی دیموکراتیکی کۆمەڵگاشە، سۆسیالیزم بەبێ دیموکراسی مومکین نابێت".

خەباتی کاوتسکی لەزەمینەی دیموکراسیدا دوو سەردەمی گرنگ بەخۆوە دەبینێ، یەکەم سەردەمی خەباتی ئەو بەرامبەر رێبازی پێداچوونەوەی برنشتاین، کە دیموکراسی بەباشترین رێگا دەزانی بۆ ئامادەکردنی پرۆلیتاریاو بەدەست هێنانی ئەزموونی سیاسی لەپێناوی شۆڕشی ئایندەدا. بەڵام قۆناغی دووەمی بیروڕاو دیموکراتیکی کاوتسکی لەخەبات لەدژی لینینو بەلشەویزم دەست پێدەکات. لەم سەردەمەدا کاوتسکی بڕوای وایە کە دیموکراسی ئامانجی گرنگو کاریگەرە بۆ سۆسیالیزم. هەر بۆیەش نەیار بوو لەگەڵ گواستنەوەی دەسەڵاتی حکومەتی کاتی بۆ شوراکانو کاوتسکی دڵنیایی لەسەر هەڵبژاردنو ئازادی سیاسیو فرەیی حیزبەکانو بیروڕاکان دەکردەوە هەروەها شۆڕشی ئۆکتۆبەری روسیا وایکرد کە کاوتسکی

لێکۆڵینەوەو بیرکردنەوەی تازە سەبارەت بە چەمکی (دیکتاتۆری پرۆلیتاریا) بکاتەوە. ئەو بەپێچەوانەی بەلشەویکەکان، باسی لەوە دەکرد کە دیکتاتۆری پرۆلیتاریا لەراستیدا دیموکراسی بەهێز دەکاتو دەبێت لەسەر بناغەی دەسەڵاتی زۆرینەی خەڵك دامەزرابێ. بەبڕوای ئەو دیکتاتۆری پرۆلیتاریا جگە لەجێگیرکردنی پەرلەمانێکی بەهێز کە لەوێدا سۆسیالیستەکان زۆرایەتی دەنگیان هەبێت، شتێکی دیکە نییە. هەر وەکو چۆن مارکس سەبارەت بە کۆمۆن وتبووی کە دیکتاتۆری پرۆلیتاریا نوێنەرایەتییە لەلایەن زۆربەی هەرە زۆری خەڵکەوە، ئەمەش پێچەوانەی دیموکراسی نییە بەبڕوای کاوتسکی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا لەراستیدا هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتییە، نەك جۆرێك لەحکومەت. لەکۆمەڵگای سۆسیالیستیدا (بیروڕاو هەڵوێستی) گشتی گرنگترین هۆکارن بۆ پاراستنی بنەما ئەخلاقیەکانی کۆمەڵگا. دەربارەی نیهادو دامەزراوەی دەوڵەت لەو بڕوایە دابوو کە مارکسو ئەنگلس لەڕاستیدا خوازیاری بەکارهێنانی دەوڵەت بوون، نەك هەڵوەشانەوەی.

لەکتێبی (هەڵوێستی ماتریالیستی بۆ مێژوو) تەنانەت ئەوەش رۆشن دەکاتەوە کە حکومەتی دیموکراتی لەمەودا ئامڕازێك نییە بە دەست چینە باڵاکانەوە، چونکە بە پێچەوانەی دەوڵەتەکانی پێشوو، ئەم حکومەتە لەسەر پایەی نایەکسانی لەمافەکاندا بنیات نەنراوە. هەڵبەت ئەمەش بەو مانایە نییە کە لەم دەوڵەتەدا چینەکان لەنێو دەچن. لەگەڵ بوونی چینەکانو چەوساندنەوەش، بەڵام حکومەتی دیموکراتیك خاوەن تایبەتمەندی چینایەتی دیاریکراو نییە، چەوسانەوەش ئەگەرچی دامودەزگای دەوڵەتیش لەخزمەتیا بێت، بەڵام بەشێك نییە لەماهیەتی ئەو دەوڵەتە. حکومەتو دەوڵەتی مۆدێرنی دیموکرات، دەوڵەتی هەموو چینەکانە، نەك کۆمیتەی بەڕێوەبردنی بۆرژوایی، تەنانەت ئەگەر نوێنەری بۆرژوازیش بێت ئەم نوێنەرایەتییە بەشێك نییە لەپێکهاتەو ماهیەتو تایبەتمەندی دەوڵەتی مۆدێرن، بەڵکو سەرچاوەو رێگرە لەوەی ماهیەتو تایبەتمەندی دیموکراسی راستەقینەی دەرکەوێ.





## نەیاریو دژایەتی لەگەڵ لینین و بەڵشەفیزم[٧]

لەناو پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا، کاوتسکی وەکو نوێنەری بەرجەستەو بەهێزی باڵی ناوەند بوو. باڵی راستو پێداچوونەوەی مارکسیزم لەلایەن برنشتاینو باڵی چەپ لەلایەن رۆزا لوگزامبۆرك رابەرایەتی دەکران. جیاوازی نێوان ئەم باڵانە بەکارهێنانی مانگرتنی کرێکاریو ئەنجامەکانی شۆڕشی ١٩٠٥ی روسیا بوون. لوگزامبۆرگو باڵی چەپ تەنها لەبەر ئەوە داکۆکییان لەریفۆرمخوازی دەکرد، چونکە هۆکارێکی شۆڕشگێڕانەیە بۆ جووڵاندنی خەڵك. بەبڕوای ئەوان تەنها خەباتی بەردەوامی جەماوەری کە بەدیهێنەری هۆشیاری چینایەتییە. دەتوانێت لەسەندنەوەی دەسەڵاتی سیاسی لەبۆرژوازی ئەنجامی ببێت. لەبەرامبەر ئەماندا، کاوتسکی داکۆکی لەستراتیژی خەباتی شێنەییو بەردەوام دەکرد، کە لەراستی کاردا حزبی سۆسیال دیموکرات پەیڕەوی لێدەکرد. بەم شێوەیە کاوتسکیو لوگزامبۆرگ دەرگیری نەیاریو شەڕی تیۆری بوون.

کاردانەوەی کاوتسکی بەرامبەر بە شۆڕشی بەلشەویك لەئۆکتۆبەری ١٩١٧و رەخنەو نەیاری ئەو بەرامبەر بەلینین سەبارەت بە دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی مارکسیزمی ئەرسەدۆکس زەمینەی نەیاری ئەو بوو لەگەڵ رەوتی بەڵشەفیزم. ئەو زۆر نیگەران بوو لەدابەش بوونی حیزبی سۆسیال دیموکراتی کرێکارانی روسیا لەساڵێ ١٩٠٣ و بەڵام هەر لەسەرەتاوە پشتیوانی لەمەنشەویك کردو سەبارەت بە بەلشەویك کاردانەوەی سلبی هەبوو. کاوتسکی زۆر پەیگیرانە داکۆکی لەشۆڕشەکانی ١٩٠٥و فۆریەی ١٩١٧ و بەهەموو تواناوە پشتیوانی لێکرد، بەڵام لەهەڵسەنگاندنی شۆڕشی ئۆکتۆبەرو گونجاندنی ئەو شۆڕشە بەپێی بنەماکانی ئیکونۆمیستیو دیترمینستی،

---

(٧) لشك کولافسکی، جریان های اصلی در مارکسیزم، جلد دوم (عصر طلایی)، ترجمە عباس میلانی، نشراگاه، چاپ دوم ١٣٨٥ تهران، ل ل ٦٣و ٦٤.

ڕەخنەی لەلینین گرتو ڕایگەیاند کە لینین شۆڕشێکی بەرێ خستووە کە هیچکام لەبنەمای مارکسیزمی تیا نییە. بەبڕوای کاوتسکی ڕوسیای سەردەمی ١٩١٧ لەباری ئابوورییەوە دواکەوتوو بوو، هێشتاش هەلومەرجی پێویستی بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی نەبووەو بەلشەویکەکان بێهودە دەیانەوێ ڕەوتی ناچاریو پێویستی مێژوو بەهۆی توندو تیژییەوە جڵەو بکەن.

بەپێی دیدگای کاوتسکی شۆڕشی سۆسیالیستی لەهەلومەرجی پێویستدا لەو کۆمەڵگایانە ڕوو دەدات کە سەرمایەداری تیایاندا گەیشتبێتە لوتکە. بەبڕوای ئەو ویستی بەدیهێنانی سۆسیالیزم تەنها لەزەمینەو ئەنجامی پیشەسازی گەورەدا پەیدا دەبێت، لەبەر ئەوە کاوتسکی نەیارە لەگەڵ ئەندێشەی ڕابەرایەتی گروپو حیزبی شۆڕشگێڕانی پیشەیی کە لەبالای بزاڤی سۆسیالیستی دابن. لەڕاستیدا ئەم بیروڕایەی کە ڕێکخراوی شۆڕشگێڕانی کارامەو پیشەیی ناگەهان دەسەڵاتی حکومەت بەدەستەوە دەگرنو سۆسیالیزم بۆ پرۆلیتاریا دادەمەزرێنن، زیاتر نزیکە لەبیروباوەڕی ئۆگست بلانکیێ، نەك هی مارکس, وتەی کاوتسکی: "چۆن جەماوەر بەشێوەی نهێنی سازمانو ئامادە دەکرێت، هەروەها ڕێکخراوێکی نهێنی ناتوانێت دیموکراتی بێت. ڕێکخراوی لەم جۆرە دەبێتە هۆی هێنانەدی دیکتاتۆری". کاوتسکی لەڕەخنەو نەیاری بەرامبەر لێنینو بەلشەفیزم سێ کتێبی نووسی: تیرۆریزمو کۆمونیزم ١٩١٩، لەدیموکراسی تا کۆیلەیی دەوڵەتی ١٩٢١، و بولشەویزم لەبن بەستدا ١٩٣٠ و لەکتێبی دواییدا بەم جۆرە دەنووسێ: "بەداخەوە ئاشکرا دەبینین کە بەڵشەویکەکان دووچاری هەڵەی تەواو بوون. ئەوان خەریکی کارێك بوون کە هەلومەرجی پێویستیان نەبوو لەم ڕێگایەدا بەمەبەستی بەدەست هێنانی مەحاڵ لەڕێگای توندو تیژیو زۆرەوە، لەجیاتی بەرەو پێشبردنی هەلومەرجی هۆشیاریو ئابووری جەماوەری کرێکار، زیاتر لەدەوڵەتی تزارو جەنگ ئاستەنگیان بەم چینە گەیاندووە.

کاوتسکیش هەروەکو زۆربەی سۆسیالیستە ڕەخنە گرەکانی لێنین دەیگوت بۆچونی لینین دەربارەی مارکس ڕاست نییە کە ئەو ئەندێشەی (دیکتاتۆری پرۆلیتاریا) وەکو شێوەیەکی تایبەت لەحکومەتو جیاواز لەشێوەی دیموکراتیك دانابێ: بۆیە دەینووسی





"مەبەستی مارکسو ئەنگلس لەدیکتاتۆری پرۆلیتاریا شێوەی حکومەت نییە، بەڵکو ناوەڕۆکە ئەمەش لەوەدا دەردەکەوێ کە مارکسو ئەنگلس زاراوەی دیکتاتۆری پرۆلیتاریایان بۆ وەسفی کۆمۆنی پاریس بەکارهێناوە، کە دەسەڵاتی کۆمۆن لەسەر پرانسیپەکانی دیموکراسی، سیستەمی چەند حیزبی، هەڵبژاردن مافی ئازادی بیروڕا دامەزرا بوو".

بەبڕوای کاوتسکی بڕیاری بەلشەویکەکان کە دەیانەوێ لەڕێگای تیرۆرو سەرکوت لەوڵاتێکی دواکەوتوودا سۆسیالیزم بهێننە دیو پێچەوانەیە لەگەڵ دیدگاکانی مارکسو ئەنگلس بۆ نموونە، مارکسو ئەنگلس ڕەخنەیان گرت لەلایەنگرانی باکونین بۆ بەرپاکردنی ڕاپەڕینو شۆڕشی کۆمۆنیستی لەئسپانیاو لەساڵی ١٨٧٣. بەڵام کاری بەلشەویکەکانو بڕیاری لینین تەنانەت نەیارو جیاواز بوو لەگەڵ بۆچوونی ئەو دەستەیە لەمارکسیەکانی ڕوسیا وەکو پلیخانوفو ئاکسلرۆد کە دەیانووت شۆڕشی ڕوسیا، تەنانەت ئەگەر نەخشی سەرەکیو دیاریکەریشی لەلایەن پرۆلیتاریاوە بێت، تەنها دەتوانێ ماهیەتی بۆرژوایی (چاکتر وایە بیان وتایە دیموکراسی) دەبێت. هەژاریو دواکەوتوویی خەڵکی ڕوسیاو ئومێدی فریاد ڕەس کە بۆ ئەم هەلومەرجە پێویستی بوو، سەرگەردانی دوای جەنگو سەرئەنجام دواکەوتوویی تەواوی پرۆلیتاریای ڕوسیا بەڵگەن بۆ ئەو واقعیەتەی کە تەنانەت ئەگەر کاری (تەلاری) سۆسیالیزم لەوێدا دەست پێ بکات، بەناچاری لەدژی خۆیان دەبێت. بەلشەویکەکان لەجیاتی ئەوەی کە پرۆلیتاریا بۆ ئامانجی کردەیی سازماندان بکەنو ئەوان بەرەو ئاستێکی بالاتر ببەن، ئەم چینەیان وادارکرد کە دەست بکات بە تۆڵە کردنەوەو توندو تیژی لەدژی سەرمایەداران، بەلشەویکەکان هەموو توخمەکانی دیموکراسیان لەناو بردو ڕێگەیان بەوەدا تا دواکەوتوویيو نەزانینو وەحشیگەری ئەم بزووتنەوەیە ببێتە ڕێگرو لەهەموو جێگایەك زاڵی بکەن. ئەوانیش وەکو جاکۆبییەکان (لەشۆڕشی فەڕەنسا) نائومێدانە هەوڵیان دەدا کە دشوارییە ئابوورییەکان لەڕێگای تیرۆری گشتیو بێگاری سەپێنراو بەسەر خەڵکا چارەسەر بکەنو بەهەڵەش بەمەیان دەگوت دیکتاتۆری پرۆلیتاریا.

کاوتسکی لەباسی دەسەڵاتی دیکتاتۆری بەلشەویك، لەساڵی ١٩١٩ نووسیبوی: لەناو هەلومەرجی دیکتاتۆریدا، چینێکی چەوسێنەری دیوان سالار (بیرۆکراتی) لەرەوشی دروست بووندایە کە بەهیچ شێوەیەك چاکتر نین لەدەستو پێوەندەکانی تزار، خەباتی ئایندەی کرێکاران لەدژی ئەم دیکتاتۆرانە تەنانەت دژوارتریشە لەهەلومەجی خەبات بەرامبەر سەرمایەداری نەریتی. چونکە لەهەلومەرجی نەریتی سەرمایەداریدا کرێکاران دەتوانن سوود لەجیاوازی نێوان سەرمایەداریو بیرۆکراسی وەربگرن، بەلام لەروسیای بەلشەویکیدا ئەم دوو توخمە (سەرمایەداریو بیرۆکراسی) ئاوێتە بوون. ئەم شێوەیە لەسۆسیالیزمی سەربازی تەنها بەنکۆڵی کردن لەبنەماکانی خۆی دەتوانێ لەسەر پێ بوەستێ، بەلام بەسەرنجدان لەهەلپەرستی سەرسام هێنەرو بێ پەرواو بێ ئابڕووی بەلشەویکەکان لەگۆڕینی خێرای هەڵوێستەکان، ئەوان تەنانەت ئەم بنەمایانەش دەخەنە ژێر پێیانەوە. گوناهی سەرەکی بەلشەویکەکان (بەبڕوای کاوتسکی) سەرکوتی دیموکراسی، هەڵوەشانەوەی هەڵبژاردن، قەدەغە کردنی ئازادی بەیانو کۆبوونەوەو رێکخراوەکانو بڕوا هێنان بەوەی کە سۆسیالیزم دەتوانێ لەسەر پایەی دیکتاتۆری کەمایەتییەك بە زۆربهێنرێتە دی، سەر ئەنجامی مەنتقی ئەم شێوەیە لە سۆسیالیزم زیادکردنی توانای حکومەتو وەحشیەتە. ئەگەر لینینستەکان بتوانن (سۆسیالیزمی تاتاری) خۆیان بەئەندازەی پێویست لەسەر پێ رابگرن، بەناچاری کاری ئەوان بەدیوان سالاریو سیاسەتی سەربازی کۆمەڵگاو سەرئەنجام بەدەسەلاتی رەهای تاکە کەسی ئەنجامی دەبێت.

## ناکۆکییەکانی فەلسەفەی کاوتسکی[٨]

لەدوای ئەنگلس، کاوتسکی گرنگترین تیۆرمەندی گێڕانەوەی سروشتی، تەکامولی، جەبریو داروینیستییە لەناومارکسیزمدا. فەلسەفەی ئەو باس لەگشتێکی هاوسازو هاوئاهەنگ دەکات کە لەچەند بنەماو پرانسیپدا هەموو مێژووی سروشتو مرۆڤی

[٨] لشك کولاکوفسکی، جریان های اصل در مارکسیزم (عصر طلایی)، ترجمە عباس میلانی، جلد دوم، نشراگاە ی چاپ دوم ١٣٨٥، تهران، ل ل ٦٤ ـ ٧١.





کورتو کۆکردۆتەوە. لەم فەلسەفەیەدا، هەموو گۆڕانەکان بەرئەنجامی کارو کاردانەوەی بونەوەرە زیندووەکانی ناو سروشتو مێژووە. بونەوەرەکان لەگەڵ هەلومەرجو ژینگەیەدا خۆیان دەسازێننو دەمێننەوەو سیفاتو تایبەتمەندییەکانیان بۆ نەوەکانی داهاتوو دەگوێزنەوە. رکابەریو ناکۆکی نێوان جۆرەکانی (هەروەکو لەزانستو پەیڕەوی داروین) دەبێتە ئەنجامی پەیدابوونی غەریزەکانی ناو دنیاو هەروەها پشتیوانی ناو هەریەکێك لەو جۆرانە فەراهەم دەکەن. نەژادی مرۆڤ توانیویەتی بەهۆی تواناو بەهرەی دروست کردنی ئامێرەکانو هێزی ئاخاوتن، رەوشو هەلومەرجێکی تایبەتی لەسروشتی خۆیدا پەیدا بکات، گەشەو تەکامولی ئامرازەکانی کاری مرۆڤ دەبنە زەمینەی پەیدابوونی خاوەنداریێتی تایبەتیو جیاوازیو بوونی چینەکان، کە لەپێناوی بەدەست هێنانو کۆنترۆڵ کردنی زیادەی بەرهەمەکان لەدژی یەك خەبات دەکەن. ئەم رەوشە خۆی لەخۆیدا دەبێتە هۆی کۆبوونەوەی سەرمایەو جەمسەرگیری چینایەتی، خاوەنداریێتی تایبەتی سەرئەنجام رێگا دەگرێ لەپێشکەوتنی تەکنیکیو هونەریو دژایەتی نێوان کەمایەتی چەوسێنەرو زۆرایەتی چەوساوە توندترو زیاتر دەکات، ئامانجی کۆتاییو بەناچاری ئەم کاروانە بەدیهێنانو جێگربوونی خاوەنداریێتی گشتیو کۆمەڵگایەکی تازەیە کە دەستکەوتە تەکنیکیو کۆمەڵایەتییەکانی سەرمایەو شێوازی دیموکراتی کۆمەلگا دەپارێزێ، بەلام رەوتی کۆمەڵایەتی کردن لەناکۆکیو دژایەتی دادەماڵێ، هاوپشتی دەژێنێتەوە، جیاوازییە کۆمەڵایەتیە سەرەکییەکان لەناو دەباتو هەلی زۆرتر بۆ مرۆڤەکان دەرەخسێنێ تا لەدەرەوەی هەموو سنوورەکان گەشەو تەکامول پەیدا بکەن.

ئەگەر بەوردیو رۆشنی زیاتر ئەم تیۆرەیە هەڵسەنگێنین، دابڕانو ناکۆکی ئاشکرا لەنێو بەشەکانیدا دەبینین، کە هەندێك لەوانە بەشێکن لەدیدگای تەکامول خوازی مارکسیزم کە لەلایەن ئەنگلسو کاوتسکی باسکراوەو بە تەواوی ناکۆکن لەگەڵ گێڕانەوەی مارکس لەنووسینو بەرهەمە سەرەتاییەکانیدا. هەندێکی دیکەش لەو ناسازییە لەگێڕانەوەی سروشتیو هیومانستیدا دەبینرێت.

بەبڕوای کاوتسکی تەواوی تەکامولی جیهانی زیندوو ومێژووی مرۆڤایەتی، کە بەشێکن لەمێژووی سروشتی، دەتوانین لەگەڵ (بنەمای) کاریگەری نێوان بوونەوەری زیندوو ژینگە، رۆشنی بکەینەوە لەلای کاوتسکی تیۆری کارو کاردانەوەی (نێوان بونەوەرو ژینگە) ناوەڕۆکی راستەقینەو عەقڵانیەتی دیالتیکییە، کە بەهۆی ئەمەوە رەخنە لەو ئەندێشەیە دەگرێت کە دیالکتیك بەتیۆری دوالیزمی بوونی رەها دەزانێت، کە لەئەنجامی ناکۆکیو دژایەتییە دەروونییەکانی ناو خودی شتێك پەیدا دەبێت. بەبڕوای کاوتسکی نەفی دەروونی seIf – negation وەکو رۆشنکردنەوەی رەوتی تەکامول، جگە لەپاشماوەو کاریگەری ئایدیالیزمی هیگڵی، شتێکی دیکە نییە. گۆرانکاری لەسروشتو مێژوو بەرهەمی خۆبەخۆی دژایەتی نییە، بەڵکو ئەنجامی کارو کاردانەوەی ناو لایەنە جیاوازەکانی جیهانە. لەمەیدانی واقعیدا، شتێك پەیدا نابێ کە بریتی بێت لەچەمکی نمونەی باڵای سروشتی مرۆڤانە، کە پاش قۆناغێك یان سەردەمێك دابەش دەبێتو دەگەڕێتەوە بۆ ناو رەسەنی خۆیو دووبارە یەکێتی نێوان بکەرو بەرکار (خودیو بابەتی) دەهێنێتە دی. ئێمەی مرۆڤ بینەری رەوتی جەبریو حەتمی گۆرانەکانین کە بەتەنها لەخۆیدا هیچ مانایەکی نییەو لێکۆڵینەوەی زانستیش ناتوانێ مانایان بداتێ، چونکە زانست پەیوەندی بە بەهاکانەوە نییە وتەنها لەگەڵ پێداویستی یان (یاساکانی) سروشتدا سەروکاری هەیە.

ئەم جەبرە سروشت گەرایە کە لەدیدگای فەلسەفەییەوە هەموو لایەنەکانی شی نەکردۆتەوە، دەبێتە زەمینەی پەیدابوونی ناکۆکی گرنگ یان گریمانەی رووکەش کە بەسەر تەواوی ئەندێشەی کاوتسکیدا کاریگەری دەبێت. سەرەتا، لەبەر ئەوەی رۆشن نییە کە ئایا "پێداویستی مێژوویی" هەموو بەشو وردەکارییەکانی مێژوو لەخۆ دەگرێ یان تەنها چاودێرە بەسەر ئاراستەی گشتیدا. لەرەوشی یەکەمدا تەنها دەسەڵاتی رەهای ئەم تێڕوانینە جەبرییە دەبینین، کە هەموو رووداو یان رەوتە دیاریکراوەکان بەناچاری روو دەدەنو لەپێشەوە بڕیاریان لێدراوە. ئەنجامی مەنتقی ئەم قسەیە ئەوە دەبێت کە چیدیکە رەخنەی کاوتسکی لەشۆڕشی ئۆکتۆبەر ماناو پاساوی نابێت، چونکە





ئەم رووداوە بەهەمان رادەی گۆڕانو بەرەو پێشەوە چوونی ئابووری کالایی بۆ گەیشتن بەسیستەمی سەرمایەداری جەبریو حەتمی دەبێت.

لەوانەیە ئیرادەی مرۆڤ ئەڵقەیەکی پێویست بێت لە (زنجیرەی رووداوەکان)، بەڵام سروشتو کاریگەریشی بە ئەندازەی هەر شتێکی دیکە دیاریکراوە کە ئەو جیاوازییەی نابێت لەگەڵ هۆکارەکانی دیکەی گۆرانی مێژوویی. بەپێی ئەم لۆجیکە هەڵە دەبێت ئەگەر سەرنجو رەخنەمان بەرامبەر بەبزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕ هەبێت کە بۆچی ئەو بزوتنەوەیە گرنگی بە پێگەیشتنو ئامادەبوونی هەلومەرجو زەمینەکان نەداوە. لەبەر ئەوەی کە نازانین "ئامادەبوونو پێگەیشتنی" هەلومەرج بۆ هێنانەدی سۆسیالیزم بە تەواوی کامانەن لەبەر ئەوەی کاری هۆشیارانەی مرۆڤ کە ئایا دەتوانێ هەلومەرجی پێویست نزیکتر بکاتەوە، سەرئەنجام دەگەینە ئەو بڕوایەی کە هیچکەس ناتوانێ بە تەواویو پەیگیرانە بڵێت کە ساڵی گونجاو لەواقعدا کەی بەدی دێت. هەر بۆیە تیۆری جەبری کاوتسکی ناتوانێت ببێتە بەڵگە بۆ رەخنەگرتن لەبلانکیزمو لینیزمو بەم پێوەرە سەلمێنراو نابێت.

هەروەها، لەبەر ئەوەی کە ئاگایی زانستی جیایە لەگەشەی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی سۆسیالیستیو دەبێت ئەم هۆشیارییە لەدەرەوە بهێنرێتە ناو ئەم بزوتنەوەیە، بۆیە هیچ بەڵگەیەکی نابێت (واتە کاوتسکی) کە ئەم هەلومەرجە جگە لەهەمان دەرئەنجامی لێنین، بەرهەمێکی دیکەی نابێت. ئاگایی رەسەنی پرولیتاری، واتە ئاگایی زانستی، دەتوانێت بەجیاو سەربەخۆ لەپرۆلیتاریا پەیدا ببێو پێش بکەوێ هەر بۆیە بەناچاری رێکخراوی سیاسی کە خاوەن ئەو جۆرە هۆشیاریە بێت دەتوانێ لەدەرەوەی ئەوەی کە پرۆلیتاریا چۆن بیر دەکاتەوە، خۆی بە بەرجەستەبوونی "ویستی مێژوو"، بزانێ. تیۆری لینین دەربارەی حیزب، سەرەتاو پێشڕەوییەکەی لەسەر ئامۆژگاریو دیدگای کاوتسکی دارێژراوەو ناتوانێ بەو شێوەیەی کە کاوتسکی باسی دەکات بەناسازگارو نا کاریگەر سەیر بکرێ. یەکەمین کەس لەناو بزاڤی سۆسیالیستیو کرێکاریدا کە باس لەدەوری هۆشیاریو ئاگایی سیاسی دەکات بەسەر بزووتنەوەی کرێکاریدا، بێگومان کاوتسکییە کە بەبڕوای ئەو هۆشیاریو ئاگایی سیاسیو چینایەتیی

لەدەرەوەی ئەو چینەو لەلایەن رووناکبیرانی چینەکانی دیکەوە دێتە ناو پرۆلیتاریا. ئەم پرسە لەئەندێشەی خودی مارکسدا باس نەکراوە، چونکە مارکس بڕوای وابوو کە لەمێشکی کەسانی هۆشیارو ئەهلی زانستیدا پەیدا دەبیٚو ئەمەش دابڕاو نییە لەخودی بزوتنەوەکە. بەبڕوای مارکس، ئاگایی زانستی یان هۆشیاری چینایەتی شێوەیەکی پێشکەوتووە لەئاگایی سەرەتایی: ئەم هۆشیارییە بە تەنها پەیوەست نییە بەو رەوتەی کە لەدەرەوەی بزوتنەوەکە دەیهێنیٚ، بەڵکو خودی هەمان رەوتە لەئاگایی پرۆلیتاریادا بکەرو بەرکاری مێژوو یان خودو بابەتی مێژوو هاوتا دەبن، پرۆلیتاریا بەوەستان لەسەر پێی خۆی تەواوی رەوتی مێژووی مرۆڤایەتی دەگۆڕی. لەئاگایی پرۆلیتاریدا زانست سەبارەت بە جیهانی (کۆمەڵایەتی)و چالاکی سیاسی - بەپێچەوانەی زانیاری دەربارەی یاساکانی سروشتو بەکارهێنانی بۆ مەبەستی هونەریو تەکنیکی - دوو شتی جیاواز نین بەڵکو وەکو یەکن.

لەلای مارکس، مەسەلەی دوولانەیی (دوالیزمی) نێوان راستییەکانو بەهاکان، یان نێوان زانیاریو ئەرکەکان نابینرێن. لێرەشەوە کاری ناسینی جیهان لەگەڵ کاری گۆڕینی جیهان یان بەشداری کردەیی لەرەوتی ناسیندا هەر یەکنو جێگایەك بۆ پەیدابوونی ئەم دابەشبوونە یان ئەم دوو لانەییە نییە، هەر بۆیەش لەپرانسیپدا ئەو پرسە نابینین، کە لەسەرەتادا ئیدراکی هەستیو پاشان کاری هۆشیارانەی هەڵسەنگێنەرو بەها پێدان دێتە دی. بەڵام لەبەر ئەوەی کە کاوتسکی، هەر وەکو نەیارانی دیکەی نیوکانتی (کانتیزمی نویٚ)، مەعریفە لەگەڵ بەکارهێنانی خودی ئەو مەعریفەو بەدەر لەهەر جۆرێك لەبەها پێدان، بەسەربەخۆ دەزانیٚ، بەناچاری ناتوانێت وەڵامی گونجاو بەرەخنەگرانی بداتەوە، تەنها قسەو چوارچێوەی گشتی بەکاردەهێنیٚ بۆ پاساودانی بیروڕاکانی، بەبیٚ ئەوەی کە سروشتی راستەقینەی مەسەلەکە بناسیٚ. ئەگەر ناسینی زانستی مرۆڤەکان والێبکات کە سۆسیالیزم پێداویستیەکی مێژووییە، ئەو کاتە دەبیٚ لەخۆمان بپرسین کە بۆچی دەبێت هەوڵ بدەین بۆ بەدیهێنانی، ئەگەر مرۆڤایەتی لەپرۆلیتاریدا بەرجەستە ببیٚ، وئەمەش تەنها لەڕەوتی شۆڕشدا دێتە دی. واتە بەبوونی ئاگایی تیۆری شۆڕشگێڕانە - وەبەمەش ئیتر





رەخنەکان لەلیبنینو بەڵشەفیزم پێویست ناکات. بەڵام فەلسەفەی جەبرگەرایی کاوتسکی ئەوە پێویست دەکات کەلەو مەسەلەیە زیاتر بچینە پێشەوە کە پەیڕەوانی کانت باسی دەکەنو خودی کاوتسکی لەم ناسینەدا ناکام دەمێنێتەوە. سەر ئەنجام ئەو بە باشی ئەو پرسانە ناسەلمێنیٚ کە خودی خۆیو لەسەر بنەمای پرانسیپە تیۆریەکانی چۆنیەتی سوود وەرگرتن لە زاراوە باشەکانی (مرۆڤ دۆستی، رزگاری، مەزنێتی، شکۆو ئامانجی سۆسیالیزم)، کە بەردەوام باسی دەکردن، چۆن پاساو دەکات.

کاوتسکی کە زۆر لایەنگیرو دڵبەستەی بەها دیموکراتیەکانە و زۆر بێزارە لەجەنگو توندوتیژی، لەگەڵ ئەوەشدا کەناتوانیٚ شیوەکانی خەباتی ئایندەی چینایتی پێشبینی بکات ، بەڵام بەردەوام ئومێدەوار بوو کە مرۆڤ بتوانیٚ بەبیٚ توندوتیژی و خوێن رێژی، وبەسوود وەرگرتن لەفشاری ئاشتی خوازانە هەنگاو بەرەو سۆسیالیزم بنیٚ. ئەو لە هەوڵی ئەوەدا بوو پشتیوانی تیۆری بۆ ئومێدەکانی پەیدا بکات، بەڵام لەم زەمینەیەشدا دیدگایەکی لاواز دەخاتە روو. بە بڕوای ئەو لەبەرئەوەی کە مەعریفەی مرۆڤ بەناچاری سنووردارەو رەها نییە، بۆیە دەبێت کە بڕوامان بە دیموکراسی هەبێت. ئەم دیدگایەش بەشێکە لەتێڕوانینی دوالیزمی ئەو بۆ بڕوابوون بە دیموکراسی ئایا لەبەر ئەوەی مەعریفەی ئێمە سنووردارە بۆیە دەبێت دیموکراسی بین، یان مەعریفەی پێگەیشتوومان وامان لێدەکات دیموکراسی بین؟ لەبەرهەمەکانی کاوتسکیدا هەردوو دیدگاکە بە رۆشنی دەبینرێتو باس لەهەردوکیان دەکات. کاوتسکی بڕوای وایە هیچ حیزبو گروپێك ناتوانێت بە تەنها راستی بەموڵکی خۆی بزانیٚ، هەموو زانینەکان ناتەواو پاشکۆن، ئەگەر حیزبێك رەخنەو جیاوازی سەرکوت بکاتو مافی دەربڕینی بیروراکان هەر بۆ خۆی بەڕەوا بزانیٚ، بێگومان رێگر دەبێت لەپێشکەوتن. لەدیدگای نەریتیو گشتیدا، هەموو ئەمانە بەڵگەو زانیاری باشو بەهێزن، بەڵام دیسان لەگەڵ تیۆری خودی خۆیدا سەبارەت بە بونیادەکانی مەعریفە ناسازگارن بەبڕوای ئەو زانینو ناسینی بەدەر لەچینایەتی، لانیکەم لەپرسە کۆمەڵایەتیەکاندا، بوونیان نییە، تەنها بەهۆی پەسەندکردنی دیدگای پرۆلیتاری دەتوانین پرسە کۆمەڵایەتیەکان بەراستو دروستی بناسین. ئەم حاڵەش رەخنەیەکی

گەورەیە لەدیدگای ئەپستمۆلۆجی (زانین ناسی) کاوتسکیو لایەنی دیموکراتیكو ئازادانەی ئەو سەبارەت بە تیۆری ناسین لاواز دەکاتو لەدیدگای چینایەتیو میکانیکیدا سنووردار دەبێت ئەمانەش ئەو دیدە زانین ناسینانەیە کە کاوتسکی هەرگیز وەڵامی نەداوەتەوە.

ئەگەر هەموو زانستە کۆمەلایەتییەکانو ناسینی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی سروشتی چینایەتیان هەبێت، چۆن ئەو ناسینەی کە لەدیدگای پرۆلیتاریادا پەیدا دەبێ دەتوانێ بانگەوازی شایستەیی جیهانی هەبێت؟ بەڵام ئەگەر نەتوانێ خاوەنی ئەم شایستەییە بێت، ئەو کاتە هەموو بانگەوازە چینایەتیو زانستییەکانی مارکسیزم بێ پایە دەبن، لەم حاڵەتەشدا مارکسیزم چۆن دەتوانێ خۆی بەخاوەن ئەو بەرژەوەندییانە بزانێ ـ کە بێگومان بە پێی دەربڕینی ئەرسەدۆکسی مارکسیستی بەرژەوەندی هەموو مرۆڤایەتیشیان تێدایە ـ لەهەموو تیۆرەکانی تریش باڵاترو شایستەش بێت کە خاوەنی "راستی بابەتی"یە. بەڵام ئەگەر دیدگای پرۆلیتاری تەنها خاوەن دیدگایەکی ناسینی باشترو باڵاتر بێت لەوانی دیکە مانای ئەگەر تەنها دیدگایەك بێت کە بەکارهێنانی پێوەرە جیهانییەکانی مەعریفە ئاسانتر دەکات، ئەو کاتە مەسەلەی دیموکراسی، پلورالیزمو ئازادی بەرهەم دێت بەڵام ئەگەر وابزانین کە هەموو دیدگاکانی دیکە (جگە لەدیدگای پرۆلیتاریا) بەناچاری دەبنە هۆی تەحریف کردنی راستیو واقعیەتەکان، ئەو کاتە خواستی دیموکراسی، پلورالیزمو ئازادی بێ پایە دەبێت. چونکە حیزبی پرۆلیتاریا، بەپێی ئەو ناسینەو لەبەرامبەر هەموو رێکخراوە سیاسییەکانی دیکە حەقیقەتی رەهای دەبێو هەموو ئەو مافو ئیمتیازانە بەرەوای خۆی دەزانێو دیکتاتۆریش بەرهەم دەهێنێ، هەموو ئەمانەش پاساو دەکاتو بەڵگەی ئەوە دەهێنێتەوە کە خزمەتی حەقیقەت دەکات، دەبێت بەشێوەی گشتیش لایەنگیری لێ بکرێت. بەڵام کاوتسکی لەم زەمینەیەشدا ناکۆکی نێوان چۆنیەتی ناسینی دیدگای پرۆلیتاریو هەڵوێستی دیموکراتیانەی خۆی لەسیاسەتدا رۆشن نەکردەوە.

هەرچەندە کاوتسکی بە دڵنیاییەوە نەیار بوو بەرامبەر توندو تیژیو دیکتاتۆری، بەڵام ئاشکرا نییە کە چۆن دەبێت لەدیدگای مێژوو ناسانەی ئەودا ئەو دیاردانە





مەحکوم دەکرێن. ئەگەر مرۆڤ، بە پێچەوانەی هەموو سروشت ، شێوازی جۆراوجۆری شەرەنگێزی لەناوخۆیدا بەدیهێنابێ، کە دەبنە هۆکاری باڵاتربوونی دەسەڵاتی ئەو. ئەگەر مرۆڤ بەپێی سروشتی خۆی هەم شەرەنگێزو هەم خاوەن غەریزەی هاوپشتییە لەگەڵ هاوچەشنەکانی خۆی، ئەگەر مرۆڤ لەتەواوی مێژوودا بەردەوامو لەهەموو قۆناغەکاندا شەڕەنگێزی بەرهەم هێنابێ، یان دووبارەی کردبێتەوە، سەرئەنجام ئەم هەلومەرجە چۆن بەیەکجار کۆتایی دێت؟ چۆن دەبێت باوەڕ بە یاسایەکی مێژوویی بهێنین کەهیواو ئارەزوووی کەمکرنەوەی بەکارهێنانی توندوتیژیو زۆرداری لەپەیوەندی نێوان مرۆڤەکان بکاتە ئامانجی خۆی؟ تەنانەت ئەوەش پەسەند بکەین کەشێوەکانی سەرمایەداری دەست بەسەراگرتنو بەکارهێنانی بەرهەمی کۆمەڵایەتیش جێگای خۆی بدات بە خاوەندارێتی کۆمەڵایەتی ، ناتوانین بەوئەنجامە بگەین کەهەمان کێشە، بەڵام ئەمجارە بەشێوازی جیاواز، لەدەوڵەتو کۆمەڵگای سۆسیالیستیدا سەرهەڵناداتەوە، لەبەرئەوەی هیچ نەبێت ئەو سروشتو غەریزانەی کە زەمینەی ئەم هەوڵو خەباتەن، دیسان لەناو مرۆڤدا هەن. باوەڕی کاوتسکی بەکەمبوونەوەی شێنەیی توندوتیژیو زیادبوونی هاوپشتیو هاوکاری مرۆڤایەتی جگە لەئیمانێك زیاتر شتێکی دیکە نییەو بنەما تیۆریەکانی ئەو ناتوانن بسەلمێنن!

هەڵوێستی کاوتسکی دەربارەی نێوان ڕیفۆرمو شۆڕش هەر بەنارۆشنی ماوەتەوە. لەتێڕوانینی سەرەتادا، وادیارە کەئەو بڕوای بەپەیڕەوی مارکسی هەیە و لەنێوان ئاسۆی شۆڕشو سیاسەتی خەبات بۆ ڕیفۆرم ناکۆکی نابینرێ. مافە دیموکراتیەکان کەبتوانن لەسەر ئەو بناغانە کرێکاران پێکەوە داکۆکی لەخۆیان بکەن، ئەمانەش ئەو رێگایانەن کەبۆ گەشەی چینایەتی کرێکاران پێویستنو کرێکاران ئامادە دەکەن تالەکاتی پێویستدا دەسەڵاتی دەوڵەت بگرنە دەست. بەڵام سازگاریو هاو ئاهەنگی هەڵوێستی تیۆری نێوان ریفۆرمو شۆڕش لێرەدا زۆر ڕوکەش دێتە بەرچاو. پرسی واقعی ئەوەیە کە ئایا پەیوەندی ڕیفۆرم لەگەڵ شۆڕشدا بەهای هەیە، یان ئەوەی کەلەخۆیدا لەبەر ئەوەی کە ژیانو هەلومەرجی پرۆلیتاریا باشتر دەکات ، بەنرخە؟ کاوتسکی دیدی دووەم پەسەند دەکاتو بڕوای بەوەیە کە بەهای ناوخودی ریفۆڕم

لەگەڵ ئەوەی کە هۆکارێکە بۆ خەباتی شۆڕشگێڕانە لێك دابڕاو نین‌و هاوئاهەنگن. بەڵام گۆڕانەکان لەسیاسەتی عەمەلیدا ئەوەی نیشان داوە کەئەم گریمانەیە گونجاو نیەو جگە لەوەهم شتێکی دیکە نییە. حزبێك کەخەبات بۆ ریفۆرم بەکارێکی باش‌و بەسود بزانێ و لەم کارەشدا سەرکەوتوو بێت، بێگومان دەبێتە پارتێکی ڕیفۆرم خواز کەدروشمە شۆڕشگێڕەکان تەنها لەسنوری ئارایشت‌و خۆ جوانکردندا دەمێنێتەوە . کاوتسکی هەندێك جار باس لەوە دەکات، مێژوو نیشانی داوە کە سەرەڕای باشتر بوونی هەلومەرجی ژیانی کرێکاران، بەڵام خەباتی چینایەتی توند ترو سەختتر دەبێت. یان خەباتی ئەوان بۆ فشاری ئابووری تواناو هەستی شۆڕشگێڕانەیان بەهێزتر دەکات (ئەمەش هەڵوێستی راگەیاندراوی هەموو مارکسیزمی ئەرسەدۆکسە). بەڵام دەبێت ئەوە بزانین هەلومەرجی شورشگێڕانە بەرهەمی چاوەڕواننەکراوی کاریگەری زۆر هۆکاری جۆراوجۆرە و هەلومەرجی باشتری ژیانی کرێکاران لەخۆیدا پەیدا بوونی ئەم هەلومەرجە شۆڕشگێڕانەیە نامومکین تر دەکات. بەڵام لەمەیدانی کاردا دژواری لەوەدایە کە ئەگەر حزبێك لەجێگای شۆڕش بۆ ڕیفۆرم خەبات‌و لە ئەنجامی ئەو ڕیفۆرمانەوە کە بەدەستی هێناون‌و بە کاریگەریان بزانێ ، ئیدی ئەو کاتە لەوە تێدەگات کە تیۆری شۆڕشگێڕانە لە گەشە دەوەستێ‌و هەرکاتێك هەلومەرجی شۆڕش هاتە دی، توانای بەهرە وەرگرتنی لەو هەلومەرجە نابێ. ئامانجەکانی شۆڕش‌و ریفۆرم لەفۆرمۆلی تیۆریدا لەئاشتیدان، بەڵام لەمەیدانی راستەقینەی کۆمەڵایەتیدا ئەم ئاشتیە پەیدا نابێت .

لەم روەوە، بزوتنەوەیەکی سۆسیالیستی کەلەمەیدانی خەباتی ئابوری‌و لەهەوڵی ڕیفۆرمیستیدا بەسەرکەوتن بگات، بەناچاری دەبێتە بزوتنەوەیەکی ریفۆرم خواز. دەستکەوتەکانی سۆسیال دیموکراسی ئەڵمانی بەو مانایە بوو کەئیتر لەکردەوەدا حزبی شۆڕش نییە. ئەم خاڵەش ئەوە بوو کەبرنشتاین زۆر بەباشی دەیزانی ، بەڵام لەلای کاوتسکی چارەسازو زانراو نەبوو .

بەردی بناغەی فەلسەفەی کاوتسکی‌و هەموو ئەو مارکسیستانەی کەوەکو ئەو بیریان دەکردەوە هەوڵدان بوو بۆ ئەوەی کە ئاگایی مرۆڤ بەدیدگاو میکانیزمی "سروشتی





کردن" لێك بدەنەوە؟ واتە ئاگایی مرۆڤ بە شێوەی گشتی پاشکۆی حەتمی سروشتەو بۆ ئەمەش وەکو کاریگەری یەکێك لە هۆکارە ئۆرگانیەکان سەیریان دەکرد. گێڕانەوەی داروینیستی کاوتسکی بۆ مارکسیزم بڕیاردەری تایبەتمەندە سەرەکیەکانی تیۆری سیاسی‌و میژوو ناسی ئەو بوون: واتە بڕواهێنان بە گۆڕانی تەدریجی‌و بەردەوامی سەرمایەداری تا ئەو جێگایەی کە نابود دەبێت، باوەڕهێنان بە نەخشی حەتمی مێژوویی کە هۆشیاری تیۆری بەرهەم دێنێ، دوالیزمی نێوان هەستی تیۆری و ڕەوتی کۆمەڵایەتی، ئاگایی پڕۆلیتاری لەدەرەوە دێتە ناو (ئەم چینە) وسەرئەنجام، دیدگاو ڕۆحیەتی ئاکامناسی سۆسیالیزم. سیاسەتی کاوتسکی بەم شێوەیە کورت دەکەینەوە "وەرن باسەرمایەداری بەڕاستی بەرەو ریفۆرم بەرین، لەبەرئەوەی سۆسیالیزم لەلایەن یاساکانی مێژوو زەمانەت کراون. گرنگ نییە کە راستەو خۆ نەتوانین باڵاتربوونی ئەخلاقی سۆسیالیزم بسەلمێنین، بە هەرحاڵ واقیعیەت ئەوەیە کە بە بڕوای من‌و کەسانی خاوەن ئەقڵ، ئەوەی کە پێویست بێت دێتە دی". کاوتسکی باوەڕی سەردەمی رۆشنگەری بەپێشکەوتنی بەردەوام‌و دیدگای داروینستی بۆ هۆشیاری وەکو ئۆرگانێکی سروشتی یان بایۆلۆجی دەخاتە ناو مارکسیزمەوە ، بەڵام گرنگی بایۆلۆجی دەدات بەدابڕانە بەرچاوەکانی پێشکەوتن‌و ناتوانێ ئەوە بزانێ کە خودی ئاگایی هۆکاری دابڕانی مێژووییە. ئەو دابڕانانەی کەبەسەیرکردنی مێژوو دەتوانین بە ئاسانی‌و بەرۆشنی بیانبینین، بەڵام هیچ کەس ناتوانێت سەرهەڵدانیان لەئایندەدا پێشبینی بکات .

# ڕۆزا لوکزامبۆرگ
# و
# چەپی شۆڕشگێڕ





## ژیاننامەی پڕ خەباتو ڕەنج

ڕۆزا لۆکزامبۆرگ، سۆسیالیستی شۆڕشگێڕی بەنەژاد پۆڵۆنی، بەڵام بەشی زۆری ژیانو خەباتی لەئەڵمانیا بەسەربردووە. لەساڵی ١٨٧١ لەپۆڵۆنیا لەدایك بووەو لەساڵی ١٩١٩ لەئەڵمانیا شەهیدکراوە. سەرەتا کاری سیاسیو شۆڕشگێرانەی لەزێدی خۆی دەست پێکردووەو ئەندامی "پارتی شۆڕشێگری سۆسیالیستی پرۆلیتاریا" بووە لەپۆڵاندو هەر لەبەر ئەم هۆیەش لەتەمەنی ١٨ساڵیدا بە ناچاریو لەترسی دەسەڵاتی کۆنەپەرستی تزار لەوڵاتی خۆی هەڵدێ. لەسویسرا دەست دەکات بە خوێندنو لەئابووریدا بڕوانامەی زانکۆ بەدەست دەهێنێو لەساڵی ١٨٩٧ بەنووسینی نامەیەك دەربارەی (گەشەی پیشەسازی پۆڵۆنیا) دکتۆرا وەردەگرێ. پاشان دەچێتە ئەڵمانیاو لەپارتی (سۆسیال دیموکرات) دا دەست دەکاتەوە بەخەباتو چالاکیو لەم حیزبەدا نەخشو کاریگەری گرنگی دەبێت. لەکتێبی(ریفۆرمی کۆمەڵایەتی یان شۆڕش) لەساڵی ١٨٩٩ ڕەخنە لەبۆچوونو دیدگاکانی برنشتاینو باڵی ڕاستی حیزب دەگرێت، کە ئەوکاتە باڵی ڕاست خۆیان بەنوێنەرو لایەنگرانی ڕەوتی پێداچوونەوە دەناسی. هەندێك لەوبڕوایەدان کە هەروەکو چۆن بیروڕاکانی برنشتاین پێداچوونەوەی ڕاستڕەوانەیە بەبیرو ڕاکانی کارل مارکسو فریدریك ئەنگلس، هەربەو شێوەیەش دیدگاکانی رۆزالوکزامبۆرگ جۆرێکە لەپێداچوونەوەی چەپو رادیکال بەمارکسیزمدا.

لەکاتی شۆڕشی ١٩٠٥ بەنهێنیێ دەچێتەوە بۆ پۆڵاندو دەست دەکاتەوە بەکارو پرۆپاگەندەی شۆڕشگێرانە. دەستگیردەکرێو پاش ئازاد بوونی دەگەڕێتەوە بۆ ئەڵمانو لەم قۆناغەدا کتێبی (مانگرتنی جەماوەری، حیزبو سەندیکاکان) لەساڵی ١٩٠٦ دەنووسێ. ئەو لەم کتێبەدا لایەنگیریو دڵنیایی لەخەباتی خۆبەخۆ و داهێنانی شۆڕشگێرانەی جەماوەر دەکات. وپاشان ڕەخنەگرانی لینین، ئەم دیدگایە بۆ وەڵامی بیروڕاکانی لینین بەکار دەهێنن.

لەساڵی ١٩١٠ بەرامبەر باڵی میانڕەو بەرابەرایەتی کاوتسکی نەیاری پەیدادەکات.

رۆزا بڕوای بەوە بوو کە ئەرکی حیزب "بەڕێوەبردنی شۆڕشە" نەك بە دیهێنانی. لەساڵی ١٩١٣ کتێبی (کۆبوونەوەی سەرمایە)ی نووسی، کە شێوەی خۆیەتی لەشیکردنەوەی کتێبی دووەمی (سەرمایە)ی مارکس‌و لەوێدا نیشانی دا کە کەڵەکە بوونی سەرمایە لەسەردەمێکی دوورو درێژدا لەبەر بوونی ئەو هەموو ناکۆکیانە بەدی نایەت. لەنێوان سالانی١٩١٥_١٩١٨ لوکزامبورگ کتێبی سەرەکی خۆی بەناونیشانی (قەیرانی سۆسیال دیموکراسی ئالمان) نووسی. لەدوای پاشەکشەی ئەنترناسیۆنالی دووەم‌و سیاسەتی حیزبی سۆسیال دیموکراتی ئالمان کە دەنگی دا بەسیاسەت‌و بودجەی جەنگی، دەستی کرد بە پێکهێنانی "کۆمەڵەی سپارتاکۆس" لەگەڵ کارل لیبکنخت، فرانزمیهرینگ‌و کلارا زتکین. ئەم کۆمەڵەیە، رێکخراوێکی نهێنی‌و لەدیدگاو کرداریشدا شۆڕشگێرو رادیکال‌و دژی جەنگ بوو. لەبەرئەوەی دژی سیاسەتی جەنگی جیهانی یەکەم بوو، دووساڵ خراپە زیندانەوەو لەوێ کتێبی ناتەواوی (پێشەکی بۆ ئابوری سیاسی) نووسی. لەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕوسیا، یەکەمین ڕەخنەی رادیکال‌و شۆڕشگێرانە بۆ ئەو شۆڕش‌و دەسەڵاتە لەلایەن رۆزاوە بوو، شارەزایان بڕوایان وایە کەسەرەتای ڕەخنەی رادیکالە لەوشۆڕشە لەدیدگای مارکسیستی دا. لەدوای شۆڕشی ئالمان لەساڵی ١٩١٨ لەزیندان ئازادکراو دیسانەوە چالاکی شۆڕشگێرانەی دەست پێکردەوەو رۆژنامەیەکی سیاسی بلاوکردەوە کە لەوێدا بەرنامەی خۆی نووسی. بە زۆری هاوڕێیان‌و لایەنگرانی بەشداری کرد لەدامەزراندنی (پارتی کومۆنیسنی ئەڵمانیا). لەساڵی ١٩١٩ کە شۆڕشی ناکامی سپارتاکیستەکان دەستی پێکرد، هەرچەندە رۆزا لەگەڵیان نەیار بوو لەهەڵگیرساندنی شۆڕشدا، بەلام هەر چووە ناویان. لەئەنجامدا دەستگیرکراو کوژرا. لەکاتی شەهید بوونیا تەمەنی ٤٨ساڵ بوو[١]

[١] مصفطی رحیمی، مارکس‌و سایەهایش، انتشارات هرمس، چاپ اول، تهران ١٣٨٣، ل ل ٢٢٩ــ ٠٢٣٠





## زەمینەی پەیدابوونی ڕەوتی چەپی رادیکال‌و نەخشی لۆکزامبۆرگ

لەپاش مارکسیزمی ئەرسەدۆکس‌و مارکسیزمی پێداچوونەوە، کە بەشێوەی سەرەکی لەناو سۆسیال دیموکراسی ئەڵمانیدا چالاکی فکری‌و سیاسی یان هەبوو، سێهەمین نەوەی مارکسیستی لەسەرەتای سەدەی بیستەم پەیدابوو، کە هەندێك لەوان لەباڵی چەپی سۆسیال دیموکراسی ئەڵمانیا خەباتیان دەکردو خاوەن دیدگاو تیۆری رادیکال بوون. ئەوان زۆر بەسەختی لەژێر کاریگەی شۆڕشی ساڵی ١٩٠٥ی ڕوسیا بوون،و زیاتر لەمارکسیزمی ئەرسەدۆکس‌و ڕەوتی پێداچوونەوە، گرنگیان دەدا بە دەستەبەندی‌و ناکۆکی‌و دژایەتی لەناو هێزو دەسەڵاتە ئیمپریالیستی یەکان لەمەیدانی نێو دەوڵەتیدا. هەرلەو دوو ڕەوتەش زیاتر، مارکسیزمی چەپی رادیکال بەشێوەی جدی تر لەبارەی پرسەکانی قەیران، شۆڕش، جەنگ‌و دەسەڵاتی ئیمپریالیستی بیریان دەکردەوە. هەندێك لەنووسەران بەوان دەڵێن "مارکسیستەکانی نەوەی شۆڕشی ١٩٠٥" کە لەنەمسا، ڕوسیا، پۆڵۆنیاو رۆژهەلاتی ئەڵمان کارو چالاکیان دەکرد. لەهەلومەرجی پڕ ئاڵوگۆڕو جەنگ‌و شۆڕشی سەرەتای سەدەی بیستەم‌و بەتایبەتی دەیەی دووەمی سەدەی بیستەم، داکۆکی کردن لەریفۆرم‌و چاکسازی نە زەمینەی هەیەو نەجێگیریش دەبوو، هەر لەبەر ئەوە ئەو نەوەیە لەمارکسیزم لەبەرامبەر ریفۆرمیزمی ڕەوتی پێداچوونەوە دا داکۆکی یان لەتایبەتمەندی شۆڕشگێرو توندوتیژی مارکسیزم دەکردو لەو بڕوایەدا بوون کە هەموو ئەوروپا بەو زووانە دەکەوێتە ناو هەلومەرجی شۆڕشگێرو ڕاپەرینی کرێکاران‌و خەڵکەوە. لەڕاستیدا، ئەوان ئەوەی نەوە تازەیە بوون لەمارکسیزم کە ئەندێشەکانی نەوەی کۆنی ئەرسەدۆکسیان، بەسەرنجدان لەهەلومەرجی ئاڵوگۆڕی سیاسی‌و کۆمەلایەتی شۆڕشگێرانە، لەڕەنگ‌و بەرگی رادیکالدا باسدەکرد.

مارکسیستە شۆڕشگێرەکانی ئەم سەردەمە (سەرەتای سەدەی بیست)، دەکرێن بە دوو بەشەوە: بەشێکیان ئەوانە بوون کە لەناوچەی ئەڵمان ـ پۆڵۆنیا خەباتیان دەکردو بەناو

بانگترین یان رۆزالوگزامبورك و كارل لیبكنخت بوون؛ دووەمیان ئەوانە بوون كە بەماركسیزمی نەمسایی یان (مەكتەبی ڤیەننا) دەناسرێن و بیرمەندە ناسراوەكانیان: كارل رینەر، رۆدلف هیلفردنیگ، ئۆتۆ باوەرو ماكس ئادلەر بوون. نەخشی سیاسی رۆزا لوكزامبۆرگ لەبزوتنەوەی كرێكاری ئەڵمان، روسیاو پۆلۆنیاو كاریگەری مێژوویی ئەو، وەكو یەكێك لەگرنگترین ماركسیستەكانی سەدەی بیستەم، دەناسرێ.

دەربارەی كەسایەتی و خەباتی ئەو، هەروەها لەبارەی نووسین و بیروڕاكانی زۆر باس و دیدگای فراوان نووسراون، بەتایبەتی دەربارەی پێداچوونەوەكانی بۆ بیروڕاكانی ماركس لەتیۆری ئابوری دا. بیروڕاو گێڕانەوەی تایبەتی ئەو لەماركسیزم باسوخواسی زۆر فراوانی هێناوەتەدی. بیرمەندان، مێژوونووسان و لیكۆڵیاران بە هەندێك نازناوی سەرنج راكێشەرو حەماسی باسی ئەویان كردووە، وەكو (رۆزای سوور)، قارەمانی سۆسیالیزم، شۆڕشگێری ئەنترناسیۆنالسیتی. جیاوازی بیروڕا دەربارەی گرنگی ئەندێشەكانی رۆزا، بەتایبەتی هەڵوێستەكانی بەرامبەر لینین، ئەویان كردۆتە شیكارێكی (راستەقینەی)ماركسیزمی شۆڕشگێر. هەرچەند لایەنگرانی لینین و ستالین ئەو وەكو ڕابەری بەرجەستەو ناسراوی بزوتنەوەی جیهانی ی سۆسیالیستی رێزلێدەگرن، بەڵام نەیارن لەگەڵ بیروڕاكانی ئەو سەبارەت بە ڕەوتی كەڵەكە بوونی سەرمایە، پرسی نەتەوایەتی، نەخشی حیزب و جەماوەر. بەڵام لینین لەساڵی ١٩٢٢ لەهەڵسەنگاندنی ئەندێشەكانی رۆزا لوكزامبۆرگ، رایگەیاند كە ئەو سەرەڕای ئەوەی كە هەڵەی زۆرە، بەڵام بە "بازی" بزوتنەوەی سۆسیالیستی ناوی دەبات. ستالین، رۆزا بەسەرقافڵەی ترۆتسكیزم و لادان و ئەندێشەی یۆتۆپی و مەنشەویكی "شۆڕشی بەردەوام" دەزانێ. هەندێكی دیكە بیروڕاكانی رۆزا وەكو شێوەیەك لەپێداچوونەوەو تازەكردنەوەی رادیكالی ماركسیزم دەنرخێنن. بەڵام "هانا ئارێنت" بیرمەندی هاوچەرخی ئەڵمانی، بڕوای وایە كە رۆزا كەسایەتیەكی رۆمانتیك و ئەخلاقی یەو لەپرانسیپدا پەیوەندی بە ماركسیزمەوە نی یە. پەیڕەوان و لایەنگرانی چەپی نوێ ئەو بە بونیادنەری ڕاستەقینەی "كۆمۆنیزمی دیموكراتیك" دەزانن، یان بەپێشڕەوی ڕیگای سێهەم ناوی دەبەن (سۆسیال دیموكراسی نوێنەری ڕێگای یەكەمەو كۆمۆنیزم





ی دووەم)، كە ماركسیستێكی مرۆڤ پەروەر و پاكژو پوختە لەكاریگەری دۆگماتیزمی حیزبی و لینینی و لەهەمان كاتیشدا نەیارە لەبەرامبەر هەلپەرستی ڕەوتی پێدا چوو نەوەی ناو سۆسیال دیموكراسی. رەخنەی لوكزامبۆرگ لەتیۆری حیزبی شۆڕشگێرانی كارامەوپیشەیی لینین، لەلایەن ڕەوتی سۆسیالیزمی دیموكراتێك یان چەپی نوێ كە لەسەرەتای دەیەی ١٩٦٠ دا پەیدابوون، دەكرێتە رێبازو دیدگا لەبزاڤی زانكۆیی و راپەرینەكانی خوێندكاران و لاوانی ساڵانی ١٩٦٨ بەدواوە، جارێكی دیكە ناوی رۆزا دێتەسەر زمانەكان و بەشایستەو شۆڕشگێرو مرۆڤدۆست ناوی دەهێنرێت.

سەرەڕای كارو بیروڕاو خەباتی شایستەی رۆزا لوكزامبورگ، بەڵام ناتوانرێت بوترێ كە ئەو ڕێبازێكی نوێ یان پەیڕەوێكی فكری هێنابێتە ناو ماركسیزمەوە، لەگەڵ ئەوەشدا كاریگەری رۆزا لەباری پراتیك و لەباری تیۆرەوە، خاوەن گرنگی شایانی باسە لەماركسیزمی سەدەی بیستەمدا. [2]

## تایبە تمەندی بیروڕای سۆسیالیستی و ماركسیستی لوكزامبۆرگ [3]

بیروڕای سۆسیالیستی رۆزالوكزامبورك چەند تایبەتمەندییەكی هەیە:

**<u>یەكەم</u>،** سەرەڕای كە ئەو بڕوای بەدیموكراسی هەبوو، ئەمەش لەوەدا بوو كە پێویست بوونی ئەو باوەڕە پشت بەستن بوو بەهەموو كەس بەكرێكارو غەیری كرێكار. لوكزامبورگ، وەكو ماركس بڕوای بەو پەیڕەوە هەبوو كە: رزگاری هەموو خەڵك بەدەستی كرێكاران دێتەدی. ئەمەش یەكێكە لەجیاوازییە سەرەكی یەكانی رۆزا (بەپەیڕەوی لەماركس)، لەكاتێكدا لەبیروڕاو نووسینی هەموو ماركسیستەكانی دیكە، تەنها قسە لەسەر "رزگاری" چینی كرێكارە. ناسازگاری و ڕاست نەبوونی بیروڕای ماركسیستەكانی دیكە وادەردەكەوێ، كە گوایە چینە بێبەشەكانی دیكە بەشێك نین

---

[2] حسین بشیریە، تاریخ اندیشەهای ماركیستی درقرن بیستم، نشرنی، چاپ ششم، ١٣٨٤، ل ل ٦٤_٦٧.

[3] تونی كلیف، روزالوكزامبورك، ترجمەی نسترن موسوی، أنشارات رۆشنفكران، ١٣٧٥، ص ٩.

لەمرۆڤایەتی یان وەکو کرێکاران لەهەلومەرجی نالەباردا ژیان بەسەرنابەن. بەڵام ئەم داواو هەڵوێستەش بەو سادەییە نیە، کە تائێستا باسکراوە. بە بڕوای مارکس رزگاری چینی کرێکارو رزگار بوونی هەموو مرۆڤ وەکو یەك پرس‌و یەك کاروخەبات دێتە پێش چاو. بەڵام مارکس بۆ ئەم هەڵوێستە هیچ بەڵگەیەکی رۆشنی نەبوو، و پەیڕەوانیشی ئەمەیان بەبێ بەڵگەو بەئاسانی پەسەندکرد. ئەمەش لەوانەیە لەبەرئەوە بووبێ کە لایەنگران‌و پەیرەوانی مارکس، بیروڕاو تیۆری ئەویان وەکو ئاینی پیرۆز سەیردەکردو خۆیان بەوە خەریك نەدەکرد، کە بۆ ئەو مەبەست‌و هەڵوێستانە، بەڵگەو لێکدانەوەی پەسەند بخەنەڕوو. "رزگاری چینی کرێکار تەنها بەدەستی ئەو چینە" بەو مانایە نایەت کە بەشداری‌و کاریگەری رووناکبیرانی بۆرژواو سیاسەتمەدران لەم کارو زەمینەیەدا پێویست ناکات، رۆزا بەکاریگەری مارکسیزمی ئەرسەدۆکس، هەروەکو بەشێکی زۆری دیکەش لەسۆسیالسیتەکان، ئەو هەڵوێستەی کاوتسکی یان پەسەندکردبوو، کە توخمەکانی هۆشیاری‌و دیدگای سیاسی‌و فەلسەفی لەدەرەوەی چینی کرێکارو لەلایەن ئەو رووناکبیرو کەسە هۆشیارانەوە دێتە ناو چینی کرێکار.

**دووەم** ، رۆزابڕوای بەوە بوو کە کرێکاران بۆ بڵند راگرتنی ئاڵای شۆڕش نیازمەندی رێکخراو وسازمانە سیاسیەکانن، بەڵام هەرگیز نەیگوت کە ئەم رێکخراوانە کامانەن‌و چۆن دەبن! یا رێکخستنی شۆڕش بە چ شێوەیەك جێبەجێ دەبێت. ئەم بێدەنگی یە لەبیروڕای ئەودا سروشتی دێتەبەر چاو، چونکە هەموو رێکخراوێك بەرەو دامەزراندنی حیزب دەچێ‌و حیزب لەکاروخەباتدا بەشداری‌و کاریگەر دەبێت. و ئەم "بەشداری" یەش دیدگای لایەنگری لەبیروڕای بزوتنەوەی خۆبەخۆی کرێکاران، کە رۆزا دڵبەستەی ئەودیدگایە بوو، بریندار دەکات. بەتایبەتی ئەگەر ئەوە بزانین کە ئەو دڵنیایە لەوەی "مانگرتنی جەماوەری دەبێت بە ویستی کرێکاران‌و خەڵك بێتەدی"و کۆبوونەوەو دەسەڵاتی بێ ئەندازەی حیزب، خەڵك لەچینی کرێکارو بزوتنەوەی سۆسیالیستی جیادەکاتەوە" ئەمەش یەکێك بوو لەپێشبنیی یە دروستەکانی رۆزا، لەرەخنەو نەیاری خۆی بەرامبەر بەدیدگای رێکخراوی شۆڕشگێڕانی پیشەیی‌و کارامە، کە لینین





بانگەوازی بۆ دەکردو تیۆری بۆ دارشت. بەڵام رۆزا سەبارەت بەچۆنیەنی رێکخستنی شۆڕش، دوچاری ناکۆکی دەبێت،و جارێك ئاوا دەنووسێ:

بزاڤی جەماوەری پرۆلیتاریا بەڕابەری هێزێکی رێکخراو پێویستی بە پابەندی بە بنەماکان دەبێت . و لە جێگەیەکی دیکە پێچەوانەکەی دەنوسێ : شۆڕشی فۆریەی سالی ١٩١٧ لە ڕوسیا ( یەك واقعیەتی ) سازماندراو یان لە پێشەوە ڕێکخراو نەبوو ، واتە لەوانەیە شۆڕش بەبێ ڕێکخراو پەیدا ببێ وحیزب بە بەرهەم بگەیەنێ [٤] رۆزا نەخش‌و کاریگەری حیزب لەسەرەتادا بە دەورێکی فەرهەنگی دەبێنی:

نەخشی حیزب ئەوە نی یە کە کۆمەڵگای تازە بەزۆر بەدی بهێنێ، بەڵکو دەبێت کۆمەکی پێگەیشتن‌و گەشەکردنی بکات، و ئەگەر وانەکات ئەنجامی پێچەوانە چاوەڕوانی دەکات. ئەنجامی پێچەوانەی چاوەڕوانی، لەدوای ئاگا کردنەوەی جەماوەر:

ئەرکی ئێستای رابەرانی حیزبی، هۆسیارکردنەوەی جەماوەرە دەربارەی پەیامی مێژوویی خۆیان. ئەوان هۆشیاری دەدەن بە جەماوەر، تا هۆکاری دابڕانی خۆیان وەکو (سەرۆك) فەراهەم بکەن و بەشێوەی بەریوەبەرانی ئیرادەی خەڵك کە بە ئاگایی گەیشتوون رەفتاردەکەن.

ئەم بڕوایە لەگەڵ ئەم وتەیەی دواتر جیاوازی هەیە:

ئیرادەی زۆربەی میللەت بۆ حیزبی سۆسیال دیموکراسی بت پەرستی نی یە، بەپێچەوانەوە، پەیامی مێژوویی سۆسیال دیموکراسی پێش هەموو شتێك بریتی یە لەشۆڕشگێرکردن‌و ئاڕاستەکردنی ویستی "خەڵك" کە ئەوانیش بەشی هەرە زۆرییان کرێکارن. لەجێگای دیکە، لوکزامبۆرگ باس لەنەخشی "پێشڕەو" و "رێنما" دەکات: سۆسیال دیموکراسی، وەکو هێزی رێکخراوی چینی کرێکار، حیزبی پێشڕەوو رێنمای تەواوی جەماوەری کرێکاران پێك دەهێنێ. ئەم پارتە دەبێت هەروەها ئاگای لەوە بێت کە زانین‌و رۆشنی سیاسی، هێز، و یەکێتی بزاڤی کرێکاری بە تەواوی لەم رێکخراوە دا

[٤] مصطفی رحیمی، مارکس و سایەهایش (بەشی روزالو کزامبورك)، انتشارات هرمس، چاپ اول ١٣٨٣، ل ٢٣١

پەیدا دەبێ‌و بزوتنەوەی چینی پرۆلیتاریا، هیچ کات نابێت وەکو بزوتنەوەی کەمایەتی یەکی بچووك سەیر بکرێت. [5]

سۆسیال دیموکراتی ناتوانێ‌و نابێ بەشێوەی قەزاوقەدەر، دۆش دابمێنێ‌و چاوەڕوانی بەدیهاتنی "هەلومەرجی" لەباربێت، و لەو بڕوایەدابێت کە بزوتنەوەی خۆبەخۆ لەئاسمانەوە دەبارێت، بەڵکو دەبێت بەردەوام لەپێشەوەی گەشەی بزوتنەوەی گشتی بێت‌و خێرایی‌و کارایی ئەم بزوتنەوەیە زیاد بکات.

"ئەم دیدگایەش بە تەواوی پێچەوانەیە لەگەڵ لایەنگیری لەبزوتنەوەی خۆڕسك‌و خۆبەخۆی کرێکاران‌و خەڵك، کە بەبڕوای رۆزا سەربەخۆیە لەسیاسەتی سۆسیال دیموکراسی".

بەلام دیسان، دەگەڕێتەوە سەر بزاڤی خۆڕسك‌و خۆبەخۆی چینی کرێکارو لەو بڕوایەدایە کە ئەرکی حیزب تەنها "ئیدارەدانی" شۆڕشی خۆبەخۆی ئەم چینەیە. نەك هەڵسوڕاندن یان هێنانەدی شۆڕش، و ئەمەش ئەو بیرەیە کە لەدژی بڕواکانی لینینە. لەتیۆری لینین دا، هێنانەدی شۆڕش کاری حیزبی پێشڕەوەو کرێکارو جوتیاریش سەربازی ئەو شۆڕشەن.

**سێهەم،** لایەنی خۆرسك‌و خۆبەخۆیی بزوتنەوەی کرێکاری و سەرئەنجام هاتنەدی شۆڕشی خۆبەخۆ دەبێتە هۆکارێکی بەهێز بۆ دروست بوونی ئۆرگان‌و دامەزراوەو سەندیکاو شورای کرێکاران، کە هەموویان لەدەرەوەی سنووری بیرکردنەوەو دەسەلاتی حیزبی سۆسیالیست بوون. ئاراستەی رۆزا لەم بارەوە، لەسەردەمی شۆڕشی فۆریەی ١٩١٧ی ڕوسیا دەست پێدەکات‌و لەمەشدا لەسەر هەقەو (ترۆتسکیش لەوسەردەمەدا لایەنگری بیروڕاکەی رۆزا بوو). لۆکزامبۆرك دەربارەی خۆبەخۆ بوونی شۆڕشی ١٩٠٥و فوریەی ١٩١٧ ئاوادەنووسێ:

کرێکارانی پترۆگراد (سان پترسبۆرگی ئەمڕۆ و لینینگرادی سەردەمی دەسەلاتی سۆڤیەتی) لەساڵی١٩٠٥ و فۆریەی ١٩١٧ (شورا) سەربەخۆکانیان دامەزراندو کە

[5] تاریخ مارکسیسم معاصر، ل ١٤٤.





ئەوانیش لەدەرەوەی دەسەلاتی حیزبی بەشەویك بوون. ئەم کارەش نەیار بوو لەگەڵ رابەرانی بەلشەویك‌و لینین، ئەگەر نەڵێین تەنانەت لەدژی ئەوانیش بوون.

نیازو پێداویستی، شایستەیی دەبەخشێ بەدەست پێشکەری‌و کاری جەماوەرو دەنووسێ: پێویست بەبلاوکردنەوەی بەیاننامەی هاندان‌و (تراکت)ی شۆڕشگێرانە ناکات، خودی بزوتنەوە جەماوەر پەروەردە دەکات و سەرئەنجام، لەلای رۆزا خودی سۆسیالیزم دەبێتە کۆنترۆڵی گشتی کرێکاران بەسەرچارەنووسی خۆیاندا. ولەمەش بالاتر.

کرێکاران‌و تەنها کرێکاران دەتوانن زاڵ بن بەسەر ئەو قەیرانانەدا کە لەگەڵ مرۆڤایەتی ڕووبەڕوو دەبێت.

ئەمەش هەمان ئەندێشەی خودی مارکسە. رۆزا زیاتر رۆشنی دەکاتەوە:

چارەسەری کورسی پەرستی‌و دەسەلات خوازی روناکبیران (مەبەستی لەڕابەرانی بەلشەویکە) تەنها کاری خودبەخودی جەماوەرە.

نووسەرو بیریاری فەرەنسی "دانیال گیورن" کە کتبێکی گرنگی دەربارەی رۆزا لوکزامبۆرك نووسیوە دەڵێت:

کاوتسکی‌و لینین لەنێوان بزاڤی خۆرسك‌و هۆشیاری (چینی کرێکار) ناکۆکی میکانیکی دەبینن، بەلام رۆزا وابیر ناکاتەوە و بڕوای بە جوڵەوگواستنەوەی دیالەکتیکی نێوان ئەم دوانەیەو دەنووسێ: هۆشیاری لەبزوتنەوەی خۆ بەخۆوە سەردەرئەهێنێ‌و لەڕەوتی پەروەردەیەکی خێردا، بەرەو بالا دەچێت. هۆشیاری لەبزوتنەوەی خۆسازەوە لەدایك دەبێ‌و لەو هێز وەردەگرێ.

بەلام وەلامی لینین بەم جۆرەیە:

خۆبەخۆیی یەکسانە بە نائاگایی.... لەبەرئەوە، حیزبی پێشڕەو دەبێت لەهەر شێوەیەك لەپەیڕەوی بزوتنەوەی خۆبەخۆی کرێکاری خۆی بپارێزێ. دروشمی ئێمە ئەمانەیە: "خەبات لەبەرامبەر بزاڤی خۆبەخۆ "وردکردنی تەواوی خۆرسك بوون" و ئەمەش مانای "دیکتاتۆری حیزبە، بەڵێ بۆ دیکتاتۆری".

ئەم داهێنانە سەیرە لەناو مارکسیزمدا بەتەواوی جیاوازە لەبیروڕای مارکس، چونکە مارکس یەکەم، باس لەدیکتاتۆری چینی کرێکار دەکات، نەك لەدیکتاتۆری حیزب و دووەم، هەر وەکو بەردەوام باسکراوە: "رزگاری چینی کرێکار بەدەستی خودی ئەو چینە"،و نەك بەدەستی حیزبی چینی کرێکارو نە (بەتایبەتی) بەدەستی حیزبێکی پێکهاتوو لەسیاسەت پیشەکانی دەرەوەی کرێکاران. و هەر بۆ ئەم مەبەستەش رۆزا لەوەڵامی لینین دا دەنووسێ: "بەڵێ بۆ دیکتاتۆری چینی کرێکار. و نابۆ دیکتاتۆری حیزب!" ئەم هەموو جۆش و خرۆشەی رۆزا لوکزامبۆگ بۆ داکۆکی کردن لەبزوتنەوەی خۆبەخۆی چینی کرێکار لەبەر ئەوەیە تاکو نەهێڵێ حیزبی دەسەڵات پەرستان بەسەر کرێکاراندا زاڵ بن. لەبەر ئەوەش دەڵێت: "سۆسیالیزم کاری هەموو کەسێکی پرۆلیتارە" و ئەمەش هەنگاوێکی فراوانترە لەدیدی مارکسی کە بەقازانجی کرێکاران و لەدژی دەسەڵات پەرستانە، چونکە مارکس "پەیامی پرۆلتیاریا" بە جەبرێکی جیاواز لەخواستی هەمیشەیی کرێکاران دەبینێ!

بەڵام رۆزا، هۆشداری دەدات:

ئەمرۆ هۆشیاری خەڵك مەرجی هەرە پێویستە بۆ کاری سۆسیالیستی، هەروەکو چۆن کە غافڵ بوون لەو هۆشیارییە، مەرجی دەسەڵات و پێشکەوتنی چینە باڵا دەستەکانە بەسەر پرۆلیتاریادا.

نەیاری رۆزا تەنها لەدژی لینین نەبوو، بەڵکو لەبەرامبەر دەسەڵات پەرستانی ناو سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیش دەڵێت: ئەوان رێکخراو وەکو هۆکارو ئامراز بەکار ناهێنن، بەڵکو کردویانەتە ئامانج.

__چوارەم،__ رۆزا هەرچەندە بڕوای بەدیموکراسی هەبوو، بەڵام لەهەمان کاتدا بەتوندی لەدژی ریفۆرمیزم خەباتی دەکرد. بێگومان ئەمەش لەبەر ئەوە بوو کە زیاد لەپێویست شۆڕشگێر بوو لێرەدا چەند خاڵێك لەم زەمینەیەدا باسدەکەین:

- لەبەر ئەوەی لەسەردەمی رۆزادا ئەندێشەی ریفۆرمیستی(لە بەرامبەر شۆڕشگێری) لە گەشەو هێزدابوو، ئەو کە باسی ریفۆرمی دەکرد وەکو(سەرەتانێکی





فراوان و بڵاو) ئاماژەی پێدەداو لەو بڕوایە دابوو کە (ریفۆرمیستەکان پەیوەستەی سیاسەتی ئمپریالیستی پەیڕەو دەکەن" و ئەو ریفۆرمخوازەکانی وەکو لینین تەماشا دەکرد:

- هەرچەند کە لینین و ریفۆرمیستەکان لەدوو جەمسەری جیاوازدان، بەڵام هەردوو لایان ئەوە دەخوازن کە لەبەرامبەر کرێکاراندا دەسەڵاتی باڵاتر بۆ نوخبەکان پەیدا بکەن کە جەماوەر وەکو هەویر لەدەستیاندا بێت و چی یان بوێت لێی دروست بکەن.

بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کە ریفۆرمیستەکان هەمیشە مافی نارەزایی و مانگرتنی خەڵك (ئەوەی کە رۆزا مەبەستی بوو، و داکۆکی لێدەکرد) یان بەرەسمی دەناسی. ریفۆرمیست و (نوێ خوازی)ی گەورەی ئەو سەردەمە برنشتاین بوو. بەبڕوای ئەو هەلومەرجی ئابوری سەرمایەداری تارادەیەك ریفۆرمی تێکراوە، چینی ناوەڕاست گەشەی کردووە، دژایەتی چینایەتی ئارامتر بۆتەوەو لەهەمووشیان گرنگتر ئەوەیە کە لەئەنجامی کاروچالاکی یەکێتی وسەندیکا کرێکاریەکان و هەرەوەرزییەکان، ڕەوشی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی چینی کرێکار باشتر بوون. برنشتاین لەم شیکردنەوەیەدا بەو ئەنجامە دەگات کە حیزبی سۆسیالیست دەبێ هێزی خۆی تەرخان بکات بۆ باشترکردنی هەلومەرجی ژیانی کرێکاران، نەك ئەوەی کە لەهەوڵی بەدەست هێنانی دەسەڵاتی سیاسیدا بێت.

- تیۆری دژی ریفۆرمیستی رۆزا، ئەو دەیگەیەنێتە نەیاری توند لەگەڵ رەوش و خەباتی پارلەمانی و لەڕەخنە بەرامبەر کاوتسکی دەنووسێ: ڕەوتی فکری کاوتسکی زیاتر لەوانی پێش خۆی، ئەو بەرەو خەباتی پارلەمانی دەبات و لەوێدا سنوورداری دەکات. و لەبەرامبەر پارلەمانتاریزم دەنووسێ:

پارلەمانتاریزم توخمێکی بەڕاستی و بە تەواوی سۆسیالیستی نی یە کە وردەوردە هەموو کۆمەڵگای سەرمایەداری دەگرێتەوە، بەپێچەوانەوە شێوەیەکی تایبەتی یە لەحکومەتی چنیایەتی بۆرژوایی . و پارلەمانتاریزم جگە لەشێوەی کۆمەڵایەتی تایبەتی لەتوندوتیژی سیاسی بۆرژوازی، شتێکی دیکە نی یە.

- ماركس لەمانیفێستی كومونیست دا وتی: "پرۆلتیاریا نیشتمانی نی یە" ئەم وتەیەی مامۆستا، قوتابی یەكەی بەرەو جێگایەك ڕێنمایی كرد كە تەنانەت نەیار بوو لەبەرامبەر سەربەخۆیی نیشتمانی ڕەسەنی خۆی (پۆلۆنیا):

دروشمی سەربەخۆیی نەتەوەیی، چیدیكە لە سۆسیالیزمدا جێگای نی یە، چونكە لەو سیستەمەدا ستەمی نەتەوایەتی نامێنیۆ یەكێتی نێونەتەوەیی نێوان مرۆڤ دێتەدی. لەبەرئەوە سەبەرخۆیی راستەقینەی پۆلۆنیا لەسەردەمی سەرمایەداریدا نایەتەدیو هەر هەوڵێك لەم ڕاستایەدا هیچ جۆرێك بەهای پێشكەوتوخوازانەی نابێت. ئەمەش سەرەڕای ئەوەی كە چینی كرێكاری پۆلۆنیا خوازیاری جیابوونەوە لەڕوسیا نییە .

**پێنجەم**، یەكێكی دیكە لە تایبەتمەندییەكانی ئەندێشەی لوكزامبۆرگ گرنگیدانە بەپەروەردەو هۆشیاریو گەشەی فكری جەماوەر لەبەر ئەوەی هێنانەدی شۆڕش بە تەنها كاری ئەوانەو رۆزاش لەهەلومەرجی ئەوان ئاگادارە ئەمەش بەكارێكی ئاسان نازانیۆ یەكێكە لەو پرسانەی كە رۆزا زۆر پێوەی خەریك بووە: شۆڕشی ئێمە وەكو شۆڕشی بۆرژوایی ئاسان نی یە وتەنها بە گۆڕینی گروپی دەسەڵاتدار بە ئەنجام ناگات، و دەبێت پایەی كۆمەڵایەتی جەماوەر دروست بكات.

ئەمەش ناوەرۆكی رۆحی وتەكانی رۆزایە. چونكە كۆمۆنیزمی ڕوسی و لینینی گۆڕینی ئەندێشەو ڕەوشی جەماوەر بەشتێكی گرنگ نازانیۆ، و ئەمڕۆ ئەوان (واتە جەماوەر) هەلهەلە لێدەدەن بە گەڕانەوەی سەرمایەداری لەدوای ڕوخانی كۆمۆنیزمی سۆڤیەتیو ئۆردوگایی. بەڵام رۆزا دەربارەی دیدگاو ئاگایی خەڵك دەڵێت:

پیۆبەپیۆی هەلومەرجی مادیو ئابووری كە بووەتە هۆی هێنانەدی گەشەو پێشڕەوی لە "شارستانی" دا، بەڵام تائەو كاتەی كە لەگەڵ جۆشو خرۆشی ویستی هۆشیارانەی جەماوەری مەزندا ئامێزان نەبێت، سەركەوتنی كۆتایی پرۆلیتاریای سۆسیالسیت بەهیچ جۆرێك نایەتەدی.





و ئیرادەی هۆشیارو ئاگا... تەنها هۆكاری "كۆمەك" نی یە، بەڵكو هۆكاری كۆتاییو بڕیاردەریشە.

ماركس لەم بارەیەوە دەنووسیۆ:

شۆڕشە كرێكاریەكانو بەو هەموو ئامانجە گەورانەی كە لەپێش خۆیان دایاناوە، نابێت لەنیوەی ڕێگادا كەمتەرخەمی بكەنو بەبیۆ هیچ چاوپۆشی یەك، دەبێت رەخنە لەخۆیان بگرنو بەلاوازییەكانو هەڵەكانیاندا بچنەوە (ماركس، ١٨ی برۆمێر) ئەم وتەیە دوو خاڵ بەیان دەكات: یەكیان ڕەخنەی واقعی یە لەخۆیو دووەم پێداچوونەوەیە بە مێژووی رابردوو. پێداچوونەوە واتە كە وتەكانی ماركس نابێت بە نەگۆڕ بزانرێن. ئەمەش هەمان ئەوشتەیە كە برتۆلت برێشت بەدروست شیكردۆتەوە: "لەهەموو هەلومەرجو رەوشێكی تازەدا، دەبێت بڕیاری تازەمان هەبێت".و برنشتاین، تیۆرمەندی گەورەی ئەم پێداچوونەوەیە. تازەكردنەوەی بیروڕاكان یان پێداچوونەوەی بزاڤی سۆسیالسیتی (كە كۆمۆنیستە لینینستەكان خۆیان بە دوژمنی دادەنا) یەكێكە لەو ڕەوشانەی كە بەردەوام لەلایەن ماركسو ئەنگلسەوە بەكاردەهات. دەتوانین بڵێین كە هەر كتبێكی ئەوان، پێداچوونەوەو تازەكردنەوەی بیروڕاكانی ناوكتێبی پێشوویانە بۆ نموونە ئەنگلس لەكۆتایی ژیانی خۆیدا بەراشكاوی دەڵێت: كرێكاران دەتوانن لەڕێگای خەباتی پارلەمانی بە دەسەڵات بگەن. [٦]

هەڵبەت رۆزا بە تێڕوانینی تازەی خۆی گرنگی نەئەدا بەبەشێك لەوتەكانی ماركس، بەڵام بەشی یەكەمی ئەو ڕەخنەیەی لەخۆی بەجدی گرتووە و دەنووسیۆ:

هیچ بڕوایەكی لەپێشەوە داڕێژراو، هیچ ئاینێكی خێرو نەمر ئەو ڕێگایە نیشانی پرۆلیتاریا نادات كە دەبێت بیگرێتەبەر. دەبێت هەموو شت دروست بكرێت،

[٦] انور خامه ای، تجدید نظر طلبی ازماركس تا مائو، پژوهشگاه علوم انسانی، ١٣٥٦، ص ٤٠٢

ڕێگای پرۆلیتاریا بەرەو خۆی و بەسوودی خۆی پڕە لەسەختی و ڕەنجی فراوان و هەروەها هەڵەو نەتوانینی بێ شوماریشی تێدایە. بەدیهێنانی ئامانجی پرۆلیتاریا، واتە ڕزگاری یەکجارەکی ئەم چینە پەیوەستە بەوەی کە ئایا پرۆلیتاریا دەرس و پەند لەهەڵەکانی خۆی وەردەگرێ یان نا؟ لەم بارەیەوە دەبێت ئەمەش بۆهەر بزاڤێکی کرێکاری وەکو پێوەرو حوکمی ژیان و ڕۆشنایی بێت.

هەر لەم بارەیەوە ڕۆزا دەڵێ.

حەقیقەت لایەنی فراوانی هەیە،و بەردەوام لەگۆڕاندایە، بەسەختی دەتوانین بەدەستی بهێنین و هیچ کاتیش ناتوانین هەموو ڕووەکانی بەدەستەوە بگرین.

ئەمەش ئەو وتە گرنگەی ئەلبێرکامۆمان بیردە هێنیتەوە: "کەسێك کە بڕوای وابێت کە دەستی بە هەموو ڕاستی یەکان گەیشتووە، بەو ئەنجامە دەگات کەدەبێت هەموو ئەوانی تر بکوژێت".

یەکێکی دیکە لەتایبەتمەندییە گرنگەکانی ئەندیشەی لوکزامبۆرگ گرنگی دانە بەلایەنی ئەخلاقی لەسۆسیالیزمدا. مارکس سۆسیالیزمی بەکارێکی پێویست و ناچاری دەزانی و لەلایەنی ئەخلاقی ئەو سیستەمە بێئاگا بوو. لەلای مارکسیزمی ئەرسەدۆکس ئەم دیدگایە لەگەڵ بیروڕای" دیترمینیستی" فەلسەفی ئەوان سازگار بوو. مەسەلەی ئەخلاق ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەلایەنی ئازادی مرۆڤەوە هەیە و لەگەڵ هەر جۆرێك لەجەبرگەرایی و حەتمیەت دا ناکۆکە.

بەڵام لەڕاستیدا، لوکزامبۆرگ دوو هەڵوێستی جیاواز لەسۆسیالیزم لەبەرامبەر یەکتر دادەنێ: سۆسیالیزم وەکو "پێداویستی مێژوویی" واتە هەمان ئامانجی دیاریکراوی تاکانەی مرۆڤایەتی، و سۆسیالیزم وەکو ئامانجی ئەخلاقی و بەتایبەتی نەهێشتنی چەوسانەوەو بێ عەدالەتی.

ڕوزا دەڵێت: ئەوە کافی نی یە کە کرێکاران لەسۆسیالیزمدا تەنها بەشوێن ئامانجەکانی خۆیانەوە بن ، بەڵکو دەبێت لەپەیوەندی هەمیشەیی نێوان بەرژەوەندی خۆیان و خۆشگوزەرانی گشتی خەڵك دا بیری لێ بکەنەوە. ئەمەش بناغەی دیدگای ڕۆزایە لەپەیوەندی نێوان سۆسیالیزم و دیموکراسی.





## بیروڕای ڕوزا لوکزامبۆرگ دەربارەی هێنانەدی سۆسیالیزم [٧]

ئایا سۆسیالیزم بەرهەمی ناچاری و پێداویستی گەشەو تەکامولی مێژوویی سەرمایەدارییە، کە زەمینەکەی لەئاڵوگۆڕو پێشکەوتنی ئابووریدایە. یان تەنها هەڵبژاردن و ئیرادەیەکی ئەخلاقی، ونموونەی ئامانجی ئازادی و عەدالەتە؟ لەنێوان" دوو ڕێگای نەزانراو ونەتوانراو" ی باوەڕهێنان بە چارەنووسی یاسا بابەتیەکان و ویست و هەڵبژاردنی ئازادی و یەکسانی و عەدالەتدا، باسەکان لەناوسۆسیال دیموکراسی ئاڵماندا پەیدابوون. ڕۆزا لوکزامبۆرگ بەدەربڕینی ڕاشکاوو ناوداری خۆی، وتی "یا سۆسیالیزم یان بەربەری"و لەکتێبی "قەیرانی سۆسیال دیموکراسی ئەڵمان" کە بە(نامیلکەی جۆنیۆس) ناسراوە، هەڵوێستی نواندو لەنێوان ئەو دوو ڕێگایەدا لەهەوڵی ئەوەدابوو کە چەمکی دیالەکتیکی فراوانتر بەکاربهێنێ. بیریاران و لێکۆڵیاران دەیانوت ئەم نامیلکەیە (سەرەڕای ڕەخنەو نەیاری سۆسیال دیموکراسی و لینین یش) بەڵام لەبەڵگەیەکی مێژوویی گرنگترو بەهێزترە. واتە گرنگی و کاریگەری تیۆریکی تایبەتی خۆی هەیە. ئێمە هەوڵ دەدەین ،کە مانای میتۆدی زاراوەی (سۆسیالیزم یان بەربەریەت) بناسین، کە ئەویش مانایەکە بایەخی بونیادی لەبیرکردنەوەی مارکسیستی دا هەیە.

برنشتاین کە لەساڵی ١٨٩٩ بە کتێبی (پیشمەرجەکانی سۆسیالیزم و ئەرکەکانی سۆسیال دیموکراسی) دەستی کرد بە ڕەخنە لەمارکسیزم و ڕەوتی پێداچوونەوەی لەبزوتنەوەی سۆسیالیستی دا ڕاگەیاند، بڕوای بەوە هێنا چیدی سۆسیالیزم لەسەر پایەی بابەتی و ئابووری ناو ناکۆکیەکانی سەرمایەداری و خەباتی چینایەتیدا نییە (لەڕاستیدا، هەروەکو لەساڵانی دواتردا دەرکەوت، دورنمای سەرەکی ئەم کتێبە ڕەخنەو نەفی کردنی هەموو ئەو شتانە بوو، واتە سۆسیالیزم و خەباتی چینایەتی و ناکۆکیەکانی نێو سەرمایەداری). لێرە بە دواوە برنشتاین بەدوای بناغەو پایەیەکی دیکەدا بۆ سۆسیالیزم دەگەڕا. بنەمای نەمری ئەخلاقی، ماف و عەدالەت. بەشی کۆتایی

[٧] میشیل لووی، دەربارەی تغییر جهان (مقالاتی دەربارەی فەلسەفەی سیاسی از مارکس تا والتر بنیامین)، ترجمەی حسن مرتضوی، انتشارات روشنفکران ١٣٧٦، ل ل ١٤١ـــ ١٥٠.

ئەم کتێبە، کە ناوی (کانت بەبێ ریاکاری) Kant without Cant ، بە تایبەتی بۆ ئەم باسە تەرخان کرابوو. برنشتاین، دیدگای کانتی لەگەڵ (ماتریالیزم)ی ناو دیدگای سۆسیال دیموکراسیدا لەبەرامبەر یەك دانابوو، لەهەوڵی ئەوە دابوو کە (ئامانجی) سۆسیالیزم کەم رەنگو کەم بایەخ بکات. لەدیدگای برنشتایندا، ئەم شێوەیە لەئیرادەو ویستی ئەخلاقی کە بەرەو ماڤو ئازادیو عەدالەت دەچێت، بەبێ گومان لەسەرووی مێژووو لەدەرەوەی بوونو خەباتی چینایەتیدا دەبینێ. بە بڕوای ئەو "ئەخلاقیاتی باڵای کانت، پایەو بونیادی کاری نەمرو جیهانی مرۆڤ دەبێت". برنشتاین وا بیری دەکردەوە کە هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی زاراوە توندوتیژەکانو رەشۆکیەکانی بەرژەوەندیو خەباتی چینایەتیو دابەشکردنی کۆمەڵگا بۆ (پرۆلیتاریا) و(بۆرژوازی)، لەبەرامبەر ئەم ئەخلاقیاتە مەزنە، کارێکی ئەحمەقانەیە.

رۆزا لوکزامبۆرگ لەکتێبی (ریفۆرم یان شۆڕش) لەساڵی ١٨٩٩، واتە هەمان ئەو ساڵەی کە برنشتاین ئەو کتێبەی خۆی نووسی، وەڵامی توندو حەماسی بەرامبەر باوکی تیۆری "پێداچوونەوە" ڕاگەیاند. بە بڕوای لوکزامبۆرگ سۆسیالیزم لەپێداویستیو ناچاری ئابووریدا زەمینە پەیدا دەکات، بەڵام لەهەمان کاتدا هۆکاری ویستو ئیرادەی شۆشگێڕو ئەخلاقیو ئازادیخوازی لەبیرنەچوو بۆ سەرکەوتن گەیاندنی ئەم ئامانجە. ئەو بڕوای بە باسی ناڕۆشنی "باوەڕهێنان بە چارەنووسی" مارکسیزمی ئەرسەدۆکسی کاوتسکی نەبوو. هەر لەکتێبی (قەیرانی سۆسیال دیموکراسی) سەرەڕای ڕەخنەکانی لەبرنشتاین دەیگووت: سەرمایەداری بە ناچاری بەرەو نابودی دەچێت، هەڵوەشانەوەی سیستەمی سەرمایەداری ئەنجامێکی بێ چارەی قووڵ کردنەوەی ناکۆکیە حەتمیەکانیەتیو ئەمەش دەبێتە هۆکارو زەمینە بۆ بەدیهێنانی هۆشیاری چینایەتی پرۆلیتاریا، "کە ڕەنگدانەوەی ناکۆکی ڕوو لەگەشەی سەرمایەداریو شکستی هەرچی زیاتری ئەو سیستەمەیە"، هەڵبەت رۆزا لەم نووسینەشدا کە "باوەڕدارترین نووسینی ئەوە بە چارەنووسی حەتمی" باس لەو راستیەش دەکات کە تاکتیکی سۆسیال دیموکراسی هەرگیز نابێت ئەوەبێ کە چاوەڕوانی گەشەو پێگەیشتنی ئەم دژایەتیانە بێتو بەو هیوایە دابنیشێ. پەیامی رۆزا هەر لەم ڕوانگەیەوە دەبێتو تەواوی ژیانو





بیرکردنەوەی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کرد. لەلای ئەو بەشداریو کاریگەری هۆشیارانەی سۆسیال دیموکراسی، بە مانایەکی دیاریکراو، توخمو هێزێکی "یارمەتیدەر" یان "خاوەن ئامانجە" کە لەزەمینەو بونیادی بابەتیو ئابووریو چینایەتیدا وەکو پێداویستی یەك دێتەدی. ئەم وتەیەی رۆزاش بە تەواوی ڕاستەو تەواوی مێژووی بزوتنەوەی سۆسیالیستیو کرێکاری، ڕاستیەکەیان سەلماندووە.

ئەگەر لەساڵی ١٨٩٩ دا (چارەنووس باوەڕی گەشبین) لەلای رۆزا لوکزامبۆرگ جۆرێك بێت لەبڕوای دوو دڵی، بەڵام لەلای کاوتسکیو پلیخانوف، دەبێتە تەوەری ناوەندی تەواوی جیهانبینی ئەوان. بیرکردنەوەی کاوتسکی بەرهەمی هاو ئامێزی ئامانج خوازو سەرسام هێنەری میتافیزیکی ئیشراقیە (کە جۆرێکە لەتەسوف) بۆ باوەڕهێنان بە پێشکەوتن، گرتنەبەری رێبازی داروینیستیە لەپرسی کۆمەڵایەتیو چارەنووس باوەڕی نیمچە "مارکسیزمی نەریتیە". ئەم بیروباوەڕە کاریگەری قوڵی لەسەر سۆسیال دیموکراسیو ئەنترناسیۆنالی دووەم داناو کاوتسکی کرد بە(پاپا)ی تیۆری پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانو نێونەتەوەیی سۆسیالیستی. ئەم مەسەلەیەش تەنها پەیوەست نەبوو بە جێگاو توانای بەرچاوی کاوتسکی، بەڵکو زەمینەکەی لەهەلومەرجو ڕەوشی دیاریکراوی مێژووی کۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستەمدا بوو. واتە سەردەمێك کە لەنێوان"دوو رێگای" چارەنووس باوەڕی هیگڵیو ئیرادەو ویستی ئەخلاقیانەی کانت دا، سۆسیال دیموکراسی کرد بە دوو باڵی مارکسیزمی نەریتیو سۆسیال دیموکراسی پێداچوونەوەو تازەکردنەوەی بیروڕاکان.

کاوتسکی، پرسی هێنانەدی و دەست پێشکەری کاری شۆڕگێڕانەی وەلاناو ڕووی کردە"یاسا ئاسنینەکانی سەرمایەداری کە ئاڵوگۆڕی پێویستی کۆمەڵگا دیاری دەکات". کاوتسکی لەگرنگترین کتێبی خۆیداو لەساڵی ١٩٠٩ بەناوی (ڕێگای دەسەڵات) چەندین جار دڵنیایی لەو دیدگایە دەکاتەوە کە شۆڕشی پرۆلیتاری"ڕێگای پێ ناگیری"و "ناچاریو حەتمی"یە.

"شۆڕشی پرۆلیتاری هەروەکو گەشەو تەکامولی بێ ڕاوەستانی سەرمایەداری لەڕێگادایەو کەس ناتوانێت ڕێگای لێ بگرێ". ئەم دیدگایە سەرسامیەکی وەهای

لەبزوتنەوەی سۆسیالیستی دا دروست کرد، کە لەوێدا بیروڕای تەکامولی مێژوویی‌و پاسیفی کاوتسکی بە شێوەیەکی بەرچاوو ئاشکرا دەردەبڕێ: "پارتی سۆسیالیست، پارتێکی شۆڕشگێڕە نەك حیزبی سازێنەری شۆڕش. ئێمە دەزانین هەروەکو چۆن نەیارانی شۆڕش ناتوانن ڕێگای پێ بگرن، ئێمەش دەسەڵاتی ئەوەمان نییە کە ئەم شۆڕشە بەدی بهێنین، یان پێشبینی بکەین. کاری ئێمە ئەوە نییە کە شۆڕش بەرێ بخەین یان بۆ شۆڕش تەداروکاتی پێشەکی ئەنجام بدەین".

جیاوازی دیدگای سیاسی رۆزا لوکزامبۆرگ لەبەرامبەر کاوتسکی، بەتایبەتی لەگەڵ شۆڕشی ١٩٠٥ دا دەرکەوت‌و رۆزا زیاتر لەجاران چەمکی"ناچاری‌و چارەنووس باوەڕی مارکسیستی" ڕەخنە دەگرت‌و دەیگوت: "نابێت بێدەسەڵات چاوەڕوانی دیالەکتیکی مێژوو بکەین، کە ئاخۆ کەی دێتەدی". لەساڵی ١٩٠٣ تا ١٩٠٩ ڕەخنەو جەدەلی رۆزا بەرامبەر کاوتسکی دەربارەی مانگرتنی کرێکاران‌و جەماوەری، بوونە هۆی دەرکەوتن‌و ئاشکرابوونی جیاوازییە تیۆرییەکان لەناو ڕەوتی مارکسیزمی ئەرسەدۆکسی سۆسیال دیموکراسی ئەڵمان. دیدگای رۆزا لەبەرامبەر سیاسەتی پارلەمانتاریستی حیزبی سۆسیال دیموکرات بەهەردوو باڵی کاوتسکی‌و برنشتاین، گرتنە بەری ستراتیژی مانگرتنی جەماوەری بوو: کە ئەمەش هاوکات لەگەڵ بنەمای بەشداری‌و کاریگەری هۆشیارانەی سۆسیالیستەکان دا دەبوو:" "ئەرکی سۆسیال دیموکراسی‌و ڕابەرەکانی ئەوە نییە کە لەدوای ڕووداوەکان بن، بەڵکو دەبێت ئاگاهانە لەپێشەوەبن، ودیدی گشتی‌و فراوانیان بۆ سەرتاسەری بزوتنەوەو ڕووداوەکان هەبێت‌و بە هەوڵی هۆشیارانەیان چەرخی تەکامول خێراتربکەن‌و پێشکەوتنی زەمانەت بکەن".





## نەخش‌و کاریگەری پرۆلیتاریا

سەرەڕای دیدگای جیاوازی لوکزامبۆرگ لەهەردوو باڵی ریفۆرمیست‌و تەکامول خوازی حیزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمان، بەڵام تا پێش ساڵی ١٩١٤ لەکاوتسکی‌و لەدیدگای "چارەنووس باوەڕی سۆسیالیستی" بە تەواوی دانەبڕابوو. لەو باسەی کە رۆزا دەڵێت، دەبێ سۆسیال دیموکراسی‌و خەباتی کرێکاران دەورەی تەکامول کەمتر بکەن‌و پەلە بکەن لەئاڵوگۆڕی ڕووداوەکان زیاتر دابڕان دەبینرێت ئەمەش سەرەتای دابڕانی ئەوە لەگەڵ باڵی ئەرسەدۆکس. کارەساتی رۆژی چواری ئابی ١٩١٤ی بە سازش‌و تەسلیمی شەرمەزاری بۆ سۆسیال دیموکراسی دەزانی، کە تیایدا شکست‌و هەڵوەشانەوەی ئەنترناسیۆنال‌و راپێچ کردنی کرێکاران‌و خەڵکی بۆ بەرەکانی جەنگ، دەبینی کە بەجەنگی جیهانی یەکەم ناسرا. ئەم هەلومەرجە لەلای رۆزا کارەسات وسەدمە بوو، کە لەهەمووشی ناخۆشتر ئەوەبوو، کە بزاڤێکی جیهانی بەهێز چوونە پشت سەری دەوڵەتەکانیان‌و هەموو حیزبەکانی ئەنترناسیۆنال دەنگیان دا بە سیاسەتی جەنگی‌و بودجەی ئابووری بۆ جەنگ. رۆزا لوکزامبۆگ بۆ سەرکەوتن بەسەر ئەم کارەساتەو ڕەواندنەوەی سەدمەی رۆحی خۆی لەساڵی ١٩١٥ لە (نامیلکەی جۆنیۆس) دا زاراوەی ئەوپەڕی شۆڕشگێڕانەی "سۆسیالیزم یان بەربەریەت" ی بەکارهێنا، کە هەم لەباری تیۆری‌و هەم لەباری سیاسیشدا، زۆر رادیکال بوو. مانای ئەم دەربڕینە ئەوەیە: تەنها "ئاڕاستەیەك بۆ گەشەو تەکامول" یان "یەك کاروانی ئاڵوگۆڕ" بوونی نییە، بەڵکو چەند رێگاو کاروان بەرێوەن. نەخش‌و کاریگەری پرۆلیتاریاش، تەنها "پاراستن" یان "کورت کردنەوە" و "خێراترکردنی" ڕەوتی مێژوو نییە، بەڵکو نەخشی سەرەکی پرۆلیتاریا لەهەڵبژاردن‌و دیاریکردنی"سۆسیالیزم" دایە:

مێژووی مرۆڤ بە ئارەزووی خۆی دروست نابێ، بەڵام هەر خودی مرۆڤیشە کە ئەم مێژووە دروست دەکات ... ئەگەر هەلومەرجی مادی کە لەئەنجامی تەکامولی رابردوو پێکهاتووە، لەگەڵ خۆشی‌و شەوقی ئیرادەی هۆشیارانەی جەماوەری مەزنی خەڵکا ئاوێتە نەبێت، سەرکەوتنی کۆتایی پرۆلیتاریای سۆسیالیست... هیچ کاتێك نایەتەدی.

فریدریك ئەنگلس رۆژگارێك دەیگوت: کۆمەڵگای سەرمایەداری لەگەڵ دوو ڕێگادا بەرەو ڕووە: یا پێشڕەوی بەرەو سۆسیالیزم یان گەڕانەوە بۆ بەربەریەت... ئێمە ئەمڕۆ، هەروەکو ئەنگلس نەوەیەك پێش ئێمە پێشبینی کردبوو، لەگەڵ هەلومەرج و دەسەڵاتی پڕ مەترسی ڕووبەڕووین: یا سەرکەوتنی ئیمپریالیزم و نابودی تەواوی شارستانیی و فەرهەنگ، کەم بوونەوەی دانیشتوان، فەلاکەت، زۆربوون و فرانبوونی گۆڕستانەکان وەکو ئەوەی لەڕۆمای دێرین ڕوویدا، یا سەرکەوتنی سۆسیالیزم واتە خەباتی هۆشیارانەی پرۆلیتاریای ئەنترناسیۆنالیست لەبەرامبەر ئیمپریالیزم و دامودەزگاو ڕەوشەکانی، ولەبەرامبەر جەنگ. ئەم دوو ڕێگایە مێژووی جیهان بڕیار دەدات، واتە هەڵبژاردنێکی ناچاری لەنێوان ئەو دوو ڕێگایە کە تای تەرازوویان وەکو یەکن و چاوەڕوانی بڕیاری پرۆلیتاریا دەکەن.

سەرچاوەی زاراوەی"سۆسیالیزم یان بەربەریەت" لەبیرکردنەوەی مارکسیستی دا چییە؟ مارکس لە یەکەمین ڕستەی مانفێست دا، دڵنیایی لەوە دەکات کە خەباتی چینایەتی یان "بە سازدانەوەی شۆڕشگێرانەی کۆمەڵگای ئازاد، ویان بە نابوودی هەموو چینە ناکۆکەکان کۆتایی دێت" لەوانەیە ڕۆزا لوکزامبۆرگ کە باسی نابودی شارستانی دێرینی ڕۆما دەکات، مەبەستی لەوەبێت کە هەلومەرجی جەنگی یەکەمیش هەمان گەڕانەوەیە بۆ ئەو بەربەریەتە. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانەش و سەرەڕای توڕەیی و رادیکالی ڕۆزا بەرامبەر بە جەنگ و سیاسەتی سازش و هەلپەرستانەی سۆسیال دیموکراسی لەبەرامبەر جەنگ، هێشتا ئەو سۆسیالیزم وەکو یەك ئەگەر و ڕووداوی ئاییندە تەماشا دەکات، نەك وەکو جەبری مێژوو یان حەتمیەتی ڕووخانی سەرمایەداری. ئەم ئەگەرەش نایەتەدی ئەگەر خەباتی کرێکاری و سۆسیالیستی دیدگاو بڕیاری هۆشیار و ئازادانەیان نەبێت!

ڕۆزا لوکزامبۆرگ یەکەمین کەس بوو کە بەرۆشنی سۆسیالیزمی بە بەرهەمی "ناچاری" پێداویستی مێژوویی نەدەزانی، بەڵکو وەکو ئەگەرێکی بابەتی و مێژوویی بیری لێدەکردەوە. چەمکی "سۆسیالیزم یان بەربەریەت" بەو مانایە دێت کە لەمێژوودا چارەنووس لەپێشەوە دیاری ناکرێت، "سەرکەوتنی کۆتایی" یان شکستی





پرۆلیتاریا لەسەر بناغەی "یاسای ئاسنینی" جەبری ئابووری دیاری ناکرێت، بەڵکو پەیوەستە بە هەوڵی ئاگایانەو ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاریا.

بە بڕوای ڕۆزا، خودی جەنگی جیهانی شێوەیەکی فراوانی گەڕانەوەیە بۆ بەربەریەت و نابودی شارستانی. بێگومان، پێشبینی ڕۆزا دەربارەی نەوەیەکی تەواو لەخەڵکی ئەڵمان و ئەوروپا، بە شێوەی کارەسات و مەترسی، ڕاست دەرچوو: شکستی شۆڕشی سۆسیالیستی لەساڵی ١٩١٩ی ئاڵمان لەشیکردنەوەی کۆتاییدا هێندەی نەخایاند بەسەرکەوتنی بەربەریەتی نازی و دیسانەوە سەر هەڵدانەوەی جەنگ (جەنگی دووەمی جیهان)) کۆتایی هات.

## دیدگاو تیۆری ئابووری[٨]

ئەگەرچی بەرهەمی تیۆری ئابوری ڕۆزلوکزامبۆرگ هەتا ساڵی ١٩١٣چاپ نەکرابوو، بەڵام ئەندێشەو دیدگای سەرەکی ئەو لەبەرهەمەکانی پێشوویدا، لەناویاندا کتێبی ریفۆرمی کۆمەڵایەتی یان شۆڕش؟، دەبینرێ. زۆربەی بیروڕا سیاسیی و تیۆرییەکانی ئەو وەکو ئەنجامی مەنتقی بیروڕاکانی دەربارەی (کۆبونەوەی سەرمایە) دایەو هەر بۆیە لیکۆڵینەوەی خۆمان لەو بابەتەوە دەست پێدەکەین.

تیۆری باسکراو و لیکۆڵینەوە کراو لەکتێبی (کۆبوونەوەی سەرمایە) بەشێوەی سەرەکی بە تیۆری "هەرەسی خۆبەخۆی سەرمایەداری" ناودەبات. بەڵام ئەم زاراوەیە بەومانایە نایەت کە گوایا سەرمایەداری لەئەنجامی ناکۆکی دەروونی خۆی و بەجیا لەخەباتی سیاسی پرۆلیتاریا دەڕووخێ. ڕۆزا تەنها ئەو بیروڕایەی نەبوو، بەڵکو بیری لەوە دەکردەوە کە سیستەمی سەرمایەداری زۆر پێش ئەوەی کە بەهەموو سنوورە ئابوورییەکانی خۆی بگات بەهۆی شۆڕشەوە سەرنگون دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا، دیسان بڕوای وا بوو کە بەردەوام بوونی سیستەمی سەرمایەداری تەنها تا ئەو کاتەیە کە

[٨] لشك کولاکوفسکی، جریان های اصلی درمارکسیسم، جلد دوم (عصر طلایی)، ترجمەی عباس میلانی، نشراگاە، چاپ دوم ١٣٨٥، ل ل ٨٠ ـ ٩١

بازاری ناسەرمایەداری، ناو خۆیانو دەرەوە، لەبەردەمیداو لەژێر كۆنترۆڵیدابێت، بەڵام لەو جێگایەوە كە پێداویستی سروشتی ئەو سیتسەمە كە نابودكردنی ژینگەی نا سەرمایەدارییە، ئەم سیستەمە بەناچاری هۆكاری هەڵوەشانەوەی ئابووری خۆی فەراهەم دەكات. دیاردەیەك بەناوی "سەرمایەداری ناوازە"وجیالەو یاسایانە، شایانی باوەڕكردن نی یە، هەركات سەرمایەداری تا ئەم ئەندازەیە پێش بكەوێ سەر ئەنجام لەنێو دەچێت.

ماركس وتبووی كە سەرمایەداری بەهۆی ناكۆكی ناوخۆی، بەتایبەتی ناكۆكی پەیوەندار بەكۆبوونەوەو كەڵەكەبوونی سەرمایە لەلایەكو هەژاریو بەدبەختی پرۆلیتاریا لەلایەكی دیكە، بەناچاری خۆی نابود دەكات، بەڵام هەرگیز ئەو هەلومەرجە دیاریكراوەی باس نەكردبوو كە تیایدا بەردەوام بوونی سەرمایەداری لەزەمینەی ئابووریدا نامومكین دەكات. رۆزالوكزامبۆرگ دەیویست لەلایەك تیۆریو دیدگاكانی ماركس تەواو بكاتو لەلایەكی دیكە بەگۆڕینیان، ئەم مەبەستە ئەنجام بدات (واتە رۆشن كردنەوەی ئەو هەلومەرجەی كە سەرمایەداری لەباری ئابووریدا مەحاڵ دەكات). سەرەتای دەستپێكی تیۆری كەڵەكەبوونی سەرمایەی رۆزا، خستنەڕووی دووبارە بەرهەم هێنانی  سەرمایە كە ماركس لەبەشی دووەمی (سەرمایە)دا باسی كردوە. كەئەمەش دژوارترین و كەم خوێنەرترین بەشی ئەو كتێبەیە. بەڵام بەبڕوای لوكزامبۆرگ ئەم بەشە زیندوو ترین پرسی سۆسیالیزمی زانستی یە كە گرنگیو كاریگەری زۆری هەیە، واتە خستنەڕووی ئەو پرسەی كە (بۆچی سەرمایەداری لەشیكردنەوەو زەمینەی ئابووریدا مەحكومە بە لەناوچوون؟) یان بە دەربڕینێكی تر، "ئایا گەشەی بێ كۆتایی ڕەوتی سەر لەنوێ بەرهەم هێنانەوەی فراوان، بەوشێوەیەی لەسەرمایەدارییدا بەرچاو دەكەوێ، لەلایەنی تیۆریدا مومكینە؟" وەڵامی ئەم پرسیارە دوو ڕێگاو دیدگای لێ پەیدا دەبێت: یەكەم هەندێك لە سۆسیالیستەكانی روسیا سترۆفە، بۆلگاكۆفو بارانوفسكی ـ بڕوایان وایە كە كۆبوونەوە و زیاد بوونی سەرمایە سنووری نی یە، بەڵام ئەوەیان لەبیر چوو كە ئەگەر وابیربكەنەوە سەرئەنجامی ئەم دیدگایە ئەوەیە كە دەبێ بێ ئومێدبن لەهێنانەدی سۆسیالیزم، چونكە سەرمایەداری بەردەوام





دەتوانێ گەشەبكاتو سنورەكان ببڕێو لەباری بەرهەم هێنانەوەی سەرمایە هیچ سنووردارییەكی نابێت، و سەرمایەداری دەبێتە سەرچاوەی گەشەی ئابووریو تەكنیكیو سۆسیالیزمیش  هیچ پێداویستی یەكی مێژوویی نابێتو هۆكاری ئابووریش بۆ هەرەسی سەرمایەداری لەگۆڕێدا نابێت.

بەڵام ڕێگاو دیدگای دووەم، ئەوەیە كە قەیرانی دابەزینی نرخی سوودو پەیدابوونی قەیرانە ئابوورییەكان لەوسەرچاوەوە، كۆتایی بەسەرمایەداری دەهێنیو سەرمایەداری لەئەنجامی گەشەی ئابووریو قەیرانە بەردەوامەكانی هەرەس دەهێنێ. بەڵام بەبڕوای رۆزا لوكزامبۆرك ماركس ئەو پرسەی نادیدە گرتووە كە بۆ سۆسیالیزمی زانستی لایەنی پێویستو ژیانی یە، یان ماركس ئەو سەرنجو وردەكارییانەی باس نەكردووە، كە بەهۆی كام هۆكاری ئابووری وردو دیاریكراوەوە، سەرمایەداری بە ناچاری خۆی نابود دەكات. دروستە كە بە بڕوای ماركس زیاد بوونی توانای بەرهەم هێنان بەشێوەی رۆژانە لەگەڵ هەلومەرجی دیاریكراوی مەسرەفو بەكار هێناندا ناكۆكی پەیدادەكەن (واتە بەرهەم هێنانی زۆرو بەكارهێنانی كەم)، بەڵام لەو بۆ چوونەدا كە ماركس باسی بەرهەم هێنانەوەی فراوان دەكات، دژایەتی نێوان هێنانەدی زێدەباییو گۆڕینی بەپارە ئاشكرا نی یە. پێشمەرجی بڕوای ئەو ئەوە بوو كە كرێكارانو سەرمایەداران تەنها بەكارهێنەرو مەسرەف كەرانن، بەوتەیەكی دیكە، بۆ مەبەستی تیۆری خۆی (ماركس) كۆمەڵگایەكی وێناكراوی سەرمایەداری "ناوازەی" باسكردوە كە تیایدا تەنها كرێكارو سەرمایەیەداری تێدایە. بەڵام بەپێی بەڵگەو دیدگای لوكزامبۆرگ كاتێك كە سەرمایەی فەردی (تاك) شیدەكەینەوە، ئەم وێناكردنە مەجازییە، بەڵام لە شیكردنەوەی سەرمایە وەكو یەك دیاردەی گشتی، ئەم وێناكردنە شایانی پەسەندكردن نیە: لەبەرئەوەی خاڵێكی سەرەكی دەشارێتەوە كە بەرهەم هێنانەوەی فراوان لەجیهانێكدا دێتەدی كە هێشتا بازاری سەرمایەداری هەیە، و چینە كۆمەڵایەتیو وڵاتەكان كە لەدەرەوەی گەردونی سیستەمی سەرمایەداری دەژین، وەكو بەكارهێنەرو مەسرەف كەرانی بەرهەمی فراوانن لەهەردوو بەشی بەرهەم هێنانو دووبارەی بەرهەم هێنان. زێدە بایی دەبێت لەدەرەوەی مەیدانی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری بكرێت بەپارە، واتە لەو

مەیدانانەی پێش سەرمایەداری وەکو ولاتانی دواکەوتوو، کە ئابووری لادێی وپیشەی دەستی تێدایە. کەواتە بوونی سەرمایەداری پێشکەوتوو پێویستی بەبوونی چینەکانو ولاتانی ناسەرمایەداری هەیە.

ئەم دیدگایەی رۆزا کە لەساڵی ١٩١٣ و لەکتێبی (کەڵەکەبوونی سەرمایە)دا نوسیویەتی، زۆر لایەنی گرنگو زەمینەی کاری ئەنترناسیۆنالیستیو دیموکراتی جیهانی تێدایە، بەلام ئێستا (واتە ساڵی ٢٠٠٨) ناوە رۆکی ئەم بۆ چوونە، بەم شێوەیە ڕاستە:

ولاتانی جیهان بەسەر دوو جۆردا دابەشکراون: ولاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری و ولاتانی دواکەوتووی سەرمایەداری، کە لەزاراوەی سیاسیو مێژووییدا بە (باکوور)و (باشوور) ناسراون. ولاتانی باکوور، کە بریتین لەئەوروپاو ئەمەریکای باکور، لەوێدا سەرمایەداریو پرۆسەی دووبارە بەرهەم هێنانەوەی فراوانی سەرمایە، هەتا دێت لەپێشدایە، کە توانیوێتی بەشێك لەنیازو پێداویستی یەکانی کۆمەڵگاو بۆ هەموو کەس دابین بکاتو کۆمپانیاو دەزگا ئابووریەکان لەگەشەی بەردەوامدانو باجی حکومەتەکانیش لەسەریان لەبالأبووندایە. بەلأم ولاتەکانی باشوور کە لەسەردەمی بەشی یەکەمی سەرمایەداریدان، واتە هێنانەدی بەرهەمو پرۆسەی زێدەبایی لەبەرکەمیو سنوورداری (کەڵەکەبوونی سەرمایە) هێشتاسەرمایەی ئەو ولاتە دواکەوتوانە نەگەیشتۆتە قۆناغی (دووبارە بەرهەم هێنانی فراوان). بەلأم سەرمایەو کۆمپانیاکانی ئەوروپاو ئەمریکا دەچنە ئەو ولاتانەو پرۆسەی دوبارە بەرهەم هێنانەوەی فراوان بەسەرمایەی خۆیان لەژینگەی ولاتانی باشوردا بەئەنجام دەگەیەنن، کە ڕەوشی کار لەم ولاتانەی باشور بەم جۆرەیە: نزمی ئاستی کرێ، نەبوونی زەماناتو یاساکانی کار، کەمیونزمی باجی حکومەتەکانو زۆر بوونی کاتی کارکردن واتە هێزی کاری هەرزان، نەبوونی یاسای داکۆکی لەکرێکارانو بوونی حکومەتو دەسەلاتی ڕەهاو برسی بۆ چەوسانەوەی کرێکاران (بەپێچەوانەی حکومەتە دیموکراتیەکانی رۆژئاوا کە تێرو خاوەن یاساو سنووردارکراون). باشترین نموونەی بەرچاو، کوردستانو عێراقە، کە پرۆسەی بەرهەم هێنانەوەی فراوان لەلایەن کۆمپانیا بێگانەکانو گۆڕینی زێدە بایی یە





بۆ پارەو سامانێکی بێ شومار. ئەم هەلومەرجە ئەرکێکی گرنگ دەخاتە ئەستۆی بزاڤی سۆسیالسیتیو کرێکاری، ئەویش ئەوەیە کە هێنادی دیموکراسیو ئازادیو مافەکان لەولاتانی دواکەوتووی سەرمایەداری (باشوور) دەبێتە ئەرکێکی ئەنترناسیۆنالیستیو مرۆڤانە واتە ڕێگاگرتن لەچەوسانەوەی ڕەهای سەرمایەی جیهانی بۆ بەشێکی زۆر لەکرێکارانو هەژارانی ولاتانی باشوور.

دیسان رۆزا بەردەوام دەبێت:

گەشەی سەرمایەداری هەلومەرجی پێش سەرمایەداریو جوتیارانو پیشەوەران دەخاتە سنووری خۆیو شێوەکانی بەرهەم هێنانی پێش سەرمایەداری نابود دەکات.(لەهەلومەرجی ئێستادا، واتە سەرەتای سەدەی بیستویەك سەرمایەداری رۆژئاوایی یان سەرمایەداری باکووری، هەلومەرجی سیاسیو کۆمەڵایەتی ولاتانی دواکەوتووی سەرمایەداری وێران دەکاتو لەوێدا زۆرترین چەوسانەوە و زۆرترین زێدە باییو پارە ، بەرهەم دەهێنێت. بەردەوامبوونی ئەم هەلومەرجە وەکو جۆرێکی تازە لەئیمپریالیزم، دەبێتە جۆرێکی تازە لەخەبات لەدژی سەرمایەی باکوور لەولاتانی باشوور. کەبێگومان باشترین زەمینە بۆ ئەم کارە بوونی دیموکراسی، مافو ئازادی یە بۆ هەمووان، کە دەبێتە زەمینەی سنووردار بوونی چەوسانەوەی سەرمایەداری لەم جۆرە ولاتانەدا). بەم جۆرە، سەرمایەداری نا ئاگاهانە، لەڕێگەی نابودکردی شێوەکانی بەرهەم هێنانی پێش خۆی، کەبوونی خۆی بە بوونی ئەوانەوە بەندە، هۆکارەکانی کەوتنی خۆی فەراهەم دەکات. هەر رۆژێك کەسەماریەداری تەواوی فراوانیو سنووری بەرهەم هێنان (لەسەر ئاستی جیهان) بخاتە ناو سیستەمەکەی خۆیەوە، ئەوکاتە کەڵەکەبوونی سەرمایە نا مەیسەر دەبێتو بەردەوامبوونی کاری سەرمایەداری، لەباری ئابووری دا مەحاڵ دەبێت. "سەرمایەداری نایاب" ناتوانێت بەردەوامی بە بوونو ژیانی خۆی بدات لەسەردەمی ئێستادا، ناوچەکانی ناسەرمایەداری فراوان لەجیهاندا دەبینرێو خەبات بۆ دەسەلات پەیداکردنو کۆنترۆڵی ئەم ناوچانە، وەکو سەرچاوەی مەوادی خامو هێزی کاری هەرزان، و لەوانەش گرنگتر وەکو مەفەڕێك بۆ (فرۆشتنی) کالأکانی ئەوروپا لەشێوەی ئیمپریالیزمدا دەرئەکەوێ. هێشتا مەیدانەکانی

گەشەوفراوانی سەرمایەداری لەڕێگای هەوڵدان بۆ بەدەست هێنانی بازاری تازە هەتا دێت لەنابودکردنی تەواوی پاشماوەکانی ژینگەی پێش سەرمایەداری دایەو مانەوەی خودی سەرمایەداری لەگرەوی بوونی هەمان ئەو ژینگانەیە کەپێش سەرمایەدارین. (دەبێت ئێستا بڵێین ــ واتە لەساڵی ٢٠٠٨ــ زەمانەتی مانەوەی سەرمایەداری، لەگرەوی مانەوەی وڵاتانی سەرمایەداری پێش دیموکراسی یە).

هەرچەندە نیەتی رۆزالوکزامبۆرگ سەلماندنی تەواوی بێ چارەیی ئابوورییە بۆ هەرەسی سەرمایەداری، بەڵام هیچکام لەتیۆرمەندانی مارکسیستی کە بڕوایان بە پێداویستی مێژوویی سۆسیالیزم هەبوو، دیدگاو تیۆری ئەویان پەسەند نەکردو گرنگترین کەسانی ئەوان لەگەڵ رۆزا نەیار بوون لەناویاندا هیلفردینگ، کاوتسکی، ئۆتۆباوەر، پانەکۆك ، پارانۆفسکیو لینین. ئەو تیۆرمەندانە بەشێوەی گشتی بڕوایان وابوو کە ئەگەر چی دژایەتی جۆراوجۆری ناوسەرمایەداری سەر ئەنجام نابودی دەکات، بەڵام پێش بینی ئەو هەلومەرجانە بەوردی دیاری نەکراون، و زۆرتر بڕوایان وایە کە کۆبوونەوەو کەڵەکەبوونی سەرمایە، دەبێتە زۆربوونو کەڵەکەبوونی هەژاریی لەلای کرێکارانو نابودکردنی چینی ناوەڕاست، گرنگتریش لەمانە ئەوە بوو کەسەرمایەداری دەتوانێ نیازو پێداویستی بەرهەمو سەرمایەو ژیان بەرهەم بهێنێ، بەڵام کێ ئەو بەرهەمانە بکڕێو بەکاریان بهێنێ کە ئەم هەموو هەژارییەی دروست کردووە لەکۆمەڵگادا.

یەکێك لەبڕواگرنگەکانی رۆزا ئەوە بوو کە سەرلەنوێ بەرهەم هێنانەوەی فراوانی سەرمایە مەرج نی یە تەنها لەڕێگای پێشەسازی سەربازیو فراوان خوازی سەربازییەوە بێتەدی، ئەمەش دیدگایەکی زۆر گرنگەو ئاڵوگۆڕەکانی سەرمایەداری لەدوای جەنگی جیهانی دووەم ئەمەی هێنایەدی. لەکاتێکدا رۆزا ئەو دیدگایەی ساڵێك پێش جەنگی جیهانی یەکەم خستەڕوو واتە لەسەردەمێکدا کە سیاسەتی ئیمپریالیستیو فراوان خوازی سەربازی ڕەوشی یەکەمی سیاسەتی سەرمایەداری بوو لەجیهاندا. بە شێوەی گشتی وادێتە بەرچاو کە تیۆری کەڵەبوونی سەرمایە لەگەڵ چەند گریمانەیەك دەربارەی سەرمایەداری هاوڕێگا دەبێت، یەکێك لەڕێگاکان ئەوەیە کە سەرمایەداری





لەپێناوی قازانجی خۆیدا ژینگەی پێش خۆی نابود دەکاتو هەژاریو نەداری لەکۆمەڵدا زیادو فراوان دەکات. و ڕێگای دووەمیش ئەوەیە کە سەرمایەداری دەبێت ژینگەی خۆی باشتر ئارایشت بداتەوەو کارێك بکات کە زیاتر پەسەند بکرێت لەکۆمەڵگا، هەردوو ڕێگاکەش لەمێژووی سەرمایەدارییدا پەیدابوون.

## رۆزا لوکزامبورگو دیموکراسی

رۆزالوکزامبۆرگ دیموکراسیو شۆڕش بەیەکەوە دەبینێو هەروەکو چۆن سۆسیالیزمو دیموکراسی لەیەك جیا ناکاتەوە، پەیوەندی دیموکراسیو سۆسیالیزم لەلای ئەو دەبێتە ئامانجێکی ئەخلاقی باڵا بۆ هێنانەدی ئازادی، و مافەکانو عەدالەت. گرنگترین کتێبی ئەو سەبارەت بەم پرسە گرنگە" "شۆڕشی ڕوسیا" یە کە لەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر و لەساڵی ١٩١٨ نووسی. (بڕوای رۆزا سەبارەت بە ئۆکتۆبەر، ئەوە بوو کە شۆڕش نی یە بەڵکو یاخی بوونەو جارێکیش بەناوی کۆدێتا ناوی دەبات)، بەڵام ئەم کتێبە چوارساڵ دوای نووسینی بڵاوکرایەوە [٩] کتێبەکە سەرەتا بەستایشی گاڵتە پێکردن بەلینین دەست پێدەکات:

بڕیاری پایەداری لینینو هاوڕێکانی دروشمی پەیگیری "هەموو دەسەڵات لەدەستی پرۆلیتاریاو جوتیاران" تا ڕادەیەکی زۆر لەوە دەچێ کە کەمایەتیەکی ڕاونراو، تۆمەتبارکراو ونایاسایی ـ کە سەرۆکەکانی وەکو مارای فەرەنسی مەجبورن لە ئەشکەو تا خۆیان بشارنەوە ــ بخاتەسەر دەسەڵاتی ڕابەرایەتی ڕەها."

هەروەکو دەزانین لەمانگی فۆریەی ساڵی ١٩١٧ شۆڕشێکی جەماوەریو خودجۆشی مەزن لەڕوسیا ڕوویداو دەسەڵاتی تزاری ڕوخاندو بەڵێنی دا دیموکراسی بەرپا بکات. لینینو بەلشەفیەکان لەئۆکتۆبەری هەمان ساڵدا ئەم حکومەتەیان روخاند. لۆکزامبۆرگ فۆریەی ١٩١٧ بەشۆڕش دەزانێ، بەڵام هی ئۆکتۆبەر بەیاخی بوون و کودێتا. رۆزا هەر لەسەرەتای ئۆکتۆبەرەوە دەسکەوتە گرنگەکانی "دیموکراسی

[٩] مصطفی رحیمی، مارکسو سایە هایش (بەشی رۆزالوکزامبۆرگ)، أنتشارات هرمس، چاپ اول ١٣٨٣، ل ل ٢٤٦ ـ ٢٤٨

بۆرژوایی" هەڵبژاردنی ئازاد، ئازادی بیروڕاو چاپەمەنی، ئازادیو فرەیی حزبەکانی ستایش دەکرد، ئەو بەبێ ئەوەی بەو دەسکەوتانە ناوی (بۆرژوایی) یان لێ بنێ، و دەیوت لەڕاستیا هەموو ئەمانە ئەنجامی خەباتی بەردەوامی خەڵکی بێبەشو ستەم دیدەیە لەبەرامبەر چینی بۆرژوادا. بەڵام دەیتوانی چی بکات کە بەلشەویکەکان ئەم دەسکەوتانەیان بەناهەقو بەناوی دیموکراسی بۆرژوایی نابود کرد. سەرئەنجام دیکتاتۆری پرۆلیتاریا لەلای لینینو لەلای لوکزامبۆرگ دوو چەمکی بەتەواوی جیاوازن.

بڕوای دیموکراسیانەی رۆزا لەحکومەتو کۆمەڵگای سۆسیالیستی دا، یەکێکە لەو پرسەگرنگانەی کە رۆزالوکزمبۆرگ (وکارل کاوتسکی) هێنایانە ناو ئەدەبیاتو بەرهەمی مارکسی یەوە، کە بێگومان هەردوکیان چاویان لەمارکس کردووە (کە کاتێك باسی کۆمۆنی پاریس دەکات). رۆزا لەم بارەیەوە دەڵێت: "شێوازە دیموکراتیەکانی ژیانی سیاسی هەر وڵاتێك، لەڕاستیدا پڕ بەهاترینو گرنگترین پایەکانی سیاسەتی سۆسیالیستین. ئەوەی کە زۆر دیارو ئاشکرایە ئەوەیە: بەبێ چاپەمەنی ئازادو ڕزگار بوو لەهەموو ڕێگرەکان، بەبێ ئازادی کۆبوونەوە و حیزبەکان، چاودێریو دەسەڵاتی جەماوەری خەڵك بەسەر حکومەتدا دەبێتە قسەیەکی بێ مانا. لینین دەڵێت کە حکومەتو دەوڵەتی بۆرژوایی ئامرازێکە بۆ چەوسانەوەی چینی کرێکار. ئەم وتەیە بەومانایە دێت کە دەوڵەتی سۆسیالیستی دەوڵەتێکی سەرمایەداری هەڵگەڕاوەیە ئەم بۆچوونە سادەیە ئەو مەسەلە سەرەکی یە لەبیردەکات: بۆ ئەوەی چینی بۆرژوا بتوانێ دەسەڵاتی خۆی پیادەبکات، هەرگیز نیازی بە ڕاهێنانو پەروەردەی سیاسی کۆمەڵانی خەڵك نی یە! بەڵام بۆ دیکتاتۆری پرۆلتیاریا ئەم کارە پرسێکی زیندووە، هەناسەیەکە کە پرۆلتیاریا بەبێ ئەو ناتوانێ ژیانی بەردەوام بێت".

سەرئەنجام باس لەوە دەکات کە حکومەتی بەلشەویك بەنابودکردنی ژیانی گشتی سەرچاوەی ئەزمونی سیاسی وشك کردووە و بەلەناو بردنی دیموکراسی چاوانی زیندوو، گیانی پڕ جۆشو خرۆشی خەڵکی لەناوبردووە، ڕێگەی گرتوە لەپێشکەوتنی





بیروباوەڕی خەڵك ... دەبێت خەڵك لەڕێگای نوێنەرانو ڕێکخراوەکانیانەوە لە بەڕیوە بردنی کاروباری گشتی دا بەشداربن، ئەگەر وا نەبێ دیموکراسی نا شایستە دەبێ.

لەوەڵامی ئەو کەسانەشدا کە دیموکراسی بە پەروەردەی سیاسی سەرمایەداری دەزانن، دەڵێ: شێوەکانی دیموکراسی بەپێی پێکهاتەی کۆمەڵگا جیاوازەکان، دەگۆڕێ: لەتەواوی کۆمەڵگا کۆنەکان هەتا یۆنانی دێرینو تاکۆمۆنەکانی سەدەکانی ناوەڕاستیش، دیموکراسی بە جۆرێك لەو شێوانە هەبوو. بەڵام بەپێچەوانەوە، گەشەو فراوانبوونی سەرمایەداری هەمیشە هاوڕێگا نەبووە لەگەڵ دیموکراسیدا. سەرمایەداری لەسەرەتادا لەگەڵ دەسەڵاتی ڕەهای شاهانەدا هاوڕا بوە، پاش شۆڕشی پشەسازی جارێکی دیکە لەگەڵ دەسەڵاتی سەڵتەنەتدا گەشەی کردووە. هەر بۆیە ناتواین لەنێوان گەشەی سەرمایەداریو دیموکراسیدا پەیوەندی گشتی بەرقەرار بکەین... پاشان، هەروەکو چۆن کە مێژوو نیشانی داوە، دیموکراسی مەرجی پێویستە بۆ رزگاری پرۆلیتاریا،و دەبێت بەهەر بەهایەك بێت بیپارێزین.... بۆ زیاتر رۆشنکردنەوەی بیروڕای دیموکراسی سۆسیالیستانەی رۆزا، وا باشترە کە هەندێك بەشی کەم لەکتێبی تۆنی کلیف بخەینە بەرچاو:

"لەئەندێشەی لوکزامبۆرگ دا دەبێت هەندێك پێوەر بەسەر ڕەوتی خەباتی شۆڕشگێرانەدا دەسەڵاتیان هەبێت، کە ئەمرۆ لەمەیدانی سیاسەتدا هەندێك کەس بەپێوەری لیبرالی ناویان دەبەن. هەموان دەزانین کە لۆکزامبۆرك ئەم پێوەرانە بەلیبرالی نازانێو بەڵکو بەپێوەرەکانی سۆسیالیزمی رادیکالو رزگاری خوازی دەزانێ، ئەوان لەخزمەتی خەباتدا بەکار دەهێنێ. لوکزامبۆرگ پێ لەسەر ئەوە دائەگرێ کە دەبێت "ڕێز لەبیروڕای تاكو کەسەکان بگیرێت" و خوازیاری ئازادی تەواوی ئەندێشەو بیرڕوایە بۆ هەموانو دەبێت زۆرترین ئاسانکاریو لێبوردن لەبەرامبەر هەموو بڕواو ئیمانەکاندا پیادە بکرێ". بەبڕوای ئەو "ئازادی بەیان ... ئازادی کۆبوونەوەو ژیانی بەکۆمەڵ" یش بەشێکە "لەمافی سەلمێندراوی" خەڵكو هیچ کەس نابێت لیێان بێ بەهرەبێت. ئەمانە "گرنگترین گەرەنتی دیموکراتین بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی باشو چالاکیی سیاسی جەماوەری زەحمەتکێش". لەڕەخنەی بەلشەویکەکان دەنووسێ: "بە

نەهێشتنی دیموکراسی، سەرچاوەکانی ژیان بەخشی هەموو دەسکەوتەکانو پێشکەوتنەکانی مەعنەویان وشك کرد". بەبێ "هەڵبژاردنی گشتی، بەبێ ئازادی بێ قەیدو شەرتی بەیانو کۆبوونەوە، بەبێ مامەڵەی ئازاد لەگەڵ بیروڕاکان، ژیان لەهەموو بونیادە کۆمەڵایەتیەکاندا هەڵدەوەرێو تەنها پێستەکەی بەجێ دەمێنێ". لوکزامبۆرگ لەڕەخنەیەکی دیکە لەبەلشەویکەکان کە لەوانەیە ناسراوترین ڕەخنەی ئەو بێت ـ لایەنی پلورالیستی ئەم پێوەرانە بەرجەستەدەکات. بەشێك لەو بیروڕایانە دەخەینە ڕوو، لەبەر ئەوەی کە بەڵگەکانی ڕۆزا وپەیوەندی نێوان ئەو بەتەواوی جیاوازە لەڕەوشی بەڵشەویکەکانو ئەو پێوەرانەی کە پێشتر خستمانە ڕوو لەگەڵ تایبەتمەندی (کراوەی) ڕەوتی خەبات بۆ سۆسیالیزم، بەوشێوەیەی کە ئەو بیری دەکردەوە، ئاوای نووسیوە:

"ئازادی بۆهەوادارانی حکومەت یان بۆ ئەندامانی حکومەت ـ هەرچەند زۆریش بن ـ بەهیچ شێوەیەك بەمانای بوونی ئازادی نی یە . ئازادی مانای ئازادییە بۆ ئەو کەسانەی کە جیاواز بیردەکەنەوە لەحکومەتو دەسەڵاتەکان. پێداگرتن لەسەر ئەم تێگەیشتنە لەئازادی، لەبەر ئەوە نی یە کە زۆر لەپێویست زیاتر پابەندین بە "عەدالەت"ە وە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە هەموو لایەکانی ئەزموونکراو، سوودمەندو رزگاری بەخشی ئازادی سیاسی) بەبوونی ئەم بنەمایەوە پێویست دەبن: ئازادیو بۆ بیرکردنەوەی جیاواز.

بەڵام کاتێك کە ئازادییە سیاسی یەکان دەبن بەئیمتیازی تایبەتی بۆ گروپێك، کاراییو کاریگەری خۆی لەدەست دەدات.... سۆسیالیزم کۆمەڵێك دەستووری کاری ئامادەو دانراو نیە کە تەنها دەبێت بێنەدی. هێنانەدی سۆسیالیزم وەکو سیستەمێکی ئابووری، کۆمەڵایەتیو خاوەن ماف، ڕەوتێکی نەزانراوە کە تەنها لەهەلومەرجی بالاو گەورەی ئایندەدا دیاری دەکرێ. بەڵگەکانی بەرنامەی ئێمەش تەنها ئەو ڕێنمایانەن کە ئاڕاستەی گشتی دیاری دەکەن، کە بێگومان لەوانەشە لایەنی تێگەتیفیشیان هەبێت. ئێمە تارادەیەك ئەوە دەزانین کە بۆ کردنەوەی ڕێگای ئابووری سۆسیالیستی دەبێت چ شتێك لەناوببرێت، بەڵام هەنگاوی هەزاران کاری زانستیو دیاریکراو، گەورە یان





بچووك، بۆ سازماندانی ئابووریو پەیوەندی کۆمەڵایەتیو نووسینو بڕیاردانی یاسا لەسەرپایەی بنەماکانی سۆسیالیستی لەهیچ بەرنامە یان پەیامی حیزبیو سۆسیالیستی دا لەلامان نی یە ....... دەبێت سیستەمی سۆسیالیستی وەکو دەسکەوتی مێژوویی، لەکارو لەناو دەرسو ئەزموونی خودی کۆمەڵگا سەر دەربهێنێو جگە لەمەش ناتوانێ شتێکی دیکە بێ ... ئەم سیستەمە ڕووبەرێکی فراوانە بەڕووی پرس گەلێگی نەزانراو. تەنها بە یارمەتی ئەزموون، هەڵەکان چارەدەکرێن. بەم کارە ڕێگاو دەست پێشکەری تازە ئاشکرا دەبنو هێزی داهێنەر دێنە مەیدانو خۆیان هەڵەی خۆیان چاك دەکەن."[10]

سەر ئەنجام تونی کلیف لەسەر زمانی ڕۆزالوکزامبۆرگ بەم ئەنجامە دەگات:

بەبڕوای من ئەم ڕستە کورتانە هەڵوێستی ئێمە بەرامبەر بەسۆسیالیزم وەکو ئاسۆیەکی کراوەو بێ سنوور بە جوانی نیشان دەدات: سۆسیالیزم تەنها لەدەروونی دیموکراسی فراوانو لەڕەوتی خەبات بۆ دیموکراسیو ئازادی سەر دەرئەهێنێ.

"سۆسیالیزم تەنها لەدەروونی دیموکراسی فراوان (مانای دیموکراسی لەدابەشکردنی سامانیشدا)و لەڕەوتی خەبات بۆ دیموکراسی(هاوڕێ لەگەڵ عەدالەتی کۆمەڵایەتی) لەوانەیە سەردەربهێنێ، واتە هەروەکو خودی ڕۆزا دەڵێت: سۆسیالیزم کاری ویستو هەڵبژاردنێکی ئەخلاقی یەو نەك پێداویستی مێژوویيو ئەمەش گرنگترین دەسکەوتی ئەم بیرمەندەیە. لەپەنهانگاکانی مێژوودا هیچ زەرورەتێك شاراوەنی یە وئەگەر مارکس لەجێگایەك سۆسیالیزمی بەپێداویستی مێژوو زانیبێ، لەجێگای دیکە دەڵێت کە مرۆڤ مێژووی خۆی دروست دەکاتو هەرچیش لەلایەن مرۆڤەوە دروست بکرێت یاسای پێداویستیو ناچاری نایگرێتەوە، چونکە مرۆڤەکان ئازادنو ئەمەش ئەو خاڵەیە کە لەئەندێشەی مارکسدا داپۆشراو و لەئەندێشەی لینین دا سڕاوەتەوە.

هانا ئارێنت، بیرمەندی ناسراوی ئاڵمانی دەربارەی ڕۆزاو نووسینەکانی بەم جۆرە داوەری دەکات:

[10] تونی کلیف، هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل ل ١٣٩ـــ ١٤٠

* کتێبی (کەڵەکە بوونی سەرمایە)، کە بەرهەمێکی بەڕاستی شکۆدارو سەرسام هێنەرەو لەدوای مارکس تائێستا بێ نموونەیە. تێزی سەرەکیو تەوەری ئەم کتێبە ئەوەیە کە سەرمایەداری هیچ نیشانەیەك نادا بەدەستەوە کە (لەژێرباری گرانی ناکۆکیو دژایەتی ئابووریدا) هەرەس دەهێنێ .

* سەرمایەداری سیستەمێکی داخراو نی یە  کە خۆبەخۆ دژایەتی دەروونی دروست بکاتو سکی بەشۆڕش پڕبێت.

* لەبەرئەوە ، شۆڕش پرسێکی حەتمی وناچاری نیە. ئەگەر هۆکاری بەدیهێنەری ستەم ودیکتاتۆری و هەرج ومەرج لە ناو بچێت، شۆڕش ناتوانێت لە زەمینەو لەکاردابێت .

* ژیانی فەرهەنگی وبیرمەندی ڕۆزا بەم شێوەیە کورت دەکرێتەوە : ئەوەی کە لەهەموو شتێك لەلای رۆزا گرنگ بێت و تەنانەت لەشۆڕشیش گرنگتر بێت ، ئەوەیە کە هەل ومەرجی واقعی و ڕاستەقینەی ژیان دەبێتە ئیلهامی کارو سەر سامی ئەو . داکۆکی لەبیرکردنەوەی جیاواز و دوور لە دەمارگیری ، کەبەتەواوی مرۆڤدۆست بێت و لە هەموو دژایەتی و ململانێ یەك دووربێت، ڕێبازی دیموکراتیکی هەبوو بەرامبەر بە بیروباوەڕو کەسەکان کە جیاواز بیردەکەنەوە. ئامۆژگاری هاوڕێکانی دەکرد کە بەرهەمەکانی مارکس بخوێننەوە ، لەبەر بوونی ئازایەتی و ڕۆشنی و خۆ پارستن بوو لە پەسەند کردنی هەموو شتێکی بێ بەڵگە ، نەك لەبەر بەهای ئەنجامگیرییە جهانییەکانی مارکس .

* پابەند بوون وبڕوای ڕۆزا بە پلەی یەکەم وە پێش هەر شتێك بۆمەسەلەی ئەخلاقی وئازادی وعەدالەت و مافەکان بوو.

*بەهیچ شێوەیەك بڕوای بەوە نەبوو کە بەهەر نرخێك بێت ، دەبێت دەسەڵات بگرێتە دەست ، و لەم ڕێگایەشدا تا ئەو ڕادەیە بەرەو پێشەوە چوو کە لە شۆڕشێکی بەلاڕێدا بڕاو و گومڕا زیاتر بترسێت ، تا لە شۆڕشێکی سەرنەکەوتوو. جیاوازی سەرەکی ئەو لەگەڵ لینین و بەلشەوییکەکان هەر هەمان شت بوو .





## پرسی نەتەوایەتی لەبیرو ڕای ڕۆزا لوکزمبۆرگ دا [11]

بێگومان ڕۆزالۆکزمبۆرگ لەبەرامبەر سەرکوتی نەتەوەیەك بە دەستی نەتەوەیەکی تر ، ناکۆك ونەیارە ، بەڵام ئەو ئەم پرسە ، واتە پرسی ستەمی نەتەوایەتی بەپەیام وکارکردی حکومەتی سەرمایە دەزانێ. بەبڕوای ئەو لە دوای شۆڕشی سۆسیالیستی ، ئەم مەسەلەیە خۆبەخۆ چارەسەردەبێت ، چونکە سۆسیالیزم بەپێی تێروانینی ئەو ، هەموو ستەمێك لەناو دەبات . لەم نێوانەدا خەبات بۆ سەربەخۆیی نەتەوەکان نەك تەنها سودی نابێت ، بەڵکو زیانباریش دەبێت بۆ بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەی پرۆلیتاریا. ئاڕاستەی پرۆلیتاریا بەرەو پرسی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەو سیاسەتی نەتەوایەتی لادانە لە ئاڕاستەی گشتی وچینایەتی پرۆلیتاریا و شۆڕشی سۆسیالیستی . ئەگەر لەناو سۆسیالستەکاندا پرسی نەتەوایەتی جێگای سەرنج وگرنگیدان بێت ، زەمینەی ئەم کارە ڕەخنەی بۆرژوازییە لە سۆسیال دیموکراتی جیهان ، ئەم ڕەخنەیە لە دیدگایەکی چینایەتی وەها پەیدا دەبێت کە هۆکاری بوونی سۆسیال دیموکراسی لاواز دەکات و خەریکی دەکات بە کارێك ، کە پرس وکاری ئەو نی یە ، بەڵکو مەسەلەی نەتەوایەتی لە ماهیەتی چینایەتیدا پرسێکی بۆرژوازییە ، کەبەناوی سەرجەمی نەتەوە بەیانی دەکات .

هەر لەم دیدگایەوە رۆزا لۆکزامبۆرگ ، تەنانەت نەیاریش بوو بەرامبەر بەبڕیارنامەی ئەنترناسیۆنالی دووەم لەساڵی ١٨٩٦ بۆ داکۆکی کردن لە پۆلۆنیای سەربەخۆ . ئەو کە بۆ خۆی خەڵکی پۆلۆنیا بوو ، بەڵام نەیار بوو لە رزگاری پۆلۆنیا لە ستەمی ئەڵمان ونەمسا وڕۆسیا. بەهانەی ئەو بۆ ئەم هەڵوێستە یەکێتی و هاوپشتی چینایەتی کرێکارانی ئەو وڵاتانە بوو ، چونکە بەبڕوای ئەو مەسەلەی نەتەوایەتی یەکێتیو هاوپشتی نێوان کرێکارانی نەتەوە جیاوازەکان لاواز دەکات. لەلای ڕۆزا ئەندێشەی زیندووکردنەوەی سەربەخۆیی پۆلۆنیا دەبێتە هۆی نابود کردنی هاوپشتی

[11] لشك کولاکوفسکی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٠٧ــ ١٠٩

پرۆلیتاریا لە ئیمپراتۆریای تزاریدا ، ئەم ئەندێشەیە نەك تەنها دیدگایەکی کۆنە پەرستانەیە نیە، بەڵکو ئەندێشەیەکی تۆباوی وبێ ئومێدیشە. بناغەی ئابووری بیرو ڕای لۆکزامبۆرگ بۆ سەلماندنی ئەم هەڵوێستە ئەوە بوو کە سەرمایەداری پۆلۆنیا بەشێکی دانەبڕاوە لە سەرمایەداری ڕوسیا ، هەروەکو چۆن کرێکارانی پۆلۆنیا بەشێکن لە چینی کرێکاری ڕوسیا. بە بڕوای رۆزا هیچکام لەچینە کۆمەڵایەتیەکانی پۆلۆنیا حەزیان لە سەربەخۆیی پۆلۆنیا نیە، نەبۆرژوازی، کەژیانی ئابوری وابەستەیە بەبازارەکانی ڕوسیا، نەخاوەن زەوی‌و فیۆداڵەکان کە دەیانەوێت بەهۆی ڕوسیاو دەسەڵاتی تزارەوە پێگەی ئابووری خۆیان بپارێزن‌و نەپرۆلیتاریاش کە کاری سەرەکی ئەو خەباتی چینایەتی یە، نەك سەربەخۆیی‌و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی‌و سەرئەنجام، لەلای رۆزا تەواوی هەوڵەکان بۆ بنیادنانی سیاسەتی نەتەوەیی‌و خەبات کردن بۆ دروست کردنی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی دەبێتە کارێکی بێهودە.

پرسی نەتەوایەتی لەدیدگای ئابووری‌و چینایەتی رۆزادا گرنگی تایبەتی نی یە، و بزوتنەوە نەتەوەیی یەکان لەخزمەتی چینی سەرمایەداریدان. ئەوەی کە بەبڕوای رۆزا سەبارەت بە پۆلۆنیا ڕاستە سەبارەت بەو ناوچەو وڵاتانەش ڕاستە کە لەژێردەسەڵاتی هەردوو دەوڵەتی پروسیاو نەمسادان . سەرمایەدارانی نەتەوە بن دەستەکان دەیانەوێت بیری کرێکاران بەرەو ئەو بڕوایە بەرن کە دوژمنی ئەوان سەرمایەداران نیە، بەڵکو دوژمنی ئەوان نەتەوەکانی دیکەیە.

لەسەربناغەی ئەم دیدو ئەنجامگیریانە، رۆزاکزامبۆرگ هەر لەسەرەتاوە نەیار بوو لەگەڵ بنەمای (مافی دیاریکردنی چارەنووس)ی نەتەوەکان کە لەبەرنامەی سۆسیال دیموکراتەکانی ڕوسیا بڕیاری لێدرابوو. لەبەرامبەردا بڕوای بە ئەندێشەو بیرکردنەوەی مارکسیستەکانی نەمسا بوو (کە لەمێژوودا بە مارکسیزمی نەمسایی یان "مەکتەبی ڤیەنا") ناسراون، کە ئەوان ڕێگا چارەی پرسی نەتەوایەتیان لەسەردەمی دوای شۆڕش بە ئۆتۆنۆمی فەرهەنگی چارەسەردەکرد. رۆزا لەوتارێك بەناونیشانی (پرسی نەتەوایەتی‌و ئۆتۆنۆمی) کە لەژمارە (٦)ی رۆژنامەی سۆسیال دیموکرات لەساڵی ١٩٠٨ چاپکراو هەروەها لەو کتێبەش کە دەربارەی شۆڕشی ڕوسیا لەساڵی ١٩١٨





نووسی بیروڕاکانی دەربارەی مەسەلەی نەتەوایەتی ڕاگەیاند. لەو نووسراوەیەدا دەڵێت: مافی دیاریکردنی چارەنووس دروشمێکی ناسیونالیزمی بۆرژوازییەو لەوێدا ئەو خاڵە باسکراوە کە هەر نەتەوەیەك دەبێت خاوەنی مافی سەربەخۆی خۆی بێت بۆ دروستکردنی دەوڵەتی تایبەتی‌و بەهرەمەند بوون لەمافی چارەنووسی خۆی. بەڵام ڕاستی‌و واقیعەت ئەوەیە کە بزوتنەوەکانی نەتەوایەتی بەپێی هەلومەرجی مێژوویی، سروشتی پێشکەوتوخواز یان کۆنەپەرستی یان هەیە. مارکس‌و ئەنگلس دەیانزانی کە ئامانجی نەتەوەکانی ئیمپراتۆریای هابسبۆرگ لەسەدەی چواردەو هەوڵی جوداخوازی سکۆتلاندو باسکەکانیان بە گەڕانەوە بەرەو دواوە دەزانی‌و بە کۆنەپەرست لەقەڵەمیان داون. زۆربەی ئەم بزوتنەوانە لایەنگیرییان لەسەڵتەنەتە کۆنەپەرستەکان دەکردو لەدژی کۆماری خوازان خەباتیان دەکرد. بەبڕوای ڕۆزا مەیل‌و هیوای سروشتی مێژوو ئەوەیە کە نەتەوە بچووکەکان بەرەو نەتەوە گەورەکان دەچن، ئامانجی کۆتایی بەناچاری جگە لە یەکێتی فەرهەنگی‌و زمانی نێوان نەتەوەکان شتێکی دیکەنی یە. هەوڵدان بۆ هەڵگەڕانەوەی ئەم ڕەوتە، هەوڵێکی کۆنەپەرستانەو خەیاڵی یە. "ئایا دەتوانین بە شێوەی جدی باسی مافی دیاریکردنی چارەنووسی مۆنتی نیگرۆکان، بولگارەکان، رۆمانیایی، سربەکان، یۆنانیەکان،و یان تەنانەت بۆ سویسری یەکانیش بکەین؟ " بەهەرحاڵ، نەتەوەیەك گشتێکی کۆمەڵایەتی چوون یەك نی یە، بەڵکو کۆمەڵەیەکە لەچینە دژو ناکۆکەکان، کە لەهەموو شتێکدا نەیارو جیاوازن.

ڕەوتی مێژوویی سەرمایەداری‌و بزوتنەوەی ئازادی‌و دیموکراسی تەواو بەپێچەوانەی بیروڕاکانی رۆزاو، تەواو وەکو ڕاکانی لینین‌و ویدرۆ ویلسۆن، سەرئەنجامی هەبوو. هەموو ئەو نەتەوانەی کە رۆزا مافی چارەنووسیانی بە کۆنەپەرست‌و یۆتۆپی لەقەڵەم دەدا، سەرئەنجام دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان دروستکردو لەوڕێگایەوە بوونە بەشێك لەکاروانی مێژوویی سەرمایەداری‌و هەر لەوڕێگایەشەوە دەستیان گەیشت بە ئازادی‌و دیموکراسی. دیارە مەبەست لەوەنی یە کە ئازادی‌و دیموکراسی بەشێك بن لەڕەوتی مێژوویی سەرمایەداری، بەڵام ئەو دوانە لەسەردەمی سەرمایەداری‌و لەبەرامبەر سەرمایەدارییدا گەشەی فراوانیان بە خۆوە بینیوە. ئەوەی کەمایەی سەرنج‌و ڕەخنەو

گاڵتەپێکردنە، ئەوەیە کە رۆزایەکی مرۆڤدۆست و ئازادیخواز، دیموکرات‌و جیاوازی ناس‌و ڕەوایی خواز بۆ بیرکردنەوەی جیاواز، پرسی نەتەوەکانی لەم سنوورانەدا نەدەبینی‌و بەڵکو تەنها وەکو بەشێك لەسیاسەتی سەرمایەداری سەیری دەکرد. لەلای لینین، دیموکراسی بەشێکە لەسیاسەتی دەسەڵاتی بۆرژوازی، لەلای لوکزامبۆرگ مەسەلەی نەتەوەکان بەو شێوەیە، هەردووکیان یەکێك لەگەورەترین هەڵەو نەزانینیان لەبیروباوەڕا بەرهەم هێنا. ڕاستی ئەوەیە کە تەواوی پرسەکانی دیموکراسی، واتا (ئازادی، نەتەوایەتی، دەسەڵاتی یاساو دەستوو و تەنانەت مەسەلەی پارلەمان‌و سەرئەنجام بەشێك لەبیرکردنەوەی دادپەروەری‌و مافەکان) بەرهەمی خەباتی خەڵکە (بەکرێکارو ناکرێکارەوە) بۆ بەدەست هێنانی ماف‌و ئازادی‌و کەمکردنەوەی سنووری دەسەڵاتەکانی سەرمایەداری‌و پێش سەرمایەداری. رۆزالوکزامبۆرگ لەو بڕوایە دا بوو کە بەرەسمی ناسینی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەکان، یەکێکە لەمەترسیدارترین گوناح‌و هەڵەکانی بەلشەویك. ئەو بە زاراوەی مافی دیاریکردنی چارەنووسی دەوت "بەڵێنێکی درۆ و فریوکارانەی وردە بۆرژوازی" بەڵشەویکەکان ئومێدەوار بوون کە بەهۆی ئەم دروشمەوە، پشتیوانی نەتەوە غەیرە ڕووسەکان بەدەست بهێنن، بەڵام لەئەنجامدا ئەوە ڕوویدا کە پۆڵۆنی یەکان، فنلەندیەکان، لیتوانیاو ئۆکراینەکان‌و نەتەوەکانی قەوقاز سوودیان لەشۆڕش وەرگرت بۆ ئازادی خۆیان، لەکاتێکدا کەپێش شۆڕش بەقازانجی شۆڕش خەباتیان دەکرد. بەلشەویکەکان لەجیاتی ئەوەی کە تەواوی وڵاتی ڕوسیا، بکەنە قەڵایەکی بەهێزی شۆڕش‌و "بەدەستێکی ئاسنین جودا خوازی سەرکوت بکەن" هەلیان بۆ بۆرژوازی نەتەوەکانی ناو ڕوسیا خۆشکرد تا چارەنووسی خۆیان بەدەست بهێنن‌و کاریان بەجێگایەك گەیاند کە تەنانەت لەنێو خەڵکی ئۆکراین کە هەرگیز نەتەوەیەکی سەربەخۆ نەبوون، هەست‌و کاری نەتەوایەتی بوروژێنن.

هەڵوێستی نەیارو دژی رۆزا سەبارەت بەسەربەخۆیی نەتەوەکان‌و بەتایبەتیش سەربەخۆیی پۆڵۆنیاو جیاوازی ئەو لەگەڵ لینین‌و بەڵشەویکەکان وەکو مەسەلەیەکی ستراتیژی سیاسی بوو، نەك دیدگای فەلسەفی‌و چنیایەتی جیاواز. لەم بارەیەوە،





دیدگای لینینش وەکو بیروڕای رۆزالوکزامبۆرگ بوو. لینین، بۆیە مافی دیاریکردنی چارەنووسی بە ئەرکی سۆسیالیستەکان دەزانی، لەبەر ئەوەی لەهەمان کاتدا داوای ئەوەیان لێبکات کە لەدژی جیابوونەوەو سەربەخۆیی نەتەوەکەی خۆیان بن. بەکارهێنانی ئەم دروشمە لەلای لینین‌و بەڵشەویکەکان تەنها لەبەر بەرژەوەندی شۆڕشی خۆیان بوو، واتە هاتنە سەرکارو دەسەڵاتی خۆیان، نەك بەڕاستی ئەوان دڵیان بەماف‌و چارەنووسی نەتەوەکان دەسووتا. بەڵام نەیاری لوکزامبۆرگ لەبەرامبەر پارتی سۆسیالیستی پۆڵۆنیاو سەربەخۆیی وڵاتەکەی، نەیارییەکی ڕاست‌و سەرەکی بوو. ئەمڕۆ کە تەماشای رابردوو دەکەین، زۆر سەیرو باوەڕ نەکردەنی دێتە بەرچاو کە ئەو تا ئەم ئەندازەیە هەلومەرجی واقعی‌و ڕاستەقینەی کۆمەڵایەتی لەبەرچاو نەگرتووە. بەڵام ئەم هەڵوێستە تەنها هەڵوێستی ئەو نەبوو لەم زەمینەیەدا، بەڵکو لەئەوپەڕی بەهێزبوونی ناگەهانی ناسیۆنالیزم لەساڵی ١٩١٤ و لەسەرتاسەری ئەوروپا وسەرئەنجام پاشەکشەی ئەنترناسیۆنالی دووەم هیچ گۆڕانێك لەوبارەوە بەسەر بیروڕاو هەڵوێستی ئەودا نەهات. ئەو تەنها بۆیە سەرزەنشتی سۆسیالسیتەکانی دەکرد، چونکە خیانەتیان لەئامانجی سۆسیالیستی کردبوو، وەکو زۆربەی مارکسیستە وشك‌و سەخت بیرەکان بیری دەکردەوەو کاتێك کە ئەزمونێك پشتیوانی پێشمەرجەکانی تیۆری ئەویان نەکردایە، دەستی لەلێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی دەکێشایەوەو دەیخستە ئۆباڵی ئەوکەسانەی کەمتەرخەمی یان خیانەتیان کردووە.

رەخنەی لینین بەرامبەر لوکزامبۆرگ تارادەیەك واقعی بوو، دەیگوت کاتێك کە رۆزا لەدژی ناسیونالیزمی پۆڵۆنیا خەبات دەکات، ئەوەی لەبیرچووە کە ئاو دەکاتە ئاشی ناسیونالیزمێکی مەترسیدارتر، کە ئەویش ناسیۆنالیزمی ڕوسی یە. هەندێك لەتیۆرمەندانی پارتی سۆسیالیستی پۆڵۆنیا وەکو فلیکس پێرل‌و کازیمرز کلس کراوز ڕەخنەیان لەدیدگای ئەو هەبوو. کلس کراوز لەساڵی ١٩٠٥ نووسیبوی، ئەو "هەلومەرجە ئابوورییەی" کە گوایا ڕێگرە لەسەربەخۆیی پۆڵۆنیا، جگە لەبازرگانی نێوان ناوچەو وڵاتە جیاوازەکانی ناو ئیمپراتۆریای ڕوسیا، شتێکی دیکە نییە و رۆزا لەڕاستیدا خوازیاری ئەوەیە کە پرۆلیتاریا کارو خەباتی خۆی بەپێی نیازە کاتی

یەکانی بۆ ڕژوازی ڕێکبخات. وڵاتانی نەتەوەیی لەگەڵ بەرژەوەندی سروشتی سەرمایەداریدا سازگارن، بەڵام سەربەخۆییش لەگەڵ بەرژەوەندی چینی کرێکاردا هاو جووتە، چونکە مەرجێکی پێویستە بۆ دیموکراسی

## چەپی ڕادیکاڵ: دژایەتی سەربەخۆیی و جیابوونەوەی نەتەوەکان

بزاڤی چەپی ڕادیکاڵ لەناو بزوتنەوەی مارکسیستی کە بەنوێنەرایەتی (ڕوزا لوکسمبۆرگ، پانەکۆك، تروتسکی، وشتراسەر) بەوە دەناسرێتەوە کە لەدژی جیابوونەوەی نەتەوە ستەمدیدەکان و سەربەخۆیی ئەوانە بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی، ئەوان لەپێناوی ئەنترناسیۆنالیزمی پرولیتاریدا ئەم هەڵوێستەیان دەنواند. لایەنی ناکۆکی و بەرامبەری ئەوان لەجوڵانەوەی سۆسیالیستیدا لینین بوو.

دیدگاکانی چەپی ڕادیکاڵ و (بەتایبەتیش بڕوای تروتسکی و لوکسامبورگ) لەبەرامبەر مافی سەربەخۆیی و جیابوونەوەی نەتەوە ستەمدیدەکان، بەبڕوای خۆیان زەمینەو بەهانەی ئابووری و مێژوویی وەهای هەبوو، کە نەدەگونجا لەگەڵ کاروانی شۆڕشی کرێکاری و زۆرجاریش دەبوونە ڕێگر لەبەرامبەر ئەو گۆڕانکاریە گرنگەی مرۆڤایەتی. چاکتر وایە، لایەنی جیاوازی ئەو بیروباوەڕانە بخەمە ڕوو، پاشان ئەو نەیاری و ڕەخنانەی کە بەرەو ڕوویان دەبنەوە باسبکەم و هەڵوێستی مافی نەتەوەکان و مۆدێرنیتەی سیاسیش لەو ڕەخنانەدا بەیان بکەم:

١ . دیدگای چەپی ڕادیکاڵ لەم زەمینەیەدا، لەزەمینەی ڕەهەندی ئیکونومیستی (ئابووری گەرایی) وەرگیراوە. بەبڕوای ئەوان نەتەوە ستەمدیدەکان یان ئەو نەتەوانەی کە تا ئەوکاتە نەگەیشتبوونە مۆدێرنیتی سیاسی و دەوڵەتی نەتەوە (بەتایبەتیش مەسەلەی پۆڵاندا لەلای ڕۆزا لوکسمبورگ، کە بۆ خۆیشی پۆڵۆنی بوو) لەباری ئابوورییەوە لەو دەوڵەتانەی کە داگیر یان وابەستەی کردبوون دواکەوتووتربوون، هەربۆیە نەیاندەتوانی ڕۆڵی سیاسی پێشکەوتوو بگێڕن. لەم هەڵوێستەدا (واتە ناکۆکی لەبەرامبەر دەوڵەتی نەتەوەیی نەتەوەکانی ناوبراو) باسی تایبەتی و تاکێتی ڕێژەیی





هەلومەرجە سیاسییە نەتەوەییەکان نادیدە گیراون. ئەم میتۆدە جەبر باوەڕە ـ ئیکۆنۆمیستییە زۆرجار لەلای بیریاران و ڕابەرانی بزاڤی سۆسیالیستی و کرێکاری کراوەتە ڕوانگە بۆ هەڵسەنگاندنی مەسەلەی نەتەوەکان و یەکەمین کەسیش لەمبارەوە خودی ئەنگلس بوو، کە باسی لەو نەتەوانە دەکرد کە گرنگێتی ئەورووپی و شۆڕشگێڕییان نییەو بوونەتە داردەستی کۆنەپەرستی لەئەورووپا.

ڕۆزا لوکسمبورگ کە بۆ خۆی بەنەژاد پۆڵۆنی بوو، زۆر سەرسەختانە لەدژی جیابوونەوەی پۆڵەندا لەڕوسیا هەڵوێستی دەنواند، لەکاتێکدا لینینی ڕووسی هەمیشە داکۆکی لەجیابوونەوەی پۆڵەندا دەکردو هەمان هەڵوێستی مارکسی دەربارەی پۆڵەنداو ئێرلاند دووبارە دەکردەوە. لوکسمبورگ لەبەر دوو هۆکار (بێ گومان بەبڕوای خۆی!) ئەو هەڵوێستەی دەنواند، یەکەمیان چونکە پۆڵاند لەباری ئابوورییەوە لەڕوسیا دواکەوتووتر بوو، بەتایبەتیش لەباری پیشەسازییەوە وابەستەی بازاڕی ڕووسیا بوو. دووەم، یەکێتی نێوان پرۆلیتاریای ڕوسیاو پۆڵەندا بە (هێزی پۆڵاینی پێداویستی مێژوویی!) دەزانی. بەڵام ڕۆزا لەدوای ساڵی ١٩١٤ لەناو (نامیلکەی جۆنیۆس) وازی لەم هەڵوێستە هێناو دیدگاو میتۆدی لینینی پەسەند کردو تا دەهات لەزەمینەی نەتەوایەتیدا لەبیروباوەڕی جەبریی ئیکۆنۆمیستی ڕزگاری دەبوو، و هەڵوێستی سیاسی و مۆدێرنیتی کردە باوەڕی خۆی.

٢ . بەبڕوای چەپی ڕادیکاڵ، نەتەوە لەبنەڕەتدا دیاردەیەکی فەرهەنگییەو لەم نێوانەدا ڕەهەندی سیاسی نەتەوە گرنگی پێ نادرێ، کە ڕەهەندی سیاسی نەتەوە لەڕەهەندی ئابووری و ئایدۆلۆژی زۆر گرنگترە. چونکە بەپلەی یەکەم، سەربەخۆیی و سەروەری نەتەوەکان و دامەزراندنی مۆدێرنیتی، مەسەلەیەکی سیاسییەو پاشان لایەنی ئابووری و فەرهەنگی دێتە گۆڕێ. ئەوان دەیانووت (بەتایبەتی ڕۆزاو ترۆتسکی) کە نەمانی ستەمی نەتەوایەتی و خواستی (گەشەی ئازادی فەرهەنگی نەتەوەیی) داوایەکی ڕەوایە، بەڵام جیاخوازی و مافی سەربەخۆیی سیاسی و پێکهێنانی دەوڵەتەکانی نەتەوەییان پشتیوانی نەدەکرد. ئەوان نەیاندەزانی کە ڕەت کردنەوەی مافی پێکهێنانی

دەوڵـەتی ـ نەتـەوە بەتـەواوی یەکێکـە لەشـێوە سـەرەکیەکانی پشـتیوانی لەسـتەمی نەتەوایەتی.

٣. چـەپی رادیکـاڵ لەبزوتنـەوەی نەتـەوەکان بـۆ سـەربەخۆیی، تـەنها لایەنـە دواکەوتووەکانی گرایشی مێـژوویی، وردە بـۆرژوازی‌و کۆنەپەرستی بزاڤـەکانی ئـازادی بەخشیان دەبینـی‌و توانـای ئـەوەیان نـەبوو کـە رەهەنـدی شۆڕشـگێڕی ئـەوان لـەدژی ئیمپریالیزم‌و داگیرکردنی دەوڵەتە هاوچەرخەکانی ئەوروپا ببینن. بەوتەیـەکی دیکـە ئـەوان دیالـەکتیکی سـەخت‌و ئـاڵۆزو نـاکۆکی ماهیـەتی دوو لایەنـەی بزاڤـەکانی نەتەوەییان هـۆش نـەدەکرد. ئـەوان لەڕوسیا نەخشی شۆڕشـگێڕی غـەیرە پڕۆلیتـاری چینی کرێکار، واتە جوتیاران‌و نەتەوە ستەمدیدەکانیان بەکـەم دەگـرت. بـەڵام لیـنین دەیووت شۆڕشی روسیا راستە بەڕابـەری کرێکارانـە، بـەڵام رۆڵـی جوتیـاران‌و نەتـەوە سـتەمدیدەکان زۆر گرنگـە، چـونکە ئـەو شۆڕشـە بەتـەواوی کرێکـاری پاکـژ نییـەو لەکاتێکدا ئەوان بەشۆڕشی کرێکاری تەواویان دەناسی.

٤. چەپی رادیکاڵ نـەیانتوانی ئەوە بزانن، کە ئازادی نەتـەوەی سـتەمدیدە نەتـەنها خواستی (خەیاڵی)، (کۆنەپەرستـانە)و (پـێش سـەرمایەداری) وردە بۆرژواکانـە، بـەڵکو گرنگتر لەوە ئەوەیە کە خواستی تەواوی جـەماوەرەو لەناویشیاندا پرۆلیتاریـا. ئـەوان لـەپێناوی هێـزی پـۆلاینی شۆڕشـی مێـژوویی کرێکـاران‌و جیانەبوونـەوەی کرێکـارانی نەتەوەی ستەمدیدەو ستەمگەر، لەهەموو زەمینەکاندا بەهانەیان بۆ جیابوونەوەی ئەو نەتەوانەو دەست نەگەیشتنیان بـەمافی سـەربەخۆیی پێکهێنـانی دەوڵـەتی ـ نەتـەوە دەهێنایەوە. دیدگای ئەوان لەڕوانگەی هێزێکی مۆدێرنـەوە (واتـە کرێکـاران) دژایـەتی بوو لەگەڵ گرنگترین پڕۆسەی مۆدێرنیتی سیاسی ئەو سەردەمە کە پێکهێنانی دەوڵەتی مۆدێرن‌و مۆدێرنیتی نەتەوەکان بوو.

٥. رەوەندی ئابووری ـ مێژوویی سەرمایەداری‌و جەنگی جیهـانی ئـەنجامی نـاکۆکی گرایشی هێزەکانی بەرهەم هێنانە بۆ ئابووری جیهانی لەبەرامبەر چوارچێوەی تەسکی دەوڵەتی نەتەوە. سەرئەنجام ئەوان (بەتایبەتیش ترۆتسکی) (نابودی دەوڵەتی نەتەوەی وەکـو بـوونێکی سـەربەخۆیی ئـابووری) مـژدە دەدا. لـەلای ئـەوان لەبەرئـەوەی





نەتەوایـەتی‌و دەوڵـەتی نەتـەوە لەئاینـدەدا دیاردەیـەکی فەرهـەنگی، ئایـدیۆلۆژی و سایکۆلۆجییەو هـیچ رۆڵێکـی ئـابووری نابینیێـت. چـەپی رادیکـاڵ جارێـك لەڕوانگـەی دواکەوتوویی ئابووری‌و جارێکی دیکە لەڕوانگەی فەرهەنگی، رۆڵی سیاسـی نەتـەوەکان نابینن‌و نەخشی ئەوان لەگۆڕانکاری سیاسیدا بەکەم یان نەبوو دەگرن [12]

پەیوەندی نێوان تەواوی بزاڤی مارکسیستی‌و مەسـەلەی نەتـەوەکان‌و بەتایبـەتیش پرسی نەتەوە ستەمدیدەکان، لەسەر بنەمای ئەو دوو هەڵوێستەی مارکس بنیات نرابوو کە ئەوانیش، یەکەم بەرژەوەندی باڵای خەباتی چینایەتی‌و شۆڕشی کرێکاری دەبێتـە پێوەر بۆ هەڵوێست لەبەرامبـەر مەسـەلەی نەتەوایـەتی‌و هێـزی نەتـەوەکان‌و خـەباتی ئەوان لەبەرامبەر کۆنەپەرستی ئـەوروپایی (روسـیا، نەمساو پروسـیا)و پاشـان لـەدژی ئیمپریالیزم‌و داگیرکردن دەبێتـە بەشـێك یـان هۆکارێـك بـۆ بزاڤـی چـینایەتی. دووەم، ئیلهام وەرگرتنە لەقسە ناودارەکەی مارکس سەبارەت بەکێشەی ئێرلاند کە دەڵێ: هەر نەتەوەیـەك، نەتەوەیـەکی دیکـە بچەوسـێنێتەوە زنجـیری دیلێتـی خۆیشـی بـەهێزتر دەکات.

[12] میشل لووی، هـ س پ ، ل ل ١٠١ تا ١٠٧

# سۆسیالیزمی نەمسایی
# یا مەکتەبی ڤیەننا
# سۆسیالیزمی ئەخلاقی،
# پەیڕەوانی کانت لەناو مارکسیزم





مارکسیستەکانی مەکتەبی نەمسا کەبڕوایان بەسۆسیالیزمی ئەخلاقیو پەیڕەوی کردن لەفەیلەسوفی ئەڵمانی ئیمانۆیل کانت هەبوو لەناو مارکسیزمدا، بە دووەمین گروپی سەرەکی سۆسیالیزمی رادیکال دادەنرێن لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا، هەڵبەت دەبێت لەوە دڵنیابین کەئەوان بەبەراورد لەگەڵ مارکسیزمی ئەرسەدۆکسو رەوتی پێداچوونەوەو نوێخوازی بەشۆڕشگێڕ دادەنرێنو ئەگەر نا لەباری سیاسیەوەو بەبەراورد لەگەڵ بیروڕاکانی باڵی چەپی سۆسیال دیموکراسی ئەڵمانو رۆزا لوکزامبۆرگ بەوڕادەیە رادیکال نەبوون.

کارل رینەر، ئوتۆ باوەر، رۆدلف هیلفردینگو ماکس ئادلەر بیرمەندانی بەتواناو ناسراوی ئەم پەیڕەوەن لەبزوتنەوەی سۆسیال دیموکراسیدا. هەرچەندە ئەوان لەنێوان خۆیان جیاوازی جۆراو جۆریان هەبوو لەبیروباوەڕدا، بەڵام هەموویان کەمو زۆر لەژێر کاریگەری بیروڕاو تیۆرییەکانی کاوتسکی دابوونو لەبەرامبەر ڕەوتی پێداچوونەوەی برنشتاین هاودەنگ بوون. زۆربەی ئەوان بەگرنگی دان بەهەلومەرجی بیریاری کۆتایی سەدەی نۆزدەو بەجیاوازیو نەیارییان بەمەیلو ئاراستەی پۆزەتیفیستی (اثبات گەرایی)، مەیلو بیروڕای فەلسەفیو رەخنەیی نیوکانتیان پەیداکردبوو. بەبڕوای ئەوان، بەشی سەرەکی فەلسەفەی مارکس، تیۆرێکی کۆمەڵناسی بوو کە دەتوانرا لەگەڵ فەلسەفەی کانت دا کۆبکرێتەوە. بەپێی بەڵگەکانیان بناغەی شیکردنەوەکانی مارکس کانتی بوو، چونکە لەدیدگای مارکسیش جیهان تەنها دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیو بابەتیو دەرەکی نیە، بەڵکو لەڕێگای بیرومێشکی مرۆڤەوە ناسراوو ئاشکرا دەبێت. کۆمەڵگا لەلای مارکس گشتێکی تەواوە لەهێزەکانی مادیو بیریاری یان زهنیو پراتیکی مرۆڤ لەمێژوودا، ئامانجی تێگەیشتنی عەقلانی واتە (فەلسەفە) دەهێنێتەدی.

بیروڕاکانی سۆسیالیزمی نەمساییو بەتایبەتی ئۆتۆباوەرو هیلفردینگ لەزەمینەی ئابووریدا، سەبارەت بەئەندێشە فەلسەفیەکانی ئەو پەیڕەوە گرنگی زیاتریان هەیە. باشترین بابەتی ئابووری ئەوان، گرنگی دانو لێکۆڵینەوە بوو لەپرسی ئیمپریالیزم، کە بەیەکێك لەتایبەتمەندییەکانی تیۆری مارکسیزمی تازە (واتە سەرەتای سەدەی بیست) دەناسرێت. بەپێی تیۆری ئۆتۆباوەر بۆ ئیمپریالیزم، قەیرانو سست بوونە

دەورییەکانی سەرمایەداری، وا لەسەرمایە دەکات کە لەهەوڵی بەدەستهێنانی ناوچەی دەسەڵاتی دڵنیاو تەواوی خۆیدا بێت لەناوچەو شێوەکانی بەرهەم هێنانی پێش سەرمایەدارییدا. بۆئەم مەبەستە، پیادەکردنی سیاسەتەکانی پاراستنی گومرگی لەلایەن وڵاتانی پیشەسازی پێشکەوتوو، ناردنی کاڵاکانیان بۆ وڵاتانی دواکەوتوو ئاسانتر دەکات. بەبڕوای ئەو لەهەر ئاڵوگۆڕێکی نێوان وڵاتانی پیشەسازیو ناپیشەسازیدا کە لەهەلومەرجی ئازادو نەبوونی پشتیوانەی گومرگی دا روودەدەن، زێدەبایی لەو ناوچە دواکەوتووانە وەبەردەهێنرێت، چونکە بونیادو پێکهاتەی ئاڵۆزو پێشکەوتووی سەرمایە لەوڵاتانی پیشەسازیو پێشکەوتوودا، بەشی هەرە زۆری قازانجو زێدەبایی دەکاتە نەسیبی سەرمایەدارانی ئەم وڵاتانە. گەشەی سەرمایەداریو کۆبوونەوەو کەڵەکەی سەرمایەی پیشەسازیو ماڵی دەبنە زەمینەی سەرەکی بۆ ئیمپریالیزم، چونکە تەمەرکوزی سەرمایە نیازو پێویستی بەبازاڕی فراوانو هەلومەرجی زۆرو زەوەندەی سەرمایەگوزاری نوێ هەیە لەئاستی جیهاندا. ئابووری سەرمایەداری تەنها لەرێگەی ئیمپریالیزمەوە جیهانگیر دەبێت.

بەبڕوای باوەر، تەنانەت چینی کرێکارانی وڵاتانی پیشەسازی، لەگەشەی ئیمپریالیستی سەرمایەداری سوود وەردەگرنو وردەوردە سەرنجی هەڵوێستی "عەقلانی" بۆخۆیان پەیدادەکەنو بیر لەقازانجو زیانی خۆیان لەناو گەشەی سەرمایەداریدا دەکەنەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەری سەرەکی سەرمایەداری ئیمپریالیستی، واتە بڵاوبوونەوەی میلیتاریزمو مەیلو ئارەزووی سەرەڕۆییو ملهوڕی دەسەڵاتەکانو لاوازکردنی دیموکراسی، هەلومەرجو رەوشی چینە باڵادەستەکان لەبەرامبەر کرێکارانو هەژاراندا بەهێزدەکات. بەبڕوای باوەر، دەبێت بزاڤی سۆسیال دیموکراسی، چینی کرێکاران لەبەرامبەر ئەم مەترسیەدا بپارێزێت، نەك تەنها ئەوەی لەهەوڵی بەدەستهێنانی بەرژەوەندی مادیو کاتی ئەواندابێت.

رۆدلف هیلفردنگ ئابووری ناسو یەکێك لەتیۆرمەندە ناودارەکانی مەکتەبی مارکسیستی ڤیەننا لەساڵی ١٩١٠ کتێبی (سەرمایەی ماڵی) نووسی: دواهەمین گۆڕانکاریەکان لەسەرمایەداریدا زەمینەی تازەی بۆگەشەی سەرمایەداریو ئیمپریالیزم





هێناوەتەدی. بەبڕوای ئەو، لەگەڵ کۆبوونەوەی هەلومەرجی زیاتری سەرمایە لەوڵاتانی سەرمایەداریو پەیدابوونو فراوانبوونی مۆنۆپۆلەکان، زەمینەی ململانێی سنووردار کردووەو چینی بۆرژوازی پیشەسازیو ماڵی هەرچی زیاتر یەکپارچەو هاوئاهەنگتر کردووە. لەئەنجامی ئەوەدا کۆنترۆڵی سیاسی بەسەر ئابووریدا زیاتر دەبێت، هەرچەندە کە هێڵەکانی ناکۆکی چینایەتی لەدەروونی سەرمایەداریدا بەبەهێزی خۆی دەمێنێتەوە. واتە سەرمایەدارانی پیشەسازیو ماڵی سەرەڕای ناکۆکیو جیاوازی خۆیان، بەڵام لەرێگای دەسەڵاتی سیاسیو میلیتاریزەکردنەوە لەبەرامبەر نەیارەکانیان خۆیان هاودەنگو یەکگرتوو دەکەن. لەسەرمایەداری سازماندراودا هەوڵە سیاسیەکان بەمەبەستی رێکخستنی زەمینەکانی ژێر دەسەڵاتی کارتێلو ترۆستەکان، بەئەنجام دەگات. لەدوای فراوان بوونو بڵاوبوونەوەی ئارەزووی مۆنۆپۆڵی، پاراستنو پشتیوانەی گومرگیش زیاتر دەبێتو ئەمیش بەدەوری خۆی هیوای مۆنۆپۆلی بەهێزتر دەکات. مۆنۆپۆلکردن پێویستی بەپشتیوانیو ناساندنی گومرگی هەیە. لەئەنجامدا، هەلی ململانێی سەرمایەدارەکان کەمتر دەبێتەوەو سەرمایەی بچووك دەبێتە پاشکۆی سەرمایەی گەورەی مۆنۆپۆلی. بەشێوەیەکی گشتی زەمینەکانی ململانێ، تانوپۆی ناکۆکی سیاسی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا زیاتر دەکات، لەژێر هەلومەرجی سەرمایەی مۆنۆپۆلیو پشتیوانی گومرگیدا بۆرژوازی وڵاتانی جیاواز لەهەوڵدان بۆ سوود وەرگرتنی مۆنۆپۆلی تایبەت بەخۆیان لەبازاڕو سەرچاوەکانی مەوادی خامو هێزی کاری نێودەوڵەتی. سەرمایەی مۆنۆپۆلی لەناوخۆدا نرخی کاڵاکان بەشێوەی مۆنۆپۆلی (احتکاری) و بێ ململانێ زیاتر دەکاتو زیادەی بەرهەمی کاڵاکانی خۆی کە لەبازاڕی ناوخۆدا نافرۆشرێن بەرو بازاڕەکانی جیهانی دەنێرێت. دەوڵەتە سازماندارەکانی مۆنۆپۆلی (احتکاری) بەگرتنەبەرو بەهێزکردنی سیاسەتی پاراستنی گومرگیو نەهێشتنی واریداتو هەژموون بەسەر بازاڕەکانی دەرەوەدا زەمینەی جەنگی ئابووریو سەرئەنجام سیاسیو سەربازیش فەراهەم دەکەن. سەرئەنجام مەیلو ئاراستەی میلیتاریستی لەئاستی جیهاندا بەهێز دەبێت.

بەشێوەی گشتی بیرمەندانی وەکو ڕۆزالۆکزامبۆرگو هیلفردینگ شیکردنەوەی ناتەواوی مارکسیان دەربارەی سەرمایەداریو هیوای ئایندەی ئەو سەرمایەدارییەیان لەهەلومەرجی ئالۆگۆڕی جیهانی سەدەی بیستەمدا بەرەو پێشەوە بردو لەوڕێگایەشەوە دیدگاکانی ئەویان سەرلەنوێ تازەکردەوە. گرنگترین ئالۆگۆڕی ناو سەرمایەداری بەبڕوای ئەوان بریتی بوون لە:

ئالۆگۆڕ لەشێوەی کەڵەکەی سەرمایە لەقۆناغی ئیمپریالیستی دا، ئاوابوونی سەرمایەداری ململانێی، پەیدابوونی هەژموونو دەسەڵاتی کۆمپانیا گەورەکانی مۆنۆپۆلو بەشداریو کاریگەریی دەوڵەت لەڕێکخستنەوەی سیستەمی ئابووری سەرمایەداری. هیلفردینگ یەکەم کەس بوو کەچەمکی "سەرمایەداری سازمان دراو" ی بۆ وەسفی ئەم ئالۆگۆڕانە بەکارهێنا. بەبڕوای ئەو، ئەم شێوەیە لەسەرمایەداری بەهۆی "کۆمەڵایەتیکردنی هەرچی زیاتری ئابووری" سەرئەنجام بونیادی ئابووری پێویست بۆ هاتنەدی شێنەییو پلەبەپلەی سۆسیالیزم فەراهەم دەکات. هەڵبەت ئەویش وەکو لوکزامبۆرگ بڕوای بەوە بوو کە هاتنەدی سۆسیالیزم سەرئەنجام تەنها لەڕێگای خەباتی سیاسی دەهێنرێتەدی. لەلایەکی دیکەوە هیلفردینگ بەڵگەی ئەوەی باسدەکرد کە لەئەنجامی گەشەکردنی دەسەڵاتی دەوڵەتی لەسەرمایەداری ڕێکخراودا، مەیلو ئاراستەی تۆتالیتاری لەسەرمایەداری ئەم دواییانەدا زیاتر بووە.

بەکورتی، شیکردنەوەی دیاردەی ئیمپریالیزم لەلایەن هیلفردینگ (١٩١٠) و لوکزامبۆرگ (١٩١٣) ناکۆکی تیۆری شایانی باسی لەکۆتایی دەیەی ١٩٢٠ دروستکردو ئەو پرسیارە هاتە گۆڕێ کە ئایا پاشەکشەی سەرمایەداری لەسەردەمی ئیمپریالیزمیشدا هەروەکو خۆی دەمێنێتەوە یان نا. لەدیدگای سیاسەتی ناوخۆی سۆسیالیستیدا، مارکسیزمی ڕادیکاڵی ئەو سەردەمە لەوبڕوایەدابوون: لەدەوڵەتە دیموکراتو پارلەمانیەکان کەخاوەنی کۆمەڵگای چینایەتی بوونو زەمینەی سەرهەڵدانی قەیرانیان هەمیشە هەیە، سەرئەنجام ڕێگا چارەیەکیان بۆ گۆڕانکاری خستە ڕوو، کە نەبەشێوەی مارکسیزمی ئەرسەدۆکسو سەبری شۆڕشگێڕانە بوو بۆ





ئامانجی کۆتاییو نەبەشێوەی بەلشەویکەکانی ڕوسیا بوو کە خوازیاری گۆڕانکاری بەپەلەو فەوری شۆڕشگێڕانە بوون[1].

## چەمکی مارکسیزمو سۆسیالیزمی نەمسایی

زاراوەی "مارکسیزمی ئۆستریایی" یان ئاسترۆ مارکسیست، بۆیەکەم جار لەساڵی ١٩١٤ لەلایەن سۆسیالیستی ئەمریکی لویی بودان بەکارهاتو پاشان لەتەواوی بزوتنەوەی سۆسیالیستیو کرێکاری دنیادا بڵاوبۆوەو هەروەها خودی ئەندامانی ئەم پەیڕەوەش هەمان زاراوەیان بۆ ناساندنی خۆیان بەکاردەهێنا. ئەوان بۆیە لەسەرجەم دیدگاو پەیڕەوەکانی تر جیاوازبوون، چونکە لەناو تەواوی مەیلو بۆچوونەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی دا سوودیان لەو پەیڕەوانە وەردەگرتو هەربۆیەش، هەندێك لەلێکۆڵیاران وەکو کولاکوفسکیو ج. د. کۆڵ ئەوان بەخاوەنی مەکتەب یان پەیڕەوێکی دیار ناناسانن. هەرچەندە ئەوان، بەپێی ئەم پێناسەیە خاوەنی مەکتەبو پەیڕەوێکی تیۆری نەبوون، بەڵام لەکارکردی سیاسیو کۆمەڵایەتیدا لەوانی تر جیاوازبوون. دیدگاو بیروڕای ئەوان ئاوێتەیەك بوو لەبیروڕاکانی مارکسیزمی ئەرسەدۆکسو مارکسیزمی ڕادیکاڵو لەسەروو ئەمانەشەوە بڕوای ئەوان بەئاوێتەکردنی مارکسیزمو بیروڕاکانی ئیمانۆیل کانت، لەپەیڕەوەکانی دیکە جیای دەکردنەوە.

تیۆرمەندانو ڕووناکبیرانی سۆسیال دیموکراسی نەمسایی ـ ماکس ئادلەر، ئۆتۆباوەر، ڕودلف هیلفردینگ، کارل ڕینەرو فریدریك ئادلەر ـ هەموویان خۆیان بەمارکسیست دەزانی. بەڵام مارکسیزمی ئەوان سیستەمێکی داخراو یان تەنیا نەبوو[2].

ئەوان بڵاوکراوەیەکی مانگانەی تیۆریان لەڤیەننا بەناوی (لێکۆڵینەوەکانی مارکسیستی) لەساڵی ١٩٠٤ بەدواوە چاپ دەکرد، و لەوێدا ڕایانگەیاند کە وەفادارن بەڕۆحی بەرهەمو نووسینەکانی مارکس بەڵام ئەم هەڵوێستە وایان لێناکات کە ئەسیرو

[1] ـ حسین بشیریە، اندیشەهای مارکسیستی در قرن بیستم، نشرنی، چاپ ششم ١٣٨٤ـ ل ل ٧٧ـ ٨٠.

[2] ـ لشك کولاکوفسکی، جریان های اصلی در مارکسیزم، جلد دوم (عصر طلایی)، ترجمەی عباس میلانی، نشرآگاه، چاپ دوم، ١٣٨٥، ل ٢٧٣ .

داخراوبن لەخودی تێکستەکاندا. هەرچەندە ئەم وتەیە لەخۆیدا هێندە گرنگ نییە، چونکە هەموو مارکسیستەکانو تەنانەت دۆگماترینو وشکترینیشیان رایان گەیاندووە کە دۆگماتیست نین، و "دەیانەوێت بەشێوەی داهێنەرانە میراتی مارکسیستی بەرەو گەشەو تەکامول بەرن"، بەڵام پەیڕەوی ڤیەنناى مارکسیزم لەوە لەخەڵکی تر جیاواز بوون، کەئەوان دەیانەوێ بەسوود وەرگرتن لەچەمك، بیروباوەڕو ئەو پرسانەی کەلەدوای مارکس لەفەلسەفەو کۆمەڵناسیداو بەتایبەتی لەنێوان نیوکانتیەکاندا پەیدابووە، مارکسیزم بەرەو تەکامول بەرن. بەبڕوای ئەوان، ئەم کارە خیانەت نییە بەئامۆژگارییەکانی مارکس، بەڵکو بەهێزکردنو دەوڵەمەندکردنیەتیو ئەوان زۆر پەرۆشی ئەوەبوون بیسەلمێنن کە، مارکسیزمو بیروباوەڕەکانی سۆسیالیستی بەشێکی دانەبڕاون لەنەریتی فەرهەنگی ئەوروپی، و دەیانویست لەجیاتی نوێکردنەوەی مارکسیزم، لایەنی هاوبەشو لێك چوونی ئەم فەلسەفەیە لەگەڵ مەیلە جیاوازەکانی فەلسەفەو ئەندێشەی کۆمەڵایەتی ئەوروپا بخەنەڕوو.

یەکێکی دیکە لەتایبەتمەندییەکانی مارکسیزمی نەمسایی ئەوە بوو کە جارێکی دیکە پێداچوونەوە بەپایە تیۆریو ئەپستمۆلۆجی (ناسین ناسی) یە گشتیەکانی مارکسیزمدا بکەنەوەو بەتایبەتی رەخنەکانی پەیڕەوانی نیوکانتی دەیانتوانی لاوازیو ناسازگاری ئەم تیۆرەیە چارەسەر بکات. هەرچەندە ئەوان بنەما سەرەکیەکانی مارکسیزمیان پەسەندکرد، وەکو تیۆری بەهای مارکس، خەباتی چینایەتیو ماتریالیزمی مێژوویی، بەڵام بڕوایان بەوە نەبوو کە فەلسەفەی ماتریالیستی پێشمەرجی مەنتقی مارکسیزم بێت، و هەروەها ئەوەشیان پەسەند نەکرد کە شایستەیی مارکسیزم لەگرەوی بەڵگە فەلسەفیەکانی ئەنگلس دا پەیدابکەن، چونکە ئەم بەڵگانە وەکو دیدگای "بێ رەخنە" و تەواو پەسەند لەچەمکی کانتی دا شایانی رەخنەو نەیاری بوون. مامەڵەو رۆشنکردنەوەی ئەوان لایەنگری بوو لەفەلسەفەو تێڕوانینە رەخنەییەکانی فەلسەفەو هەربۆیەش لەگەڵ پۆزەتیفیزم (اثبات گەرایی) و ئەزموون گەراییدا ناکۆك بوون. ئەوان دەیانویست لەڕوانگەی فەلسەفیەوە هەموو پایەو دیدگاکان بەبەڵگەو تێڕوانینی فەلسەفی شیبکەنەوە، نەك وەکو حوکمی تیۆری





یان دیدگای (سیاسی!). هەرچەندە هەموویان دەیانوت کە مارکسیزم لەچەمکی تەواودا، تیۆرییەکی زانستیە، بەڵام ئەم زانستی بوونەیان لەگەڵ پێوەرەکانی ناسینی ئەرسەدۆکسەکانو ئەزموون گەراکاندا بەناسازگار لەقەڵەم دەدا، چونکە لەلای ئەوان ئەم پێوەرانە رووکەشو لامسەلاییەو لەبەرئەوەی پرسەکانی کانتیان لەبەرچاو نەگرتووە، بۆیە هیچکامیان ناگەنە پایەی "رەهای" زانست.

هەموو تیۆرمەندانی مارکسیست ناچاربوون بەراشکاوی یان بەئاماژەی ناڕاستەوخۆ وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کەئایا مارکسیزم تیۆرێکی زانستیە یان ئایدیولوژی پرۆلیتاریا. ئەرسەدۆکسەکان بەبێ هیچ گومانێك دەیانگوت هەردوکیانەو دیدگای چینایەتیو زانستی لەمارکسیزمدا هاوئاهەنگی تەواویان هەیە. بەڵام لەدوای کەمێك تێڕامان بۆمان دەرئەکەوێ کە ئەم وەڵامە سادەیە گومانی زۆر بەرهەم دەهێنێ. ئەگەر مارکسیزم تیۆرێکی زانستی بێت، لەبەرئەوە بۆناسینی حەقیقەتەکەی، دەبێت سوود لەڕێسا نەریتیو ناسراوەکانی ئەندێشەی زانستی وەربگرێو نابێت یەکەم شت باس لەدیدگای چینایەتی یان سیاسی تایبەتی بکرێت. چونکە سەلماندنی زانستی پێویستی بەهێزی سیاسیو چینایەتی نابێتو وەکو بەڵگە نەویستو رەها خۆی دەسەپێنێو مارکسیزمیش، وەکو تیۆرێکی تەکامول، لەلای هەموان پەسەند دەبێتو هیچ کەس لەدژی ناوەستێ. مەکتەبی ڤیەننا، ئالێرەدا تێبینیو سەرنجی ئەوەیاندا، مادام مارکسیزم باس لەنەهێشتنی دەسەڵاتی چینە داراکان دەکات، بەناچاری دەکەوێتە بەر نەیاریو دژایەتی ئەو چینانە. سەرئەنجام دەیانوت کە حەقیقەتی مارکسیزم پەیوەندی بەدیدگای زانستیو مەنتقیەوە نیەو تەنها جۆرێکە لەتێڕوانینی روناکبیرانەی لایەنگری بۆ ئامانجی چینێك. گەرچی مارکسیزم لەخزمەتی بەرژەوەندییەکانی پرۆلیتاریادایە، بەڵام ئەم خاڵە شتێك بۆ ناوەرۆکە فکرییەکەی زیاد ناکاتو لەباری مەنتقیشەوە پەسەندکردنی ئاسانتر ناکات. بەڵام ئەگەر مارکسیزم "ئایدیۆلۆژی پرۆلیتاریا" بێت، سەرئەنجام پەسەندکردنی نابێتە هەڵوێستێکی تیۆری یان زانستی، بەڵکو جۆرێکە لەپابەندبوونی سیاسیو هیچ یەکێك لەو دوانە بەبێ ئەوی دیکەیان مەیسەر نابێت.

لەناو بزاڤی سۆسیالیستی دا هیچ کەس وەکو لینین دڵنیانەبوو لەسروشتی زانستی مارکسیزم، و لەهەمان کاتدا وەکو رمێك لەنەبەردی سیاسیدا دەیناسیو هەرگیز لەباری تیۆریکەوە، ئەو خاڵەی پەسەند نەکرد کە تەکامولی مارکسیزم لەلۆجیکی ناوخۆیدا سەربەخۆبێت لەسیاسەتو تەنها لەوکاتانەدا نەبێت کە لەهەلومەرجی دیاریکراودا لەگەڵ بەرژەوەندی سیاسیدا ناکۆك بێتو بەتایبەتیش بەرژەوەندی سیاسی پەسەندکراوی خۆیو بەلشەویك. لایەنگرانی پەیڕەوی لینین لەکاتی بڵاوکردنەوەی بیروڕاکانیان تەنها باسیان لەبەرژەوەندی چینایەتی دەکردو هیچ لەخەمی ئەوەدا نەبوون کە سەلماندنی مارکسیزم وەکو تیۆرێکی زانستیو مەنتقی سەربەخۆ لەچینەکان، ئەنجام بدەن. بەڵام دیدگای سۆسیالیستەکانی مەکتەبی ئوستریا دروست پێچەوانەی دیدگای بەلشەفیزم بوو، ئەوان دەیانویست گفتوگۆ لەگەڵ هەموو کەسانی خاوەن عەقڵو دیدگای عەقڵانیدا بکەن، نەك تەنها ئەوانەی کە بەسوودی هەڵوێستی چینایەتی مارکسیزمیان پەسەند ئەکرد. لەمەیدانی ئەخلاقیشدا ئەوان دڵنیا بوون لەجیهان بینی فکریو ئەخلاقی مارکسیزمو دەیانوت کەسێك کە سۆسیالیستی مارکسیستی بێت، دەبێت دروست بیربکاتەوەو بەهاکانی مرۆڤایەتی کە تایبەت نیە بەهیچ چینێکی کۆمەڵایەتی، لەسۆسیالیزمدا بەرەو بەرجەستە بوونی تەواو بەرێتو نرخیان بۆ دابنێ، دیدگای ئەوان لەم زەمینەیەدا وەکو دیدگای (جان جۆریس) ی سۆسیالیستی فەرەنساوی بوو (کە لەبەشی ئایندەدا باسیان دەکەین)، هەرچەندە کەمتر لەو ئەوان دڵنیا بوون لەم هەڵوێستانە. بەبڕوای وان، مارکسیزم بەردەوامبوونی "سروشتی" زانینو مەعریفەی کۆمەڵایەتیەو سۆسیالیزمیش شیکردنەوەی "سروشتی" بەها نەریتیەکانی مرۆڤایەتیە لەچوارچێوەی کۆمەڵگای ئەمڕۆدا.

ئەوان بڕوایان بەو خاڵەش بوو کە مارکسیزم شایانی هەموو مرۆڤایەتیە، هەرچەندە لەکاردا شیکردنەوەی جیاوازیان لەم بنەمایە بەدەستەوەدا. هەربەم بۆنەیەوە خودی ئەنگلس کەباس لەسۆسیالیزمی مارکس دەکاتو لەساڵی ١٨٩٥ (کۆتایی ژیانی) دەڵێت: "سۆسیالیزمی مارکسی تەنها تایبەت نیە بەچینی کرێکار، بەڵکو بەرهەمو ئامانجی هەموو مرۆڤایەتیەو دەخوازێ هەموو مرۆڤایەتی، بەچینی





بۆرژوازیشەوە، لەستەمو دیدگای قازانج پەرستیو چەوسانەوەی سەرمایەداری رزگاربکات"[3]. لەوشوێنەوە کە تەواوی سۆسیالیستەکان هاودەنگن لەگەڵ ئەوەی کەچینی کرێکار پەرچەمداری بێ ئەڵترناتیفی بەها مرۆڤایەتیەکانە، دەبێت لەوە تێبگەین کە "جیهان بینی" مارکسیزم بەخاڵێکی سەرەکی نازانن و تەواوی هێزی خۆیان بۆ نابودکردنی دوژمنی سیاسی تەرخان دەکەن. بەڵام لەلایەکی دیکەوە لەوانەیە دیدگای پەیڕەوی ڤیەنناو هەندێکی دیکە پەسەند بکرێت، کە هەرچەندە سۆسیالیزم پەسەندکردنی بنەمای خەباتی چینایەتیە، بەڵام دەبێت بۆ هەموو کەسێك ئامانجەکانی ئازادی، یەکسانیو برایەتی بەوپەڕی تواناوە لەبەرچاو بگیرێت بەبێ گوێدانە بەرژەوەندی چینایەتیان.

لێکۆڵینەوەی پەیڕەوانی مەکتەبی نەمسا، ئەوەبوو کە جیهانبینی دەبێت وەکو بنەمایەکی سەرەکیو زانستیو مەنتقی بسەلمێندرێت، نەك تەنها وەکو هەڵوێستی سیاسی. و سەرئەنجام کەباسی کۆمەڵگای ئایندەیان دەکرد، زیاتر لەوەی کە دەربارەی دەسەڵاتو گۆڕانکارییەکان قسەبکەن، دەربارەی حکومەتی ئازادی کرێکاران دەدوان. لەلای ئەوان کۆمەڵایەتیکردنی خاوەندارێتی هۆکارێکە (واتە یەکێکە لەهۆکارەکان!) بۆ ئاڵوگۆڕی سۆسیالیستی، نەك بەدیهێنەری هەموو سۆسیالیزم، و بڕوایان وابوو کە سۆسیالیزم هەروەکو چۆن پێویستی بەکۆمەڵایەتیکردنی رەوتی بەرهەم هێنان هەیە، دەبێت لەهەمان کاتیشدا تەواوی ژیانی ئابوری لەدەستی کۆمەڵایەتی بەرهەم هێنەراندا بێت. گرنگترین بڕوای ئەوان ئەوەبوو، کە هەروەکو کانت چۆن مرۆڤ بەئامانج دەزانێ نەك بەهۆکار، هەربۆیە سۆسیالیزمیان بەدرێژکراوەی بیروڕای کانت دەزانیو دەیانوت ئەگەر سۆسیالیزم گەشەو تەکامولی ئازادی تاکەکان نەکاتە ئامانجی خۆی، جگە لەگاڵتەیەك کەشایانی پێکەنینە شتێکی ترنابێت.

سۆسیالیستانی نەمسایی، لەهەمان کاتدا کەنەیار بوون بەرامبەر رەوتی پێداچوونەوەی برنشتاینو بڕوایان بەباڵی رادیکاڵی مارکسیزمی ئەوروپایی بوو، بەڵام

---

[3] ـ ایستوان مزاروش، فراسوی سرمایه (بحران ساختاری نظام سرمایه)، ترجمەی مرتضی محیط، نشر اختران، چاپ اول ١٣٨٢، تهران ل ٢٧٥.

بۆخۆشیان دیدگاو گێڕانەوەی تایبەتیان لەمارکسیزمی رادیکال هەبوو. ئەوان لایەنگری دەسەڵاتی دیکتاتۆری دیموکراتیکی پرۆلیتاریا بوونو سیاسەتو پێکهاتەی تەدریجی سۆسیالیزمیان لەناو سەرمایەداریدا رەت دەکردەوە. لەسەردەمی جەنگی جیهانی یەکەمو ساڵانی دواتر، تیۆرمەندانی مەکتەبی ڤیەننا رێگای جیاواز لەیەکیان لەسیاسەتدا هەڵبژارد. هیلفردینگو رینەر بەرەو چەمکی ئەمرۆیی سۆسیال دیموکراسی چوون، بەڵام ماکس ئادلەرو باوەرو هەروەکو فریدریك ئادلەریش لەهەڵوێستی پێشوویاندا واتە چەپی سۆسیالیستو رادیکال، مانەوەو نە لەگەڵ سۆسیال دیموکراسیو نە لەگەڵ کۆمۆنیزمی لینینیستی دا هاوڕا بوونو بەناکامی هەوڵیاندا لەنێوان ئەم دوو رەوتەدا پەیوەندییەك بدۆزنەوە.

سەرەڕای ئۆرگانی مانگانەی خەبات (دێرکامف) لەساڵی ١٩٠٧ بەدواوە، مارکسیستەکانی نەمسا ئۆرگانی جۆراو جۆریشیان چاپ دەکردو گرنگترین بەرهەمو ئەدەبیاتی مارکسیستی ئەوان ئەمانە بوون: (جیاوازی هۆکارو ئامانج ناسی لەزانستدا) ١٩٠٤، (چەمکی دەوڵەت لەمارکسیزمدا) ١٩٢٢ لەنووسینی ئادلەر، (پرسی نەتەوایەتیو سۆسیال دیموکراسی) لەلایەن ئۆتۆ باوەر، کە بەگرنگترین نووسینی مارکسیستی دائەنرێ لەبواری نەتەوایەتیداو گفتوگۆو جەدەلی هیلفردینگ لەگەڵ (بوهم باورك) دەربارەی (تیۆری بەهای مارکس) و (سەرمایەیماڵی) لەساڵی ١٩١٠.





## زیندووکردنەوەی بیروڕاکانی کانت لەبزوتنەوەی سۆسیالیستی دا
## پەیوەندی نێوان مەکتەبی ڤیەنناو نیوکانتیزمی مارکسیستی

نابێت مارکسیزمی ئۆستریاییو نیوکانتیزم لەناو مارکسیزمدا بەیەك بزانرێن. دەستەیەك لەپەیڕەوانی مەکتەبی ڤیەننا کە گرنگیان دەدا بەپرسی ئەپستمولۆجیو ئەخلاق - بەتایبەتی ماکس ئادلەرو تاڕادەیەك ئۆتۆ باوەریش - بەدروستی بەشێکن لەبزوتنەوەی کانتی - مارکسیستی، بەڵام مارکسیزمی نەمسایی لەشیکردنەوەی تەواودا، جگە لەسوود وەرگرتن لەبیروڕاکانی کانتو بەجیا لەو بیروڕایانە، تایبەتمەندی دیکەشیان هەبوو. هەروەها هەندێك لەمارکسیستە کانتیەکان هەرگیز بەشێك نەبوون لەمەکتەبی ڤیەنناو لەناو ئەوانیشدا دەتوانین باسی ئیدوارد برنشتاینو جان جۆریس بکەین.

دیاردەی شایانی باسی نیوکانتیزمی مارکسیستی یان مارکسیزم لەگەڵ رەنگو بۆی کانتی دا نەك تەنها لەناو چوارچێوەی مێژووی مارکسیزمدا هەبوون، بەڵکو دەبێ وەکو بەشێکی گرنگ لەڕەوتی گشتی ژیانەوەی کانت بیناسین کە لەساڵانی دەیەی ١٩٦٠ دەستی پێکردو لەماوەی چەند دەساڵێك بەتەواوی ئەندێشەی کانتی بەسەر زانکۆکانی ئەڵماندا دەسەڵاتدار بوو. فریدریك ئالبێرت لانگەو ئاتۆلیبمان رابەرانی دەستپێکردنی ئەم بزوتنەوەیە بوون، و بەڵام زۆری نەخایاند کە کانت گەرایی دابەش بوو بۆ پەیڕەوی جیاوازو رێبازی جۆراوجۆر کە نەك تەنها لەشێوەی پابەندییان بەفەلسەفەی کانت، بەڵکو لەشیکردنەوەی خودی ئەو فەلسەفەیەش جیاوازییان هەبوو. کانت گەرایی تەنها دیدگایەکی فەلسەفی نەبوو، بەڵکو پێش هەموو شت هەوڵ بوو بۆ گێڕانەوەی شایستەیی فەلسەفە لەبەرامبەر دیدگای زانست باوەڕی پۆزەتیفیستەکان. پۆزەتیفیزمو ماتریالیزمی ئەڵمانی جگە لەوەی کەجۆرێك بوون لەسیستەمی فەلسەفی، بەڵام لەهەمان کاتدا جۆرێك بوون لەخۆکوژی فەلسەفی. ئەم دوو پەیڕەوە بڕوای فەلسەفیان وابوو کە ئەو رەوشانەی لەزانستە سروشتیەکاندا بەکاردێن، هۆکاری بەدەست هێنانی مەعریفەیەکی تەواو دڵنیان، هەربۆیە فەلسەفە (لەم روانگەیەوە) یان هۆکاری بوونی نابێتو یان تەنها دەتوانێ بریتی بێت لەتێڕامان دەربارەی ئەنجامەکانی زانست.

لەبەرامبەر ئەم دوو رێبازە، کانت گەرایی میتۆدێك بۆ بیرکردنەوە دەخاتە ڕوو کە فەلسەفە نەك تەنها بەڵگەکان بۆ بوونی هەن، بەڵکو پێویستیشە کە هەبێت. خواستەکانی ئەم رێبازە لەچەند شتدا سنووردارن: بانگەوازی ئەوەی نەدەکرد کە رێبازەکە جۆرێکە لەفەلسەفەی میتافیزیك‌و لەبەرامبەر ئەو رەخنانەی کە لەهیگل، شلینگ‌و پەیڕەوانیان دەگیران، هیچ بڕیارێکی نەبوو کەبیروڕاکانی ئەو فەیلەسوفانە قسە رێکخستنی نادیارو بێهودەو خەیاڵین کە مەنتق تیایاندا بێ کۆنترۆڵە. بەبڕوای کانتییەکان کاری سەرەکی فەلسەفە رەخنەی مەعریفەیە، زانستە سروشتیەکان خۆیان شی ناکەنەوەو نەشایستەیی رۆشنیان هەیەو نەئەنجامەکان زەمانەت دەکرێن، هەرچەند زانستەکان دەیانەوێت جیهان بناسن، بەڵام لەخودی واقیعیەت‌و میتۆدی ناسین لێکۆڵینەوە ناکەن، لەکاتێکدا کە سەلماندنی شایستەیی ناسین بۆخۆی پێویستی بەزانین‌و لێکۆڵینەوەی تایبەت هەیە.

بەمشێوەیە کانت گەرایی لەزەمینەی نەیاری‌و ناکۆکی بەرامبەر فەلسەفەی میتافیزیك لەگەڵ بیروڕای زانست باوەڕیدا هاوداستان بوون، بەڵام دیدگای بەهیچ ناسینی ئەم بیروڕایەیان بەرامبەر بەهەموو فەلسەفە پشتیوانی نەدەکرد. گرنگترین خاڵی تایبەتی‌و دڵخوازی کانت گەرایی بڕوای ئەوانە بەتیۆری بەها ئەخلاقیەکان لەگەڵ ئەوەشدا بڕوایان وابوو کەدیدگای ئەزموون گەرایی بەشێوەیەکی سروشتی دەستی دەگات بەجۆرێك لەرێژەیی بوونی ریشەیی لەزەمینەی ئەخلاقدا. دیدگای زانست باوەڕی بەهۆی بینین‌و ئەزموون‌و گشتاندنی واقیعیەتەکان میتۆدی خۆی دادەڕێژێ، لەبەرئەوە جیهانی بەهاکان تەنها بەکۆمەڵێك دیاردەی کۆمەڵایەتی یان دەروونی دەزانێت‌و هیچ بناغەیەك بۆ سەلماندنی بەهاکان لەبیروڕای زانست باوەڕیدا پەیدانابێت‌و هەموو هۆکارەکانی بۆ دەست راگەیشتن بەدادوەرییەکانی ناو بەهاکان بەئەندازەیەك بەدروست یان نادروست دەزانێ. لەم زەمینەیەشدا کانت گەرایی لەدیدگای رێژەیی نزیك دەبێتەوە: چونکە دەیانەوێت ئەو خاڵە بسەلمێنن کەمەیدانی واقیعیەت بەتەواوی جیاوازە لەمەیدانی بەهاکان‌و (لەم هەڵوێستەدا کانت گەرایی لەگەڵ پۆزەتیفیزم بەتەواوی هاوبڕوان)، بەڵام لەهەمانکاتدا بڕواشیان بەوەبوو کە عەقڵی





مرۆڤ لانیکەم دەتوانێت کە هەلومەرجی سەرەتایی پێویست بۆ دادوەری ئەخلاقی تۆمار بکات، بۆئەوەی نەبێت بەیاری دەستی وڕێنەو سەرەڕۆیی مرۆڤەکان.

سەرئەنجام کانتییەکان نەیارن بەرامبەر بونیادە گشتی‌و فراوانەکانی بوون ناسی، بەڵام بەپێچەوانەی زانست باوەڕان، بڕوایان وایە ئەگەر زانین یان ناسینێکی دیاریکراو بیەوێت بانگەوازی جیهان بینی گشتی هەبێت، رەخنەگرتن لەمەعریفە دەبێت لەڕوانگەی مەنتقی دا، بەمەعریفەیەکی دیاریکراو بناسرێ.

### کانت گەرایی لەمارکسیزمدا

پەیڕەوانی تازەی کانت کە زۆربەیان خۆیان هەم بەمارکسیست‌و هەم بەسۆسیالیست دەزانی‌و بەشێوەی جۆراو جۆر دەیانویست ماتریالیزمی مێژوویی‌و سۆسیالیزمی زانستی لەگەڵ زانستی ئەخلاق‌و ئەپستمولۆجی (ناسین زانی) کانتی دا ئاوێتە بکەن. ئەم هاوژیانیە سەرسامەی ئەندێشەکانی کانتی‌و مارکسی دەتوانین لەزەمینەی تایبەتی‌و هەلومەرجی جۆراو جۆردا رۆشن بکەینەوە: لەوسەردەمەدا، مارکسیزم وەکو ئێستا گۆشەگیر نەبووبوو، و دەیتوانی کاریگەریی هەبێت لەسەر مەیل‌و ئاراستەی فەلسەفی‌و فکرییەکان‌و هەروەکو چۆن بیروڕای کۆڕو کۆمەڵە ناسۆسیالیستی‌و نامارکسی یەکانیش کاریگەر بوون لەناو ئەندێشەی مارکسی دا. هەربەو شێوەیە لەدوای نیوسەدە لەو مێژووە، واتە لەدوای مەرگی ستالین، کە بیروڕاو گێڕانەوەی مارکسیزمی ئەرسەدۆکس شێوەیەکی نەرمتری پەیداکرد، هەندێك بیروڕای تازە لەدەرەوەی مارکسیزم، وەکو وجودیەت، دیاردەناسی، بونیاد گەرایی‌و تەنانەت مەسیحیەت، خوێنی تازەیان کردە لەشی هەڵبزڕکاوی ئەم بیروباوەڕە. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، مەنتقی دەروونی خودی بیروڕای مارکسیزم توانی بەبێ کاریگەریی دەرەکی، بەو ئەنجامانەبگات کە بیرو باوەڕەکانی دەرەوەی باسیان دەکرد. ئەو بنەمایەی کە سۆسیالیزم بەهایەکی چینایەتی تەنها نییەو بەڵکو سروشتێکی گشتی هەیەو چۆن دەتوانرێت ئەم دوو لایەنە (سروشتی چینایەتی‌و گشتی) لەگەڵ یەك لێك بدرێت.

بەشێوەی گشتیو لەڕوخساردا هەموو کەسو بیروباوەڕەکان ئەوەیان دەزانی کە لەسۆسیالیزمو مارکسیزمدا بەئاشکرا بەرژەوەندی چینایەتی کرێکاران دیاریکراوە، بەڵام ئەوە رۆشن نەبوو کە بەرژەوەندی گشتی مرۆڤ لەسۆسیالیزمدا چییەو چۆنەو دەقە پیرۆزەکانی (مارکسیزمی ئەرسەدۆکس) یش لەم بارەیەوە هیچ رۆشن کردنەوەیەکی نەکردبوو. بەڵام پرسێك وەکو بەڵگە نەویست دەبینرا کە مادام مارکسیزم دەیەوێت یەکسانیو کۆمەڵگای ئایندەی بێ چینو چەوسانەوە بەدی بهێنێ، بۆیە ئەگەر سۆسیالیزم بەدیهێنەری هیواو ئامانجەکانی هەموو مرۆڤایەتی نەبێت، ئەوکاتە مانایەکی نابێت. دەوترا کە کرێکاران ئاڵا بەدەستانی مێژوویی ئامانجی گشتین، و تەنها بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان ناجەنگنو سەردەمێك دێت لەئایندەدا (کەنازانرێت کەی!) بەرژەوەندی گشتی چەمکێکی رۆشن بێت لەسۆسیالیزمدا، دەبێت لەئێستاو لێرە بەشێوەی واقعیەتی دیاریکراوو رۆشن، مرۆڤایەتی لەهەرتاکێکدا، و بەشێوەی سیفەتی بینراو، بوونی هەبێتو لەهەمانکاتیشدا دەبێت بنەماکانی ئەخلاق لەکاردابن دەربارەو بەرامبەر بەهەموو مرۆڤەکان، نەك تەنها بەرامبەر هاوڕێیانی هاوخەبات. ئەم ئەنجامگیرییە بۆ مارکسیستە بونیادگەراکان دژوار بوو کە بەناوی سەرسەختیو پوختەیی شۆڕشگێڕانەوە، خوازیاری جیابوونەوەی تەواوی بزاڤی سۆسیالیستی بوون لەفەرهەنگی "بۆرژوایی".

کانتییە تازەکان لەهەوڵی شێوەسازیو فۆرمۆلەی لایەنی گشتی مارکسیزمدا بوون، و شتێکیان زانیو گەشەیان پێداو سەبارەت بەپەیوەندی لایەنی چینایەتیو لایەنی گشتی مامەڵەیان لەگەڵ مارکسیزم کردو ئەوان سۆسیالیزمیان بەنوێنەری هەردوو لایەنی چینایەتیو گشتی دەزانی. لەلایەن ئەرسەدۆکسەکانەوە کەوتنە بەر رەخنە کە ئەوان لایەنگری سازشی چینایەتینو ناکۆکیو دژایەتی لەئاشتی نەهاتووی نێوان کرێکارانو بۆرژوازییان لەبیرکردووەو رێگا خۆشدەکەن بۆ رێبازی ریفۆرمیست. هەرچەندە ئەم تۆمەتو گوناهانە بەشێوەی نارۆشنو گەند بەیانکرابوون، بەڵام ئەو تۆمەتەی کە نیوکانتیزم ئامرازی دەستی باڵی ریفۆرمیستی سۆسیال دیموکراسی بوون، تاڕادەیەك راستی تێدا پەیدا دەبوو. هەرچەندە کە نیوکانتییەکان، و بەتایبەتی لایەنگرانی





مەکتەبی ڤیەننا، ئەندێشەی شۆڕشیان نکۆڵی نەدەکرد. ئەوان چەندین جار باسو بەڵگەی ئەوەیان دەخستە ڕوو کە دیدگاکانی خودی کانت لەدیدی مێژوویيو مەنتقی دا نەیاری شۆڕش نەبوون، دیدی ئەو سەبارەت بەشۆڕشی گەورەی فەرەنسا باشترین بەڵگەیە بۆئەم بانگەوازە. هەڵبەت لەم خاڵەدا ئەوان لەسەرهەق بوون، چونکە فەلسەفەی کانت هەمیشە لەسەر کار لادانو رووخاندنی شۆڕشگێڕانەو توندوتیژی رژێمە چەوسێنەرەکانی بەڕەوا لەقەڵەم داوە. کانتیەکان لەڕوانگەی باڵادەستی فەلسەفەو فەلسەفەی کانتەوە، سۆسیالیزمیان لەڕوانگەی ئەخلاقی، نەك پێکهاتەیی پێناسە دەکرد. و بەڵگەیان بۆئەوە دەهێنایەوە بەهۆی گۆڕانکاری ئەخلاقی کە کرێکاران (ئێستاو لێرە) لەسیستەمی سەرمایەداریدا بەدەستی دەهێنن، و لەکاردا بەشێکە لەبونیادنانی سۆسیالیزم. ئەمەش لەلای ئەرسەدۆکسەکان وەکو کفر وابوو، چونکە لەبیری ئەواندا تەنها کارێك کە لەسەردەمی سەرمایەداریدا لەلایەن کرێکارانەوە ئەنجام دەدرێت، خۆسازکردنە بۆ شۆڕش. بەبڕوای ئەوان سۆسیالیزم هەنگاو بەهەنگاو نایەتەدی، بەڵکو رەوتێکی پێویستو ناچارییە کە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسیو داماڵینی دەسەڵاتو سامانی سەرمایەداران دەست پێدەکات. پێناسەکردنی سۆسیالیزم لەڕوانگەی ئەخلاقییەوە بەمانای هێواشکردنو کولکردنی خەباتی چینایەتیە لەسەردەمێك بۆ سەردەمێکی تر. لەم زەمینەیەدا نیوکانتی یەکان، وەکو پێداچوونەوەی برنشتاین، نوێنەری بڕوای گەشبینن بە "سۆسیالیزمی هەنگاو بەهەنگاو"، هەرچەندە زۆربەیانو بەتایبەتیش پەیڕەوانی مەکتەبی نەمسا بەڕاشکاوی ئەم خاڵەیان بەیان نەکردبوو.

یەکێك لەبیرمەندانو فەلسەفەی بەرجەستەی ئەم رەوتە (کارل فۆرلندەر) (١٨٦٠ـ١٩٢٨) بوو کە لەچەند کتێبو بەرهەمێکدا مارکسو کانتی بەراووردو ئاوێتە دەکرد: کانتو سۆسیالیزم (١٩٠٠)، کانتو مارکس (١٩١١)، کانت، فیختە هیگلو سۆسیالیزم (١٩٢٠)، مارکس، ئەنگلسو لاسال وەکو فەیلەسوف (١٩٢١). بەڵگەکانی ئەو بۆ ئاوێتەکردنی کانتیزمو سۆسیالیزم لەژێر سێ ناونیشاندا کورت دەکەینەوە:

فورلندەر هەندێك لایەنی لەفەلسەفەی كۆمەڵایەتی كانتدا بەرجەستەكرد كە هاتونەتە ناو ئەندێشەی سۆسیالیستیەوە، گەرچی ئەم بیروڕایانە لەگەڵ هەر جۆرێك لەدیموكراسی رادیكالیش جووت دەبێت. بۆ نموونە، كانت نەیارە بەرامبەر بەهەموو ئیمتیازەكانی میرات، دژی چەوسانەوەی نەتەوایەتیو بوونی سوپای پیشەییەو لایەنگیری لەسیستەمی نوێنەرایەتی خەڵك، جیاوازی دینو دەوڵەت، ئازادی لەبەرامبەر یاساو لەرێكخراوێكی سیاسی جیهانی دەكات. بەبڕوای ئەو، ئەگەر ئامانجی شۆڕش دابینكردنی ئازادی بێت، بێگومان لەسەر هەق دەبێت. ئەو نەیار بوو لەگەڵ ئەو دیدگا كۆنەپەرستانەیە كە دەیگوت نابێت ئازادی بدرێت بەخەڵك، تەنها لەوكاتەدا نەبێت كە بەپێگەیشتنی تەواو دەتوانن سوود لەو ئازادییە وەربگرن، بەڵام دەیگوت لەسەردەمی دەسەڵاتی چەوسێنەردا خەڵك هەرگیز بەو پێگەیشتنە ناگەن.

تا ئەم جێگایە كانت لەدیموكراتێكی رادیكال زیاتری نەگوتووە، بەڵام لەساتی دووەمدا، بەوتەی فۆرلندەر، كانت پێش ماركس تیۆری پێشكەوتنی لەرێگای ناكۆكیەوە خستە ڕوو. سروشت سوود لەدژایەتیەكان دەبینێ بۆ چارەسەرەكان. پێشكەوتنی مرۆڤ لە ئەنجامی پەیوەندی چەندلایەنەی هۆكارو هیواكانی مرۆڤ كە وەكو سیستەمێكی سنوردار، بەرەو كۆمەڵایەتی بوونی زیاتر دەچێت. جەنگەكانیش، بەهەمان شێوە، سەرئەنجام رەوتی تەكامولی مێژوویی بەهێنانەدی ئاشتی بەردەوام دەگات. ناكۆكیو جیاوازیو ململانێكان ئەو خاڵە فێری مرۆڤ دەكەن كە پێویستیان بەسیستەمێكی حقوقی (مافدانی) هەیە، بۆئەوەی لەچوارچێوەیدا ئازادی سیاسی بگەشێتەوە. كانت لەهەمان كاتیشدا بەدبین بوو، بڕوای بەوە نەبوو كە خراپە بەتەواوی لەنێودەچێتو بەبڕوای ئەو لەدرەختی خواری مرۆڤایەتی هەرگیز ناتوانرێت شتێكی بەتەواوی راست بەدی بێت. بەڵام بەبڕوای فۆرلندەر ئەم بەدبینیە، كەبوونی یاسا پێویست دەكات، لەگەڵ زانستی ماركسیدا ناكۆك نییە.

بەڵام گرنگتر لەهەموویان ئەو بەڵگانەن كە لەساتی سێهەمدا دەخرێنە روو، و بەپێی ئەو بەڵگانە فەلسەفەی ئەخلاقی كانت نەك تەنها دەتوانرێ بخرێتە ناو سۆسیالیزمەوە، بەڵكو دەبێت (واتە پێویستە) ئەو كارەبكرێت. فۆرلندەر ئاراستەی





بەرەو ئەو خاڵەبوو كە میتۆدی ئەندێشەی كانت عەقلانیەتە، لەكاتێكدا كە رەوشی هیگڵو ماركس مێژووییە، كە بەبڕوای ئەو دەتوانین ئەم دوو میتۆدە ئاوێتە بكەین. دیدگای مێژوویی هیگل نەخشی گرنگی هەبوو لەپەیدابوونی ماركسیزمو چونكە بۆ دیدگای تەكامولی مێژوویی كۆڵەكەی گرنگی بەرهەم هێنابوو. بەڵام ئەمڕۆ، بەشایستەیی داروینو سپنسەر، تیۆری گشتی تەكامول كۆڵەكەی بەهێزتری لەژیان ناسیدا پەیدا كردووە. و لەمەودوا پێویستی بەكۆمەكی میتافیزیكی هیگل نییە. لەلایەكی دیكەشەوە شتێك لەنەریتی هیگلی دا بۆ ماركسیزم زیانبارە كە نكۆڵی كردنە لەجیاوازی نێوان "بوون" و "هەبوون" تەنها لەحاڵەتی دوای رووداو واتە بەشێوەی ئاگایی لە نەتوانیندا روو دەدات. ماركس بەپەیڕەوی لەهیگل ئەم جیاكارییەی نادیدەگرتو لەكاتێكدا بەبێ بوونی ئەم جیاكارییە ئەندێشەی سۆسیالیزم هیچ پایەیەكی نابێت. و سەرئەنجام تیۆری ماتریالیزمی مێژوویی بەتەواوی نەزانراو دەبێتو هیچ كۆڵەكەیەكی مەعریفەناسی (ئەپستمولۆجی) ئەخلاقی نابێت. رەخنەی ماركسو ئەنگلس لەكانت گرنگی زۆریان نییە، چونكە ئەم دوانە زانیاری زۆریان لەبارەی كانتەوە نەبووە. هێرشی ئەنگلس بۆ سەر چەمی "شتێك لەخۆیدا" نیشانەی خراپ تێگەیشتنی تەواوی ئەوە لەو مەسەلەیە. تیۆری ماركس تەنها بۆ هۆشیاركردنەوەی بزوتنەوەیەكی كۆمەڵایەتی بووە كە خوازیاری نیشاندانی سۆسیالیزم بووە وەكو ئامانجو خەبات. بەڵام ماركسیزم نەیتوانیوە سۆسیالیزم وەكو ئامانجێكی شایستە بەمرۆڤ رۆشن بكاتەوە. شێوەی گشتی، ئەندێشەی پێشكەوتن پێویستی بەجۆرێك لێكۆڵینەوەو بەهادانەو بەبێ دیدگایەكی ئاكام ناسی گەیشتن بەتیۆری پێشكەوتن مەیسەر نابێت. سەرئەنجام تیۆری ئەخلاقی كانت تەواوكەری سروشتی ماركسیزمە. بڕیارو حوكمی پەیگیری كانت دەڵێت هیواو مەیلەكان تەنها تائەو جێگایە لەڕوانگەی ئەخلاقیەوە باشن كە بتوانرێت لەناو سیستەمێكی ئامانج خوازدا جێگایان هەبێت. بێگومان ئەمەش تەنها پێناسەیەكی رووكەشە لەو هەلومەرجەی كە هەر بڕیارو حوكمێكی ئەخلاقی كە دەبێت هەیبێت. رێسا دیاریكراوەكان، بەپێی سروشتی خۆیان، قەطعیو یەكلایەنە نینو بەپێی هەلومەرجی مێژوویی، گۆڕانكاری دەكەن.

مارکسیزم ئەوەی ڕۆشن کردۆتەوە کە بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی لەنێوان خۆیان و کانت گەرایدا هاوبەشە، واتە برایەتی و هاوپشتی جیهانی هاوڕێگایە لەگەڵ ناسینی بەها نەگۆڕەکانی هەر تاکێکی مرۆڤ، و لەهەمان کاتدا مارکسیزم وتویەتی کە کام چالاکیانە کاریگەرن. لەم زەمینەیەدا، لەنێوان کانت و مارکس جیاوازی نییەو دەتوانرێت بەئاسانی ئامۆژگاری ئەخلاقی کانتی بخرێتە ناو مارکسیزمەوە، بەپێی ئەوەی کە هیچ یەکێك لەپێشەکیە سەرەکیەکانی مارکسیزم کاریگەری تێ بکرێت. (فۆرلندەریش وەکو مارکسیەکانی ڕۆژگاری خۆی ماتریالیزمی مێژوویی بەشێوەی وشك سینەدەکردەوە. بەومانایەی کە ئابووری، هۆشیاری "شێوە ساز دەکات" بەلام "بەرهەمی ناهێنێ"، ئیرادەی ئازادی مرۆڤایەتی نەخشی لەمێژوودا هەیەو لەنێوان ژێرخان و سەرخان کاریگەری دوو لایەنە هەیە). ئەوەی کە بۆ مارکسیزم پێویستە ئەوەیە کە داوەری بەهاکان، کە لەخودی خۆیدا هەن، بەڕۆشنی بەیان بکات، چونکە بەبێ ئەم داوەرییانە مارکسیزم کاریگەرو بڕواهێنەر نابێت.

## مێژووی ژیان و بەرهەمی مارکسیستەکانی ئۆستریا[4]

ماکس ئادلەر (١٨٧٣_١٩٣٧) لەبواری یاسادا خوێندنی تەواو کردبوو، هەموو ژیانی خۆی لەڤیەننا بەسەربردو لەوێ لەگەڵ کاری سیاسیدا، وەکو پارێزەری یاساییش کاری دەکرد، بەرهەمی گرنگ و ناوداری نووسیوەو لەهەموو کارو خەباتی حیزبیشدا بەشدار بوو. ئەو لەو رابەرانە نەبوو کەتەنها خەریکی کاری حیزبی و ڕێکخراوەیی بێت و پێش جەنگی یەکەم هەرگیز لەهەڵبژاردنەکاندا خۆی کاندید نەدەکرد، هەرچەندە دوای جەنگ بۆ ماوەیەکی کەم نوێنەری سۆسیالیستەکان بوو لەپارلەمان. سۆسیالیستەکانی دیکەی هاوڕێی بەناوی تانەوە بەویان دەوت "تیۆر ساز"، واتە لێکۆڵیارێك کەتەنها لەبەر سیفەت و خۆشی ڕووناکبیرانە لەناو مەیدانی فکریدا کاری

---

[4]- أ- ج. ه. كول، تأريخ الفكر الاشتراكي، الجزء الثاني، الدولية الثانية، ترجمة عبدالكريم احمد، المؤسسة المصرية العامة للتأليف والترجمة، ل ل ٣٩_٤٩.

ب ـ لشك كولاكوفسكى، ه. س. پ، ل ل ٢٨٨_٢٩٣.



سۆسیال دیموکراسی ---------------- [ مێژوو، تیۆری، ڕەخنە ]

دەکرد. بەلام ئەو سەرەڕای بەرهەمی زۆرو بەنرخ بۆ سۆسیال دیموکراسی نەمسایی، یەکێك بوو لەبونیادنەرانی قوتابخانەی پەروەردەی حیزبی لەڤیەنناو لەگەڵ کارل رینەرو هیلفردنیگ لەقوتابخانەی کرێکاریدا دەرسیان دەوت. کتێب و لێکۆڵینەوەو وتارەکانی ئەو سەرجەم ژیانی سۆسیالیزمی ڕۆژگاری خۆی دەگرتە خۆ. بەلام پرسی سەرەکی کە لەلای ئەو دڵپەسەند بوو، بەهێزکردنی پایە فەلسەفیەکانی مارکس بوو، کە بڕوای ئەو لەئەدەبیاتی سۆسیالیستی دا بەڕادەی پێویست گرنگیان پێنەدرابوو. هەرچەندە نووسینەکانی ئەو جۆرێك لەگرانی و ئاڵۆزی تێدا بوو، هەروەها بڕواشی بەوە بوو کە دیدگاو دوورنمای نەگۆڕی هەبێت بەتایبەتی سەبارەت بەپرسی "پێشینەی کۆمەڵایەتی" و کۆڵەکەی زانستەکانی کۆمەڵایەتی. ئەم پرسانە لەیەکەمین کتێبی ئەو بەناوی "جیاوازی هۆکارناسی و ئاکام ناسی لەزانست" ١٩٠٤ خرابوونە ڕوو، هەروەها لە "پرسەکانی مارکسیستی" ١٩١٣ و "توخمەکانی کۆمەڵناسی لەرەخنەی مەعریفی کانت دا" ١٩٢٤ و "پەروەردەی چەمکی ماتریالیستی مێژوو" بەشی یەکەم ١٩٣٠ و سەرئەنجام لەدوایەمین کتێبی گرنگی ئەو کەلەساڵی ١٩٣٦ بەناوی (مەتەڵی کۆمەڵگا). یەکێکی دیکە لەوباسانەی کە لەکتێب و نووسراوی ئەودا گرنگیان پێدەدرا، پرسی ڕێکخراوو ڕێکخستنی دەوڵەت و دیموکراسیە لەم ناونیشانانەدا: "دیموکراسی و سیستەمی شورایی" ١٩١٩، "چەمکی دەوڵەت لەمارکسیزمدا" ١٩٢٢، "دیموکراسی سیاسی و کۆمەڵایەتی" ١٩٢٦ و هەروەها چەندجارێك لەنووسینەکاندا دەربارەی ئایین و چارەسەری سۆسیالیستی ئاینی وتارو لێکۆڵینەوەی هەبووە. ئەرسەدۆکسەکان سەبارەت بەو چەمك و چارەسەرە ئایینیە ئەو بەوە تۆمەتبار دەکەن کە سازشی لەگەڵ ئاییندا کردووە. بەلام ئۆتۆ باوەر لەیادنامەی خۆیدا نووسیویەتی کە ئادلەر هەرگیز نەیتوانی بڕوا بەوە بهێنێ کەرۆحی مرۆڤ فانیەو لەتیۆری زەمان و شوێنی کانت، بەرەو ئاراستەیەك دەچوو کە بۆ ئیمان بەبوونی بێ زەمان دەگەڕا.

ماکس ئادلەر لەتەواوی ژیانی خۆی لەگەڵ باڵی چەپی سۆسیال دیموکراسیدا کاری دەکردو سەربەوان بوو، لەسەردەمی جەنگی یەکەم، بەپێچەوانەی ڤیکتۆر ئادلەر، لەریزی کەمایەتی ناو حیزبدا مایەوە کە هەلپەرستی "سۆسیالە نەتەوە پەرستەکانی"

مەحکوم کرد. هەڵوێستی بەرامبەر شۆڕشی ئۆکتۆبەر نزیك بوو لەهەڵوێستی رۆزا لۆکزامبۆرگ، واتە دژی دیکتاتۆری بەلشەویکەکان بوو، بەڵام بڕوای بەبەهای شوراکان هەبوو، هەندێك جار گومانی ئەوەی دەکرد کە لەهەلومەرجی جیاوازدا، سیستەمی روسیا هەوڵ بدات بۆ گۆڕانکاری دیموکراتیك.

ئۆتۆ باوەر (١٨٨١ ـ ١٩٣٨) زیاتر لەماکس ئادلەر رابەری سیاسی بوو، بەڵام لەهەمانکاتدا وەکو تیۆرمەندێکی ناسراویش ناو ناوبانگی هەبوو. لەڤیەننا، لەخێزانێکی یەهودیو بۆرژوایی لەدایك بوو، هەر لەگەنجێتیەوە بوو بەکەسێکی سۆسیالیستو هێندەی نەکێشا کە بوو بەیەکێك لەتیۆرمەندانو وتە بێژە سەرەکیەکانی حیزبی سۆسیالیست. یەکەمینو ناودارترین بەرهەمی تیۆری ئەو کتێبی (پرسی نەتەوایەتیو سۆسیال دیموکراسی) بوو لەساڵی ١٩٠٧ کە بەباشترین نووسینی نەتەوەیی دادەنرێت لەئەدەبیاتی مارکسیداو بەشێوەی گشتی یەکێکە لەگرنگترین ئەدەبیاتی مارکسیستی. باوەر لەدوای هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٠٧ بوو بەسەرۆکی فراکسیۆنی پارلەمانی حیزبی سۆسیالیستو لەهەمانکاتیشدا لە پەیمانگای کرێکاری دەرسی فکریو سیاسی دەوتەوەو بۆ ئۆرگانو بڵاوکراوە سۆسیالیستیەکانیش وتارو لێکۆڵینەوەی دەنووسی. لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگدا بانگکرا بۆ خزمەتی سەربازی، و چەند مانگێك وەکو ئەفسەر لەسوپا خزمەتی کردو پاشان لەلایەن رووسەکانەوە ئەسیرکرا. تا شۆڕشی فۆریەی ١٩١٧ لەزیندان بوو.

لەسپتامبەری ١٩١٧ گەڕایەوە بۆ نەمساو پەیوەست بوو بەباڵی دژی جەنگو بەپێچەوانەی کارل رینەر بڕوای وابوو کە لەدوای پاشەکشەی سیستەمی شاهانەی نەمسا دەبێت مافی چارەنووس بدرێت بەونەتەوانەی کە لەلایەن ئیمپراتۆریای هابسبۆرگ کراونەتە پاشکۆی نەمسا. پاش رووخانی دەسەڵاتی شاهانەی نەمسا، بۆ ماوەیەکی کەم کرا بەوەزیری دەرەوە، بەڵام ئەوکاتەی کە بێ ئومێدکرا لەپەیوەست بوونی نەمسا بەئەڵمانەوە لەپۆستی وەزیری وازی هێنا. بە بەراورد بەئادلەر، بەرامبەر بەشۆڕشی ئۆکتۆبەر هەڵوێستی نەیارو دژایەتی توندتری هەبوو، بەبڕوای ئەو هەرجۆرە هەوڵێك بۆ هێنانەدی سۆسیالیزم لەوڵاتێکی نیوە فیۆداڵیدا بەناچاری





ئاکامەکەی دەبێتە دیکتاتۆری کەمایەتیەك، واتە دەسەڵاتی رەهای دەزگای سیاسی بەسەر پرۆلیتاریاو بەشەکانی دیکەی کۆمەڵو ئەم دیدگایانەشی لەکتێبێکدا نووسی بەناوی "بەلشەویزم یان سۆسیال دیموکراسی؟" ١٩٢٠. و پاشان چەندین جار هاتەوە سەر مەسەلەی روسیا، تیرۆری ستالینیستی، نابودی فەرهەنگو بڵاوبوونەوەی جاسوسی گشتی وەکو زەمینەی سیستەمێکی حکومەتی، مەحکوم دەکرد. بەڵام لەساڵانی کۆتایی ژیانی، بەتوندبوونەوەی مەترسی فاشیزم، سەرسەختی ئەو بەرامبەر یەکێتی سۆڤیەت کەمتر دەبۆوە. تەنانەت ئەوکاتانەش کە توندترین رەخنەی لەدەسەڵاتی شورەوی دەگرت، بەڵام ئومێدەوار بوو کە لەدوای باشتربوونی هەلومەرجی ئابووری، گۆڕانکاری دیموکراتی لەرووسیا رووبدات.

لەو سەردەمەی کە لەدوای جەنگ بزوتنەوەی سۆسیالیستی دابەش بوو بۆ دوو باڵ، باوەر پەیوەست نەبوو بەباڵی ریفۆرمیستی سۆسیال دیموکراسی، بەڵکو بەشێك بوو لەوکەسانەی کە دەیویست نەریتی چەپی سۆسیالیستی کە لەکۆنفرانسی زیمرفالد پەیدا بوو، بەپایەداری بمێنێتەوە. حیزبی سۆسیال دیموکراسی نەمسا کە یەکێك بوو لەداهێنەرانو دەستپێشخەرانی سەرەکی رێکخراوی کەم تەمەنی "یەکێتی نێونەتەوەیی پارتە سۆسیالیستەکان" کە بە "ئەنترناسیۆنالی دووو نیو" ناوی دەرکرد. ئەم رێکخراوە، کە ژمارەیەك لەگروپو پارتە سۆسیالیستەکانی ئەوروپای تێدا بوو، لەفۆریەی ١٩٢١ لەڤیەننا دامەزراو ئومێدی ئەم هەوڵە ئەوە بوو کە لەنێوان کۆمۆنیستەکانو سۆسیال دیموکراتەکان نەخشی رێکخەرو ناوەنجی ببینێ. سکرتێری ئەم رێکخراوە فریدریك ئادلەر بوو، هەروەها جۆرج لێدبۆر لە (ئاڵمان) و جان لۆنگە لە (فەرەنسا) لەڕابەرانی ئەم رێکخراوە بوون. لەماوەی دوو ساڵدا رۆشن بوو کە ئومێدێك بۆئاشتی لەگەڵ کۆمۆنیستەکاندا نییەو یەکێتی نێونەتەوەیی ڤیەننا دووبارە پەیوەست بوونەوە بەرێکخراوە سەرەکیەکانی سۆسیال دیموکراسی.

تاساڵی ١٩٣٤، واتە تا سەردەمی هاتنەسەرکاری رەوتی دژی شۆڕش لەنەمسا، باوەر رابەرو تیۆرمەندی خۆشەویستو رێزداری بزاڤی سۆسیالیستی بوو. هەندێك جار گومانی ئەوەی دەکرد کە دەکرێت سۆسیالیستەکان لەهەندێك کاتی گونجاو، و بەبێ

پەنابردن بەتوندوتیژیو جەنگی ناوخۆیی، بەدەسەلات بگەن. ئەو هەروەها تێدەکۆشا بۆئەوەی جوتیاران بەرەو ریزی بزاڤی سۆسیالیستی بهێنێ. لەسالی ١٩٢٣ کتێبی (شۆڕشی فەرەنسا) ی نووسی کە لێکۆڵینەوەو خوێندنەوە بوو دەربارەی رووخانی پاشایەتی دوو لایەنەی نەمساو مەجەر. بەپێچەوانەی رینەر ئەو بڕوای بەوە نەبوو کە سۆسیالیستەکان دەتوانن بەبەشداری لەحکومەتەکانی هاوپەیمانیو سیاسەتی "هەنگاو بەهەنگاو" حکومەتی پرۆلیتاریایی بەرقەراربکەن، و لەئەنجامدا نەیدەویست دەسەلات لەگەل حیزبی سۆسیال مەسیحی دا دابەش بکەنو تەنانەت هاوکاری لەگەل ئەم حیزبەشدا رەت دەکردەوە. کاتێك باوەر پێشنیازی هاوکاری لەگەل "دلفوس" کە راوێژکاری نەمسا بوو لەسالی ١٩٣٢، خستە روو لەدژی مەترسی فاشیزم، بەلام بۆچوونەکەی رەتکرایەوە. دوو هەلوێستی جیاوازی ئەو لەدوو سەردەمی جیاواز سەبارەت بەهاوکاری یان نەبوونی پەیوەندی لەگەل حیزبو هێزە بۆرژواییەکان. لەسالی ١٩٣٣ پارلەمانی نەمسا هەلوەشێنرایەوەو سیاسەتەکانی حکومەت کرێکارانی بەرەو مانگرتنی گشتی هاندا. جەنگی ناوخۆی کورت خایەن بەسەرکەوتنی کۆنەپەرستیو سەرکوتی حیزبی سۆسیالیست تەواو بوو. باوەر بەرەو چیکۆسلۆڤاکیا رایکردو هەولێدا لەگەل کۆمەلێك لەکۆچبەران، بەوەی کە لەسۆسیالیزمی نەمسایی مابۆوە حیزبێکی تازە دروست بکات. و لەسالی ١٩٣٨ بەرەو پاریس چوو و چەندی نەخایاند لەوێ کۆچی دوایی کرد.

کارل رینەر (١٨٧٠-١٩٥٠) لەخێزانێکی دێهاتی لەدایك بوو، ئەویش وەکو باوەر لەڤیەننا کۆلێژی یاساو مافی تەواوکردبوو. چەند بەرهەمی گرنگی لەسەر پرسەکانی دەولەت، یاساو مەسەلەی نەتەوایەتی نووسیوە: (دەولەتو نەتەوە ١٨٩٩)، (خەباتی نەتەوەکانی نەمسا بۆ هێنانەدی دەولەت ١٩٠٢)، (پایەو ئامانجەکانی گەشەی پاشایەتی نەمسا - مەجەر ١٩٠٤). لەسیاسەتی حیزبیو سۆسیالیستی دا هەر لەسەرەتاوە لەباوەر نزیك بوو، کە هەردووکیان لەدژی دیدگای پێداچوونەوەی برنشتاین بوون. بەبڕوای ئەو دەبێت چینی کرێکار لەجیاتی شۆڕشی توندوتیژ دەستکەوتە کاتیو بچووکەکان بەنرخ بزانن‌و لەهەولی ئەوەدابن کە نەخشی زیاتر





لەدەسەلاتەکاندا بەدەستەوەبگرن. هەرچەندە کە ئەو رابەرێکی ناسراو بەرجەستەو تواناى حیزبی بوو، بەلام لەهەمان کاتیشدا سیاسەتمەداری پارلەمانی بوو لەسەرەتاو پاشان بوو بەڕاوێژکاری نەمسا، وەزیری ناوخۆ، وەزیری دەرەوە لەیەکەمین کۆماری نەمساداو لەسالی ١٩٣٤ ئەندامی پارلەمان بوو. لەسالانی دەسەلاتی فاشیزمی نەمساییو لەدوای پەیوەست بوونی نەمسا بەئەلمانیاو لەدوای جەنگی دووەم لەسیاسەت وازی هێناو لەم هەموو ئاستەنگو جەنگو ناخۆشیانە گیانی خۆی رزگارکرد. لەسالی ١٩٤٥ یەکەمین راوێژکاری نەمسا بوو لەدوای جەنگی دووەمو هەر لەهەمان سالدا بوو بەسەرۆك کۆماری نەمساو تاکۆتایی ژیانی لەو پۆستەدا مایەوە.

رۆدلف هیلفردینگ (١٨٧٧_١٩٤٣) پزیشك بوو، کەلەوانەیە ناودارترین‌و تواناترین نووسەری مارکسیست بوو لەزەمینەی ئابووری سەرمایەداری لەسەردەمی ئەنترناسیۆنالی دووەم. لەسالی ١٩٠٤ تیۆری داکۆکی خۆی لەدیدگای بەهای مارکس لەگۆڤاری (لێکۆلینەوەی مارکسیستی)دا چاپ کردو کە ناوی (ڕەخنەی بووم باورك لەمارکس) بوو. لەسالی ١٩١٠ کتێبی ناودارو کلاسیکی خۆی بەناوی (سەرمایەی مالی) نووسی کە تیۆرێکی گشتی بوو دەربارەی ئابووری جیهان لەسەردەمی ئیمپریالیزمداو بەیەکەمین تیۆرو دیدگای مارکسیستی دادەنرێت سەبارەت بەئیمپریالیزم. لەسالی ١٩٠٦ بەدواوە لەئەلمانیا دەژیاو لەقوتابخانەی حیزبی سۆسیال دیموکرات دەرسی بەئەندامان‌و کادیران دەوتەوەو پاشان بوو بەسەرنووسەری ڕۆژنامەی (فۆرواتس) بۆ پێشەوە. لەسالانی جەنگی جیهانی یەکەم لەگەل بالی دژی جەنگ بوو، و لەدوای ١٩١٨، لەگەل ئەندامانی دیکەی گروپەکەی دووبارە پەیوەست بوونەوە بەحیزبی سۆسیال دیموکراتی ئەلمانیا. لەسالانی ١٩٢٣ تا ١٩٢٨ وەزیری داراییو ئەندامی پارلەمان بوو. لەدوای هاتنە سەر کاری هیتلەرو نازییەکان لەئەلمان کۆچی کردو لەسویسراو فەرەنسا دەژیا. لەسالانی جەنگی جیهانی دووەم، لەلایەن پۆلیسی نهێنی نازییەکان ئەسیر کراو هەندێك دەلێن لەئۆردوگای زیندانی بۆخن والد مرد، و هەندێك دەلێن لەزیندانی پاریس خۆی کوشتووە.

هەرچەندە "مارکسیسزمی نەمساوی" ناوی ئەو گروپەیە کە سالآنی ١٩٠٤ - ١٩١٤ کارو بەرهەمیان هەبووە، بەڵام تەواوی ئەندامانی ئەم رەوتە لەساڵانی نێوان هەردوو جەنگی جیهانیشدا چالاك بوون. ئەمڕۆ بەشی زۆری بەرهەمی ئەم گروپە فەرامۆش کراوە، بەڵام لەو نووسینو وتارو کتێبانەدا کە دەربارەیان دەنووسرێت زۆربەی شارەزایانو لێکۆڵیاران بڕوایان وایە کە مارکسیزمی نەمسایی داهێنانی جوانو سەرنج راکێشی لە مارکسیزمدا دروست کردووە.

## ئەوەی هەیەو ئەوەی کە دەبێ هەبێ!

پرسەکانی ئەخلاقو دیدگای فەلسەفی لەتێڕوانینی ماکس ئادلەرو بیرمەندانی دیکەی سۆسیالیزمی نەمسایی دا جێگای تایبەتی یان هەبوو، ئەوان دەیانویست دیدگاکانی کانتو روانگەی ئەخلاقی ئەو لەگەڵ ئامانجی سۆسیالیزمدا ئاوێتە بکەن. رەخنەو بەڵگەی ئەوان هەوڵدان بوو بۆ وەڵامدانەوەی دیدگای سروشت گەراییو حەتمی مارکسیزمی ئەرسەدۆکسو بەتایبەتیش لەبەرامبەر کارل کاوتسکی. ئەوان (و بەتایبەتیش ئادلەر) دەڵێن: ئەگەر هەموو رەوتەکانی مێژوو بەجیاو سەربەخۆ لەویستی مرۆڤ بەدی بێت، سەرئەنجام جێگایەك بۆ زانستی ئەخلاق نامێنێ. ئەگەر هەرکارێك کە ئەنجامی دەدەم لەلایەن هەلومەرجی مێژوویی دەرەوەی ویستو هەڵبژاردنی من بسەپێنرێ، ئەوکاتە بێ مانا دەبێت کە بڵێین فلآن یان فیسار کار (دەبێت) ئەنجام بدەم. سروشت چاكو خراپ ناناسێو هیچ بینینێکی ئەزموونی ناتوانێ ئەم دیدگا بەراوردکارییە لەلامان دروست بکات. سەرئەنجام، مارکسیزم وەکو تیۆرێك دەربارەی دیاردە کۆمەڵایەتیەکان، لەبارەی ئەخلاقیەوە بێلایەن دەبێت. بەڵام لەلای ئەو بوونەوەرانەی کەمێشكو ئیرادەیان هەیە، بەناچاری ناتوانین خۆمان لەوە بدزینەوە کە "دەبێ چی بکەین" و "چاکە چییە؟" و بۆ وەڵامی ئەمانەش تەنها زانینی ئەوەی کە چ شتێك باش یان خراپ دێتە بەرچاو، کۆمەکمان پێ ناکات. ناتوانین سۆسیالیزم تەنها بەئەنجامی تەکامولی (سروشتی) دیاردەکان بناسین، چونکە ئەگەر





وابێ ئەنجامەکەی نابێتە ئەوە کە دەبێت بۆ هێنانەدی تێبکۆشین، یان نابێتە ئەوەی کە وەکو هیوا یان ئامانج بیناسین. ناتوانین لەئەنجامو راپۆرتەکان دەربارەی واقیعیەتی ژیانو مێژوو داوەری ئەخلاقی بەدەست بهێنین، بەڵکو ئەم شێوەیە لەداوەری تەنها لەسەر بناغەی ناسینو پەسەندکردنی ویستو داخوازی مرۆڤ وەکو هێزێکی بڕیاردەرو پایەدار بەدەست دێت، کە بێگومان ئەو هێزە دەتوانێ بڕیار لەچارەنووسی خۆی بداتو نابێتە شێوەیەك لەوزەی سروشتی، بەڵکو بەبڕیاری سەربەخۆ بنەمای هەڵوێستو دیاریکردنی ئەخلاقی دەهێنێتەدی یان بەدەربڕینێکی دیکە، روانگەی ئەخلاقی مرۆڤ بەجیاو سەربەخۆ لەڕوانگەکانی سروشت ناسی، ئایینی یان سوود گەرایی، ویستو ئیرادەی مرۆڤ بڕیاری ئەخلاقی خۆی دەدات.

لەلای ئۆتۆ باوەریش پرسی ئەخلاق لەخەباتی کرێکاراندا خراوەتە روو. ئەو لەساڵی ١٩٠٥ لەوتارێك بەناونیشانی (مارکسیزمو ئەخلاق) دەربارەی کرێکاری بێکار دەدوێ، کە داوای ئەوەی لێدەکرێ لەبەرامبەر وەرگرتنی پارە مانگرتن بشکێنێو واز لەهاوڕێکانی بهێنێ. لەلایەکی دیکەوە گوێی لەوە دەبێت کەئەم کارە هەڵەیە. کرێکار بڕوا بەوەدەکات کە بەرژەوەندی ئەو، بەشێوەی گشتی، لەگەڵ بەرژەوەندی هەموو کرێکاراندا هاوئاهەنگە، بەڵام خۆی دەڵێت کە لەم رەوشە تایبەتیەدا، مامەڵەی بەرژەوەندی تایبەتی لەئارادایەو ئەو نازانێت بۆچی دەبێت بەرژەوەندی خۆی بکات بەقوربانی بەرژەوەندی هاوپشتی چینایەتی. بەبڕوای باوەر، لەم زەمینەیەدا هیچ رێگا چارەیەکی زانستی لەئارادانیە، چونکە زانست بڕیار لەحوکمی ئەخلاقی نادات. جیاوازی مارکسیزم لەگەڵ ئایدیالیزمی هیگڵی دا بەتەواوی لەوەدایە کە مارکسیزم پێداویستی "سروشتی" لەگەڵ بڕیارو رۆشنکردنەوەی رۆحی دا بەیەك نازانێ، چونکە مارکس سروشت بە بەرجەستەبوونی رۆحی رەها نازانێ. بەهەمان شێوەش، پێویستی سروشتی ناتوانێت وەڵامی پرسیاری داوەری ئەخلاقی بداتەوە، بۆ زەمانەتکردنی شایستەیی داوەری بەهاکان، نیازمان بەبنەمای تایبەتی هەیە. کانت لەم زەمینەیەدا دەرسو ئامۆژگاری هەیە. ئەو پێمان نالێت کە راستەوخۆ چی بکەین، بەڵکو هەڵسەنگاندنمان دەخاتە بەردەست، تا بەو هۆیەوە سەبارەت بە چاکە یان خراپە کام

بڕیاری ئەخلاقی هەڵبژێرین. ئامۆژگاری ئەخلاقی کانت لەگەڵ مارکسیزمدا ناکۆکی نییە، بەڵکو کۆڵەیەکی ئەخلاقی بۆ زیاد دەکات کەبۆ هەموو مرۆڤەکان پێویستە. لەسەر بناغەی حوکمی کانتی دەتوانرێت ئەوە بسەلمێنرێت کە لەڕوانگەی ئەخلاقیدا، کە کرێکارێکی مانگرتن شکێن لەهەمان پێگەی ئەو پرۆلیتاریایەدا نیە کە پابەندە بەهاوپشتی چینایەتی. بەڵام ئەگەر ئەخلاق جگە لەسوودگەرایی پایەیەکی دیکەی نەبێت، سەلماندنی ئەم جیاوازییە مەیسەرنابێت. ئەگەر بمانەوێ بزانین کە نەك تەنها کام لەچینە دژەکان لەباری مێژووییەوە بەختی سەرکەوتنی زیاتری هەیە، بەڵکو دەبێت بزانین کە لەریزی کامیاندا دەجەنگین، ئەوکاتە ئامۆژگاری مارکس زیاتر سەلمێنراودەبێت. دیدگاو بانگەوازی مارکسیزمی ئەرسەدۆکس بەتەواوی ناڕاستە، کە دەڵێت لەبەرئەوەی فەلسەفەی ئەخلاقی کانت رێساو بنەمای گشتی دوور لەبەرژەوەندی چینایەتیە، بۆیە بانگەوازی سازشی چینایەتی دەکات. بەپێچەوانەوە، فەلسەفەی ئەو رێگا خۆشکەرە بۆ جیاوازی ئەخلاقی لەنێوان بەرژەوەندی بۆرژوایی‌و بەرژەوەندی پرۆلیتاریایی‌و نیشانی دەدات کە دەبێت پرۆلیتاریا هەڵبژێرین چونکە بەرژەوەندی ئەوان لەگەڵ بەرژەوەندی هەموو مرۆڤایەتیدا هەریەکن. ئەگەر وەکو یەك نەبن، بەڵگەمان نابێت کە لایەنگیری لێ بکەین. ئەو راستی‌و زانینەی کە ئامانجی چینی کرێکار ئامانجی هەموو مرۆڤایەتیە، لەڕێگای بیروڕاو شیکردنەوەی مارکسەوە فێری بووین، و زانستی ئەخلاقی کانت ناتوانێ لەجێگای مەعریفەی مێژوویی‌و ئابووری پێویست بۆ ئەو ئامانجە تەنها بڕیاری ئەخلاقی دابنێ، بەڵام لەلایەکی دیکەوە ئەو مەعریفەیە هەرخۆبەخۆ، بەحوکم‌و بڕیاری ئەخلاقی ناتوانێت هیچ ئاراستە یان ئامانجێکی هەبێت.

## دەوڵەت، دیموکراسی‌و دیکتاتۆری





سۆسیالیستەکانی نەمسا دەربارەی پرسەکانی دەوڵەت، دیموکراسی‌و ئامانجەکانی خەباتی سیاسی کرێکاران هەرچەندە هەموویان سەربەیەك دیدگاو تیۆری سیاسین، بەڵام هەندێك جیاوازیشیان هەیە. بەتایبەتی بڕواکانی کارل رینەر لەم زەمینەیەدا لەبڕوای برنشتاین‌و دیدگای نەریتی سۆسیال دیموکراسی ئەڵمان نزیکن، کەبەشێك لەو بڕوایانە ئەنجامی نەریت‌و بیرکردنەوەی لاسالی بوون. رینەر لەوتارەکانی ساڵانی جەنگ‌و دوای جەنگی یەکەم، باسی لەوە دەکرد کە ئاڵوگۆڕی سەرمایەداری بەرەو ئیمپریالیزم دەبێتە زەمینەی گۆڕانەکان لەکارکردی دەوڵەتداو ئەو گۆڕانانە هەلی ئەوە بەکرێکاران دەدەن کە سوود لەدەزگای دەوڵەتی مەوجود وەربگرن، و ئاڵوگۆڕی سۆسیالیستی بەرەو هێنانەدی بەرن. ئەوکاتەی کە مارکس لێکۆڵینەوەی دەربارەی دەوڵەت کردبوو، سەرمایەداری لیبرالی لەبەرچاو بوو کە لەوسەردەمەدا دامودەزگاکانی دەوڵەت لەکاری بەرهەم هێنان‌و بازرگانیدا بێلایەن بوون. بەڵام ئیمپریالیزم ئەم هەلومەرجەی بەتەواوی گۆڕیوەو دەوڵەت  هەرخۆی بۆتە ئامرازی بەهێز بۆ کەڵەکە بوون‌و کۆبوونەوەی سەرمایەو لەئەنجامدا سەرمایە رەوشی جیهانی لەدەست دەدات‌و دەبێتە هێزێکی "نەتەوەیی". بەشداری‌و دەستێوەردانی دەوڵەت هەموو رۆژێك لەمەیدانە تازەکانی ئابووریدا زیاتر دەبێت‌و ئەم رەوتەش ناگەڕێتەوە بۆ دواوە. بۆرژوازی هاتۆتە سەرئەوەی کە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی هەموو رۆژێك ئەندازەی بەڕێوەبردنی ناوەندێتی پیشەسازی، بانك داری‌و بازرگانی زیاتربکات. لەلایەکی دیکەشەوە، فشاری چینی کرێکار دەوڵەتی ناچار کردووە کە دابینکردنی خزمەت‌و هەلومەرجی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی زیاتر بکات. لەبەر بوونی سەندیکاو رێکخراوەکانی چینایەتی کرێکاران، بازاڕی کار بۆتە پاشکۆی بڕیاری گشتی کرێکاران‌و ئەمان دەسەڵاتی وایان پەیداکردووە بۆئەوەی بەهرەو دەستکەوتی زیاتر لەسەرمایە وەربگرن، ئەم بەهرەو دەستکەوتانە هەم کورت خایانن کە بەشێوەی زیادبوونی کرێن‌و هەم بەشێوەی دامو دەزگای خۆشگوزەرانی گشتی بەردەوام‌و پایەدارن. لەبەرئەوە ناتوانین بڵێین کە لەکۆمەڵگای سەرمایەداری، دەوڵەت هەرگیز ناتوانێ بەقازانجی کرێکاران کاربکات. ئەزموون‌و مێژوو پێچەوانەی ئەمەی سەلماندووە، و دەتوانین

چاوەڕوانی ئەوەبکەین کە خاوەندارێتی تایبەتی هەتا دێت زیاتر سروشتی کۆمەڵایەتی بەخۆوە دەگرێ‌و چینی کرێکار دەسەڵاتی زیاتری دەبێت کە پیادەی ئیرادەی خۆی بکات بەسەر دامودەزگا گشتیەکاندا. بۆیە لەمەودوا بەرژەوەندی کرێکاران لە لاوازی‌و نابودکردنی دەوڵەتدا نیە، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەوان دەتوانن سوود لەدەوڵەت وەربگرن وەکو ئامرازو دەزگایەك بۆ هێنانەدی ئاڵوگۆری سۆسیالیستی‌و بەناچاری دەبێت تائەوپەڕی توانا لەپێناوی بەهێزکردن‌و کاریگەری دەوڵەتدا تێبکۆشن. ئەم شیکردنەوەیە بەتەواوی دەبێتە لایەنگیری لەڕێگای ریفۆرم خوازانەی سۆسیالیزم. رینەر وابیری دەکردەوە کە کۆمەڵگای سۆسیالیستی لەڕێگای زیاترکردنی کۆنترۆڵی کرێکاران بەسەر دامودەزگاکانی دەوڵەت‌و بەپیرۆزی کرێکاران بەهۆی سەپاندنی کارکردە کۆمەڵایەتیەکان زیاتر بەسەر سەرمایەدارییدا دەهێنرێتە دی.

بەلام ئادلەرو باوەر گەشبینی کەمتریان هەیە. ئەو بڕوایەی باوەر راستە کە دەڵێ ناتوانین بڵێین کە دەوڵەت دەزگایەکی بۆرژوازییەو بەتەواوی پاشکۆی بەرژەوەندی سەرمایەدارییە، بەبڕوای ئەو ئەم دیدگایە تەنانەت لەگەڵ تێبینیەکانی خودی مارکسیش نەیارە، کە نموونەی دیدگای مارکس لەو بارەیەوە دەتوانین لەسەردەمی کۆنترۆڵی هاوبەشی بۆرژوازی‌و ئەرستۆکراتیدا بدۆزینەوەو یان لەوتیۆرەدا سۆراخ دەکرێت کە هەندێك جار دەوڵەت لەبەر راگرتنی هاوسەنگی هێز کە لەخەباتی چینایەتیدا پەیدادەبێت، خۆی دەکاتە هێزێکی سەربەخۆ یان بێلایەن. بەپێی بەڵگەکانی ئەو، مارکسیزم ئەو ئەگەرە فەرامۆش ناکات کە پرۆلیتاریاو بۆرژوازی دەتوانن لەدەسەڵاتی دەوڵەتیدا هاوبەش بن، هەرچەندە ئەم هاوبەشیەش ناکۆکی نێوانیان کەمتر ناکاتەوە. لەدوای هەرەس هێنان‌و رووخانی دەسەڵاتی پاشایەتی ئەرستۆکراتی لەنەمسا، ئەو هەلومەرجە هاتەدی. بەڵام هەرکاتێك خاوەندارێتی بۆرژوازی بکەوێتە مەترسیەوە، بۆرژوازی وادەکات کە دەسەڵاتی سیاسی بداتە دەست دیکتاتۆرەکان، بەومەرجەی کە بەهۆی ئەم کارەوە بتوانێ دەسکەوت‌و بەهرەی ئابووری خۆی بپارێزێ. نموونەی ئەم راستیەش لەفاشیزمدا بەرجەستە دەبێت. باوەر بڕوای بەوە نەبوو پرۆلیتاریا پێش بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات، دەبێت "دەزگای دەوڵەت نابود





بکات"، بەڵام لەهەمانکاتدا دەیگوت پرۆلیتاریا دەتوانێ لەڕێگای وەرگرتنی دەسکەوتی یەك لەدوای یەك لەبۆرژوازی، سۆسیالیزم بەشێوەیەکی ئەندامەوار (ئۆرگانیك) لەهەناوی سیستەمی کۆن بەرهەم بهێنێ.

هەڵوێستی ئادلەر لەم پرسانەدا زیاتر لەبیروڕای نەریتی مارکسیزمی رادیکال نزیکتر بوو. ئەوە دیدگاکانی خۆی لەم زەمینەیەدا لەلێکۆڵینەوەی (چەمکی دەوڵەت لەمارکسیزم دا) کۆکردەوە کەخاڵی دەستپێکردنی رەخنە بوو لەسۆسیالیزم‌و دەوڵەتی (هانس کولسن) لەساڵی ١٩٢٠. کولسن رەخنەی لەمارکسیزم دەگرت‌و بەناوی یۆتۆپی یان ئانارشیستی ناوی دەهێنا. بەپێی بۆچوونەکانی ئەو، نابودی دەوڵەت ئامانجێکی ناپراتیکیە، چونکە یاسا دەبێت لەحوکمی سازماندانی زۆردا بێت بەسەر تاکەکان، بەڵام هیچ پێویست ناکات کە لەخزمەتی پاراستنی چەوسانەوەی ئابووریدا کاربکات. ئەو گریمانەی کە رۆژێك زۆری یاسایی (هێزی یاسایی) لەنێودەچێت هاوکاتە لەگەڵ وێناکردنی رۆژێك کە مرۆڤایەتی لەڕوانگەی ئەخلاقیدا شێوەکەی گۆڕابێت، و بۆئەم چاوەڕوانیەش بەهیچ شێوەیەك بەڵگەمان نیە.

ئادلەر بەپشتیوانی تیۆری کلاسیکی مارکسیستی لەگەڵ هەریەکە لەم بڕوایانە ناکۆکی‌و نەیاری نواند. لەلای ئەو، دەوڵەت بێجگە لەسیستەمی چینایەتی کارکردی دیکەشی هەیە، بەڵام ئەم کارکردانە بناغەیی یان سروشتی نین. دەوڵەت شێوەی مێژوویی تەواوی کۆمەڵگاکانە لەهەموو سەردەمەکاندا کە روخساری ناسراوی ئەم دەوڵەتانە دژایەتی چینایەتین. لەو کۆمەڵگایانەی کەهێشتا دابەشبوونی چینایەتیان تیا رووی نەداوە، کۆمەڵگاو دەوڵەت یەکن. بەڵام لەکۆمەڵگای چینایەتیدا دەوڵەت لەکۆمەڵگا جیادەبێتەوەو دەبێتە ئامرازی دەستی چینە باڵاکان.

ئادلەر لەبەردەوامی بەڵگەکانیدا دەڵێت دیموکراسی بەهۆی دامودەزگای پارلەمانی‌و مافی دەنگدانی گشتی‌و ئازادییە مەدەنیەکان، دەبێتە شێوەیەکی تایبەت لە دەوڵەت. دیموکراسی سیاسی نەك تەنها نەیارنیە بەرامبەر دیکتاتۆری چینایەتی بەڵکو بوونی دیکتاتۆری پێشمەرجی بوونیەتی. دەوڵەتی بۆرژوازی دیکتاتۆری بۆرژوازییەو دیموکراسی سیاسی شێوەی رێکخستنی ئەم دیکتاتۆرییە. دیموکراسی سیاسی توانای

بەدیهێنانی یەکسانی ئابووریی یان دەرمانکردنی ناکۆکیو دژایەتی چینایەتی نییە. دیموکراسی سیاسی لەسەر خواستی زۆرایەتی دامەزراوەو لەهەمان بنەماشدا، هەڵوێستو دژایەتی نێوان بەرژەوەندییەکان شاراوەن. ئەڵتەرتاتیفی دیموکراسی سیاسی، دیموکراسی کۆمەڵایەتیە - لەنووسینو ئەدەبیاتی ئانارشیستیشدا ئەم جیاوازییە دەبینرێو ئادلەر پشتیوانی لەو دیدگایە دەکاتو دەڵێت سۆسیالیستو ئەنارشیستەکان سەبارەت بەئامانجی کۆتایی هاوبڕوانو تەنها لەچۆنیەتی بەدەست هێنانو ئامرازەکانی ئەم ئامانجەدا جیاوازییان هەیە. دیموکراسی کۆمەڵایەتی یان دیموکراسی "راستەقینە" هەمان سۆسیالیزمە. ئادلەر بەهۆی دیدگای فەلسەفیو میتۆدی بیرکردنەوەی خۆی (بەپەیڕەوی لەکانتو مارکس) دەگاتە ئەو بڕوایەی کە (لەڕوانگەی راستەقینەی بابەتیدا) یەك چەمکی دیموکراسی بوونی هەیەو ئەمەش لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا سازگارە، ئەو چەمکەش دیموکراسی کۆمەڵایەتی یان گشتیە.

پێشمەرجی ئەم سیستەمە، یەکێتی نێوان کۆمەڵگایە - لایەنی کەم بەو مانایەی کە بەهێنانەدی سۆسیالیزم ناکۆکیو جیاوازییە سەرەکیەکانی بەرژەوەندی لەنێودەچێت، کە ئەم ناکۆکیانە لەدابەشبوونی چینایەتیەوە پەیدابوون. لەم چەمکەدا، سۆسیالیزم بەمانای نابود بوونی دەوڵەتە. واتە دەوڵەت، وەکو رێکخراوێکی چینایەتی لەنێودەچێت، چونکە لەمەودوا بەرژەوەندی تایبەتی بوونی نابێت. لەسۆسیالیزمدا دەوڵەت لەخوارەوە دروست دەبێتو بەردی بناغەی یەکەمی ئەو ئەنجومەنە بچووکانەن کەبەپێی گەڕەك یان شوێنی کار رێکخراون. بەشێوەی گشتی کۆبوونەوەو ناوەندێتی هێزی دەوڵەت کە ئێستا پایەدارە بەرەو تێپەڕبوون دەچێت. سازمانی ئایندە فیدراسیۆن یان کۆمەڵێکە لەو یەکانەی کەتەنها ئامانجو بەرژەوەندی هاوبەش بەیەکیەوە بەستوون. دیکتاتۆری پرۆلیتاریا قۆناغێکی پێویستە بۆ گەیشتن بەکۆمەڵگای ئایندە. بەڵام لەگەڵ دیموکراسی کۆمەڵایەتیدا یەك نین. بەپێچەوانەوە، هەروەکو چۆن لەسەردەمی ئێستادا دیموکراسی سیاسیو حکومەتی زۆرایەتی پێشمەرجن بۆ دیکتاتۆری بۆرژوازی. دیکتاتۆری پرۆلیتاریا شێوەیەکی کاتیە کەهێشتا کۆمەڵگا تیایدا دەستی نەگەیشتۆتە پایەی یەکێتی دڵخوازو هێشتا گرفتاری هەندێك





بەرژەوەندی تایبەتیەو هەربۆیەش پێویستی بەرێکخراوە سیاسیەکان دەبێت، واتە ئەو حیزبانەی کە نوێنەری بەرژەوەندییەکانن‌و ئەو دەوڵەتەی کە لەنێوان ئەو هێزو بەرژەوەندییانەدا بێ لایەنەو دانوستان دەکات. پارتەکانیش نیهادو دامودەزگای تێپەڕو کاتین کە بەلەناوچوونی دابەشبوونی چینایەتی لەنێودەچن.

تێپەڕبوون لەشێوەی ئێستای دیموکراسی سیاسی بۆ دیکتاتۆری دیموکراتیکی پرۆلیتاریا دەبێت لەڕێگای شۆڕشەوە بێت، بەڵام ئادلەر دەڵێت مەرج نییە کەئەم شۆڕشە توندوتیژو خوێناوی بێت، پرسی شۆڕشی بێ توندوتیژی یان لەڕێگای ئاشتی خوازانەوەو بەبێ یاسا شکێنی گرنگی زۆری نییەو لەپێشەوە ناتوانین بڵێین کە لەسەردەمی شۆڕشدا هەلومەرجی گۆڕانو رووداوەکان چۆن دەبێت. بەڵام ئادلەر نەیارە لەگەڵ رێگاو دیدگای ریفۆرمیستیو ئاڵوگۆڕی شێنەیی بۆ هێنانەدی سۆسیالیزم، چونکە جیاوازی نێوان سەرمایەداریو سۆسیالیزم جیاوازییەکی (چۆنایەتی) یەو سەرمایەداری لەڕێگای ئامادەکردنی شێنەییو چەندایەتی نابێت بە سۆسیالیزمێك کە لەماهیەتدا لەو جیاوازە. سۆسیالیستەکان لایەنگری ریفۆرمن‌و بۆ هێنانەدییان دەجەنگن، بەڵام ئەوەش دەزانن کە ریفۆرم هێنانەدی شێنەیی سۆسیالیزم نییە بەڵکو تەنها ئامرازێکە بۆ خۆئامادەکردن بۆ هێنانەدی شۆڕش.

لەم بەڵگەو دیدگایانەدا، هەڵوێستی ئادلەر زۆر نزیکە لەبیروڕای مارکسیزمی ئەرسەدۆکسی ئاڵمان، و وەکو ئەوان بڕوای تەواوی بەوە هەیە کە سۆسیالیزم پێویستی بەلەناوبردنی هەموو هەڵوێستێك هەیە کەلەسەر بناغەی بەرژەوەندی دامەزرابێ. ئازادی سۆسیالیستی بۆ زەمانەتکردنی حکومەتی زۆرایەتی پێویستی بەهیچ دامودەزگایەك نییە، چونکە ئەم ئازادییە، ئازادییەکی (راستەقینە) یە کە لەسەر (بنەمای گشتی کۆمەڵگا) دامەزراوە. دروست هەروەکو کۆمەڵگای دڵخوازی رۆسۆ، کە لەوێدا ئەوەی بڕیار دەدات ویستو ئیرادەی زۆرایەتی نیە، بەڵکو "ویستی گشتی" خەڵکە. ئادلەر هەرگیز ئەوەی رۆشن نەکردەوە کە بەبێ دامودەزگای پارلەمانی کەبەپێی ناوەرۆکی قسەی ئەو لەسۆسیالیزمدا شتێکی زیادەیە، "ئیرادەی گشتی" بەچ شێوەیەك خۆی بەیان دەکات. ئەو تەنها ئاماژە بەوە دەدات کە لەبڕوای

سۆسیالیستەکاندا، مرۆڤەکان دەتوانن لەوەی کەهەن باشتر بن. هەرکاتێك دژایەتی چینایەتی لەناوچوو، ئامۆژگاری سۆسیالیستی گیانی هاوپشتی لەمرۆڤەکاندا بێدار دەکاتەوەو ئەم گیانە هاوئاهەنگی دوور لە زۆرو چەوسانەوە دەهێنێتەدی.

لەڕاستیدا ئادلەر تەنها بڕوای بەوەنیە کە سۆسیالیزم ئامانجی کۆمەڵگایەکی هاوئاهەنگە کە لەلایەن پێداویستی مێژووییەوە زەمانەتی هێنانەدی دەکرێت، بەڵکو هەروەها ئاشتی ژیانی کۆمەڵایەتیە کە لەگەڵ نیازەکانی "سروشتی مرۆڤایەتی" دایە، واتە یەکبوونی باڵای توخمی مرۆڤە، کە سەردەمەکانی بڕیارو چەوسانەوەی چینایەتی، نایەکسانیو بێ عەدالەتی نەی هێشتووە بێتەدی. ئەمەش هەمان بڕوای فیختەیە کە گەوهەری رەسەنی مرۆڤ دەتوانێ خۆی بەدەست بهێنێتەوەو سەرلەنوێ بیخاتەوە سەر رەسەنو هەلومەرجی راستینەی خۆی ـ نەك تەنها بیکاتە ئەوەی کە کاریگەری "یاساکانی مێژوو" چۆنیان ویستووە یان چۆنیان دەوێت. سەرەنجام فەلسەفەی ئادلەر ـ ئەم جارە بەهاوئاهەنگی مارکس بەڵام نەك لەگەڵ ئەرسە دۆکسەکانی نێونەتەوەیی دووەم ـ شێوەیەکی تایبەت لەواقیعەت دەکاتە بنەمای بابەتەکەی کە ئەگەرچی لەڕوانگەی ئەزموونیدا باوەڕی پێ ناکرێت، بەڵام دەیەوێت دەستی بگاتە جۆرێك لەبوون یان کەمالو "حەقیقەت" ی مرۆڤایەتی: واتە گشتی بوونی نیازە پەیگیرییەکانی سروشتی مرۆڤ کە کاروانی رووداوەکان بەرەو ئاشتی سەرلەنوێی گەوهەری مرۆڤایەتی لەگەڵ بوونی مێژوویی مرۆڤدا بەرەوپێش دەبات. تەواوی ئەندێشەکانی ئادلەر لەدەوری دوو بڕوای سەخت پێکەوە بەستراو کۆدەبێتەوە. یەکێتی مرۆڤایەتی وەکو باڵاترین جۆری هۆشیاری، و یەکێتی مرۆڤایەتی بەناونیشانی یەك هەلومەرجی واقعی کە ئامانجی بزاڤی سۆسیالیستیە. یەکێکی دیکە لەدیدگاو بڕواکانی ئادلەر لێکۆڵینەوە بوو لەپرسی کۆمەڵناسانەی دیموکراسیو سیاسەت. ئەو نەیار بوو لەگەڵ بڕوای کۆمەڵناسانی وەکو ماکس وێبەرو رۆبرت میشل کە دەیانگوت هەر دیموکراسیەك، لەبەرئەوەی کە لەسەر بنەمای سیستەمی نوێنەرایەتی دامەزراوە، وردە وردە بەرەو دیوان سالاری (بیرۆکراسی) دەچێتو بەشێنەیی دەبێتە هێزێکی سەربەخۆ، و نابێتە خزمەتکاری ئەوانەی کە دەنگیان بۆداون.





رۆبرت میشل لەساڵی ١٩١٤ لەکتێبی ناوداری خۆی بەناوی (دەربارەی کۆمەڵناسی سیستەمی حیزبی لەدیموکراسی مۆدێرن) کارکردی پارتە سیاسیەکان، بەتایبەتی پارتەکانی سۆسیال دیموکراتی شیدەکاتەوەو بەوئەنجامە دەگات کە پەیدابوونو خود موختاربوونی دەزگای سیاسی ئەنجامێکی ناچاری رەوتی دیموکراتیکە لەدەروونی حیزبدا. بەرهەمی ئەم رەوتە دیموکراسی تووشی دژایەتی دەروونی دەکات، یان بەشێوەیەکی تر، دیموکراسی تەواو یان راستەقینە لەڕوانگەی تیۆریدا نامەیسەر دەکات. حیزب بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی خۆی دەزگایەکی سیاسی بەرهەم دەهێنێ کە لەکرداردا دانەبڕاوەو تاڕادەیەکیش دەتوانێ، بەبێ بریندارکردنی سیستەمەکانی هەڵبژاردن، خواستی خۆی بەسەر دەنگدەراندا بسەپێنێو لەهەمان کاتیشدا بەرژەوەندی پیشەییو گروپی تایبەتی خۆی بەدی بهێنێو بەرەوپێشی بەرێت. ئەم هەلومەرجە چاوەڕوانمان دەکات کە لەئاییندەدا مەیلەکانی دامودەزگا دیموکراتیەکان بەرەوجۆرێك لەئۆلیگارشی (دەسەڵایەتی کەمایەتی) لەگەڵ نەیاری زیاتری جەماوەردا رووبەڕوو بێت. بەڵام دەرکەوتنو دووبارە بوونەوەی ئەم مەیلانە رێگای لێ ناگیرێ، چونکە رەگو ریشەیان لەسروشتی رێکخستنی کۆمەڵایەتیدایە.

ئادلەر ئەم "یاسا ئۆلیگارشیە" پەسەند ناکات. ئەو بڕوا بەوە دەهێنێ کە لەدیموکراسیەکی سیاسیدا پەیدابوونی "دەزگا" خودموختارو ئۆتۆنۆمەکان لەناوخۆی پارتی سیاسیو لەدەوڵەتدا کارێکی ناچارییە. هیچ حیزبێك، تەنانەت پارتی کرێکارانیش، لەم مەترسییە پارێزراونییە. بەڵام لەسۆسیال دیموکراسیدا دەتوانرێت لەڕێگای فێرکردنو نامەرکەزی بوونی حکومەتو دەوڵەت لەم مەترسیە دووربکەوینەوە. هەربۆیەش ئادلەر نرخو بەهای تایبەتی بۆ رێکخراوو شورا کرێکارییەکان دادەنێ کە وەکو دامودەزگای راستەخۆی بەرهەم هێنەران بەشێوەی بەڕێوەبردنی گشتی رەوتەکانی ئابووری لەدەست دەگرن. و هەر لەبەر ئەم هۆیەش، لینینو حکومەتی سۆڤیەتی بەسەختی دەخاتە ژێر رەخنەوەو دەڵێت: ئەوەی بەلشەویکەکان دروستیان کردووە دیکاتۆری پرۆلیتاریا نیە، بەڵکو دیکتاتۆری حیزبێکە بەسەر پرۆلیتاریاو بەسەر هەموو کۆمەڵگادا. حکومەتی بەڵشەویك، حکومەتی تیرۆری

کەمایەتیەکەو لەگەڵ پێشبینی مارکسدا زۆر جیاوازی هەیە. مەبەستی مارکس لەدیکتاتۆری پرۆلیتاریا حکومەتو دەوڵەتی تەواوی چینی کرێکارە لەهەلومەرجی دیموکراسی سیاسیدا. بەم شێوەیە ئادلەر لەهەڵوێستی نزیك لەرۆزا لەکزامبۆرگ ڕەخنە لە بەلشەویکەکان دەگرێتو لەهەمان کاتدا نەیاریشە لەگەڵ کاوتسکی چونکە بەهەڵە دیموکراسی دەخاتە بەرامبەر دیکتاتۆری.

ئادلەریش وەکو میانڕەوەکانی ( سانتریست) ی ئەڵمانی پێناسەی ورد لەزاراوەی شۆڕش ناکات: ئەو لەگەڵ مارکس هاوڕایە کە شۆڕش دەبێت دەزگای دەوڵەتی تائێستا لەناو بەرێت، بەڵام لەهەمانکاتدا گومانی هەیە کە لەوانەیە، نەك بەئیجباری، بتوانرێت کە ئەمکارە لەڕێگاکانی پارلەمانیو یاساییو بەپێی یاسای بنەڕەتی (دەستور) ئەنجام بدرێت. ئەو هەرگیز ئەوەی ڕۆشن نەکردەوە ئەم دوو هەڵوێستە (یان ئەم دوو حوکمە) چۆن لەگەڵ یەکدا ڕێکدەکەون. وەکو زۆربەی مارکسیستەکانی دیکە، ئەویش کە باسی دێتە سەر ڕۆشنکردنەوەی ئایندەی سیستەمی سۆسیالیستی دووچاری نادیاری دەبێت. بەڵام یەکێك لەدیدگا باڵاو سەرنج ڕاکێشەکانی ئەو، لەوەدا بوو کە دژایەتی لەنێوان یەکێتی بەرژەوەندیو ئامانجەکانی کۆمەڵگاو پەیوەندیکردنو بەرهەم هێنانی بەرنامە ڕێژکراوی ناوەندی لەلایەكو لەلایەکی دیکەوە ئەوەی کە سۆسیالیزم باڵاترین جیلوەو بەرجەستەبوونی دەسەڵاتی ناناوەندیو فیدرالیزمە، نەدەبینی. لەم پرسیارانەدا، هەموو مارکسیستەکان بەشێوە سازکردنی گشتی وازیان دەهێناو دەیانوت کە سۆسیالیزم یۆتۆپیا نییەو حەزیان لەوە نەبوو کە وردەکارییەکانی سیستەمی سۆسیالیستی بەیان بکەن. نەیاری ئانارشیستەکان کەلەم زەمینە تایبەتیەدا وردبینی زیاتریان نیشانداوە، یان بێ وەڵام ماونەتەوە، یان تەنها بەقسەی گشتی وەڵام دراونەتەوە.





## تیۆری نەتەوایەتی

ئایدیای سەرەکی مارکسیزمی نەمسایی، ئۆتۆنۆمیو خۆبەڕێوەبردنی فەرهەنگی نەتەوەکان بوو لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی چەند نەتەوەیدا. بەبڕوای ئەوان ئۆتۆنۆمیو ڕێکخستنی نەتەوە جیاوازەکان لەدامودەزگایەکی یاساییو دادوەریدا کە خاوەنی هەموو مافەکانی فەرهەنگی، یاساییو بەڕێوەبردن بێت، دەبێتە ئاواتی ئەوان بۆچارەسەری مەسەلەی نەتەوەکان. بیروڕای ئەوان سەبارەت بەمەسەلەی نەتەوایەتیو تەواوی پرسە سیاسیو دیموکراتیەکان شێوەیەکە لە میانڕەوی (سانتریزم) لەنێوان هەردوو هەڵوێستی ریفۆرمیستیو شۆڕشگێڕیدا، یان لەنێوان ناسیۆنالیزمو ئەنتەر ناسیۆنالیزمدا. ئەم ڕەوتە دەیەوێت لەلایەکەوە مافو ئازادی نەتەوەکان بەرەسمی بناسێتو لەلایەکی دیکەش یەکێتیو یەکپارچەیی دەوڵەتی نەمسا ـ مەجەر بپارێزێ. سۆسیالیزمی نەمسایی وەکو چەپی رادیکال، سەروەریو سەربەخۆیی نەتەوەکان بەهۆی جیاخوازییەوە پەسەند ناکەن، بەڵام ئەم هەمان هەڵوێستە لەدیدگاو میتۆدی بەتەواوی جیاواز لە چەپی رادیکال بەرهەم دێت.

کارل رینەر پێش ساڵی ١٩١٧ وتارو لێکۆڵینەوەی زۆری دەربارەی پرسی نەتەوایەتی نووسیبوو، کە یەکەمینو ناسراوترین ئەو نووسینانە (دەوڵەتو نەتەوە) بوو لەساڵی ١٨٩٩ . ڕەوشو سیاسەتی رینەر بۆ چارەسەری پرسی نەتەوایەتی لەبناغەدا ڕەوشێکی (یاساییو مەشروتە خوازی بوو) و دیدگای زیاتر لەلاسال نزیکتر بوو تا لە مارکس. ئەو دەیخواست لەڕوانگەی یاساییو پاراستنی دەوڵەتی نەمسا ـ مەجەردا شێوەیەك لە ئۆتۆنۆمی یاساییو فەرهەنگی بۆ نەتەوەکان بهێنێتەدی، واتە دەیویست دەوڵەتی نەمسا بپارێزێت بەومەرجەی کە لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا ئۆتۆنۆمیو خۆبەڕێوەبردن بۆ نەتەوەکان دابین بکرێت. کارل رینەر لەنووسینەکانی سەرەتایدا دیدگای دەوڵەت سالاری لاسال دەکاتە روانگەی چارەسەری نەتەوەکان، بەڵام لەدوای ساڵی ١٩١٤ لەنوسراوەی (مارکسیزم، جەنگو نێونەتەوەیی) لەساڵی ١٩١٧ ئەم دیدگایە زیاتر ئاشکرا دەکات. لەم نووسینەدا رینەر دوو دیدگا یان تەوەر

باسدەکات: یەکەم، ئابووری هەموو رۆژێك زیاتر بەرەو دەسەڵاتی مۆنۆپۆلی سەرمایەداری دەچێت. لەلایەکی دیکەشەوە هەموو رۆژێك زیاتر خزمەتی پرۆلیتاریا دەکات. دووەم، ئێستا ماكو توخمی سۆسیالیزم لەهەموو نهادو دامودەزگاکانی دەوڵەتی سەرمایەداری بوونیان هەیە.

سەرئەنجام هەڵوێستەکانی رینەر دەربارەی مەسەلەی نەتەوایەتی لەسەر بناغەی دیدگای (سۆسیال ـ دەوڵەت سالار) دادەمەزرێ، ئامانجی پەیگیری ئەو رێگرییە لەهەرەس هێنانی دەوڵەتی نەمساو هەڵوەشانەوەی ئەو ئیمپراتۆریایە بەرەو چەند دەسەڵاتو نەتەوەی جیاواز. ئەم بۆچوونە دەبێتە بونیادی بیرکردنەوەی سیاسی ئەو بۆچارەسەری پرسی نەتەوایەتی، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەو لەدیدگای سۆسیالیستیو ئەنتر ناسیۆنالیستیەوە خوازیاری مافو خۆبەڕێوەبردنی یاسایی، فەرهەنگیو ئابوورییە بۆ نەتەوەکان یان بۆ کەمە نەتەوایەتیەکان. ناکۆکی دیدگای رینەر لەوەدایە کە دەیەوێت بەپاراستنو دەستگرتن بەدیدگای سۆسیالیزمی دەوڵەت سالارەوە (لانی کەم سەبارەت بە پاراستنی دەسەڵاتی دەوڵەتی نەمسا ـ مەجەر) پرسی نەتەوەکان غەیرە سیاسی بکاتو مافی دامەزراندنی دەسەڵاتو دەوڵەتی سیاسی سەربەخۆ بۆ نەتەوەکان پەسەند نەکات، و پرسی نەتەوەکان تا رادەی ئۆتۆنۆمیو خۆبەڕێوەبردنی فەرهەنگی، یاساییو ئابووری سنووردار بکات. رینەر لەهەوڵی ئەوەدایە کە بەکۆمەكو هاوکاری دامودەزگای بەرووکەش جوانو ئاڵۆزی یاسایی ـ و دامەزراوەیی، نەمسا لەمەترسی جوداخوازی سیاسی نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەو ئیمپراتۆریایە بپارێزێت. ناکۆکی لەنێوان ناسیۆنالیزمی نەمساییو پاراستنی دەوڵەتی نەمسا لەلایەكو لەلایەکی دیکەش نکۆڵیکردن لەچارەسەری سیاسیو دەسەڵاتی نەتەوەکانی دیکە[5].

ئۆتۆباوەر کە یەکێکە لەتیۆرمەندانی پرسی نەتەوایەتیو ئەو لەساڵی ١٩٠٧ کتێبی بەناوبانگی خۆی بەناوی (پرسی نەتەوایەتیو سۆسیال دیموکراسی) نووسی، کە

[5] - میشل لووی، دربارەی تغییر جهان، ترجمەی حسن مرتضوی، انتشارات روشقکران ١٣٧٦ چاپ اول، ل ل ١١٠ ـ ١١٢.





ئەم کتێبە گرنگترین بەرهەمی مارکسیستیو سۆسیالیستیە لەزەمینەی نەتەوەکانو لەسەر بناغەی شیکردنەوەی مێژوویی وردو زانستی دارێژراوە. باوەر لەم کتێبەدا زۆربەی تیۆرەکانی سەردەمی خۆی بۆ شیکردنەوەی نەتەوایەتی رەخنە دەگرێتو پاشان هەم تیۆری خۆیو هەم چارەسەری سۆسیال دیموکراسی بۆ ئەم پرسە دەخاتە روو.

سەرەتا ئەو رەخنە لەو تیۆرە دەگرێت کە نەتەوە بەرجەستەبوونی "رۆحی نەتەوایەتی" یەو دەڵێت ئەم تیۆرەیە لەدیدی یەکەمو سەرەتاوە شێوەیەك لەنهێنیو پەردەی رازی تێدایەو ئاشکرانیە کە دیدگای ئایدیالیستی یان رۆحی، رۆحی نەتەوەیی نەتەوەکان چۆن دەناسێنێ، یان چۆن دەیکاتە ناوەرۆکی تیۆری نەتەوەیی بوون، تیۆری دووەم دیدگای ماتریالیستی نەژاد باوەڕە کە لەبۆچوونەکانی گوبینۆدا پەیدا دەبێت. ئەم پەیڕەوە نەژاد دەکاتە بناغەی نەتەوەو بەدیاردەیەکی تایبەتیو رازداری وەسفی دەکات کە لەسەر بناغەی شیکردنەوەی بایۆلۆجی دامەزراوەو تاکەکانی ناو کۆمەڵگا (ئەم رۆحە نەژادییە) لەرێگەی میراتەوە بۆیان جێ دەمێنێ. بەبڕوای باوەر هەردوو تیۆرەکە میتافیزیکیو بێگومان نازانستیشن. دیدگا یان تیۆری سێیەم، بیروڕای ئیرادە گەرایییە، کە ناودارترین تیۆرمەندیان (ئێرنست رینان) ی فەرەنسیەو نەتەوە لەسەر بناغەی ئیرادەی ئەو خەڵکانە دەناسێنێ کە لەهەوڵی دروستکردنی دەوڵەتدان. پەیڕەوانی ئەم تیۆرە لەرێگای نادروستەوە دەڕۆنو چونکە هەندێك نەتەوەش هەن (بەبڕوای باوەر) کە لەهەوڵی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەدا نینو رازین بەوەی کە لەوڵاتێکی چەند نەتەوەیدا بژین، وەکو چیکەکان لەسەردەمی (باوەر) دا. گروپی چوارەم یان تیۆری چوارەم لەهەوڵی ئەوەدایە کە دیدگای ئەزموون گەرایی بۆ ناسینی نەتەوەکان بکاتە تەوەری سەرەکی، ئەم تیۆرە دەیەوێت چەمکی نەتەوە بەیارمەتی تایبەتمەندی جیاوازو لێکدابڕاو وەکو زمان، خاك، دابونەریت، یاساو ئایین پێناسەو دیاری بکەن. لەلای باوەر ئەم پێناسەیەش نەوردەو نەکارایە، چونکە هیچ یەکێك لەو تایبەتمەندییانە نابنە بناغەو هەریەکەیان دەتوانێت لەسەردەمو کاتی جیاوازی

نەتەوەیەکدا نەخشی جیاواز ببینێ. و سەرئەنجام باوەر رایدەگەیەنێ کەلەم تیۆرانەدا ناتوانین گەوهەری دیاردەی نەتەوەیی بوون بەدەست بهێنین.

پاشان نەتەوە چییە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لەرێگای لێکۆڵینەوەی هەلومەرجی مێژوویی پەیدابوونی ئەو یەکەو چوارچێوانە دەبێت کە ئەمرۆ بەبێ گومانو پرسیار وەکو نەتەوە ناسراون. و باوەر بۆئەم مەبەستە دەست دەکات بە لێکۆڵینەوەی چەندو چۆنی پەیدابوونی نەتەوەی ئەڵمانو بەم ئەنجامانەی ژێرەوە دەگات:

هۆکاری سەرەکی بۆ دیاریکردنو بڕیاردانی نەتەوەیەك، تایبەتمەندی نەتەوەییە National Character، بەڵام خودی چەمکی تایبەتمەندی نەتەوەیی پێویستی بەشیکردنەوەو رۆشنکردنەوە هەیەو لەراستیدا ئەم چەمکەش لەدێژایی مێژوودا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. ئەو هۆکارانەی کە ئەم تایبەتمەندێتیەیان بەدەست هێناوەو سەلماندوویانە هەم سروشتیو هەم فەرهەنگین. ئەوەی کە بەرئەنجامی کۆبوونەوەی فیزیکی (نەتەوەیەك) پێکدەهێنێ، تەنها بوونو مانەوەی بابو باپیرانی هاوبەشی مرۆڤەکان نییە. هۆکاری گرنگتر بریتییە لەهەلومەرجی ژیانو هاوچارەنووسی نەتەوەیەك کە لەرەوتی مێژوویدا،و بەپەیرەوی لەدیدگای چارلز داروین، ئەو هۆکارانە هەڵدەبژێرێ کە جۆرێکن لەشێوازی فیزیکیو مرۆیی تایبەتیو دیاریکراو. هەندێك لەتایبەتمەندییەکان لەئەنجامی ژیانو مانەوەی ئەو مرۆڤانەن کە لەکەناری ئاودا ژیاون، لەکاتێکدا هەندێکی دیکە لەتایبەتمەندییەکان بەرئەنجامی دروست بوونی ئەو کۆمەڵگایانەن کە لەرێگای راوو شکارەوە ژیانیان بەردەوام کردووە. بەمیرات مانەوەی هەندێك لەو تایبەتمەندییانە ناکۆك نییە لەگەڵ ماتریالیزمی مێژوویدا، بەڵکو لەراستیدا تەواوکەری ئەو رێبازەن. لەئەنجامی هەلومەرجی هاوبەشی ژیان، و هەڵبژاردنی سروشتی، جۆرێك لەکۆبوونەوەی فەرهەنگی دروست دەبێت کە دەبێتە هێشوویەکی کریستاڵی لەمێژوو. بۆیە لەلای باوەر "نەتەوە جگە لەچارەنووسی هاوبەش شتێکی دیکەنیە، ئەم هاوبەشیەش لەلایەك بەهۆی میراتی سروشتی هاوبەش کە بەرهەمی چارەنووسی هاوبەشە، شتێك یان دیاردەیەك دروست دەکات کە دەبێتە نەتەوە، و لەلایەکی دیکە لەرێگای گواستنەوەی میراتی فەرهەنگی کە سروشتەکەی





دەبێتە هۆی چارەنووسی نەتەوە" یان بەدەربڕینێکی دیکە، بوونی تایبەتمەندی نەتەوەیی تەنها بەو مانایەنیە کە تاکەکان وەکو یەك دەبن، بەڵکو بەومانایە دێت کە هێزەکانی مێژوویی ئەم تایبەتمەندییانە شێوەساز (فۆرمۆلە) دەکەن. لەتەواوی مێژوودا کۆمەڵگاکانی نەتەوەیی تائێستا بەدوو شێوە روویان داوە. شێوەی یەکەم ریشەیان لەخێڵایەتیدایەو بەئاسانی دەگۆڕێنو یان لەناو دەچن. شێوەی دووەم، ئەو نەتەوانەن کەکۆمەڵگای چینایەتیان بەرهەم هێناوە، و بەتایبەتی لەو سەردەمەوە کە سەرمایەداری دەستی پێکردووە بوونەتە بەشێك لە مۆدێرنیزمی سەرمایەداری[6].

### نەتەوە وەك کۆمەڵی هاوچارەنووسان

بەشێکی بەرچاو لەبیریارانو لێکۆڵیارانی ناسیۆنالیزم لەو باوەرەدان کە مارکسیزمی نەمسایی کە بە (ئەسترۆ مارکسیست) ناسراونو بەتایبەتیش هەردوو بیرمەندی سۆسیال دیموکرات کارل رینەر (١٨٧٠ ـ ١٩٥٠)و ئۆتۆ باوەر (١٨٨١ ـ ١٩٣٨) بەشدارییەکی کاریگەریان لەرۆشن کردنەوەی چەمکی نەتەوەو بزاڤی ناسیۆنالیزمدا کردووە. لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا کارل رینەرو ئۆتۆباوەر هەڵوێستو لێکدانەوەی فەرهەنگیو هاوچارەنووسیان لەنەتەوە باسکردو لەم زەمینەیەشدا دیدگای ئەوان بەرچاوو کاریگەرە. ئەم دوو کەسە کە لەرووخسارە ناسراوەکانی مارکسیزمی نەمسایی ئەژمار دەکرێن، دیدگای خۆیان بەشێوەیەکی نوێو لەپەیوەندی بەرەوشی تایبەتی ئیمپراتۆریای نەمسا ـ هەنگاریا خستەروو، کە لەو قەڵەمرەوەدا نەتەوەی جیاوازو جۆراوجۆر گردبووبوونەوە.

کارل رینەر دوو خاڵی نوێی هێنایە ناو لێکدانەوەی خۆی بۆ نەتەوایەتیو یەکەمیان ئەوەیە کە نەتەوە وەکو رەوشێکی مافدانیو بوونی یاسایی تەماشا دەکات. نەتەوە بەتەنها یەکسان نییە بەو سنوورانەی کە هەمووستانێکی گشتی پێك دەهێنن،

[6] ـ لشك کولاکوفسکی، هە. س. پ. ل ل ٣٢١ ـ ٣٢٣.

بەڵكو پرسی مافو نیهادی یاساییش لەم نێوانەدا دەوریان هەیەو هەربۆیە رینەر پێی وایە كە نەتەوە رەوشو كەسایەتیەكی یاساییە. دووەم، ئەوەی كە نەتەوە پەیوەستە بەبڕیارو هەڵبژاردنی ئازادی تاكەكانو نابێت نەتەوە تەنها بەبۆچوونی بابەتیو پێكهێنەرەكانی رابردوو (خاك، نەژاد یان زمان) پێناسە بكرێت. لەڕاستیدا نەتەوە لەسەر بنەمای خواستو ئیرادەی تاكەكان پێكدێتو هەروەكو چۆن ئەوان ئاینی خۆیان هەڵدەبژێرن هەر بەو شێوەیەش، لەمافی دیاریكردنی چارەنووسی خۆیان بەهرەمەندنو ئازادانە لەبەرامبەر دەسەڵاتی وڵاتەكاندا ئەمە رادەگەیەنن. نەتەوە، بەم مانایە، پەیوەندی بەخاكو فەرهەنگو نەژادەوە نییەو تەنانەت دەتوانرێت ئەو كەسانە لەناو نەتەوەیەكی دیكەشدا بەو جۆرە هەڵوێست وەربگرنو بەمجۆرە نەتەوە لەهەمووستانێكی رابردوو دەبێتە بڕیاری هەمووان لەئایندەدا.

ئەگەرچی دیدگاكانی رینەر سەبارەت بەلایەنی مافو رەوشی یاسایی، یان پرسی هەڵبژاردنی ئازادی تاكەكان بۆ نەتەوە لایەنێكی دیكەی گرنگ بۆ نەتەوایەتی ئاشكرا دەكات، بەڵام هەروەكو باسمان كرد دیدگای ئەم بیرمەندە سۆسیالیستییە پەیوەستە بەدوو هۆكاری گرنگو كاریگەری ئەو سەردەمە. كارل رینەر كە ماركسیستێكی نەمساییە لەو بڕوایەدابوو كە ئازادبوونی نەتەوەكانی ناو دەسەڵاتی ئیمپراتۆریای هابسبۆرگ، بەڵام بەمانەوەیان لەناو ئەو فیدراسیۆنە نەتەوایەتیانەدا رێگا خۆشكەر دەبێت بۆ یەكێتیو هاوپشتی چینی كرێكارو سۆسیالیزم. ئەو بەهیچ جۆرێك رێگر نییە لەمافو ئازادی نەتەوەكانو تەنانەت تاكەكانیش بۆ هەڵبژاردنی چارەنووسی نەتەوەییان، بەڵام هەموو ئەمانە لەچوارچێوەی فیدراسیۆنی نەمسا ـ هەنگاریا بەپێویست دەزانێ یان دەیكاتە سەرەتایەك بۆ هاوپشتی چینی كرێكاری نەتەوەكان بۆ دامەزراندنی ئەنترناسیۆنالی جیهانی. دیدگای رینەر بۆ خواستو هەڵبژاردنی ئازادی تاكەكان بۆ پابەندیو بڕیاری نەتەوەییان، یەكێكە لەو نوێ خوازیو ئازادی خوازییەی كە داهێنانێكی گرنگە بۆ بڕیاردان لەسەر پرسە گشتیەكانی (دین، نەتەوە، نیشتمانو لایەنی كەسایەتی)و هەرچۆنێك بێت كە ئەم بڕوایە رێگایەكی مرۆڤ دۆستیو ئازادیخوازییە بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی. بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبیر نەچێت فشاری





گشتی پابەندی ناسنامەی نەتەوایەتی هەموو جارێك رێگا بەوە نادات و یەكێك لەرەخنەو خەوشەكانی نەتەوایەتی ئەوەیە كە هەمیشە كاركردنە لەسەر دیدگاو ناسنامەی گشتی یان هەروەكو (موریس بارییە) دەڵێت: شێوەیەك لەئەفراندنی هەمووستانێك[٧].

ئەنجامو ئاراستەی رینەر بەجۆرێك دەبێت كە نەتەوەی خاوەن كەسایەتی مافو یاسایی دەتوانێت هەر بەو هۆیەوە سازمانی یاسایی هەبێتو لەمافی خودموختاریو خۆ بەڕێوەبردنی بەهرەمەند بێت. نەتەوە دەتوانێ كارو مەبەستەكانی سیاسی بەدەوڵەت بسپێرێ. لەبەرئەوەی كە رینەر مافی سەربەخۆیی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ نەتەوەكان بەپێویست نازانێ (بەتایبەتیش لەپەیوەند بەدەوڵەتی نەمسا ـ هەنگاریا) ئەم خودموختارییە تەنها لەزەمینەو بڕیاری (فەرهەنگی)دا قەتیس دەكاتو هەڵوێستی فەرهەنگی لەگەڵ رەوشی یاساییدا بۆ نەتەوە بەچارەسەری دڵخوازو پێویست دەزانێو نزیك نابێتەوە لەچەمكەكانی (سەربەخۆییو سەروەری) یان (جووت بوونی لایەنی فەرهەنگیو سیاسی) بۆ نەتەوەكانو بەمجۆرەش رەوشو هەڵوێستی رابردوو سەبارەت بەپەسەندنەكردنی مۆدێرنیتەی سیاسی دەبێتە كاراكتەری سەرەكی لەبیری رینەرو سۆسیالیزمی نەمساییدا.

كارل رینەر نەك تەنها پرسی سەربەخۆیی سیاسیو دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ نەتەوەكانی دیكە (جگە لەنەمسا!) پەسەند ناكات هەروەها بڕوای وایە كە پەیوەندی نێوان دەوڵەتو نەتەوە پەیوەندییەكی نامۆدێرنەو پەیوەندی بەڕابردوو هەیە، واتا ئەو لەبەرخاتری بۆچوونەكانی (كەسایەتی مافو یاسایی نەتەوەكان) تەنها دەوڵەتەكانی هەتا ئێستا وەكو پاراستنی چوارچێوەو سازمانی یاسایی پەسەند دەكات. لەبەرئەوەی كە دەوڵەت كۆمەڵێك سازمانو ئۆرگانی سیاسیو دەسەڵاتە لەسەر خاكێكی دیاریكراوو نەتەوەش هەمووستانێكی فەرهەنگیو دامەزراوە لەسەر بناغەی كەسایەتی یاسایی، هەربۆیە هەرگیز نەتەوەو دەوڵەت هاوئاهەنگو جووت ناكات. لەبەرئەوەی كە پایەی یەكەمی دەوڵەت خاكەو (پاشان دەسەڵات)و پایەی بڕیاردەریش بۆ نەتەوە

[٧] - موریس بارییە، مدرینتەی سیاسی، ترجمەی عبدالوهاب احمدی، نشر آگاه، تهران چاپ اول، ل ٢٢١.

هەمووستانێکی فەرهەنگییە، هەربۆیە دەوڵەتو نەتەوە هەرگیز جووت نابنو دەوڵەت لەلای رینەر نابێتە مەرجێکی گرنگی نەتەوەیی بوونو نەتەوەی مۆدێرن. ئەم هەڵوێستە وادەکات کە بنەمای سەرەکی نەتەوە لەلای رینەر بکەوێتە بەر رەخنەو ئەمەش زۆر بەڕوونیو ئاشکرا بەیان دەکات: ((نەتەوەکان لەبەرئەوەی کە بڕیارێکی گشتین بۆ کەسایەتی مافو یاسایی، نەك وەکو کۆمەڵێکی پشت بەستوو بەوڵاتو خاك، هەربۆیە دەبێت نەتەوەکان وەکو نەژادو میللەت (القوم) ساز بدرێن، نەك وەکو دەسەڵاتو دەوڵەت)).

ئەوەی کە رینەر بەدەستێك دەیدا بەنەتەوەکان (واتە کەسایەتی مافو یاساییو هەڵبژاردنی ئازادی هەمووستانی فەرهەنگی) بەڵام بەدەستەکەی دیکە لێیان وەردەگرێتەوە. چونکە لەسەردەمێکدا کە سەردەمی مۆدێرنیتی سیاسییەو دەوڵەتی نەتەوەیی دەبێتە گرنگترین کارەکتەری بڕیاردەری نەتەوایەتی، بەڵام رینەر ئەمە بەڕەواو پێویست نابینێو دەوڵەت دەکاتە شتێکی نامۆ لەنەتەوەو بەمجۆرە نەتەوە تەنها لەڕابردووی پێش مۆدێرنێتیدا دەهێڵێتەوە.

خاڵێکی دیکەی سەرسام لەدیدگای کارل رینەردا ئەوەیە کە ئەگەرچی ئەمیش وەکو فیختەو هێردەرو ناسیۆنالیستەکانی ئەڵمانی سەرەتای سەدەی نۆزدە رەوشی فەرهەنگی لەدەوڵەتی نەتەوەیی گرنگتر دەزانێ، بەڵام جیاوازی بنەڕەتییان لەوەدایە کە فیختەو هێردەر پێیان وایە کە نەتەوەی فەرهەنگیو نەژادی دەتوانێ دەوڵەتو زیاتر لەدەوڵەتێك بەخۆوە بگرێتو ئەمان بەتەواوی دیدگایەکی پان جەرمانستیان بۆ نەتەوە هەیە. لەکاتێکدا رینەر بڕوای وایە دەوڵەت (واتە ئیمپراتۆری) چەندین نەتەوە لەخۆیدا کۆ دەکاتەوەو لەخزمەتیاندایە. هەڵوێستی نەژادیو فەرهەنگی فیختە بۆ نەتەوە ناکۆکە لەگەڵ مۆدێرنیتەی سیاسی، بەڵام هەڵوێستی رینەر بەرامبەر بەخودی دەوڵەت (پێویست نەبوونی دەوڵەتی مۆدێرنو نەتەوەیی) هەڵوێستێکی ناسیاسیو نامۆدێرنە. تەنانەت ئەو کاتەی کە لەسەر ئاستی جیهانی بزاڤی کرێکاریو سۆسیالیستی پێویستی بەسازمانو ئۆرگانی جیهانی هەیە، دیسان ئەمە لەحاڵەتی (نێو نەتەوایەتی) دادەنێت، نەك لەڕەوشی (نێودەوڵەتی)!





ئۆتۆباوەر دەربارەی پەیوەندی نێوان نەتەوەو مۆدێرنیتی سیاسی هەڵوێستی ئاشکراتری لەناکۆکی لەبەرامبەر مۆدێرنیتیدا هەیە. هەرچەندە پێناسەی ئەو بۆ نەتەوە لەسەر بنەمای سروشتی، بابەتی یان فەرهەنگی نییە، و هەرچەندە نەتەوە لەلای ئەو (هاوبەشی سروشتی) یان (هەمووستانێکی فەرهەنگی) نییەو ئەوەی کە بڕیاری سەرەکی بۆ نەتەوە دەدات (بەشداریە لەچارەنووس)دا، بەڵام دیسان هەڵوێستی ئەو نامۆدێرنو ناسیاسییە. باوەر بڕوای وایە کە (نەتەوە هەمان ئەو کۆمەڵە خەڵکەن کە لەڕێوانی بەشداری لەچارەنووسدا، بەشێوەی هاوبەشی لەتایبەتمەندییەکاندا پەیوەندارن بەیەکترەوە)و ئەم بەشدارییەش لەچارەنووسدا، وەکو توخمی سەرەکی نەتەوەیی بوون، لەدوو هۆکارەوە پەیدا دەبێت: یەکەمیان میراتی سروشتیو هەڵکەوتنی سیماو لەشی مرۆڤەکانو دووەم گواستنەوەی سەروەتی فەرهەنگیو بەتایبەتیش زمان کە دەبێتە ئامرازی پەروەردەو فێربوونو هەر پەیوەندییەکی دیکە. لەم دیدگایەوە، نەتەوە بریتیە لەو بەشدارییەی چارەنووس کە لەسەر بنەمای سروشتیو هاوبەشی فەرهەنگی دادەمەزرێو لەڕاستیدا ئەو بڕیارەی چارەنووس هەردوکیان گەرەنتی دەکات.

هەر لەم روانگەیەوە باوەر پەیوەندی نێوان دەوڵەتو نەتەوە بەلاوازی رۆشن دەکاتو لەم زەمینەیەشدا لەسەرەتاوە بنەمای بابەتی نەتەوەکان دەخاتەوە کەنارەوە. بوونی بابەتیو هەتا ئێستای نەتەوەکان وادەکات کە دەوڵەت دروست بکاتو هەر بەو هۆیەشەوە نەتەوە بەخواستو ئیرادەی ژیان لەسیستەمێکی سیاسی هاوبەشو سەربەخۆ سەرلەنوێ شێوە ساز دەبێتەوەو هەتا بێت لەگەڵ دەوڵەتدا جووتو هاوناسنامە دەبێتو سەرئەنجام دەوڵەتی ـ نەتەوەو نەتەوە دەبنە یەك. بەڵام باوەر بڕوای وایە کە هەڵوێستی ئەو لەو دیدگا سەرەکیەی ناسیۆنالیزمو دەوڵەت فراوانترەو ئەو دیدگایەکی هەیە بۆ تاكو بۆ لایەنی دەروونناسیو بڕیاری خودی تاکەکانو نەتەوە دەبەستێتەوە بە (هاوبەشی لەچارەنووس)و بەشداری تاك لەو تایبەتمەندییانەی نەتەوە. بڕوای باوەر سەبارەت بەپەیوەندی نێوان نەتەوەو دەوڵەت بەدوو شێوە دەبێت: یەکەم شێوە لەسەر ئەو بنەمایە پەیدا دەبێت کە نەتەوە بوونێکی مافو

یاساییەو تاکەکان ئازادن لەو هەڵبژاردنەشدا، ئەم شێوەیە بەڕۆشنی هەمان دیدگای کارل رینەرە. نەتەوە یان چەند نەتەوەیەك لەدوای بڕیاردان لەچارەنووسی هاوبەشدا دەتوانن لەدەوڵەتدا لایەنی مافو یاساییان هەبێتو لەم زەمینەیەدا بڕیاری ئازاد بدەن. دەوڵەتیش لەکاروباری ئابووریو سیاسی هاوبەشدا خاوەن دەسەڵاتو هەڵبژاردنەو بەرپرسە لەبەرژەوەندی هاوبەشی ئەو نەتەوانەی کە دەوڵەتیان دروست کردووە. شێوەی دووەمی پەیوەندی نێوان نەتەوەو دەوڵەت لەلای ئۆتۆباوەر بەتەواوی پێچەوانەی یەکەمەو، نەتەوە بوونێکی مافو یاسایی سەربەخۆی نییەو پێویست ناکات سازمانی تایبەتی خۆی هەبێتو بەم شێوەیە دەیخاتە ناکۆكو دژ لەبەرامبەر دەوڵەت. ئەم دوو دیدگا ناکۆکەش بەم شێوەیە بەیان دەکات کە ((بۆ پەیدابوونی نەتەوە وەکو بوونێکی مافو یاسایی دوو شێوە هەیە: یا بنەمای سەرزەمین (لەسەر ئەم بنەمایە نەتەوە پەیکەر بەندێکی سروشتیو خاکییە) یا لەسەر بناغەی کەسایەتی مافو یاسایی (لەم روانگەیەوە نەتەوە ئەو کەسانەن کە نەتەوەبوونی خۆیان رادەگەیەنن) بەڵام بنەمای دووەم گرنگو کاریگەرە نەك یەکەم)).

هەڵوێستی ئۆتۆباوەر لەناوخۆیدا دوو بۆچوونو مەیلی هەڵگرتووەو ئەم دوو روانگەیە دەبنە ئاستەنگی سەرەکی بیرکردنەوەی ئەو، ئاستەنگی یەکەم ئەوەیە هەرچەندە باوەر گرنگی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ نەتەوەکان بەپێویست نازانیو بەتایبەتیش ئەو نەتەوانەی کە لەناو قەڵەمڕەوی نەمسا. مەجەردا پاشکۆو دیل کراون. بەڵام بەدیدگای خۆی بۆ مانەوەی دەوڵەتی نەمسا. هەنگاریا جۆرێك لەدیدی ناسیۆنالیستی تەسك بینا دەکات. ئاستەنگی دووەم لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە باوەر وەکو رینەرو تەواوی سۆسیالیستەکانی دیکەی ئەو کاتە (بەتایبەتی نەمساییەکان) روانگەی یەکێتیو هاوپشتی چینی کرێکاری دەکاتە هەڵوێست بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی هەرلێرەشەوە نایەوێ دەوڵەتی چەند نەتەوەیی نەمسا ـ هەنگاریا هەڵوەشێتەوە بۆ دەوڵەتی نەتەوەکانی دیکە، چونکە ئەم زەمینەی پێکەوەبوونە هێزی چینی کرێکار زیاتر دەکات. هەردوو ئاستەنگەکەی بیری باوەر (ئاستەنگی ناسیۆنالیستی نەمساییو ئاستەنگی مارکسیزمو بزاڤی سۆسیالیستی) وا دەکات کە لەبەرامبەر بیری نەتەوەی





مۆدێرنو دەوڵەتی نەتەوەیی هەڵوێستی ناتەبای هەبێتو بەردەوام بێت بەدیدگای مانەوەو پاراستنی ئیمپراتۆریەتی هابسبۆرگو وابەستەییو کۆیلایەتی نەتەوەکانی دیکەو بەهرەمەند نەبوونیان لەمۆدێرنیتەی سیاسیو دەوڵەتی ـ نەتەوە[8].

## هلیفردینگ: تیۆری ئیمپریالیزم

کتێبی (سەرمایەی ماڵی) کە هیلفردینگ لەساڵی ١٩١٠ نووسی، بۆئەوە نەبوو کە دووبارە تەواوی سەرمایەی مارکسی بنووسێتەوە، بەڵکو لەبەرئەوە بوو کە بنەماکانی مارکس بۆ تێگەیشتن لەسەرمایە لە هەلومەرجی ئابووری تازەدا بەکاربهێنێ. ئەو جارێکی دیکە تیۆری مارکسی سەبارەت بەپارە، پاڵپشتی دارایی، نرخی قازانج، و ئاستەنگەکانی سەرمایەداری شیکردەوە، بەڵام ئامانجی سەرەکی کتێبەکەی ئەو زیاتر لە هەرشتێك لەزەمینەی ئەو ئاڵوگۆڕو گۆڕانکارییانەدا بوو کە لەدوای مەرگی مارکسەوە لەناو سیستەمی ئابووری جیهانیدا روویدابوو. ئەو دەیگوت گەرچی هەموو ئەم گۆڕانکارییانە پەیوەندارن بە پرسی کۆبوونەوەو کەڵەکە بوونی سەرمایە، بەڵام لەمەودوا سروشتو سیفەتێکی "چۆنایەتی" تازەشیان پەیداکردووە، کە ناتوانرێت تەنها بەبەردەوامبوونی رەوتەکانی پێشوو چاوی لێبکرێت.

بۆزیاتر رۆشن کردنەوەی تیۆری ئیمپریالیزمی هیلفردینگ پشت دەبەستم بە کتێبە ناودارەکەی (لشك کولاکوفسکی) بەناونیشانی (رێبازە سەرەکیەکانی مارکسیزم) کە لەباسی هیلفردینگ دا بەم جۆرە فۆرمۆڵەی بیروڕاکانی ئەو دەکات، کە من بەخاڵ دەیان نووسمەوە:

**یەکەم،** باسەکەی هیلفردینگ بەتیۆری بەهاو تیۆری نرخی ناوەندی قازانج دەست پێدەکات. بەها لەتێگەیشتنی وردو زانستیدا، سەعاتی کارە کە بەرجەستە بووەو ناتوانرێت راستەوخۆ بەیانبکرێت یان دەربخرێت، بۆیە ناچار لەئاڵوگۆڕدا، بەشێوەی رێژەیی بوونی چەندایەتی نرخەکان پەیدا دەبێت. واتە نرخی بەها لەخودی پرۆسەی

[8] - مۆریس بارییە، هە. س. پ. ل ٢٢٦.

بەرهەم هێناندا دەرناکەوێ، بەڵکو لەپرۆسەی کڕینو فرۆشتن (ئاڵو گۆڕ) دا ئاشکرا دەبێ. ئەو راستیەی کە (لەسەرمایەدارییدا) ئامانجی بەرهەم هێنان، پەیداکردنی قازانجە بەو مانایە دێت کە بنەمای دەسەڵاتدار لەئاڵوگۆڕدا "مافی یەکسان بۆ کاری یەکسان" نییە بەڵکو بەپێچەوانەوە "سوودی یەکسانە بۆ سەرمایەی یەکسان". ئەوەی کەلەسەر فرۆشتن کاریگەری دەبێت نرخی بەرهەم هێنراوەکانە نەك بەهای ئەوان. ئەو راستیەی کە بەهای کاڵاکان هەرگیز ناتوانێت بەشێوەی راستەوخۆ بەیان بکرێت، لەواقعدا لایەنگری لەسروشتی یۆتۆپیای بیروڕای سۆسیالیستی دەکات کە لایەنگرانی دەڵێن کۆمەڵگا بڕێك لەکاتی کار بۆ بەرهەم هێنانی هەر کاڵایەك تەرخان دەکاتو هەمان ئەو بڕە دەبێتە پایەو بناغەی ئاڵوگۆڕ.

سوود پەرستیو دەسەڵاتی قازانج بێگومان بەرەو زیاتربوونو کۆبوونەوەی سەرمایەو هەروەهاش بەرەو پێشکەوتنی هونەریو تەکنولۆژی ئەنجامی دەبێت. لەڕوانگەی ئابووریدا، بەرجەستە بوونی پێشکەوتنی تەکنولۆژی زیادبوونی رێژەی سەرمایەی نەگۆڕە لەپێکهاتەی ئۆرگانێکی سەرمایەدا. بەرجەستە بوونێکی دیکە ئەو گۆڕانکارییە کە لەسروشتی خودی سەرمایەی نەگۆڕدا رووەدەدا. سەرمایەی نەگۆڕ خێراتر لەسەرمایەی ئاڵوگۆڕ زیاتر دەبێت. بەرهەمی ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە گواستنەوەو جووڵەی سەرمایەی سەرمایەگوزاری کراو هەتابێت دژوارتر ئەبێت. سەرمایەی ئاڵوگۆڕ بەئاسانی دەتوانێت لەڕشتەیەکی بەرهەم هێنان بەرەو رشتەیەکی دیکە بگوزارێتەوە، بەڵام سەرمایەی نەگۆڕ لەگەڵ هەلومەرجی بەرهەم هێناندا دەمێنێتەوە. سەرئەنجام ئەگەر ئامرازی کەڵەکە بوونی فراوانی سەرمایە، لەشێوەی کۆمپانیا هاوبەشو پشکدارەکانو بانکەکاندا نەبێت، ئەوکاتە دەرکەوتنی نرخی ناوەنجی قازانجیش دەبێتە کارێکی زۆر سەختو دژوار. هەڵبەت بەرژەوەندی بانکەکان لەهەندێك لایەندا لەگەڵ بەرژەوەندی تاکانەی سەرمایەداراندا جیاوازی هەیە. بۆنموونە، ئەو رکابەرییەی کە هەندێك لەکۆمپانیاکان تووشی شکستو پاشەکشە دەکات لەبەرژەوەندی بانکەکان نییە، بەڵام لەبەرژەوەندی ئەو کۆمپانیایانەدایە کە (لەو ڕشتە ئابوورییە) دا بەردەوامن لەکارو چالاکی خۆیان. سەرئەنجام بانکەکان لەلایەك





تێدەکۆشن کێبەرکێی نێوان مشتەرییەکانی خۆیان لەنێوبەرنو لەلایەکی دیکەش بەنرخی قازانجی باڵاتر دڵبەستە دەبن. بەشێوەیەکی دیکە، مەیلو ئاڕاستەی بانکەکان هێنانەدی مۆنۆپۆڵەکانە لەپیشەسازیدا.

**دووەم**، یەکێك لەپەیامەکانی مۆنۆپۆڵەکانی بەرهەم هێنان، هەوڵدانە بۆ هێنانەدی گۆڕان لەکارکردو میکانیزمی بازرگانیدا. لەسەردەمی کۆبوونەوەو کەڵەکە بوونی سەرەتایی سەرمایەدا، بازرگانی نەخشی دیاریکەرو بڕیاردەری هەیە. خاڵی دەستپێکردنو گەشەی سەرمایەداریو قۆناغی یەکەمی گۆڕانکارییەو کە بەپاڵپشتی سیستەمی پشتیوانەی ئابووری، بەرهەم هێنان بەخۆیەوە وابەستە دەکات. بەڵام لەقۆناغی سەرمایەداری پێشکەوتوودا، ئەم وابەستەییە هیچ دەورو نەخشێکی نامێنێ. بەپێچەوانەوە، بەرهەم هێنانو بازرگانی لەیەك جیادەبنەوە. هەتادێت، بەهۆی زیاتر بوونی کەڵەکەی سەرمایەو کۆبوونەوەی لەسنوورێکی تەسکتردا، بازرگانی سەربەخۆیی خۆی زیاترو زیاتر لەدەست ئەداو سەرئەنجام دەبێتە شێوەیەکی زیادەو جیا لەپرۆسەی ئابووری. سەرمایەی بازرگانی تووشی ئاستەنگو کەمایەسی دەبێتو سەرئەنجام ناچاردەبێت پشکی خۆی لە قازانج لەڕێگای سەرمایەی پیشەسازییەوە وەربگرێو بازرگانەکان دەبنە کارگوزارو کارمەندانی کارتێلو سەندیکاکانی (بەرهەم هێنان).

کۆبوونەوەی سەرمایە بەرەو کۆبوونەوەو بانکەکان دەڕوات. لەلایەکی دیکەشەوە، هەرچەندە ئەندازەی سەرمایەی بەردەستی بانکەکان زیاتربێت، توانای ئەوان بۆ هێنانەدی تەمەرکوز لەمەیدانی سەرمایەی پیشەسازیدا زیاتر دەبێت، ئەم کۆبوونەوەیەی سەرمایەش کە بەسوودی خودی بانکەکان دەبێت. بەزاراوەی باوی ئەمڕۆ شێوەیەك لەبەهێزکردنی دوو لانە ڕوودەدات. بانکەکان سەرمایەی دانراو یان زەخیرەی سەرمایەدارانو بەشێکی گرنگ لەسەرچاوەکانی نەقدی چینە نابەرهەم هێنەرەکانیش لەلای خۆی کۆدەکاتەوە. لەبەرامبەردا بڕو ئەندازەی ئەو سەرمایەیەی کە بە پەنهانی لەبەردەستی سەرمایەداری پیشەسازیدایە زۆر لەو سەرمایەیە زیاترە کە هی خودی سەرمایەداری پیشەسازییە بەئاشکرا. بوونی ئەم سەرمایە زیادەیە بێگومان

لەقازانجی سەرمایەداراندایە، کە لەلایەکی دیکەشەوە ئەوان وابەستە دەکات بەسەرمایەی بانکەکانەوە. "سەرمایەی بانکی، یان سەرمایە بەشێوەی پارە کە لەڕاستیدا دەبێت بەهەمان سەرمایەی پیشەسازی، ناوی دەنێین سەرمایەیماڵی".

**سێیەم،** هلیفردنیگ لەکاتی نووسینو باسەکانی دەربارەی رەوتی کارتێلی بوونی پیشەسازیدا، دەپرسێت کە ئایا ئەم رەوتە سنووری رەهاو نەگەڕانەوەی بۆدواوە هەیەو خۆیشی وەڵام دەداتەوە کە ئەم سنوورە بوونی نییە. لەوانەیە بتوانین باوەڕ بەوشتە بێنین کە رۆژێك هەموو سیستەمی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری ببێت بەکارتێلی جیهانیو ئەم کارتێلەش ئاگاهانە بیەوێت کە تەواوی رەوتەکانی بەرهەم هێنان بخاتە ژێر کۆنترۆڵو رێکخستنی خۆیەوە. لەم هەلومەرجەدا، دەسەڵاتی کارتێل نرخەکان بەشێوەی نەریتیو تایبەتی خۆیو لەبەرژەوەندی خۆی دیاری دەکات یان دەتوانێت ئەم نرخانە بکاتە هۆکارێك بۆ دابەشکردنی هەموو بەرهەمو کاڵاکان لەنێوان بەشدارانی کارتێلو بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگا، و پارە لەمەودوا نەخشی نابێت لەبەرهەمداو هەرجو مەرجی بازاڕ (بەرزیو نزمی) شوێنێکی لەئیعرابدا نابێت. کۆمەڵگا هەروەکو جاران بەسەر چینە ناکۆکەکاندا دابەشکراوە، بەڵام ئابووری بەرنامە رێژکراو لەکاردایە. هیلفردینگ هەرگیز بڕوای بەوە نەبوو کە ئەم ئایندەیە حەتمەن لەسیستەمی سەرمایەدارییدا چاوەڕوانکراو دەبێت، بەڵام دڵنیا بوو لەوەی کە مەیلو ئاڕاستەی کۆبوونەوەی سەرمایە جگە لەمە شتێکی تر نابێت، لەساڵانی کۆتایی (ژیانیدا) ئەگەری هاتنەدی ئەم دوورنمایەی بە ئەگەرێکی سەختو دژوار دەزانی.

هەڵبەت لەهەمان کاتدا بڕوای بەوەش نەبوو کە بەهۆی ئەم ئەگەرەوە چیدیکە ئومێدی بەسۆسیالیزم نەبێ، دروست ئەو وای بیردەکردەوە (یان گومانی وابوو) کە سۆسیالیزم دەتوانێ لەڕێگای دەست بەسەراگرتنی (مصادرە) ئاشتی خوازانەوە تەواوی دامودەزگای بەرنامە رێژکراوی سەرمایەداری بخاتە ژێر دەستو کاری خۆیەوە.

تا ئەوکاتەی کە رەوتی کۆبوونەوەی سەرمایە ئەو رەوشە گریمانە رەهایە بەخۆوە نەگرێ، ئاستەنگ دیسان لەسیستەمی سەرمایەدارییدا وەکو ناچارییەك دەمێنێتەوە.





بەرهەم هێنان بەناچاری هەردوو رەوشی گەشانەوەو رەونەق لەلایەكو رەوشی ئاستەنگو پاشکەوتن گرفتاری دەکات. چونکە زەمینەی ئاستەنگو قەیران لەخودی هەلومەرجی بەرهەم هێنانی کاڵایی دایە. دابەشکردنی کاڵاکان بۆ کاڵاو پارەو پەیدابوونی پشتیوانەی دارایی بەو مانایە دێت کە هەندێك جار دژوارییەکی بازاڕدەبێتە هۆی شکستی (هەندێك لەسەرمایەداران) و ئەم زیانو پاشەکشەیەش، لەهەر سەردەمێکدا زنجیرەیەك کاردانەوەی سروشتی دروست دەکات، چونکە پێشمەرجی بەرهەم هێنانو سەرلەنوێ بەرهەم هێنان لەخودی فرۆشتن دا ئاشکرایە. سەرباری ئەمەش، هەوڵو خواستی زیادکردنی قازانج، کە لەڕاستیدا تەنها هێزی جوڵێنەری بەرهەم هێنانە (لەسیستەمی سەرمایەداری) داو لەدەروونی خۆیدا دژایەتیەکی چارەسەرنەکراوی هەڵگرتووە، چونکە هەمان هەوڵو خواستی قازانج پەرستی تێدەکۆشێ کە ئاستی ژیانو مەسرەفی کرێکارانو خەڵك سنووردار بکات. هەڵبەت مەبەستی هلیفردنیگ لەوەدانیە کە ئاستی نزمو سنورداری ژیانو مەسرەفی کرێکاران تەنها هۆکارە بۆ قەیرانەکانی (سەرمایەداری) و بەناچاری سەرمایەداری دەتوانێ، بەوشێوەیەی کە ئومێدی پەیڕەوانی ریفۆرمیزمە، تەنها بەبەرزکردنەوەی ئاستی کرێی کرێکاران ریشەی قەیران لەناو بەرێت. قەیرانی ئابووری، بەوتەی هلیفردنیگ، شێوەیەکی تایبەتیە لەناهاوسەنگی لەئاڵوگۆڕی (کاڵاو سەرمایە). ئەم قەیرانە تایبەتمەندی خودی سیستەمی سەرمایەدارییەو یاساگشتییەکانی ئاڵوگۆڕی (کاڵاو سەرمایە) لەو زەمینەیەدا دیدگای راستیان نابێت. مەبەست لەوەیە کە یاسای گشتیو بێ قەیرانو هی سەردەمی ئاسایی ناتوانێت خودی قەیرانی ناهاوسەنگی نێوان مەیلی سوود پەرستی سەرمایەو ژیانی گشتیو نرخی راستەقینەی بەهاکان، شیبکاتەوە. هەر دەورەیەکی پیشەسازی تازە بەڕووداوی رێکەوتو تازە دەست پێدەکات، وەکو فراوان بوونو گەشەی بازاڕەکان یان لقێکی تازەی بەرهەم هێنان، گەشەکردنی رەوشی تەکنولوجیو زیادبوونی دانیشتوان ئەو رووداوە تازەو چاوەڕوان نەکراوانەن کە کاریگەر دەبن لەسەر هەلومەرجی بەرهەم. ئەم هۆکارانە دەبنە هۆی داوای زیاتر لەسەر کاڵاکانو ئەم زیادبوونەش بەردەوام بەرەو مەیدانەکانی دیکەی بەرهەم هێنان

تەشەنە دەکات، کە ئەو مەیدانانە بەجۆرێك لەگەڵ ڕشتەی بەرهەم هێنانی یەکەمدا پەیوەندارن. سووڕی بەکارهێنانی سەرمایە کورت تردەبێت، یان بەشێوەیەکی تر، سەبارەت بەڕێژەی سەرمایەی بەرهەم هێنانی شوێنی مەبەست، بڕی تەواوی سەرمایە گوزاری پێویست لەلایەن سەرمایەداریشەوە دێتە خوارەوە. بەڵام هەمان ئەو هەلومەرجەی کە پشتیوانی پێشکەوتنی تەکنولوژین لەهەمانکاتدا کە هۆکاری هاتنە خوارەوەی نرخی قازانجە، بەهەمان شێوە دەتوانێ دەورانی بەکارهێنانی سەرمایە درێژبکاتەوە. لەسەردەمێکی دیاریکراودا، بەرهەمی زیاتر لەگەڵ داواکاری ناوخۆیی ڕوو لەکەمی دەبێتو هیچ چارەیەك نامێنێ تەنها ئەوە نەبێ کە لەهەوڵی پەیداکردنی بازاڕی تازەدا بێت.

لەهەمانکاتدا بێگومان سەرمایە مەیلو ئارەزووی لەو مەیدانانەی بەرهەمو قازانجە کە لەوێدا پێکهاتەی ئۆرگانێکی سەرمایە باڵاترەو بەناچاری ئەندازەی سەرمایەگوزارییەکە لەو ڕشتانەدا باڵاترە لەو ڕشتانەی کەتیایدا نرخی قازانج کەمترە. ناهاوسەنگی ناو ئەم ڕەوتو ڕەهەندە (واتە مەیلو ئارەزووی قازانجی سەرمایە باڵاترو زیاترە لەخودی پێکهاتەی ئۆرگانیکی سەرمایە) لەتەواوی هەلومەرجی ئاڵوگۆڕی کاڵادا کێشە دروست دەکات. قەیران بەشێوەیەکی گشتی لەو ڕشتانەدا جدی ترو کاریگەر تر دەبێت کە لەبارەی تەکنولوژییەوە پێشکەوتووترن. ئەم ڕەوشەش لەخۆیدا زنجیرەیەك کاردانەوە دروست دەکاتو هاتنە خوارەوەی بەهاو سوود لەگەڵ خۆی دەرئەخات. هەرچەندە، لەسەردەمی گەشانەوەو ڕەونەقدا، بەهاکانو کرێکاران هەردووکیان سەردەکەون، بەڵام ریتمی زیادبوونی بەهاکان خێراترن لە جوڵەی زیادبوونی بەرهەم هێنراوەکان، چونکە بەتەواوی لەو حاڵەتەدایە کە قازانجیش زیاتر بەرەو سەر دەچێت. ئەنجامی ئەوەی کە مەسرەفکردن ناتوانێت لەگەڵ بەرهەم هێناندا هاوسەنگ بمێنێتەوەو لەساتێکی دیاریکراودا، هەموو سیستەمەکە هەڵدەوەشێتەوە. لەوساتەدا، بانکەکان، لەبەرئەوەی کە لە سەردەمی گەشەو ڕەونەقدا داواکاری زیاتریان بەرەو ڕوو بووە، ناتوانن ئەم ناهاوسەنگیە تازەیەی سیستەمەکەیان بەهاوکاری پێدانی پیشتیوانەی تازەی دارایی، چارەسەر بکەن. نیازو پێویستیان بەپارەی نەخد هەیە،





بەڵام بەرهەم هێنەران تەنها دەتوانن لەڕێگای قەرزەوە بەهای کاڵاکانی خۆیان بەپارەی دڵخوازی خۆیان بەدەست بهێنن. هەمووان دەیانەوێت لەیەك کاتدا بفرۆشنو سەرئەنجام هیچ کەس کڕیاری هیچ شتێك نابێت. نرخەکان ناگەهان هەرەس دەهێنن، ئەنبارو کۆگان پڕدەبنو پاشەکشەو بێکاری، لەئاستی فراواندا، ڕەواج پەیدا دەکەن. لەبەرئەوەی کە دامو دەزگاکانی سەرمایەداری وابەستەی یەکن، قەیرانی وڵاتێك لەڕێگای کەمبوونەوەی دەسکەوتو ڕاوەستانی ئابووریدا بەشێوەیەکی گشتی ڕەهەندی جیهانی پەیدا دەکات. تەنها ئەو یەکەو ڕشتانە زیانی کەمتریان بەر دەکەوێ کە سەرمایەی قەبەیان هەیە، هەربۆیە دەتوانن بەبێ ئەوەی تووشی زیانو شکست بن، ڕادەی بەرهەمەکان بەشێوەی مەبەست بهێننە خوارەوە. لەڕاستیدا لەم ڕێگایەوە قەیرانەکان دەبنە هۆکاری کەڵەکەو کۆبوونەوەی سەرمایە، چونکە بەرهەم هێنەرانی بچووك لەمەیدان دەکاتە دەرەوەو هێزە گەورەکان دەبنە مەردی مەیدان.

**چوارەم**، هەژموونو دەسەڵاتی سەرمایەی ماڵی دەست ئەکات بەگۆڕینی سروشتو کارکردی دەوڵەتو ئایدیۆلۆژی بۆرژوا لیبرالی لەسەر ڕێگای خۆی لادەدات. سەرمایەی ماڵی پێویستی بە دەسەڵاتی بەهێزی دەوڵەت هەیە کە لەو ڕێگایەوە بتوانێ لە بەرامبەر هێزە ڕکابەرو نەیارەکانی دەرەوەی وڵات پشتیوانی لەخۆی بکاتو بەیارمەتی دەسەڵاتی سیاسیو سەربازی، کاری ناردنە دەرەوەی سەرمایە ئاسان بکات. بەم دەسەڵاتە هاوبەشەی سەرمایەی ماڵیو دەسەڵاتی سیاسیو سەربازی دەوڵەت دەوترێ ئیمپریالیزم، کە ئەنجامی سروشتی تەمەرکوزی سەرمایەو هەوڵو خەباتە بۆ پاراستنو بەرەو باڵابردنی ئاستی قازانج. هەڵبەت (لەلای سەرمایەداری) ڕێگا چارەی دڵخواز ئەوەیە کە وڵاتی ناوەند (مەترۆپۆڵ) دەستی بگات بەخاكو بازاڕی تازە لەڕێگای دەسەڵاتی سیاسی، بۆئەوەی وڵاتانی داگیرکراو بتوانن هێزی کاری هەرزان دابین بکەن. سەرمایەی ماڵی سەرئەنجام داکۆکی دەکات لەسیاسەتی ئیمپریالیستیو پشتیوانی لەبڵاوبوونەوەی سەرمایەداری لەدوورترین شوێنی جیهان دەکات. چەکە ئایدۆلۆژییەکانی بۆرژوازی لیبرال لەمەودوا نرخیان نامێنێ. ئامانجەکانی بازرگانی ئازاد، ئاشتی، یەکسانیو

مرۆڤدۆستی هەموویان جێگای خۆیان دەدەن بەئاینێکی تازە کە بانگەوازی گەشەو فراوانبوونی سەرمایەی ماڵیو نەژاد پەرستی، ناسیۆنالیزمو ئامانجی دەسەڵاتی دەوڵەتو پەرستنی دەسەڵاتو هێز دەکات.

ئەم گۆڕانکارییانە کاریگەریی گرنگ لەسەر پێکهاتەی چینایەتی کۆمەڵگا دادەنێن. دژایەتی دێرینو هەندێك جار خوێناوی کە لەنێوان توێژەکانی سەرەوەو خوارەوەی بۆرژوازی، لەنێوان شارو لادێ، و نێوان بۆرژوازیو خاوەن زەوییەکان هەموو رۆژێك زیاتر کاڵ دەبێتەوە. هیلفردینگ ئەوەی نیشان داوە کە چۆن جەمسەرەکانی سەرمایە بەسەر تەواوی چالاکییە ئابوورییەکانی چینی ناوەڕاست زاڵ دەبێتو هەتابێت کۆمەڵگا بەرەو شێوەیەك لەچینایەتی بوون دەبات کە بەتەواوی جەمسەرگیری تیا رووبداتو چینی کرێکار لەلایەكو تەواوی کۆمەڵگا لەڕیزی بەرامبەردا دەوەستێ. وردە بۆرژوازی جگە لەو ئایندەیەی کە سەرمایەی گەورە بۆی دادەنێ رێگایەکی دیکەی نامێنێو هەتابێت هیچ چارەیەکی نابێت جگە لەوەی کە بەرژەوەندی خۆی بکاتە پاشکۆی کارتێلەکان. ئەم چینە لەهەمان کاتدا ئامادەیی تەواوی تێدایە بۆ پەسەندکردنی دیدگاو بۆچوونی ئیمپریالیزمو نەژاد پەرستیو ئەندێشەی بەدەستەوەگرتنی سیاسەتو دەسەڵاتی هەیە. گەشەکردنی تەکنۆژی ژمارەی چینی کرێکار کەمتر دەکاتو ئەمەش لەسەرەتادا رێژەییو لەسەرئەنجامدا رەها دەبێت. لەبەرامبەردا، ریزی بەڕێوەبەران، تەکنیکارانو بەڕێوەبەرانی بەرهەم هەموو رۆژێك زیاد دەکات. لە هەلومەرجی ئێستادا، ئەم چینو توێژانە بەئاشکرا نەك تەنها لەمەیدانی ئابووریدا، بەڵکو لەڕوانگەی بیرو ئەندێشەشدا وابەستەن بەسەرمایەی ماڵیو دەبنە پشتیوانی بزوتنەوە سیاسیە کۆنە پەرستەکانیش. بەڵام هەلومەرجو جێگاو رێگای ئەم چینانە شایانی شکانو ترازانو گورز خواردنە. داواکردنو خواستی کارو دامەزراندن بۆ ئەمانو تواناکانیان کەمترە لە خستنە ڕووی تواناو ئامادەییانو هەربۆیەش دەتوانرێت رەوتی کەمکردنەوەو سنووردارکردنی ژمارەی ئەم جۆرە لەکارمەندانو تەکنیکاران لەڕێگای رێکخستنو سازماندانی هەرچی زیاتر لایەنی هونەریو تەکنیکی بەڕێوە بردندا، ئەنجام بگات. دەتوانین لەئایندەدا ئەوە ببینین کە ژمارەی ئەندامانی ئەم چینە،





لەدوای تێگەیشتن لە هەلومەرجی راستەقینەی ژیانو بەرژەوەندییان، هەتابێت بەرەو کرێکاری کرێگرتە دەچنو نزیك دەبنەوە لە هەلومەرجی چینی کرێکار، و چارەنووسی خۆشیان لەگەڵ چینی کرێکاردا گرێ دەدەن.

**پێنجەم**، دەسەڵاتی سەرمایەی ماڵی جیاوازیو ناکۆکی چینایەتی لەناونابات، بەڵکو بەرەو توندوتیژترین شێوەی دەبات. لەهەمانکاتدا، پێکهاتەی چینایەتی کۆمەڵگا بەشێوەیەك لێدەکات کە هێزە سیاسیە میانڕەوەکان لەناو دەباتو هێزە دژەکانی پرۆلیتاریاو ئۆلیگارشی ماڵی دەخاتە بەرامبەر یەك. رێکخراوە ئابوورییەکانی چینی کرێکار بۆ ریفۆرمو چاکسازی هەلومەرجی فرۆشتنی هێزی کار خەبات دەکەن، و سەرئەنجام لەدوای ئەم خەباتە بەشێنەیی دەبنە هێزی سیاسیو لەمەودوا گورز لەسنوورو رەهەندەکانی کۆمەڵگای بۆرژوازی دەدەن. ئاوێتە بوونو هاوکاری دەزگای دەوڵەتو سەرمایەی ماڵی بەشێوەیەك ئاشکرایە کە تەنانەت سادەترینو نەزان ترین کەسەکانی ناو چینی کرێکار دەزانن کە پەیوەندیو بەرژەوەندی خۆیان (وەکو یەك چین) و تەواوی سیستەمی دەسەڵاتدار لەدژایەتیدان.

پرۆلیتاریا هەڵبەت ناتوانێ لەبەرامبەر ئیمپریالیزمدا داکۆکی لەدروشمی کۆنەپەرستانەو خەیاڵی گەڕانەوە بۆ بازرگانی ئازادو ئابووری لیبڕالی بکات.

تەنها وەڵامی پرۆلیتاریا بەرامبەر ئیمپریالیزم، سۆسیالیزم دەبێت. ئیمپریالیزمو دەسەڵاتی سەرمایەی ماڵی تەنها لەڕێگای جەنگ فرۆشتنو کارەساتی سیاسی کە ئاگایی پرۆلیتاریا بەرەو شۆڕشگێڕی دەبات زەمینە بۆ خەباتی سیاسیو سەرکەوتنی سۆسیالیزم فەراهەم ناکات، بەڵکو لەڕێگای کۆمەڵایەتیکردنی زیاتری بەرهەم هێنانو سەرمایەوە ئەم زەمینە زیاتر ئامادە دەکات.

سەرمایەی ماڵی بەڕێوەبردنی بەرهەم هێنان لەخاوەنداریێتی جیادەکاتەوەو سەرمایەی کەڵەکە بووی قەبە دەخاتە ژێر دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی جیا لەو سەرمایە هەرکاتێك پرۆلیتاریا دەسەڵات بگرێتە دەست، داخوازی دەست بەسەراگرتنی (پارەی) ئولیگارشی ماڵی لەلایەن دەوڵەتەوە کارێکی تاڕادەیەك ئاسان دەبێت. دەوڵەت نابێت

هەموو رشتەو یەکە بچووكو ناوەنجییەکان موسادەرە بکات، کە لەئێستادا بەناچاری وابەستەن بەسەرمایەی ماڵی گەورەوەو لەڕاستیدا دەوڵەت پێویستی بەوکارەش نییە. بۆ کۆنترۆڵکردنی بەرهەم هێنان تەنها ئەوە بەسە بانکە گەورەکانو کۆمپانیا پیشەسازییە مەزنەکان موسادەرەبکرێن. ئەگەر دەوڵەت سەر بەچینی کرێکاربێت، ئەوکاتە دەسەڵاتی ئابووری خۆی لەڕێگای بەرژەوەندی گشتیو نەتەوەییدا بەکاردەهێنێو عەوداڵی قازانجو سوودی تایبەتی نابێت. دەست بەسەراگرتنی یەکجاریو تەواوی هەموو رشتەو یەکە ئابوورییەکان لەڕوانگەی ئابوورییدا زیادەیەو لەباری سیاسیشەوە مەترسیدارە.

هیلفردینگ لەکۆتایی ئەم کتێبەدا ئەو "یاسا مێژووییە" فۆرمۆلە دەکات کە "لەسیستەمە کۆمەڵایەتیەکاندا لەسەر بنەمای دژایەتی چینایەتی دامەزراون، گۆڕانکاری سەرەکی کاتێك روودەدات کە چینی دەسەڵاتدار بتوانێت هێزەکانی خۆی بەباڵاترین پلەی تەمەرکوز بەرێت"، ئەو وای گومان دەکرد کە کۆمەڵگاکانی بۆرژوازی بەم قۆناغە دەگەنو بەناچاری هەلومەرجی ئابووری بۆ دیکتاتۆری پرۆلیتاریا ئامادە دەکەن.

کتێبی (سەرمایەی ماڵی) زیاتر لەهەموو نووسینو بەرهەمەکانی پەیڕەوی سۆسیالیزمی نەمسا کاریگەریی لەسەر ئاڵوگۆڕەکانی ناو مارکسیزم هەبوو. لەڕاستیدا گشتی ترین هەوڵی زانستیو مارکسیستی بوو بۆ دیاریکردنی ئەو گۆڕانکارییە ئابوورییانەی جیهان کە لەدوای مەرگی مارکس روویاندا بوو. هیلفردینگ لەو یەکەمین کەسانە بوو کە گرنگیو کاریگەری جیابوونەوەی خاوەنداریێتی سەرمایەی لەبەڕێوەبردنی بەرهەمو پیشەسازیو بانکداری دەست نیشانکردو دەوری گرنگی هەموو رۆژەی بەڕێوەبەرانو تەکنیکارانی وەبیری خەڵك هێنایەوە. ئەو توانی فۆرمۆلەی رۆشنو بەهێز لەپەیامە سیاسیو ئابوورییەکانی سەردەمی تازەی کۆبوونەوەی سەرمایە بخاتە روو[9].

---

[9] - لشك کولاکوفسکی، ه. س. پ. ل ل ٣٣٥ ـ ٣٤٢.

## جان جۆریس،
## سۆسیالیزمی ئازادیخوازو ئاشتی خواز
## مارکسیزم وەکو زانستی رزگاری





### کورتەیەك لەژیانو خەباتو بەرهەم

جان جۆریس لەساڵی ١٨٥٩ لەشاری کاستری خوارووی فەرەنسا هاتۆتە دنیاوە. لەهەمان شوێن خوێندن تەواو دەکاتو پاشان دەچێتە کۆلیژی ئیکۆل نۆرمال لەپاریس. لەساڵی ١٨٨١ لەتاقیکردنەوەی کۆنکۆر پلەی سێهەم بەدەست دەهێنێ، کەسی یەکەمی ئەم ئەزموونە پاشان نەیتوانی ببێتە یەکێك لەکەسە ناودارەکان، بەڵامی کەسی دووەم "هێنری بێرگسۆن" بوو کە یەکێکە لەفەیلەسوفە ناودارەکانی فەرەنسا. جۆریس دوو ساڵ دواتر دەبێت بە مامۆستای یاریدەدەر لەزانکۆی تۆلۆز، لەساڵی ١٨٨٥ وەکو نوێنەری کۆماریخوازەکانی فەرەنساو نەیار بەرامبەر ئەحزابی سەڵتەنەت خوازو وابەستە بەکەنیسە، دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی پەرلەمان. لەم سەردەمە بەدواوە تارادەیەك بەرەو بیروباوەڕی سۆسیالیستی دەچێتو هەر لەهەمان ئەو سەرەتایەدا بڕوا بەوە دەهێنێ کە ئەم بیروباوەڕانە گەشەو تەکامولی رەسەنی ئامانجەکانی شۆڕشی گەورەی فەرەنسین. لەساڵی ١٨٨٩ بۆ پەرلەمان هەڵنابژێرێو پاشان دەگەڕێتەوە بۆ تۆلۆزو دوو ساڵ تەرخان دەکات بۆ نووسینی نامەی دکتۆرا. نامەی دکتۆراکەی بەناوی (واقعیەتی جیهانی هەست پێکراو) دەبێتو لەساڵی ١٨٩١ چاپ دەکرێتو پاشان لە ١٩٠٢ جارێکتر چاپ دەکرێتەوە.

ئەم نامەی دکتۆرایە باسێکی بە تەواوی فەلسەفی بوو، کە دیدگا سەرەکیو رەسەنەکانی ئەوی تیا بەیان کرابوو. لەبەشەکانی دیکەی ئەم باسەدا ئاماژە بەو دیدگا فەلسەفیانە دەدەین، کە بۆ ناسینو دەرك کردنی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو، ئاگا بوونمان لەم دیدگایانە گرنگی فراوانیان هەیە. نامەی دووەمی دکتۆرای جۆریس کە بەزمانی لاتینی بوو، دەربارەی سۆسیالیزم دەدوێتو بەناوی (ریشەکانی سۆسیالیزمی ئەڵمانی لەلای لۆتەر، کانت، فیختەو هیگڵ) کە ئەویش لەساڵی ١٨٩١ چاپکراو پاشان لەساڵی ١٨٩٢ بەزمانی فەرەنسی چاپ کرایەوە. ئەم نامەیە ڕەگو ریشەی ئەندێشەی سۆسیالیستی جان جۆریس بەیان دەکات، لەوێدا سەرچاوەو زەمینەی دیدگای فەلسەفی تیۆری کۆمەڵایەتی لاسالو مارکس دەخاتە روو. لەم سەردەمەدا گەلێك وتارو

لێکۆڵینەوەی سۆسیالیستی نووسیوەو زۆربەیانی لەگۆڤاری (دپش دو تولوز)دا بڵاوکردۆتەوە. لەساڵی ١٨٩٣، واتە ئەو کاتەی کە ئەندامی پەرلەمانی فەرەنسا بوو سۆسیالیستێك بوو کە نەك تەنها لایەنگری لەبنەماکانی سیستەمی سۆسیالیستی دەکرد بەڵکو بڕوای بەوە بوو کە چارەنووسی ئایندەی ئەم بنەما سۆسیالیستیانە لەگرەوی کارو خەباتی چینی کرێکاردایە. لەماوەی پێنج ساڵی دواتردا دەبێتە رابەرێکی ناسراوو تیۆرمەندی بەرجەستەی گروپی سۆسیالیستەکان لەپەرلەمان، تا ساڵی ١٩١٤ ژیانی ئەو بەشێکە لەخەباتو تێکۆشانی تەواوی مێژووی فەرەنسا لەتەواوی پرسو کێشەکانی ئەم سەردەمە وەکو ـ ڕووداوی دریفۆس‌و کێشەی سیاسەتی میللران، پرسو کێشەکانی جەنگو ئاشتی، داگیرکردنی مەراکیش‌و ئیمپریالیزمی فەرەنسا، پرسو مەسەلەی ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیستی ـ راو دیدگاکانی جۆریس گرنگو هەندێك جار کاریگەرو بڕیاردەریش بوون. بەشێوەی گشتی رەگو ریشەی بیروڕاکانی ئەو بەشێکن لەبنەمای تێگەیشتنی فەلسەفی، ئەمەش وا دەکات کە بەدڵو گیان بچێتە ناو کێشەکانەوەو پەرواى تاکتیکی لەمێشکدا نەبێت. هەر لەبەر ئەمەش بوو کە ناکۆك بوو لەگەڵ یەکێکی دیکە لەرابەرەکانی سۆسیالیزمی فەرەنسا بەناوی (جۆل گسد) کە بڕوای بە پرسە تاکتیکی‌و بەرژەوەندییەکان هەبوو. جان جۆریس وا بیری دەکردەوە کە بزوتنەوەی سۆسیالیستی دەبێت لایەنگری لەهەموو ئەو پرسانە بکات کە مافی مرۆڤایەتیان تێدایەو گرنگ نییە کێ دەبێتە قوربانی یان پەیوەندی بەکام گروپو چینەوە دەبێت. لەبەرئەوەی سۆسیالیزم، نەك تەنها لەدوای شۆڕش، بەڵکو هەر لەئێستاوە، پاسەوانی هەموو بەها مرۆڤدۆستیەکانە. کاتێك جۆریس لەدوای گومانێکی زۆر سەرئەنجام لایەنگری کرد لەکاری مللیران بۆ پەیوەست بوون بەکابینەی حکومەتی والدك ـ رۆسۆ نەیاری‌و رقی تەواوی باڵی چەپی حیزبی سۆسیالیستی وروژاند، هەڵوێستی جان جۆریس لەم کارە لەبەر ئەوە بوو بڕوای وابوو کە دەبێت لەهەموو هەلەکان سوود وەربگرین بۆ کاریگەربوون لەسەر شێوەکانی ئێستای ژیانی کۆمەڵایەتی، نابێت لەبەر قازانجی تاکتیك‌و ستراتیژ خۆمان لەو کارانە بدزینەوە. نەیارانی ئەو لەناو بزاڤی سۆسیالیستیدا دەیانوت جۆریس بە تەواوی وازی لەدیدگای چینایەتی هێناوەو





ئامادەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی کورت خایان لەگەڵ بەدناوترین هێزدا هاوپەیمان بێت. ئەوان دەیانوت کە جۆریس ریفۆرمیستێکی هەلپەرستە. بەڵام لەڕاستیداو لەم زەمینەیەدا جۆریس ریفۆرمیستێك نەبوو کە "ئامانجی کۆتایی سۆسیالیزم" رەها بکاتو تەنها چاوی لەبەرژەوەندی کورت خایانو جوزئی چینی کرێکاربێت. بەپێچەوانەوە ئەو زۆر بڕوای بە بنەماو ئامانجەکانی سۆسیالیزم هەبوو. بەڵام بەپێچەوانەی سەندیکالیستە شۆڕشگێڕەکانو باڵی چەپی توندڕەوی ناو نێونەتەوەیی دووەم، بەڵام هاوڕا لەگەڵ بەشی مەزنی میانڕەوەکان، داکۆکی لەریفۆرمەکان دەکرد کە نەك تەنها خۆ ئامادەکردن بێت بۆ نەبەردی کۆتایی، بەڵکو بەو مانایەی کە ریفۆرمو چاکسازی هەلومەرجی ئێستایی بۆ ژیانی کرێکاران فەراهەم دەکات.

پرۆلیتاریا تەنها هێزو چینی ئازادیخوازو چاکە خوازی ناو کۆمەڵگا نییە، لەبەر ئەوەی ئەو بڕوای وابوو کە بەهاکانی مرۆڤ تەنها کارو ئامانجی یەك چینی تایبەتی نییە، هەرچەندە کە چینی کرێکار پەیامی گەشەو تەواو کردنو بەئاکام گەیاندنی ئەو بەهایانەی لەئەستۆیە. بەبڕوای ئەو سیاسەتی ئاشتی‌و سازش‌و رێکەوتنی شێنەیی یەکسان نییە لەگەڵ هەلپەرستی یان بێ بڕوایی بە بنەما دڵخوازەکان، بەڵکو هێز نواندنە بۆ بڕوابوون بە ئامانجی سۆسیالیزم. نەیارانی سۆسیالیزم دەبێت ناچار بکەین کە لەزۆرێك لەپرسەکاندا، بڵێن هەق لەلای سۆسیالیستەکانەو بەم جۆرە سۆسیالیزم لەزەمینەو مەیدانەکانی دەرەوەی خەباتی چینایەتی‌و سۆسیالیستیش شایستەو مەزن دەکەین.

جان جۆریس، وێڕای ئەوەی کە تێکۆشەرو خەباتکارێکی مەیدانی‌و ئەندامی پەرلەمان بوو بۆ داکۆکی کردن لەمافی مرۆڤایەتی‌و سۆسیالیستی‌و ژیانی ئەو بەردەوام لەخەباتی بێ پسانەوەدا بوو، بەڵام لەهەمان کاتیشدا یەکێکە لەو بیرمەندو رووناکبیرە گەورانەی کە وتار لێکۆڵینەوەو کتێبی بەنرخی بەچاپ گەیاندووە. ئەم کتێبانەی کە ناویان دەهێنین، نووسینی ئەون لەدوای ساڵی ١٨٩٨، واتە دوای ئەوەی کە بۆ پەرلەمان هەڵنابژێرێت. "ئەزموونەکان" ١٨٩٨ سەبارەت بەپرس‌و کێشەی دریفۆس. "لێکۆڵینەوەکانی سۆسیالیستی" ١٩٠١ و چاپی دووەم ١٩٠٢ کە باسی تیۆری‌و

فكرییە دەربارەی سۆسیالیزم. "كاری سۆسیالیستی" ١٨٩٧ و "سیستەمی سۆسیالیستی فەرەنسا"، "سوپای نوێ" ساڵی چاپ دیاری نەكراوە. كتێبی "مێژووی سۆسیالیستی شۆڕشی فەرەنسا"ی لەنێوان ١٧٨٩ ـ ١٩٠٠ نووسیو كە یەكێكە لەسەرچاوە گرنگەكانی ئەندێشەی سۆسیالیستی لەفەرەنسای دوای شۆڕش. هەموو كتێبو نووسینو وتارو لێكۆڵینەوەكانی جۆریس لەساڵی ١٩٣١ لەلایەن م. بۆنافو وەكو كۆمەڵێك چاپ كران كە نۆبەشی گەورەی لەخۆگرتبوو.

ساڵانی كۆتایی ژیانی جۆریس لەژێر كاریگەری هەلومەرجی جەنگدابوو، ئەو ساڵانە زۆربەی بیرمەندانو سۆسیالیستەكان ترسی بەرپابوونی جەنگیان هەبوو جۆریس لەرۆژی ٣١ی دیسەمبەری ساڵی ١٩١٤ بە گوللەی یەكێك لەناسیۆنالیستە توندڕەوەكان شەهید دەكرێت لەیەكێك لەكافیتریاكانی پاریس. جۆریس بێگومان یەكێك بوو لەمەزنترینو پڕ بەرهەمترین بیرمەندانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی كە پەیوەندی فراوانی بە هەموو ژیانی كۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەوە هەبوو. هەر چەندە هەندێك كەس نەیارو ناكۆك بوون لەگەل ئەوداو قسەیان پێدەگوت، بەڵام زۆرترین باسو كەسەكان ستایشی رۆڵو نەخشی ئەو دەكەن لەخەباتی ئازادیو سۆسیالیستیداو هەموو ئەو كەسانەش كە دۆستایەتیان لەگەڵ ئەو هەبووە یان دیداری ئەویان كردووە، بەناوی دۆستو هاوڕێی ئازیز ناویان هێناوە[1].

[1] لشك كولاكوفسكی، جریان های اصلی درماركسیزم (بەشی ژان ژورس)، ترجمەی عباس میلانی. ل ل ١٣٨ ـ ١٤١.





## دوورنماو ئاسۆی بیروڕاكانی جۆریس

جان جۆریس یەكێك بوو لەو كەسانەی كە نەیاربوو لەگەڵ گێڕانەوەی ئەرسەدۆكسی ماركسیستی، ئەو هێندەی نزیك بوو لەدیدگای پێداچوونەوەی ماركسیزم لەلای برنشتاین لەهیچكام لەباڵەكانی دیكەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی نزیك نەبوو، بەڵام بەپێچەوانەی برنشتاین بڕوای بەئامانجی كۆتایی سۆسیالیزم هەبوو، هەر چەندە ئەو كە لایەنگیری لەڕەوشو جێگاو رێگای ریفۆرمیستیش دەكرد. بەبڕوای ئەو ماركسیزم لەخۆیدا هەڵگری ئامڕازو هۆكاری پێویستە بۆ پێداچوونەوەو تازەكردنەوەی بیروڕاكانی، جۆریس بەپێچەوانەی برنشتاین تەنها بڕوای بەوە نەبوو كە پێشكەوتنو ئاڵوگۆڕە مێژووییەكان هەندێك لەبیروڕاكانی ماركسیان ناشایستە كردووە، بەڵكو ئەو دەیگوت ئەو هەندە لەبیری ماركس هەر لەسەرەتاو بنەڕەتەوە ناڕاست بوون.

جۆریس بە تایبەتی سەبارەت بەدیدگای ماتریالیستی ماركس رەخنەی هەبوو، ئەو وابیری دەكردەوە كە جیهان شتێكی زیاتر بێت لەمادەو وزە، و توخمی رۆحانی دەتوانێ پارێزەری سیستەمو هاوئاهەنگی بێت لەجیهاندا. هەروەها جۆریس پێویست بوونی سۆسیالیزمی بەپرسێكی ئەخلاقی دەزانی نەك تەنها مەسەلەی بیروباوەڕ یان ئاكامی رەوتی مێژوویی. بەشێوەیەكی رۆشنتر، ئەو دەیگوت سۆسیالیزم مەرجی پێویست نییە بۆ بەردەوامبوونی ژیانی كۆمەڵایەتی، بەڵكو مەرجی پێویستە بۆ خۆشبەختیو ئازادیو رزگاری مرۆڤ، كە ئەمەش لەخۆوە نایەتە دی بەڵكو دەبێت بە خەباتو تێكۆشان بەدی بهێنرێت. هەروەها سۆسیالیزم تەنها لەدەسەڵاتی نامەركەزیو كێبەركێی سەندیكاو هەرەوەزیو رێكخراوە جەماوەرییەكاندا دەتوانرێت بهێنرێتەدی نەك لەچوارچێوەی "دەوڵەت"دا هەر بۆیە سۆسیالیزم بەبی نامەركەزی بوون نابێت. ئامانجی سۆسیالیزم رزگاربوونی مرۆڤە لەهەموو ستەمێكی سیاسیو چەوسانەوەیەكی ئابووری. لەبەر ئەوەی كە چینی كرێكار لەچینەكانی دیكە زیاتر گرفتاری ستەمو چەساندنەوەیە، هەر بۆیە ئازادبوونی ئەو چینە دەبێتە هێمای رزگاربوونی هەموو مرۆڤایەتی. رزگاری هەموو مرۆڤایەتیش ئەو مانایە لەخۆ دەگرێت كە هاوكاری چینەكانی كۆمەڵایەتی لەسەر پایەو بنەمای عەدالەتی كۆمەڵایەتی مەرجی پێویستە

بۆ چاککردنی هەلومەرجی ژیانی مرۆڤ. هەر لەبەر ئەمەش بوو کە جۆریس پشتیوانی لەبەشداربوونی سۆسیالیستەکان دەکرد لەحکومەتەکانی بۆرژوازی. یەکێك لەدیدگا سەرنج ڕاکێشەکانی جۆریس ئەوە بوو کە سۆسیالیزم بەمانای "دیموکراسی ئابووری" دێت کە لەوێدا دەبێت کرێکاران بەڕێوەبردنی کارگەکان بەدەستەوە بگرن یان بەشی سەرەکیان هەبێت لەبەڕێوەبردنی ئابووری وڵاتدا.

بەبڕوای جۆریس شارستانی سۆسیالیستی پێویستو نیازی بەئاشتی جیهانیو هەمە لایەنە هەیە، هەم لەنێوان وڵاتانو نەتەوەکانو هەم لەنێوان چینە کۆمەڵایەتییەکانی ناو یەك کۆمەڵگا. ناتوانین سۆسیالیزم بەزەبری زۆرو توندوتیژیو سەرکوت بەرپا بکەین. ئەو زۆر بەتوندی ڕەخنەی لەلایەنگرانی زۆرو توندو تیژی دەگرتو لەبەرامبەر سەندیکالیستە ڕادیکالەکان نەیاری توندی دەنواند، چونکە ئەوان داکۆکییان لەمانگرتنی گشتی دەکرد. بەبڕوای جۆریس خودی سۆسیالیزم لەڕێگای شۆڕشی سیاسی توندو تیژیەوە بەڕابەری کەمایەتیەکی خەباتکار نایەتەدی، سۆسیالیزم بەشێوەی گشتی نەیارو ناکۆکە لەگەڵ دەسەڵاتداری فەرماندارو هەژموونگەرا. لەلای جۆریس لەنێوان ئاوابوونی سەرمایەداریو هێنانەدی سۆسیالیزم سنووری جیاکەرەوە نییە، سۆسیالیزمیش وەکو سەرمایەداری لەدەورانو قۆناغەکانی دروست بوونی خۆیدا پلە بەپلەو قۆناغ بەقۆناغ بەدی دێت، نەك بەشێوەیەکی ناگەهانو کتوپڕ بەڵکو بەشێوەی لەسەرخۆو شێنەیی دێتە دی. بەبڕوای جۆریس "شۆڕشی شێنەیی سۆسیالیزم" کارێکە نکۆڵی لێناکرێت، بەڵام ئەمەش لەڕێگای چالاکی ئازادو خەباتی گروپە کۆمەڵایەتیەکان فەراهەم دەکرێت. بەم مانایە، ریفۆرمی کۆمەڵایەتی هۆکارو پێداویستیی گرنگی شۆڕشی کۆمەڵایەتیەو لەم ڕووەوە دەبێت پشتیوانی لەهەموو بزاڤو گروپە ریفۆرمیستیەکان بکرێت. جۆریس لەوەڵامی ماتریالیزمی مێژوویدا، دڵنیایی لەوە دەکات کە توخمەکانی سەرخانی فەرهەنگی هەرچەندە کاتێکراو دەبێت لەلایەن هۆکارەکانی ژێرخانەوە، بەڵام بۆخۆشی خاوەن مەنتقو مێژووی تەکامولو ئاڵوگۆڕی تایبەتی خۆیەتیو ناکرێت تەنها بەرەنگدانەوەی ژێرخان بزانرێت.





ئەندێشەکانی جان جۆریس پاشان لەساڵانی دواتری سەدەی بیستەمدا لەلای پەیڕەوانی مەکتەبەکانی دیکەی مارکسیزم گرنگی زۆریان پەیدا کرد[2].

**جان جۆریس سیاسەتمەدار، فەیلەسوفو مێژوونووس**

ئەو سەرەتا مامۆستای فەلسەفە بوو، بەڵام دوایی ڕووی کردە سیاسەت. فەلسەفەی ئەو بە "یەکێتی بوونی شۆڕشگێڕانە" پێناسە دەکرێت. سەرەتای سیاسەتی ئەو پەیوەست بوونیەتی بە "پارتی کرێکارانی فەرەنسا"و هەمیشە لەهەوڵو تێکۆشاندا بووە بۆ یەکێتیو هاوکاری لەناو بزاڤی سۆسیالیستی فەرەنساو جیهاندا. لەساڵی ١٨٩٨ یەکێك بووە لەدروستکەرانی سەرهەڵدانی لایەنگرانی دریفۆس. دریفۆس ئەفسەرێکی یەهودی بوو لەسوپای فەرەنسا کە لەلایەن نەتەوەپەرستە توندڕەوەکانەوە بەخیانەتی مەزنی نیشتمانی تۆمەتبار کرابوو. لەساڵی ١٩٠٥ یەکێکە لەڕابەرانی دامەزراندنی پارتی سۆسیالیستی فەرەنسا، کە بەبەشی فەرەنسای نێونەتەوەیی سۆسیالیستی ناسرابوو.

ساڵێك بەر لەدامەزراندنی پارتی سۆسیالیست، ڕۆژنامەی (ئۆمانیتە) مرۆڤایەتی بڵاوکردەوە (تا ئێستا ئەم ڕۆژنامەیە بەهەمان ناو لەلایەن پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسا بەیادو ڕێزی ئەو دەردەچێت). بوونی ئەو لەپەرلەمان هۆکاری گرنگو بڕیاردەر بوو بۆ دەرچوونی کۆمەڵێك یاسای سۆسیالیستی لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانی فەرەنسا. ئەو زۆر بەسەختی نەیارو ناکۆك بوو بەرامبەر ئیمپریالیزمو بڵاوبوونەوەی نەژادپەرستیو هەر لەم پێناوەشدا گیانی بەخت کرد، کە لەلایەن نەتەوە پەرستانی توندڕەو تێرۆر کرا.

ئەگەر جۆریس ماتریالیزمی ئابووریو تیۆری خەباتی چینایەتی مارکسی پەسەند کرد، بەڵام سۆسیالیزمی ئەو ئازادیخوازو دیموکراتیك بوو. بەبێ ئەوەی بڕوای بە

[2] حسین بشیریه، اندیشه‌های مارکسیستی درقرن بیستم، نشرنی، چاپ ششم ١٣٨٤، تهران، ل ل ٥٨ ـ ٥٩.

پەنابردن بۆ دەسەڵاتو زۆری شۆڕشگێرانە هەبێت، دیدگای چینایەتی پرۆلیتاریای پەیڕەو دەکرد کە لەهەمان کاتدا دوور بوو لەدیدی توندوتیژو خوێناوی، بەڵام زۆر بڕوای بە "گەشەو تەکامولی شۆڕشگێڕانە" هەبوو کە لەلای ئەو ئەم بۆچوونە لەدیموکراسی کۆماری خوازو دیموکراسی راستەوخۆو ئابووریدا لەڕێگای گەشەو پێشکەوتنی چینی کرێکاردا دەهاتە دی. هەرچەند ئەو زۆر پەیوەست بوو بەچینی کرێکارەوە، بەڵام هیچکات دیکتاتۆری پرۆلیتاریای پێ راست نەبوو.

ئەو هەمیشە دەیگوت کە دەبێت سوپای نوێ بە بیروباوەڕی نوێ دروست بکرێت. ئەنترناسیۆنالیزمی ریفۆرمخوازی ئەو لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی بەتوندی گرێدرا بوو لەگەڵ نیشتمان پەروەری دیموکراسیدا. ئامانجی سەرەکی جۆریس ئەوە بوو کە هەمیشە لەگەڵ هەموو بەشەکانی چینی کرێکاردا پەیوەندی هەبێتو هەر لەبەر ئەوەش بوو دەیویست لەگەڵ باڵی سەندیکالیزمی شۆڕشگێڕانە هاوکاری بکات، هەرچەندە لەهەندێك زەمینەو دیدگادا لەگەڵیان جیاواز بوو. جۆریس کە دوژمنی سەرسەختی جەنگ بوو بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، واتە نەبوونی جەنگ، لایەنگیری لەمانگرتنی گشتی دەکرد. ئەو کاتێك لایەنگری لەشۆڕشو راپەڕین دەکرد کە هاوکات لەهەموو وڵاتاندا بەرپابکرێت. بەرنامەی سۆسیالیستی جۆریس بریتییە لەبەشداریکردن لەهەڵبژاردنەکانو پەیڕەوی لەڕەوشی خەباتی پەرلەمانیو بڕوای بەوە بوو کە بەدەست هێنانی دەسەڵات بەندە بەهێزی ئایندەی چینی کرێکارو پەنابردن بۆ مانگرتنی گشتیش بەندە بە هەلومەرجی تایبەتی، نەك شێوازی بەردەوامی خەبات.

جۆریس لەکۆنگرەی ١٩٠٨ وەکو رابەری حیزبی سۆسیالیستی فەرەنسا هەڵبژێرا. لەم سەردەمەدا کە زۆر دوور بوو لەبیروباوەڕی پیلانو توندو تیژی بلانکیّ، بڕوای بەوە بوو کە هێزی بزاڤی سۆسیالیستی لەهێزی چینی کرێکاردایەو هەر بۆیەش بەردەوام لەوە دڵنیا بوو کە دیموکراسی زەمینەی بەهێزبوونی ئەو چینەیە، واتە ئەو شتەی کە لەساڵی ١٩٠٧ بەدواوە لەلایەن ئەنترناسیۆنالیستی سۆسیالیستی فەراموش کرابوو. بەڵام ئەو هەمیشە دەیگوت کە یەکێك لەکارو فەرمانە بەردەوامو سەرەکیەکان پەروەردەکردنی کرێکارانە. لەڕاستیدا سیاسەتو دوورنمای جۆریس لەنێوان سێ هێڵدا





بەردەوام بوو، خەباتو سەنگەری ناو کۆنگرەکان، رەوشی خەباتی پەرلەمانیو رێزگرتن لەدەنگی زۆرینەو شێوازی خەباتی رووناکبیری. ئەو هەروەکو لێون بلۆم بە تەواوی بڕوای بەوە نەبوو کە بیروڕاکانی مارکس بە تەواوی ناڕاستن، بەڵکو دەیگوت کە دیدگاکانی ئەو هێشتا ناتەواونو بۆ نموونە بڕوای وابوو کە دامەزراندنی دەوڵەتی سۆسیالیستی هێشتا نزیك نییە، کە ئەمەش بەرهەمی هۆشیارانەی زۆربەی مرۆڤە زیرەكو خاوەن فەرهەنگەکانە، نەك پێداویستیو ناچاری مێژوویی، بەڵکو دەبێت ئیرادەی تاکەکان بەرەو ئایندەیەکی باڵا بەرێت. بەبڕوای ئەو نابێت دەوڵەتی مەوجود "وێران" بکرێت، دەبێت لەناوخۆیدا "کۆنترۆڵ" بکرێت. ئەو لەرۆژنامەی ئۆمانیتەدا چەندین جار ئەوەی راگەیاندبوو کە دەبێت سۆسیالیزم لەسەر بناغەی حەقیقەتی مرۆڤایەتیو جیهانی جێگر بکرێت، کە ئەمەش سیستەمێکی عەقڵانییە لەبەرامبەر فەرامۆشکردنی عەقڵو هۆشی مرۆڤ، کە دژی پەرستنی توندو تیژییەو لەهەموو جێگایەك هەڕەشەکانی دەبینرێ. لەو مانایەدا سۆسیالیزم لەلای ئەو "پشتیوانییە لەئومێد". لەسەردەمی پێگەیشتنو پسپۆڕی جۆریس لەزمینەی بیرکردنەوەو بڕیاردانا، دەیخواست کە ئامانج خوازی لەگەڵ واقعیەت، تاك گەرایی لەگەڵ بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی، دیموکراسی لەگەڵ خەباتی چینایەتیو نیشتمان پەروەری لەگەڵ نێونەتەوەییدا ئاشت بکاتەوە. ئەو دەیویست کە لەیەك کاتدا کۆکردنەوەی سان سیمۆن، پرۆدۆن، فۆریەو مارکس بێت بەڵام بەپاراستنی رەخنە لەهەر یەکێك لەوان. بەبڕوای ئەو چینی کرێکار میراتگری نەریتی نەتەوایەتییەو سۆسیالیستەکانیش باشترین نیشتمان پەروەرن.

ئەو بەپێچەوانەی مارکس، دەوڵەتی بەئامرازی دەسەڵاتی چینایەتی نەدەناسی بەڵکو وەکو ئەگەرێك بۆ داوەری کردن تەماشای دەکرد. دەیگوت دەوڵەت نوێنەری یەك چین نییە، بەڵکو بەیانکەری پەیوەندییەکانی چینایەتییە، واتە پەیوەندی نێوان هێزەکانە. لەلای ئەو حکومەتی دیموکراتی یەك یەکەو دەسەڵاتی هاوئاهەنگ نییە، رووخسارێکی یەك لایەنە نییە کە دەبێت سۆسیالیستەکان بەچاوی دوژمن سەیری بکەن، بەڵکو دەتوانن تیایدا کار بکەنو ئەو حکومەتە بەدروستی بەکاربێنن.

لەسەر بناغەی ئەم بیروڕایانە، حیزبی سۆسیالیستی فەرەنسا لەنێوان ١٩٠٦ تا ١٩١٤ (ساڵی مەرگی جۆریس) بەخێرایی گەشەی کرد. وتارەکانی لەپەرلەمان لەدژی دەسەڵاتدارانی چەوسێنەرو خاوەن دیدی جەنگخواز، زۆر پڕهۆش و هاندان بوو. سۆسیالیستەکان لەساڵی ١٩٠٦ تەنها بیست و پێنج کورسیان لەپەرلەمان هەبوو، لەساڵی ١٩١٠ بوو بەحەفتاو پێنج کورسی و لە ١٩١٤ بوو بەسەدو سێ. ژمارەی ئەندامانی حیزبی سۆسیالیست لەساڵی ١٩٠٥ نزیکەی ٣٥ هەزار کەس دەبوو لەساڵی ١٩١٤ بوو بە ٧٢ هەزار. سەرەڕای نەخش و کاریگەری و رابەری جان جۆریس، بەڵام دوو باڵی دیکە لەناو پارتی سۆسیالیستدا هەبوون. یەکیان شۆڕشگێڕو توندو تیژو ئەوی دیکەیان لایەنگری ڕەوتی پێداچوونەوەی برنشتاین بوون.[3]

## دیدگای فەلسەفی جان جۆریس

## میتافیزیکی یەکێتی تەکامولی جیهانی

بەپێچەوانەی زۆربەی رابەرانی سۆسیالیست، جگە لە لاسال و مارکس، جۆریس فەیلەسوف بوو، بەمانای شارەزاو مامۆستا لەفەلسەفەدا. لەنامەی دکتۆراکەی دەربارەی فەلسەفەو بەناوی (واقعیەتی جیهانی هەست پێکراو) هیچ ئاماژەیەك لەکاریگەری مارکسیزم نابینرێ، بەڵکو زیاتر لەبیروباوەڕەکانی نیوکانتی ئیلهامی وەرگرتووە. مەبەست لەمەش ئەوە نییە کە ئەم کتێبە پەیوەندی نەبێت لەگەڵ چالاکی و نووسین و سیاسەتی ئەو، بەپێچەوانەوە، ئەم بەرهەمە زەمینەی میتافیزیکی ئەم چالاکیانەیەو کە لەهەمان کاتدا نیشاندەری دیدگای نا ئەرسەدۆکسی ئەوە بەرامبەر مارکسیزم. ئەو ڕوانگەیەی کە وای لەو کرد بەرەو سۆسیالیزم بچێت، خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەی مارکسیستی نەبوو، بەڵکو مەیل و هیوای ئەو بوو بەرەو پرسی ئەخلاقی و عەدالەت، کە زۆر پێش ئەوەی لەگەڵ مارکسیزم ئاشنا بێت، بڕوای بەو پرسانە هەبوو. بەبڕوای ئەو،

[3] مصطفی رحیمی، مارکس و سایەهایش، بەشی (ژان ژورس) انتشارات هرمس، چاپ اول، ١٣٨٣، ل ل ٢٨٧ ـ ٢٩٠.





مارکسیزم نەفەلسەفەو نەمیتافیزیك بوو، بەڵکو دیدگاو بەیانی تیۆری بزوتنەوەی سۆسیالیستی بوو. ئەو هەرگیز بەو مانایە مارکسیست نەبوو کە بڕوا بەوە بکات مارکسیزم کلیلی تێگەیشتنی هەموو پرسەکانی مرۆڤایەتی بێت.

ڕوانگەی فەلسەفی ئەو لەنامەی دکتۆراکەیدا، کە بەشێوەی پسپۆری و بەڵگەدار نووسراوەو کۆلێژی ئیکۆل نۆرماڵیش شایستەی ئەو کارانە بوو، هەوڵێك بوو بۆ ئاشتکردنەوەی زۆربە (یان تەواوی) دیدگا میتافیزیکیە ناکۆکەکان و نیشاندانی ئەوەی کە هەموو ئەم دیدگایانە لەبنەڕەتدا ڕاست و دروستن، بەڵام هیچکامیان ناتوانن ببنە چوارچێوەی تیۆری بۆ بوونی رەها یان تەواو. بڕوای فەلسەفی ئەو بەیانکردنی جۆرێکە لەیەکێتی بوونی تەکامولی کە بوونی تاکەکان (یان دیاردەو شتەکان) ناکات بەقوربانی پرسی ڕەها، بەڵکو ماف و بوونی تاکانە لەبەرامبەر مەیلی گشتی جیهان بەرەو یەکێتی کۆتایی، دەپارێزێ. کاتێك جۆرس باسی پرسی کلاسیکی فەلسەفەی لە ((پێشکەوتنی)) نێوان هەست و عەقڵدا لەکاری ئیدراکی هەستەییدا دەکرد، بڕوای بەشێوەیەك لە کانت گەرایی باوی سەردەمی خۆی هەبوو. دەڵێت لەو جێگایەی کە چۆنایەتییە هەستییەکان خۆیان بەشێوەی بەرجەستە پایەدار دەنوێنن، زهن یان عەقڵ ناچار دەبێ کە شتەکان وەکو گەوهەرێك ببینێ، ئەندێشەی جەوهەر یان گەڕانەوە بۆ جەوهەری شتەکان کە لەهەموو عەقڵ و زهنێکدا هەیە، تەنانەت لەعەقڵی ئەو دەستەیە لەو فەیلەسوفانەش کە دەڵێن جەوهەری دەرەکی (واتە دەرەوەی بیرکردنەوە) بوونی نییە. بێگومان ئەگەر یەکێتی گەوهەریی شتەکان خۆیان زانینی هەستەکی پەیدا نەکەن، هۆشیش دەستی بەو ئەندێشەیە ناگات، بەڵام خودی ئیدراکی هەستی ناتوانێت خود بەخود ڕێگا بباتە سەر ئەندێشەی جەوهەری، چونکە ئەم ڕێگا پەیدا کردنە کاری عەقڵە. لەم جۆرە بیرکردنەوەیەدا چەمکی "پرسی واقیع" و "پرسی گونجاو"یان عەقڵانی یەکێك نین.

بەڵام جۆریس لەم هەڵوێستە تەنها ئەپستمۆلۆجییە هەنگاوی فراوانتری ناو لەدوای ڕەخنەی کانتی، میتافیزیکێکی پۆزەتیڤی بەرهەم هێنا. لەلای ئەو عەقڵ سیستەمی جیهان بەرهەم ناهێنێ، بەڵام لەهەمان کاتدا تەنها کاریشی ئەوە نییە کە لەئەنجامی

ئیدراکی هەستەیی، ئەم سیستەمە تیایدا ڕەنگ بداتەوە. ئیدراکی هەستەکی سیستەمی باڵادەست بەسەر تەواوی بووندا تەنها لەو ڕووەوە مەیسەر دەبێت کە زهن خۆی بەشێك بێت لەم سیستەمە، بەرهەمی ئەم سیستەمەو یەکێك بێت لەو پێکهێنەرانە. شێوەکان‌و ئاستەکانی سیستەمی جیهانی لەیەك گشتی ئامانجداردا پێکەوە دەبن: سیستەمی ئەستێرەکان، پێکهاتە کیمیاییەکان، جیهانی زیندوو و جیهانی مرۆڤایەتی هەموویان بەشێکن لەئاڵوگۆڕێکی عەقلانی (گونجاو) بەرەو یەکێتی‌و هاوئاهەنگی خودایی. لەباڵاترین ئاستی بووندا، ئەندێشەو واقع یەك شتن، عەقڵ لەگەڵ جیهاندا ئامێزان دەبێت‌و بەرەو یەکبوون دەچێت. ئەم یەکبوونە کۆتاییە مەرجی مانا پەیداکردنی هەر گەردێکە لەواقعیەت، و لەهەمان کاتیشدا بڕیاردەری ئەو مانایەشە. "ڕێکەوتن" بوونی دەرەکی نییە، بەڵکو واژەیەکە کە بەتەواوی بەیانکەری سەرسامی عەقڵە لەبەرامبەر ئەو ڕووداوانەی کە هۆکاری جۆراوجۆریان هەیە، بەڵام ڕۆشنکردنەوەی مانای بوون خۆ بەخۆ بۆ نکۆڵی کردن لەئەندێشە ڕێکەوتنی مەبەست نییە، تەنانەت بۆ پەسەندکردنی ئەم دیدە تەنها ئەوە بەس نییە کە گوایە هەر گۆڕانێك لەخزمەتی ئامانجێکدایە. بەڵکو دەبێ چەمکێکی "پێشکەوتن" بوونی هەبێت کە تیایدا هەموو ڕووداوەکان خۆیان نەخشی خۆیان دەبینن، و ئەم خاڵەش لەخودی ئەندێشەی ئامانجدا نابینرێ. لەچەمکی پێشکەوتندا جودایی نێوان لایەنی پەنهان‌و لایەنی بوونی فعلی شاراوەیە. سەرئەنجام واقعیەتی هەر ڕووداوێکی دیاریکراو تەنها هۆکار یان ئامانجی لەپەیوەندی لەگەڵ ڕووداوەکانی دیکەدا دیاری دەکرێ، هۆکارێکی دیکەی دیاریکردن ئەو نەخشەیە کە ئەو ڕووداوە لەکاروانی هێنانەدی شێنەیی بەرەو رەها، واتە لەجووڵە بەرەو هاوئاهەنگی ئامانجدار، دەیبینێ. واقعیەت بریتییە لە شێوەی مەوجودو گۆڕاوی بوونی رەها. عەقڵی مرۆڤ مانای تەکامول دەزانێ‌و هەر بۆیەش یارمەتی هێنانەدی دەدات. و هەر بەم شێوەیەش دەبێت کە کاری تێگەیشتن لەهەستا ئاشکرابێ. بۆیە لەشیکردنەوەی وردا لەنێوان حەقیقەت‌و عەقڵ لەلایەك‌و هەستیش لەلایەکی دیکە "پێشکەوتن" بەرچاو ناکەوێت، چونکە لەکۆتاییدا





هەردووکیان هەر یەکن: بوونی شێوەکی فکرێك پەیدا دەکات‌و لەم ڕێگایەشەوە بڕوا بەخۆی دەهێنێ.

جۆریس توخمە سەرەتاییەکانی هەردوو جیهانی زهنی‌و جەستەیی لێکۆڵینەوە دەکات‌و تێدەکۆشێ مانادار‌بوونی هەموو ئەزموونەکانی زهن‌و هەستەکان بسەلمێنێ، بەڵام ئەم کارەش هەر لەڕوانگەی ئامانج ناسییەوە ئەنجام دەدات. بۆ نموونە، ئەم پرسە دەهێنێتە پێشەوە کە بۆچی لەدنیادا سێ رەهەند (دوورایی) بوونی هەیە (درێژی، پانی، بەرزی)و لەوەڵامدا دەڵێت کە هۆکاری ئەم پرسیارە ئەوەیە کە بنەمای پێشکەوتن یان پێشخستنی ئازادی دەتوانێ لەجیهانی جەستەییدا بێتە دی. ئەگەر تەنها یەك ڕەهەند یان دوورایی هەبوایە، ئەو کاتە، ئاڵوگۆڕ تەنها وەکو هێڵێکی راست تەنها بەشێوەی جوڵەی بۆ پێشەوە یان بۆ دواوە دەبوو، و لەدیدگای ئامانج خوازیدا، ئەم رەوشە بەو مانایە دەبێت کە دوورکەوتنەوە لەئامانجی کۆتایی تەنها کەمکردن یان زیادبوون دەبێت‌و بەشێوەیەکی دیکە، لەنێوان فەزیلەتی کۆیلایەتی‌و رەزالەتی رەهادا دێت‌و دەچێت. بەڵام ئازادی پێویستی بەوەیە کە بتوانین لەهێڵی ڕاست دەرباز بین‌و لەکاروانێکدا هەنگاو بنێین کە هەموو ئاڕاستەکان لەخۆبگرێ، یان بتوانین بەگۆشەی وەستاو لەسەر خودی هێڵە راستەکە جووڵە بکەین. هەروەها، ئازادی پێویستی بەبوونی ژمارەیەکی بێ سنوورە لەو هێڵانەی کە سەبارەت بەهێڵی ڕاستی سەرەکی، لەگۆشەی وەستاودا یەك دەگرنەوە. بەشێوەیەکی رۆشنتر، دەبێت سێ رەهەند بوونیان هەبێت، کە هەم پێویست‌و هەم کافیشن، و بەیانکەری ئازادی بێ سنوور، چالاکی بێ سنووری دەوێت، لەپانایی‌و فراوانی فەزادا.

خاڵی دەستپێکی سیستەمی میتافیزیکی جۆریس، بوونی ڕەهای خودی چوون یەکە Self – Identical Being (لەوەش دڵنیامان دەکاتەوە کە ئەم چەمکە لەگەڵ ئەندێشەی بوونی ڕەهادا چوون یەك نین)، واتە ئەو بوونە ڕەهایەی کە پارمنیدو هیگڵ لێی دواون. تەواوی شێوەکانی جوزئی (بەشەکانی) بوون، بەڕەوشێك کە بەتەواوی دیاریکراو نین، لەگەڵ بوونی رەهادا پەیوەندارن، بەڵام لەم پەیوەندییەی نێوان بوونی واقعی‌و روخساریدا جیاکردنەوە نابینرێ: هەموو ئەوەی کە بە ڕوخسار

یان وەهم دەبینرێ، بەتایبەتی لەزهنی مرۆڤدا، بوونی تایبەتی خۆیان هەیە. تەنانەت خەونەکانیش وەهمی تەنیا نییە: دێنە ناو ئیدراکی هەستەکانەوەو بەناچاری واقعیەتی تایبەتی خۆیان پەیدا دەکەن. ئاگایی بوونی رەها دەکات بەیەك وەهم، خودیش نە وەهمەو نە بەرجەستەیی بوونی ڕەها. بەپێچەوانەوە، بەهەمان شێوەی کە دێکارت بیرمان دەهێنێتەوە، ئاگاهی توانای ئەوەی هەیە بەتێڕامان دەربارەی خۆی، دەستی بگات بەواقعیەتی بوونی رەهاو بەم کارە خۆی نیشان دەدات کە بوونی خۆی نەك تەنها یەك واقعیەت بێت بەڵکو بوونێکی پێویستیشە. کاریگەرییەکان بەڕادەی جووڵەی جەستەکان کە لەلای ئێمە (بابەتین) ڕاستیو واقعی بوونیان هەیە، گەرچی واقعی بوونی ئەوان شێوەی دیکەیان هەیە. گۆڕانکاری لەناو بوونی ڕەهادا هەموو شتەکان لەخۆی دەگرێ، و مانا بەهەموو شت دەداو هەموو شتێك بەشێوەیەك ئاڕاستە دەکات. بوونی رەها ئارەزووی لەیەکێتی تەواوە، بەڵام بەو مەبەستە نا کە گەنجینەی فرەیی کە بەرجەستە بوونو جیلوەی بوونی رەهان، نابود بکات.

ئەم یەکێتییەش هەر خودی خودایە، و دەربارەی ئەو دەتوانین بڵێین کە لەسەرووی جیهانەوەیەو بەڵام بەتێگەیشتن هەر خودی جیهانە. ئەو هەناسەی هەر هەناسەیەك، دەروونی هەر دەروونێك، حەقیقەتی هەموو حەقیقەتێكو ئاگایی هەموو ئاگاییەکە. زهنی مرۆڤ پێویستی بەخودایە، هەر بەو شێوەیەی کە پێویستی بەعەدالەتە. هەر بۆیە ئیمان نیشانەی لاوازیو نەزانی نییە، بەپێچەوانەوە، ئەوانەی کە ئیمانیان نییەو نیازی ئیمان هەست پێناکەن، کەسانی کەم مایەن.

گرنگیو کاریگەری یەکێتی بوونی میتافیزیکی جۆریس لەمەیدانی تیۆری مارکسیستیدا نەبوو، بەڵکو لەوەدابوو کە بەرەو سۆسیالیزم بچێتو هەرگیز واز لەو دیدگایە نەهێنێ. لەساڵی ١٨٩٠ کاتێك کە سەرگەرمی نووسینی نامەی دکتۆرا بوو لەوتارێکی گۆڤاری دپش دوتولوز، ئومێدی کۆمەڵایەتیو ئایینی خۆی لەخەونی سەرکەوتنی سۆسیالیزمو هاوئاهەنگی شادمانی گشتیو شایستەیی مرۆڤایەتیدا کۆ دەکاتەوە، و لەو ڕۆژانەدا ئاوا دەنووسێ: مرۆڤەکان مانای قووڵی ژیانی خۆیان بەدەست دێنن، ئەو مانایەی کە ئامانجی پەنهانی هاوئاهەنگی هەموو هێزەکانو هەموو





عەقڵەکانو ئازادی تاکەکانە. مێژوو باشتر تێدەگەنو زیاتر دۆستیان دەبێ، چونکە مێژوو لەخۆیانەوە پەیدا بووەو ئەوان میراتگری تەواوی نەوەکانی مرۆڤن. جیهانیش باشتر تێدەگەن، لەبەرئەوەی کاتێك کە سەرکەوتنی عەقڵو رۆح لەمرۆڤایەتیدا دەبیننەوە، بەزوویی لەوە تێدەگەن جیهانی مرۆڤایەتی ناتوانێ لەبناغەدا بێ بەزەییو کوێر بێت، سەرئەنجام ئەوە دەزانن کە رۆحو مەعنەویەت لەهەموو جێگایەك هەنو جیهان جگە لەشەوقی شاراوەو بێ سنوور بۆ پێشکەوتن بەرەو هاوئاهەنگی، جوانی، ئازادیو چاکە، شتێکی دیکە نییە[٤].

جۆریس لەساڵی ١٩٠٠ لەوتارێك بەناوی (هونەرو سۆسیالیزم) دەگاتە ئەو بڕوایەی کە: سۆسیالیزم بەشێکە لەمەیلو ئارەزووی گشتی بەرەو هاوئاهەنگی - سۆسیالیزم ئاڕاستەیەکە کە مانا دەدات بەهەموو خەباتو رەنجەکان کە مێژوو لێیان پڕ بووە. بڕوای ئەو دیدگایەکی ئایینی هەبوو، بەڵام لەبۆچوونی یەکێتی بوون (وحدە الوجود) نزیك بوو، نەك لەڕوانگەی نەریتی مەسیحی. ئەمەش وایکرد کە رێگاکەی بچێتەوە سەر ئامانج خوازی هیگڵو مارکس، ئەمەش تەنها ئەو پێگەیە بوو کە مارکسی تیا بەگرنگ دەزانی.

## مارکسیزمی جۆریس

هەرچەندە زۆربەی جار جان جۆریس وەفاداری خۆی بەسۆسیالیزمی فەرەنسی سەربەخۆ لەمارکسیزم، رادەگەیاند، بەڵام خۆی بەدژی مارکسیزم نەدەزانیو بڕوای بەپێداچوونەوەی مارکسیزم نەبوو. لەبەرامبەر برنشتاین، داکۆکی لەئەندێشەی سیاسی پرۆلیتاریا دەکرد، و لەهەمان کاتیشدا لایەنگری لەدیالەکتیکی مارکسیستی دەکرد، وەکو تیۆری تەکامولی سروشتی، کە لەڕوانگەی ئەو تیۆرەدا هەر سیستەمێکی کۆمەلایەتی، لەئەنجامی ناکۆکی ناو دەروونی خۆی، سیستەمێکی دیکە بەرهەم دەهێنێ. ئەو دەیگوت لەپێناوی چینێکی ستەمدیدە، بڕوا هێنان بەم جووڵە سروشتییە نیازو

٤ لشك کولاکوفسکی، هـ. س. پ. ل ل ١٤١ – ١٤٥.

پێداویستییە، چونکە ئەم شێوەیە لەئیمان ئەو چینە وا لێدەکات کە بڕوای بەسەرکەوتنی هەوڵەکانی هەبێت. هەروەها جۆریس تیۆری مارکسیستی چەوسانەوەی پەسەند کرد، ئەو تیۆرەی کە ناوەڕۆکەکەی بریتییە لەدەست بەسەراگرتنی ئەو بەشە لەهێزی کاری کرێکار کە کرێکەی وەرنەگرتووە، و هەروەها تیۆری مارکسی بەهای وەکو یەك "میتافیزیکی کۆمەڵایەتی" پەسەند کرد، بەڵام نەك بەناونیشانی تیۆری نرخ. ئەو بەتەواوی نەخش و کاریگەری ڕزگاریخوازانەی چینی کرێکاری لایەنگیری دەکرد، و هەروەکو مارکس دەیگوت سۆسیالیزم نەك تەنها ئامانجی چینی کرێکار، کە بێگومان ئامانجی تەواوی مرۆڤایەتیشە و ئەم پەیامەش لەلایەن چینی کرێکارەوە دێتەدی و ئامانج و بەهای سۆسیالیزمیش لەشیکردنەوەی کۆتاییدا دەبێتە رزگاری یەکجاری بۆ مرۆڤ و گۆڕانکاری لەرۆحی هەموو کەسێکدا دەکات و ئەمەش ئەو خاڵە گرنگە بوو، کە هیچ کەس هێندەی جۆریس بڕواو دڵنیایی پێ نەبوو!

بەڵام ئەوەی بەڕاستی جۆریسی لەمارکسیزم جیا دەکردەوە، باوەڕی ئەوبوو بەگەشە و پێشکەوتنی بەردەوام و جیهانی. جگە لەوەی کە جۆریس بڕوای بەمیتافیزیکی یەکێتی بوون هەبوو کە پێشکەوتنی مێژوویی بەبەشێك لەزانستی رزگاربوونی گشتی ڕەها دەزانی، لەهەمان کاتدا دڵبەستەی جۆرێك لەپێشکەوتن بوو کە لەهەموو سەردەم و قۆناغەکانی مێژوووداو لەهەموو لایەنەکانی شارستانیدا بەڕاستی دەزانی. رزگاربوونی ئایندە و یەکێتی بوونی ڕەهای جیهان، بەو شێوەیەی کە ئەو پێشبینی کردبوو، لەئەنجامی دابڕانی توندوتیژی مێژوو نییە، بەڵکو لەئەنجامی ریفۆرمی بەردەوامە لەهەموو زەمینەکان، بەتایبەتی لەزەمینە و مەیدانی دامودەزگاکانی یاسایی و سیاسیدا. ئەمەش وادەکات کە جۆریس نزیك بکاتەوە لەڕێبازی پێداچوونەوەی برنشتاین و دووری بخاتەوە لەمارکسیزم. مارکسیزم هەرچەندە ناکۆك نییە لەئەگەری بوونی ریفۆرم (و تەنانەت ریفۆرمی بەردەوامیش!)، بەڵام هەرگیز بڕوای بەوە نابێت کە دەبێت بەتەواوی چاوپۆشی بکرێت لەدابڕان و جیابوونەوەی مێژوویی نێوان هێز و سەردەمەکان. مارکس پێشکەوتن تەنها لەئاڵوگۆڕی هونەری و تەکنیکیدا سنووردار ناکات، بەڵام لەهەمان کاتیشدا ئومێدەوار بوو کە پرۆلیتاریای





سەرکەوتوو دەسکەوتی زانستی و لانیکەم بەشێك لەدەسکەوتە تەکنیکیەکانی کۆمەڵگای بۆرژوایی بەدەست بهێنێ. لەهەمان کاتدا، گومانی هەبوو کە مێژووی رابردوو، بەتایبەتی لەزەمینەی سازماندانی کارو تەکنیکدا خۆئامادەکردن و تەداروکی بۆ سۆسیالیزم تێدا بێت.

جان جۆریس بڕوای بەبونیاتنانی شێنەیی و نەگەڕانەوەی سۆسیالیزم هەبوو لەسەردەمێکی درێژدا، و دەیگوت کە دامودەزگاو ئەندێشەکانی کۆمەڵایەتی و یاسایی هەموو رۆژێك زیاتر بەرەو پێش دەچن و بەقۆناغی گەشە و تەکامول دەگەن و لەگۆڕانکاری ئامانج خوازی کۆتایی نزیکتر دەبنەوە. ئەمەش ئەو تەوەرە گرنگەی جۆریس بوو کە بانگەوازی یەکێتی و هاوپەیمانی هەموو کەس لەدەوری دەکردو ئەو لەناو لایەن و هێزە کۆمەڵایەتیەکاندا نەخشی ئاشتی خوازی دەبینی و تەواوی ژیانی خۆی بۆ ئەمە تەرخان کرد.

جۆریس بڕواو وێنای مارکسیستی بۆ پێشکەوتن کە تیایدا هێز یان زۆر وەکو هۆکاری پێویست بەکاردێت و هەروەها تراژیدیای هیگلیشی لەلا بێگانەبوو. فەلسەفەی مێژووی جۆریس لەسەر سۆسیالیزم و مەیلی دەروونی سۆسیالیزم لەجیهاندا بونیات نراوە، لەکاتێکدا ئەم دوانە لەلای مارکس ناکۆکن لەگەڵ یەك (ئامانجی مێژوو، مەیلی دەروونی مێژوو). بەڵام هاوسازی و هاوئاهەنگی جۆریس دەکاتە گەشبینێکی پەیامبەرو دەیگەینێتە ئەو باوەڕەی کە جیهانی ئایندە، یەکبوونی گشتی تەواوی مێژووی رابردوو لەخۆیدا کۆدەکاتەوە، رۆژگارێك دەسازێنێ کە هیچ کارێکی مرۆیی بێهودە نابێت و هیچ هەوڵێکی رۆحی لەسەر سروشت بێ کاریگەری نابێت. بونیادی پێکهاتەی سۆسیالیزمی ئەو میتافیزێکی رزگاربوونی عەشقی ئەو بۆ جیهان و بۆ مرۆڤ بوو. 

## فەلسەفەو ئامانجی مێژوو

لەمەیدانی فەلسەفەی مێژووشدا وەکو میتافیزیکی گشتی، جۆریس لەهەوڵی ئەوەدا بوو دوو چەمکی لەرووالەتدا دژبەیەك، واتە ئایدیالیزمی مێژوویی و مارکسیزم ئاشت بکاتەوە. لە پێشەکی کتێبی "مێژووی سۆشیالیستی شۆڕشی فەرەنسا" بەوجۆرە لێکۆڵینەوەی سازدابوو کە هەرچەندە مێژوو "بونیادە" ئابورییەکان لەسەری کاریگەرەو هێزە ئابوریەکان ئاراستەکەری مرۆڤەکانن، بەڵام ئەم مرۆڤانەش کەتەنها لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی ناژین و بەڵکو لەئاستی میتافیزیکیشدا دەتوانن سۆزی ئەندێشەکانی خۆیان بخەنە ناو مێژوو. بێگومان کاروانی گۆڕانی ئەندێشە تا ئەندازەیەك وابەستەن بەرێکخستن و سازمانەکانی ئابووری، بەڵام ئەم وابەستە بوونە هەموو شت رۆشن ناکاتەوە. خودی مارکس وتبوی کە مرۆڤ لەئایندەدا دەتوانێ کاروانی ئاڵوگۆڕی خودی خۆی دیاری بکات. هەرچەندە ئێستا (واتە کاتی ژیانی جۆریس) ئەو رۆژە نەهاتووە کە مرۆڤ ئایندەی خۆی دیاری بکات، بەڵام تەنانەت ئەمرۆش کەس و گیانە باڵاکان توانیویانە بەئازادی بگەن.

شایستەیی و توانای رۆحی نەخشی رۆژانەی لەمێژوودا وازی کردووە. لەسەر ئەو بەڵگانە، جۆریس دەڵێت شیکردنەوەی فەلسەفی و ئامانجی مێژوویی ئەو "هاوڕێ لەگەڵ مارکس"ی ماتریالیستی و هاوڕێگایە لەگەڵ جۆل میشلەی عیرفانی و ئایدیالیست. میشلە کە مێژوو نووسی ناوداری شۆڕشی فەڕەنسا بوو لەلای جۆریس کەسێکی کاریگەربوو، چونکە ئەویش وەکو مارکس نەخشی ئامانجە کۆمەڵایەتیەکانی لەهێنانەدی روداوە گرنگەکانی مێژوو، پشتیوانی دەکرد.

ئەو لەم بارەیەوە دەڵێ: "من لەخۆم دەپرسم کە ئایا ناتوانین و نابێت، بەبێ بریندارکردنی رۆحی مارکسیزم، ئاشت کردنەوەی دوو پرسی ناکۆك بەرەو پێشەوە بەرین و ئاشتی بونیادی نێوان ماتریالیزمی ئابوری و ئایدیالیزمی ئامانج خواز بکەینە هێزی پێشکەوتنی مێژوویی؟"[5]. بەڵام ئەو ناکۆك بوو لەبەرامبەر ئەو دیدگایەی

[5]- مصطفى رحيمى، هـ، س، پ، ل ٢٩٠





کەگوایە شیکردنەوەی ماتریالیزمی مێژوویی دەتوانێت هەموو بەشەکان و رووداوەکانی مێژوو بەشێوەی تەواو لەرێگای گەشەکردنی ئابووری و تەکنولۆژی رۆشن بکاتەوە. ئەو گۆڕانکارییانەی کە هۆکاری ئاڵوگۆڕن لەسیستەمی خاوەنداریتی، بەرهەم هێنان و ئاڵوگۆڕداو بەناچاری پەیوەندی چینایەتی و تەواوی سەرخانی ئایدۆلۆژی دەهێننەدی. لەمانگی فۆریەی ساڵی ١٩٠٠، کاتێك کەوتاری لەبارەی (برنشتاین و تەکامولی شێوازی سۆسیالیستی) دەخوێندەوە:

هەندێك زەمینەو رشتەی تایبەتی هەن لەچالاکی مەینەوی مرۆڤدا کەلۆچێکی تایبەتی خۆیان هەیەو تائەندازەیەك سەربەخۆن لەرەهەندو رەوتی ئابووری. لەوتاری (سۆسیالیزم و ئازادی)دا دەنوسێ: "هەر بەو جۆرەی کە دەزگای رستن، هەرچەندە کەشێوەی ئەو دەزگایە لاوازو سنووردارە، بەڵام دەتوانێ قوماشی جوان و رەنگاو رەنگ و ئاڵاو واڵا بەرهەم بێنێ، مێژووش دەتوانێ بەهێزەکانی ئابووری، چارەنووسی مرۆڤ بە شێوەی جۆراوجۆر دیاری بکات. شێوازی ئابووری هەموو چالاکیەکانی مرۆڤ سنوردار دەکات، بەڵام ئەمەش بەو مانایە نیە کە هەموو چالاکیەکان لە ئابووری پەیدا دەبن" لەبەشەکانی دیکەی ئەم وتارەدا ئەو خاڵەی رۆشن کردۆتەوە کەمەبەستی ئەو شتێکی زیاترە لە "سەربەخۆیی رێژەیی و سنورداری سەرخان لەکاریگەری ژێرخان" کەلەلایەن ئەنگلسەوە باسکرابوو. ئەو هەروەها بڕوای بەوەبوو کە مێژووی مرۆڤایەتی دەبێت وەکو رەوتێك یان رەهەندێك بناسین کەلەوێدا دەورو کاریگەری بەها مرۆییەکان لەسەر رووداوەکان لەرەوشی گەشەکردن و تەکامولدایە.

جۆریس لەدیدگای مێژوو ناسی خۆیدا وابیردەکاتەوە، سەرەڕای هەموو کێشەو ناکۆکیەکانی غەریزەی دەسەڵات و ئابووری، بەڵام هێشتا مەیل و ئارەزووی هاودڵی و ئاشتی نێوان مرۆڤەکان بوونیان هەیە، کە لەئاین و فەلسەفەدا بەرجەستە بوون و پێش هەموانیش لەبزوتنەوەی کۆمەڵایەتی چینی کرێکاردا ئەم هاودڵی و هاو ئاهەنگیە دەبینرێ. مێژوو هەرچەندە لەلایەن یاسا میکانیکییەکانەوە کاریگەری وەردەگرێ، بەڵام لەهەمانکاتدا رەنگدانەوەی کۆششی ئەخلاقی و یاسایی ئامانجەکانە. کاتێك جۆریس رەخنەی مارکس لە جێرمی بنتامی لیبرالی سوودگەرا، یاد دەکاتەوە، دەڵێ

ئەگەر ماركسیزم تەنها رۆشن كردنەوەی پێداویستییە مێژوییەكان بێتو پشتیوانی لەبەها مرۆییە پیرۆزەكان لەسۆسیالیزمدا نەكات، لەو كاتەدا شتێكی بێ ماناو بێ ئامانج دەبێت. ئەگەر وا بیربكەینەوە كە ئەندێشەی سۆسیالیستی خۆبەخۆو بەبێ كۆمەكی شەوقو شوری بڕوای مرۆڤایەتی سەردەگرێت، ئەم كارو بیركردنەوەیە پێچەوانە دەبێت لەگەڵ عەقڵو هۆشیاریدا. راستو دروستە كەسەرمایەداری رێگا بۆ شێوازەكانی ژیانی سۆسیالیستی خۆش دەكاتو زەمینەكانی دەوڵەتی ئایندە دەسازێنێ، بەڵام ناتوانێت لەڕێگای پێداویستیو ناچاری سروشتیەوە ئاڵوگۆڕی مێژوویی بەدی بهێنێ. بەبێ ئەو هێزانەی كەسەرمایەداری لەزەمینەی تەكنەلۆژی، ریكخستنی كارو خاوەندارێتیدا بەدی هێناون، سۆسیالیزم ناتوانێت بێتەدیو لەهەمان كاتیشدا بەبێ ویستو ئیرادەی هۆشیارانەی مرۆڤایەتی دیسان سۆسیالیزم بەدی نایەت. ئەو مرۆڤایەتییەی كە تینووی ئازادیو دادپەروەریەو دەخوازێو دەتوانێت ئەو تواناو سامانو هێزانەی كە سەرمایەداری بەدی هێناون، بەرەو ئاشتیو سەرفرازیو عەدالەت بەرێت.

جۆریس كاتێك كە باسی پرسی (سۆسیالیزم وەكو پێداویستییەكی مێژوویی) یان (سۆسیالیزم وەكو ئامانجو بەها) دەكات، پەنا ناباتە بەر چەمكو تێگەیشتنی نەریتی (سۆسیالیزمی ئەخلاقی)و ئەو پرسیارە ناخاتە روو كە: "ئەگەر واگریمان بكەین سۆسیالیزم ئەنجامی ناچاریو پێویستی یاسا مێژووییەكان بێت، ئەی پاشان چۆن دەتوانین بەو ئەنجامە بگەین كە دەبێت پشتیوانی لەبەهاكانی سۆسیالیزم بكەین؟". بە پێچەوانەی نیوكانتییەكانەوە، ئەو دوالیزمی نێوان "نێوان ئەوەی كە هەیە"و"ئەوەی كە دەبێت هەبێت" رەتدەكاتەوە، و بانگەوازی ئەوە دەكات كە بەهۆی تیۆری یەكێتی تەكامول بوون، ئەم شێوازە دوالیستیە لەناو دەچێت. لەناو كاروانی چوونیەكو یەكسانی مێژوو كەبەشێكن لەیاسای میكانیكی، وبنەمای ئەخلاقی كەدەبێت جگە لە ناسینی تیۆری زەمینەی ئامانجو هیوا خوازیشی هەبێت، ناكۆكیو دژایەتی نابینرێ، سەرەنجام لەنێوان ئەوەی كە هەیەو ئەوەی كە دەبێت هەبێ، چیدیكە دووبەرەكیو جودایی نامێنێ.





ماركسیش دووبەرەكیو دوالیزمی كانتی رەت دەكاتەوە، بەڵام بەپێی بەڵگەی جیاواز لەبەڵگەكانی جۆریس. ماركس بڕوای وابوو كە لە دواهەمین قۆناغی "پێش مێژوو"ی مرۆڤ، واتە ئەو كاتەی كە بزوتنەوەی كرێكاری رێگا بۆ بزوتنەوەی شۆڕش خۆشدەكات، دوو بەرەكی نێوان ناچاریو هەڵبژاردن لەنێو دەبات، چونكە كاری اختیاریو شۆڕشگێڕانە ئەوەی كە لەباری مێژووییەوە جەبرو ناچارییە بەرەو هێنانەدی دەبات. گومانی ماركس لەوەدا بوو كەبەم شێوەیە دوالیزم یان دووبەرەكی كانتی چارەسەر كردووە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوەشدا ئەم پرسەی چارەسەر نەكرد كە ئایا ئەوەی كە لەباری مێژوویدا جەبرو ناچارییە، هەر بە ناچایش چاكو باشە یان نا. چونكە پێداویستی مێژوویی بوونی سۆسیالیزم لەسەر بناغەی ئەو دیدە راناوەستێ كەئایا سۆسیالیزم بۆ مرۆڤ باشە، و بەهاكەی لەهەلومەرجی ناچاریو مێژوویدا پەیدا دەبێت. ئەم دوو لایەنە، لە روانگەی مێژووییو مەنتقیدا، جیاوازو لێك دابڕاونو هەر یەكیان بەرامبەر ئەوی دیكە حاڵەتی ناكۆك یان نەیاری هەیە.

هیچ (یاسایەك) بونی نیە كە بڵێت مرۆڤ دەبێت بەرزگاری بگات یان هیواكانی بهێنێتە دی. جەبری مێژوویی نابێتە پێشمەرجی دابین كردنی ئەوەی كە مرۆڤ تا ئەبەد چارەنووسی لەگەڵ كۆیلایەتیو هەژاریدا نەبێت. واقعو راستیەكان ئەوە ناسەلمێنن كە مرۆڤەكان لەهەوڵی خۆیان بۆ رزگاری سەركەوتوو دەبن یان نا، چونكە مێژوو پاشكۆی ویستو ئارزوی مرۆڤ نییە. بەڵام گۆڕانكارییەكانی مێژوو بەرەو ئازادیو عەدالەت بەرئەنجامی ویستو ئیرادەی ئازادو شۆڕشگێڕانەن، كە بێگومان ئەمانیش بەشێك نین لە (یاسا) ناچاریو نەناسراوەكان. كاراییو كاریگەری ئیرادەی شۆڕشگێڕانە هەرچەندە بەشێكن لەهەلومەرجی بابەتی، بەڵام ئەمەش والێك نادرێتەوە كە مادام ئەم ویستو ئیرادەیە لایەنگری لەئازادیو عەدالەت دەكەن، هەر بۆیە یاساكانی بابەتیو مێژوویی پشتیوانیان لێدەكرێت. لەم چەمكەدا دەبێت ئەوە بڵێین كەسوودمەندی  كۆتایی لەجەبرو ناچاری مێژوویی كارێكی رێكەوتە نەك ناچاریەو هەر دەبێت ڕوو بدات.

جۆریس لەهەوڵی ئەوە دا بوو کەئەم ناکۆکیو نەیارییەی نێوان یاساکانی سروشتو مێژوو لەلایەكو هیواو ئامانجەکانی مرۆڤ لەلایەکی دیکە، نەهێڵێ، چونکە بە بڕواو دیدگای ئەو لە هاو ئاهەنگی جیهانیدا جێگایەك بۆ جەبرو ناچاری جیاواز لەخێرو ئامانج بوونی نییە. لەلای ئەو عەقڵو هێزی لەشکست نەهاتووی چاکەو خێر بەردەوامن لە دیسانەوە رێکخستنی کاروانی جیهان. لەهیچ قۆناغێکی گۆڕاندا، جیهان هێزێکی کوێر نییەو تەواوی بوونو جیهان هەمان ئەو ئامانجانەیان هەیە کەمرۆڤایەتی دەیخوازێ، وئەمەش کارێکی رێکەوت نییە، بەڵکو بەر ئەنجامی پلەو پایەی مرۆڤە لە پایەکانی بوون، وبەرئەنجامی ئەو راستیەیە کە هیواو ئامانجەکانی مرۆڤ بەیانکردنی هەمان ئەو شتانەیە کەتەواوی جیهان ئارەزووی دەکاتو لەداواکردنیدا بەردەوامە.

## نیشتمان پەروەریو نێونەتەوەیی

ئەم بەشە کورتەیەکە لەوتاری جۆریس کەلەیەکێك لەبۆنەکاندا خوێندویەتەوەو من لەکتێبی (مارکسو سایەکانی)ی نووسەری ئێرانی مستەفای رەحیمی و لەلاپەڕەی ٢٩١ وەکو خۆی وەرم گێڕاوە:

کورت کردنەوەی دەستی ئەوانەی سوود لەنیشتمان وەردەگرن، دەستی کەسانی جەنگ خوازو لایەنگرانی سیاسەتی سەربازیو دارو دەستە داگیرکەرەکان. فەراهەم کردنی تواناو گەشەی دیموکراسیو ئاشتی بۆ هەموو نەتەوەکان، تەنها خزمەتکردن نیە بە ئەنتەر ناسیۆنالو پرۆلیتاریای جیهان، بەڵکو خزمەتی خودی نیشتمانەکانیشە. هەر بۆیەش ئەنتەر ناسیۆنالیزمونیشتمان پەروەری پێکەوە بەستراون. لەئەنتەر ناسیۆنالیزمدایە کە سەربەخۆیی نەتەوەکان بەتەواوی دابین دەکرێت. لەناو نەتەوە سەربەخۆکانیشدا ئەنتەر ناسسیۆنالیزم بەهێزترینو شەریفترین ئەندامی خۆی دەدۆزێتەوە. دەتوانین تارادەیەك ئەوە بڵێین، کەم لایەنی ئەنتەرناسیۆنالیزم هەیە، کە مرۆڤ لەنیشتمان دوور دەخاتەوە، بەڵام زۆربەی لایەنەکانی ئەنتەرناسیۆنالیزم مرۆڤ





لەنیشتمانەکەی نزیك دەکاتەوە، کەمێك لەکەسانی نەتەوەخواز لە نێونەتەوەیی دوور دەکەونەوە،بەڵام زۆربەی نەتەوە پەروەرە ئاشتی خوازەکان لە ئەنتەرناسیۆنالیزم نزیکن.

لەلای پرۆلیتاریای سۆسیالیستو ئەنتەرناسۆنالیست هیچ جۆرە دژایەتیەك لەبەرامبەر قەوارەو رێکخراوە نەتەوەییەکان نابینرێو رێگر نییە لەوەی کە مرۆڤەکان لەو سازمانو رێکخراوە نەتەوەییانەدا کار بکەن. درۆو بوختانەکانی ئانارشیزم بێهودە لەبەرامبەر ئەندێشەی کرێکاری بە فەرهەنگو بڕوا بەئاشتی نێوان نەتەوەیی بوونو نێونەتەوەییدا، تەنانەت بۆ یەك ساتیش خۆی راناگرێ. لەناو ئەم بڕوا پتەوەی سۆسیالیزمو ئەنتەر ناسیۆنالیزمدا نەتەوەکان دەتوانن دەستیان بەئازادیو دیموکراسیو خۆشبەختی بگات.

## سۆسیالیزمو دیموکراسی کۆماری

فەلسەفەو ئامانجی مێژوو لەلای جۆریس کاریگەری گرنگی هەیە لەسەر رێبازی سیاسی ئەو، چونکە بڕوای بەوە بوو کەکۆمەڵگای ئازادو رزگاری ئایندە نەفی کردنەوەی رەگو ریشەی شێوازەکانی (کۆمەڵایەتی) تائیستا نییە، بەڵکو بەردەوامیو گەشەی ئەو بەهایانەیە کەلە رابردوودا گەشاونەتەوە. زۆربەی جارو بەزۆر بەڵگە ئەوەی دووبارە دەکردەوە کەسۆسیالیزم هاتنەدی تەواوی ئەو بنەمایانەیە کە شۆڕشی ١٧٨٩ی فەرەنسا کردویەتی بەدروشم (ئازادی، یەکسانی، برایەتی). بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤو دەستوری ١٧٩٣ جەوهەری هەموو ئەو ئەندێشە سۆسیالیستییانەی تێدایەو ئەو کارەی کە ئێستا دەمێنێتەوە گەیاندنی ئەو ئەندێشەو ئامانجانە بە ئاکامی لۆجێکی خۆی. دەبێت دروشمی ئازادی، یەکسانیو عەدالەت لەزەمینەی سیاسەتەوە بەرەو زەمینەی خاوەندارێتیو سیستەمی بەرهەمهێنان فراوان بکرێت،و مانای راستو دروستی سۆسیالیزمیش هەر ئەمەیە. ئازادی تاك کەشۆڕش دابینی کردووە ، مافی ئابووری ناگرێتەوە، شۆڕش توانیویەتی کە بەهرەو ئیمتیازاتی سیاسی نەهێڵێ، بەڵام

قازانجو ئیمتیازی ئابووری وەکو خۆی ماوەتەوە. پێشمەرجی عەدالەت ئەوەیە کە مرۆڤەکان بتوانن بەیەکسانی لەهەموو سەرچاوەکانی ژیان بەهرەمەند بن. هەروەکو مارکس کە دەڵێت، لەسۆسیالیزمدا کاری ئەنبارکراو دەبێت لە خزمەتی باشترکردنی ژیانی کرێکاراندا بێت، لەکاتێکدا لەناو سیستەمی خاوەندارێتی تایبەتدا کاری زیندوو تەنها لەخزمەتی زیاد کردنی ئەنبار کردنی کارە لەشێوەی سەرمایەدا. ئامانجی سۆسیالیزم ئەوەیە کە دەستکەوتەکانی رابردوو لە خزمەتی ژیانی ئێستادا بێت.جان جۆریس لە وتارێك دەربارەی (سۆسیالیزمو ژیان) لەساڵی ١٩٠١ ئاوا دەنوسێ: "ژیان رابردوو بە ناهەق لەقەڵەم نادات، بەڵکو رابردوو بەکاردەهێنێ. شۆڕش یەك سەردەمی تازەو دەستکەتی تازەیە، نەك دابڕانی تازە". تائەو سەردەمەی کەپرۆلیتاریا نەهاتە ناو مەیدانی سیاسەتەوە، مەنتقی بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤ تەنها دروشمەکانی سەر کاغەز بوونو هەر بۆیەش بەرنامەکانی سان سیمۆنو شارل فۆریە نەهاتنە دی. لەساڵی ١٨٤٨ ئەوە رۆشن دەرکەوت کە سیستەمی سۆسیالیستی تەنها بەهۆی خەونی عەدالەت خوازی نایەتە دی، بەڵکو بزافی رێکخراوی کرێکاران دەتوانێ بیهێنێتە دی ـ ئەو بزافەی کە دژایەتی نێوان دەسەڵاتی سیاسی خەڵكو کۆیلایەتی ئابوری ئەوان ناهێڵێ. (کۆماری سیاسی) دەبێت لەگەڵ گەشەی دیموکراسیدا لەتەواوی ژیانی ئابوری بگۆڕێت بە (کۆماری کۆمەڵایەتی).

هەوڵو خەباتی جۆریس بۆ ئەوەی کەسۆسیالیزم نەیار نییە لەگەڵ ئەندێشەی کۆماری خوازیداو بەڵکو بەردەوام بوونی ئەو بڕوایەیە، تارادەیەك لەبەر ئەو هۆیە بوو کە دەیویست ئەو دیدگا دژە سۆسیالیستیە بەدرۆ بخاتەوە کە گوایە (کۆمەڵایەتی کردن) لەدژی ئازادیەکانی تاکە، هۆکارێکی دیکەش ئەوە بوو کە لانیکەم لەناو سۆسیالیستەکانی فەرەنسا لەم زەمینەیەدا یەکێتی بیروایان نەبوو. هەندێك بروایان وابوو کە گوایە سۆسیالیستەکان دەیانەوێ کۆماری بۆرژوازیو هەموو دامو دەزگا دیموکراتیەکان نابود بکەن یان حکومەتی بیرۆکراتە بەرپرسەکانی ئابوری خۆماڵی کراو بخەنە جێگای حکومەتی بانکداران و سەرمایەداران ـ وئەمەش ترسێك بوو کەلەو کاتە لەلایەن زۆرێك لەباڵەکانو لەلایەنەکان، لەناویاندا ئانارشیستو سەندیکالیزمی





شۆڕشگێڕ رادەگەیەنرا. لەم بارەوە جۆریس لەوە دڵنیا بوو کە رایگەیاند بەهاکانی تاكو مرۆڤایەتی تەنها سەرەداوێکن لەبەهاکانی دامو دەزگا کۆمەڵایەتیەکان.

"سۆسیالیستەکان بەهای هەر دامو دەزگایەك کە خزمەتی تاکی مرۆڤ دەکات بەرز دەنرخێنن. ئەوە تاکە کە بەکارهێنانی ئیرادەی خۆی لەراستای ئازادیو گۆڕاندا، هێزی ژیان بەدامو دەزگاو ئەندێشەکان دەبەخشێ. تاك نمونەی هەموو شتێکە، هەر لەنیشتمان تاخێزانو خاوەندارێتیو مرۆڤایەتیو خودی خواوەند. ئەمە لۆجیکی ئەندێشەی شۆڕشگێڕانەیەو مانای سۆسیالیزم جگە لەمە شتێکی دیکە نییە" (سۆسیالیزمو ئازادی).

هەرکاتێك کۆمەڵایەتی کردنی خاوەندارێتی بەماناو بەهای دەسەڵاتو کۆنترۆڵی بەرپرسانی سیاسی بێت بەسەر کاروباری ئابوریدا، ئەم کۆمەڵایەتی کردنە تەحریف کردنی سۆسیالیزمە. "ئەگەر سیاسەت مەدارانو بەڕێوەبەرانی کە هەر ئێستا دیبلۆماسیو هێزە چەکدارەکانی وڵات لەبەر دەستیاندایە، بەسەر هەموو هێزی کاریشدا دەسەڵات پەیدا بکەن، ئەگەر بتوانن بەڕێوەبەرانی هەموو ئاستەکان بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان، ئەو کاتە ئەو دەسەڵاتو هێزە لەدەستی چەند کەسانێکدا کۆ دەبێتەوە کە دیکتاتۆرانی ئاسیایی لەخەویشدا نەیانبینیووە ـ چونکە ئەم دیکتاتۆرانە تەنها ئاستی سیاسیو ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکیان کۆنترۆڵ کردووە، نەك هەموو ژیانی ئابووری وڵاتەکانیان". سۆسیالیستەکان نایانەوێت کە دەوڵەت وەکو ئامرازی هێزو دەسەڵاتی زۆرداری بەهێز بکەن، بە پێچەوانەوە دەیانەوێ دامو دەزگاکانی دەوڵەتو بەرهەم هێنان بخەنە ژێر دەسەڵاتی ئەو مرۆڤانەی کە پەیوەستو هاوپەیمانن. نابود کردنی چینە کۆمەڵایەتیەکان بەمانای نابودی ئەو بەرژەوەندییە تایبەتیانەیە کە دەیانەوێ کۆنترۆڵی تەواوی دەزگای بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا بکەن. سۆسیالیستەکان دەیانەوێ فەسادو کارکردنی سەرکوتکەرانەی ئەم دەزگا بیرۆ کراتانە کۆتایی پێ بێنن. ئامانجی سۆسیالیزم ئەوە نییە کەبیرو رایەکی تایبەت دەربارەی خۆشبەختی بەسەر تەواوی کۆمەڵگادا بسەپێنێ، بەڵکو دەخوازێ هەلومەجێك فەراهەم بکات کە تیایدا هەرکەس بتوانێ بە ئارەزوی خۆی لە پێناوی خۆشبەختیدا کار بکات.

سۆسیالیزم تەواوی ئەو بەهایانەی کە مرۆڤایەتی لەسەردەمەکانی پێشوتردا دروستی کردووە بەرز دەنرخێنێ‌و دەیان پارێزێ. بە هیچ جۆرێك لەهەوڵی ئەوەدا نییە کە چاو بپۆشێ لەهەرشتێك بتوانێ ئازادی، شایستەیی هێزی مرۆڤ زیاد بکات یان هەوڵدان بێت بۆ هاوئاهەنگی ئامانجداری نێوان مرۆڤەکان. سۆسیالیزم نایەوێت ئەندێشەی نەتەوەیی بوون نەهێڵێ یان ڕێگا بگرێت لەهەست‌و ناسنامەی نەتەوایەتی‌و نیشتمانی مرۆڤەکان. لەبەر ئەوەی سۆسیالیزم دەیەوێت داکۆکی بکات لەهەموو ئەو دەستکەوت‌و بەهایانەی کەنەوەکانی مرۆڤ تائێستا بەدەستیان هێناوە، بۆیە دەتوانین بڵێین کە لەدیدگای جۆریس ئەم بەهاو دەستکەوتانە، بمانەوێ یان نەمانەوێ یارمەتی هێنانەدی سۆسیالیزم دەکەن.

## بەشی سێهەم

# لێکۆڵینەوە

* نەوەی سێیەمی بزووتنەوەی سۆسیالیستی (رێبازی سۆسیالیستی دیموکراتی)

* عەدالەتی سۆسیالیستی و عەدالەتی لیبرالی

# نەوەی سێیەمی
# بزوتنەوەی سۆسیالیستی
# (ڕێبازی سۆسیالستی دیموکراتی)





## پێشەکی:

سیستەمی مۆدێرن یان جیهانی دیموکراسی و ئەو سەردەمەی کە بە پەیدابوونی سەرمایەداری و دەوڵەتی مۆدێرن دەناسرێتەوە (واتە دەوڵەتی نەتەوە و نیشتمان، نەك دەوڵەت و دەسەڵاتی بنەماڵە ئەرستۆکراتیەکان و پاڵپشتی ئایینی یان مەزهەبی و هۆکار و قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی هێز و سەربازی) تا ئێستا چوار قۆناغی گرنگی بەخۆوە بینیوە. ئەم چوار سەردەم و قۆناغە بەو پێیەی کە بەیانگەری رەوتی مێژوویی و دیموکراسی و مۆدێرنیزمە، هەر بەو ئەندازەیەش سەردەمەکانی گەشەی دیموکراسیش لەخۆیدا هەڵدەگرێ، کەلەو سەردەمانەدا پرسی پێشکەوتنی ئابووری و سیاسی و مەسەلەی ماف و ئازادییەکانیش بۆ خەڵکی ئەو وڵاتانە لە ئەوروپا و ئەمریکای باکور دەخاتە روو. **سەردەمی یەکەم** بەسەردەمی خەباتی هاوبەشی و بەرەیی و پێکەوەیی تەواوی بکەرەکانی دیموکراسی دەناسرێتەوە، واتە هەر چوار بکەرە سەرەکییەکەی دیموکراسی (دەسەڵات و سیستەمی سیاسی نیشتمان و نەتەوە و ئابووری بازار و خاوەندارێتی تایبەتی و پرسی ماف و ئازادییەکان بۆ هەمووان و سەرەنجام بوون و کاریگەری هەموو ئەو بکەرانەی کە لەروانگە و بەرژەوەندی تایبەتی و جیاوازی خاوەنەکانیان، کەلەبزوتنەوەی مافەمەدەنی و سەرەتاییەکان، بزوتنەوەکانی سۆسیالستی، بزاڤەکانی ژنان و فیمینیستی و بزووتنەوەی لاوان، بزاڤی ژینگە پارێزی و ئاشتی خوازی و ئینجا بزوتنەوەی رزگاری خوازی نەتەوەکانە) پێکەوە و لە خەباتی هاوبەشدا کاردەکەن بۆ هێنانەدی دیموکراسی و لەناوبردنی سەردەمی پێش دیموکراسی و پاشەکشەی ئەو دەسەڵات و هێزانەی کە ڕێگرن لە خەبات و هیوای ئازادی، یەکسانی، هاوکاری. ئەم سەردەمە لە فکر و فەلسەفەدا لەسەردەمی جان جاك رۆسۆ هەتا سەردەمی ئیمانۆیل کانت دەخایەنێ و تیۆری (هاوپەیمانی کۆمەڵایەتی) نێوان ئەو هێز و بکەرانە (بەپەیرەوی لە رۆسۆ) دەبێتە چوارچێوە و دیدگای فەلسەفی و سیاسی بۆ ڕێکخستنی ئەم هێزانە لەخەباتی هاوبەشدا. بیروباوەرەکانی ئیمانۆیل کانت کە

بەلوتکەی سەردەمی رۆشنگەری و بەیاننامەی ڕۆشنی مۆدێرنیزم ئەژمار دەکرێ لە هەوڵی ئەوە دابوو، یەکەم بەدەستهێنانی ئاشتی بەردەوام و پایەدار، کەناوەرۆکەکەی دەبێتە ڕێکەوتنی جیهانی نەتەوە و نیشتمانە سەربەخۆ و سەروەرەکان بۆ جیهانگیرییەکی پر لەئاشتی و ڕێکەوتن ، و دووەم ئەم جیهانگری یە مرۆڤ دەبێتە ناوەڕۆکی ڕێکەوتن و ئاشتی جیهانی و لەم زەمینەیەدا (کانت) وتە هەرەبەناوبانگەکەی خۆی دەکات: کە زەمینەی مۆدێرینزم و بوارەکانی ئابووری سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بەیارمەتی هێزەکانی هۆشیاری و ئیرادە و ئەخلاقی مرۆڤانە دەبێت مرۆڤ بکرێتە ئامانج و ڕێگا بەهیچ کەسێك نەدرێت کە هیچ مرۆڤێك بکاتە هۆکار بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی، واتە مرۆڤ دەکرێتە لوتکەی ئامانجەکانی ئازادی و یەکسانی و برایەتی. دیارە ئەمەش بەو مانایە دەبێت کە سیستەمی مۆدێرن بە پەیرەوی لە هەرسێ شۆڕشە گەورەکەی جیهان (بەریتانیا، ئەمریکا، و فەرەنسا) مرۆڤ بەشدار و بەهرەمەند بکات لە ماف و ئازادییەکان بەهۆی دەوڵەتی یاسا و مافەکانەوە.

بەڵام لەدوای بەدەسەڵات گەیشتنی دەوڵەتی مۆدێرنی نەتەوە و نیشتمان، دوو بکەری یەکەمی ئەم سیستەمە (واتە بکەرەکانی سیستەم و سیاسەت بە پشتیوانی دەوڵەتی نەتەوە و نیشتمان و دواتر دەسەڵات و بکەری ئابووری بەپاڵپشتی ئابووری سیاسی و بازار و خاوەندارێتی تایبەتی) هەوڵدەدەن کەدەسەڵات و سیستەم و کۆمەڵگا کۆنترۆڵ بکەن و لەروانگەی بەرژەوەندی و هێزی خۆیانەوە سەرلەنوێ ئارایشتی جیهان بدەنەوە و رووە دزێو و سود پەرست و هەژمونگەراکەی سەرمایەداری پیشانی خەڵك بدەن. ئەم قۆناغە کە بە **سەردەمی دووەمی** دیموکراسی دەناسرێت باشترین فکر و فەلسەفەی خۆی لە دیدگا و جیهانبینی فەیلەسوفی سیاسی ئەڵمانی (هێگڵ) دا پەیدا دەکات و هیگل لە کتێبی (بنەماکانی فەلسەفەی هەق)دا باشترین و توندڕەوترین داکۆکی لە سیستەمی مۆدێرنی دەوڵەتی نیشتمان و نەتەوە و ئابووری بازار و خاوەندارێتی دەکا ( ). سەردەمی دووەم لە مۆدێرنە و دیموکراسی، قۆناغی پاوان خوازی و هەژمونگەرایی ئابوری و سیاسەتە، بەسەر سەرجەم بوارەکانی ژیان و پاشەکشەی ماف و ئازادی و بکەرەکانی دیکەی سەردەمی سەرمایەداری.لەم سەردەمەدا





مۆدێرنە و عەقلانیەت لە سیستەم و دەسەڵاتی سیاسیدا بەپشتیوانی نەتەوە و نیشتمان یان ئەوەی کە لەفەرهەنگی فکر و سیاسەتدا پێی دەوترێ دەوڵەتی مۆدێرن بەهاوکاری و پشتیوانی ئابوری و بازار و خاوەندارێتی تایبەتی دەیانەوێ کە دیموکراسی و سیستەم و عەقلانیەت بکەنە عەقلانیەتی ئامێری و بیکەنە هۆکار و هێزێك بۆ پاوانکردنی دەسەڵاتی سیاسی سەرمایەداری و بردنی زۆرترین و سوود و قازانجی ئابوری. بێگومان ئەم دوو رەوشە لەسەر حسابی ژیان و ماف و ئازادی زۆربەی خەڵك بەئەنجام دەگات و لەم سەردەمەدا خەڵك بەگشتی و کرێکاران و هەژاران بەتایبەتی دەکەونە بەر رەحمەتی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەرمایەداریش رووخساری سود پەرستی و دەسەڵاتی زاڵمانەی خۆی بۆماویەکی زۆر دەسەپێنێ، لەم قۆناغەدا هاوکێشەی سیستەمی مۆدێرن و عەقلانی بەم شێوەیەی لێدەیێت:




**سەردەمی سێیەم،** بەڵام هێندەی نەخایاند خود و بکەرەکانی دیکەی ناو سیستەمی مۆدرێرن و دیموکراسی هاتنە مەیدانی خەبات و نەیاری بەرامبەر هەردوو بکەری دەسەڵات و ئابوری، ئەو خودانە لەروانگەی داواکاری ژیانی ئابوری و یەکسانی و بەهرەمەند بۆ هەموو کەس لە هەوڵ و بیروباوەرەکانی سۆسیالیزمی سەرەتایی، یان سۆسیالیستی یۆتۆپیدا پەیدابوون و لێرە بەدواوە بەردەوام بزاڤەکانی سۆسیالیستی

بەهەموو شێوەکانی سەرەتایی ، مارکسیزم، سۆسیال دیموکراسی، سۆسیالیزمی رادیکال و فەلسەفی و سەرەنجام سۆسیالیستی دیموکراتی تا ئێستا لەمەیدان و هەرچۆنێك بۆیانکرابێت دیدگا و خەباتی خۆیان بەردەوامکردوە. ئەم بکەرە سۆسیالیستی یە لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدە یان لە سالآنی بیستی سەدەی نۆزدە بەدواوە لە خەباتدا بوون بۆ بەدەست هێنانی ماف و ئازادییە سەرەتایی و مەدەنی و سیاسییەکان بۆ تەواوی خەڵك، نموونەی ئەم بزاڤەش لایەنگرانی (بەیاننامەی خەڵك)ن لە بەریتانیا بۆ بەدەستهێنانی ئەو مافانە و لەپێش هەمووشیانەوە مافی دەنگدانی گشتی پاشان بزاڤی کرێکاری سیاسی چارتی یەکان بۆ کەمکردنەوەی کاتی کارکردن و بەدەست هێنانی یاسای کار لەولآتانی لاتینی یان ولآتانی فەرەنسا، ئیتاڵیا و ئیسپانیا سەرهەڵدانی بزاڤەکانی سەندیکایی و لە بەرتانیاش سەرهەڵدانی بزافەکانی سۆسیالیستی و فابی کە دەیانویست ڕیفۆرمی سیاسی و ئابوری لە سودی خەڵك بەگشتی بخەنە ناو یاسا و سازوکاری دەوڵەتی مۆدێرنەوە.

سەرهەڵدانی بزاڤەکانی مافی مەدەنی و سیاسی و مافی ژیان تارادەیەك زۆربەی ولآتانی ئەوروپا و ئەمریکای گرتەوە و لەو نێوەشدا پەیدابوونی بزاڤەکانی فیمینستی و بەتایبەتی سەرهەڵدانی فیمینیزمی لیبڕال و مارکسی بۆ داوای ئازادی و سەربەخۆیی ژنان لە یاسای گشتیو ماف و ئازادییەکاندا[٢]. بێگومان لوتکەی بزاڤەکانی سۆسیالیستی و کرێکاری بەشێوەی مارکسیزم و لەنیوەی دووەمی دەیەی نۆزدە دەبێتە بزووتنەوەیەکی بەهێزی جەماوەری و جیهانی کەتوانی هەردوو ئەنتەرناسیونالی جیهانی کرێکاران و سۆسیالیستی لەسەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا بکاتە ئەڵتەرناتیڤی بەهێز و ڕکابەری مۆدیرنەی سەرمایەداری.

لەکاتێکدا کە ئەوروپا و ئەمریکا پڕدەبێت لە بزوتنەوەکانی ئازادیخوازی و داواکاری ماف و ئازادی و بەهێزبوونی بزوتنەوەکانی سۆسیالیستی، بێگومان زەمینە و هەلومەرجێك دەرەخسێ کە تاکی هۆشیار وخاوەن ئیرادە و ئەخلاقی بالآ دیدگا و ڕوانگەی فکری و فەلسەفی بۆ رەخنەگرتن لە مۆدێرنەی سەرمایەداری و سیستمی بالآ دەست بخاتە مەیدانەوە. ئەم روانگە و دیدگا هۆشیار و بەئیرادەو خاوەن ئەخلاقە لە





بیروباوەڕەکانی فریدریك نیچەی فەیلەسوفی ئەلمانی بەباشی بەیانکراوە ،ئەمەش دەبێتە یەکێك لە بکەرە گرنگەکانی سەردەمی سێیەم بۆ رەخنە و نەیاری لەبەرامبەر سیستەمی مۆدێرن ودیموکراسی. خود و بکەری سێیەم لە روانگەی خۆشی و چێژەکانی ژیانی تاکەوە دەبێت ئەم داوایە لە زەمینەی هەق و مافی غەریزی و ئیرۆسیدا پەیدا دەبێ و بیروباوەڕەکانی (سیگمۆند فرۆید)ی پزیشك ودەروون شیکاری نەمسایی دەبێتە مانیفێستی ئەو ئاسۆ و داواکارییە گشتییە بۆ هەموو کەس. بەمجۆرە سێ بکەری گرنگ و کاریگەرلەسەردەمی سێیەمدا دێنەمەیدانی ژیان وخەبات لەبەرامبەر هەژموون و سودپەرستی هەردوو دەسەلآتە بەهێزەکەی مۆدێرنە و دەسەلآتی ئابوری و ئەم سێ بکەرە لە سێ بیروباوەری گرنگ و کاریگەری (مارکس، نیچە و فرۆید) دەبنە سێ هێرشی میتۆدی و فکری و نەیاری دیموکراسی و سەرمایەداری مۆدێرنەی سیاسەت و ئابووری هەژمونگەر.

**سەردەمی چوارەم:** دەبێتە سەردەمی بەهێزبوون و کاریگەری و خۆ سەلماندنی ئەو بکەرە گشتیانە و لەیاسای ولآتانی ئەوروپی و ئەمریکی لەدوای پەسەندکردنی (جاری گەردوونی مافی مرۆڤ) لەساڵی (١٩٤٨) پەیدا دەبێت. لەم سەردەمەدا سەرەڕای بەشداری و بەهرەمەندی ڕێژەیی خەڵك ، کرێکاران، فەرهەنگی گشتی ،داواکاری ئابووری ، مافی ژیان و ئازادی و بەشداری سیاسی و مافەکانی تاك و پەسەندکردنی سەروەری و سەربەخۆیی بۆ نەتەوەکان، بەلآم زەمینەو هەلومەرجێکی گشتی و جیهانی بەشێوەیی یاسایی بۆگەشەی زیاتری ئەو خود و بزوتنەوانە دەرەخسێ بۆ دەسکەوت و بەهێزی و کاریگەری و بەردەوام بونیشیان[٣]. گەورەترین دەسکەوتی ئەم سەردەمە (بێگومان بەشێوەی ڕێژەیی) پەیدابونی دەوڵەتی رەفایە لە ئەوروپای رۆژئاوا و ئەمریکای باکور کەتا ئێستا کۆمەڵگا و سیستەم و مرۆڤی ئەو ولآتانە لەبەرهەمەکەی بەهرەمەند دەبن. لەم سەردەمەدا چەند بزوتنەوەی بەهێزو کاریگەر لە ئاستی ولآتەکان و لە ئاستی جیهانیشدا دێنەمەیدان و کاریگەرییان دەبێت، کە ئەمانەن: بزوتەوەی مافە مەدەنی یەکان لە (USA) لەسەرەتای دەیەی (١٩٥٠) ، بزوتنەوەی کرێکاری و سۆسیال دیموکراتی لە ئەوروپای رۆژئاوا، بزوتنەوەی سەندیکالیستی یان

ئانارکۆ سەندیکالیزمی (فەرەنسی، ئیسپانی، ئیتالّی، یۆنانی، پرتوگالی)، بزوتنەوەی فیمینیستی سۆسیالیستی و ئازادیخوازی ژنان، بزوتنەوەی نەتەوە چەوساوە و زولّم لێکراوەکان بۆ سەربەخۆیی نەتەوەیی لە ولاّتانی جیهانی سێیەم، بزووتنەوەی خوێندکاران و لاوانی فەرەنسا و ئەوروپا لەسالّی (١٩٦٨) بەدواوە و، بزوتنەوەی ژینگە پارێزی و ئاشتی خوازی ئەوروپا و ئەمریکا. ئەم بزووتنەوانە دەبنە زەمینەو ژینگەی سەرهەلّدانی نەوەی سێیەمی بزاڤی سۆسیالیستی، کە زۆربەی لێکۆلّیاران وشارەزایان سەرەتای دەیەی (١٩٦٠)بەسەردەمی سەرهەلّدانی ئەم نەوەیە دەزانن کە بە سۆسیالیستی دیموکراتی دەناسرێن و رێگای سێیەمە لەنێوان هەژموونگەری کۆمۆنیزمی رووسی و ئۆردوگایی لەلایەك و سۆسیال دیموکراسی ئەورووپای رۆژئاوا کە بەریفۆرمیزم و پارێزەری سیستەمی سەرمایەداری ناسراوە، لەلایەکی ترەوە .

## سیّ نەوەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی

((سۆسیالیزم ئەلّتەرناتیفی ئابووری ململانیّ و سود پەرستی سەرمایەدارییە، کە لەهەولّی هێنانەدی هاوکاری و یەکسانی کۆمەلاّیەتی راستەقینەدا دەیەوێت نایەکسانی ئابوری کەمبکاتەوە و چاودێربێت بەسەر بازاڕی کارو سەرمایەدا)) [٤]. بزاڤی سۆسیالیستی هەر لەسەرەتای سەرهەلّدانیەوە وەکو بیروباوەر و ئامۆژگاری هەندێك لە بیرمەندان، تادەگاتە سەردەمی زێرینی ئەنتەرناسیونالی یەکەم و دووەم و پاشان بەهێزبونی هەردوو بالّی سۆسیال - دیموکراسی و کۆمۆنیزمی لینینیو تادەگاتە ئەم سەردەمە، بروایان بەم پێناسە گشتیە بۆ بەدیلی سۆسیالیستی لەبەرامبەر دەسەلاّت و ئابوری سەرمایەداریدا هەیە.

لەسەرەتای سەدەی نۆزدە لایەنگرانی (کلۆد هێنری سان سیمۆن) تیۆرمەندی کۆمەلاّیەتی فەرەنسیو (رۆبرت ئۆین) چاکسازی کۆمەلاّیەتی ئینگلیزی، زاراوەی (سۆسیالیزم) یان بەکارهێناوە. ئەم دووکەسە هەردووکیان بڕوایان بەئامۆژگاری و پەروەردەی کرێکاران و سەرمایەداران هەبوو بۆ ئەنجامدانی ریفۆرم و چاکسازی لە پێناو هێنانەدی کۆمەلّگای هاوکاری و یەکسان لەبەرهەم و دابەشکردندا. (لویی بلان)





کە یەکێکە لە تێکۆشەرە سۆسیالیستە کاریگەرەکانی فەرەنسا و لەو سەردەمەدا بڕوای بە ریفۆرمی ئابوری و سیاسی و هێنانەدی خۆشگوزەرانی هەبوو لە ریگای یاسا و کاری پارلەمانی یەوە. ئەو لایەنگری ئەو هەلومەرجە بوو بۆ دەولّەت و کۆمەلّگا کە ئێستا پێی دەلّێن (دەولّەتی رەفا). بەلاّم بۆچونەکانی (شارلّ فۆرییە)ی فەرەنسی دەیخوازی کە گۆرانکاری بنەڕەتی لەناو کۆمەلّگادا بکرێت لەڕێگای ئەو گروپانەی کە خۆی هانی پێکهێنانی دەدان. لەناو ئەو گروپانەدا کۆتوبەندی دابەشکردنی کارو بیرۆکراسی و دابونەریتی کۆنی تاك هاوسەری و جیاوازی چینایەتی بوونیان نەبوو. (پییر جۆزیف پرۆدۆن) رادیکالیست و شۆڕشگێری فەرەنسی کە دەیوت (دارایی و سامان دزیین) دەیویست بە پشت بەستن بە ڕێکخراو و سەندیکاکانی (نیاز و پێویستی ژیان) خەبات و کۆمەلّی سۆسیالیستی بە شێوەی بیرکردنەوەی خۆی ئاوا بکات.

بڕوای ئەم بەشە لە سۆسیالسیزمی سەرەتایی جیاواز بوو لەگەلّ دیدگای رێبازی رادیکالّ و شۆڕشگێری ئەو سەردەمەی بزاڤی سۆسیالیستی کە دەیانویست لەڕێگای شۆڕش و راپەرین و هەندێك جاریش توندوتیژی و تیرۆریزمەوە دەسەلاّتی سیاسی بگرن و پاشان بەرنامەی سۆسیالیستی لە زەمینەی ئابوری و کۆمەلاّیەتی و فەرهەنگیدا بەدی بهێنن. (لویی ئۆگست بلانکیّ) کەخۆی و لایەنگرانی ئیلهامیان لە بیروباوەڕی (فرانسوا نۆیلّ بابۆف)ی ئانارشیست و ئاشوبگەری فەرەنسی وەردەگرت .بابۆف و لایەنگرانی لەسەرەتادا شۆڕشی فەرەنسییان وەکو شۆڕشی یەکسانی خواز و دلّخواز سەیر دەکرد. بەلاّم پاشان گومانیان لە دەسەلاّتی بۆرژوازی پەیداکرد، بۆیە دەیانویست هەر بەشێوەی شۆڕش ئەو دەسەلاّتە لابەرن و خۆیان بچنە سەر دەسەلاّت. لایەنگرانی بلانکیّ دەوری بەرچاویان هەبوو لە چالاکی شۆڕشگێرانەی چەند دەیەیەك لە فەرەنسا کە سەرئەنجام لە (کۆمۆنی پاریس)دا لە سالّی (١٨٧١) رەوتی زۆرینەبوون و ئەوان و بەشەکانی دیکەی بزاڤی کرێکاری و سۆسیالیستی توانیان بۆماوەی دومانگ پاریس کۆنترۆلّ بکەن و دەسەلاّتی کۆمۆنە دابمەزرێنن [٦]. سەرەرای ئەوەی کە ئەم بیروباوەرە سۆسیالیستی یانە هەر لەسەرەتای سەدەی نۆزدە تا ناوەراستی ئەو سەدەیە، دیدگا و میتۆدی گشتی و پلورالیستی بزاڤی کرێکاری و سۆسیالیستی بوون، بەلاّم نەیانتوانی

دوو بەرهەمی کاریگەر بۆ ئەو بزاڤە بەدەست بهێنن: یەکەم، نەبوون و هەوڵ نەدان بۆ هێنانەدی دیدگا و بەرنامەیەکی گشتی فەلسەفی، سیاسی، ئابوری و کۆمەڵایەتی بۆ بزاڤی سۆسیالیستی، کە پاشان مارکسیزم بەم کارە هەستا. دووەم، ئەم بزوتنەوانە یان لە ڕاستیدا ئەم پەیرەوانە نەیانتوانی لەگەڵ یەك هاودەنگی و هاوکاری جیهانی یان ئەوروپی بەدەست بهێنن و هەموویان بەشێك بوون لە بزووتنەوەی نیشتمانی وڵاتەکەی خۆیان و کاریگەری ئەوروپی یان بەدەست نەهێنا، کە دیسان مارکسیزم لەنیوەی سەدەی نۆزدە بەدواوە بەم کارە هەستا.سەر ئەنجام ئەم پەیڕەوە سەرەتاییانەی سۆسیالیزم نەبوونە بزاڤێکی بەردەوام و نەبوونە نەوەیەك لە بزاڤی سۆسیالیستی لە مەیدانی ئابوری و سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی جیهانی مۆدێرن.

نەوەی یەکەمی بزوتنەوەی سۆسیالیستی، وەکو بزاڤی سیاسی و جەماوەری لە ئاستی جیهانی مۆدێرندا( ئەوروپا و ئەمریکا) لەسەر دەستی بەهێز و توانای مارکسیزم پەیدادەبێ و لە ژیانی ئەم نەوەیەدا رەوت و لێکۆڵینەوەی مارکسیستی لە هەموو رەوتەکانی دیکەی ناو بزاڤی سۆسیالیستی بەهێزتر و گشتی تر دەبێت. مارکسیزم، وێرای دیدگای فەلسەفی و سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی تایبەت بەخۆی، بەهێز و کاریگەریش بوو لە پێکهێنان و بەهێز بوونی پارت و فیدراسۆنە کرێکاری و سۆسیالیستیەکان لە تەواوی وڵاتانی ئەوروپی و ئەمریکیدا. ئەم کارە بەتایبەت دەربارەی هەردوو فیدراسیۆنی کرێکاری و سۆسیالیستی جیهانی راست بوو،((یەکێتی جیهانی کرێکاران)) کە بە ئەنتەرناسیونالی یەکەم لە مێژوودا ناسراوە بە پێشرەوی و رێنمایی بیروباوەرەکانی مارکس لە ساڵی (١٨٦٤) لە لەندەن دامەزرا و ((ئێونەتەوەی دووەم)) کە لەساڵی (١٨٨٩) دامەزرا و پاریس لەئامێزی گرت و تا ساڵی (١٩١٤) بەردەوام دەبێت. هەرچەندە لەم دو ئەنتەرناسیونالەدا جگە لەڕەوتی مارکسیزم، دوو رەوتی دیکەش هەبون کە ئەوانیش رەوتی ریفۆرمیست و ئانارشیست بوون، بەڵام رەوتی شۆڕشگێڕی سۆسیالیستی و کرێکاری بە ڕێنمای مارکسیزم بەهێزترین ڕەوتی ناو هەردوو ئەنتەرناسیونالْ بوو. سەرئەنجام مارکسیزم لەڕێگای





ئەو دوو ئەنتەرناسیونال و پارتەکانی سۆسیال دیمورکراسی و بزاڤی بەهێزی کرێکاریەوە سەردەمی زێرینی خۆی [٦] هەتا ساڵی (١٩١٤) بەردەوام کرد.

نەوەی دووەمی بزاڤی سۆسیالیستی لەدوای کۆتایی هاتنی تەمەنی ئەنتەرناسیونالی دووەم، واتە لە ساڵی (١٩١٤) دەست پێدەکات. زۆربەی سەرچاوەکان و مێژوونوسانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی لەو باوەڕەدان کەساڵانی نێوان ١٨٦٤ـ١٩١٤ بەسەردەمی سەرهەڵدان و بەهێزبوون و وەرچەرخانو کاریگەربوونی بزوتنەوەی سۆسیالیستی ئەژماردەکرێ لە سیاسەت و فەرهەنگ و ژیانی ئابوری و سیاسی ئەوروپا و ئەمریکا، کە ئەم سەردەمە دەبێە تەمەنی نەوەی یەکەمی بزاڤی سۆسیالیستی. بەڵام نەوەی دووەم کەلەسەرەتای جەنگی جیهانی یەکەمەوە دێتە مەیدان بەهەردوو باڵی ریفۆرمیست (سۆسیال دیموکرات) و توندڕەوی شۆڕشگێڕی (کۆمۆنیست)ەوە، دەبنە دوو باڵی بەهێز و جیاواز و دژ بەیەك لە بزاڤی سۆسیالستی دا و تەواوی سەدەی بیستەم دەبێتە سەدەی براکوژی نێوان سۆسیال دیموکراسی و کۆمۆنیزم لە ئاستی جیهانیدا.

سۆسیال دیموکراسی درێژکراوەی باڵی ریفۆرمیست و شێوە مارکسی ناو ئەنتەرناسیونالی دووەم بوون کەلەپەیرەوەکانی ئەڵمانی (ئیدوارد برنشتاین)، فەرەنسی (جان جۆریس)، مارکسیستی نەمسایی (ئاسترۆ مارکسیست، کارل رینەر، ماکس ئادلەر، ئۆتۆباوەر) و پەیرەوی بەریتانی (سۆسیالیزمی فابی و پارتی کرێکاران)توانیان بەهێزترین پارتی سۆسیالیستی یان لە راستیدا پارت و بزوتنەوەی جەماوەری و کرێکاری لەتەواوی ئەوروپای رۆژئاوادا پێك بهێنن .

کۆمۆنیزمیش لەرێگای بیروباوەڕەکانی لینین (لینینزم) و کۆمۆنیزمی روسی و ستالینەوە، توانییان لەوڵاتانی رووسیا (یان سۆڤیەت) و تەواوی وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵات، کۆمۆنیزمی ئۆردوگایی پێك بهێن و لە ساڵ (١٩١٧)وە هەتا ساڵی (١٩٩١) کاریگەری بەهێزیان لەسیاسەتی جیهانیدا هەبوو، وەکو ئۆردوگایەکی سیاسی و ئابووری لەبەرامبەر ئەمریکا و هاوپەیمانانی رۆژئاوایی. سیاسەت و بەرنامەی بەناو سۆسیالیستی ئەم ئۆردوگایە لەو سەردەمەدا (١٩١٧ – ١٩٩١) لەم چەند خاڵەدا بەیان دەکرێت: یەکەم، ئاستی نزم و هەژارانەی ژیانی ئابووری لەم ئۆردوگایەدا. دووەم،

نەبوونی ئازادی و دیموکراسی و دەسەلاّتدار بوونی دیکتاتۆری سیاسی ئەحزابی کۆمۆنیستی پەیرەوی سۆڤیەت و سێیەم: ناسیۆنالیزم لەهەردوو ئاستی هەریەکێك لەو ولاّتانە یان لە ئاستی ئۆردوگاییدا و بەتایبەتی ناسیۆنالیزمی قەلاّی مەزنی سۆسیالیزم کە (شورەوی) یە [٧] .سیاسەتی ناسیۆنالستی ئۆردوگای کۆمۆنیستی بەومانایە دێت کە بەرژەوەندی جیهانی و ئەنترناسیۆنالیستی کرێکاری و سۆسیالیستی لە جیهاندا کراوەتەپاشکۆ و قوربانی بۆ پاراستنی ئۆردوگای مەوجودی کۆمۆنیستی و هەموو سیاسەتە جیهانی یەکان تەنها لە ڕوانگە و بەرژەوەندی سۆڤیەت و ئۆردوگا و کاریگەری جیهانی ئەو ولاّتەوە سەرچاوە دەگرێت، نەك لەبەرژەوەندی خەباتی چینایەتی جیهانی کرێکاران و سۆسیالیزم.

بەم شێوەیە هەردوو باڵی سۆسیالیستی وکۆمۆنیستی لەسەردەمی نەوەی دووەمی سۆسیالیزمدا درێژە بە ژیانیان دەدەن و سەرئەنجام لە سالاّنی (١٩٦٠) بەدواوە ڕەوت و بزاڤی نەوەی سێیەم لەناو بزوتنەوەی سۆسیالیستی جیهانیدا سەر هەڵدەدات، وەکو ڕێگای سێهەمی جیاواز لە کۆمۆنیزمی دەوڵەتی و هەژمونگەر و دیکتاتۆری‌و سۆسیال دیموکراسی ریفۆرمیست و شێوەیەك لە پاراستنی سەرمایەداری.

## مێژووی سەرهەڵدانی نەوەی سێیەم

دەیەی شەستی سەدەی بیستەم بە سەرهەڵدانی رەوتێکی نوێ لە بزاڤی سۆسیالیستی دائەنرێ، کە بەزۆر ناوی جیاوازەوە دێنەمەیدانی خەبات. زەمینەی سەرهەڵدانی ئەم رەوتە بۆ دوو هۆکاری سیاسی و ئابوری و جیهانی گرنگ دەگەڕێتەوە، **یەکەم** نەیاری و نارەزایی بەرامبەر بە سیاسەتی دەوڵەتانی سەرمایەداری لەبەرامبەر کێشەی نەبوونی دادپەروەری کۆمەلاّیەتی، شەڕی ساردی نێوان هەردوو ئۆردوگای بەناو سۆسیالیستی لەلایەك و ئۆردوگای رۆژئاوا بەسەرکردایەتی ئەمریکا و زەمینەی سەرهەڵدانی شەڕی جیهانی و مەترسی چەکی ئەتۆمی و کۆکوژ. **دووەم،** سیاسەتی هەڵەی هەردوو باڵ کۆمۆنیستی و سۆسیال دیموکراسی سەبارەت بە فەرامۆشکردنی پرسەکانی ئازادی، دیموکراسی، ئاشتی و عەدالەت و خەریك بوونی ئەو دووباڵە



سۆسیال دیموکراسی ---------------- [ مێژوو، تیۆری، رەخنە ]

لەلایەك بەکێشە و جیاوازیی نێوان خۆیان و لەلایەکی دیکە بە پاراستن و هێشتنەوەی هەژموونی جیهانیان لەسەر حسابی بەرژەوەندی بزاڤی کرێکاری و سۆسیالیستی و عەدالەتی جیهانی .

سەرهەڵدان و بەهێزبونی خەباتی جەماوەری و دیموکراتی دەرەوەی پارلەمانەکانی ئەوروپای رۆژئاوا لەسەرتای دەیەی (١٩٦٠) و بڕوانەمان، یان کزبوونی ئومێدەکان بەپارتەکانی سۆسیال دیموکراسی کە دەبێتە زەمینەیەك بۆ سەرهەڵدانی بزاڤەکانی بەدەست هێنانی مافەمەدەنیەکان (بەتایبەتی لە (USA) و بزاڤەکانی ژنان و فیمینیستە ئازادی خواز و یەکسانی خوازەکان، راپەرینی خوێندکاران و لاوانی (فەرەنسا) و ئەوروپا و ئەمریکا لە ساڵی (١٩٦٨) و بزاڤی ڕزگاری خوازی نەتەوەکان‌و پاشان سەرهەڵدانی بزاڤی ژینگەپارێزی و سەوزەکان و لەسەرەتای دەیەی (١٩٧٠) و پەیدابوون و بەهێز بوونی نەیاری و نارەزایی لەدژی جەنگ و چەکی ئەتۆمی و دروست بوونی بزاڤی لایەنگرانی ئاشتی، لەکۆتایی دەیەی (١٩٨٠) و سەرەتای دەیەی (١٩٩٠)و پاشەکشە و هەڵوەشانەوەی دەوڵەتانی کۆمۆنیست و دیکتاتۆری تاك حزبی لە سۆڤیەت و ئەوروپای رۆژهەلاّت و رووخانی دیواری بەرلین لەساڵی (١٩٨٩) دەبێتە سیمبول و هێمای سەردەمێکی تازە بۆ سەرهەڵدانی نەوەیەکی نوێ لە سۆسیالیزم. بڕوای ئەم نەوەیە لە بزوتنەوەی سۆسیالیستی بەرامبەر بە ولاّتانی بەناو سۆسیالیست ئەوە بوو کە ئەو دەوڵەت و پارتانە بە هیچ شێوەیەك سۆسیالیست نەبوون بەڵکو دەوڵەتی دیکتاتۆری بوون بەسەر پرۆلیتاریا و خەڵکەوە نەك دیکتاتۆری پرۆلیتاریا. راپەرینی لاوان و خوێندکارانی پاریس و کۆنترۆڵ کردنی بەشێك لە زانکۆکانی فەرەنسا، ئەمریکا و هەموو ولاّتانی پێشکەوتوو لەلایەن لاوانەوە لە مانگی ئایاری (١٩٦٨) و بەرزکردنەوەی دروشم و خواستەکانی سۆسیالیستی و تا رادەیەك ئانارشیستی، بەسەردەمێکی گرنگ لەتەمەنی ئەم نەوەیەی سۆسیالیستی ئەژمار ئەکرێ. زۆرترین بەشداربووانی بزاڤەکانی خوێندکاران و لاوان، لایەنگرانی بزاڤەکانی (چەپی نوێ) بون کەلەسەرەتای (١٩٦٠) پەیدابوو بوون، چەپی نوێ بەشێوەی گشتی زیاتر ئازادی خواز بوون، تا سۆسیالیستی کەئەمەش کاردانەوەیەك بوو بەرامبەر

ئۆردوگای دژی ئازادی و دیموکراسی بەناو سۆسیالیستی و سیاسەتی دیکتاتۆری حزبە کۆمۆنیستی یەکانی سەر بە سۆڤیەت.

ئەوناوەی کە تەواوی لایەنگرانی بزوتنەوە ناوەبراوەکان لەسەری کۆك و هاودەنگ بوون، ناوی **سۆسیالیستی دیموکرات** یان **سۆسیالیست و دیموکرات** بوو بۆ خۆجیاکردنەوەیان لە هەردوو رەوتی سۆسیال دیموکراسی و کۆمۆنیزمی ئۆردوگایی. هەندێك لە سۆسیالیستە مرۆڤدۆستەکان و بەشێك لەلایەنگرانی (تیۆری رەخنەی ئەمریکایی و بەریتانی لە دیموکراسی لیبرالی) بوونە قسەکەری ئەم بزاڤە نوێیە. بیریاران و رەخنەکارانی بەرجەستەی ئەمریکایی و بەریتانی وەکو رۆبرت دال کە بروای بەهێزی بە سۆسیالیزم هەبوو، کرافۆرد ماکفرسۆن کە باسی لە دیموکراسی راستەقینە و پلورالیستی دەکرد، ئا.پ. تۆمپسۆن مێژوو نووسی ئینگلیزی و رالف میلیباند کە خاوەنی کتێبی گرنگ و ناوداری (سۆسیالیزم بۆ سەردەمی گومان)ە و یەکێك بوو لە تیۆریسنە ناودار و مامۆستا پڕکارەکانی (کۆلێژی ئابووری و سیاسی لەندەن )لە باس و تیۆرەکانیاندا خۆیان بەلایەنگرانی ئەم رەوتە لە سۆسیالیزم دەناساند. لێکۆڵیارانی چەپی نوێ بەبیرو رای هاوبەش لەگەڵ دیدگای مارکسی لاو، بەرەو بیرورای (لەخۆ نامۆ بوونی)ی مرۆڤی نوێ و نەبونی ئازادی راستەقینە لە سیستەمی سەرمایەدارییدا وەرچەرخا (٨).

بزوتنەوەی مافە مەدەنیەکان لە ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و و کاریگەری فراوان و بەهێزی ئەو بزوتنەوەیە بۆ ماوەیەکی بەرچاو لەسەر کۆمەڵگا و سیاسەت و بیرکردنەوەی ئەمریکی وای لە تیۆرمەندانی ئەم بزاڤەی سۆسیالیزم کرد کە دووبارە گرنگی و ئاراستەیان بەرەو پرسی ماف و ئازادییە مەدەنییەکان زیندوو بکەنەوە هەندێك لەو سۆسیالیستانە و بەتایبەتی (کرافورد ماکفرسۆن)تیۆر مەندی سیاسی کانادایی لە کتێبی (جیهانی واقعی دیموکراسی)دا نرخاندنی هاوسەنگتر و راستەقینەتری لە دیموکراسی ئازادیخواز خستەڕوو . بەبڕوای ماکفرسۆن دیموکراسی تەنها لە دیموکراسی لیبرالی دا تەسك ناکرێتەوە، بەڵکو دوو جۆری دیکە لە دیموکراسی دەتوانێ فرەیی و بەهرەمەندی دیموکراسی بەرەو ئازادی خوازی واقعی بەدی بهێنێ.





ئەو دوو جۆرەی دیکەی دیموکراسی بەبڕوای ماکفرسۆن یەکێکیان دیموکراسی رۆسۆیی یە کە دەتوانێ دیموکراسیەکی میللی یان گشتی (نەك تەنها لیبرالی) بۆ هەمووان بەدەست بهێنێ و دوومیان لە دیموکراسی مارکسی یان سۆسیالیستی یە کە پەیوەندارە بەپرسەکانی ئازادی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی، دادپەروەری دابەشکردن و دارایی و سەرەئەنجام بونیات نانی شێوەیەك لە دامودەزگای سۆسیالیستی (کۆمەلایەتی هاوبەش) و بەهرەمەند بۆ هەمووان (٩). سەرئەنجام تەواوی سۆسیالیستە دیموکراتەکان بروایان هێنا بە جۆرێکی دیکە لە دیموکراسی، کەجیاوازە لە دیموکراسی لیبراڵیو خۆیان ناوی دەنێن بە دیموکراسی سۆسیالیستی (بەپیرەوی لە ماکفرسۆن و میلیباند) (١٠).

بزاڤی رزگاری خوازی ژنان کە بووە هۆی سەرهەڵدانی پەیرەوێك بەناوی (فیمینیزمی مارکسیست) و بەسوود وەرگرتن لە دیدگا و نووسینەکانی مارکس و ئەنگلس و ئۆگست بیبل (یەکێك لە رابەرە گرنگەکانی رەوتی مارکسیست لە سۆسیال دیموکراسی ئاڵمان) و سۆسیالسیتەکانی سەرەتا (فۆریە، سان سیمۆن و رۆبرت ئۆین) شێوەیەك لە بیرکردنەوەی سۆسیالیستی و فیمینیستیان بەئاڕاستەی پلوڕالیزم هێنایە ناو بزاڤی سۆسیالیستی و فیمینستی. هەڵوێستی ڕابەرانی ئەم پەیڕەوە سۆسیالیستی و فیمینیستی یە لە بەرامبەر ئەوانەش کە مارکسیست نەبون، هەڵوێستی نەیاری نەبوو بەڵکو بڕوایان بە فرەیی لە بیرو باوەڕو یەکێتی لە کار و ئامانجدا هێنا. بزاڤی فیمینیستی سۆسیالیستی لەناو پارتە سەوزەکانیشدا، کە ئەوانیش بەشێکن لە نەوەی سێیەمی سۆسیالیستی گرنگ و کاریگەر بون.

پارتە سەوزەکان لەلایەنگرانی ژینگە پارێزی و ئاشتی پەروەری ، کە لە ئەڵمانیا و ولاتانی ئەسکەندەناڤ بەهێز و کاریگەرن لە سیاسەت و بیرکردنەوەی ئەو ولاتانەدا، هەر بەشێوەی پلورالیستی نێوان ژینگە پارێزی، فیمینیزم،ئاشتی پارێزی و سۆسیالیزم بیر دەکەنەوە و ئەمانیش بەشدار و هاوبەشن لە دیدگا گشتیەکانی رەوتی (سۆسیال دیموکرات) کە لە شوێنی خۆیدا باسیان دەکەین.

ڕەوت یان پەیڕەوێکی دیکەی ناو سۆسیالیزمی دیموکرات ئەوانە بوون کە دەیانویست پەیوەندی نێوان دیموکراسی و ناسیۆنالیزم و سۆسیالیزم زیندوبکەنەوە. ڕوانگەی میتۆدیو فکری ئەم باڵە دیدگا و زانیاری لە دوو پەیرەوی مارکسی و سۆسیالیستی سەرەتای سەدەی بیستەم وەردەگرت. برۆنۆ باوەر و کارل رینەر و ماکس ئادلەر کە بونیادنەرانی رەوتی (ئاسترۆ مارکسیست) یان پەیرەوانی قوتابخانەی ڤییەننا بوون، بڕوایان وابوو کە دەتوانین دیموکراسی و سۆسیالیزم و ناسۆسیالیزم پێکەوە ئاوێتە بکەین و لەلای ئەوان ناسیۆنالیزم یان نەتەوە پەروەری دەبێت بەدیهێنەری ماف ونیازەکانی خەڵکیش بێت. واتە ناسیۆنالیزم (لە پەیڕەوی ئەواندا)تەنها بەدەست هێنانی سەروەریو سەر بەخۆیی نی یە بۆ نەتەوەکان، بەڵکو دەبێت بەدیهێنەری سەروەری و سەربەخۆیی و نیاز و ژیانی تاکەکانی ناو ئەو نەتەوەیەش بێت یان هەروەکو خۆیان دەڵێن ((نەتەوە هاوچارەنووسی خەڵکەکانیەتی)) [١]. پەیرەوی دووەم بۆ ئیلهامی (دیموکراسی، سۆسیالیزم و ناسیۆنالیزم) بۆ ڕەوتی سۆسیالیستی دیموکراتی، بیرو باوەرەکانی تێکۆشەر و ڕابەر و تیۆرمەندی بزوتنەوەی سۆسیالیستی فەرەنسی (جان جۆریس) کە دەیوست گفتوگۆ و ئاوێتە بوونی سۆسیالیزم و دیموکراسی و نەتەوەپەروەری لە بیروڕای ئاشتی خوازی و دژی جەنگ دا بەرهەم بهێ [٢]. بەم جۆرە نەوەی سێ یەم، دەیخواست کە جۆرێکی دیکە لە پلۆرالیزم و یەکتر خوێندنەوەی نێوان ئەنتەرناسیۆناڵیزمو نەتەوەخوازی بەدەست بهێنێ و لەم مەیدانەشدا ڕاستگۆیی پلوورالیستی خۆیان بسەلمێنن.بزاڤەکانی ڕزگاری نەتەوەیی و نیشتمانی لە وڵاتانی روو لەگەشە، وای لە سۆسیالیستەکان کرد کە دووبارە گرنگی بەم باسە کۆنەی ناو دنیای سۆسیالیستی بدەنەوە و هەوڵ بدەن کە بەگرتنە بەری ئاڕاستە و سیاسەتی نوێ پەیوەندی نێوان نەتەوەپەروەری (ناسیۆنالیزم)، سۆسیالیزم و دیموکراسی بخەنەوە ناو سیاسەت و فەرهەنگی بزاڤی سۆسیالیستی.

لە ئەمریکاو کەنەدا، پەیدابوونی رەوتی سۆسیالیزمی دیموکراتی زیاتر بەشێوەی بزاڤی کۆمەڵایەتی و یەکگرتنی نێوان گروپ و فیدراسۆنە کرێکاریەکان پێك دەهات، نەك بەشێوەی تیۆری و نوخبەیی. (سۆسیالیستە دیموکراتەکانی ئەمریکا) کە





یەکگرتنی نێوان گروپە چەپەکان بوو لەساڵی (١٩٨٣) لەلایەن (مایکل هارینگتۆن) و هاوکارانی دامەزراو لەکاردا بوون بۆ نەیاری لەبەرامبەر سیاسەتی نارۆشنی سۆسیال دیموکراسی ناو پارتی دیموکرات لەبەرامبەر سیاسەتی جیهانی ئەمریکا، و ئەوان دەیانویست لە ڕوانگەی خەبات و ئاسۆی سۆسیالیستی جیهانیەوە،داوەری لەسەر سیاسەتی ئەمریکا بکەن، نەك لەروانگەی ئەمریکا پەرستی و خەونی ئایدیالیستی هەژموونی ئەمریکاییەوە.

لە ئاستێکی فراوانتردا چەند پارت و ڕووناکبیران و تیۆرمەندانی کاریگەر لەناو پارتە کۆمۆنیستەکانی ئەورووپای رۆژئاوادا و لەسەرەتای دەیەی (١٩٨٠)کە بەشێکی بەهێز بوون وەکو باڵی دیموکراتو ئازادی خوازی ناو ئەو حزبانە، تەواوی پارتەکانیان لە ئاراستەی سۆڤیەتی دوورخستنەوە و هەرچی زیاتر بەرەو دیموکراسی دەچوون. ئەم هەوڵانە لە ئیتاڵیا، ئیسپانیا، فەرەنسا، بەریتانیا، یۆنان و (ژاپۆن)سەرکەوتووبوون و ئەم بزوتنەوەیە کە بە (کۆمۆنیزمی ئەورووپی یان ئورۆکۆمۆنیزم) ناسراوە و بەڕێنمایی بروواکانی (ئەنریکۆ برلینگۆیر) بەهێزترین و پایەدارترین رەوتی دژی لینینی و سۆڤیەتی بوون لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا. کۆمۆنیستە ئەورووپاییەکان، هەروەکو زۆربەی سۆسیالیستە دیموکراتەکان رویانکردە بەرهەم و نووسینەکانی (ئەنتۆنیۆ گرامشی) کەیەکێك بوو لە تیۆرمەندانی گرنگ و کاریگەری ناوبزاڤی مارکسیستی و رابەری بنیات نەری پارتی کۆمۆنیستی ئیتاڵیا بوو. گرامشی لە ئاوێتەکردنی کارو بەها شۆڕشگێڕیەکان لەگەڵ دیدگای ریفۆرمیستی دەربارەی پەیوەندی نێوان سەرمایەداری و سۆسیالیزم و پێشرەوی ئەو ئاوێتە کردنە لەنێو بیرمەندانی نێونەتەوەیی دووەمدا بێ هاوتابوو. گرامشی هەر بەوشێوەیەی کە داکۆکی دەکرد لە دیدگای مارکسی سەبارەت بە پێداویستی پارتی شۆڕشگێڕی چینی کرێکار، لەهەمان کاتدا لە خەباتی گشتی جەماوەری ئانارشی و بێ بەرنامەی خەڵك بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی داکۆکی دەکرد. بەڵام هەندێك لە پارتەکانی ناو کۆمۆنیزمی ئەورووپی، وەکو حزبی کۆمۆنیستی فەرەنسا و ئیتاڵیا،زیاتر دەگەڕانەوە بۆ مارکسیزمی رەسەن (ئەرسەدۆکس) و هەوڵیان دەدا کە ئەنجام و لێکۆڵینەوەی تازە لە مارکسیزم لەسەردەمی ئێستادا بەدەست بێنن.

دیدگای نەیاری و نارەزایی سۆسیالیستە دیموکراتەکان لەبەرامبەر گەندەڵی، ناکارایی، هەژاری و دیکتاتۆری کۆمۆنیستی دەوڵەتانی بلۆکی رۆژهەڵات لەلایەکەوە و رەخنەی ئەوان لە سیاسەتی تەواو ریفۆرمیستی و تەسلیم بوونی سۆسیال دیموکراسی بەسەرمایەداری و بەشداری ئەوان لە سیاسەتی دژی مرۆڤانەی سەرمایەداری رۆژئاوا (وەکو جەنگ، پاوان کردن ،جیهانگیری،هەژاری، ئالودەکردنی ژینگە) دوو بەرئەنجامی گرنگی لێکەوتەوە: یەکەم، دەبووایە زیاتر ئەوان (واتە نەوەی سێیەم) خەریك بن بەپەیوەندی نێوان سۆسیالیزم و دیموکراتی هەر بۆیەش ناوێکی هاوبەشیان لە نێوان ئەو دوو زاراوەیە بۆ خۆیان هەڵبژاردووە. دووەم ڕاستی و دروستی دیدگاکانی ئەوان سەبارەت بەهەردوو باڵەکەی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم لەهەموو زەمینەکاندا ڕاست دەرچوو.

## زەمینەکانی سەرهەڵدانی بزاڤی سۆسیالیستی دیموکراتی

نەوەی سێیەمی بزاڤی سۆسیالیستی سەرەڕای ئەوەی لە ژینگە و زەمینەی جیاواز و فرەوە سەرچاوەی گرتووە و زۆربەی جیهانی مۆدێرنی لە سالآنی (١٩٦٠) و (١٩٧٠) و (١٩٨٠) تا ئێستا گرتۆتەوە، بەڵام ئەم بزاڤە لە بناغەدا خاوەنی چەند تایبەتمەندی جیاوازە لە هەردوو باڵەکەی نەوەی دووەم .تایبەتمەندی رادیکالیزمو ئەنتەرناسیۆنالیزم، خەباتی شۆڕشگێری و دادپەروەری سۆسیالیستی و ئازادیخوازی دەبنە ناسنامەی گشتی ئەم بزاڤە و لە هەمان کاتدا بەیانگەری خودی ئەو ژینگە و زەمینانەشە کەتیایدا پەیدابوون. هەر بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ئەم بزاڤە لەژینگە و سەرچاوەی جیاوازەوە پەیدابوون (نەك تەنها خەباتی سیاسی و چینایەتی کرێکاران وەك مارکسیزمی کلاسیك و سۆسیال دیموکراسی و لینینزم) تێگەیشتنی ئەوان یان بەشەکانی ئەو بزاڤە لە خودی سۆسیالیزم چوون یەك و هاوتانییە بەڵکو ئەوان یەکێك لە بەرهەمەکانیان دەبێتە بەدی هێنەری میتۆدی پلورالیستی سۆسیالیستی و پێکەوە ژیانی دیدگا جیاوازەکان لەناو سۆسیالیزمدا.





سەرئەنجام دەبێت ژینگە و زەمینەکانی ئەم رەوتە بناسین و لەو ناسینەدا لە فرە چەشنی و جیاوازی نێوان بەشەکان و ئەو بۆشاییەی کە ئەم بزاڤە لە ئاستی جیهانیدا پڕیدەکاتەوە تێبگەین و زەمینەکانی سەرهەڵدانی دەبێتە جۆرێك لە ناسینەوەی فرە و ئاڵۆزی ئەم رەوتە:

**یەکەم**: دەیەی شەست دەبێتە سالآنی زۆر پرس و کێشەی کۆمەڵایەتی چارەسەر نەکراو کە لە ئەنجامی گۆرانکاری کۆمەلگای بۆرژوایی دوای جەنگی جیهانی دووەم پەیدابوون لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ناکۆکی و دژایەتی نێوان هەردوو ئۆردوگای رۆژئاوا و رۆژهەڵات مۆری خۆی دابوو لە هەموو پرس و کێشەکانی ژیان لە جیهاندا و هەروەها راگەیاندن و پرۆپاگەندەکانی جەنگی سارد، بەهێز بوونی پێشبڕکێی چەکدار بوون، ئەگەری هەڵایسانی جەنگی سێیەم و کاریگەری چەکی ئەتۆمی و کۆکوژ ببوونە تابلۆی سەرەکی و چەند بارە ی ژیانی خەڵکی جیهان ،لەلایەکی دیکەشەوە کۆنترۆڵی بێ ئەملاولای ئەمریکا بەسەر جیهانی رۆژئاوا (ئەورووپای رۆژئاوا، ژاپۆن، ئوستڕالیا و ئەمریکای باکوور) زەمینەی دژایەتی ئەمریکا و ئۆردوگاکەی لە هەموو جیهاندا هەڵخراندبوو. دژایەتی جەنگی سارد و کێشەی ئەتۆمی و پیس بونی ژینگە و نەبوونی ژیانی ئابووری و عەدالەت خوازی لە خودی ئەوروپا و ئەمریکاشدا دەبێتە زەمینەی یەکەم و سەرەکی بۆ پەیدابوونی بزاڤەکانی چەپی نوێ و نەوەی سێیەم.

**دووەم**: سەرهەڵدان و بەهێزبوونی بزاڤەکانی ڕزگاری خوازی نەتەوەکانی جیهانی رو لە گەشە و بەئاکام گەیشتنی هەندێك لەو بزوتنەوانە بۆ بەدەست هێنانی سەروەری و سەربەخۆیی نیشتمانی و ئاوێتە بوونی سۆسیالیزم و ناسیۆنالیزم دەبێتە یەکێك لە زەمینە و ناسنامەکانی بزاڤی سۆسیالیستی تازە، یان سۆسیالیزمی وڵاتانی داگیرکراو. سەرکەوتنی شۆڕشی چین لە سالی (١٩٤٩) و کوبا لە سالی (١٩٥٩) و شۆڕشی جەزائیر لە (١٩٦٢) ئەو زەمینانەن کە سۆسیالیزمی دیموکرات و نیشتمان پەروەری تیا لەدایك بوو.

**سێیەم:** ئەگەرچی لە وڵاتانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا گەشەی پیشەسازی و تەکنەلۆژی و ئابووری لە دوای جەنگ سەردەمێك لە ژیان پێکدەهێنێ بەڵام بەهچ جۆرێك لەو وڵاتانەدا نەگۆڕانکاری بەرچاو  لە پەیوەندییە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان دەبینرا و نەبەرهەمەکانی ئازادی و خۆش گوزەرانی بۆ هەمووان بوو. یەکێك لە داوا گرنگەکانی بزاڤی سێیەمی سۆسیالیستی بەدەست هێنان‌و بەهرەمەند بوونی هەمووان بوو لە دەسکەوتی ئابووری و گەشەی ئازادی و سیاسی. گۆڕانکارییەکان لە زەمینەکانی ئابووری و سیاسەتدا پێویستی دەکرد کە شێوەیەکی دیکە لەروانگەی فەرهەنگی و شارستانی و مافداری و ئەخلاقی بۆ چەپی نوێ پەیدا بکرێ و لەم سەردەمەدا بیروباوەرەکانی مارکسیزمی فەلسەفی یان مارکسیزمی ڕۆژئاوایی بەڕێنمایی یەکانی (گرامشی، لۆکاچ، کارل کۆرش و ئەرنست بلۆخ) دەبنە مانیفێستی فەرهەنگی و فەلسەفی چەپی نوێ.

لە کاتێکدا ئەمریکا گەشتی ئاسمانی دەکرد، بەڵام هەڵاواردنی نەژادی خەڵکی ئازاد خواز و دادپەروەری بێدار دەکرد، لەکاتێکدا کە ژنان بەشێوەی فراوان و بەرچاو هاتبونە مەیدانی کار و بەرهەمهێنانەوە، بەڵام هێشتا ئاستی نزمی کرێی ئەوان ویژدانی بریندار دەکرد. هەڵاواردنی ڕەگەزی ببوە یەك واقیع و راستی سەپێنراوی ڕۆژئاوا. هەموو ئەم ڕەوش و ژیانانە پێویستی بەوەڵامی ردیکال و ئازادیخواز و دادپەروەر بوو.

**چوارەم:** لەم سەردەمەدا هیچکام لەبیروباوەرو بزاڤە نەریتیەکانی دەسەڵاتداری وڵاتانی ئەوروپای رۆژئاوا و ئەمریکای باکور وەڵامی گونجاو، یان ڕازیکەریان بەخەڵك نەبوو. بێگومان هیچ چاوەڕوانیەك لە لیبرالیزمی بۆرژوایی نەدەبینرا کە خۆیان بەشێك بوون لە بەدیهێنانی ئەم هەلومەرجانە، بۆنواندنی هەڵوێستی رادیکالی ئازادیخوازی یان عەدالەت خوازی. سۆسیال دیموکراسی و پارتە کۆمۆنیستەکانی ئەوروپاش یا بەئاشکرا داکۆکی یان لە سیاسەتی رەسمی باڵی دەسەڵاتداری وڵاتانی خۆیان دەکرد و یا بەشێوەی ناپەیگیر و زەبونانە رەخنەی لاوازیان دەگرت. پارتەکانی





سۆسیال دیموکراسی بەڕەسمی لایەنگرییان لە بەرنامە و هەنگاوەکانی جەنگی ساردی ئەمریکا لە دژی سۆڤیەت و کەمپی رۆژهەڵات دەکرد و کاتێکیش کەخۆیان دەسەڵاتدار بوون ئەو سیاسەتانەیان پیادە دەکرد. پشتیوانی ئاشکرای سۆسیال دیموکراتەکانی فەرەنسا و بەریتانیا لە سیاسەتی ئیمپریالیستی وڵاتەکانیان لەداگیرکردنی وڵاتانی جیهانی سێ، یەکێکە لەو رەخنە پەیگیرانەی کە چەپی نوێ و رەوتی سۆسیالیستی تازە لەبەرامبەریان خستیانە روو. داکۆکی ئاشکرای باڵی چەپی حزبی دیموکراتی ئەمریکا کە خۆیان بە سۆسیال دیموکراسی دەناساند لەدەخالەت و جەنگی ئەمریکا لە کۆریا و ڤێتنام شایستەیی و ئابڕوی سیاسی و مرۆڤدۆستانە و پێشکەوتووخوازی ئەو پارتەی لەکەدار دەکرد و چی دیکە بڕوای سۆسیالستەکانی بۆ خۆی رانەدەکێشا.

تا ئەو جێگایەی کەپەیوەندی بەپارتە کۆمۆنیستەکانی رۆژئاواوە هەبێ، هەڵبەت راگەیاندن و پروپاگەندەی رەسمی دەوڵەتەکانیان سەبارەت بەجەنگی سارد و دژایەتی یان لەگەڵ سۆڤیەت و پارتە کۆمۆنیستەکانی ئۆردوگای رۆژهەڵات، هەلومەرجی سنوردار و نایاسایی بۆ ئەوان پێش هێنابوو. هەروەها سیاسەتی بێ قەید و بەندی ئەو پارتانە بۆداکۆکی کردن لە سۆڤیەت و پارتە کۆمۆنیستەکەی و سیاسەتی ناوخۆیی و جیهانی ئەو ئۆردوگا بەناو سۆسیالیستی یە ئەوانی کردبووە بەشێك لە جەنگی سارد و سیاسەتی سۆڤیەتی. ئەم رەوشە هەرچۆن بووە مایەی رەخنەو نەیاری لەبەرامبەر سۆسیال دیموکراسی لایەنگری ئەمریکا و رۆژئاوا، هەر بەو ئەندازەیەش زەمینەی بێزاری ئازادی خوازان و دادپەروەرانی سۆسیالیستی فەراهەم دەکرد لەبەرامبەر پارتە کۆمۆنیستەکان. سیاسەتی پارتە کۆمۆنیستەکان لە جەنگی ساردا لە جیاتی ئەوەی دژی جەنگ بن و داکۆکی لە ئاشتی جیهانی بکەن، بوونە بەشێك لە داکۆکی کردن لەبوونی چەکی ئەتۆمی و کۆمەڵ کوژ لەدەستی سۆڤیەت و پەیرەوانی بەناوی ئەوەی کەدەبێت کرێکاران و کۆمۆنیستەکانیش خاوەنی ئەو چەکانە بن لەبەرامبەر هەژموون و دەست درێژی ئیمپرالیستی ئەمریکا و ئەوروپای رۆژئاوا. سیاسەتی ئەم پارتە کۆمۆنیستانە لە پێش هەژموونی شورەوی تا ئەو رادەیە نامرۆڤانە و ڕیسوایی هێنەربوو کە داکۆکییان لەهێرشی سەربازی سۆڤیەت و پەیرەوانی دەکرد تا رادەی داگیرکردنی سەربازی

هەنگاريا لەساڵی (١٩٥٦) و هێرشی سەربازی بۆ سەر چیك و لەناوبردنی بەهاری پراگ لە ساڵی (١٩٦٨).

رەخنە و نەیاری چەپی نوێی سۆسیالیستی دیموکرات لەبەرامبەر سۆسیالیزمی ئۆردوگایی بەڕادەیەك کاریگەر بوو، کە بووە هۆی کەم بوونەوەی شایستەیی و لەدەستدانی هەژمونی فکری و فەلسەفی و سیاسی بیروڕای سۆڤیەتی لەناو کۆڕو کۆمەڵی ئازادی خوازان و پێشکەوتووخوازاندا. لەم سەردەمەدا زۆرێك لە روناکبیران و بیرمەندانی پەیگیری ئەوروپی و رۆژهەڵاتی کاریگەر بوون لەئاشکراکردنی رووخساری دژی ئازادی و دیموکراسی و سۆسیالیزمی ئەو ئۆردوگایە. روناکبیرانی وەکو (پۆل سویزی، پۆل باران، سەمیر ئەمین، فرانز فانون، ئیمانوێل والرستاین، رالف میلیباند شارل بتلهایم و مایکل هارینگتۆن) نەخشی گرنگیان هەبوو لەدەرخستنی ڕاستی پەیکانی پەیوەندی نێوان ئازادی و دیموکراسی و سۆسیالیزم و بێبەری و نامۆیی کۆمۆنیزمی جیهانی بەو ڕاستیانەوە. کاریگەری ئەم رەخنەو نەیاریانەی رەوتی سۆسیالیزمی دیموکراتی و چەپی نوێ و سەوزەکان بووە هۆی گومان و لەبەریەکترازانی ریزەکانی کۆمۆنیزمی ئەوروپای رۆژئاوا و ژاپۆن و سەرئەنجام ئەو پارتانە هەموویان بەگرتنەبەری رێباز و بیروباوەری جیاواز لە کۆمۆنیزمی لینینی و رووسی پەیرەوێکی تازەیان لە کۆمۆنیزم و سۆسیالیزمی جیهانی بەدەست هێنا بەناوی (کۆمۆنیزمی ئەوروپایی) .رەخنەی سۆسیالستی دیموکراتی لەبەرامبەر کۆمۆنیزم و سۆسیال دیموکراسی جیهانی لەسەر زمانی (ئیمانوێل و الرستاین) بەم شێوەیە بەیانکراوە. ئەو رەوتانە چیدیکە (بەشێك نەبوون لە چارەسەر) بەڵکو ببونە (بەشێك لە کێشە و گرفتەکان) (١٣).

**<u>پێنجەم</u>،** هەژموون و کۆنترۆڵی پارتەکانی سۆسیال دیموکراتی و کۆمۆنیزم لەناو بزاڤی کرێکاری و پێشکەوتووخوازیدا، لەلایەك هۆکارێکی بەهێز بوو بۆ کەم جوڵانەوەی کرێکاری لاوازبوونی نەیاری و نارەزایی کرێکاران بەرامبەر رەوش و هەلومەرجی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتانە و لەلایەکی دیکەشەوە بووە





هۆی ئەوەی کە بزاڤی کرێکاری لەهەوڵی پەیداکردنی رێگاچارەیەکی دیکە بێت کە دوور بێ لە سۆسیال دیموکراسی و کۆمۆنیزمی جیهانی. بەم شێوەیە دەیەی (١٩٦٠) بزاڤی سەربەخۆ و خۆبەخۆی کرێکاری لە زۆربەی وڵاتانی رۆژئاوا و هەندێك لە وڵاتانی سەربە بلۆکی سۆڤیەتی پەیدا دەبن و لەم نێوەدا بزاڤی کرێکارانی هاوپشتی پۆڵۆنیا لەسەرەتای دەیەی (١٩٨٠) وەکو یەکێك لە بەهێزترین بزوتنەوەکانی کرێکارانی سەدەی بیست ئەژمار دەکرێ کە دوور بوو لەکاریگەری و هەژموونی سۆسیالیزمی نەریتی ئەحزابی کۆمۆنیست و تەنانەت دژ و نەیاریش بوو لەگەڵیان.

لەدەیەی (١٩٥٠) و (١٩٦٠) کە ئەگەر چی بەدەیەی هاوسەنگی و جێگیری سیاسی دادەنرێ لە رۆژئاوا، بەڵام سەرهەڵدانی بزاڤی کرێکاری رادیکال و دوور لە سۆسیال دیموکراسی و کۆمۆنیزم،دەبێتە زەمینە و سەرچاوەی پەیدابوونی دیدگای نوێی فەلسەفی و فەرهەنگی و سیاسی لە بزاڤی سۆسیالیستی دا و لە هەمان کاتیشدا زەمینەی هاوپشتی و هاوکاری لەگەڵ بزاڤەکانی لاوان، ژنان ، ژینگە پارێزی و ئاشتی خوازی و مافەمەدەنی یەکان فەراهەم دەکات و ئەمەش دەبێتە باشترین ژینگە و زەمینەی سەرهەڵدانی بزاڤەکانی چەپی نوێ، سەوزەکان، سۆسیالیزمی دیموکراتی، فیمینیستانی سۆسیالیست و مارکسیست.

**<u>شەشەم</u>:** نەیاری و رێگری چینی باڵا دەست و حکومەتەکانی رۆژئاوا و رۆژهەڵات لەبەرامبەر داواکانی بزاڤی سۆسیالیستی دیموکرات و باڵەکانی ئەو بزاڤە لە بزووتنەوەی خوێندکاران و لاوان لە ساڵی (١٩٦٨) بەدواوە، بزوتنەوەکانی ئازادی و یەکسانی خوازی ژنان لەسەرانسەری ئەوروپای دوای دەیەی (١٩٦٠)، بەهێز بونی بزوتنەوەی مافە مەدەنیەکان لەسەرەتای دەیەی (١٩٥٠) بەدواوە، بزاڤی ژینگەپارێزی و ئاشتی خوازی لە دژی شەر و بەهێزبوونی بزوتنەوەی سەروەری و رزگاریخوازی نەتەوە ژێر دەستەکانی لەلایەك و لەلایەکی دیکەوە توندتر بوونەوەی ناکۆکی و دژایەتی ئەمریکا و شورەوی لەدوای جێگیرکردنی موشەکی ئەتۆمی لە کوبا کە جیهانی خستە ئاستانەی جەنگی ئەتۆمیەوە و پانتایی و رەهەندی جەنگی ساردی جیهانی تر و

کاریگەرتر کرد. هەموو ئەم زەمینانە و نەبوونی وەڵامی چینی دەسەڵاتدار و دەوڵەتەکانیان و بێدەنگی سۆسیال دیموکراسی و کۆمۆنیزمی رۆژئاوایی دیسان بوونە زەمینەی پەیدابوونی وەڵامی رادیکال و ئازادی خواز و مرۆڤ پەروەری رێبازەکانی سۆسیالیستی دیموکراتی.

## دیدگا و جیهانبینی سۆسیالیزمی دیموکرات

نەوەی سێیەمی بزاڤی سۆسیالیستی رەوتێکی بەتەنها سیاسی و حزبی نەبووە، بەڵکو زیاتر بزاڤێکە فراونی نەیاری و نارەزایی بوە لەبەرامبەر هەلومەرجی سیستەمی سەرمایەداری و کاردانەوە بووە بەرامبەر هەردوو باڵی سۆسیال دیموکراسی و کۆمۆنیزمی ئۆردوگایی. بزاڤێك کە فراوانە و خاوەندارنییە لە حزب و سیاسەتی دیاریکراو، دیارە بەشێوە نامەرکەزی و فرەیی دەبێت. لەم بارەیەوە بوونی باوەر و دیدگا و جیهانبینی جیاواز و جۆراوجۆر و تاڕادەیەکیش ناکۆك بەیەك، لەم بزاڤەدا وەکو ڕەوشێکی سروشتی و پەسەند دێتە بەرچاو. بەڵام لەگەڵ هەموو جیاوازی و فرەیی یەکیشدا، کەتارادەیەك ئاماژەم بە هەندێکیان کردووە، هەندێك دیدگا و پرانسیپی دیارکراو لەم بزاڤەدا شێوەیەك لە کۆدەنگی و پابەندبونیان بەخۆوە گرتووە. لێرە بەدواوە هەوڵ دەدەم مانیفێستی گشتی نەوەی سێیەمی بزوتنەوەی سۆسیالیستی بەخاڵ و بەشیکردنەوە بەیان بکەم.

**یەکەم:** ئەم بزووتنەوەیە کاروان و رەوتێکی نەیار و نارازییە بەرامبەر بەتەواوی سیستەمی سەرمایەداری و بەتایبەتی ستەم و نایەکسانی ئابووری و سیاسی ئەو نیزامە، بۆیە هەموو رەوتەکانیان بروایان وایە کەتەنها سیستەمی سەرمایەدارییە کە رێگرە لەوەی کە ژیان و جیهانێکی باشتری دوور لە بێبەشی، هەژاری ، نەداری و جەنگ و نەخۆشی بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بێتەدی. لەلای ئەم بزاڤە، سەرمایەداری لەدوای هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی دەبێتە سیستمێکی نا عەقلانی (عەقلانیەتی





ئامێری وەکو دەربرینی قوتابخانەی فرانکفۆرت)و دژی مرۆڤایەتی، چونکە لەو سیستەمدا سەرەڕای بەرهەمی فراوانو زۆرو زەبەندی لە ڕۆژئاوا، بەڵام هەژاری و نەداری و برسێتی بۆ ملیۆنەها کەس لەوڵاتانی ناسراو بەجیهانی سێیەم دەکاتە شێوەی سەرەکی ژیان. بەبڕوای چەپی نوێ و سۆسیالیستە دیموکراتەکان بەردەوام بوونی مەوداو دووری نێوان ئەم دوو جیهانە، یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی سیستمی سەرمایەداری مۆنۆپۆڵی (بەشێوەی کۆمپانیا فرەنەژادەکان) دوای جەنگی جیهانی دووەم و سەردەمی جەنگی سارده. بەدەربڕینێکی دیکە لەناو بزاڤی ناوبراودا ئەو باوەرە گشتی و باو بوو کە ئەم سیستەمەی سەرمایەداری لەلایەك هەوڵدەدات لە ولاتانی پێشکەوتوو زۆری و زیادەی بەرهەم و سامان لە هێنانەدی دەوڵەتی رەفا و کۆبوونەوەی سەرمایەداری ئابوری لەبەرهەم هێنانی چەکی ئەتۆمی و کۆکوژدا سەرف بکات و لەلایەکی دیکەش لەوڵاتانی ژێر دەستە یان دواکەوتوودا بە پشتیوانی و هێنانە سەرکاری ڕژێمە دیکتاتۆریەکان رووە دزێوو چەوسێنەرەکەی سەرمایەداری دیکتاتۆری پیشان دەدات و لەبەرامبەر هەر بەرگری و نەیاری خەڵکیشدا دەست لە هیچ ناپارێزێ و درێغی لەهیچ ناکات. ژیانی بەشێکی زۆری خەڵکی جیهان، ژیانی کۆڵەمەرگی و مەمرە و مەژی یە بۆ هەمووان لە پێناوی پاراستنی سەرمایەداری و دەسەڵاتی دیکتاتۆری لە جیهانی سێ و دەسەڵاتی (موداراتی سەرکوت کەر) لە دنیای رۆژئاوا. نووسین و بەرهەمە ئابوریەکانی پۆل سویزی، پۆل باران، گۆندەرفرانك، سەمیر ئەمین و فرانز فافۆن لەم زەمینەدا گرنگ و کاریگەرن.

**دووەم:** هەروەکو باسمان کرد بزاڤی سۆسیالیستی دیموکراتی، هەردوو ڕەوتی سۆسیالیستی نەوەی دووەم (سۆسیال دیموکراسی و کۆمۆنیزم) بەبەشێك لە کێشەکان تەماشا دەکات، نەك بەشێك لە چارەسەر و ڕەخنەی یەکەم و سەرەتای ئەم بزاڤە لەهەردوو ئەو دوو رەوتە ئەوەیە کە سۆسیال دیموکراسی وازی لە هێنانەدیو خەبات بۆ سۆسیالیزم هێناوەو بۆتە باڵی ڕاست لە بزاڤی سۆسیالیستی داو کۆمۆنیزمیش بەپاراستنی سۆسیالیزمی درۆینە و دوور لە سۆسیالیزمی مرۆڤ دۆست و ئازادیخواز،

جۆرێك لە سەرمایەداری دەوڵەتی دیکتاتۆری و تۆتالیتاری خستۆتە جێگای ئامانجی سۆسیالیزم. لەم روانگە نەیاریەوە، نەوەی سێیەم بڕوای بە خەبات و تێکۆشانە بۆ هێنانەدی سیستەمێکی جیاواز لە هەردوو نموونەکەی رۆژئاوا و رۆژهەلات، کە ئەو سیستەمە (( سۆسیالیزمە و هێنانەدی چەند نەوەیەك دەخایەنێ و لەوانەشە هەرگیز بە شێوەی رەهاو کۆتایی نەتەیەدی، چونکە سۆسیالیزم پێویستی بەگەشە و فروانی هەموو زەمینەکانی ئابووری، سیاسی، کۆمەلایەتی و فەرهەنگی هەیە، کە دەبێت بەردەوام ئەو گەشە و فراوانی یە لە ئامانجەکانیدا ببینرێت)) (١٤). واتە جۆرێك لە بەیانکردنی دیدگای مارکسی لاو لە سەرەتای لێکۆڵینەوە و نوسینەکان ، کە سۆسیالیزم بەدەستهێنانی یەکسانی یە بۆ هەمووان لە ژیانی شایستە و تێروتەسەلی ئابووری و ئازادی و رەهایی تەواو.

**سێ یەم:** بەدیهێنانی دیموکراسیەك کە تارادەیەکی زۆر فراوانترو ئازادترە لەدیموکراسی سەرمایەداری یان دیموکراسی لیبڕاڵی. دیموکراسی هیوای سۆسیالیزمی دیموکراتیك، کەخۆیان ناوی دەێنن( دیموکراسی سۆسیالیستی) لەسەر چەند پایەیەکی گرنگی مافەکانی مرۆڤ، برواهێنان بەتاك باوەری سۆسیالیستی ( Socialized individualism)، ئازادی سیاسی بەمانا فراوانەکەی، هەروەها کە ئەمەیان گرنگترین سیفەتی دیموکراسی سۆسیالیستی مەسەلەی بەدیهێنانی یەکسانی یە. یەکسانی وەکو دیدگایەکی دیموکراسی و سۆسیالیستی کەمکردنەوەی ڕیشەیی‌و رادیکالی هەموو رواڵەت و دیاردەکانی هەلاواردن و جیاکاریە لەماف وئازادی و هەلی ژیان و کارکردن و بیرکردنەوە و خۆسەلماندن .دیموکراسی لیبڕالی هەرچەندە لە ڕووخساردا ماف و ئازادییەکان پەسەند دەکات، بەڵام بەهۆی جیاوازی ئابووری و هەڵاواردنی فرسەتەکانی کارو ژیان، لەو مەیدانانەدا خودی ئەو ماف و ئازادییانەش بۆ زۆربەی خەڵك بەسنووردار و بۆ کەمایەتیش ڕەها دەکات و سەرئەنجام دیموکراسی تەنها دەبێتە شێوەیەك یان ڕووخسارێك لە ئازادی ڕووکەش .بەشی سێیەمی دیدگای دیموکراسی یان دەسەڵاتی ڕاستەقینەی خەڵك (خەڵك سالاری) مەسەلەی کۆمەڵایەتکردنی ئابووری یە،





یان بەدەست هێنانی خاوەنداریێتی گشتی و کۆمەڵایەتی ئەو بەشانەیە لە ژیانی کۆمەڵگا کە تاڕادەیەکی زۆر ژیان و چارەنووسی زۆربەی خەڵکی پێوە بەستراوەتەوە. بەدەست هێنانی خاوەنداریێتی گشتی لەو زەمینانەدا، نەخشی کاریگەر دەبینێ لەبەدەستهێنانی دیموکراسی و یەکسانیدا. سەرئەنجام ئامانجی گرنگی سۆسیالیزمی دیموکراتیك نزیك دەبێتەوە لە سێ دروشمە گەورەکەی شۆڕشی فەرەنسی (ئازادی، یەکسانی، برایەتی)، بەڵام لە جیاتی وشەی برایەتی بۆئەوەی هەردوو ڕەگەزەکە بگرێتەوە وشەی (هاوکاری)بەکاردەهێنن و دروشمیان دەبێتە (ئازادی، یەکسانی، هاوکاری) لەدەربڕینی (دیموکراسی، یەکسانی، کۆمەڵایەتی).

**چوارەم:** بیروباوەڕی سۆسیالیستی دیموکراتی لە نێوان زاراوەکانی (ریفۆرم) و (شۆڕش) لایەنگیری لە هەڵبژاردنی زاراوەی (ریفۆرمی رادیکال) یان چاکسازی لە ڕەگوڕیشەوە دەکات. ریفۆرمی رادیکال ئاماژەیە بۆ هەموو ئەو کار و بەرنامانەی کە دەیانەوێت گۆڕانکاری فراوان و قوڵ لەلایەنێك یان چەند لایەنێکی سیستەمی ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بەئاراستەی هێنانەدی دیموکراسی و یەکسانی و سۆسیالیزەکردن.لەم زەمینەیەدا پێویستە لەسەر هەموو بزاڤەکانی ڕزگاری و ئازادی کەلەدژی (نەژاد پەرستی ) و (ڕەگەز پەرستی) بن و لەوگۆڕانانەدا نەخشی گرنگیان هەبێت. هەرچەندە نەوەی سێ زۆر پەیگیر و فراوانە لە پرسەکانی ئازادی و رزگاری و یەکسانی و بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە کەلایەنی زانستی و شارستانی و پێشکەوتووخوازی بەروخسار و بەرنامەی سۆسیالیستی خۆی بدات، بەڵام سەبارەت بە ریفۆرمی ژیانی تەندروستی، رێگاوبان، نیشتەجێ کردن، ژینگە، بیمە کۆمەڵایەتیەکان، سیستەمی باجەکان، دەستوور و یاسا... هتد بەجێ دەهێڵن بۆ هەلومەرجی تایبەتی وڵاتەکان و سازوکاری ئەو ریفۆرمانە بەکات و ئامادەیی خودی ئەو وڵاتانە دەسپێرن.

هەڵوێستی ریفۆرمی رادیکال بەمانای رەتکردنەوەی چەمکی (شۆڕش) و (شۆڕشگێری) نی یە بەڵکو لایەنگری ئەوان لەم دوو ماناو چەمکە هەمان دیدگای پارت و بزاڤەکانی سۆسیال دیموکراسی پێشساڵی (١٩١٤). واتە لایەنگیری یە لەو دیدگا

شۆڕشگێڕ و ریفۆرمیستی یەی سەردەمی زێرینی مارکسیزم و سۆسیال دیموکراسی یە کەبەم جۆرەیە: شۆڕش کەڵەکەبوونی گۆڕانکاری گرنگ و جەوهەری یە بەشێوەیەکی وەها کە وەرچەرخانی بەرچاو لە سیستەمی کۆمەڵایەتی و گشتی دا بکات. واتا هەمان هەڵوێستی سۆسیال دیموکراسی پێش جەنگی جیهانی یەکەم کە دیدگا وئاڕاستەی ریفۆرمیستیشی لەناوەڕۆکدا هەمان بارگەی شۆڕشگێرانەی هەبوو. هەڵوێستی شۆڕش و ڕاپەڕین بەمانای تۆڵە کردنەوە یان تەنها گۆڕینی کەسایەتی ناو دەسەڵاتەکان ، هەڵوێستی پەسەند نییە و ئەمە جۆرێکە لە بیروباوەری ئایدۆلۆژی و تۆتالیتاری دوژمنکارانە.ئامانج لەوەنی یە کە تەنها دەسەلاتی کۆن لەناوبچێ، بەڵکو ئامانج بەدەست هێنانی گۆڕانکاری قووڵ و فراوانە کە لەهەموو زەمینەکانی ژیاندا دیدگای شۆڕشگێرانەی سۆسیالیزمی دیموکراتیك، هەمان دیدگای مارکسە سەبارەت بەشۆڕش و بەمجۆرە:مارکس بڕوای وابوو کە لەو ولاتانەدا کەبەشێك لەئازادی و دیموکراسی هەیە (وەکو بەریتانیا، هۆڵەندا و ئەمریکا) پێویست بەشۆڕش و ڕاپەرین ناکاتو، بەڵکو لە ڕێگای خەباتی سیاسی، جەماوەری و ئابووری و بەتایبەتی خەباتی پارلەمانی دەکرێت گۆڕانکاری دڵخواز بەدەست بێت. بەڵام ئەو ولاتانەی کە دەسەڵاتی رەها و دیکتاتۆر و سەپێنراون و لەوێدا ئازادی و دیموکراسی و ماف دەنگدانی گشتی بوونی نییە، شۆڕش و راپەرین و رامالینی دەسەڵاتی کۆن کارێکی پێویست و گرنگە [١٦].

**پێنجەم:** هێزی کۆمەڵایەتی و جەماوەری، یان بکەری گۆڕانکاری و ریفۆرم و ریفۆرمی رادیکال لەلای سۆسیالیزمی دیموکراتیك نە تەنها چینی کرێکارە (وەکو لەلای مارکسیزم، سۆسیال دیموکراسی و کۆمۆنیزم) و نەتەنها ڕووناکبیران و خوێندکاران و لاوانن(چەپی نوێ و قوتابخانەی فرانکفۆرت) بەڵکو ئەو هێزەیە کە بەزاراوەی (چەپ) لەلای هەندێك ناودەبرێن (رالف ملییاند) یان بەهێزی کۆمەڵایەتی و جەماوەری ناودەبرێن کە ئەمەش ئاماژەیە بۆژمارەیەکی فراوان لە خەڵك، دیارە لەناونیشاندا سۆسیالیست و چەپەکان و تەنانەت ئەو کەسانەش کەگومانیان هەیە بەخۆیان بڵێن سۆسیالیست. یان دەتوانین وشەی (پێشکەوتوو خواز) بەکاربهێنن، وەکو زاراوە و





سیفەتێکی گشتی ئاماژە بۆ تەواوی ئەو کەس و لایەن و بزاڤانەی کە دەیانەوێ گۆڕانکاری لەبەشێکی زۆری ڕەهەندەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتیدا بکەن بەئامانجی رزگاری، یەکسانی و هاوکاری. بێگومان زاراوەکانی پێشووهەموو ئەو ژن و پیاوانەش دەگرێتەوە کە بەشێکن لە بزاڤەکانی کرێکاری و بزاڤە کۆمەڵایەتیە تازەکان (بزاڤی ئاشتی، ژینگەپارێزی، فیمینیزم، لاوان، چەپی نوێ، بزووتنەوەی مافە مەدەنیەکان.... هتد) دەتوانین شایستەیی هەموو ئەو هێز و بکەرانە لەوەدا بناسین کە هەموویان بەشێکن لە نیاز و پێداویستی گۆڕانکاری پەیگیر لەسەر ڕێگای دیموکراسی یەکی باشتر و مرۆڤانەتر، یەکسانی بە مانا فراوانەکەی نەك تەنها چوون یەك کردنی خەڵك و سەرەنجام دادپەروەری کۆمەڵایەتی و هێنانەدی هاوکاری گشتی.

**شەشەم:** بەپێچەوانەی سۆسیال دیموکراسی و کۆمۆنیزمی رووسی، چەپی نوێ سەبارەت بە تەکنەلۆژی و گەشەی ئابووری چیدیکە دیگای پۆزەتیڤیان نەبوو. بەبڕوای نەوەی سێهەم یەکێك لە هۆکارەکانی کێشە و کارەساتەکانی کۆمەڵگای مۆدێرن (بەتایبەتی سەدەی بیست) نەبوونی و کەمی پێشرەوی تەکنیك نەبووە، بەڵکو گەشەی لە ڕادەبەدەری ئەو تەکنەلۆژی یە بووە کەلەگەڵ خۆشیدا مەترسی جەنگی ئەتۆمی و ئالودەبوونی ژینەگەشی کردۆتە دیاری دەستی . ئەم هەلومەرجە خەڵکی بێگانە و نامۆکردووە بەهەست و بونیادی مرۆڤانەیان و بوونەتە (یان لەراستیدا کراونەتە) هۆکاری دەستی فاشیزم، نەژاد پەرستی و بەربەریەتی سەربازی و سوود پەرستی سەرمایەداری. تەواوی زانست و تەکنەلۆژیا و عەقلانیەت کراوەتە هۆکار و ئامێرێك بە دەسەتی سەرمایەداری باڵادەست (عەقلانیەتی ئامێری – قوتابخانەی فرانکفۆرت). لەم زەمینەیەدا تیۆرسازانی سۆسیالیزمی دیموکراتیك سودیان وەردەگرت لە دیدگاو بەرهەمەکانی مارکسیزمی رۆژئاوایی یان فەلسەفی (گرامشی، لۆکاش، فرانکفۆرت، و سارتەر). دیدگای فەرهەنگی یان فەلسەفی وای دەروانی کە کۆمەڵگای مۆدێرن بۆ رزگاربوون لە دەسەڵات و هەلومەرجی ئامێریی سەرمایەداری، زیاتر لە هەرشتێك پێویستی بە بزاڤێکی فەرهەنگی، روناکبیرانە و شارەزا و خوێنەوار هەیە [١٧].

**حەوتەم:** بۆهێنانەدی ئامانجەکانی ئازادی و رزگاری (دیوکراسی)، یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی، هاوکاری و سۆسیالیزەکردن و پەرەپێدانی بزاڤی فەرهەنگی و رووناکبیری، نەوەی سێهەم بڕوای بەناوەندێتی یان (سانترالیزمی دیموکراتیك)نەبوو، بەڵکو دروشم و ڕەوشەکانی سەربەخۆیی و فیدراڵیزم و چالاکی یە ناوچەیی و بەشی یەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و لەهەمان کاتیشدا گونجاوترین هەلومەرج دەسازێنێ بۆ ڕێگەگرتن لە مەترسی پەیدابوون گەشەی بیرۆکراسی. نموونەی خودگەردانی (خۆبەڕێوەبردنی) کرێکاری مۆدێلی یوگسلاڤ (بێگومان بەبێ کۆنترۆڵ و هەژموونی حزبی دەسەڵاتدار) کۆمۆنەکانی جوتیاری و کشوکاڵی لەسەرەتای شۆڕشی چین لەلایەن روناکبیران و خەباتکارانی سۆسیالیزمی دیموکراتەوە پێشوازییان لێدەکرا. بۆ ئەم مەبەستە نووسین و بەرهەمەکانی سۆسیالیستە سەرەتاییەکانی سەدەی نۆزدە و بەرهەمی بیرمەندانی ئانارشیزم و نووسینەکانی بیرمەندانی کۆمۆنیزمی شورایی سەرەتای سەدەی بیست (روزا لوکسمبۆرگ ، کارل کۆرش، پانەکۆك) چەند جارێکی دیکە وەردەگێران و چاپ دەکران.

ڕەخنەی گشتی ڕەوتی سۆسیالیزمی دیموکراتیك لە دیدگای حزبی سۆسیال دیموکرات و کۆمۆنیزمی رووسی ئەوە بوو: کە (باڵی سیاسی) هەردوو رەوتەکە لە جیاتی (باڵی ئابوری و چینایەتی) کرێکارانیش بریاریان دەدا و سەندیکا و یەکێتی یەکانی کرێکاران کرابوونە پاشکۆی پارتەکان و بەم شێوەیە بزووتنەوەی کرێکاری کەوتبووە حاڵەتی دیفاعی و نەیدەتوانی پێشرەوی بکا [17]. ئامانج لەم ڕەخنە و نەیارییە ئەوەیە کە دەبێت حزبیەت بەومانا سەنترالیستی و پێشرەوی و کۆێخایەتیە لەنێو بچێت لەجیاتی ئەوە دوو گۆرانکاری گرنگ بێتە دی: یەکەم،حزب دەبێت بەرەو پلورالیزمی سیاسی بچێت و دەکرێت و دەشێت کە زیاتر لە حزبێك بۆ سۆسیالیزمی دیموکراتی هەبێت و لەناو خودی ئەو حزبانەشدا زیاتر لە دیدگا و بیروباوەر و بیرکردنەوەی فەلسەفی و سیاسی هەبێ. پارتەکانی سۆسیالیستی دیموکراتی وابیردەکەنەوە کە دەکرێت دیدگای فرە و جۆربەجۆریان هەبێ بەڵام دەتوانن و دەبێت



سۆسیال دیموکراسی ------------------ [ مێژوو، تیۆری، رەخنە ]

لەکرداردا هاوبەش بن‌و سەرئەنجام ئەوان بڕوایان بە فرەیی دیدگا و هاوبەشی کار هەیە.

دووەم، تێروانین بۆ پارتەکان تێروانینی (ناوەند) و (پێشرەو) نی یە کەگوایە پارتەکان ناوەند و پێشرەوی بزووتنەوەی چینایەتی و جەماوەریین و هەربەو بۆنەیەشەوە سیاسەت بەتەنها کاری مۆنۆپۆڵ کراوی حزب نی یە و بەڵکو سەندیکا و بزاڤەکانی کرێکاری و جەماوەریش دەتوانن کاری سیاسی بکەن و تەنانەت کاریگەر و کارامەش بن لەو زەمینەیدا. باشترین نموونەی ئەم بڕوایە دەوری سیاسی و کاریگەری بزوتنەوەی (١٩٦٨)ی خوێندکاران و لاوان، بزووتنەوەی مافە مەدەنیەکان، بزاڤەکانی فیمیسنیتی و بزووتنەوەکانی ئاشتی خوازی و ژینگە پارێزی یە کە سەرئەنجام لە پارتە سەوزەکاندا خۆیان بەرجەستەکرد. سەرئەنجام نەوەی سێیەم بەو رادەیەی کە بڕوایان بە کاروکاریگەری بزاڤی سیاسی و حزبی هەیە، هەربەورادەیەش لایەنگیری لە خەباتی خەڵك و جەماوەری و نەخشی سیاسی ئەو بزاڤانە دەکەن، ئەگەر چی خۆبەخۆ و ناحزبی و نارێکخراویش بن.

**هەشتەم:** هەروەکو چۆن لە دیگا وجیهانبینی ئەم نەوەیەدا دیموکراسی تاپۆی سەرمایەداری و لیبراڵیزم نیە و سۆسیالیزمیش دەتوانێت شێوەیەکی فراوانتر و بەهرەمەندتر لە دیموکراسی بەدەست بهێنێ، هەر بەو ئەندازەیەش هەموو پرسەکانی پەیوەندیدار بەدیموکراسییەوە ( واتە مەسەلەی نیشتیمانی ونەتەوایی، پرسی ژنان، لاوان، ماف و ئازادییەکان) دەکرێت و دەبێت بەشێك بن لە بزاڤی سۆسیالیستی. دیدگای سۆسیالیزمی دیموکراتیك لەهەوڵی ئەوەدایە ژیان و جیهانێکی باشتر و مرۆڤانەتر لە هەموو زەمینەکاندا بەدەست بهێنێ، واتە کاری بیرو باوەری خۆی سنوردار ناکات تەنها بەپرسەکانی یەکسانی، دادپەروەری و سۆسیالیزمەوە. سێ پرسی گرنگ کە فراوانی و کارایی زۆری لەسەر ژیانی تەواوی جیهان هەیە، لەلای نەوەی سێیەم بوونەتە بەشێك لە دیگای دیموکراسی سۆسیالیستی، کە ئەوانیش مەسەلەی نەتەوەکان، ژنان، لاوان، بەبڕوای ئەوان چارەسەری مەسەلەی نەتەوەکان و بەدەست هێنانی سەرەوەری و

سەربەخۆیی ویەکسانی نێوان نەتەوەکان تەنها بەشێك نیە لەگەشە و پێداویستی سەرمایەداری و سەرهەڵدانی بۆرژوازی نەتەوەیی و دروستبوونی بازاری نیشتمانی، بەڵکو پرسێکی مرۆڤانە و دیموکراسی و ئاشتی خوازی و ئازادیخوازیە کە سەرئەنجام دەبێت بەپێوەری یەکسانی نێوان نەتەوەکان چارە بکرێت،نەك تەنها یەکێك لە مەسەلە دیموکراتیەکان (وەکو بڕوای لینینی)، بەڵکو ئەوان فراوانتر دەڕۆن لەم دیدگایە و لە بڕوای مارکسیزمی ڕەسەن (ئەرسەدۆکس)، کە نەتەوایەتی و نیشتمانی بوون وەکو پێداویستییەکی سیاسی بازار وئابووری سەرمایەداری ومۆدێرنیزم دەبینین، دەرباز دەبن و دەگەڕێنەوە بۆ دیدگای ئیمانۆیلٚ کانت لە کتێبی (ئاشتی بەردەوامی جیهانی) کە بناغەکەی سەروەری و سەربەخۆیی بۆ نەتەوەکانە، یان دیدگای ساڵانی (١٨٦٠)ی مارکس سەبارەت بەمەسەلی ئێرلەندا کە دەڵێت: (هەرنەتەوەیەك نەتەوەیەکی دیکە بچەوسێنێتەوە، زنجیرەکانی چەوسانەوەی خۆشی بەهێز دەکات)[١] .لێرەوە لە پرسی نیشتمان و نەتەوەکان سۆسیالیزمی دیموکراتی جارێکی دیکە لەدوای مارکسیزم لەهەوڵی زیندوکردنەوەی پرانسیپ و دیدگای ئەنتەر ناسیۆنالیزمی جیهانیە، ئەو دیدگایەی کە هەم سۆسیال دیموکراسی، لینینزم ومارکسیزمی ئۆردوگایی خیانەتیان لێکرد، لە پێناوی پاراستنی دەسکەوتی ناسیۆنالیستی خۆیان. بڕوای ئەنتەر ناسیۆنالیستی سۆسیالیستی دیموکراتی هەر بەتەنها لە جیهانبوونی سەرمایەداری و چینی کرێکارو ماف و ئازادی و یەکسانی جیهانیەو سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکو هێنانەدی جیهانێکی ئاشتی و ئاسایش لەزەمینەی ئازادی و سەربەخۆیی نەتەوەکانیشدا، پرسێکی کاریگەر و چارەنووس سازی سۆسیالیزمی هاوچەرخە.

پرسی ژنان، هەر بەو شێوەیە لە سنورەکانی دیموکراسی نەریتی و سەرمایەداری و ئازادی و یەکسانی یاسایی تێپەری کردووە و بووەتە پرسێکی یەکسانی خواز و دادپەروەی لەزەمینەکانی ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیشدا. بڕوای سۆسیالیستەکانی نەوەی سێیەم سەبارەت بە پرسی ژنان لەدوو هۆکار و تێروانیندا خۆی دەبینێتەوە، یەکەمیان دەکرێت و دەبێت دیدگا و بڕوای پلورالیستیمان هەبێت بۆ گفتوگۆی نێوان بیروباوەرەکانی فیمینیزم،واتە گفتوگۆ و جیاوازی و فرەیی، نەك شەرو





ناکۆکی نێوان فیمینیزمەکانی (لیبڕاڵ، مارکسیزم، سۆسیالیستی، رادیکاڵ یان ئانارشی و سەرئەنجام پۆست فیمینیزم) و جۆرێك بەرئەنجامی ئازادتر و یەکسانی تر و فرەتر بەدەست بێت و خۆمان سنوردار نەکەین بەشێوەیەکی دیاریکراو لە دیدگای فیمینیستی. دووەم، چارەسەری پرس و کێشەی ژنان و هێنانەدی سەروەری و سەربەخۆیی و یەکسانی نێوان ژن و پیاو لەسنورەکانی دیموکراسی یاسایی و رەسمی دەرباز دەبێت و دەچێتە ناو زەمینەکانی ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی. هەتا یەکسانی سیاسی وئابوری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بەهۆی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئابووریەوە نەیەتەدی، هەڵاواردنی رەگەزی نێوان ژن و پیاو بەردەوام دەبێت، دیارە بە قازانجی پیاوان و زیانی ژنان.

هەمان دیدگای نەتەوەیی و ژنانەی نەوەی سێ یەمی سۆسیالیزم، بۆ پرس و کێشەی لاوانیش راستە، بەڵام دەبێت بەردەوام لە هەموو کۆمەڵگاکاندا جگە لەوباسانەی سەرەوە، دوو پرسی چارەنووس ساز بۆلاوان فەراهەم بکرێت: پرسی ماف و ئازادییەکانی هەموو تاکێك و پرسی پەروەردە و فێرکردنی زانستی ومرۆڤانەی ئازادیخواز، پێشکەوتوو خواز و دادپەوەر.

<u>**نۆیەم:**</u> سەرئەنجام دەگەینە یەکێك لەدەستکەوتە گرنگەکانی فکری سیاسی و فەلسەفی مۆدێرن،کە ئەویش پلوڕالیزمە. دیموکراسی، لیبرالیزم و مارکسیزم یان (سۆسیالیزم) لەو بیروباوەرانەن کە زۆرترین پلوڕالیزمی فکری و فەلسەفییان لەخۆیاندا بەرهەم هێناوە و هەموو ئەم بەرهەمانەش بەشێکن لەئاوێنەی حەقیقەتی جیهانی و دەسکەوتی مرۆڤایەتی کە بێگومان مەبەست لەوەنیە کە هەرهەموو، یان هەموو بەشێکیان ڕاست بن. بەڵام دیدگایەکی گرنگی سەوزەکان دەڵێت ( ئێمە لە پێناوی ژیان وپێشکەوتن وئازادیدا دەتوانین سوود لەهەموو بیروباوەڕەکان وەربگرین و هەر لەو ڕوانگەو لەو پێناوەشدا دەتوانین و دەبێ ڕەخنە لەو بیروباوەڕانە بگرین)[١] و یۆرگن هابرماسی فەیلەسوفی ئەڵمانی دەڵێت (گفتوگۆی نێوان بیروباوەرەکان، ئاستێکی باڵایە لە حەقیقەت)[٢] .سۆسیالیزمی دیموکراسی کە بڕوای تەواوی بە پلورالیزمی

سیاسی وئابوری و کۆمەلآیەتی و فەلسەفی هەیە و بۆ ئەم مەبەستە یادەوەری لە دوو نموونەی سیاسەت و دەسەلآتی سۆسیالیستی وەردەگرێ، کەیەکێکیان ریزبوون و کۆبوونەوەی پلورالیزمە لەناو هەردوو ئەنتەر ناسیونالّی یەکەم و دووەم، ئەوی دیکەشیان دەسەلآتی پلورالیستی سیاسیە لە کۆمۆنەی پاریس کە هەموو رەوتەکانی ئازادی خوازی، دیموکراسی، دادپەروەری ،مارکسی، سەندیکالیستی، ئانارشی و لایەنگرانی بلانکێ کەبە هەموویان حکومەتی کۆمۆنی پاریسیان پێکهێنا (هەرچەندە کەمخایەن بوو) ئەم دەسەلآتە کرێکاری و پلورالیستی یە ، تەواو پێچەوانەیە لەگەلّ دەسەلآتی تاك حزبی و تۆتالیتاری حکومەتی سۆڤیەتی لە هەردوو سەردەمی لینین و دوای لینین.

سۆسیالیزمی دیموکراتی لە سێ زەمینەی گرنگدا بڕوای بە پلورالیزم هەیە و ئەوسێ زەمینەیەش کاریگەر دەبن لەبڕیاری ئایندە بۆ ئازادیخوازی پلورالیستی. زەمینەکانی دروست بوون و پێکهاتن و پەیدابوونی هەموو ئەو بزاڤانەی کە هاوکارن لەسەرهەلّدانی نەوەی سێیەم دواتر بزاڤەکانی سەوز، چەپی نوێ، ئاشتی خواز، فیمینیزم، پرسی نەتەوەکان، لاوان، بزووتنەوەی کرێکاری و سەندیکایی بەهەموو شێوەکانیەوە، بزاڤی ماف و ئازادییەکان، خەبات دژی چەکی ئەتۆمیو کۆکوژیو هەژموونی جیهانی ئیمپریالیستی)دەبێتە ژینگەو زەمینەی پلورالیستی ئەم رەوتە. زەمینەی دووەم، یەکتر خوێندنەوەو گفتوگۆی نێوان بیروباوەرەکان و کاریگەری ئەو بیروباوەرانەیە لەسەر بزاڤی نەوەی سێیەم، ئەگەر چی هەندێکیان لەدەرەوەی خودی ئەو بزاڤەش بن (وەکو لیبرالیزم، ناسیۆنالیزم، کاریگەری ئاینی و فەرهەنگی ناوچە و نەتەوەکان یان تەنانەت شێواز و فەرهەنگە کۆن و دێرینەکانیش). زەمینەی سێیەم، ڕووی لەئایندەیە و سۆسیالیزمی دیموکراتی دەیەوێت سیستمێکی فرە، ئازاد، فیدرالّ واتە نامەرکەزی، ئۆتۆنۆم (خودموختاری و سەربەخۆیی) و تێکەلآ و دروست بکات، کەهەموو تاکێك تیا بەشدارو بەهرە مەندبێت. جێگای خۆیەتی کە ئەگەر بە خالّیش بێت ئەو پلورالیزمە ئایندەیی یەی سۆسیالیزمی دیموکراتی، بەیان بکەم:

- ❖ دیموکراسی، ماف و ئازادی و دادپەروەری، یەکسانی و هاوکاری.





- ❖ تاك باوەری بە هەردوو مانای لیبرالی و سۆسیالیستی.
- ❖ سۆسیالیستە دیموکراتەکان لەبەرامبەر چەمکی ململانێدا دەخوازن سەرو سامان بدەن بەجیاوازی و رێکەوتنەکان و بۆ ئەم مەبەستە داکۆکی لە دیموکراسی خەلّکی دەکەن. لەلای ئەوان دیموکراسی دەبێت هەم جیاوازیو هەم رێکەوتنی نێوان بەرژەوەندیەکان پەسەند بکات و خۆشی لەگەلّیان بگونجێنێ.
- ❖ دوورنما و ئایندەی تیۆری سەبارەت بەکێشە و جیاوازی نێوان دیدگای رۆشنگەری کە دیدگای ئەخلاقی یان عەقلآنیەتی ئەخلاقی رۆشنگەری سەدەی هەژدە و جۆرێك لەگەشبینی سەبارەت بە ئایندەی مرۆڤایەتی لەگەلّ بەهاکانی سۆسیالیزمدا بگونجێن. یان پەسەندکردنی دیدگای پۆست مۆدێرنیستی بۆ گومان و رەخنە لەو بیروباوەرە گەشبینەی ڕۆشنگەری، بەلآم دیسان گونجان و سازان لەگەلّ سۆسیالیزمدا.
- ❖ ئابوری تێکەلآ و : سەرمایەداری، سۆسیالیستی، هەرەوەزی ،هاوکاری و تەوافوقی نێوان خاوەندارێتی تایبەتی و گشتی یان سۆسیالیستی.
- ❖ پەیوەندی و کاریگەری نێوان کاری سیاسی و جەماوەری، بونیادی حزبی و بزاڤی خەلّك، فەرهەنگی تێکەلآو بەهەموو مانا و ئاراستەکان بەلآم کۆدەنگ بوون لەسەر ئاسۆ و ئامانجەکانی:

ئازادی، رزگاری، سەربەخۆیی، یەکسانی، دیموکراسی، دادپەروەری کۆمەلآیەتی و خێر و بەرژەوەندی گشتی (هاوکاری و سۆسیالیزم)

******

## سەرچاوەکان


- . هيغل (اصول فلسفة الحق)،ترجمة د.امام عبد الفتاح امام،دار التنوير،بيروت.
- . ئەكرەمى ميهرداد(جيهانى فيمينيزم)،سەنتەرى ڕاگەياندن و ڕوناكبيرى ژنان ،سلێمانى
- . الان تورين(نقد الحداثة)،ترجمة انورمغيث ،المجلس الاعلى للثقافة،.
- . دايرة المعارف ديموكراسى،زير نظر سيمور مارتين ليپست، تهران.
- . ه.س.پ
- . لشك كولا كوفسكي (جريان هاى اصلي در ماركسيزم)، جلد دووم (عصر طلايي)، ترجمة عباس ميلانى، انشارات أگاه، تهران ١٣٨٥ چاپ دوم.
- . أدام شاف (چشم انداز سۆسياليزم مدرن)، ترجمة فريدون نوائي، نشر أگا، تهران ١٣٧٦ .
- . داير المعارف دموكراسي، جلد دوم.
- . كرافورد .ب. ماكفرسون (جهان واقعي ديموكراسي)، ترجمة علي معنوى تهرانى، نشر أگه، تهران ١٣٧٩ .
- . رالف ميليباند (الاشتراكية لعصر شكاك)ـ ترجمة نوال لايقة، دارى المدى الطبعة الاولي ١٩٩٨، دمشق و بيروت.
- . ميشل لووى (درباره تغييرجهان)، ترجمة حسن مرتضوى، انتشارات روشنفكران و مطالعات زنان، چاپ اول ١٣٧٦، تهران.
- . مصطفي رحيمى (ماركس و ساية هايش)، انتشارات هرمس، تهران ١٣٨٣ .
- . ايما نويل و الرشتاين (سياست و فرهنگ درنطام متحول جهانى، ترجمة پيروز ايزدى ، نشرنى، تهران ١٣٧٧ .
- . رالف ميليباند، ه.س.پ.
- . دايرة المعارف دموكراسي، جلد سوم.
- . جعفر رسا (أرمانها و توهمات)بررسي مختصر تاريخ سۆسياليسم، انتشارات پويا، چاپ دوم ١٣٧٠.
- . ايستوان مزاروش (ياسۆسياليسم يا بربريت) ازقرن أمريكا تا دوراهي سرنوشت ساز، ترجمة مرتضى محيط، نشر اختران، چاپ دوم ١٣٨٥ .
- . ميشل لووى، ه.س.پ.







- . أندرو دابسون (فلسفة و انديشة سياسي سبزها)، ترجمة محسن ثلاثي، نشر أگه، چاپ اول ١٣٧٧، تهران.
- . رابرت هولاب (هابرماس، نقد درحوزة عمومى) ، ترجمة د.حسين بشيرية، نشرنى، چاپ دوم ١٣٧٨، تهران.

# عەدالەتی سۆسیالیستی
# و
# عەدالەتی لیبرالی





## پێشینە و زەمینەی چەمکی عەدالەت

یەکێك لە وتە ناودارەکانی جان راوڵز دەربارەی عەدالەت ئەوەیە کە دەڵێت: "عەدالەت یەکەمین فەزیلەتی نیهاد و سیستەمی فەلسەفی و مەعریفی یە"[1] هەر لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە دێرینی و کۆنی چەمك و بیرۆکەی عەدالەت بەڕادەی دێرینی و کۆنی بیرکردنەوەی فەلسەفییە. ئەوەی کە لەلای زۆربەی بیرمەندان گرنگ و شایانی باسە، ئەوەیە کە گرنگترین مەسەلەی ناو باسی عەدالەت پرسی نایەکسانی و نابەرابەرییە لە ژیان و ئابووری و پەیوەندی و دەسەڵاتدا و بە تایبەتیش نایەکسانی یە لە ئابووری و دەسەڵاتدا. نایەکسانی لە سامان و دەسەڵات و پلە و پایەی کۆمەڵایەتیدا، سەرەڕای نزیکی و لەیەك چوونی تاکەکان لە توانایاندا، بەڵام یەکێکە لە پرس و مەسەلە سەرەکیەکانی ناو هەموو کۆمەڵگاکانی ئێستا و ڕابردوو. سەرەڕای ئەمەش بەڵام هیچ پەیوەندیەکی مانادار لە نێوان نایەکسانی لە سامان و دەسەڵات دا و نایەکسانی لە توانا سروشتیەکانی مرۆڤدا نییە. بەم جۆرە داکۆکی کردن لەم نایەکسانیانە یان نەفی کردنەوەیان دەبێتە بابەتی سەرەکی بۆ تیۆرەکانی دادپەروەری.

عەدالەت لە فەلسەفەی سیاسیدا پرسێکە کە لە زەمینە و ئاستی سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا دەخرێتە ڕوو. لەلایەنی حقوقی و مافدانیدا، پرسی سەرەکی عەدالەت دەبێتە بڕیاردانی عادلانە یان بڕیار و یاسای دادپەروەر ئەو بڕیار و یاسایانەیە بە بێلایەنی حوکم دەکات و هەمووان لە بەرامبەر یاسادا یەکسان دەبینێ لە سزا و پاداشتدا. شیکردنەوەی یاسای دادپەروەری لە فەلسەفەی سیاسیدا ئەوەیە کە عادلانە بوونی سیاسەت کە لەخودی یاسادایە، ئەی یاسای عادل یان دادپەروەری بۆ خۆی چییە و چۆنە؟ یان چۆن بەدەست دێت؟ وەڵامی فەلسەفەی سیاسی تەنها لەو کاتانەدا پەیدا دەبێت کە بزانین نیهاد و بونیاد و سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەو شوێنەدا چۆن بنیات نراوە کە ئەو یاسایانەی تیا جێ بەجێ دەکرێت. هەرچەندە یاسا

لە فەلسەفەی سیاسی مۆدێرندا هۆکار و ناوەڕۆکی جێ بەجێ کردن یان نەکردنی دادپەروەرییە. بەڵام لە ڕوانگەی فەلسەفەی سیاسیدا ئەو هۆکار و ناوەڕۆکەی دابڕاو نییە لە نیهاد و سیستەمی سیاسیو کۆمەڵایەتی و (ئابووری بە دەربڕینی مارکسیزم) و سەرئەنجام فەلسەفەی سیاسی دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە دەبێت بونیاد و سیستەمی گشتی دادپەروەرانەبێت و ئینجا دەتوانێت یاسا و بڕیاری عەدالەت بەرهەم بهێنێ یان پیادەی بکات. بڕیاری کۆتایی یان پەیگیری فەلسەفەی سیاسی تایبەت بە پرسی عەدالەت ئەوەیە کە دادپەروەری بەشێکە لە بونیاد و سیستەمی گشتی کۆمەڵایەتی، نەك تەنها سیفەتێکی ئینسانی. مەبەست لە دادپەروەری سیستەمی گشتی ئەوەیە کە ماف و ئەرکەکان، دەسەڵات و هەڵبژاردنەکان، بەهرەمەندی و هەلەکان دەبێت بە شێوەی یاسایی و یەکسانی بۆ هەمووان فەراهەم بکرێت یان بە شێوەی یەکسانی و بەپێی یاسا دابەش بکرێت. لێرەشدا پرسێکی زۆر گرنگتر دێتە پێشەوە کە خودی فەراهەم کردن یان دابەشکردنی عادلانە چی یە و چۆنە؟ یان چ پێوەر و دیدگایەکی گشتی دەبێتە زەمینە و سەرچاوەی ئەو دادپەروەرییە.

وەڵامی ئەم پرسیارە لە فەلسەفەی سیاسی رۆژئاوادا بە دوو جۆر وەڵام دراوەتەوە :
"یەکەم، عەدالەت بەمانای بەدەستهێنانی بەرژەوەندی هەموو لایەك (یان بەرژەوەندی بەرامبەرەکان) لەسەر بنەمای ڕێکەوتن و بڕیاردانی هاوبەش کە لەو زەمینەیەدا زەمانەت کردنی بەرژەوەندی درێژماوەی تاکەکان دەبێتە بەردی بناغە، و دووەم، عەدالەت بەمانای بێ لایەنی، واتا کە بتوانین داکۆکی لە رەفتاری خۆمان بکەین بەبێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی" (٢)

لە فەلسەفەی دێرینی یۆناندا وتراوە کە دەبێت هەموو فەزیلەتێك بۆ خاوەنەکەی سوودمەند بێت، بەڵام عەدالەت ئەو فەزیلەتەیە کە لە سوودی هەمواندا یان ئەوانی دیکەشدا دەبێت، نەك لە بە بەرژەوەندی خاوەنەکەی. بەم پێیە لە ئەندێشەی یۆنانیدا بە شێوەی گشتی عەدالەت وەکو بنەمای سازش و ڕێکەوتن نەفی کراوە و بەڵکو





عەدالەت وەکو بیرۆکەی هاوتابوون (تعادل) باسی لێکراوە. لەلای یۆنانەکان کۆمەڵگای هاوتا (متعادل) کۆمەڵگایەکی خاوەن پلە و پایە و ئاستی ئاڵۆزە، وەکو هەر تاکێك کە لە هێزی دەروونی خۆیدا بە هاوتابوون دەگات. لە ڕووی پرانسیپەوە ئەم شێوە بیرکردنەوەیە لە عەدالەت لە مێژووی ئەندێشەی سیاسیدا بە نەزۆکی مایەوە و لە باس و خواسی سەرەکی عەدالەت لە سەدەکانی دواییدا کاریگەری نەبوو. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا فەلسەفەی ئەفلاتون بیرۆکەی ئەندێشەی عەدالەتی وەکو ڕێکەوتن و دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی بەرامبەر سەیرکردووە. بڕوای ئەفلاتون وابوو کە لێبوردن یان چاوپۆشین لە بەرژەوەندی تایبەتی کە مەرجی سەرەکی یە بۆ عەدالەت و دەبێتە هۆکارێکی سوودمەند، چونکە بەهایەکە کە دەبێت بکرێتە هەمان ڕەفتاری لایەنەکانی دیکەش بۆ هێنانەدی عەدالەت.

تیۆری ڕێکەوتن و سوود پەرستانەی عەدالەت لە سەدەی هەڤدەهەم بەدواوە لە ڕۆژئاوادا باوبوو. لەم دیدگایەدا عەدالەت بڕوایەکی دووربین و کارێکی عەقلانی دەبێت بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی تاك کە بێگومان دەبێت ئاگا و زانیاری لە بەرژەوەندی ئەوانی دیکەش بێت، یان پێویستی بە ناسینی پێناسەکردنی بەرژەوەندییەکانی گشتیش هەیە. عەدالەت سنووردار بوونێکە کە تاکی هاوبەرژەوەندی عاقل پێوەی پابەند دەبێت بۆ ئەوەی هاوکاری ئەوانی دیکەش بەدەست بهێنێ. تاکەکان بیانەوێ یان نەیانەوێ لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیاندا هەوڵ دەدەن، و کاری عادلانەش نابێت و ناکرێت ناکۆك و جیاوازبێت لەگەڵ بەرژەوەندی تاکەکان، و ئەگەر واش بێت عەدالەت بێ بەرهەم و ئەنجام دەبێت. عەدالەتی سەدەی هەڤدە یان عەدالەتی نێو زەمینەی (پەیمانی کۆمەڵایەتی) هەم بەسوودی کەسی خاوەن مەبەستە و هەم لە سوودی گشتیشدایە و ئەمەش دەبێتە یەکێك لە پایەکانی (پەیمانی کۆمەڵایەتی). لە سەدەکانی هەڤدە و هەژدە هۆبزو هیوم گرنگترین نوێنەری ئەم تیۆرەیە بوون. بەبڕوای هۆبز عەدالەت بریتی یە لە کارکردن بەو بەڵێن و پەیمانانەی کە تاك لە ڕوانگەی بەرژەوەندی خوازی خۆیەوە جێبەجێیان دەکات، هەر بۆیە بنەمای عەدالەت

دەبێتە ڕێکەوتن یان پەیمان. هیۆمیش کە کاریگەری هۆبزی لەسەر بووە و دەبێتە ئیلهام بەخشی مەکتەب یان پەیڕەوی (سوود گەرایی) کە عەدالەت لە دابینکردنی بەرژەوەندی لایەنەکانی بەرامبەردا دەبینێ، و پرسی عەدالەت لەو جێگایە پەیدا دەبێ کە بەرژەوەندی و جیاوازی لایەنەکان دەبێتە بابەت. لەم ڕووەوە خەڵك دەتوانن دەربارەی کاری عادلانە بە ڕێکەوتن و پەیمان بگەن، کە ئەم ڕێکەوتنە بێگومان بەبێ بەرژەوەندی تاکەکان نابێت.

بەڵام تیۆری دووەم، واتە عەدالەت بەمانای بێلایەنی، لەوانەیە هەلومەرجێك بێت بە سوودی لایەنە بەرامبەرەکان، بەڵام عادلانە یان دادپەروەرانە سەیرنەکرێت یان حساب نەکرێت. عەدالەت بە مانای بێلایەنی و لەسەر بنەمای نادیدەگرتنی بەرژەوەندی کەسانی دەرگیر و لە دیدگای چاودێرێکی میسالی کە لەو نێوەدا هیچ بەرژەوەندییەکی نی یە، دەبێتە پرسێك کە مرۆڤ تیایدا بەرژەوەندی خۆی نابێ لەبەر چاو بگرێ. بە شێوەیەکی گشتی تر ئەم شێوەیە لە عەدالەت ناوەڕۆکی ڕێکەوتنی بیرمەندان و کەسە عاقڵەکانە کە توانا و هەلومەرجی خۆیان لە ڕێکەوتنی نێوانیاندا ڕەنگ ناداتەوە. زەمینەی کاری عادلانە لێرەدا دابینکردنی بەرژەوەندی هاوتاکان نی یە، بەڵکو کارکردنە بە پرانسیپێك کە خەڵك لە ڕووی عەقڵەوە (نەك لە ڕووی بەرژەوەندی) پەسەندی دەکەن. کاری دادپەروەری لە ڕووی سوودەوە نا، بەڵکو لە ڕووی بەڵگەی عەقلانی و جێبەجێکردنی فەزیلەتەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەم شێوە (ئامانج خوازییە) (Teleological) لە عەدالەت، لەبەرامبەر تێگەیشتنی (ئامێرخوازی) هۆبزو هیوم، لەلایەن ئیمانوێل کانتەوە بۆ یەکەم جار باسکرا. بە بڕوای کانت لە تیۆری دادپەروەریدا نابێت تاك لە ڕوانگەی بەرژەوەندی بڕوانێ، بەڵکو دەبێت بگەڕێ بەدوای خاڵێکی هاوبەشدا کە جێگای ڕێکەوتنی هەموو دیدەکان بێت. تاك دەبێت خۆی لە هەموو ئەو تایبەتمەندی و سیفاتانەی کە زۆربەیان بە ڕێکەوت تیاپەیدا بوون (دەسەڵات، سامان، هەلومەرجی ژیان و پلەوپایە کە هەموویان بەرهەمی ڕێکەوتن) بەتاڵ بکات بۆ ئەوەی بتوانێت دەربارەی عەدالەت بیربکاتەوە. هەندێك ئەم تێگەیشتنە





لە عەدالەت بە غەیرە عەقلانی دائەنێن، هەرچەندە لە دیدگای دیکەدا بێ لایەنی خاوەن عەقلانیەتی زیاتر دەبێتە پێوەر بۆ جێبەجێ کردنی عەدالەت. لە ڕوانگەی عەدالەتی ئامانج خوازی، هۆکاری عەدالەت لە بنەڕەتدا هۆکارێکی ئەخلاقییە، نەك ئابووری و بەرژەوەندی خوازی، لەم تیۆرەدا مرۆڤەکان تەنها بەرژەوەندی خۆیان هەڵنابژێرن، بەڵکو دیدگا و ئایدیای عەدالەت لە هەمووان باڵاتر و دڵخوازتر دەبێت. گەورەترین ڕەخنەی واقعی کە لە دیدگای کانتیەوە بۆ عەدالەت گیراوە ئەوەیە کە ئەم تیۆرەیە زەمینەی پەیوەندی دەسەڵات و سامان و پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەبەر چاو ناگرێ و تەنها پێوەر بۆ ئامانجی ئایدیالی خۆیەتی کە جێبەجێ کردنی عەدالەتە. بەڵام عەدالەت لە کوێ و چۆن و لە چ زەمینەیەکدا جێبەجێ دەکرێ، لەم تیۆرەیەدا گرنگی شایانی باس نی یە و ئەمەش ئەو شتەیە کە جان راوڵز ناوی ناوە (پەردەی نەزانین)[٣] و دەبێتە یەکەمین هەلومەرج یان زەمینەی دەست پێکردن بۆ پیادە کردنی عەدالەت، یان وەکو راوڵز دەڵێت (عەدالەتی ویژدانی) لە کام زەمینە و پێشینەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریدا پەیدا دەبێ.

## مارکسیزم و مەسەلەی عەدالەت

ئامانجی عەدالەت و بزاڤەکانی دادپەروەری کە خاوەنی بەرنامە و پەیڕەوی کۆمەڵایەتی - ئابووری یەکسانی خواز و ئازادی خوازین، بەرهەم و ڕەنگدانەوەی زوڵم و ستەمی چینایەتی یە کە لە نێوان ستەمکاران و ستەمدیدەکاندا لە تەواوی مێژوودا لە کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتیدا بوون و دەبن. ئەم خەبات و نەبەردە کە لە ئێستا و ئایندە شێوە و شێوازی جیاوازتری بە خۆوە گرتووە و تا ئەو سەردەمەی کە چەوسانەوە و جیاوازی و امتیازی چینایەتی هەبێت ئەم خەباتە بەردەوام دەبێت. لە روانگەی مارکسیزمەوە بزاڤ و سەرهەڵدانەکانی عەدالەت خوازی کە دەبێت لایەنی یەکسانی خوازی بگرێتەوە لە ئەسڵدا کۆکردنەوەی نێوان هەموو لایەنەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی، ئابووری و فەرهەنگی یە لە ئامانجی عەدالەتدا.

ڕوانگەی سەرەکی مارکسیزم بۆ تیۆری عەدالەت، سەرەڕای ئەوەی کە بە توندی گرێدراوە بە عەدالەتەوە، بەڵام لە هەمانکاتدا ئەوەشی لەبیرناچێ کە ناوەڕۆك و ماهیەتی کۆمەڵایەتی، ئابووری و مێژوویی و سیاسی ئەو تیۆر و چەمکە شی بکاتەوە و سەبارەت بە ناوەڕۆکی چینایەتی و ئامانجی یەکسانی خوازی تیۆرەکان داوەری دەکات. یەکەمین شتیش کە مارکسیزم لێی دەکۆڵێتەوە پرسی پەیوەندی و ناسنامەی چینایەتی و هۆشیاری چینایەتی ئەو کەس و تیۆرمەندانەیە کە باس لە دیدگا و بەرژەوەندی چینەکان دەکەن لە ناو یان بەناوی تیۆری عەدالەتەوە. دووەمین لایەنی هەڵوێستی مارکسیزم ئەوەیە کە عەدالەت خوازی و لە نێوبردنی ستەم و ئارەزووی ئازادی و ڕزگار بوون خواست و ئەندێشەیەکەکە لە سەردەمی دێرینەوە تا ئێستا چینە چەوساوە و ستەم دیدەکان بۆی تێکۆشاون. سەرئەنجام دیدگای مارکسیزم سەبارەت بە عەدالەت و عەدالەت خوازی لە ماهیەت و ناوەڕۆکی چینایەتی لەلایەك و بەدەستهێنانی ئامانجی یەکسانی خوازانەی عەدالەت لەلایەکی دیکەوە، مانا پەیدا دەکات. خاڵی هاوبەش و لە هەمان کاتدا خاڵی لاوازی هاوبەشی تەواوی تیۆرەکانی عەدالەت (لە ڕوانگەی مارکسیزمدا) ئەوەیە کە شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی پرس و چەمکەکانی کۆمەڵایەتی (وەکو ئازادی و عەدالەت) ئەوەیە کە زۆربەیان لە بازنەی گشتی و زەمینەی فەرهەنگ و سیاسەت دوور ناکەونەوە و ناچنە ناو بونیادی گشتی ئابووری، کۆمەڵایەتی و مێژوویی و پەیوەندی ئەو چەمك و تیۆریانە لەگەڵ ژیانی ڕۆژانە و ئابووری خەڵك زۆر لاوازە و ناتوانن چارەسەری کێشەی ژیانێکی دادپەروەر و یەکسان بۆ هەمووان بکەن. کێشەی زۆربەی تیۆرەکانی عەدالەت هەر لە یۆنانی کۆنەوە تا ئێستا و لەناونیشاندا تیۆرەکەی راوڵز ئەوەیە کە سنوورەکانی کۆمەڵگای چینایەتی نابەزێنن و پەیوەندییە چینایەتی یەکان دەستکاری ناکەن.

مارکسییەکان بڕوایان وایە کە جان راوڵز پرسی ئازادی و عەدالەت و مافەکانی مرۆڤ لە چوارچێوەی پەسەندکردنی سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئابووری و بۆرژوازی و، بوونی چینە باڵادەست و کەمدەستەکاندا دەخاتە ڕوو. جان راوڵز، بە بڕوای مارکسیزم، هەوڵدەدات کە لە ڕێگای ڕستێك گریمانەی خەیاڵی، کە پەیوەندی بە راستی و واقعیەتی کۆمەڵایەتی و مێژوویی نیە و تەنها لە بیر و زهنی خۆیدا بەدەستی هێناون، تیۆرێك دەربارەی عەدالەت بەیان بکات، کە لەڕاستیدا نەفی کردنەوەی عەدالەتە. چونکە جان راوڵز پایەکانی سیستەمی چەوسانەوە و امتیازی چینایەتی وەکو خۆی دەهێڵێتەوە.

عەدالەتی یاسایی، یان لایەنی یاسایی عەدالەت کە پرسێکی گرنگی زۆربەی دیدگا و تیۆرەکانی عەدالەتە لە ڕوانگەی مارکسیزمدا مایەی ڕەخنە و شیکردنەوەی ڕەخنەیی‌یە. عەدالەتی یاسایی کە بریتی یە لە یەکسانی هەمووان لەبەرامبەر یاسادا، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە پایگای سەرەکی بوون و پیادەکردنی عەدالەتی یاسایی، بوون و پیادەکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی یە لەزەمینەکانی دەسەڵات و ساماندا و ئەگەر ئەم پایگایە بوونی نەبێت ئەو کاتە یاسا دەبێتە بەیانکەری خواست و بەرژەوەندییەکانی کەمایەتیەکی حاکم و خاوەندار. دووبارەکردنەوە و ڕەواجدانی تیۆرەکانی لیبرالی و نیولیبرالستی دەربارەی عەدالەت کە تائێستا باون و هێز و تینیان هەیە و بەشێکن لە سەرخانی سیاسی سەرمایەداری و ئیمپریالزمی سەرمایەداری بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی بزاڤ و شەپۆلەکانی نارەزایی عەدالەت خوازی و ماف پەروەرانەی خەڵکی ستەم دیدەیە لە تەواوی جیهاندا. بە دەست هێنانی تیۆر و ناوەڕۆکی نوێ بۆ عەدالەت کە بەوهۆیەوە بتوانرێت چەوسانەوە و نایەکسانی چنایەتی لەنێو ببرێت، تەنها لە ڕوانگەی ئەو بزاڤە ماف پەروەر و یەکسانی خواز و دادپەروەرانەوە دەبێت کە لەدژی جیاوازی و امتیازی چینایەتی سەرمایەدای و ئیمپریالزم وەدەنگ هاتوون، کە بێگومان سەرچاوەکەی لە تیۆری عەدالەتی مارکسیستیدایە، کە ئەویش عەدالەتی ئابووری، کۆمەڵایەتی یان عەدالەتە لە سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی سامان و دەسەڵاتدا بەشێوەی یەکسان و بەرامبەر (٤)

## عەدالەت لە لای لیبرالیزم

جان راوڵز بیرمەند و فەیلەسوفی سیاسی ناوداری ئەمریکا و خاوەنی بەناوبانگترین تیۆری عەدالەت لە بیر و فەلسەفەی لیبرالیزمی رۆژئاوادا لە ٢٦ی نۆڤامبری ساڵی ٢٠٠٢ ژیانی کۆتایی هات و لەتەمەنی ٨١ ساڵیدا گیانی سپارد. ئەو لە ساڵی ١٩٤٦ تا کۆتایی ژیانی بەردەوام بوو لە نووسین و کاری مامۆستایی و دەرسدان لە زانکۆکانی هارڤارد، ئۆکسفۆرد، پرینستۆن و کۆرنێل.

جان بوردن راوڵز لە ٢١ی فۆریەی ساڵی ١٩٢١ لە شاری بالتیمۆری ویلایەتی میریلاند لە دایك بووە. باوکی یاساناس بووە و لە کاروباری باج کاری کردووە و دایکی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی ژنانی بالتیمۆری لە ئەستۆ بووە. راوڵز خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە بالتیمۆر تەواو کردووە و پاشان چووەتە خوێندنی ئامادەیی پەیڕەوی ئایینی و کانتکیت خوێندویەتی. لە ساڵی ١٩٣٩ دەچێتە زانکۆی پرینستۆن و بەشی فەلسەفە دەخوێنێ و لە ساڵی ١٩٤٣ لە دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی فەلسەفە لەوزانکۆیە دەبێ بچێتە خزمەتی سەربازی و ڕەوانەی هێزی زەمینی دەکرێت بۆ ناوچەی ئۆقیانووسی ئارام. لە ساڵی ١٩٤٦ لەدوای تەواو بوونی سەربازی دەگەڕێتەوە بۆ نووسین و فەلسەفەو دەست دەکات بە نووسینی نامەی دکتۆراکەی لە بابەتی (فەلسەفەی ئەخلاق) و لە ساڵی ١٩٥٠ بەسەرکەوتوویی دکتۆرا بەدەست دەهێنێ و تا ساڵی ١٩٥٢ لە زانکۆی پرینستۆن خەریکی دەرسدانەوەی فەلسەفەی ئەخلاق دەبێ. پاشان دەچێتە زانکۆی کۆرنێل و سەرئەنجام دوای چەند ساڵێك دەبێتە مامۆستای تەواو لە زانکۆی هارفارد و دەست دەکات بە دەرسدانی فەلسەفەی سیاسی.

جان راوڵز لە ساڵی ١٩٧١ کتێبە بەناوبانگ و ناسراوەکەی خۆی بە ناونیشانی (تیۆری عەدالەت) یان (تیۆرێك دەربارەی عەدالەت) نووسی و ئەم کتێبە تا ئێستا بە (٢٣) زمان تەرجومە کراوە و زیاتر لە ٢٥٠ هەزار دانەی لێ فرۆشراوە. تا ئەم کاتەی ئێمە نزیکەی ٥٠٠٠ کتێب و وتاری لایەنگری و نەیاری دەربارەی ئەم کتێبەی جان راوڵز نووسراوە.[٥]





بە وتەی خودی راوڵز ئامانجی ئەو لە نووسینی (تیۆری عەدالەت) خستنە ڕووی یان شیکردنەوەی تیۆری نەریتی (پەیمانی کۆمەڵایەتی)یە لەلای بیرمەندانی کلاسیکی وەکو جۆن لۆك، رۆسۆ و کانت و هەوڵدانە بۆ لێکۆڵینەوەی لایەنی دادپەروەرانە لە بیرۆکەی پەیمانی کۆمەڵایەتیدا. گومانی تێدا نی یە کە راوڵز لە کتێبەکەی خۆیدا دەیەوێت بگەڕێ بە شوێن بونیادی فەلسەفەی نوێدا بۆ ئەندێشەی سیاسی و لیبرالی سەدەی بیستەم. ئالێرەدا نەیاری راوڵز لەگەڵ نەریتی ئەندێشەی سیاسی مارکسیزم کە یەکسانی و بەرامبەری تەواوە، یان لەگەڵ بیروباوەڕی سوود گەرانەی لیبرالیزمی جێرمی بنتام و جۆن ستیوارت میل (کە ئەوان بڕوایان بە زۆرترین بەختەوەری بۆ هەندێك نەك بۆ هەمووان هەبوو) وای پێویست دەکرد کە ئەو پایە و بونیادی ئەندێشەی لیبرالیزم و مارکسیزم هاوکات لەگەڵ هەردوو بیرۆکەی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و مافە فەردیەکاندا پایە ڕێژ بکات. واتە راوڵز هەوڵەکەی بۆ ئەوەبوو کە تیۆری دادپەروەری بە هەردوو لایەنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی یان دادپەروەری دابەشکردن و ماف و ئازادییەکانی تاك بگات، یان هەروەکو خۆی دەڵێت هەردوو بنەمای (یەکسانی و جیاوازی) لەو تیۆرەدا جێ بکاتەوە. بە بڕوای راوڵز ئەنجامی بوونی عەدالەت لە کۆکردنەوەی دوو شتدایە : "یەکەم خستنەڕووی ئازادییەکانی تاك تا ئەو ڕادەیەی کە ڕێگر نەبێت لە ئازادی ئەوانی دیکە و دووەم دڵنیا کردنەوە لەو کارەی کە جیاوازی و نایەکسانی کۆمەڵایەتی و ئابووری ناو کۆمەڵگای دیموکراتیك تەنها دەبێت وەکو سەرچاوەی پێشکەوتنی ئازادی و کۆمەڵگا پەسەند و ئاراستە بکرێت".[٦] بەم شێوەیە دیدگای راوڵز لە کۆمەڵگایەکدا کە عەدالەت دەبێتە بونیادی هەموو لایەنەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و ئازادی بۆ هەمووان و دابەشکردنی دادپەروەرانەی سامانی وڵات دەبنە دوو پایەی سەرەکی کۆمەڵگا. سەرئەنجام، ئامانجی راوڵز لە نووسینی تیۆری دادپەروەری خستنەڕووی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی وەهایە کە زەمانەتی ویژدان (Fairness) و عەدالەتی کۆمەڵایەتی بکات و هەلومەرجی یەکسانیش بۆ هەموو تاك و هاووڵاتیان فەراهەم بکات.

لەبەر ئەوەی بە وتەی خودی راوڵز تیۆری دادپەروەری بە شێکە لە زەمینەی

تیۆرەکانی پەیمانی کۆمەڵایەتی ناو بیروباوەڕی ڕۆشنگەری و کۆمەڵگای مۆدرێنە، هەر لەبەر ئەوە باشترین کار ئەوەیە کە بزانین زەمینە و هەلومەرجی بیرۆکەی عەدالەت لەو پێشینە مێژوویی و بیرارییەدا چۆن بووە!

## تیۆری عەدالەت لەلای راوڵز

جان راوڵز لە کتێبی "تیۆرێك دەربارەی عەدالەت" تێدەکۆشێ کە چەمك و تێگەیشتنێك لە عەدالەت پیشان بدات کە هەمان تیۆری ناسراوی "پەیمانی کۆمەڵایەتی"یە لەلای جۆن لۆك، جان جاك ڕۆسۆ و ئیمانۆیل کانت، بەڵام لەئاستێکی باڵاتر و تایبەتمەندتردا. ئەو بە تایبەتی لە هەوڵدایە، ئەوە ڕۆشن بکاتەوە کە کام بنەما و پرانسیپ دەبێت هەبێت"کە کەسانی ئازاد و عاقڵ پەیڕەوی لێدەکەن بۆ پەیداکردن و بەرەو پێشبردنی بەرژەوەندییەکانیان لە هەلومەرج یان زەمینەی سەرەتایی یەکساندا -کە هەلومەرجی بونیادنانی پێکهێنانی کۆمەڵگا دیاری دەکەن- وە ئەو زەمینە و سەرچاوەیە ناو دەنێت هەلومەرجی سەرەتایی بۆ بەدیهێنانی عەدالەت!" [٧] یەکەمین کاری جان راوڵز کە ناوی دەنێت "هەلومەرجی سەرەتایی" بۆ ئەوەیە کە ئەو زەمینە و پێشینەیە ڕۆشنبکاتەوە کە دەبێت لە کۆمەڵگا و یاسا و دەستوردا هەبێت بۆ پەیداکردنی بنیاتنانی عەدالەت، واتە هەلومەرجێك کە بە شێوەی ڕەسمی و کۆمەڵگایی ئامادەکرابێت لەزهن و بیرکردنەوە و ویژدانی تاك و کۆمەڵدا بۆ بەدەستهێنانی عەدالەت. ئەو دەپرسێ کە سیستەمی مەنتقی بەها سەرەکیەکانی ناو کۆمەڵ و ڕێساکانی ڕەفتاری کە سیستەمی سیاسی لەسەر ئازادی عەقڵانی تیایدا دیاریکراو دەبێت، کامانەن؟ و پاشان دەیەوێت ئەوە پیشانبدات کە کام بەرنامەی سیاسی گشتی دەبنە مەنتیق و پابەندبوونی سەرەتایی بۆ ڕێسای زەمینەیی و ژێرخانی دڵخوازی بەدەستهێنانی ئامانجەکان. ئەم دوانە لەلای راوڵز (واتە سیستەمی مەنتقی بەها سەرەکیەکانی ناو کۆمەڵ و بەرنامەی سیاسی گشتی) لەگەڵ یەك و بەهاوبەشی کۆمەڵگای دادپەروەر پێناسە و دورست دەکەن.





ئامانجی راوڵز لەم شیکردنەوەیەی سەرەتا، یان لەم زەمینە سازی یە خستنەڕووی ڕێگایەکی زیندووترە لە بیروباوەڕ و ئامۆژگاریەکانی لیبرالیزمی سوودگەرا کە سەردەمێکی زۆربوو سایەی خۆی بەسەر نەریتی فەلسەفی ڕۆژئاوادا پەخش کردبوو، کە عەدالەتی بە زۆرترین هاوسەنگی و ڕازیکردنی نیاز و قازانجەکان پێناسە دەکرد. راوڵز دەیەویست تیۆرێك بۆ عەدالەت پیشان بدات کە بنەمای ئازادی و کۆمەڵگا بە پیرۆز ڕابگرێت و لەجیاتی ئەوەی بەرژەوەندی و ڕەزامەندی تاك و کۆمەڵ بینابکات. چەمکی هەق و ڕەوای دەکردە پێوەری گشتی (ئەو تێدەکۆشێ ئەوە نیشان بدات کە دیدگای ئەو لەگەڵ پێداویستی و داواکاری هەموو کەسێکی عاقڵ و خێرخواز سازگار و هاوتایە لەگەڵ نیاز و بەرژەوەندیەکانی). راوڵز تیۆرەکەی خۆی لەسەر بۆچوون و گریمانەی ئەخلاقی پێناسە دەکات و کە دەڵێ : یا خێر سەربەخۆ و دابڕاو نیە لە هەقی دیاریکراو یان هەق وەکو هۆکاری زیادکردنی خێر ناناسێ، چەمکی هەق دەبێت باڵاتر بێت لە چەمکی خێرکردن و ئەو کارەی کە خۆی لەم زەمینەیەدا بە دەستکەوتێك دەزانێ لە تیۆری هەڵبژاردنی عەقڵانیدا و تیۆری عەدالەت بەم شێوەیە لەلای راوڵز گرنگترین بەشی تیۆری هەڵبژاردنی عەقڵانیە.

## بەشەکانی تیۆری عەدالەت لەلای راوڵز

### 1. هەلومەرجی سەرەتایی

<u>Original or Initial Position</u>

هەلومەرجی سەرەتایی یان زەمینەی یەکەمین کە راوڵز تیۆرەکەی بەوە دەست پێدەکات و دیدگا سەرەکیەکانی لەوێوە ڕۆشن دەکاتەوە، هەمان نەخشی هەیە کە "هەلومەرجی سروشتی" لە تیۆری "پەیمانی کۆمەڵایەتی"دا دەیبینێ. راوڵز بە پەیڕەوی لە کانت و بە ڕۆشنی ئەم هەلومەرجە یان زەمینەیە وەکو هەلومەرجی پێویست -نەك مێژوویی- دەناسێنێ. واتە تیۆری عەدالەت، یان سیاسەت و پەیڕەوی عەدالەت دەبێت لەو هەلومەرج و زەمینەیە سەرەتاییە بەهرەمەند بێت، ئەگەر نا ئەوسا باسێك لە عەدالەت و عەدالەت خوازی نابێت! هەربۆئەو مەبەستە بۆ خۆی لە پێشەکی "تیۆری عەدالەت"دا دەڵێت : "لەجیاتی چەند بنەما، دوو بنەمای گرنگم

هەڵبـژاردووە بـۆ ئـەوەی بیانکەمـە هەلومـەرجی سـەرەتایی، یەکـەمیان، بنـەمای یەکسانیەیە لە دیاریکردنی ماف و ئازادی و ئەرکەکاندا و دووەمیان، بنەمای نا یەکسانی کۆمەڵایـەتی و ئـابووری واتـە نایەکسانی لـە سـامان و دەسـەڵاتدا تـەنها ئـەو کاتانـە عادلانەیە کە بۆ کەسانی هـەژار و بێبـەش لـە کۆمـەڵگا مایـەی دەردەسـەری نـەبێت و بەڵکو دەبێت مایەی بەهرەمەندی و بەرزبوونەوەی ئەوان بێت بۆ ئاستی چینی ناوەند. واتە دەبێت سیستەم و نیهادەکانی کۆمەڵگا بە جۆرێك سازمان بدرێن کە خۆشی یەکێك لەگـەڵ کەسـێکی دیکـە، هێنـدە زۆر نـەبێت کـە تـەحمول نـەکرێن، واتـە دەبێـت خۆشـیەکان لـە ڕەنجـەکان زۆرتـر بـن یـان ئەگـەر هەنـدێك لـە بەرژەوەنـدی زۆر بەهرەمەنـدبن و هەلومـەرجی بێبەشـانیش لـەو ڕێگایـەوە باشـتر بکرێـت، ئەوسـا نـا عەدالەتی لە کاردا نابێت. "

ئـەو دوو فۆرمـۆل یـان دوو بنـەمای سـەرەکی دەکاتـە بەنـدە سـەرکیەکانی تیـۆرە عەدالەتیەکەی : یەکەم، ئەوەیە کە هەموو کەسێك دەبێت بەهرەمەنـد بێت لـە مـافی یەکسـان لـە ئازادییـە سیاسـیەکان، دووەم، دەبێـت نایەکسانی کۆمەڵایـەتی و ئـابووری بەجۆرێك ڕێك بخرێت کە هەم (أ) بەشێوەی گونجاو لـە بەرژەوەنـدی هـەموو تاکێکـدا بێت و (ب) لەگەڵ پلە و هەلومەرجی گشتی بۆ هەمووان کراوە بێتو هەمووان سوودی لێ وەربگـرن. لـەم دیدگایـەدا راوڵـز دەیـەوێ ئـەوە نیشـان بـدات کـە یەکسـانی لـەناو ئازادییدا بە تەواوی لەگەڵ بنەمای کارایی ئابووریـدا سـازگارە. لـە دووەمـین بنـەمادا، عیبارەتی "بە قازانجی هەر کەسێك" لە ڕاستیدا بەمانای خۆشبینی بۆ هەمووانە و ئەم فۆرمـۆل و دیدگایـە بـە جۆرێـك دەبێـت ڕێـك بخرێـت کـە باشـتر بـوونی هەلومـەرجی تاکەکان (و تەنانەت یەك کەسیش) نابێت ببێتە هۆکاری خـراپتر بـوونی هەلومـەرجی ئـەوانی دیکـە (ئەگـەر لانیکـەم یـەك کەسـیش)بێت. ڕسـتەی "کـەکراوە بێـت بـەڕووی هەمواندا" ئەو خاڵە زەمانـەت دەکـات کـە کـار و فرسـەتەکانی ژیـان دەبێـت بـە ڕووی هـەموو ئامـادەیی و تواناکانـدا کراوەبێـت و یەکسـانی فرسـەت و هـەلی عادلانـە زیـاتر بکرێت. کە باس لە "نایەکسانی لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئـابووری" دەکـات هـەر





بەو شێوەیە هەقی بۆ دەکاتەوە. نایەکسانی و سنووردارکردنی نـا یەکسانی لـە توانـا و ئامادەیی سروشتیدا تا ئەوکاتە ڕێگا پێدراوە کە بێبـەش تـرین کەسـەکان بتـوانن لێـی بەهرەمەند بن.

## 2. عەدالەت و یەکسانی لە دەوڵەتی ڕەفادا

راوڵز لەسەر بنەمای ڕێکەوتن یان پـەیمانی کۆمەڵایـەتی تـا ئـەو جێگایـە دەچێتە پێشەوەکە تیۆری عەدالەتی تیا بخاتـە ڕوو، ئـەم تیۆرەیـە لـە دیـدگای سیاسـی نیهـاد و سیستەمی دیموکراسیدا لە دەستووردا مانا پەیدا دەکات و لە ڕوانگەی ئابووریشدا پشت بەو سیاسەتانە ئەبەستێ کە یەکسانی ڕێـژەیی دابەشـکردن لـە سـامان و پلـە و پایـەدا بەدی دەهێنێ. راوڵـز یەکـەمین و سـەرەتایی تـرین دیـدگای خـۆی دەربـارەی عەدالـەت ناودەنێ "عەدالەت وەکو ویژدان / یـا عەدالـەت و ویـژدان" ئەمـەش دەکاتـە دووەمـین بەشی تیۆرەکەی لە دوای بەشی یەکەم کە (هەلومەرجی سەرەتایی)بوو. ئامانجی راوڵز لە پێکەوە بەستنی عەدالەت و ویژدان ئەوەیـە کـە بنـەما و دیـدگاکانی دەوڵـەتی رەفـا شـیبکاتەوە و ئاراسـتەیان بکـات، کـە ئـەم دەوڵەتـە لـە دەیـەی ١٩٣٠ بـەدواوە لـە فەرهەنگی سیاسی ئەمریکادا ڕوو لە پێشـە. راوڵـز بۆخـۆی دەڵێـت کـە لـە "نووسـین و خستنەڕووی بنەماکانی هەلومـەرجی سـەرەتادا، کـاری بـە دیـدگای نـاوەکی و شـاراوەی بابەتـەکان نـی یـە، بـەڵکو دەیـەوێ قـووڵترین بیروبـاوەڕی کۆمـەڵگا پێناسـە بکـات و بیانخاتەڕوو. هەر بە وتـەی خـۆی یـەکێك لـەو ڕێگایانـە ئەوەیـە کـە ئاراسـتە کـردن و ناسینی هەلومەرج یان زەمینـەی گشـتی و سـەرەتاییـیە بـۆ عەدالـەت. . . . ئەوەیـە کـە ببینین کە بنەمای هەڵبژاردن لەگەڵ بیروباوەڕی عەدالەت خوازانەی ئێمە بـە شـێوەی گشتی بخرێنـەڕوو و لێکۆڵینـەوەیان لەسـەر بکرێـت. ناسـین و پیـادەکردنی ئـەو بنـەما گشتی یانـە ئێمـە بـەرەو ئـەو حوکمانـە ڕێنمـایی دەکـات کـە پەیوەنـدارن بـە بونیـاد و پێکهێنانی کۆمەڵگاوە کە ئێستا بە ئاشکرا بوونەتە بەها و ئـەحکامی گشـتی، کـە ئێمـە یان بە تەواوی پشتیان پێ دەبەستین، یـان هەنـدێك گومانمـان هەیـە دەربارەیـان. ئـەم بنەمایانـە دەربـارەی عەدالـەت دەمانگەیەنێتـە ڕێگـا چـارەیەك کـە دەبێتـە مایـەی

بڕواکردن و تێڕامان دەربارەی بونیادو پێکهاتەی کۆمەڵگا".

لە کاتێکدا، سەرەڕای دیدگای گشتی وبونیادی کۆمەڵگایی، کە مەسەلەی جیاوازی چینایەتی و هەڵاواردنی نەژادی و مودارات‌ی سیاسی لە کاردایە و لە باسوخواسی گشتیدا کەلێنی دروستکردووە، بڕوای راوڵز بەوجۆرەیە کە هێشتا دەربارەی دابەشکردنی دروست و عادیلانەی سامان و دەسەڵات دڵنیایی زۆر یان شایانی باسمان نی‌یە و سەرئەنجام راوڵز لەزەمینەی عەدالەتی دابەشکردندا پەنا دەباتە بەر ئامۆژگاری و ڕێنماییە فەلسەفییەکان.

## کاریگەری فەلسەفی کانت

چەمکی (هەلومەرجی سەرەتایی) کە بەردی بناغەی دەوڵەتی رەفای راوڵز پێکدەهێنێ، لە هەمان کاتدا دەبێتە دڵ و مێشکی تیۆرەکەشی. خراپ نابێت ئەگەر ئەوە بزانین کە هەندێك توخمی فەلسەفی تیۆرەکانی کانت دەربارەی ئازادی مرۆڤ و دیدگا و هۆکاری ئەخلاقی کاریگەری قورسی دەبێت لەسەر تیۆرەی راوڵز. راوڵز قەرزباری خۆی بۆ کانت لە سەرەتای کتێبەکەیدا رادەگەیەنێ و دەڵێت : "لەوانەیە هەلومەرجی سەرەتایی بە ناونیشانی شیکردنەوەی دیدگاکانی خودسامانی و بۆچوونی رەها لە فەلسەفەی کانتدا ببینرێت. بەڵام دەبێت ئێمە لەو دیدگا و بۆچوونە فەلسەفی‌یانەدا بنەمای سیستەم بەخش و قەڵەمڕەوی ئامانجەکان لەو هەلومەرجانەدا بەدەست بهێنین و پێناسەی ئەم هەلومەرجە ئێمە بە توانا دەکات کە ئەو هەست و بۆچوونانە بناسین و بەدەستی بهێنین کە لەو بنەمایانە پەیدادەبن و بەیانگەری سروشتی ئێمە دەبن وەکو کەسانی ئازاد و لەڕوانگەی عەقلانیدا یەکسان".[٨]

راوڵز چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد کەسانی دیگەش بنەمای عەدالەت لە هەلومەرج و زەمینەی یەکەمیندا پەسەند بکەن و ئەم پەسەندکردنەش نابێت لەسەر ئەژمارکردنی بەرژەوەندی بێت، بەڵکو دەبێت پشت بەستووبێت بە هەست و بڕواکردن بە عەدالەت. بە بڕوای ئەو مەبەست لە هەلومەرج و ڕێساکان"بەدەستهێنانی یەکسانی لە نێوان





مرۆڤەکان وەکو کەسانی ئەخلاقی، یان ئەو بوونەوەرانەی کە خێری خۆیان دەناسن و هەست و بڕوای عەدالەت خوازیان هەیە". هەر بۆیە دەڵێت : "هەرکەسێك کاتێك دەگاتە تەمەنێکی دیاریکراو دەتوانێ لە هەلومەرج و زەمینەی ئاساییدا خاوەن هەستی عەدالەت بێت" و بە بڕوای ئەو ئەزموونی ژیان لەو کۆمەڵگایەدا کە ئەو بە عەدالەتی دەزانێ، ئەم هەستەی عەدالەت خوازییە بەرەوپێش دەبات.

لەو جێگایەوە کە بنەمای ڕێکەوتن لە جیاتی ئەوەی لەسەر بناغەی بەرژەوەندی بێت، دەبێت لەسەر چەمکی هەق بڕیاری لەسەر درابێت، راوڵز (پەردەی بێ خەبەری) یان (پەردەی نەزانین) Veil of ignorance[٩] بەڕووی ئەو کەسانەدا دەهێنێ کە خۆناسین یان خۆویستن لە حاڵەتی تێڕامان لە بنەماکانی ئەو لە زەمینەی سەرەتاییدا وێڵ دەکەن. ئەم پەردەیە تەواوی زانینەکانی تایبەت بە هەلومەرج و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی ئەوکەسە، ئامادەیی و کەمایەتی سروشتی لەزهن و توانای ئەودا پاك دەکاتەوە. یەکێك لەلایەنە قورس و سەختەکانی تیۆری راوڵز ئەم پەردەی نەزانین و بێ خەبەرییە، کە هیچ کەس لە چەمکی خێر لەلای راوڵز شتێکی وەها نازانێ. تایبەتمەندی خستنەڕووی ژیانی عەقڵانی و تەنانەت سیفاتە تایبەتی‌یەکانی دەروونی کەسەکان، وەکو خۆ دەربازکردن لە مەترسی یا بەدبینی و خۆشبینی‌یەکان هەموویان نادیارن. زانیاری دەربارەی هەموو ئەمانە پەیوەندی بە سنوور و قەڵەمڕەوی (خود)ەوە هەیە، بەڵام (خود) نماییش پێویستی بە شارەزایی و ئاراستەی ئازادی و عەقڵانیەتی ئەخلاقی ئەوکەسە هەیە. وێنا و باسکردنی (هەلومەرجی سەرەتایی) لە شیکردنەوەی دیدگای (خودەکان)دا دەبێ، ئەو خودانەی کە هەمان بوونی ئازاد و لە دیدگای عەقڵانیدا یەکسانن. لەم دیدگا ئازاد و عەقڵانی و یەکسانی‌یەوە راوڵز دەڵێت : بەڵگەی زۆرمان بەدەستەوە نی یە کە بخوازین دابەشکردنی دەرامەت و سامان، لەجیاتی ئەوەی لەسەر بناغەی بەهرەکانی مێژوویی و کۆمەڵایەتی مەیسەر بێت، بە پێی دابەشکردنی تواناکانی سروشتی پیادەیان بکەین. نایەکسانی یەکانی تایبەت بە لەدایك بوون و تواناکانی سروشتی، ئەو نایەکسانییانەن کە شایستە نین بکرێنە پێوەر.

لێرەوە هەڵوێستی کانت دەربارەی یەکسانی و عەدالەتی ئەخلاقی دەبێتە بەردی بناغەی تیۆری راولز کە لە دەستووری کاری خۆیدا دەیکاتە دیدگای یەکسانی ڕێژەیی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی. واتە جەوهەری دەوڵەتی رەفای لیبرالی بەو ئامازگارییانە ئاراستە دەکات. هەرچەندە ئەو ئامۆژگاری و دەلالەتەکانی دیدگای کانت دەربارەی سروشتی مرۆڤایەتی دەخاتەڕوو، بەڵام لەو ئەنجامانەی کە کانت پێی دەگات فراوانتر دەڕوات، چونکە ئەنجامگیرییەکانی کانت تەنها لە زەمینەی سیاسی و دەستووریدایە و سەبارەت بە مامەڵە کردن لەگەڵ چەمکی خاوەندارێتی و دارایی، کانت بە تەواوی هەقی خاوەندارێتی تایبەتی پەسەند دەکات و لە هەلومەرجی سیاسیشدا بەهانە بۆ پەسەندن کردن و ڕەوایی ئەو هەقە دەهێنێتەوە. کانت لە میتافیزیکی توخمەکانی عەدالەتدا دەیەوێت باس لە سیاسەتی کارکردەکانی رەفاهی دەسەڵاتی سیاسی بکات و لەم زەمینەیەشدا کانت بۆ داکۆکی کردن لە هەژاران و بێبەشان لە دیدگای یەکسانی خوازی راولز نزیك دەبێتەوە. دیدگای کانت دەربارەی کەمکردنەوەی هەژاری لە دابەشکردنی سنوورداری سامان لە ڕێگای سیستەمی باجەکان فراوانتر ناڕوات.

### 3. عەدالەت وەکو یەکسانی یان عەدالەت وەکو ویژدان

زۆربەی تیۆرەکانی عەدالەت دەیانەوێت وەڵامی ئەو پرسیارە فەلسەفی‌یە بدەنەوە کە (عەدالەت چی‌یە؟) و چەمکی عەدالەتیش بەشی هەرە زۆری بونیادی ئەخلاقی تیۆری دیموکراسی بەدەست دەهێنێ. بە تایبەتی دیدگا و بیروباوەڕی عەدالەتی کۆمەڵایەتی یان (عەدالەتی دابەشکردن) کە ڕێگایەکی گونجاوە بۆ دابەشکردنی بەرژەوەندی و پلەوپایە و هاوکاری کۆمەڵایەتی لە سیستەمەکانی دیموکراسیدا ( ) [1] پەیوەندی نزیکی نێوان چەمکەکانی دیموکراسی و عەدالەت لە پەیوەندی و نزیکایەتی هەردوکیان لەگەڵ بنەمای یەکسانی پەیدادەبێت. لە سەردەمی ئەرستۆ لە سەدەی چوارەمی پێش زایین و لە کتێبی (سیاسەت)دا کە دەربارەی عەدالەت دەنووسێ و دەڵێ بە شێوەی گشتی کە پەسەندکردنی عەدالەت دەبێت پێناسە و دابینکردنی یەکسانی





لەخۆ بگرێ. هەر بەو شێوەیەش یەکێك لە بەڵگە و سەرچاوەکانی پەسەندکردنی دیموکراسی بڕواکردنە بە یەکسانی وەکو مەرجی سەرەکی بۆ بوونی دیموکراسی. بە هەمانشێوە کە تیۆرمەندی سیاسی فەرەنسی (ئەلکسی دوتو کڤویل) لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە و لە کتێبی (دیموکراسی لە ئەمریکا)دا دەڵێت : نیاز و خۆشەویستی خەڵك بۆ دیموکراسی و لە سەردەمی دیموکراسیدا، عەشقە بۆ یەکسانی خوازی.

چەمکی عەدالەت هەر لە زەمانی سوکرات و لە کتێبی (کۆمار)ەوە هەتا سەردەمی جان راولز، بەهرەمەند بووە لە گرنگیدانی فەلسەفەی ئەخلاقی و فەلسەفەی سیاسی و سوکرات دەڵێت : عەدالەت بۆ هەرجۆرێك و دیدگایەك لە ژیانی باش نەخشی بونیادی هەیە و ژیان کردن بە پێی عەدالەت لە ناوەڕۆکدا چاکە و فەزیلەتە. و راولز باس لەوە دەکات کە عەدالەت یەکەمین فەزیلەتە بۆ نیهاد و سیستەمی کۆمەڵایەتی.

پەیوەندی نێوان بەهاکانی (ئازادی و یەکسانی و عەدالەت) یەکێکە لە پرسە سەرەکی‌یەکانی ناو سیستەمی دیموکراسی و زۆربەی بیرمەند و فەیلەسوفەکانیش لەم زەمینەیەدا بڕوایان هەیە و "هەرچەندە ئازادی بەبێگومان یەکێکە لە بەهاکانی دیموکراسی و لە سەرەتای سەردەمی ڕێنسانسەوە توانیویەتی سەردەمێکی نوێ لە تاك گەرایی دەستپێبکات، بەڵام لە هەمان کاتدا، و لە سیستەمەکانی دیموکراتیدا، ئازادی بە تەنها وەکو بەهایەك شایانی باوەڕ کردن نی‌یە. بە شێوەیەکی ڕۆشنتر، ئازادی یەکێکە لە بەهاکان و لەگەڵ بەهاکانی دیکەدا ڕەوایی هەیە و یەکێکی دیکە لە و بەهایانەی کە گرنگی و ڕەواییەکەی لە ئازادی کەمتر نی یە، چەمکی عەدالەت و یەکسانی خوازییە". ( ) [11]

هیچ سەردەمێك وەکو ئێستا کە سەردەمی جیهانگیری و دەسەڵاتی بێ ئەملاولای سەرمایەدارییە نایەکسانی نێوان وڵاتانی هەژار و وڵاتانی دەوڵەمەند (باشوور و باکوو)، و لەناو وڵاتەکانیشدا نایەکسانی نێوان خەڵکی (بەدەسەڵات) و جەماوەری (بێبەش) بەم خێرایی‌یە زیادی نەکردووە و کاریگەری نەبووە. هیچکات بێکاری و هەژاری و مەرگی

منالآن و نەخۆشان و لاوازان لە تەواوی گۆشەکانی جبهاندا بەم شێوەیەی ئێستا، ڕوو لە بالآبوونی نیە. "هەر لەبەر هەمان هۆکارە کە تارمایی (یەکسانی خوازی) لە ساڵی ١٨٤٨ (بەوتەی یەکەمین بەیاننامەی مارکس) تا ئێستا دنیای داگیرکردووە. لە کۆتایی جەنگی ساردەوە (تارمایی) خودی مارکس وەکو تیۆرمەندی یەکسانی خوازی (تارمایی مارکس ناوی یەکێکە لە دواهەمین کتێبەکانی فەیلەسوفی فەرەنسی ناودار جاك دریدا) تا ئێستا تەواو نەبووە. هەرچەندە لەو نێوانەدا و لە مێژوویەکی دیاریکراودا شکستی یەك ئەزموونی مەزنی مێژوویی یەکسانی خوازیمان بینی، کە دیسان وا پێویست دەکات جارێکی دیکە (تازەکاری) دەردناك و خەمئامێز لەو تیۆرەدا بکەینەوە کە ناوی مارکسیزم یان سۆسیالیزمە". [(١٢)]

بە کورتی هەرچەندە تا ئێستا ئەو دیدگایە بە ناواقعی لەقەڵەم ئەدرێ، ئەگەر ئێمە داوای جیهانێك بکەین کە بەتەواوی یەکسان بێت و خاوەنداریێتی تایبەتی تیا نەمێنێ و هیچ کەس بە شێوەی گشتی حەز لەوە ناکات کە هەموومان وەکو یەك و چوون یەك بین، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەو دیدگایە بە تەواوی ڕاست و ڕەوایە کە هەوڵی بەدیهێنانی کۆمەڵگایەك بدەین کە لەوێدا هەلومەرجی یەکسان بۆ ژیان و ئابووری و دەسەڵات بۆ هەمووان وەکو یەك بێت. واتە دەبێت خەباتکردن بۆ هێنانەدی کۆمەڵگایەکی ئازاد و یەکسان — کە هاوڕێ بێت لەگەڵ دیدگا و ڕۆحیەتی گشتی یەکسانی خوازی — ببێتە یەکێك لە کارە گرنگەکانی خەبات و بیر و فەلسەفە، مەبەست لە یەکسانیش (لایەنی کۆمەڵایەتی، ئابووری و دابینکردنی سەلامەت و پەروەردە و فەرهەنگ و کاتی پشوودانە بۆ هەمووان). لەم ڕوانگەیەوە دادپەروەرترین دەوڵەت، تەنها ئەو دەوڵەتانە نین کە ئازادی بۆ هەمووان مەیسەر دەکەن، بەڵکو ئەو دەوڵەتەیە کە تێدەکۆشێ خەبات لە دژی بێ عەدالەتی بکات و بڵێت : هەرکەس بە هەژاری لەدایك بێت، نابێت تا مردن بە هەژاری و بێبەشی بمێنێتەوە. تەنانەت ئەگەر بۆ ئەم ئامانجەش دەوڵەت قوربانیش بە هەندێك لە ئازادییەکان بدات. سەرئەنجام دەبێت باش ئەوە بزانین کە هەژاری و نەبوونی بەرهەمی میراتی و ڕەسەنی خەڵکان نی یە و نابێت





وابزانین کە دەست کورتی یەك واقعیەتی جیناتیکە و نەدیاردەی کۆمەڵایەتیشە، بەڵکو هەژاری و نەبوونی بەشێکە لە سیستەمی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و فەرهەنگی زاڵ و بەشێکە لە سیستەمی چینایەتی ئابووری.

## عەدالەت وەکو ویژدان

ئەگەر لە ئازادی و بەهای ئەخلاقی عەدالەت خوازانەی دیموکراسیەوە دەست پێ بکەین دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە دەبێت ئازادی بکەینە هۆکارێك لە دژی ئەو ستەم و زوڵمانەی کە هەندێك دەیچێژن (وەکو لە دایك بوونی منالێك لە خێزانێکی دەست کورت) و دەبێت لە بەرامبەر ئەم هەلومەرجەدا خەبات بکەین و ئەمەش تەنها یەك هیوا و ئارەزووی خێرخوازانە نی یە. بەڵکو دەبێت سیستەمێك بۆ ماف و هەق دابمەزرێنین لە دیدگای تایبەتی خێرخوازی فراوانتر بڕوات و هەق بکاتە پێوەر نەك خێر و ناوەڕۆکی تیۆری جان راوڵز کە ناوی دەنێت (عەدالەت وەکو ویژدان) هەق دەخاتە پێش خێرەوە. ئەم سیستەمە هەقانی و هەق خوازە دەبێت لە هەمان کاتدا بڕیار و ئەحکامی ئاشکرا و پەیگیری هەبێت کە بتوانێت شیکردنەوەی عەقلانی بکات و زەمینەی گشتی و سەرەتایی کۆمەڵگا لە سیستەمی سیاسی و دەستووریدا بەو جۆرە فەراهەم بکات.

بەڵام راوڵز چاوپۆشی دەکات لە دامەزراندنی یەکسانی کۆمەڵایەتی و ئابووری تەواو (بەدەست هێنانی یەکسانی تەواوی کۆمەڵایەتی پێویستی بە نەفی کردنەوەی خاوەنداریێتی تایبەتی هەیە)، بەڵکو پرسێك دەخاتە ڕوو کە ئامانجەکەی بچووکترە لە دیدگای یەکەم. بەڵام لەو کەمتر ئاڵۆزتر نی یە. سەرئەنجام مەسەلەکە بەوە دەگات کە لە چ زەمینە و هەلومەرجێکی (ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی)دا ئەم عەدالەتەی ویژدانی راوڵز دێتەدی، یان دەبێتە پرسێکی گشتی و حەقیقی. بۆ زیاتر شیکردنەوە و ڕۆشن کردنەوەی دیدگای ویژدانی عەدالەت لەلای راوڵز دەبێت بەم جۆرە بدوێین : ئەگەر هەموو مرۆڤەکان ژیانی خۆیان بە بەختی یەکسان دەست پێبکەن، ئەو

کاتە عەدالەت بە جۆرێك دەبێت کە لەگەڵ هەمووواندا بە یەك جۆر ڕەفتار بکرێت، واتە بۆ هەر یەکێك هەمان ئەندازە لە (ماف) و (خاوەنداریێتی کۆمەڵایەتی) بدرێت. بەڵام بە داخەوە هەلومەرجی گشتی و جیهان بەو جۆرە نەبووە و ئەگەر لە جیهانی واقعدا دەست پێ بکەین، بۆمان دەرئەکەوێ کە بەختی مرۆڤەکان زۆر بە نایەکسانی دابەشکراوە، و لەم کاتەدا دەبێت (عەدالەت) لەسەر ئەوە بینابکرێت کە دەبێت کەمتر بدرێت بەو کەسانەی کە زیاتریان هەیە و زیاتریش بدرێت بەو کەسانەی کە کەمتریان هەیە و سەرئەنجام بۆ بودەستهێنانی ئەم هەلومەرجە دەبێت لە کۆتاییدا هەندێك نایەکسانی بەکار بهێنین. واتە دەبێت بۆ هێنانەدی عەدالەت بڕێك نا یەکسانی پێویست دەبێت. لێرە بەدواوە تێگەیشتن لە عەدالەت بەشێك نابێت لە بڕی ماتماتیکی یەکسان بۆ هەریەکێك، بەڵکو دەبێت عەدالەت وەکو ویژدان بەیان بکرێت. ئەوەی کە دەمێنێتەوە و هەموو نارۆشنی و کێشەکان لەوێدا پەیدا دەبن، ئەوەیە کە چۆن دەتوانین ئەو بڕ و چۆنیەتی یە لە عەدالەت بەکار بهێنین؟ واتە ڕێگە چارەی راوڵز چی‌یە؟

وەڵامی راوڵز ئەوەیە کە خەڵك شتێك لە چارەنووسی ئایندەی خۆیان لە سیستەمی گشتیدا (یان پەیمانی کۆمەڵایەتی بە دەربڕینی رۆسۆ و کانت) نازانن و لەژێر پەردەی نەزانیندا ژیان بەسەر دەبەن و بەبێئەوەی کە بچوکترین بیروباوەڕی فەلسەفی و ئایینی وایان هەبێت کە پێوەری عەدالەت پەسەندبکەن و سەرئەنجام لە ڕێگای بەدوادا گەڕان و ئەژمارکردنی بەرژەوەندی و ژیانیان دەستیان دەگاتە ئەو سەرچاوانەی کە دیدگای گشتی و کۆمەڵایەتی‌یان پێکدەهێنێ کە دەبێت دوو خاڵ و لایەنی گرنگی تێدابێت :

**یەکەم،** ئەوەی کە دەبێت زۆرترین ئازادی بۆ هەمووان هەبێت.

**دووەم،** ئەوەی کە دەبێت باڵاترین ئەندازەی یەکسانی لە پەیداکردنی ژیان و گوزەران (بەخت یان شانس) بۆ هەمووان فەراهەم بکرێت (بەتایبەتی بۆ ئەو کەسانەی کە لە خێزانە دەست کورتەکاندا لەدایك دەبن).





بەڵام ئەم دوو چاوەڕوانی‌یە یان داواکارییە پێویستی بە دابینکردنی دوو بنەما هەیە ئەو دوو بنەمایە وادەکەن دیدگای عەدالەتی ویژدانی یان(کۆمەڵگای بەویژدان) پێناسە بکەن :

**بنەمای یەکەم** (واتە بنەمای ئازادی): هەموو کەسێك دەبێت ئەو مافەی هەبێ کە سیستەمی تەواوی ئازادییە بنەڕەتی یەکان و بە یەکسانی بۆ هەمووان دابین کرابێ.

**بنەمای دووەم** (واتە بنەمای جیاوازی) : نایەکسانی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەبێت بە جۆرێك بن کە یەکەم، بە قازانجی دەست کورت ترین و بێبەش ترین کەسان بێت و دووەم، ئەم جۆرە نایەکسانی یە دەبێت پەیوەنداربێت بەهەلی کارکردن و بەدەست هێنانی پلەوپایە و بەهرەمەندی و یەکسانی لە بەخت و شانسدا دەبێت بۆ هەمووان دابین بکرێت :

ئەم دوو بنەمایە دوو ڕێسا بەدی دەهێنن و تەکمیلی دەکەن :

ڕێسای یەکەم ئەوەیە کە سەرەڕای دیدگای مارکسیستەکان ئەولەویەت یان دەست پێشکەری بۆ بنەمای یەکەمە نەك بۆ دووەم. واتە نابێت ئازادییە بنەڕەتیەکان سنووردار بکرێن، مەگەر تەنها بەناوی ئازادی. ڕێسای دووەمیش ئەوەیە کە ناسازگارە لەگەڵ دیدگای لیبرالیزمی سوودگەرا و دەبێت پرسی عەدالەت بخرێتە پێش مەسەلەی سوود و کارایی لیبرالیستی یەوە. ئەم بۆچوونەتازەیە لە عەدالەت دەتوانرێ بەم شێوەیە فۆرمۆلە بکرێت : "هەموو بەها کۆمەڵایەتی‌یەکانی، ئازادی و تواناکانی تاك، واتە بوون و هەلومەرجی مادی و مەعنەوی دەبێت بە یەکسانی لە نێوان کەسەکاندا دابەش بکرێت، تەنها لەوکاتەدا نەبێت کە دابەشکردنی یەکسانی یەکێك یان هەموو ئەم بەهایە لە قازانجی هەریەکێك لە مرۆڤەکان نەبێت". (١٣ )

## بەرئەنجامەکانی دادپەروەری

داڤید هیوم (١٧١١-١٧٧٦) فەیلەسوفی سکۆتلاندی ئەم بنەمایەی بۆ عەدالەت دارشتووە : کەمبوونی سەرچاوەکانی دارایی یان کەمی و سنورداربوونی خێرخوازی، دوو مەرجی سەرەکین بۆ ئەوەی کە ئێمە دیدگا و تیۆری بۆ دادپەروەری پەیدا بکەین. ئەگەر سەرچاوەکانی دارایی سنووردار نەبوونایە، یان ئەگەر خەڵك بۆ خۆیان بەخشندە بوونایە پرس و بیروڕای دادپەروەری پێویستی نەدەکرد!

ئەو سەردەمەی کە داڤید هیوم ئەم بنەمایەی بۆ پرسی بوونی عەدالەت دارشتووە، واتە ناوەڕاستی سەدەی هەژدە، بێگومان سەرچاوەکانی سامان و دارایی بەشی بێ عەدالەتی نەدەکرد، کەچی ئێستا لەگەڵ بوونی ئەو هەژمارە زۆر و لەڕادەبەدەری سامان و دارایی دیسان بەشی بێ عەدالەتی ناکات. ئەگەر لەسەردەمی هیوم دا مەسەلەی کەمی و سنووورداری سامان و دارایی زەمینەبوو بۆ ئەوەی ئەو و فەیلەسوف و بیرمەندانی دیکە بیر لە عەدالەت بکەنەوە، بەڵام لەم سەردەمەدا دزی و گەندەڵی و امتیازاتی لە ڕادەبەدەری دەوڵەمەندان و دەسەڵاتداران دیسان بەشی بێ عەدالەتی ناکات، سەرەڕای زۆری و بێشوماری سامان و دارایی لە ئاستی وڵاتان و لە ئاستی جیهانیشدا. کەواتە پرس و زەمینەی یەکەم بۆ بیرکردنەوە لە عەدالەت، زەمینە و پرسی سامان و دارایی و دابەشکردنی عادیلانەی ئەو سەروەت و سامانەیە، و تەواوی بیروباوەڕ و تیۆرەکانیش هەر لە سوکراتەوە هەتا جان راوڵز، دیدگا و بۆ چونیان لەم بارەیەوە هەبووە. زەمینە و پرسی دووەم بۆ بوونی عەدالەت مەسەلەی خێرخوازی یان پرسی ویژدانە لەلای خەڵك، یان هەروەکو داڤید هیوم دەڵێ ئەگەر خەڵك بۆخۆیان بەخشندە بوونایە، بیروڕا و تیۆرەکانی عەدالەت پێویستی نەدەکرد!

هەردوو زەمینە و پرسەکەی عەدالەت، واتە مەسەلەی دابەشکردنی سامان و دارایی (لەلای مارکسیزم و لەلای جان راوڵز سەرەڕای سامان و دارایی، عەدالەت لە دەسەلات و هەلومەرجی کۆمەڵایەتیشدا مەسەلەی گرنگن) و بوون یان نەبوونی بیروڕای





خێرخوازی و ویژدان و بەخشندەیی. سەرئەنجام لەلای راوڵز پرسی عەدالەت لە هەردوو زەمینەکەدا وەکو تیۆرییەکی گونجاو و هاوئاهەنگ لەگەڵ بیروڕای لیبرالیزمدا دێتەکایەوە و راوڵز هەردوو لایەنی یەکسانی خوازی (لەسامان و دەسەڵات و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی) و عەدالەتی ویژدانی لەناو تیۆرەکەی خۆیدا جێگا دەکاتەوە. راوڵز بڕوای وایە کە دەبێ لە هەردوو ئاراستەکە و لە هەردوو زەمینەی ڕەسمی و خەڵکیدا ئەم پرسە چارەسەر بکرێت. بۆ زەمینەی ڕەسمی تێدەکۆشێ کە دەستوور و یاسا، سیاسەت و دەسەڵات و بیرکردنەوەی سیاسی گشتی بکاتە بەشێك لە عەدالەت و لە هەمان کاتیشدا ویژدانی دادپەروەری بکاتە بەشێك یان ناوەڕۆکی ئەو کۆمەڵگا سیاسی یە (دەستوور و یاسا، سیاسەت و دەسەڵات و بیرکردنەوەی سیاسی گشتی) و هەر بەو شێوەیەش تێدەکۆشێ لە ڕێگای ئۆرگانە ڕەسمی و سیاسی یەکانەوە زەمینە و سەرەتایەك بۆ بلاوکردنەوە یان بەهێزکردن و (ڕەسمی کردنی) ویژدانی دادپەروەر فەراهەم بکات. سەرئەنجام راوڵز دەگاتە بەرئەنجامێك کە بە پەیڕەوی لە رۆسۆ و کانت دیسان ناوی دەنێ (پەیمانی کۆمەڵایەتی) یان بەشێوەی خۆی لە تیۆرەکەیدا ناوی دەنێ (هەلومەرجی یەکەمین یان زەمینەی سەرەتایی) و ناوەڕۆکی ئەم زەمینە و پەیمان و هەلومەرجە کۆمەڵایەتیەش دەبێتە پێکەوە بەستنی دەستوور و یاسا، سیاسەت و دەسەڵات و بیرکردنەوەی تیۆری سیاسی لەلایەك لەگەڵ ویژدانی دادپەروەری لەلایەکی دیکە. بەشێوەیەکی دیکە دەتوانین بڵێین کە لە ڕێگای دەستوور و یاسا، سیاسەت و دەسەڵاتەوە ویژدانی دادپەروەری بکرێتە هێزی بڕیاردەر و هێزی بڕیاردەریش دەبێ بەهرەمەندبێت لە ناوەڕۆکی دادپەروەرانە.

دیدگاو چارەسەری دستووری‌و یاسایی لە تیۆری عەدالەتی جان راوڵز لە بنەمای یەکەمی ڕۆشنگەری و دیموکراسی یەوە دەست پێدەکات، کە ئەویش بەها و بنەمای ئازادییە و دەڵێ: پرانسیپی یەکەم لە تیۆری عەدالەت، مەسەلەی یەکسانی بوونە لە بەهرەمەندی ماف و ئازادی. واتە دەبێت هەموو کەس یەکسان بێت لە بوون و بەهرەمەندبوونی ئەو ماف و ئازادییانەی کە هەرسێ شۆڕشە گەورەکەی جیهان کردیانە دروشم و ئامانجی سەرەکی (واتە شۆڕشەکانی بەریتانیا ١٦٨٩، ئەمریکا

١٧٧٦ و فەرەنسا لە ١٧٨٩) و ئێستاش بە شێوەی ڕاگەیاندنی جیهانی مافی مرۆڤ (لەدوای ١٩٤٨ ) بووەتە پێوەر و ستانداری جیهانی بۆ ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ. پرانسیپی دووەم، لە تیۆری عەدالەت پرسی نایەکسانی و جیاوازییە، واتە دەبێت جیاوازی و لێك نەچوون و نایەکسانی یەکان بە جۆرێك ڕێکبخرێن و پیادەبکرێن، کە هەژارترین و بێبەشترین کەسانی ناو کۆمەڵ لێی بەهرەمەندبن و زیانی تیانەکەن. سەرئەنجام دیدگا و بنەمای دووەم ڕوانگە و سەرەتاکەی دەبێتە مەسەلەی دابەشکردنی دارایی، دەسەڵات و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی کە بەردی بناغەکەی دەبێتە بەشداری و بەهرەمەندی خەڵکانی هەرە بێبەش و هەژاری هەتائێستا. بۆ ئەم مەبەستە، خودی جان راوڵز لەوە سڵ ناکاتەوە کە سنووری یەکسانی ببەزێنێ و بچێتە سنووری عەدالەتەوە، واتە لەپێناوی ئەوەی کە ویژدانی عەدالەت بکرێتە یاسا و دەسەڵات و پێوەر پێویست دەبێ کە ئەمجارە بەشێوەی نایەکسانی و جیاوازی مامەڵە بکەین. و لەم زەمینەیەشدا و سەبارەت بە پرسی باجەکان دەڵێت : ئەوەی زیاتری هەیە، دەبێت زیاتری لێوەربگیرێ و کەمتری بدرێتێ و ئەوانەش کە کەمتریان هەیە، بێگومان کەمتر دەدەن و زیاتر وەردەگرن و بەم شێوەیە هاوسەنگی دارایی، دەسەڵاتی و کۆمەڵایەتی ڕادەگیرێ و دەپارێزرێ و ئەمەش دەبێتە ناوەڕۆکی دادپەروەرانەی (پەیمان و ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتی).

دیدگا و چارەسەری دەستووری و یاسایی تیۆری عەدالەتی راوڵز، بە بڕوای من دەبێتە زەمینە و سەرەتایەکی نوێ بۆ چارەسەری پرسی دادپەروەری لە دیموکراسی نوێ و بەتایبەتی لەو وڵاتانەدا کە تازە دەچنە ناو ئاستانەی دیموکراسی یەوە (نموونەی عێراق و کوردستان) و پابەندبوون و کارکردن بە دیدگا و چارەسەری دەستووری و یاسایی دەبێتە یەکەمین کاری ئەخلاقی و فەزیلەتی سیاسی ئەو دەسەڵاتانە و بە شێوەیەك کە هەردوو بنەماکەی جان راوڵز دەبێ و دەکرێ بکرێنە بنەما و بناغەی چارەسەری پرسی دادپەروەری (واتە بنەمای یەکسانی و ئازادی و بنەمای دابەشکردن). هەر وڵاتێك، دەسەڵاتێك یان دەستوور و یاسایەك بەو دیدگا و پێوەرە دەستووری و یاسایی یە دادپەروەرانەیە دەپێورێت کە مرۆڤدۆست و ئازادی خواز و دادپەروەرە و بە





پێچەوانەشەوە، ئەگەر وانەبێت لەو سنوورانە دەرئەچێت و نامۆیە بە بەها و بنەماکانی دیموکراسی و ڕۆشنگەری و عەدالەت. لەو وڵاتانەدا کە تازە چوونەتە ئاستانەی دیموکراسی یەوە، ئەم مەسەلەیە واتە دیدگا و چارەسەری دەستووری و یاسایی پرسی ئازادی و یەکسانی و عەدالەت بە پلەی یەکەم کار و ئەرکی دەسەڵاتەکان و یاساکانە و بەپلەی دووەمیش کار و ئەرکی خەڵکە. لەبەرئەوەی کە لەسەرەتای دیموکراسی و لەنەبوونی هێز و توانی خەڵکیدا زۆربەی دەسەڵات و وەرچەرخان و گۆڕانەکان لە ئەستۆی دەسەڵات و دەوڵەتەکاندایە. خۆ هەموومان دەزانین کە ئەم هەلومەرجە (واتە هەلومەرجی دەسەڵاتی لە ڕادەبەدەری حکومەتەکان) هەلومەرجێکی تەندروست و دڵخواز نی یە، بەڵام چار نی یە دەبێت هەلومەرجەکە بناسین و لەوێشەوە چارەسەرەکان دەست نیشان بکرێن. ئێستا لە تەواوی جیهاندا هیچ دەسەڵات و دەوڵەتێك نی یە کە ئاگادار نەبێت لە بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤ و جاڕی گەردوونی ئەو مافانە، یان هیچ دەوڵەتێك نی یە کە بنەماکانی عەدالەت (لیبرالی و مارکسی) نەزانێت. کە وابێ هەر چاوپۆشی و خۆگێل کردن و خۆ دزینەوەیەك لە ئاشکرا کردن و پابەندبوون بەو بەهاو بنەما جیهانیانەوە، دوورکەوتنەوەیە لە دیموکراسی و ئازادی و عەدالەت و ئێستاش ئەم سەردەمە زۆر درەنگە بۆ ڕەوایی دان بە دەسەڵات و دەوڵەتەکان لەسەر بناغەی هەڵبژاردن و دەسەڵاتی زۆرینە، بەڵکو ڕەوایی حکومەت و دیموکراسی لەوەدایە کە بتوانێ ئازادی و یەکسانی و عەدالەت بۆ خەڵك دابین بکات و لەو ڕێگایانەوە تاك و کۆمەڵ لە ئاستەنگ و کێشەکانی ژیان و سیاسەت و کۆمەڵگا رزگار بکات.

دیدگا و چارەسەری دەستووری و یاسایی هەر ئەوە نی یە کە لەدەستوور و یاساکاندا ئەو بنەما و بەها گرنگانەی دیموکراسی (ئازادی، یەکسانی و عەدالەت) بنووسرێن و ئاشکرا بکرێن (وەکو ئێستا لە دەستووری عێراقدا)، بەڵکو دەبێت سێ بنەمای گرنگی دیکەش هەبن و هێز و ڕەوایی دەستووری و یاسایی یان پێ بدرێت :

یەکەم، دەسەڵات و حکومەتی بەرپرس و پەیگیر هەبێت بۆ پاراستنی ئەو بنەما و بەهایانە و لە هەمان کاتیشدا دابینکردنی بەردەوام و ڕێگاگرتن لە هەر پێشێلکاری و کەم کردنەوە و سنووردارکردنی ئەو ماف و ئازادییانە.

دووەم، بە شێوەی دەستووری و یاسایی و بە بوونی ئۆرگان و دامودەزگای تایبەت و پێویست و بەرپرس بۆ هەموو مەیدانەکانی ژیان یاسای تایبەت هەبێت (یاسای ماف و ئازادییەکان، یاسای کار، یاسای مافو ستانداردی تەندروستیو بیمە کۆمەڵایەتی یەکان، یاسای هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و پرسی یەکسانی و ئازادی ژن و پیاو، یاسای تایبەت بە ماف و ئازادی لاوان و منداڵان، یاسای تایبەت بە چارەسەری پرس و کێشەی ناسنامەکانی نەتەوەیی، نەژادی، ئایینی و تایەفی، یاسای تایبەت بە بودجە و باج و عەدالەتی دابەشکردنی سامان و دەسەڵات و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و. . هتد). و ئەو ئۆرگان و دامەزراوە و لایەنانە بەرپرس بن لە پیادەکردن و زەمانەت کردنی هێنانەدی ئەو یاسایانە.

سێیەم، دیسان بەشێوەی دەستووری و یاسایی خەڵك و جەماوەر ماف و ئازادی ئەوەیان هەبێت کە لەکاتی پێویست (پێشێل کردن یان سنووردار کردن و کەمکردنەوەی ئەو ماف و ئازادییانە) لە هێزی کۆمەڵایەتی و جەماوەری خۆیان سوود وەربگرن بۆ ڕێگاگرتن لەو خروقاتانە و لە هەر لایەنێکەوە بێت (رەسمی یان میللی). واتە خەڵك مافی ئەوەی هەیە و دەتوانێ و دەبێ داکۆکی لەو ماف و ئازادییانە بکات و نەهێڵێت هیچکام لە هێزەکانی حکومەت، حیزبەکان، خێڵەکان، تاکەکان و بیروباوەڕەکان کە ئەو مافانە کەم بکەنەوە یان هێرشی بکەنە سەر.

تەنها بەو شێوەیە دەستووری و یاسایی یە و لەسەر شانی سیاسەت و دەسەڵات و بە بەشداری جەماوەر و خەڵك سەرەتاکانی دیموکراسی و دابین کردنی بنەما و بەهاکانی دەچەسپێ و زەمینەی گشتی (رەسمی و خەڵکی) سازدەبێ بۆ هێنانەدی ڕێکەوتن و پەیمانێکی کۆمەڵایەتی کە بەهاکانی ئازادی، یەکسانی و عەدالەتە و هێزی جێبەجێکەری دەستوور و یاسا و دەسەڵاتە و هێزی پاراستن و مانەوەشی جەماوەری بە





ئاگا و هۆشیارە لەو ماف و ئازادییانە. ئێمە تەنها لەو هەلومەرجەدا کە جان راوڵز ناوی دەنێ (زەمینەی سەرەتایی یان هەلومەرجی یەکەمین) دەتوانین بناغەکانی (پەیمانی کۆمەڵایەتی) ئامادە بۆ بوونی بەهاکانی دیموکراسی (ئازادی، یەکسانی و عەدالەت) دابین بکەین و بەرەو پێشەوەی بەرین.

## سەرچاوەکان


١ - ویلیام تی. بلوم، نظریەهای نظام سیاسی، جلد دوم، ترجمەی احمد تدین، نشر آران، تهران ١٣٧٣.

٢ ـ حسین بشیریە، لیبرالیسم و محافظەکاری (تاریخ اندیشەهای سیاسی در قرن بیستم، ٢)، نشرنی، چاپ ششم، تهران ١٣٨٤، ل ١١٥.

٣ ـ کریستیان دولا کامپانی، فلسفەی سیاست در جهان معاصر، ترجمەی بزرگ نادرزاد، انشارات هرمس، چاپ اول ١٣٨٢.

٤ ـ دکتر شاپور رواسانی، عدالت چیست، مجلەی اطلاعات سیاسی-اقتصادی شمارە ١٩١_١٩٢، مرداد و شهریور ١٣٨٢، ل ل ١٥٠_١٦٠.

٥ ـ رامین جهانبگلو، بین گذشتة و ایندە، نشرنی، چاپ اول، تهران ١٣٨٤، ل ل ١٥٤_١٥٥.

٦ ـ رابرت بی. تلیس، فلسفەی راولز، ترجمەی خشایار دیهیمی، طرح نو. چاپ اول، تهران ١٣٨٥.

٧ ـ ویلیام تی. بلوم، نظریەهای نظام سیاسی، جلد دوم، ترجمەی احمد تدین، نشر آران، ل ٧٤٨.

٨ ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٥٣.

٩ ـ رامین جهانبگلو، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٦.

١٠ ـ دایرة المعارف دموکراسی – جلد دوم – زیرنظر سیمور مارتین لیپست، کتابخانە تخصصی وزارت امور خارجە ایران، ل ٩٦٣.

١١ ـ کریستیان دیلا کامپانی، فلسفەی سیاست در جهان معاصر، ترجمەی بزرگ نادرزاد، انشارات هرمس، چاپ اول، تهران ١٣٨٢.

١٢ ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٧٢_١٧٣.

١٣ ـ برایان مگی، مردان اندیشە، ترجمە عزت الله فولادوند، انتشارات طرح نو، چاپ سوم، تهران ١٣٨٢ ، ل ل ٤٣٣_٤٣٤.

## بەشی چوارەم

# پاشکۆ

* **دەوڵەتی رەفا**

* **تیۆرەکانی دادپەروەری**

## پیتەر باڵدوین

# دەوڵەتی رەفا

گەشە کردنی ئاستی خۆشگوزەرانی یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی دەوڵەتانی نوێ کە پەیوەندی دوولایەنەی لەگەڵ دیموکراسی هەیە. خۆشگوزەرانی و ئاسایشی ژیانی مادی و کۆمەڵایەتی بەشێکن لە کارکردە گرنگەکانی حکومەتە تازەکان، هەرلەبەر ئەوەش پێیان دەڵێن دەوڵەتی خۆشگوزەرانی (رفاه).

دەوڵەتی رەفا دەتوانرێت بە دوو شێوە پێناسە بکرێت، بەشێوەی فراوان یان بەشێوەی سنووردار. دەوڵەتی خۆشگوزەرانی سنووردار، خاوەنی کۆمەڵێك یاسای تایبەتییە لە بیمە کۆمەڵایەتی‌یەکان (خانەنشینی، لەکارکەوتن و پەککەوتن، تەندروستی و دەرمان، پێشهاتەکانی کار و بێکاری). ئامانج لەم یاسایە کەم کردنەوەی کەلێنی نێوان دەرامەتی تاکەکانە کە لە ئەنجامی بەدبەختی سروشتی و کۆمەڵایەتیدا، یان بەهۆی پیربوون و بەساڵاچوون پەیدا دەبن. بەڵام دەوڵەتی رەفا لە پێناسەی فراوانتردا، سەرەڕای بەرنامە ڕێژی یاسایی کەناومان هێنان (کە زۆربەی جار ئیجبارییە لەسەرشانی دەوڵەت)، کۆمەڵێك دیدگا و بەرنامەی دیکەش هەیە، کە پەیوەندیدارە بەسەر لەنوێ دابەش کردنەوەی سامان لەنێوان کۆمەڵ و چینەکاندا کە لە ئەنجامی ئابووری سەرمایەداریدا پەیدابوون. ئەم بەرنامە ڕێژییانە بە سروشتی خۆیان کۆمەڵێك کار و پرسی گرنگی تێدایە: سازکردنی سەرچاوەکانی ژیان بۆ هەژاران، وەکو خانووی هەرزان، خواردنی پێویست بە نرخی هەرزانتر لە بازار، و خزمەتگوزاری تەندروستی و دەرمانی خۆڕایی یان دەرمان بەبێ باج. لە هەموو کۆمەڵگەکاندا، ئەگەر ئەم مافانە لە ڕێگای دەوڵەتەوە نەکرێن، بێگومان ڕێگای دیکە پەیدا نابێت بۆ جێبەجێکردنیان. ئەو بەرنامانەی کە بە تایبەتی بۆ هەژاران ئامادە و ڕێك دەخرێت، و لەبەرامبەر و ناکۆك لەگەڵ پرانسیپەکانی بازاردا دێتە دی، ئەو بەرنامانە هەر ئەو





شتەیە کە زۆربەی ئەمریکییەکان پێی دەڵێن رەفا. بەڵام شێوەی تێگەیشتنی ئەمریکیەکان لە (ئاسایش و دڵنیایی کۆمەڵایەتی) شێوەیەکە لە بەرنامەی کۆمەڵایەتی کە لانی کەم دەبێت بەشێك لە بودجەکەی لەلایەن خودی هاووڵاتیانەوە، وەکو باج بدرێت. کارکردنی دەوڵەتی رەفا تەنها تایبەت نىیە بە هاوکاری و کۆمەك بۆ هەژاران، بەڵکو لە زۆربەی وڵاتانی خاوەن دەوڵەتی رەفا ئەو بەشە پارەیەی کە تەرخان دەکرێت بۆ هەژاران، بەشێکی کەم لە سامانی گشتی دەبات. زۆربەی بەرنامەکانی رەفاهی لە خزمەتی ئەو کۆمەڵ و گروپانەدایە کە هەژارنین. ئەم بەرنامانە وەکو یارمەتی‌دانی جوتیاران و کاروباری کشتوکاڵی، دیاریکردنی هاوکاری و بودجەی تایبەت بۆ ئەوانەی کە پرۆژەی پیشەسازییان هەیە (بەمەبەستی ناردنە دەرەوە، یان بازار و پێویستی ناوخۆ، یان هەرکارێك کە قازانجی ئابووری هەبێت)، کەمکردنەوەی باجی خانوکردن و بەخشینی یارمەتی بۆ ڕێکخراوە خێرخوازەکان، پەروەردە و فێرکردنی خۆڕایی کە هەموو هاووڵاتیان بە مافی خۆیانی دەزانن و تەنانەت ئەوانەش کە هیچ سوودێك لە خوێندن وەرناگرن.

بەرنامەکانی کۆمەڵایەتی، بە مانای ئاسایی، تەنها یەکێکە لە کار و چالاکییەکانی دەوڵەتی رەفای فراوان. بەشێك لە بەشدارییەکانی دەوڵەت بۆ هاندانی گەشەکردنی بەرهەم، و بەشێکی دیکەش- واتە کارکردنی رەفاهی بەمانای گشتی و بۆ هەموو خەڵك- بۆ سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی هەندێك لەو سەرچاوانەی کە لە ڕێگای زیادکردنی بەرهەمدا پەیدا دەبن. بەرنامەکانی بەشی دووەم (واتە بنەمای سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی سامان) بۆ زەمانەتکردنی لانی کەمی دادپەروەری بە دیاریکردنی سەرچاوەکانی ژیان، هەم لە ئاستی گشتی‌دا یان لەسەر ئاستی ژیانی تەنها کەسێکیش.

دەوڵەتی رەفا لەمانا فراوانەکەیدا، دەوڵەتێکە لە هەوڵی زیاتری دابینکردنی ژیانێکی باشترە بۆ هاووڵاتیان. ئەم کارکردەش مافی رەسەنی هاووڵاتیان لەبەرامبەر پەیڕەوی و پشتیوانی ئەوان دەبێت لە دەوڵەت. لەمەودوا (لە دوای بوونی دەوڵەتی رەفا) چیدیکە نەخشی مەزنی و باڵاتری خواوەند، گەورەیی و ڕەسەنی نەتەوە، یان تەنانەت داکۆکی کردن لە خاکی باب و باپیران، ناتوانێ ئامانجی سەرەکی دەوڵەت و حکومەتەکان بێت.

بەڵکو، دەبێت ئامانجی ئەوان گەشەکردنی ئابووری و دابەشکردنی ڕێژەیی دادپەروەرانەی ئەو کێکەیە کە هەموو ڕۆژێك گەورەتر دەبێ. بەم مانایە، تەواوی حکومەتەکان (لانی کەم حکومەتەکانی نەتەوە پێشکەوتووەکان)دەوڵەتی رەفان. هەموو حکومەتەکان دەبێت خوازیاری گەشەی ئابووری زیاتر بن، و هەموویان بەڵێنی دابینکردنی بەشێك لە هەلومەرجی سەرەتایی ژیان بە خەڵك بدەن کە نابێت هیچ هاووڵاتییەك (هیچ نەبێ بەقسە و ڕاگەیاندن) لەو ئاستە نزمتر مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

## جۆرەکانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی

نابێت لەم پرسەدا، لە ئاستی بونیادیدا باس لە شێوەکانی دەوڵەت بکەین، بەڵکو دەبێت لەو زەمینەیەدا لێکۆڵینەوە بکەین کە پەیوەندییان بە ڕۆڵی کاریگەری دەوڵەتەوە هەیە لە بوون یان نەبوونی بەرنامە و دام و دەزگای تایبەت بە مەسەلەی ژیانی مادی و کۆمەڵایەتی خەڵك لە ئاستی رەفادا. لە هەندێك لەوڵاتان، دەوڵەت نەخشی سەرەکی لە ئەستۆدایە، ئەگەر چی هەندێکیان دەوری کەمتر دەبینن، و زیاتر وا چاوەڕوان دەکرێ کەکەس و دامەزراوە خێرخوازەکان دەست پێشکەری لەم زەمینەدا بکەن. بۆ نمونە، لە وڵاتانی ئەسکەندەنافی، دەوڵەت دەوری زۆر چالاك و کاریگەری هەیە، و هاووڵاتیان هەر لە لانکەوە هەتا گۆڕ بەهرەمەندن لە ئیمتیازی فراوان و بەخشندە، بۆ سەرکەوتن بەسەر کۆسپ و مەترسییەکانی ژیان. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەوڵەتی رەفایی سنووورداری هەیە، ئەم دەوڵە بۆ هەندێك گروپی تایبەتی (وەکو ئەندامانی پێشووی سوپا و بەساڵاچووان) بەهرەمەندی و ئەو بیمانەی لەبەر چاو گیراون، کە ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ سیاسەتی کۆمەڵایەتی سیستەمەکانی ئەوروپا، شایانی باسن. لە کاتێکدا کە شێوەکانی دیکەی بیمە (وەکو بیمەی دەرمان و تەندروستی) تەنها بە شێوەی تایبەتی و دەگمەن بوونیان هەیە.

ئەگەر چی وڵاتان سەبارەت بە چەندێتی و سنووری بەهرەمەندی خۆشگوزەرانی هاووڵاتیان بە ئاشکرا لە یەك جیاوازن، بەڵام ڕێکخستن و تەرتیبی بەندەکانی رەفاهی





زۆر گرنگ نین. بۆ نمونە، لە بەریتانیا بیمەی تەندروستی و دەرمان لە سیستمی گشتی و نیشتتمانیدا فەراهەم کراوە یا لە ئەڵمان بیمەی تەندروستی و دەرمان ڕێگای بەرنامە و سازوکاری وەهادا دابینکراوە، کە ئەگەر چی بەشێوەیەکی گشتی و ڕوخساری بەپێی داخوازییە، بەڵام لە ڕاستیدا تاك و کەسەکان، لەبەر پێداویستی ژیانیان، ناچارن پەیوەست بن پێیانەوە. لە ئەمریکا زۆربەی خەڵك بیمەی تەندروستی و دەرمان لە ڕێگای جیاواز و بەرنامەی خواستی تایبەتی و وەکو بەشێك لە کارەکانیان بەدەست دەهێنن. بەڵام دەوڵەت کەسانی پیریان زۆر هەژار دەخاتە ژێر سەرپەرشتی خۆی.لە ڕوانگەی ئەو کەسانەی کە ژیان و گوزەرانی مامناوەندییان هەیە، لە هەرسێ سیستەمەکەدا سوود لە بیمەکان وەردەگرن. جیاوازیەکانی نێوان تەرتیب و پاش و پێشی بەهرەمەندیەکان زۆر گرنگ نیە، بەڵام لە ڕوانگەی ئەوانەی کە بە هیچ جۆرێك بەهرەمەند نین لە بیمەکان، جیاوازیەکانی نێوان دەوڵەتەکان زۆر دیار و ئاشکرایە. لەوڵاتێکی وەکو ئەمریکا، رێکخراوی خێرخواز و دەست پێشکەری هەندێك کەس، نەخشی گرنگ دەبینن و لە ڕاستیدا هەمان ئەو کارانەی کە لەوڵاتانی دیکە لە ئەستۆی دەوڵەتدایە، ئەوان فەراهەمیان کردووە.

وڵاتان دەتوانن لە نێوان شێوەکانی بەرنامە و هەنگاوەکان و تەرخانکردنی سەرچاوەکان ئازادبن لە بڕیاردان. ئەمریکا هیچ شێوەیەك لە سیستمی تەندروستی و دەرمانی نیشتیمانی نیە، بیمەی بێکاری زۆر لاواز و سنوورداریشی هەیە. بەڵام لەم وڵاتەدا لە زۆر کۆنەوە و تەنانەت پێش وڵاتانی رەفاهی ئەوروپاش خاوەن سیستەمی فێرکردن و پەروەردەی گشتیە، و بەتایبەتی خوێندنی باڵا بودجەی گشتی بۆ تەرخان کراوە، کە لەلایەنەکانی دیکەی بیمەو بەهرەمەندی فراوانتر و بەخشندەتر. ئەم ڕوانگەیەی ئەمریکییەکان لەوە پەیدا بووە کە ئەوان بەبڕوایان یەکسانی لە ڕەخساندنی هەلدا زیاترە لە یەکسانی ئەنجامەکان. ئامانج لەم کارەش ئەوەیە کە پەروەردە و فێرکردن بکرێتە هەل و هۆکاری گشتی بۆ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و پێشڕەوی ئەو کەسانەی کە خاوەنی توانان و ئامادەیی باشن لە زانست و خوێندندا. سیستەمی فێرکردنی ئەمریکا، بە دابینکردنی هەل و ئامادەیی جێگا و ڕێگای زۆرێك

لە خەڵك، تاڕادەیەکی زۆر دەتوانێ کۆمەك بە هاوڵاتیان بکات، و تەنانەت لە جیاتی بیمەکانی دیکەش هەقی بۆ هاووڵاتیان کردۆتەوە.

## دەوڵەتی ڕەفا و دیموکراسی

دەوڵەتی رەفا، لە فراوانترین مانادا بە ئاشکرا پەیوەندی بە دیموکراسیەوە هەیە. هاتنە ئارای گشتی خەڵك بۆ مەیدانی سیاسەت، کە لە ناوەراستی سەدەی نۆزدەدا دەستی پێکرد و هۆکارەکەشی ئەوە بوو دەنگی زۆرایەتی (و سەرئەنجام مافی دەنگدانی گشتی) تەواوی حکومەتەکانی ناچارکرد کە ڕوانگەی ڕەوایی بوونیان لەگەڵ هەلومەرجی تازەدا بگونجێنن. لەمەودوا ڕەوایی دیموکراسی دەبێت بەپێی بنەمای توانای ڕازیکردنی نیازەکانی ژیانی جەماوەر بێت. دیموکراسی، بە مانا فراوانەکەی، لە مەودوای دەبێتە خودی دەوڵەتی رەفا.

بەلأم ئەگەر لە نزیکەوە لە دەوڵەتی رەفا شارەزا بین، و شێوە جۆراوجۆرەکانی بناسین، کە حکومەتەکان بۆ ڕەزامەندی خواستەکانی ژیانی خەڵك و بە تایبەتی مەسەلەی سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی سەرچاوەکانی ژیان و سامان، بۆمان دەرئەکەوێ کە ئەم پرسە ئاسان نیە. لە هەندێك لەوڵاتانی، دیموکراسی و دەوڵەتی رەفا هاوڕێگا بوون. لەوڵاتانی ئەسکەندەنافی خزمەتگوزاری رەفاهی، کە لە دەیەی ١٩٣٠ دەست پێدەکات و تادوای جەنگی دووەمی جیهانی بەردەوام دەبێت و پاشان لە ئەنجامی دەسەڵاتی ڕوو لەگەشەی پارتەکانی سۆسیال دیموکراسی، فراوانی زیاتر بەخۆوە دەبینێ. ئەم پارتانە بە نوێنەرایەتی کارگەریان بۆ هاوپەیمانی کرێکاران، جوتیاران و چینەکانی ناوەڕاستی شارەکان، دەسەڵات لە دەستی نوخبەی سیاسی نەریتی سەرمایەداری دەسەندەوەو زەمینە ئامادەکراوە بۆ شێوەیەك لە سیاسەتی کۆمەڵایەتی گەشەکردوو، بەخشندە و یەکسانی خواز. تایبەتمەندی سیستەمی رەفاهی ووڵاتانی ئەسکەندەنافی بریتیە لە ژمارەیەکی زۆر لە چالاکی و دەست پێشکەری دەوڵەت، وەکو بیمەی تەمەن، بەهرەمەندی بەخشندە و گشتی بۆ تەواوی هاووڵاتیان (هەژار یان





دەوڵەمەند) لەبەرنامەکانی کۆمەڵایەتی و ڕێگاگرتن لە بێ ڕێزی کەسایەتی هەژاران و کەم تواناکان.

وڵاتی پاشایەتی بەریتانیا نمونەیەکی دیکەیە لە پەیوەندی نێوان دیموکراسی و دەوڵەتی رەفا. ئامۆژگار و چاکسازی کۆمەڵایەتی بەناوی (ویلیام بۆریج) لە ساڵی ١٩٤٢ ڕاپۆرتێکی بڵاو کردەوە کە تیایدا پشتیوانی لە ئاڵوگۆری فراوان لە دەوڵەتی رەفای بەریتانیا دەکات، لە دوای جەنگی جیهانی دووەم، ئەو کاتەی کە (پارتی کرێکاران) دەسەڵاتی بەدەست هێنا، زۆرێك لە پێشنیازەکانی ئەویان هێنایەدی. (ت.ه.مارشاڵ)ی کۆمەڵناس، وێنایەکی لە دەوڵەتی رەفا خستەڕوو، پەیوەندی نێوان دیموکراسی و دەوڵەتی رەفا بە پێداویستییەکی مێژوویی دەزانێ.

بەبڕوای مارشاڵ گەشەی دیموکراسی رۆژئاوا لە سێ قۆناغی گرنگدا دیاری دەکرێت. لە قۆناغی یەکەم، و لەماوەی سەدەی هەژدەهەم خەڵك توانیان مافە مەدەنیەکان (یەکسانی لەبەرامبەر یاسا، مافی خاوەندارێتی، مافی نیشتەجێ بوونی دڵخواز، هتد) بەدەست بهێنن. لە قۆناغی دووەم، یەك سەدە دواتر، مافە سیاسیەکان (لەپێش هەموویان مافی دەنگدان) بووە مەسەلەیەکی گرنگ و کاریگەر. بەلأم، سەرەڕای ئەم ماف و دەسکەوتانە (کە زۆر شایەنی باسن) هاووڵاتی بوون لە کۆمەڵی سیاسی دیموکراتیدا، هێشتا وەك مەسەلەیەکی ڕواڵەتی سەیردەکرا. تەواوی هاوڵاتیانی کۆمەڵێك، کە لە بارەی رەسمی و یاساییدا یەکسانن، بەلأم لەڕاستیدا مافە مەدەنی و سیاسیەکانیان کەلێنی زۆری نێوان هەژاران و دەوڵەمەندان، دەبێتە کێشەیەکی گرنگی جیاوازی و هەربۆیەش ئەو هاووڵاتی بوونە ماناو ناوەڕۆکی دڵخوازی نابێ. هەموو هاووڵاتیان لە یاسادا لەگەڵ یەك یەکسانن، بەلأم (ئەناتۆل فرانس) لە وتە گاڵتەجارەکەیدا دەڵێ: هەمووان، چ پادشا و چ گەدا، چ ڕابەر و چ شوێن کەوتوو، لێیان قەدەغەکراوە لە شەقامەکاندا سواڵ بکەن، نان بدزن و لەژێر پردەکاندا بخەون.

مارشاڵ بڕوای وابوو، کە ئەم سەردەمەی ئێستا دەبێتە قۆناغی سێهەم و دوا قۆناغی دیموکراسی، واتە سەردەمی داهێنانی مافە کۆمەڵایەتی و مادیەکان و بەدەست هێنانیان لە دەوڵەتی ڕەفای تازەدا، ئەگەر چی مافە سیاسییەکان، بوونە هۆکار و زەمینەی

سەروەری و سەربەخۆیی تاك و دەستی دەوڵەتیان لەسەر سنووردار کرا، بەلآم مافی کۆمەلآیەتی دەتوانێ ئازادی بکاتە پرسێکی کاراو کاریگەر لە ژیانی باش و بەهرەمەند بۆ هەمووان. مافە کۆمەلآیەتییەکان دەیەوێ و دەتوانێ گرنگی بدات بە ئاستی سەرەتایی ژیان بۆ هەمووان، کە بێگومان مافی بونیادییە کە نابێت هیچ کەسی لێ بێبەش بکرێت،لەبەر ئەوەی ئەو کەسانە هەژار و نەگبەتن، مافە کۆمەلآیەتییەکان بریتییە لە توانای بەشداری تەواو لە ژیانی مەدەنیدا: بەشێوەیەکی ڕۆشنتر دەبێت بلێین کە ئەم مافانە دابینکردنی (ئازادییە) بۆ ژیان، نەك تەنها (ئازادی) لە ژیان.

هەڵبەتە هەندێك لایەن و بەهرەمەندی کۆمەلآیەتی لە کۆمەڵگاکانی پێشووشدا هەبوون، وەکو دامودەزگای خێرخواز، سندوقی هاوکاری و یارمەتی، کۆمەك کردن بەو کەسانەی گرفتاریی دەستی سروشت یان نەداری بوون. بەلآم ئەم شێوازانە لە هاوکاری و کۆمەك، دەبوونە بێ ڕێزی و کەمایەسی بۆ ئەو کەسانەی کە وەریاندەگرن، و ئەو کەسانە بە لاواز و بێ توانا سەیر دەکران کە ناتوانن ژیان و پاراستنی خۆیان دابین بکەن و سەرەنجام بە ئەندامی تەواوی کۆمەڵگا ئەژمار نەدەکران. بەلآم پرانسیپی مافە کۆمەلآیەتییەکان، بەپێچەوانەوە دەبێت بەشێك بێت لە مافی هاوولآتی بوونی ڕەسمی. ئەم پرسە دادپەروەریە نابێت بە هیچ جۆرێك لە کەسایەتی و ڕێزی ئەو کەسانە کەمبکاتەوە، کەلێی بەهرەمەند دەبن.

مافە کۆمەلآیەتییەکان چەمکەکانی هاوولآتی، ئازادی، و ماف و دیموکراسیش فراوانتر و گەشە کردووتر دەکات. هاوولآتیانی ڕژێمی دیموکراتی چیدی تەنها لە ڕووکەشدا یەکسان نین، بەڵکو مافی ئەوەشیان هەیە کە خۆشگوزەرانی ژیانی خۆشیان لە ئاستی گونجاودا داوا بکەن. بەبڕوای مارشاڵ، دەوڵەتی رەفا لوتکەی مێژووی درێژماوەی دیموکراسییە، کە هێنانە دی ئەو لوتکەیە دەبێتە (دیموکراسی کۆمەلآیەتی).

ئەوەی کەوا دەکات مافی کۆمەلآیەتی هاوولآتیان شایانی کەمکردنەوە یان زەوتکردن نەبێت، پشتیوانی لە ڕاست بوونی ئاماژەکەی مارشاڵ دەکات. لە زۆرێك ولآتان، گەشە و زیادبوونی بەردەوامی بودجەکانی دەوڵەتی رەفا بووەتە سەرچاوەی نەیاری و ناڕەزایی





و ملنەدانی هەندێك خەڵك سەبارەت بە باجەکان و دەیانەوێت باج کەم بکرێتەوە و ئەم داخوازیانەش زەمینەکانی بودجەی رەفاش بگرێتەوە. ئەوەی جێگای سەرسورمان بێت، ئامانجی سەرەکی ئەم ناڕەزاییو نەیارییە بە بڕینی بیمە و بەهرەمەندی هەژاران و بێ سامانەکانە، لە کاتێکدا کە ناوێرن بیمە و سوودەکانی چینی ناوەڕاست کەمبکەنەوە یان بیبڕن. لەم زەمینەیەدا، تەنانەت سیاسەتمەدارانی وەکو رۆناڵد ریگان و مارگرێت تاتچەر دەیانویست فەرشی دەوڵەتی رەفا بپێچنەوە، و بۆ ئەم مەبەستە توانیان گەشەی بودجە کۆمەلآیەتییەکان هێواش بکەن، بەلآم سەرئەنجام نەیانتوانی کەمیان بکەنەوە.

## ناکۆکی نێوان دەوڵەتی رەفا و دیموکراسی

ئەگەر چی پەیوەندی نێوان دیموکراسی و دەوڵەتی رەفا لە کۆمەڵگا تازەکاندا، بەکارێکی بەڵگە نەویست دەزانرێ، بەلآم لەگەڵ یەکیش ناکۆکن. دەوڵەتی رەفا بەهرەمەندی مادی فەراهەم دەکات کە لەوانەیە ببێتە هۆی کاریگەری نێگەتیف لەسەر مافی مەدەنی و سیاسی، یان هاوسەنگی دیموکراتی بەلای ژیانی مادیدا قورس بکات، هەر بەو شێوەیەی کە مارشالیش بڕوای وایە. ئەگەری ئەوەش لە ئارادایە کە ئیمتیازی مادی و ژیان جێگای مافە مەدەنی و سیاسیەکان بگرێتەوە و ببێتە هۆکارێك بۆ لاواز کردن یان سنووردار کردنی ماف و ئازادییەکانی دیکە کە توخمی سەرەکی و بونیادین لە دیموکراسیدا. بۆ ئەم مەبەستە باسی ئەڵمانیای کۆتایی سەدەی نۆزدە دەکەین: (ئۆتۆفۆن بسمارك)سیاسەتمەدار و راوێژکاری ئەڵمانی لە دەیەی ١٨٨٠ کە دەوڵەتی رەفای ئەڵمانی بونیاد نا و بەشێك لەسەرەکیترین یاساکانی بیمەی کۆمەلآیەتی پیادە دەکرد. ئامانجی ئەو لەم کارە بەدیهێنانی مافی مەدەنی و سیاسی نەبوو بۆ کرێکاران، بەڵکو دروست بە پێچەوانەوە بوو. ئەو کاتەی کە بسمارك سەفیری پروسیا بوو لە پاریس لە ناپلیۆنی سێیەم (ئیمپراتۆری فەرەنسا) ئەوە فێربوو: وەفاداری هاوولآتیان تەنانەت بۆ رژێمی دیکتاتۆری وەکو ئیمپراتۆریای رۆماش بەدەست دێت، لە ڕێگای دابەشکردنی فراوان و بەردەوامی کۆمەك و یارمەتیە کەمەکانی دەوڵەت بۆ هاوولآتیان.

بسمارك كە گەرایەوە ئاڵمان و پاش ئەوەی بووە ڕاوێژکاری ئاڵمان، هەوڵیدا بەرنامەکەی ناپلیۆنی سێیەم بە دەست بهێنێ. بسمارك بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران دابین کردو دەیویست ئەوە نیشانی کرێکاران بدات کە دەوڵەت نیگەرانە لەبەرامبەر ژیان و گوزەرانی ئەوان. بەڵام مەبەستی ئەو لەوەبوو کە کرێکاران لە ئامێزی سۆسیال دیموکراتی دەربێنێ و بیانکاتە لایەنگری ڕژێمەکەی خۆی کە نادیموکراتی و ناپەرلەمانی بوو. بسمارك ئەم کۆمەکە کەمانەی بۆیە دەدا بە کرێکاران تا بتوانێ ڕێگا لە ئازادی هەڵبژاردنی سیاسی ئەوان بگرێت، نەك بیمەی کۆمەڵایەتی لەپاڵ ئازادی سیاسی دا.

مەبەست و ئامانجەکانی بسمارك لە چینی کرێکاری خاوەن ڕێکخراوی سۆسیال دیموکراتی شاراوە نەبوو، واتە ئومێدی ئەو بۆ ئەوە بوو کە ریفۆرمی کۆمەڵایەتی جێگای ریفۆرمی سیاسی بگرێتەوە. نوێنەرانی چینی کرێکار بە گشتی نەیار نەبوون لەوەی کە دەبێت دەوڵەت بەرپرسیار بێت لە کۆمەك و هاوکاری هاووڵاتیان کە ژیانی سەختی ئابووریان هەبوو، بەڵکو لەگەڵ ڕەوش و شێوەی نادیموکراتیکی بسمارك نەیار بوون، کە بەو هۆیەوە دەیویست مەبەستی تایبەتی حکەمەتەکەی بهێنێتە دی. سۆسیال دیموکراسی ئاڵمان لەو سەردەمەدا وایان پێ باشتر بوو کە ریفۆرمی دەوڵەت دەبێت لە زەمینەی چاکسازی یاسای کاردا بێت، کە لەو کاتەدا لە بەریتانیا جێبەجێ دەکرا: واتە یاسای تایبەتی بە کات و هەلومەرجی کاری کرێکاران لەبەرامبەر ڕەوش و نەخشی خاوەن کارەکان کە دەیان ویست زۆرترین قازانج بۆ خۆیان و کەمترین کرێ بۆ کرێکاران دیاری بکرێت لەگەڵ نزمترین ئاستی بەرپرسیاری لەبەرامبەر پێشهاتەکانی کار و ژیانی ئایندەی کرێکاران. بسمارك بە پێچەوانەی ئەوانەوە زیاتر چارەی نەخۆشی دەکرد، نەك ڕێگری لەدەردەکانی چینی کرێکار. ئەم هەلومەرجە پێشهاتەکانی کاری زۆر ترسناکی بەشێوەیەك بەرزدەکردەوە، کرێکاران دەبوایە لە چاودێری و کۆمەکی بیمەی پزیشکی زیاتر سوودمەند بن، تابەو هۆیەوە هەقی کەمی کرێکارانیان بۆ بکرێتەوە، و لە ئەنجامدا ئەگەر کرێکارێك تا تەمەنی خانەنشینی نەمردایە دەبوایە هەقی بڕیاردراوی خۆی وەربگرێت.





لێکۆڵینەوە و دیاریکردنی ئەوەی کە سیاسەتی کۆمەڵایەتی دەتوانێ هۆکارێك بێت بۆ سنووردارکردنی گەشەی دیموکراسی سیاسی، بووە هۆی پەیدابوونی ئەو بڕوا گشتییەی ناو پارت و بزووتنەوەکانی چەپ، کە تەنانەت دەوڵەتی ڕەفا لە باشترین حاڵەتی خۆیدا تەنها چارەیەکی کاتی و سنووردارە، واتە سیاسەتی ریفۆرمیستانەیە کە کێشەی ئەو کەسانەی خاوەنی هیچ سامانێك یان سەرچاوەیەکی ژیان نین بەشێوەیەکی بونیادی چارەسەر ناکات، لەخراپترین حاڵەتیشدا، وا دەرئەکەوێ کە هەوڵی زیرەکانەی چینی باڵادەست بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆی، واتە باجی ڕێگایە دەیدا بەکرێکاران بەو ئومێدەی نەیاران بێدەنگ بکەن و ڕێگر بێت لەسەر هەڵدانی ئەو ئاستەنگانەی کە بەردەوام لەبەرامبەر هەلومەرجی ڕژێمی سەرمایەداریدا پەیدا دەبن.

سەرئەنجام دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە دەوڵەتانی ڕەفا شێوە و جۆری جیاوازیان هەیە لە زەمینەی پەیوەندی لەگەڵ دیموکراسیدا: دەوڵەتەکانی ئەسکەندەنافی ، بڕوای ئومێدی هەژارانە بۆ بەهرەمەند بوون لە ژیانی باشتر و ئارامی و دڵنیایی زیاتر. ڕژێمەکانی ئاڵمان و فەرەنسا زیاتر نیگەرانی ئەوەن کە هەلومەرجی سیاسی خۆیان بپارێزن، نەك ریفۆرمی ژیانی خەڵك. و هەندێکی دیکەشیان، وەکو ئەمریکا بەهۆی هەوڵی سنوورداری دەوڵەت لە دابینکردنی بیمەکان، دەیانەوێت وا پیشانبدەن کە لایەنگری بەهێزی ئازادیخوازی یان لیبرالیزمن لەبەرامبەر کارنەکردن بە بنەمای نەخشی دەوڵەت لە ژیانی کۆمەڵایەتی تاکەکان.

ناکۆکی نێوان مافە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەك، مافە سیاسی و مەدەنییەکان لەلایەکی دیکە، هەر بەردەوامە, واتا جیاوازی نێوان مافی تاکەکان لە ژیانی بەهرەمەندی مادی و کاریگەری ئەو ژیانە لەسەر پلە و پایەی هاووڵاتیان لە کۆمەڵگەدا. لەم زەمینەدا توخمێکی شاراوە بۆ پەیوەندی ئاڵۆزی نێوان ڕەفا و دیموکراسی لەلایەنەکانی دیکەی ژیاندا، زیاد دەبێت. لەو کۆمەڵگایانەدا کە بنەمای بازار دەسەڵاتیان هەیە لە تەرخانکردنی ژیان و سەرچاوەکانیدا، بەهرەمەندی مادی بۆ ژیانی ئەو تاکانەی کە بێبەشن لە ژیانی شایستە، دەبێتە هۆی بەدناوی و کەمبوونەوەی ڕێزی ئەوان و لە کەسایەتیان کەم دەبێتەوە. چونکە ئەو یارمەتیانەی کە زیاتر بەشێوەی بیمە دەدرێن

بە خەڵك (وەكو خواردن یان كۆمەكی بودجەی خانوو) نەك بەشێوەی پارە، نیشانەی بێ بڕوایی بە كەسی وەرگر نیشان دەدات، لەبەر ئەوەی ترسی ئەوە هەیە كە ئەگەر خەڵك بیمەكان لە شێوەی پارەدا وەرگرن، لەوانەیە لە كڕینی كاڵاو شتی وادا سەرفی بكەن، كە كەمتر پێویستیان پێیەتی.

### دژایەتی ئابووری

پرسێكی گشتی دەربارەی دیموكراسیەكانی رۆژئاوا، لەئارادایە. مافی سیاسی و مەدەنی مەرجدار نین. هاووڵاتیان بە گشتی، هەندێ حاڵەتی كەم نەبێت، هەموویان خاوەنی مافی سەربەخۆیی و كەسایەتی یان مافی دەنگدانی گشتین، بەبێ ئەوەی كە سامان، هۆش و ئەخلاقی ئەو كەسە لەم زەمینەیەدا كاریگەری هەبێت. بەڵام مافە كۆمەڵایەتییەكان (سەرەڕای بانگەوازی مارشاڵ) هێشتا لە تەواوی جیهاندا وەكو یەك جێبەجێ نەكراوە. ئەگەر چی هەندێك ماف و بیمەی گشتی، وەكو پەروەردە و فێركردن و خزمەتگوزاری تەندروستی كە دەبێت دابین بكرێت (نمونەی بەریتانیا)، بەلا م هێشتا بڕواو هەستێكی وەها لە ئارادایە كە دەبێت بنەماكانی بازار نەخشی سەرەكیان هەبێت لە تەرخان كردنی سەرچاوەكانی ژیان، لە كاتێكدا كە ئەم سەرچاوەو بەهرانە كە بە زەحمەت بەدەست دێن، بۆ مەسەلەی خێر و چاكەكردن هێشتا بەردەوامە.

سەرئەنجام دیموكراسی و دەوڵەتی رەفا لە ئاستێكی گرنگدا لەیەك جیا نابنەوە. گرنگی دان بە مافە سیاسیەكانی تەواوی هاووڵاتیان ناتوانرێت لە هەلومەرجی ژیانی ئابووری ئەوان جیا بكرێتەوە. جیاوازی مەزن و گەورە لە نێوان هەلومەرجی مادی و ژیانی نێوان تاك و هاووڵاتیان، زەمینە و هەلی پایەداری و كاریگەری دیموكراسی كەم دەكەنەوە. بۆ ئەوەی هاووڵاتیان بتوانن خۆیان بە ئەندامی كۆمەڵی سیاسی بزانن، دەبێت بتوانن بەشێك بن لە چالاكی بازاڕی ئابووری ئەو كۆمەڵە. بەڵام دیسان لەگشترین ئاستی پەیوەندی نێوان دیموكراسی و دەوڵەتی رەفادا جیاوازی هەیە. بنەماكانی تەرخانكردنی (سەرچاوەكان) لەسەر بنەمای (ئابووری) بازاڕ، كە هێشتا





لەگەڵ زۆربەی بەهرەمەندی كۆمەڵایەتی پێكەوە بەستراون، وا پێویست دەكات كە ئەم بەهرەمەند بوونانە جیاواز بن لە مافی سیاسی و مەدەنی ڕەسمی و ڕەهای هاووڵاتیان كە دیموكراسییە تازەكان لێی بەهرەمەندن. هەربۆیە وڵاتانی خاوەن دەوڵەتی رەفای بێ دیموكراسی، لەگەڵ وڵاتانی دیموكراسی رەفادا لێك جیاوازن.

سەرچاوە: دایرەالمعارف دیموكراسی, (جلد دوم), ل ٧٧٩_٧٨٣

وەرگێڕی فارسی: حەسەن فشاركی

### ڤیتۆریۆ بۆفاچی

## تیۆرەکانی دادپەروەری

تیۆرەکانی دادپەروەری گرنگی دەدەن بە پرسی فەلسەفی دەربارەی ماهیەتو چیبوونی خودی دادپەروەری. چەمکی عەدالەت، هەوڵدانە بۆ بەدەست هێنانی بەشی هەرەمەزنی بونیادی ئەخلاقی لەتیۆری دیموکراسیدا، وبەتایبەتی لایەنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی (پرسی دابەشکردن) رێگای گونجاو بۆ دابەشکردنی بەرژەوەندیو بەرپرسیاری هاوکاری لەسیستەمی دیموکراتیکدا ڕۆشن دەکاتەوە.

نزیکایەتی نێوان هەردوو پرسی دیموکراسیو دادپەروەری لەپەیوەندی هاوبەشی ئەوان بەرامبەر بەبنەمای (یەکسانی) پەیدادەبێت. لەو سەردەمەوە کە ئەرستۆ لەسەدەی چواری پێش زایین، لەکتێبی (سیاسەت) دەربارەی عەدالەت نووسیویەتی، ئیدی بەگشتی ئەوە پەسەندکراوە کە هەوڵدان بۆ رۆشنکردنەوەی تیۆری دادپەروەری بەشێکە لەپێناسەو شیکردنەوەی ڕێگاو چەمکی یەکسانی. هەرلەم ڕوانگەیەشەوە، بڕواهێنانو سەلماندنی یەکسانی دەبێتە مەرجی بنەڕەتی بۆ دیموکراسی. ئەمەش هەمان دیدگای تیۆرمەندی سیاسی فەرەنسی (ئەلکسی دوتوکفۆیل) لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم کتێبی (دیموکراسی لەئەمریکا)، کە دەڵێ شەوقو تاوی خەڵك لەسەردەمی دیموکراسیدا، عەشقە بۆ یەکسانی.

چەمکی دادپەروەری لەسەردەمی سوکراتی (کتێبی کۆمار)ی ئەفلاتون لەسەدەمی چواری پێش زایین تا (جان رالز) فەیلەسوفی ئەمریکی هاوچەرخ، بەهرەمەندە لەگرنگیدانی تایبەتی بەفەلسەفەی ئەخلاقو فەلسەفەی سیاسی. سوکرات دەڵێ: دادپەروەری بۆ هەموو چەمکەکانی ژیانی باش نەخشو دەوری دیاریکەری هەیەو ژیان بەپێی عەدالەت دەبێتە ژیانێکی باش. بەڵام رالز باس لەوە دەکات کە عەدالەت یەکەمین فەزیلەتی (چاکەی) نیهادو دامودەزگاکانی کۆمەڵایەتییە.





### پێناسەی داد پەروەری

بەشێکی زۆر لەفەیلەسوفان، ولەناویاندا ئەرستۆ، دادپەروەری بەگرنگترین بەشی ئەخلاق دەزانن، و لەهەمان کاتدا ئەوان دڵنیامان دەکەنەوە کە مەیدانی ئەخلاق فراوانترە لەمەیدانی دادپەروەری. ئەفلاتونو ئەرستۆ هەردووکیان عەدالەت بەچاکە (فەزیلەت)ێکی تایبەتی دەناسێنن کە دەبێت لەچاکەی گشتی جیابکرێتەوە، ئەمەش ئەو جیاکاریەیە کە ئەمڕۆ لەفیکرو فەلسەفەدا دەبینرێت. بۆ نموونە، ئەگەر بڵێین هەندێك کار وەکو کوشتن نادروستو خراپە، هەرچەندە ناڵێین کوشتن بێ ویژدانیـیە یان نا دادپەروەرییە، بەڵکو دەڵێین کوشتن خراپەیەکی ڕەهایە. سیستەمی ئەخلاقی دەبێت چوارچێوەیەکی دیاریکراوی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ڕەوشانەدا هەبێت کە لەناویاندا تووشی بەرژەوەندی ناکۆك یان دژ دەبین، بەڵام چارمان نیـیەو دەبێت وەڵامی تایبەتیمان بۆ هەر پرسیارێك هەبێت کە کەسەکان دەبێ چی بکەن. مەبەست لەو وەڵامانەیە کە دەکەونە ناو مەیدانو پرسی عەدالەتەوە. چەمکی دادپەروەری هەتا وردترو ڕۆشنتر پێناسە بکرێت، سوودمەنتر دەبێت.

دوو جیاوازی بونیادی کە پەیوەندارە بەعەدالەتەوە، سنووردارییو فراوانی ماناکەی دیاری دەکەن. یەکەمین جیاوازی بریتییە لەو جیاوازیەی کە ئەرستۆ لەدەفتەری پێنجەمی ئەخلاقی (چاکەدا) لەنێوان دادپەروەری دابەشکردنو دادپەروەری قەرەبووکردنەوەدا باسی دەکات. دادپەروەری دابەشکردنی مەبەست لەدابەشکردنی دارایییە لەنێوان ئەندامانی یەك کۆمەڵدا. ئەرستۆ بڕوای بە بنەمای بڕیاردانی ئەو بیروباوەڕە هەیە کە دەبێت لەگەڵ بوونەوەری هاوشێوەدا وەکو یەك رەفتاربکرێت، ودەڵێ دابەشکردنی داراییو کاڵاکان یان دەبێت بەپێی شایستەیی بێت یان بەپێی هەق، ئەو کەسانەی کە شایستەی بەشی یەکسانن دەبێت بەشی یەکسانیان بەربکەوێو بەپێچەوانەشەوە، کەسانێك کەشایەنی بەشی نایەکسانن دەبێت بەشی نایەکسان، بەپێی شایستەیی هەقی نایەکسان وەربگرن. عەدالەتی قەرەبووکردنەوە پەیوەندی بەو

بابەتانەوە هەیە کە لەئەنجامی مامەڵەی نێوان خەڵك پەیدادەبێ, وەکو دانوستاندن لەبازار یان لەشێوەکانی ئاڵوگۆڕی دوولایەنەو هەموو پەیوەندیو دەرگیریەکانی مەدەنیو جەزایی (سزایی). دادپەروەری قەرەبووکردنەوە گرنگی دەدات بەیەکسان کردنی ئامانجی کاری بەویژدانو کاری بێ ویژدان. مافناسی (وڕاستی ناسین)و چاکە لەبەرامبەر چاکەدا بەلایەنە گرنگەکانی دادپەروەری قەرەبووکردنەوە دەژمێرێ.

دووەمین جیاکردنەوە پەیوەندی هەیە بەو بابەتانەی (زەمینانەی) کە دادپەروەری تیا دەرکەوێ. دادپەروەری یان لەنێوان تاکەکاندایە, یان دەربارەی دامودەزگا گشتیو کۆمەڵایەتییەکانە, دادپەروەری بەشێکە لە فەزیلەتو چاکەی تاكو کاریگەریو دڵنیایی لەسەر کارو رەفتاری کەسەکان دادەنێ. لەئاستی گشتیو دامەزراوەکانیشدا, دادپەروەری لەپێکهاتەی سەرەکی کۆمەڵگادا دەخرێتەڕوو, واتە لەنیهادو زەمینەکانی کۆمەڵایەتی, ئابووریو سیاسی.

مەسەلەی دابەشکردنی سامانو بەرژەوەندیو هەلەکان, زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی گرنگە سەبارەت بەدادپەروەری کە لەباسو تیۆرەکانی ئەم سەردەمەدا بەزۆری ئامادەیی هەیە. بەپێی ئەم ئاڕاستەیە (پرسی دابەشکردن) لەئامانجی هەر تیۆریەك دەربارەی عەدالەت دەبێت بڕیاردانی بنەماو یاسای وا لەخۆی بگرێت کە هەرکەسێك بەهۆیانەوە بتوانێ بەهرەمەندی بەدەست بهێنی. لەبەرئەوەی کە ئەم ئاڕاستەیە پەیوەندی بەشایستەیی دەروونی کەسەکانەوە هەیە, بۆیە پرسی دشوار دەبێتە نادیار بوونی ئەو شتەی کە لەمامەڵەی کەسێکدا دەرئەکەوێ. بۆ زاڵ بوون بەسەر ئەم دژوارییەدا, فەیلەسوفان دەربارەی پێویست بوونی هێنانەدی پرسی فەلسەفی (واتە چی بوونی ناوەڕۆکی عەدالەت) بەرێکەوتن گەیشتوون.

لەدیدگای مێژوویی دا, بۆ وەرگرتنی وەڵامی ئەو پرسیارە دەبێت سوود لەدوو ئاراستەی جیاواز وەربگرین. یەکێك لەوان هەوڵدانە بۆ پەیداکردنی وەڵامی مەبەست لەزەمینەی یاسا سروشتییەکاندا. و ئاراستەی دووەم لە (هەلومەرجی دادپەروەری)دا پەیدا دەبێت, کە داڤید هیوّم گرنگی پێداوە. باسو تیۆرەکانی هاوچەرخ بۆ





دادپەروەری لەم دوو ئاڕاستەیەدا (واتە مافی سروشتی,  هەلومەرجی دادپەروەری) پێشڕەوییان کردووە.

## یاسای سروشتی

یاسای سروشتی لە گشتیترین شێوە و دەربریندا بڕوای بەوەیە کە دواهەمین پێوەر بۆ دروستی و ناڕاستی کارێك یان شتێك دەبێت جووت (هاوتا) بێت لەگەڵ سروشتا. بەلاّم سادەیی و ڕواڵەتی ئاسانی ئەم ئامۆژگارییە تا ڕادەیەك گومڕاکەرە، و لە ماوەی سەدەکانی پێشوو زۆر شیکردنەوەی جیاواز پەیدابوون کە بە شێوەی گشتی هۆکاری ئەو ناڕۆشنییە بریتییە لە خودی مانای سروشت. بەپێی مامەڵەی سەدەکانی ناوەڕاست، یاسای سروشتی لە سیستەمی پلەبەندی ئامانجە سروشتییەکانی خودی مرۆڤ پەیدا دەبێت، تۆماس ئەکیۆناس (١٢٢٥-١٢٧٤) لە کتێبی (جامع الاهیات) لەو بنەمایە وەڵام وەردەگرێت کە سروشتی مرۆڤ لە خۆیدا عەقلاّنییە و بۆیە یاسای سروشتی دەبێتە بونیادی ئەخلاق و پێوەری باڵا بۆ دادوەری کردن دەربارەی دەزگا و دەمەزراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان. بەلاّم، خاڵی دەستپێکی چەمکی نوێ بۆ یاسای سروشتی، لە تیۆری تۆماس هۆبز وجۆن لۆك پەیدا دەبێ، کە ئەوان دوو فەیلەسوفی سەدەی هەژدەن و باس لەوە دەکەن کە مافی سروشتی پارێزەری مرۆڤەکانە.

لە تیۆرە هاوچەرخەکان دەربارەی عەدالەتی کۆمەڵایەتی، پەیوەندی نێوان دادپەروەری و یاسای سروشتی لەلای جان فینیس و رۆبەرت نازیك دێنەمەیدانەوە. فینیس لە کتێبی (یاسای سروشتی و مافی سروشتی) ١٩٨٠ داکۆکی لەو دیدگا تۆمیستیـیە نەریتیـیە دەکات، کە دەبێت دادپەروەری و بنەمای پشتیوانی و هاندانی خێری گشتی وەکو یەك سەیربکرێن، واتە دەگەڕێتەوە بۆ هەڵوێستی پێش مۆدێرن لە یاسای سروشتی. نازیك چەکی نوێی یاسای سروشتی و ئەندێشەی مافە سروشتییەکانی خستەڕوو کە دەبێت هاوتابن لەگەڵ یەك. زەمینەی دەستپێکردنی ئەو لە کتێبی (ئانارشی، دەوڵەت، و یۆتۆپیا) ١٩٧٤ کە کتێبێکی پڕ بایەخ بوو. نازیك پەیڕەوی لە

جۆن لۆك، بڕوای وایە کە دەبێت هەموو مرۆڤەکان بەهرەمەندبن لە کۆمەڵێك مافی سروشتی (مافی ژیان، ئازادی، خاوەنداریێتی)، سەرەڕای ئەمەش بڕوای وایە کە هەموو تیۆرەکانی دادپەروەری خاوەنی بەرنامە و دیدگای تایبەتین (دەربارەی دابەشکردن) کە ئەو دەهێنێتەوە کە دابەشکردنی دادپەروەرانە هەرهەمان ئەو دابەشکردنەیە کە لە ئاڵوگۆڕی ئازاد و هەڵبژێراوی خەڵکا پەیدا دەبێت.

لەناو تیۆری پەیوەندیدار بە دیموکراسی، پێشمەرجی سەرەکی بەڵگەی نازیك ئەوەیە کە هەر شێوەیەك لە ڕێکخستنی سیاسی بۆ ڕەوایی دان بەخۆی، دەبێت شایانی ئەوە بێت کە بگۆڕێ بەکاری ئیرادە و ویستی هەرتاکێك. لە ئەنجامدا، تەنها دەوڵەت دەتوانێ کە لانی کەم شتەکان ئاڕاستەبکات. دەوڵەت بۆ ئەم کارە سوود لەسەرچاوەی دارایی خۆی وەردەگرێ لە ڕێگای باجەکان بۆ جێبەجێکردنی (ڕێکەوتنی ئازاد)و سیستەمی (پشتیوانی). هەردەوڵەتێك، دابەشکردنەوەی سەرلەنوێی سەرچاوەی دارایی، بەهەربەهانە و ئەندازەیەك بە ئەرکی خۆی بزانێ، ئەوا ئەو دەوڵەتە مافی کەسانێك پێشێل دەکات کە سەرچاوەی دارایی یان لێدەوەردەگرێ (لەڕێگای باج) و لەم زەمینەیەدا ئەم کارەی دەوڵەت دەبێتە کارێکی نا ئەخلاقی.

تیۆری نازیك، هەرچەندە لە کۆڕ و کۆمەڵی لیبرالیزمی ئیختیار گەرادا برەوی هەیە، بەلاَم ڕووبەڕووی دوو ڕەخنە دەبێت. یەکەم ڕەخنە ئەوەیە کە نازیك، بەپێچەوانەی جۆن لۆك کە تیۆری خۆی دەربارەی مافەکان لەسەر بوونی خودا داناوە، بوونی ئەو مافە سەرەتاییانە واتەماشا دەکات کە شایانی کاریگەری نین. دووەم ڕەخنەش ئەوەیە، کە نازیك ناتوانێ لەوە تێبگات کە ئەگەر هەندێك کەس ئاسایشی ژیانی مادییان بکەوێتە مەترسییەوە، لەوانەیە ببنە هەڕەشە بۆ سەر دیموکراسی. نازیك ناتوانێ ئەوە بزانێ کە کاریگەری دابەشکردنی سەرچاوەکانی دارایی لەسەر بنەمای دانوستانی بە تەواوی ئازادە (ئیختیارییە) بەسەر کەسی سێهەمدا. بۆ نمونە نەوەکانی ئایندە ئەوەیان دەوێ کە ڕادەی بەشی خۆیان لەسەرچاوەی ماڵی ئەو میراتییەی لەنەوەی پێشوو بۆیان ماوەتەوە، کاریگەر بێت لە چۆنیەتی دابەشکردنی ئەم میراتییەدا.





### هەلومەرجەکانی دادپەروەری

بەدیلەکانی ئاڕاستەی مافە سروشتییەکان لەزەمینەی (هەلومەرجەکانی دادپەروەری)دا دەرئەکەوێت، واتە ئەو هەلومەرجانەی کە پێویستن بۆ مانادار بوونی ئەو پرسانەی کە دەبێت دادپەروەرییان تێدا هەبێت. داڤیدهیۆم (١٧١١ـ ١٧٧٦) فەیلەسوفی سکۆتلاندی ئەم بنەمایەی دارشتووە: کەمبوونی سەرچاوەکانی دارایی یان خێرخوازی کەمو سنووردار, دوو مەرجی سەرەکین بۆ بوونی دادپەروەری. ئەگەر سەرچاوەکانی دارایی سنووردار نەبوونایە، یان ئەگەر خەڵك بۆ خۆیان بەخشندە بوونایە، پرس و بیروڕای دادپەروەری پێویست نەدەبوو کە ببن!

(جان رالز) لەکتێبی (تیۆرێك دەربارەی دادپەروەری) (١٩٧١) بەخستنەڕووی دوو بنەمای دادپەروەری کە بەبڕوای ئەو دیموکراسی یاسایی دەبێت بیانپارێزێ, پاڵپشتی لەهەڵوێستی هیوّم دەکات. ئەم دوو بنەمایە زەمینەی مەزنی تیۆری دیموکراسی بەدەست دەهێنن. بنەماکانی عەدالەت کە رالز داکۆکیان لێدەکات لە هەلومەرجی ڕێکەوتندا پەیدادەبن کەئەو ناوی دەنێ (ڕەوشی سەرەتایی). لەم ڕەوشەدا داوا لەخەڵك دەکرێ کە بنەماکانی عەدالەت بەپێی باشترین بەرژەوەندی خۆیان هەڵبژێرن، بەلاَم لەپشتی (پەردەی نەزانین)ەوە دەبێت، کە هەرجۆرێك ناسینی تایبەتمەندی تاکێتی ئەوان (تایبەتمەندی سروشتی و کۆمەلاَیەتی)، پەنهان دەکات. ڕالز بڕوای وایە کە ئەم رەوشە دانراوە، هەلومەرجی ئەخلاقی و بەویژدان و بێلایەن دووبارە بەدەست دەهێنێتەوە، چونکە لەپشتی پەردەی نەزانینەوە دەستمان ناگات بەبەرژەوندی تایبەتی یان کۆمەلاَیەتی خۆمان. هەروەها، توانای ئەوەش دەدات بە ئێمە کە ناوەرۆکی دیدگا ئەخلاقیەکانی خۆشمان بەشێوەی ڕۆشنتر بناسین، کە لەو دیدگایەدا دەبێت مرۆڤەکان بە ئازادی و یەکسانی بژین.

یەکەمین بنەمای رالز پەیوەندی بە بەرژەوەندی سیاسییەوە هیە، بەتایبەتی دابەشکردنی ئازادی و مافە سەرەتاییەکان. بەپێی ئەم بنەمایە، هەرکەسێك دەبێت خاوەنی مافی یەکسانی بێت لە زەمینەی بەهرەمەند بوون لە فراوانترین سیستەمی

ئازادییە سەرەکییەکان، کە بتوانێ ئازادی یەکسان بۆ هەمووان فەراهەم بکات. دووەمین بنەمای رالز پەیوەندی بەبەرژەوەندی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەیە، بەتایبەتی دابەشکردنی دەرامەت، دارایی و هەلەکانی ژیان. بەپێی ئەم بنەمایە، نایەکسانی کۆمەڵایەتی و ئابووری دەبێت بەشێوەیەك چارەسەر بکرێت کە هەم زۆرترین سوودی بۆ ئەو کەسانەش تیا بێت کە کەمترین هەلی خۆشگوزەرانی و ژیانیان هەیە (واتە پەیرەوکردنی بنەمای نایەکسانی) و هەم دەبێت وابەستە بێت بەکار و ئەو پلە و پایانەی کە لە زەمینەی یەکسانی هەلەکاندا هەموو تاکەکان دەتوانن دەستیان پێ بگات.

ئەم دوو بنەمایەی عەدالەت رەنگدانەوەی دوو ڕێگان کە تیایاندا چەمکی دادپەروەری رەهەندی ڕەوایی دەدات بە ئەندێشەی دیموکراسی سەرەتا، عەدالەت وەکو پاراستنی مافی یەکسان یان ئازادییە سەرەکییەکان تەماشا دەکرێت، کە ئەمانەش تایبەتمەندی سەرەکین بۆ دیموکراسی. لەراستیدا، نیاز و پێویستی دیموکراسی ئەوەیە کە زۆرایەتی دەسەڵات لە ڕێگای هەڵبژاردن نەتوانن خاوەنی هێزی وەهابن، کە کەمایەتی بێبەش بکەن لە مافی سیاسی خۆیان. بۆیە بەڕێکەوت نییە کە پێرستی ئازادییە سەرەکییەکان لە دیدی جان رالزدا جووت دەبێت لەگەڵ دابینکردنی یاسایی لە دیموکراسی لیبرالدا: ئازادی بیرکردنەوە، بەیان، چاپەمەنی، کۆبوونەوە، ئایین، مافی خاوەندارێتی تایبەتی، ئازادی دەنگدان و نارەزایی، پاراستنی خەڵك لەسەرەڕۆیی و ئازاردان یان بانگکردن و لێپرسینەوەی نایاسایی، ئەمانەش ئەو ماف و ئازادییانەن کە حکومەتی یاسا دیارییان دەکات.

جۆرێکی دیکەی پەیوەندی دادپەروەری لەگەڵ بنەمای رەوایی دیموکراسیدا، پەیوەندارە بە ئامانجی دیموکراتیکی بۆ سەربەخۆیی تاك و هەلومەرجی گشتی و بڕیاری گونجاو. لێرەدا دڵنیایی لەوەدا دەبێت کە لە سیستەمی دیموکراتیدا هەموو تاکەکان ئازاد و یەکسان بن لە دیاریکردنی هەلومەرجی یەکێتی و هاوکاری لەگەڵ ئەوانی دیکەدا. گەشەی ئازاد و یەکسان بوونی تاکەکان دیاریکەری ڕادەی سەربەخۆیی ئەوانیشە. دابەشکردنی سەرچاوەکانی دارایی نەخشی گرنگ و ژیانی هەیە لە بریاردانی پلە و پایەی سەربەخۆی تاکدا.





ئەمەش هەمان ئەو بڕوایەیە کە (جوشوا کۆهین) و (جۆیل رۆجرز) لە کتێبی (دەربارەی دیموکراسی) ١٩٨٣ دەڵێن: ئەو بڕوایەی کە دەبێت تاکەکان ئازاد و یەکسان بن کاریگەری زۆری لە بڕیاردانی دابەشکردنی بەویژدانی سەرچاوەکانی دارایی دەبێت لە نێوان تاکەکان. ئەگەر نەبوونی بێبەشی (مەحروم بوون) پێشمەرجی گشتی بێت بۆ ئاڕاستەی ئازاد و بێ قەید و مەرجی بەهرەمەند بوون لە توانای پێویست بۆ کاری سیاسی، ئەوا لەم کاتەدا ئاستێکی سەرەکی رەفای مادی بۆ هەمووان وەکو یەکێك لە هەلومەرجی دیموکراسی تەواو پەیدا دەبێ.

## نەوەیەکی نوێی بیرمەندان و لێکۆڵیاران

تیۆرەکانی عەدالەت لەلای رالز و نازیك دەبێتە سەرچاوەی ئیلهامی نەوەیەکی نوێ لە خاوەن دیدگاکان. دافید گۆتیە، یەکێك لە پەیرەوانی پەیگیری فەلسەی اختیارگەرایی نازیك، لە کتێبی (ئەخلاق بەپێی رێکەوتن) ١٩٨٦ پشتیوانی دەکات لە شێوەیەك لە دادپەروەری دابەشکردن کە لەئەنجامی رێکەوتنی ئازادەوە پەیدا دەبێت. گۆتیە بڕوای وایە کە هەر کەسێك سوودمەندبێ لەبەهرەکانی کاری هاوبەش، دەبێت لە بەرپرسیاری کۆمەك و هاوکاری کردنی ئەو کارە هاوبەشە بەشدار بێت. ئەندازەی بەرژەوەندی وەرگرتن دەبێت رەنگدانەوەی کۆمەك و بەشداری بێت، هەتا ئەو رادەیەی کە بەشداری نەکردن دەبێتە هۆکاری نەبوونی سوودمەندی. بەبڕوای گۆتیە پرسەکانی عەدالەتی کۆمەڵایەتی دەبێت لەسەر سوودی بەرامبەرەکان ڕاوەستاو بێت، و پەیوەندار بێت بە رادەی کۆمەك و بەشداری کە دەکەوێتە ئەستۆی تاك و دەبێت دابەشکردنی بەرژەوەندییەکان کە لەو بەشدارییە بەرهەم هاتوون، ئاشکرا بکرێن.

تیۆری گۆتیە، ئەگەر چی لە چوارچێوەی رێکەوتنی کۆمەڵایەتیدا دەخرێنە ڕوو، بەلاّم زۆر جیاوازە لەگەڵ دیدگای رێکەوتن لەلای رالز. بڕوای گۆتیە دەڵێ بەهانەی عەدالەت بریتییە لە هێنانەدی بەرژەوەندییەکانی تاك، لە کاتێکدا لەلای رالز هەڵوێستی بێلایەنی (نێوان تاك و کۆ) بەیانکراوە. لەوەش زیاتر، لە تیۆری گۆتیەدا

رێکەوتن رەنگدانەوەی هێزی گفتوگۆ و بڕوا هێنانی جۆراوجۆری خەڵکەکانە، لە تیۆری رالز هەموو بەرژەوەندیەکان کە لە دانوستان و مامەڵەدا پەیدا دەبن، لەنێودەچن.

ئەم دوولایەنەی تیۆری عەدالەت لەلای گۆتیە- واتە چەمکی بەهانەی بەرژەوەندی تاك و بڕواهێنان و بڕیاردان لە ئەنجامی مامەڵە و دانوستان- رەخنەی زۆری لێگیراوە. بۆ نمونە، (برایان باری) لە کتێبی (تیۆرەکانی عەدالەت) ١٩٨٩ دەڵێت: ئەو تیۆرانەی کە عەدالەت لەسەر بنەمای سوودی بەرامبەر دیاری دەکەن، ناتوانن پایەی ناوازە و دەگمەنی سستەمی ئەخلاقی بن، چونکە (بە سوود وەرگتن لە زاراوەکانی گۆتیە) هەموو ڕەخنەکاران دەسەڵاتی دانوستان و مامەڵەکردن لەدەرەوەی سنورەکانی ئەخلاق دادەنێن، لەبەرئەوەی سەردەم و کاتی بەشدابوونی تاکەکان لە مافی یەکساندا ئاشکرانییە، و سەرئەنجام ئەوەش دیارنیە کە چۆن تیۆری گۆتیە دەربارەی عەدالەت دەبێتە رەنگدانەوەی رۆحی دیموکراسی.

فەلسەفەی اختیارگەرایی نازیك دەبێتە دەسپێکردنی تیۆرەی هیلل ستاینەریش دەبارەی عەدالەت، هەرچەندە ئەو ئەنجامانەی کەستاینەر بەدەستیان دەهێنێ لەگەڵ ئەنجامی نازیك یان گۆتیە بەتەواوی جیاوازن. ستانیەر, لەکتێبی (نامەیەك دەربارەی مافەکان) (١٩٩٤), داکۆکی لەتیۆری اختیارگەرایی دەربارەی عەدالەت دەکات کە ئاماژەی تاڕادەیەك بەهێزی تێدا دەبینرێ دەربارەی سەرلەنوێ دابەشکردنەوە.

لەکاتێکدا کە نازیك دەبێتە سەرچاوەی ئیلهامی نەتەوەیەکی تازە لە اختیارگەرایان, رالز دەبێتە ئیلهام بەخشی لێکۆڵینەوەی زیاتر دەبارەی عەدالەت وەکو بنەمایەکی بێ لایەن. لەساڵانی دواییدا, دیدگای ئەخلاقی عەدالەت لەسەر بنەمای بێلایەنی لەزۆر لایەنی جیاوازە بووە مایەی ڕەخنەی فیمینسیتەکانو هەم لایەنگری پرانسیپی کۆمەڵ گەرایی. کارۆل گیلیگان, لەکتێبی (بەزمانی جیاواز) (١٩٨٢), بەخستنەڕووی جیاکاری گرنگ لەنێوان "ئەخلاقی عەدالەت"و "ئەخلاقی پەیڕەوکردن" دەڵێت کە چەمکی بێ لایەنی لەباری رەگەزیەوە, نێرەمووکیە.

لەبەرامبەر ئەمەدا, فەیلەسوفانی کۆمەڵ گەرا تەجریدی میتافیزیکی تیۆرەکانی ئازادی خوازانەی عەدالەت, بەتایبەتی بەهۆی فراوانتر رۆیشتن لەپێکهێنەرەکانی





کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی, دەکەونە بەر ڕەخنە. مایکلو الستەر لەکتێبی (مەیدانەکانی عەدالەت) دەڵێ لەچواچێوەی فەرهەنگی باودا, دەبێت دەربارەی دادپەروەری قسە بکرێت. لەدیدگای والستەر, دیموکراسی نە دەربارەی راستی گشتی نەدەربارەی بڕیاردانی گشتیە, بەڵکو دەربارەی ئەو بڕیارانەیە کە بەرجەستەکەری خواستو ئیرادەی تەواوی هاوڵاتیانی کۆمەڵگایەکن.

سەیرکردنی عەدالەت وەکو پرسێکی بێلایەن, سەرەڕای بوونی ئەو ڕەخنانەش, لەساڵانی دواییدا لایەنگرو پەیڕەوی زۆری پەیداکردووە. برایان لەکتێبی (عەدالەت وەکو بێلایەنی) (١٩٩٥) داکۆکی لەو دیدگایە دەکات. ئەم مامەڵەیەی عەدالەت وەکو بێلایەن بوون هەوڵێکە بۆ داکۆکی لەبەڵگەو دەرکەوتنی یەکسانی خوازانەی بونیادی لەتیۆری عەدالەتی رالزو لەهەمان کاتدا چاکردنەوەی بەشێکە لەلاوازترین لایەنەکانی. بۆ نموونە, لەو ئاراستەیەی کە رالز ناوی دەنێ (ڕەوشی سەرەتایی) واتە ئەلگۆی هەڵبژاردنی عەقلانی لەلومەرجی سەخت نەبووندا ڕەخنەی ئەوە دەبینرێ کە ناتوانێ ئێمە بەرەو ویژدانو بێلایەنی ئەخلاق پابەند بکات. بەپێی بڕوای باری, دەبێت کۆشش بۆ رۆشنکردنەوەو دیاریکردنی بنەمای عەدالەت بەو شێوە بکرێ کە هەرکەسێك بتوانێ بەعەقڵ پەسەندیان بکات.

پێوەری پەسەندکردنی عەقلانی دەتوانێ بەیارمەتی ڕێکەوتنی دیاریکراو ئەوە بسەلمێنێ کە لەچەند لایەنی گرنگەوە لەگەڵ (ڕەوشی سەرەتایی) رالزدا جیاوازی هەیە. نموونە, لەهەوڵ بۆ بەدەستهێنانی ڕێکەوتن, بەهانەی زاڵ دەبێت بڕواهێنان بێت بەو بنەمایانەی عەدالەت کە تاکی دیکەش بەهانەی هاوبەشیان بۆی هەیە,و نەتوانن بەشێوەی عەقلانی ڕەتی بکەنەوە. ئەنجامی ئەمە ئەوە دەبێ کە تیۆری عەدالەت وەکو بێلایەنی بەدەستهێنانی بەرژەوەندی لەئەنجامی دانوستان لەڕووی ئەخلاقییەوە پەسەندنییە, چونکە ئەم بەرژەوەندییانە لەسەر بەهانەی ئەخلاقی ناگونجاو (بەرژەوەندی تایبەتی) دامەزراون. لەوەش زیاتر ئەوەیە, کەسانێك کە بەرژەوەندی مامەڵە لەسەریان کاریگەری نیگەتیفی دەبێ, ئەم بەرژەوەندییانە پەسەندناکەن.

پێوەری پەسەندکردن ئەوکاتە عەقلانی دەبێت کە نەخشی زاڵ لەتیۆری عەدالەتدا وەکو بێلایەنی جێبەجێ بکرێ. لەواقعا, ئەم پێوەرە ڕووناکییە بۆ ئەندێشەی یەکسانی بونیادینو بەدوای ئەویشدا بۆ ئەندێشەی دموکراسی. پەسەندکردنی عەقلانی پێویستی بەبڕیاردانی نەخشی گرنگی یەکسانە بۆ بەرژەوەندی هەموو لایەنەکانی ڕێکەوتنو بەتایبەتی ئەو کەسانەی کەلەچاو ئەوانی تردا لەپشتیوانی ڕەسمی بنەماتایبەتییەکانی کەمتر سوود ئەبینن. بەپێی تیۆری عەدالەت وەکو دیدگای بێ لایەنی, خودی دیموکراسی دەبێتە ئەوەی کە ئایا کۆمەڵێك بڕیارو بنەمای دیاریکەری کۆمەڵگا لەدیدی هەرکەسێکا کاریگەری دەبێ بەو بڕیارو بنەمایانەی کە بەڕێوەی دەبەن.

### یەکسانیو ئازادی

لەگەڵ ئەوەشدا کەتیۆرەکانی دادپەروەری لەزەمینەی هەوڵ دان بۆ سازشی نێوان یەکسانیو ئازادی لەگەڵ یەك جیاوازن, بەڵام خودی ئاراستەی هەموویان بۆ هەمان مەسەلەیە کە پەیوەندی نزیکی نێوان عەدالەتو دیموکراسی بەدی دەهێنێ لەشیکردنەوەی کۆتاییدا, تیۆرەکانی عەدالەتو تیۆرەکانی سەربە دیموکراسی دەتوانین بەدوو ڕووی یەك پارە دابنێین, چونکە هەردووکیان لەو گریمانە ئەخلاقییەوە پەیدا دەبن کە کۆمەڵگاکان دەبێت خەڵك بەئازادیو یەکسانی سەیربکەن.





# سوپاس و پێزانین

* بۆ بەرپرسو جێگرو ئەندامانی مەکتەبی بیروهۆشیاری، کە ئەگەر هاندانو یارمەتی ئەوان نەبووایە ئەم کتێبە نەدەهاتە بەرهەم.

* بۆ کارمەندانی بەشی کۆمپیوتەرو دیزاین، کە ئەگەر هەوڵ و ماندووبوونی ئەوان نەبوایە ئەم بەرهەمە نەدەهاتە قسەو پێی نەدەگرت.

## بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ك)
## ساڵانی ( ٢٠٠٨ ـ ٢٠٠٩)

| ز | ناوی بڵاوکراوە | ناوی نوسەر | ساڵی دەرچوون |
|---|---|---|---|
| .251 | هەرێمی کوردستان و تورکیا | مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٨ |
| .252 | پارتی سۆسیال دیموکراتی سویدی | عوسمان حەمە ڕەشید گورون | ٢٠٠٨ |
| .253 | جلال طالباني رجل القرار | حوار الفضائية العراقية | ٢٠٠٨ |
| .254 | لەکییە هاردییەوە بۆ گۆردن براون | سلێمان عەبدوڵڵا یونس | ٢٠٠٨ |
| .255 | دەسەڵاتی دادوەری | گۆران ئازاد حەمە گەمحان | ٢٠٠٨ |
| .256 | جەنگی دەرونی | ئاراس فەریق زەینەڵ | ٢٠٠٨ |
| .257 | كركوك بموجب أحصاء عام ١٩٥٧ | قسم البحوث واستطلاعات الراي | ٢٠٠٨ |
| .258 | مام جەلال جێگری سەرۆکی سۆسیالست ئەنتەرناسیۆنال (ی. ن. ك) ئەندامی هەمیشەیی | مەکتەبی بیروهۆشیاری | ٢٠٠٨ |
| .259 | گۆڤاری نۆڤین ـ ١٣ ـ | | ٢٠٠٨ |
| .260 | پرۆژەی قانونی بەگژداچوونەوەی گەندەڵی | کاوسێن بابەکر | ٢٠٠٨ |
| .261 | دەروازەیەك بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان | د. ئەنوەر محەمەد فەرەج | ٢٠٠٨ |
| .262 | كردستان والسياسة السوفيتية في الشرق الأوسط | تأليف: فاضل رسول<br>ترجمة: غسان نعسان | ٢٠٠٨ |
| .263 | ئاشنابوون بەسۆسیال دیموکراتی | کارزان کاوسێن | ٢٠٠٨ |
| .264 | جیهانێکی دادپەروەر شیاوە | کارزان کاوسێن | ٢٠٠٨ |
| .265 | لێپرسراوێتی و خۆشگوزەرانی هاوبەش | کارزان کاوسێن | ٢٠٠٨ |
| .266 | پێ بەپێی مێژوو بەرەو بەهەشت | کاوسێن بابەکر | ٢٠٠٨ |





| | | | |
|---|---|---|---|
| .267 | كردستان والحقوق القومية للتركمان | د. مكرم الطالباني | ٢٠٠٨ |
| .268 | قەیرانەکانی دیموکراسی | ڕالف دارن دۆرف<br>و. لەئەڵمانییەوە:<br>ئیسماعیل حەمەئەمین | ٢٠٠٨ |
| .269 | قضية إبادة الأرمن امام المحكمة أو قضية طلعت باشا | ترجمة: غسان نعسان<br>مراجعة: ماموستا جعفر | ٢٠٠٨ |
| .270 | ئیرلەندای باکوور | سلێمان عەبدوڵڵا یونس | ٢٠٠٨ |
| .271 | ناوچەکانی ململانێ لەنێوان کوردو حکومەتەکانی عێراقدا | هەورامان کەمال میرزا عەبدوڵڵا<br>تاریق ڕەئوف محەمەد | ٢٠٠٨ |
| .272 | نوروز عيد الأمجاد ومفخرة الأحفاد | د. احمد عبدالعزيز محمود | ٢٠٠٨ |
| .273 | الكرد في تجارب الأمم وتعاقب الهمم | د. احمد عبدالعزيز محمود | ٢٠٠٨ |
| .274 | نیچەو مەسیحیەت | و: لەفارسییەوە:<br>مەسعود بابایی | ٢٠٠٨ |
| .275 | مێژووی قەدەغەکردنی کتێب لەکتێبخانەی گشتیی کەرکوکدا | حەمەدیان | ٢٠٠٨ |
| .276 | علميني يا كركوك كيف ابكيكِ | محمد شوان | ٢٠٠٨ |
| .277 | چوار ڕۆژ لەکوردستانی ئازاددا | موکەرەم تاڵەبانی | ٢٠٠٨ |
| .278 | مسألة إبادة الأرمن امام المحكمة ـ الطبعة الثانية | ترجمة: غسان نعسان<br>مراجعة: ماموستا جعفر | ٢٠٠٨ |
| .279 | پرۆژە یاساکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی | سمکۆ ئەسعەد ئەدهەم | ٢٠٠٨ |
| .280 | یەکگرتووی ئیسلامی لەنێوان ئیسلامیبوون و نەتەوەییبووندا | بەختیار عبدالرحمن | ٢٠٠٨ |
| .281 | پیسبوونی بینین و کاریگەری لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی | هەوراز محەمەد | ٢٠٠٨ |
| .282 | شارەزوورو لوڕستانی باکوور | د. حسام الدین نەقشبەندی | ٢٠٠٨ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| .283 | خانی ـ شاعیرو بیرمەند، فەیلەسوف و سۆفی | پرۆفیسۆر. د. عیزەدین مستەفا رەسووڵ | ٢٠٠٨ |
| .284 | زاراوەكانی كۆنفرانس | نەجاتی عەبدوڵڵا | ٢٠٠٩ |
| .285 | دەركەوتنی رێكخراوی قاعیدە لەكوردستانی عیراقدا | یونس گۆران | ٢٠٠٩ |
| .286 | سیاسەتی شیعەكان دەرهەق بە كەركوك و فیدراڵی | ئارام رەفعەت | ٢٠٠٩ |
| .287 | مشكلة تقييد السلطة السياسية بالقانون | زانا رۆوف حمه كريم | ٢٠٠٩ |
| .288 | یاسای پارێزگا رێكنەخراوەكان لەهەرێمێكدا | و: خلیل عەبدوڵڵا | ٢٠٠٩ |
| .289 | سجالات عربية كردية | د. هلكوت حكيم | ٢٠٠٩ |
| .290 | ئیدارەی كوردی ئاستەنگ و ئاسۆی گەشەكردن | مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٩ |



سۆسیال دیموكراسی ---------------- [ مێژوو، تیۆری، رەخنە ]